له بڵاوكراوەكانی رۆژنامەی كۆمەڵ
ژمارە (10)

# له هەناوی ئیخوانەوە
# بۆ
# چەخماخەی چەك

## كۆمەڵە دیدارێكە دەربارەی مێژووی رەوتی ئیسلامیی كوردستان

ئامادەكردنی:
ئیدریس سیوەیلی

2009 زاييـنى                                                                                    1430

كۆچى

**ناوی کتێب:** لە هەناوی ئیخوانەوە بۆ چەخماخەی چەك

**ئامادەکردنی:** ئیدریس سیوەیلی

**نەخشەسازی بەرگ:** هاوژین عومەر

**نەخشەسازی ناوەوە:** ئامادەکار

**ژمارەی سپاردن:** (2450) ساڵی (2009)

**شوێنی چاپ:** سلێمانی، چاپخانەی شڤان

**ساڵی چاپ:** 2009

**نۆرەی چاپ:** یەکەم

**تیراژ:** 1000 دانە

**لە بڵاوکراوەکانی ڕۆژنامەی کۆمەڵ ژمارە (10)**

**ئیمەلی ڕۆژنامە:** komallnp@yahoo.com

**مافی لە چاپدانەوەی ئەم بەرهەمە پارێزراوە**

"رای من راستة، بةلآم دةشيَت هةلَة بيَت، رای ئةوانی دی هةلَةية، بةلآم دةشيَت راست بيَت"

ئيمامی شافعی

# به ناوی خوای گەورەو میهرەبان

## پێشەکیی

گێڕانەوەی بیرەوەریو تۆماری رۆژانەی بەشداربووانی روداوو ئاڵوگۆڕەکان، سەرچاوەیەکی سەرەکی نووسینەوەی مێژوو زۆرێك لە زانستە مرۆڤایەتیەکانە، کاتێك بیرەوەری کەسێك دەخوێنیتەوە کە لە بارودۆخی سەردەمەکەی خۆی دەدوێ، هێندەی وردیو دروستی زانیاریەکانی وێنەیەك لە مێشکتدا دروست دەبێت، هاوکات شێوازی نووسینی هەندێك لەو بیرەوەریانە زۆرجار بە شێوەیەك سەرنجی خوێنەر بۆلای خۆی کەمەندکێش دەکات کە تامەزرۆی بەردەوامیو خوێندنەوەی زیاتری هەبێت، بێ ئەوەی هەست بە ماندووبوون بکات.

ئەم کتێبەش تۆماری بیرەوەریو گێڕانەوەی کەسانێکە کە نەك تەنها ئەوەی بینیویانە دەیگێڕنەوە، بەڵکو تا ئەم ساتەش زۆربەیان لە ناوەندی بڕیاری رەوتی ئیسلامیو کێشمەکێشمی سیاسەتو ئاڵوگۆڕەکانی کوردستاندان، ئەمەش هێندەی تر گێڕانەوەی بیرەوەریەکانی مێژووی نزیکی پڕبایەخ کردووە، بەڵام دەبێت سەرنج لەوەش بدەین کە ئەم کتێبە جیاوازە لە کتێبەکانی تری بیرەوەری، جیاوازیەکەش لەوەدایە کە بیرەوەری زیاتر لە کەسێك لەخۆدەگرێت، کەسەکانیش پرسیاریان ئاراستەکراوەو دوێنراون، گەورەترین خاڵی هاوبەشی نێوانیشیان خولانەوەیە لە دەوری مێژووی کاری ئیسلامیی کوردستان بە هەموو ئاراستە جیاوازەکانیەوە، بە واتایەکی تر پرسیارەکان زۆرتر لە رەهەندێکی مێژووییەوە سەرچاوە دەگرن، وەڵامەکانیش بەو ئاراستەدا رۆیشتوون.

جگە لە دیداری هەردوو مامۆستایان (سەلاحەددین موحەممەدو نازم عەبدوڵڵا) کە ئەمساڵ ئەنجامدراون، تێکڕای دیدارەکانی دیکە لە نێوان ساڵانی (2004 – 2005) ئەنجامدراون، بیرۆکەی بڵاوکردنەوەشیان دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (2006)

دوای ئەوەی کتێبی (ڕەوتی ئیسلامیی لە باشوری کوردستان)م بە چاپ گەیاند، هەڵبەتە لە کتێبی ڕەوتی ئیسلامیی سوودی زۆرمان لە زانیاریەکانی ئەم دیدارانە وەرگرتو بوونە سەرچاوەیەکی سەرەکی، هەرئەوەش پاڵنەر بوو بۆ بڵاوکردنەوەیان تا ببنە سەرچاوەیەکی تری مێژووی ڕەوتی ئیسلامیی کوردستان، بەڵام بەداخەوە بەهۆی سەرقاڵیەوە ئەوکاتە نەتوانرا چاپ بکرێتو دواکەوت بۆ ئێستا.

بەوپێیەی ماوەیەکی زۆر سەرقاڵی ئامادەکردنیان بووم، لەو بڕوایەدام زانیاریەکانی ناو ئەم کتێبە گرنگی زۆریان هەیە بۆ ئاشنابوون بە مێژووی ڕەوتی ئیسلامیی لە قۆناغی بەر لە ڕاپەڕینی (ئازاری 1991)، بەشداربووان لێرەدا زۆر بە ڕاشکاوانە ڕێگوزەری ڕوداوەکانی ئەو دەمەمان بۆ دەگێڕنەوە، خاڵ لەسەر پیت دادەنێن، مێژوویەك باس دەكەن کە تا ئێستاش بەلای هەندێکەوە گێڕانەوەی بڤەیە، مێژوویەك خۆیان تێیدا پاڵەوانو بڕیاردەر بوون، پێ بە پێ لەگەڵ ڕوداوەکانی ئەو ڕۆژگارەدا دەستو پەنجەیان نەرم کردووە، هەندێ وێستگەی مژدەبەخشو هەندێکی دیکەشی بەسۆن، جارجاریش بەشداربووان بە دیدێکی ڕەخنەگرانەوە دەڕواننە قۆناغەکە، گرفتو کەموکورتییەکان دەستنیشان دەکەن.

سەبارەت بە ئامادەکردنی ئەم دیدارانەش ئەوا وێڕای گواستنەوەی زانیاریەکان بە ئەمانەتەوە، هەوڵمداوە لە هەر جێگەیەکدا وشەیەکی عەرەبی بەکارهاتبێت وەریگێڕمە سەر کوردی، ئەویش بە مەرجێك کاریگەری لەسەر مەبەستو ناوەڕۆکی دیدارەکە نەبێت، تا بەهای مێژوییو زانستیی لەدەستنەدات، ئەگەرنا وشەکەم وەکو خۆی بە عەرەبی داناوەتەوە، لەلایەکی دیکەشەوە هەوڵمداوە لە ڕووی ڕێنووسو خاڵبەندیەوە هەڵەو کەموکورتیەکان ڕاست بکەمەوە، چونکە زمانی قسەکردنو نووسین هەندێك جیاوازیان هەیە. سەبارەت بە ناوەڕۆکی دیدارەکانیش هەرچەندە سەرنجو تێبینم لەسەر هەندێکی هەیە، بەڵام بە باشم نەزانی تەنانەت لە پەراوێزیشدا هیچیان لەسەر بنووسم، بەڵکو ئەوە جێدێڵم بۆ خوێنەران تا بەراوردی

زانیاریەکان بکەنو شەنو کەوی بکەن، خۆ ئەگەر پێویستیشی کرد ئەوا دواترو لە دەرفەتێکی دیکەدا سەرنجو تێبینیەکانی خۆم دەخەمەڕوو، ئومێدەوارم توانیبێتم کەلێنێکی مێژوو پڕبکەمەوە، بێگومان کاری مرۆڤیش بیٚ کەموکورتی نابێت.

**ئیدریس سیوەیلی**

**سلێمانی**

**30 تشرینی یەکەمی 2009**

# ديداری یەکەم:

## مامۆستا سوبحی داودی



سوبحی محێدین بەهرام، ساڵی (1933) لە ناوچەی داودە لەدایك بووە، خوێندنی سەرەتایی‌و ناوەندی‌و ئامادەیی لە کەرکوك تەواو کردووە، ساڵی (1958) بەشی فیزیای کۆلێجی خانەی مامۆستایانی باڵا (دار المعلمين العالية)ی تەواو کردووە، هەر ئەو ساڵی لە کەرکوك بە پیشەی مامۆستایی دامەزراوە، لە (1951) پەیوەندی بە ئیخوانەوە کردووەو چەند پۆستی جیاوازی لە لقی کەرکووکی ئیخوان وەرگرتووە، لە سەردەستی ناوبراو ساڵی (1960) رێکخستنی ئیخوان گەیشتۆتە هەڵەبجە، ساڵی (1970) وازی لە ئیخوان هێناوە، لەو ساڵەدا پەیوەندی بە پارتی دیموکراتی کوردستانەوە کردووە، لێپرسراوی پەروەردەی کەرکووك‌و خانەقین بووە، دوای نسکۆ وازی لە کاری سیاسیی هێناوە، حکومەتی عێراق نەفی کردوە بۆ کەربەلاو ماوەی (13) ساڵ لەوێ ماوەتەوە، ئێستا لە هەولێر نیشتەجێیە.

شوێن‌و مێژووی دیدار: هەولێر، 2004/12/19.

**+ مامۆستا سەرەتای بڵاوبوونەوەی فکرو رێکخستنی ئیخوان موسلمین لە عێراق دەگەڕێتەوە بۆ کەیو لەسەر دەستی کێ بڵاوبوەوە؟**

– گومانی تیا نییە مامۆستا سەواف ڕۆڵی بنەڕەتی هەبوو، کۆمەڵێك لە براکانی میسر هاتن لە عێراق ئیشیان کرد، بەڵام ئەنجامی کارەکەیان ئەو سەرکەوتنەی بەدەست نەهێنا کە بتوانین بانگەوازی لەسەر دروست بکەین، کاریان کردو توانیان لە موسڵو بەغداد کاریگەری لەسەر چەند گەنجێك دروستبکەن، بەڵام شتێکی ئەوتۆ نەبوو، دوای ئەوەی کە مامۆستا سەواف لە (1946) هاتەوە بۆ عێراق هەموو جوهدو کاتی خۆی بۆ ئەو بانگەوازە بەکاربردو توانی نەواتێکی بەهێزی ئیسلامیی پێکبهێنێ، پێنج شەش ساڵی نەبرد ئەو بانگەوازە وای لێهات لە ناو رەوتی سیاسیی تردا سەنگی هەبوو، دیارە بەردەوام کە باسی ئیسلام ئەهات سەنگیان بۆ ئیخوان دائەنا، بە بڕوای من گومانی تێدا نییە کە بانگەوازی ئیسلامیی لە عێراق واتە بوونی مامۆستا سەواف، هاتنەوەی مامۆستا سەواف دەستپێکردنی بانگەوازی ئیخوان بوو لە عێراق، ئەو گەنجانەی لەدەوری مامۆستا سەواف کۆبوونەوە پشتگیرییەکی باشی مامۆستا سەوافیان کرد.

دیارە لە سەرەتاوە کۆمەڵێك کەسی تر دەوریان بینیوە، موحەممەد محێدین عەبدولحەمید مامۆستایەك بوو لە (1942) هات تا (1946) لە عێراق مایەوە، هەروەها حسێن کەمالەدین وابزانم مامۆستای ئەندازیاری بوو، چونکە هەندێك گەنجم ئەدی زۆر پێی کاریگەر بوون، ئەم دوو کەسە ڕۆڵی سەرەکیان هەبوو لە ناساندنی بانگەوازی ئیخوان بە خەڵك لە موسڵو بەغداد.

موسڵ یەکەم ناوچە بوو بانگەوازی ئیخوانی تێدا بڵاوبوەوە، دیارە ئەمەش کۆمەڵێك هۆکاری هەیە، خەڵکی موسڵ دیندارن، هەروەها ئەمە کاردانەوەیەك بوو بۆ بزووتنەوەی مژدەدەران، چونکە موسڵ پێگەیەکی گەورەی مژدەدەران بوو، خاڵێکی تر ئەوەیە لە موسڵ پێش ئیخوان هەندێ بزووتنەوەی سەلەفی هەبوو، ئەوەش پێشینەیەکی باش بوو بۆ بانگەوازی ئیخوان موسلمین، لە هەمان کاتدا لە بەغداد

دەستی پێکرد، لە بەسرە دەستی پێکرد، دوای بەسرە لە ڕومادی، دیارە خەڵکی ڕومادی بە فیترەت زۆر موسڵمانن، لەبەرئەوە بانگەوازی ئیخوان بە خێرایی لەناو هەندێ گەنجی ڕومادی گەشەی کرد، کە ئەڵێی ڕومادی واتە فەلوجەو عانەش دەگرێتەوە، دوای ئەوە بانگەواز لە کەرکووك بڵاوبوەوە، ئەوەش بەهۆی چەند قوتابیەکەوە بوو کە لە بەغداد بوونە ئیخوان لەوانە نورەدین واعیز کە لە کۆلێژی یاسا بوو، یەکێکی تر مامۆستا سلێمان موحەمەد ئەمین ئەویش لە کۆلێژی یاسا بوو لەبەر ناکۆکی لەگەڵ مامۆستایەك فەسڵیان کرد، مامۆستاکە لە ناو پۆل هێرشی کردە سەر پێغەمبەر(درودی خوای لەسەر بێت)، ئەو برایەش خۆی پێنەگیراو لێیدا، ئیتر فەسڵیان کرد، گەڕایەوە بۆ کەرکووك، ئەو ڕۆڵێکی گەورەی بینی لە بڵاوبوونەوەی بانگەوازی ئیخوان، دوای ئەویش مامۆستا نورەدین خوێندنی تەواو کردو گەڕایەوە کەرکووك، دیارە ئەو بەرپرسی لقی کەرکووك بوو.

لە هەولێریش لە هەمان کاتدا دوو برا هەبوون ڕۆڵی باڵایان هەبوو، یەکێك لەوانە موحەممەد سادق موختار ئێستا دادوەری خانەنشینە لە بەغدایە، هەروەها ئەندازیارێك هەبوو بە ناوی عەبدولوەهاب حاجی حەسەن کە سەرۆکی شارەوانی بوو، چەند برایەکی تریش لەگەڵیدا هاوکاریان کرد وەکو مامۆستا ئەحمەد عەباس، مامۆستا خەلیل، کاك شوکرچی، سەید موحەممەد جەباری.

**+ ئیخوان موسلمین لەو سەردەمەدا لەژێر چ ناوێکدا کاری دەکرد؟**

– یەکەمجار کە مامۆستا سەواف دەستی پێکرد، لە کۆمەڵەی ئادابی ئیسلامیی دەستی پێکرد، کۆمەڵەیەك بوو لە (باب المعظم)، شێخ ئەمجەد زەهاوی سەرۆکی کۆمەڵە بوو، بەڵام کە مەلاکانی تر زانیان مامۆستا سەواف گەنجێکەو ئەیهەوێت کۆمەڵەکە بە ئاراستەی بزوتنەوەیی ببات، هەڵبژاردنیان کردو نەیانهێشت ئەو دەرچێت، لەبەرئەوە مامۆستا سەواف ناچار بوو هات کۆمەڵەیەکی تری دامەزراند بە ناوی کۆمەڵەی برایەتی ئیسلامیی (جمعية الاخوة الاسلامية)، سەرۆکی کۆمەڵە شێخ ئەمجەد زەهاوی بوو، هەرکاتێك باسی بانگەوازی ئیخوان بکەین لە عێراق دەبێت

ڕۆڵی مامۆستا ئەمجەد زەهاوی فەرامۆش نەکەین، ئەو پیاوە موجاهیدو بەڕێزە لەو تەمەنە گەورەیەدا بەردەوام وەکو کۆڵەکەیەك بوو بۆ ئیخوان، بەردەوام وەکو دیوارێك بوو لە نێوان مامۆستا سەواف‌و حکومەتدا، نەیدەهێشت هیچ ناخۆشیەکی حکومەت بگاتە مامۆستا سەواف‌و بەبەردەوامی پارێزگاری لێدەکرد.

پیاوێکی تریش هەبوو خەڵکی بەغداد بوو، ناوی عەبدوڕڕەحمان خزر بوون بەڕێوەبەری گشتیی ئەوقاف بوو، ئەویش پاڵشتێکی زۆر بەهێزی مامۆستا سەواف بوو، ئەم دوانە، شێخ ئەمجەدو عەبدوڕڕەحمان خزر پارێزگاریەکی زۆری سەوافیان کردو پێویستە لە باسی بانگەوازی ئیخواندا لەیاد نەکرێن.

کە لە ساڵی (1948) کۆمەڵەی برایەتی ئیسلامیی دامەزرا، ئیخوانەکان لەژێر ئەو ناوەدا کاریان دەکرد، بارەگایەکی گشتی هەبوو هاتوچۆیان دەکرد، کۆبوونەوەکان هەمووی لەوێ بوون، ناوی کۆمەڵە بریتیبوو لە کۆمەڵەی برایەتی ئیسلامیی بەڵام لە ڕاستیدا کەس بەوناوە ناوی نەئەبرد، بەڵکو هەر ئیخوان موسلمین بوو، یان لە کۆلێژ کە کارمان دەکرد ئەیانزانی ئێمە ئیخوانین، لە هەر شارێك کارمان دەکرد دەیانزانی ئێمە ئیخوانین، بەڵام کۆمەڵەی برایەتی چەترێك بوو دەیپاراستین لە حکومەت، ئەوە بوو لە (1954) هەموو کۆمەڵەکان هەڵوەشانەوە، جارێکی تر داوای مۆڵەت کرا بۆ کۆمەڵەی برایەتی ئیسلامیی بەڵام نەدرا، لەبەرئەوە ناچار لەژێر ناوی کۆمەڵەی رزگاری فەلەستین (جمعية الانقاذ فلسطين) مۆڵەت وەرگیرا، لە هەمان بارەگا دەستکرا بە کار، ئەو کاتە یاسایەك هەبوو کە کۆمەڵەیەك هەڵوەشایەوە، سەرجەم مومتەلەکاتی گواستراوەو نەگواستراوەی ئەو کۆمەڵەیە دەدرا بە کۆمەڵەیەك کە ئامانجی لە ئامانجی کۆمەڵە هەڵوەشاوەکە نزیك بێت، لەبەرئەوە سەرجەم بارەگاو کەرەستەکانی کۆمەڵەی برایەتی ئیسلامیی درا بە کۆمەڵەی رزگاری فەلەستین، سەبارەت بە ئێمە گۆڕانکارییەکی ئەوتۆ نەبوو، لە کۆمەڵەی برایەتییەوە هاتینە ناو کۆمەڵەی ڕزگاری فەلەستین، بەو شێوەیە کارمان کرد تا (1958) ئیتر لەو ساڵەدا شۆڕش بەرپابوو، مامۆستا سەواف لە عێراق دەرچوو، بانگەواز کەوتە قۆناغی نهێنیەوەو بارەگا نەما.

**+ هەڵوێستی حکومەتو دەسەڵاتی پاشایەتی بەرامبەر ئیخوانو ئەو کۆمەڵە ئیسلامییانەی دامەزران چۆن بوو؟**

– حکومەتی پاشایەتی دژایەتی جددی ئیخوانی نەدەکرد، چونکە ئیخوان نەگەیشتبووە قۆناغی مەترسی بۆسەر حکومەت، جاری وا هەبوو، لە مزگەوتێکدا ڕێ لە چالاکی ئیخوان دەگیرا، بەڵام ئەوە نەبوو بڵێی بمانگرێتو زیندانیمان بکات، ئەوەی لەو کاتەدا مەترسی لەسەر حکومەت بوو شیوعییەت بوو، ئیخوان موسلمین لە گۆڕەپانەکەدا زیانی بۆ شیوعییەکان بوو نەك حکومەتی پاشایەتی، بۆیە حکومەتی پاشایەتی دژایەتی جددی ئیخوانی نەدەکرد.

**+ پەیوەندیتان لەگەڵ پارتە سیاسییەکانی ئەوکاتەی گۆڕەپانەکەدا چۆن بوو؟**

– بە بڕوای من یەکێك لەو هەڵانەی کردمان ئەوەبوو کە نەمانتوانی پەیوەندی سیاسیی توندوتۆڵ لەگەڵ پارتەکانی ئەوکاتەدا دروست بکەین، ئەگەر ئەو پەیوەندییەمان بکردایەتە پردێك بارو زروفمان زۆر چاکتر دەبوو، ئەو کاتە لە گۆڕەپانەکەدا شیوعیو بەعسیو نەتەوەیی هەبوو، ئێمە لەگەڵ گشتیاندا دوژمن بووین، بیرم دێت لە کەرخ دوو سێ جار شەڕ لە نێوان بەعسیو ئیخوانەکان دروست بوو، بەوشێوەیە شەڕ گەیشتبووە چاخانەکان، دیارە ئەگەر کەناڵێکی پەیوەندیو لێکتێگەیشتن هەبوایە ئەنجامێکی باشترمان بەدەست دەهێنا.

دیارە لەوەشدا زۆرتر هەڵە لە ئێمەوە بوو، ئێمە لە ناو چوارچێوەیەکدا دەژیاین، دەمانوت ئەوە ئیمانەو هەرکەسێك لە دەرەوەی ئەو چوارچێوە بوایە دەمانوت کوفرە، ئەو تێڕوانینە تەسکە زیانی گەورەی هەبوو، کێشەی گەورە ئەوەبوو کە ئێمە وەکو بزووتنەوەیەکی ئیسلامیی سووننی لەگەڵ بەعسییەکاندا یەك گۆڕەپانی کارمان هەبوو، کە ڕومادیو فەلوجەو سامەراو موسڵ بوو، لەبەر ئەوە بەریەککەوتنی گۆڕەپانەکە بوو، سەبارەت بە شیوعییەکان ئەوان لە باشوور بەهێز بوون، ئێمەش لەوێ زۆر لاواز بووین، لەبەرئەوە ململانێی گەورەمان لەگەڵیان نەبوو، هەروەها

شیوعییەکان لە کوردستان بەهێزبوون‌و زۆر دژایەتیان دەکردین، زۆر جار دژایەتیەکەش قاڵبی تۆمەتی وەردەگرت، ئەو کاتە باوی ئەوە بوو کە خەڵك بە پیاوی ئەمریکا تۆمەتبار بکرێت، ئەم تۆمەتەش بەس بوو بۆ دژایەتی کردنی، مامۆستا سەواف بەرنامەیەکی لە ئێزگەی عێراقەوە هەبوو بەناوی (لەسەر خوانی قورئان) شیوعییەکان ناویان نابوو (لەسەر خوانی ئەمریکا).

**+ شۆڕشی (14 تەمموزی 1958)و رووخانی ڕژێمی پاشایەتی چ کاریگەریەکی کردە سەر کاری ئیخوان موسلمین؟ هەڵوێستی عەبدولکەریم قاسم بەرانبەر ئیخوان چۆن بوو؟**

– شۆڕشی 14 تەمموز کاریگەری کردە سەر هەموو حزبەکان، هەموویان بەخۆیاندا چوونەوە، یەکێك لەو حزبانە ئیخوان موسلمین بوو، هەڵبەتە هەندێ ئەندامی ئیخوان لەو شۆڕشەدا بەشداربوون، مامۆستا موحەممەد فەرەج ڕێبەرێك بوو یەکێك بوو لە خێزانی شانەی ئەفسەران، دیارە ئەو بەرپرسی شانەیەك بوو کە ئەحمەد حەسەن بەکری تێدابوو، لەبەرئەوە پەیوەندییەکی باشی لەگەڵیاندا هەبوو، دیارە ئێمە پێشبینیمان دەکرد کە شۆڕشێکی چاکە، ئەگەر وابوایە سوودمان لێدەبینی، بەڵام شیوعییەکان دەوری عەبدولکەریم قاسمیان گرت‌و توانیان کەسبی بکەن، بوونی جەمال عەبدولناسر لەوەدا هاوکاری دەکردن کە عەبدولکەریم قاسم زوو خۆی بداتە پاڵ شیوعییەکان، چونکە جەمال عەبدولناسر ئەیویست لەگەڵ عێراقدا یەکێتییەك دروستبکات‌و خۆی سەرۆکی بێت‌و کەسایەتی عەبدولکەریم قاسم بسڕێتەوە، نەتەوەییەکانیش پشتگیری ئەوەیان دەکرد، عەبدولکەریم قاسم دژی ئەم خواستە بوو بۆیە پەنای بردە بەر شیوعییەکان، تەنانەت لە دووەم چاکسازی وەزارەتدا زۆربەی وەزیرەکان شیوعیی بوون، یاخود لە حزبێك بوون پێیان دەوت پارتی نیشتمانی دیموکراسی کە هی کامیل چادرچی بوو، لەبەرئەوە شیوعییەکان کۆنترۆڵی قاسمیان کرد، دوای ماوەی ساڵێك دوو هەڵەی گەورەیان کرد، یەکەمیان قەسابخانەی موسڵ کە پێیدەڵێن جوڵانەوەی شەواف، دووەم قەسابخانەی کەرکووك

خەڵكیان لەناو بازاڕ ڕاكێشا، ئەوە وای لێكرد عەبدولكەریم قاسم نكوڵیان بكات، لە كەنیسەی (مار یوسف) هێرشێكی زۆری كردە سەریان‌و وتی: ئەوەی ئەمانە دەیكەن هۆلاكۆ نەیكردووە! لەبەرئەوە ساردوسڕی كەوتە نێوان عەبدولكەریم قاسم‌و شیوعییەكان، لەگەڵ ئەوەشدا شیوعییەكان پشتگیریان لە قاسم دەكرد، چونكە دەیانزانی جێداری قاسم ئەفسەرێكی نەتەوەیی عەرەبەو لێیان دەدات، سەبارەت بە هەڵوێستی بەرامبەر ئیخوان ئەوا فشاری نەخستبووە سەریان، لە (1960) حزبی ئیسلامیی عێراق دامەزرا، بەیانێكی زۆر توندیان دژی عەبدولكەریم قاسم دەركرد، ئەویش چەند ئەندامێكی گرت‌و حزبەكەی هەڵوەشاندنەوە، چەند ئەندامی لیژنەی ناوەندی گرتبوو، دوای چوار پێنج مانگ لە جەژندا بانگی كردن‌و لێبوردنی بۆ دەركردن، عبدولكەریم كەسێكی لێبوردە بوو بە واتای وشە عێراقی بوو، ئەیویست بۆ عێراق ئیش بكات لەبەرئەوە ئازاری خەڵكی نەئەدا، بەڵام هەر شت ڕوویئەداو لێرەو لەوێ برایەكیان ئەگرت‌و لە بەندیخانە داركاریان دەكرد، ئەوە ڕوویئەدا بەڵام عەبدولكەریم جوڵەیەكی ئامانجداری دژی ئیخوان موسلمین نەبوو.

**+ كەواتە بە بڕوای تۆ عەبدولكەریم قاسم كەسەیەتییەكی لێبوردە بوو؟**

– عەبدولكەریم قاسم كەسێكی لێبوردە بوو نەك لاواز، دیارە بارودۆخی ئەوكاتەش زۆر ناسك بوو، جەمال عەبدولناسر كۆنترۆڵی شەقامی عێراقی كردبوو، عەبدولكەریم قاسم كەسێكی زۆر زۆر لێبوردە بوون كەسێكی عێراقی بوو، خاوەن قوتابخانەیەك‌و حزبێكی سیاسیی نەبوو، ئەوە زۆر گرنگە، یاخود عەبدولكەریم قاسم پاڵپشتی حزبێكی بكردایە یان حزبەكە ئەوی بهێنایەتە سەر حوكم زەحمەت بوو بەو شێوەیە لابچوایە، یانی گەورەترین خاڵی لاوازی عەبدولكەریم ئەوە بوو كە خاوەن قوتابخانەیەكی فكری‌و حزبێكی دیاریكراو نەبوو، تەنها شەقامی قۆرغ كردبوو، شەقامیش غەوغایە، غەوغا ئەمڕۆ لەگەڵ تۆیە بەیانی لەگەڵ یەكێكی ترە، لەبەر ئەوە هیچ كاتێك ناتوانی پشت بە شەقام ببەستی.

**+ مامۆستا باست لە جوڵانەوەی شەواف‌و قەسابخانەی کەرکووک کرد، بە بڕوای بەڕێزتان هۆکاری ئەو ڕووداوانە چی بوو؟ کێ بەرنامەڕێژی بۆ کردبوو؟**

– سەبارەت بەوەی کەرکووک من خۆم لەوێ بووم، لە (15 تەمموز 1959)دا بوو، کۆمەڵێك پێش ئەوە خۆپیشاندان‌و ڕێپێوانیان سازدا دیارە ئەوانە شیوعییەکان بوون‌و خەڵکێکی زۆریان لە پارێزگاکانی ترەوە هێنابوو، ئەمە بەڵگەیە بۆ ئەوەی کە پلانی کارێکیان داناوە، تورکمانەکانی کەرکووك هەندێ دروشمی ئیستفزازیان هەڵگرتبوو، دیارە تورکمانە نەتەوەییەکانی کەرکووك هەستی عێراقێتییان نەبوو، زۆرتر خۆیات پەیوەست کردووە بە تورکیاوە، لەبەرئەوە زۆر دروشمیان بەرزر کردبۆوە ئیستفزازی بوو، دیارە شیوعییەکان کۆنترۆڵی شەقامەکەیان کردبوو، چەندین کەسیان هەبوو ئاگری ناکۆکی نێوان کوردو تورکمانیان خۆشدەکرد، هەندێ لەو مامۆستایانەم دەناسی کەلە خۆشکردنی ئاگری ناکۆکی ڕۆڵیان هەبوو خەڵکی سلێمانی بوون، لەوانە ئەنوەر عەبدوڵڵاو عومەر عارف کە هەردووکیان مردوون، هەروەها مارف خەزنەدار، ئەوانە ڕۆڵی زۆریان هەبوو کە کەرکووك بەرەو ئەو ڕوداوە بەرن، مەجزەرەی کەرکووك شتێکی زۆر ترسناك بوو، دوو شەوو دوو ڕۆژ زۆربەی خەڵکەکە لە ماڵی خۆیان نەئەخەوتن، حەبلیان بائەداو بەناو جادەدا ئەڕۆیشتن ئەوەیان بگرتایەو تورکمان بوایە تۆمەتباریان دەکرد بە تۆرانی‌و دەیانگرت‌و ئەیانکوشت‌و بەسەر جادەدا ڕایان دەکێشا، نزیکەی (27) کەس کوژرا، دیارە شیوعییەکان لە مەجزەرەی کەرکووك خۆیان ڕۆڵی سەرەکییان بینی، بەڵام ئیستغلالی عەشایەری کوردیان کرد، ئەچوونە دێهاتی کوردو ئەیان وت ئەوە تورکمان لە کەرکووك هەموو کوردیان سەربڕیوە، دیارە ئەمە درۆ بوو هیچی وانەبوو، لەبەرئەوە عەشایەرێکی زۆر هاتە ناو شارەوە، ئەتوانم بڵێم ئەو عەشایەرە پلانی شیوعییەکانی تێکدا، چونکە شیوعییەکان دەیانویست چەند ئەندام‌و کادری ئیخوان‌و نەتەوەیی‌و بەعسییەکان لە تورکمانەکان بگرن، بەڵام ئەو عەشایەرەی هاتە ناوشار دەستی کرد بەتاڵانی‌و تاڵانییەکی زۆر کرا.

لەو کاتەدا هاتن من بکوژن، بەڵام من دەرچووم، چوومە بنکەی پۆلیس، بەڵام ئەویش شوێنی پارێزگاری نەبوو، لەوێوە چومە ماڵی خزمێکمان، شەوو ڕۆژێك لە ماڵیان بووم، بەو شێوەیە توانیم خۆم ڕزگار بکەم، لەهەمان کاتا چوونە سەر مامۆستا سلێمانو بردیان خەریك بوو بیکوژن، خوا ڕەحمی کردو ڕزگاری بوو.

دیارە ئەو مەجزەرە شیوعییەت کردیو کورد هیچ پەیوەندی پێوەی نەبوو، هەرچەندە شیوعییەکان دەیانویست تاوانەکە بخەنە ئەستۆی پارتی، بەڵام بە پێچەوانەوە مەلا مستەفا سەرزەنشتی کردن، دەمەوێت ئاماژە بەوەش بکەم کە ئاشوورییەکان ڕۆڵیان هەبوو، کوڕێکی تورکمان بۆی باسکردم وتی: وەڵڵا مامۆستا من زمانی ئاشووری ئەزانم، ئاشوورییەك هات وتی وەرن جلی کوردی لەبەر بکەنو بڕۆن تورکمان بکوژن، فرسەتە با ناکۆکی لە نێوانیاندا دروست کەین. ئاشوورییەکانیش دەیانوویست ئیستغلالی بارودۆخەکە بکەن.

**+ کاریگەری ئەم ڕوداوانە لەسەر کاری ئیخوان چی بوو؟**

– هەڵبەتە مەجزەرەی کەرکوكو موسڵ ئیخوانی بەهێز کرد، چونکە شیوعییەت مەنتقی نەما ئەو دروشمەی بەرزیان کردبۆوە (نیشتمانێکی ئازادو گەلێکی بەختیار)، بەختیاری ئەوەیە خەڵکی لەناو بازاڕ ڕابکێشی؟! چەند هەوڵیاندا ئەوانە تۆمەتبار بکەن کە دوژمنی شۆڕشن، ئەو تۆمەتانە پارەی نەئەکرد، یاخود مەجزەرەی موسڵ ئیخوانی بەهێز کرد، وای لێهات ئیخوان بڵێت منیش هەمو ئێوە هەڵەن، ئەگەر جاران ئیخوان هەندێ بەرامبەر شیوعییەت هەڵوێستی لاواز بوون ئێستا پێچەوانە بۆتەوە، چونکە شیوعییەت ڕاستگۆیەتی نەما لەو دروشمانەی هەڵی گرتبوو.

**+ مامۆستا هەڵوێستی ئیخوان موسلمین بەرامبەر ئەو مەجزەرەیە چی بوو؟**

– ئاشکرایە کە بەهێزترین بەیاننامە لە مێژووی سیاسیی عێراقدا کە دژی حاکمێك دەرچووە، بەیانی حزبی ئیسلامیی عێراق بوو لە (1960)، ئاماژەی بە مەجزەرەی موسڵو کەرکوك کردبوو، تەنانەت عەبدولکەریم قاسمی بە ڕێگەخۆشکەر بۆ مەجزەرەکە تۆمەتبار کرد، ئەو کاتە ئیخوان زیاتر ناسراو دەرکەوت

که هێزێکه دژی ئیلحادو کوفرو پشتگیری هاولاّتیانی عێراق دەکات، ئەو بەیاننامە لە ڕۆژنامەی (الفیحاء) بلاّوکرایەوە کە سەرنووسەرەکەی (کازم ساعدی) کابرایەکی شیعەی سەر بە حزبی ئیسلامیی بوو، بەلاّم شێوەی بلاّوکردنەوەی وای لێهات کە وەکو بەیانێك بێت، ڕۆژی هەیینی کاتژمێر (8) دیاری کرا بۆ ئەوەی بەیانەکە لە هەموو عێراقدا بلاّوبکرێتەوە، دیارە ڕۆژی پێشووتر لە بەغداد بەیانەکە بۆ هەموو ئەو شوێنانە نێردرا کە ئیخوانی لێبوو، تەنانەت بۆ باشووریش، چونکە ئەو کاتە شیعەش هاوسۆز بوون لەگەڵ ئێمە، کاتێك سەعات (8) بەیانەکە بلاّوکرایەوە هەرایەکی گەورەی دروستکرد، ئەو کاتە ڕۆژنامەکە بە (20) فلس بوو نرخی گەیشتە دینارو نیوێك، لە بازاڕدا نەما، ئێستەش سەراسیمەم بە شێوەی بلاّوکردنەوەی ڕۆژنامەکە.

**+ ئەوە لە کاتی حزبی ئیسلامیی عێراقی بوو، دەکرێت باسی چۆنێتی دامەزراندنی ئەو حزبە بکەیت؟**

– دیارە دوای ئەوەی لە ساڵی (1959) مامۆستا سەواف کۆچی کرد بۆ سووریا، لە سووریاوە چوو بۆ سعودیە، سەرکردایەتی دکتۆر عەبدولکەریم زەیدانی دانا، ئەو کاتە دکتۆر نەبوو مامۆستا بوو، زەیدان بووە بەرپرسی گشتیی ئیخوان لە عێراق, کە حکومەت ڕێگەیدا حزب بکرێتەوە, ئێمەش وەکو ڕەوتێکی ئیسلامیی ویستمان حزبێکی ئیسلامیی دامەزرێنین, ئەو حزبەش کە دامانمەزراند ڕوکارێك بوو بۆ ئیخوان نەك ئیخوان, چەند برایەك دایانمەزراند کە لە ڕێکخستندا باش جێگەیان نەئەبوەوە لەوێ دامانئنان، بۆ نموونە برا هەبوو نەدەتوانرا بدرێتە دەست کەسێکی لەخۆی منداڵترو پێی بڵێ بڕۆ نەشرە داکوتەو ئەوە بکەو ئەوە مەکە, پێنج شەش برایەکی ئاوها هەبوون، یەکێك لەوانە نوعمان عەبدوڕڕەزاق سامەڕائی، ئامۆزایەکی هەبوو ناوی فلیح سامەڕائی بوو، نیزامەددین عەبدولحەمید برای مامۆستا موحسین عەبدولحەمید، مامۆستا سلێمان موحەممەد ئەمین، مامۆستا ئەبو مورشید، ئەمانە کەسایەتی ئیخوان بوون، بوونە دەستەی دامەزرێنەری حزبی ئیسلامیی، داوای مۆڵەتمان کرد وەکو هەر حزبێکی تر مۆڵەتیان پێدایین مۆڵەتەکەی ئێمە چوار پێنج

مانگ دەوامی کرد، لەو ماوەیەدا موخاتەبەی هەندێ کەس کرا، کە ئینتیمای بۆ حیزبەکە هەبێت، کۆمەڵێك هاتنو پەیوەندیان کرد بە حزبی ئیسلامییەوە، بەڵام کاری ئیخوان هیچ گۆڕانی بەسەردا نەهات، کۆبوونەوەی خێزانو لیژنەکان چۆن بوو، وەکو خۆی مایەوەو هیچ گۆڕانی بەسەردا نەهات، لەکوێ پێویست بوایە ئێمە ئەچووینە ناو  حزبی ئیسلامیی، بۆ نموونە لە کەرکووك بە منیان وت ببم بە چاودێری لقی حزبەکەلە کەرکووك، بوومە حزبی ئیسلامییو پێناسیان پێدام، من ئیشی خۆم ئەندامێکی سەرکردایەتی بووم لە کەرکووكو بەغداد، ئیش هەروەکو جاران ئەڕۆیشت، لەبەرئەوە حزبی ئیسلامیی هەندێ جار زیادەڕۆیی تیادەکرێت، لە ڕاستیدا وانەبوو، ڕوکارێکی زۆر سادەی ئیخوان بوو، ماوەیەکی کورت کە چوار پێنج مانگ بەردەوام بوو ئیتر دوای ئەو بەیانە هەڵوەشایەوە.

**+ ساڵی چەند بوو؟**

– لە ساڵی (1960) مۆڵەت وەرگیرا، یەکەم کۆنگرەش لە حوزەیرانی ئەو ساڵەدا یان لە سەرەتای تەمموزدا بوو، بە چوار مانگ دوای ئەو کۆنگرەیە حزبەکە هەڵوەشایەوە.

**+ لەو کۆنگرەدا کورد بەشداری کرد؟**

– کۆمەڵێك مەلای هەڵەبجە.

**+ ناوەکانت لەبیرماوە؟**

– ئەوەی لە بیرمە مامۆستا مەلا عوسمان، مەلا عومەر، مامۆستا موحەممەد بەهائەدین، ئەمانەم لە بیرەو هەندێ عەشایەری ناوچەی دهۆکیش هاتبوون.

**+ ئەوانە وەکو زانا هاتبون یان وەکو ئەندامی ئیخوان؟**

– وەکو زانا هاتبوون، حزبی ئیسلامیی ئەو زانایانەی کۆکردەوە، ئیخوان وەکو ڕێکخستن دوای ئەوە چووە هەڵەبجە، لە هەڵەبجەشەوە هاتە شارەزوورو سلێمانی.

**+ ئەی سەبارەت بە مامۆستا تەها سنجاری؟**

– مامۆستا تەها مەلایەکی خەڵکی سنجار بوو، پەیوەندییەکی شەخسی لەگەڵ سەواف هەبوو، بەهۆی ئەو پەیوەندییەوە کتێبخانەیەکی لە سنجار بەناوی (الاخوة الإسلامية)وە کردەوە.

**+ ساڵی چەند کردییەوە؟**

– وەڵڵا نازانم بە دڵنیاییەوە چەند بوو، بەس ئەگەری هەیە لە (1953 ـ 1954) بووبێت.

**+ مامۆستا تەها ببووە ئەندامی ئیخوان؟**

– نازانم، زانیاریم لەسەر ئەو مەسەلە نییە.

**+ پێشتر ئاماژەتدا بە چۆنێتی بڵاوبوونەوەی بیری ئیخوان لە عێراقو کەمێکیش باست لە هەندێ شاری کوردستان کرد، ئەگەر بەشێوەیەکی وردتر باسی بڵاوبوونەوەو چالاکی ئیخوان لە ناوچە کوردییەکاندا بکەیت؟**

– بانگەوازی ئیخوان لە چەندین شوێنەوە دەستی پێکرد، بیرم دێ یەکەم جار ساڵی (1951) لە کەرکووك بینیم کتێبخانەیەك هەیە بەناوی (الاخوة الإسلامية) ئیتر لە ڕێگەی برایەکەوە کە ناوی (فەتحی کەمال)ە پەیوەندیم بە ئیخوانەوە کردو لە مانگی (3)ی ساڵی (1952) بەیعەتم دا بە مامۆستا نودرەدین واعیز کە بەرپرسی ئیخوان موسلمین بوو لە کەرکووك، ئیتر بوومە کادیرێکی ئیخوان، ئەوکاتەش زۆربەی ئیخوانەکان قوتابی بوون، دوایی بۆم دەرکەوت ئیخوان پێش ساڵی (1951) لە کەرکووك هەبووە، چونکە مامۆستا سلێمانو نورەدین واعیزو ئەمانە لە (1946) لە کۆلێجی یاسا بوون لە بەغدادو ببوونە ئیخوان، لە سەرەتای پەنجاکاندا ژمارەمان (30 – 35) کەس تێپەڕی نەدەکرد، ئەوەی بیرم بێت لە کەرکووك (شێخ عەبدوڵڵا بەرزنجی، ئەحمەد نەجمەدین بەرزنجی، موحسین عەبدولحەمید، نیزامەدین عەبدولحەمید) ئیخوان بوون.

لە هاوینی (1952) کە هاتمەوە نمرەم وەرگرت لە وێستگەی شەمەندەفەر کابرایەکی باڵابەرزم بینی، گومانم برد ئەوە مامۆستا سەوافە، ڕۆیشتم سەلامم

لێکردو وتم مامۆستا سەوافی؟ وتی: بەڵێ، من مامۆستا سەوافم. ئیتر لە (1952)ەوە لەگەڵ مامۆستا سەواف ناسیاوەتیم هەبوو، لە چوار ساڵی کۆلێژ لە (1954 – 1958) بەبەردەوامی دەچوومە لای کۆمەڵەی ڕزگاری فەلەستین، سەواف‌و شێخ ئەمجەد زەهاوی لەوێ بوون، گوێمان لە ئامۆژگاری‌و قسەجوانەکانی سەواف دەگرت، دەتوانم بڵێم سەواف ئیبن تەیمیەی ئەو سەردەمە بوو، کابرایەکی بانگخوازی بە هیممەت بەردەوام بانگەوازی خەڵکی دەکرد بۆلای خوا.

مامۆستا سەواف جولانی هەبوو، گەشتی هەبوو بۆ سلێمانی‌و هەڵەبجەو هەولێر، بەڵام گەشتەکانی سەواف فەوقی بوو، لەگەڵ مەلاکاندا پەیوەندی ئەکرد چونکە ئەوکاتە شەقام هەمووی شیوعیی بوو، گەنج وەڵامی بانگەوازی نەئەدایەوە، مەلاکان پەیوەندیان لەگەڵ سەواف هەبوو، بیرمە یەکێك لەوانە شێخ موحەممەد قەرەداغی بوو کە پەیوەندی لەگەڵ سەواف هەبوو، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە ئەمانە بوونە ئیخوان، نەخێر پەیوەندییەکی فەوقی بوو، مامۆستا سەواف ئەهاتە کەرکووك ئەچووە تەکیەی تاڵەبانی‌و لەوێ دائەنیشت، ئەهاتە هەولێر ئەچووە ماڵی شێخ محێدین، پەیوەندی سەواف لە کوردستان جگە لە کەرکووك‌و هەولێر کە هەندێ لە براکانی لە دەوری خۆی کۆکردەوە، پەیوەندییەکانی فەوقی بوو، ئەهاتە کتێبخانەی (الاخوة) براکانی کۆئەکردەوەو وتاری ئەدا، بەڵام سەبارەت بە سلێمانی ئەوا کاریگەرییەکی وای نەبوو، یەك دوو هەوڵدرا بەڵام هیچ نەکرا، کاتێك شیوعییەت پەرەی سەند لە (1958 – 1959) یەکەمجار لە ڕۆژنامەیەکدا بینیم کە (علماء الشمال والجنوب يفتون بكفر الشيوعية)، لە باشوور موحسین حەکیم‌و لە باکووریش یا بڵێین لە کوردستان مامۆستا عوسمان‌و هەندێ مەلای تر کە تەکفیری شیوعیان کرد، ئیتر لەوەوە بۆمان دەرکەوت کە هەندێ کەسی دیار هەیە.

**+ ئەی پێشتر مامۆستا مەلا عوسمان پەیوەندی بە ئیخوانەوە نەبوو؟**

– پەیوەندی لەگەڵ ئیخوان نەبووە، لەگەڵ سەواف پەیوەندییەکی تایبەتی هەبووە، بەڵام وەکو بانگەوازو ڕێکخستن لە هەڵەبجە نەبووە، لە دوای کۆنگرەی

حزبی ئیسلامیی ئیخوان له هه‌ڵه‌بجه هه‌بووه، دیاره مامۆستا عوسمان وه‌کو ئه‌ندامی حزبی ئیسلامیی به‌شداری کۆنگره‌ی حزبی ئیسلامیی کرد ، په‌یوه‌ندی مامۆستا عوسمان به سه‌واف‌و زه‌هاویه‌وه زۆر شه‌خسی بووه، چونکه سه‌واف‌و زه‌هاوی هیچ کات نه‌یانتوانی دابه‌زنه ناو جه‌ماوه‌ر، له‌گه‌ڵ مه‌لاکان‌و به‌رپرسه‌کان په‌یوه‌ندیان ده‌کرد، بیرم دێ ساڵی (1956 – 1957) له کتێبخانه‌ی (الاخوة الإسلامية) دانیشتبووین سه‌واف‌و زه‌هاوی‌و عومه‌ر عه‌لی هاتن، ئه‌وکاته عومه‌ر عه‌لی موته‌سه‌ریفی سلێمانی بوو، به‌وشێوه‌یه بوو، گه‌شتێك یان دوان که ئه‌یانکرد مرۆڤ ناتوانێت دابه‌زێته ناو جه‌ماوه‌ر، بۆیه سه‌فه‌ره‌کانی ئه‌وان هیچ کات بنکه‌ی بۆ ئیخوان دروست نه‌کردووه.

**+ ئه‌ی چالاکی ئیخوان چۆن گه‌یشته هه‌ڵه‌بجه‌و بیری ئیخوان له‌وێ چۆن بڵاوبوویه‌وه؟**

– ساڵی (1960) دوای کۆنگره‌ی یه‌که‌می حزبی ئیسلامیی عێراقی، براده‌رێکم که ناوی فلیح سامه‌رائیه، ئامۆزای نوعمان عه‌بدوڕڕه‌زاق سامه‌ڕائی، یه‌کێك بوو له ئیخوانه کۆنه‌کان وتی: مامۆستا نوعمان تۆی ده‌وێت. ڕۆیشتم بۆلای وتی: ئه‌و مه‌لایانه‌ی هه‌ڵه‌بجه ده‌ڵێن له هه‌ڵه‌بجه چه‌ند گه‌نجێك هه‌یه ئاماده‌ییان هه‌یه بۆ ڕێکخستن، حه‌زده‌که‌م تۆ بچیت بۆ هه‌ڵه‌بجه. کۆمه‌ڵێك به‌رهه‌می پێشه‌وا به‌نناو عه‌بدولقادر عۆده‌و ئه‌مانه‌ی کرده کارتۆنێکه‌وه‌و وتی ئه‌مانه‌شیان بۆبه‌ره، بیرم کرده‌وه که به‌ته‌نیا نه‌ڕۆم، مامۆستا عابدینم دیاری کرد که پێکه‌وه بچینه هه‌ڵه‌بجه، به‌یانیه‌ك زوو چووینه سلێمانی، ئه‌وسا ڕێگه زۆر ناخۆش بوو، له سلێمانی که‌سمان نه‌ده‌ناسی، به‌هۆی براده‌رێکمه‌وه که‌ناوی مه‌لا نوری بوو ئێستا سه‌په‌رشتیاری پسپۆڕییه، مه‌لا عه‌لی عه‌بدولعه‌زیزمان ناسی که برای مامۆستا عوسمانه‌و له‌وێ مه‌لا بوو، زانیاری باشمان له‌سه‌ر هه‌ڵه‌بجه وه‌رگرت، بۆ ڕۆژی دووه‌م چووینه هه‌ڵه‌بجه بۆ مزگه‌وته‌که‌ی مه‌لا ساڵح، له‌وێ دوو گه‌نجمان بینی که ئاماده‌بون له ڕێکخستندا کاربکه‌ن، ئه‌وایش مامۆستا سدیق عه‌بدولعه‌زیزو جه‌لال مه‌لا ساڵح بوون. نزیکه‌ی سێ

کاتژمێر لەگەڵیان دانیشتین‌و لەسەر مەفاهیمی ئیخوان‌و ئەو شتانە زۆر ڕۆیشتین، دوای ئەوە بەیعەتمان لێوەرگرتن کە کار بۆ بانگەوازی ئیخوان موسلمین بکەن‌و پەیوەندیمان بە حزبی ئیسلامییەوە نییە، ئەوان وتیان چەند گەنجێکی تریش هەیە لە دەوروبەری شارن‌و ئێستە لێرە نین، ئامادەن بۆ ئەم کارە، دوو ناوم لەبیرە کە باسیان کرد، مامۆستا عەبدولعەزیز پاڕەزانی‌و ئەوی تریش مامۆستا عومەر ڕێشاوی بوو، تەنانەت لە بیرمە وتیان کەسێك لە سلێمانی هەیە لە سابونکەرانەو مەلایە، ئیتر بۆ ئێوارە هاتینەوە سلێمانی‌و ئێوارەکەی من‌و کاك عابدین چووینە لای‌و هەندێك قسەمان لەگەڵ کرد، وتمان ئەوە دوادەخەین بۆ سەفەرێکی تر، دواتر ئەو برادەرە بوو بە ئیخوان، پاشان گەڕاینەوە کەرکوك.

ئیش‌و کاری هەڵەبجە بە کەرکووکەوە پەیوەستکرا، ئەوکاتە من ئەندامی لقی کەرکووك‌و لێپرسراوی قوتابیانیش بووم، ئیتر توانیمان بەهۆی مامۆستا عابدین ڕێکخستن پێکبێنین‌و مامۆستا عابدین مانگی جارێك دەچوو بۆ هەڵەبجە، هەندێ جاری تریش برایەك کەناوی مامۆستا تەها بوو دەڕۆیشت‌و چیمان هەبوایە دەماننارد‌و لەوێش ڕاپۆرت‌و شتی وا هەبوو دەهاتەوە بۆمان، تا ماوەیەکی زۆر لەسەر ئەم کارە بەردەوام بووین، بەردەوام لە کارکردندا شێوازی هەنگاونان لەسەرخۆ پەیڕەو دەکرا، تا سێ چوار ساڵ کەس ئاگاداری ئەم کارە نەبو، تا دواتر کەسێك لەناو بزووتنەوەی کوردایەتی وتبووی: وەڵڵا بۆ نەگبەتی کورد ئیخوان موسلمینیش لە کوردستان پەیدابووە. ئیتر ئەو بارودۆخە تا (1968) بەوشێوە بوو، دوای ئەوە مامۆستا عابدین هەر بەردەوام بوو تا (1969) ئیتر ئەو کارە درایە برایەکی تر کە تورکمان بوو ناوی ئیحسان قاسم ئەلسالحی بوو، تا ساڵی (1970) بەو شێوە بوو ئیتر ئاگام لێی نەما، بەو شێوازە لە هەڵەبجەوە بانگەواز بەرەو سلێمانی‌و شارەزور هات.

**+ لە هەڵەبجە کەس وەکو سەرپەرشتیارو بەرپرس دەستنیشان کرابوو، یاخود هەموو ئەندامان پێکەوە پەیوەندیان بە مامۆستا عابدینەوە هەبوو؟**

– مامۆستا عابدین زنجیرەی پەیوەندی نێوان منو هەڵەبجە بوو، لە هەڵەبجەش مامۆستا سدیق سەرپەرشتی کارەکەی دەکرد.

**+ ئێوە لەو سەفەرەتاندا ئاگاداری مامۆستا عوسمانو ئەوانتان کرد کەوا پەیوەندیتان بەو دوو کەسەوە کردووە؟**

– مامۆستا عوسمان بە منی وت مامۆستا سوبحی ئێمە حزبی ئیسلامیین هەقتان نەبێت، ئێوە لەگەڵ گەنجەکان ئیشی خۆتان بکەن، ئەوە لەکاتێکدا بوو کە لەگەڵ مامۆستا سدیقو مامۆستا جەلال دانیشتبووین بەیعەتمان لێوەرگرتن.

**+ دوای هەڵوەشاندنەوەی حزبی ئیسلامیی چۆن کارتان دەکرد؟**

– دیارە حزبی ئیسلامیی رووکارێکی ئیخوان بوو، هەندێك دەنگ لەناو حزبی ئیسلامیی دەیانووت با ڕێکخستن هەڵوەشێنینەوەو گشتی بکەینە حزبی ئیسلامیی، بەڵام ئیخوان قبوڵیان نەکرد، چونکە پێیان وابوو ئەو حزبەی بە نووکە قەڵەمێك هات بەیانیش بە نووکە قەڵەمێك دەڕوات، هەرواش بوو بە نووکە قەڵەمێکی عەبدولکەریم قاسم حزبەکە نەما، هەر برایەك گەڕایەوە شوێنی ڕێکخستنی خۆیو دەستی کردەوە بە کارکردنی خۆی، وەکو ئەوەی هیچ نەبووبێت، ئیتر لە ڕاستیدا ئیخوان لە (1960 – 1962) توانی وەکو جاران ڕێکخستن بکات، چونکە لەگەڵ هەندێ عەقڵیەت ڕووبەڕوو بوو کەوا زیاتر کاری سیاسییان دکرد، لە (1958 – 1960) سیاسەت بەسەر ئەندامانداندا تەواو زاڵ بوو، بۆ ڕزگاربوون لەو حاڵەتە بانگەواز زۆر ئازاری دەخوارد، تا توانیمان لە (14 تەمموز 1967) لە یەکێك لە باخەکانی یوسفیە کۆبوونەوەی سەرکردایەتی بکەین، نزیکەی (13 – 14) کەسێك لەوێ بوون، لەوانە (سەید ئەحمەد، شامل سەلاح، موحەمەد ئەحمەد راشد، عەبدولکەریم زەیدان، عادل ئەلهاشمی، سەلمان حسێن، ئەبو عومەر، خۆم) هەموو بەیعەتمان بە مامۆستا عەبدولکەریم زەیدان دا، باس لەوەکرا کە ئێمە هەوڵێکی زۆر بۆ سیاسەت خەرج دەکەینو ئەنجامێکی واشی نییە، بۆیە بڕیار درا کە تێکەڵی سیاسەت نەبینو گرنگی بە پەروەردەو بانگەواز بدەین، ئیتر خۆمان یەکلا کردەوە بۆ کاروباری بانگەوازو ئەمەش سودێکی زۆری هەبوو.

**+ پەیوەندی ئیخوان موسلمین لەگەڵ حزبی بەعسدا چۆن بوو؟**

– دیارە سەرەتا بەعس لە سووریاوە دروست بوو، ململانێیەکی زۆر زۆر بەهێز هەبوو لە نێوان ئیخوان موسلمینو حزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی، حزبی بەعس لە (1946) دروست بوو، ئیخوان پێش ئەوان لە سووریا دروست بووە، دیارە هەردووکیان هەمان گۆڕەپانیان هەبوو بەریەککەوتن ڕوویدەدا، دوای ئەوە هەڵبژاردنی پەرلەمان ململانێکەی زیاتر بەهێز ئەکرد، بۆ نموونە لە ناوەندێکی هەڵبژاردن لە دیمەشق مامۆستا سباعی بەڕەحمەت بێت خۆی دەپاڵاوت، ئەکرەم حۆرانیش خۆی دەپاڵاوت، ئەو ململانێیەی ئەوێ بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ گواسترایەوە بەغداد، ئێمەش خۆمان لەگەڵیان دوژمن بووین، دیارە ئەوان لەسەرەتادا زۆر کەم بوون، بەڵام دیارە هێزێك هەبوو بەردەوام ئەیویست ئەمانە دەرخات، لەبەرئەوە ململابێی ئێمەو بەعسی زۆر توند بوو تا شۆڕشی (1958) کە شیوعییەت هاتو گۆڕەپانەکەی کۆنترۆڵ کرد، لە (1959) دوو بەرە لە عێراق هەبوو، بەرەیەك شیوعیو پارتی نیشتمانی دیموکراتو پارتی دیموکراتی کوردستانیشی تێدا بوو، بەرەکەی تر نەتەوەییەکانی عەرەبو بەعسییەکانو ئیخوانو موتەدەینەکانی شیعە بوون، ئەو بەرەیە دژی شیوعییەکان بوو، پەیوەندی بەعسییەکان لەگەڵ ئیخوان باش بوو، هەندێ لێکتێگەیشتنو گفتوگۆ هەبوو، ئەمەش بەردەوام نەبوو، دوای ماوەیەکی کورت لە ساڵی (1960)دا بەعسییەکان برایەکیان لە ڕومادی کوشت، حزبی ئیسلامیی بەیانێکی دەرکرد کە ئەمە ستەمە، ئیتر لەوەوە دووبارە پەیوەندیان تێکچووەوە، کە ساڵی (1963) ئیخوان گرنگیان بە ڕێکخستنی نهێنی دەداو لە گۆڕەپانەکەدا ون ببوون، دوای هەڵگەڕانەوەکەی عەبدولسەلام عارف لە (1963) بارودۆخ گۆڕا، کاتێك لە (1968) دووبارە کودەتایان کرد ئیخوان بە تەواووی لە قۆناغی نهێنیدا بوو.

کاتێکیش بەعسییەکان هاتنە سەر حوکم گۆڕەپانەکە هی خۆیانە، ئەوە قبوڵ دەکەنو ئەوە قبوڵ ناکەن، لەبەر ئەوە ملاملانێی گۆڕەپانمان لەگەڵیان نەبوو،

هەروەها جوڵانەوەی شیعە گەشەی کردبوو، کە جوڵانەوەی شیعە گەشەی کرد بووە دوژمنی یەکەمو سەرەکی لە عێراق، تەنانەت شیوعییەکانیش ڕۆڵێکی وایان نەمابوو، پێموایە ئیتر لەوە بەدوا ئێمە وەکو جوڵانەوەیەکی سوننی زیانمان بۆ بەعسی نەبوو، بە تایبەتیش کە نەمان ئەهێشت خەڵك ببێتە شیعە، بیرمە وەزیری بەرگری (ساڵح مەهدی عەمماش) بوو لەگەڵ هەندێ برایانی ئەعزەمیە کە یەکێك لەوانە وەلید ئەعزەمی بوو گەشتیان دەکرد بۆ ئەو گوندانەی کە لەژێر مەترسی تەشەیوعدا بوونو مزگەوتیان بۆ دەکردن بۆ ئەوەی نەبنە شیعە.

مەبەستم ئەوەیە کە لە قۆناغی دواییدا ئیخوان زیانی بۆ بەعس نەبوو، چونکە دڵنیا بوون کە ئێمە نامانەوێت کودەتا بکەین، چونکە سەرەتا ئەترسان کودەتا بکەین، هەندێ ئەفسەری ئیسلامیی هەبوون، بەعسییەکان ئەیانناسین ئەترسان کودەتا بکەن.

**+ باس لەوە دەکرێت ساڵی (1968) کاتی کودەتای بەعسییەکان ئیخوان زۆر بەهێز بوونو دەیانتوانی کودەتا بکەنو جێی بەعسیەکان بگرنەوە بەڵام ئەو هەلەیان نەقۆستەوە؟**

– کۆمەڵێك ئەفسەر هەبوون هەندێکیان ئیخوان بوون، ئەوان جموجۆڵیان کردو بەنیاز بوون کودەتا بکەن، بەڵام ئیخوان بەوە ڕازی نەدەبوو، چونکە گرفت ئەوە نییە کودەتا ئەکەی، گرفت ئەوەیە چۆن پارێزگاری لە کودەتا ئەکەی، ئێمە وەکو پێشەوای شەهید دەڵێت ئێمە بە زنجیرە هاتووین (تاکی موسڵمان، خێزانی موسڵمان، کۆمەڵگەی ئیسلامیی، دەوڵەتی ئیسلامیی). بۆ ئەوە نەهاتووین لەسەرەوە دەستپێبکەین چونکە بە دڵنیاییەوە سەرکەوتوو نابین، لەبەر ئەوە هیچ کات ئیخوان لەبەرنامەیدا نەبووە کودەتا بکات، بەعسیش بەمەی ئەزانی، بەڵام ئەو کۆمەڵە ئەفسەرە لەگەڵ هەندێ ئەفسەری نەتەوەیی ویستیان شتێك بکەن، ئێمە ڕازی نەدەبوین، دوای ئەوە بەعسییەکان زانیان ئەو جموجۆڵە هەیە گرتیانو لە سێدارەیاندان، لەوانە عەمید موحەممەد فەرەج بوو، هەروەها تەها شێخلیو ئەبو

عومەرو عەبدولغەنی شەنداله بوون، له بیرمه له دادگا پرسیاریان له موحەممەد فەرەج کرد: ئەڵێن له ئیخوان جیابوویتەوە؟ وتی: من جیانەبوومەتەوە ئیخوان منیان دەرکردووە بەکەڵکیان نایەم.

**+ بەشداری ئیخوان له یەکەم حکومەتی بەعسییەکاندا چۆن بوو؟**

– ئەوانەی کودەتای (17 تەمموزی 1968)یان کرد بەعسی نەبوون، هەموو پاسەوانی کۆماری بوون، عەبدوڕڕەزاق نایفو ئیبراهیم داودو سەعدون غەیدان کودەتایان ڕێکخست، ئەمانە خاوەنی ڕاستەقینەی کودەتا بوون، بەڵام سێ ئەفسەری بەعسی (ئەحمەد حەسەن بەکر، حەردان تکریتی، حەماد شەهاب) هاوکاریان کردنو ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشیان دانا، که له (17)ی تەمموز کودەتایان کرد وەزارەتیان پێکهێنا، عەبدوڕڕەزاق نایف بووە سەرەك وەزیران، عەبدوڕڕەحمان داود وەزیری بەرگری، سەعدون غەیدان وەزیری ناوخۆ، ئەحمەد حەسەن بەکر سەرۆك، دیارە سەرۆك ڕۆڵی نەبوو، تا (30)ی تەمموز بەعسییەکان کودەتایان کردو ئەو سیانەیان لابرد، هەڵبەتە مامۆستا عەبدولکەریم زەیدان له حکومەتەکەی (17)ی تەمموز پۆستی وەزارەتی ئەوقافی وەرگرت.

**+ ئەو سێ کەسەی بە خاوەنی کودەتا ناوت بردن ئیخوان بوون؟**

– کەسیان ئیخوان نەبوون، سەبارەت بە بەشداری زەیدان لەو حکومەتەدا ئەوا زۆر جار بە هاوکاری بەعس تۆمەتبار دەکرێت له ڕاستیدا وانەبوو، ئیبراهیم داود خوێندکاری ماستەر بوو له کۆلێژی یاسا، مامۆستا عەبدولکەریم زەیدان سەرپەشتیاری نامەی ماستەرەکەی دەکرد، ئیبراهیم زۆری زەیدان خۆشدەویستو ڕێزی دەگرت، لەبەرئەوە ناوی ئەوی دانابوو بە وەزیری ئەقاف، چەند ڕۆژێك زەیدان نەچوو بۆ وەزارەت، تا پێیان وت ئەگەر نەیەی بەعسییەکان کۆنترۆڵی دۆخەکە دەکەن، واتە شەقام بووە دوو بەش، هەندێ ڕۆژنامە که سەر بە بەعسییەکان بوو دەیاننووسی (نحن جماهیر...)، ئەوانی تر دەیانووسی (نحن جموع...)، جا کاتێك کودەتای (30) تەمموز کرا یەکەم کەس زەیدان دەرکرا.

ڕۆژی (1 ئابی 1968) چوومە لای مامۆستا عەبدولکەریم زەیدان لە (کۆمەڵەی پەروەردەی ئیسلامیی)، گلەیی ئەوەم لێکرد کە ئێمە لە ساڵی (1967) بڕیارمان دابوو تێکەڵی کاری سیاسیی نەبین، بەڵام وەرگرتنی وەزارەت لوتکەی سیاسەتە، ئەویش ئەو شتانەی بۆ گێڕامەوە کە بۆم باسکردی.

**+ لەسەرەتای شەستەکاندا شۆڕشی ئەیلول سەریهەڵدا، هەڵوێستی ئیخوان دەربارەی ئەو شۆڕشەو کێشەی کورد چی بوو؟**

– وەڵڵا ململانێی ئیخوان لەگەڵ بەعس کاریکردە سەر پەیوەندی ئیخوان لەگەڵ نەتەوەکانی تریش، لەبەرئەوە چۆن ڕوانینمان بەرامبەر بەعسی وابوو کە ئەمانە کوفرن زۆر کەس هەبوو دەیوت بزووتنەوەی کوردی تەمەڕودەو کوفرە نابێت پشتگیری بکەین، لەبەر ئەوە دەتوانم بڵێم هیچ کاتێك ئیخوان نەیتوانی کەناڵێك لەگەڵ بزووتنەوەی کوردی دروست بکات، نەك نەیتوانی بەڵکو هەوڵیشی بۆنەدا، خۆ ئەگەر هەوڵی ئەوەی بدایە دەیتوانی، پیاوێك ناوی شێخ نازم ئەلعاسی بوو، کەسێکی دینداربوو ئیخوانیشی خۆشدەویست توانی مەلا مستەفاو عەبدوڕڕەحمان عارف بێنێتە ناوچەیەكو هەردوولا وتووێژ بکەنو ڕێکەون، باشە ئەگەر لە توانای کەسێکدا هەبێت ئەوە بکات بۆ لە توانای بانگەوازێکدا نەبێت ئەوە بکات؟! ئێمە کەموکورتیمان بەرامبەر بزووتنەوەی کوردی هەبوو، پشتگیریمان نەکردو تەنانەت وەکو (ناصح الامین)یش ڕانەوەستاین.

لە دەوروبەری ساڵی (1962 – 1963) ئیخوان بڵاوکراوەیەکی دەرکرد هێرشێکی بەهێزی تیابوو بە تایبەتی لەسەر مەلا مستەفا، تۆمەتباری دەکرد بەهەندێ شت کە لەڕاستیدا وانەبوو، گوایە خەڵك سەردەبڕێتو لەشاخ فڕێیان ئەداتەخوار، بەڵام ئەو بڵاوکراوەیەمان لە کەرکوك بڵاونەکردەوە، ڕۆیشتم بۆ بەغداد لەوێ پێم وتن ئەم بڵاوکراوەیە جائیز نییە، دیارە کە بڵاویان کردەوە هەرایەکی گەورەی نایەوە، ئێستاش بزووتنەوەی کوردی ئەوە بۆ ئێمە وەکو عەیبەیەك باس دەکات، دیارە دوای ئەوە بۆم دەرکەوت کە هەندێ لە برایانی موسڵ پەیوەندیان

لەگەڵ هەندێ ئاغای زێباری هەیە کە لەگەڵ مەلا مستەفا دوژمنایەتیان هەیەو ئەوان زانیاریی هەڵەیان ئەدەنێ.

ئیخوان لە تایبەتمەندی کورد نەدەگەیشت، جارێك لەگەڵ مامۆستا عەبدولکەریم زەیدان باسم لە مەسەلەی کورد کرد، وتم: کورد نیوەی عێراقە. بەسەرسوڕمانەوە وتی: چۆن کورد نیوەی عێراقە؟ وتم: چونکە ئێمە بزووتنەوەیەکی سوننین، نیوەی عێراق شیعەیە، ڕێژەی 10٪ مەسیحیو 40٪ سوننەیە، ئەو 40٪ چەنی کوردە؟ وتی: 20٪ ئەبن. وتم: ئێ کەواتە کورد نیوەی بانگەوازە لە عێراق، پێویستە بە پێی ئەو ڕێژەیە گرنگی پێبدرێت.

بەداخەوە نەمانئەزانی بزووتنەوەی کورد چیە! تەنانەت بیرمە ڕۆژێك مامۆستا نەشئەت غەفور لەگەڵ برایەك قسەی ئەکرد کە لە سەرکردایەتی بوو لە بەغدادو لە بنەڕەتدا کوردە، وتی: الثورة الكردية. وتی: اخي هذا مو ثورة كردية، هذا تمرد كردي. منیش وتم: صح، تمرد كردي لو كان حاكم الأمر في بغداد عمر بن خطاب، فان كان حاكم الأمر في بغداد شخص لايؤمن بالإسلام، لماذا يسمى تمرد كردي؟ بۆ هەمیشە شەرعییەت بدەینە عەرەبو نەیدەینە کورد؟ من ناڵێم بزووتنەوەی مەلا مستەفا ئیسلامیی بوو، بەڵام جوڵانەوەیەکی نەتەوەیی بوو بۆ نەتەوەکەی کاری دەکرد، عەرەبەکان لەوە تێنەدەگەیشتن، ئێستەش لەوە تێناگەن کە کورد گەلێکە تایبەتمەندی خۆی هەیە.

ساڵی (1968) چووم بۆ حەج، لەگەڵ چەند برایەکی عەرەب لە مینا چوینە خێوەتگەیەکی ئیخوان، خۆمان ناساند کە ئیخوانی عێراقین، من وتم: ئیخوانی عێراقمو کوردم. یەکێك لە براکان وتی: کورد موسڵمان نین؟! منیش بەگەمەوە وتم: ڕووی خۆتی گرتەوە، کورد موسڵمانەو لەسەر هەمان مەزهەبی ئێوەن کە شافعیەو دووجار پارێزگاری لێکردون، جارێك لە سەردەمی سەلاحەددینو جارێکی تر لە سەردەمی موحەممەد عەلی، دوای ئەوە ماوەیەك قسەم لەگەڵ کردن ئەوسا تێگەیشتن. باشە بۆچی بانگەوازێکی وەکو ئیخوان نەیتوانی کێشەی کورد لەخۆی بگرێت؟!

**+ باس لەوە دەکرێت لەکاتی لەسێدارەدانی سەید قوتب، مەلا مستەفا لە ڕێگەی ئیخوانەوە ناڕەزایی لەو کارە دەربڕیوە؟**

– لەو کاتەدا کە بڕیاری لەسێدارەدانی سەید قوتب درا، ئیخوانی بەغداد پەیوەندیان پێوەکردین کە شتێك بکەین مەلا مستەفا بروسکەیەك بنووسێت بۆ میسر، ئێمە وەکو بەرپرسانی کەرکووك وەفدێکمان پێکهێنا لە (4) برا کە بریتیبوو لە: شێخ نازم ئەلعوبێدی، نیزامەددین عەبدولحەمید، سلێمان موحەمەد ئەمین قابلیو سف سدقی چوونە لای مەلا مستەفاو نوسخەیەکی (في ظلال القران)یان بەدیاری بۆ بردو بۆیان باسکرد کە سەید قوتب نووسەرو موفەسیرێکی ئاوهایە، مەلا مستەفا کاغەزێکی سپی بۆ ئیمزا کردبوونو پێی وتبوون بڕۆن بەناوی منەوە چی بەباش دەزانن بینووسن.

**+ بە بڕوای تۆ هەڵەو کەموکورتی ئیخوان لەو قۆناغەی کارکردنیدا چی بوو؟**


– بۆ ئەوەی بتوانین ڕەخنە بگرین دەبێت خۆمان لە بارودۆخی ئەوکاتە جیانەکەینەوە، بە عەقڵیەتی ئێستا ناتوانین حوکم لەسەر ئەوکاتە بدەین، ئیخوان کۆمەڵێك هەڵەی گەورەی هەبوو، لەسەرەتای پەنجاکانەوە تا شەستەکان بەردەوام گرنگی دەدرا بە کاری سیاسیی ئەوەش کاریگەری زۆری کردە سەرمان، لەبەرئەوەی هەر خەریکی سیاسەت بووین نەمانتوانی کەسایەتیەکی عەقیدیو ڕۆشنبیری باش بۆ خۆمان بنیاد بنێین. هەڵەی دووەم ئەوە بوو کە نەیتوانی کەناڵێك لەگەڵ بزووتنەوەی کوردی بکاتەوە، بزووتنەوەی کوردی دژی خیلافەتی ئیسلامی نەبوو، دژی عەبدولکەریم قاسمو بەعسییەکان بوو، ئەمانە پەیوەندیان بە ئیسلامەوە نەبووەو نییە، ئەمە یەکێك بوو لە هەڵە گەورەکان، لەبەر ئەوە ساڵی (1970) دەستم لەکار کێشایەوەو وازم لە ئیخوان هێنا.

هەڵەیەکی ترمان ئەوەبوو کە تێگەیشتنێکی سیاسیمان بۆ داهاتوو نەبوو، ئەگەر دنیابینییەکی سیاسیمان هەبوایە دەمانزانی عێراق نابێتە شیوعی، چونکە عێراق بەلای ئەمریکاوە ناوچەیەکی هەستیارە، ئێمە تێکەڵی ململانێیەك بووین کە هی ئێمە

نەبوو، ساڵی (1959) دوو بەرە لە عێراق دروست بوو، بەرەی شیوعیی‌و بەرەی بەعسیی‌و نەتەوەییەکان، ئیخوان لە بەرەی دووەمدا بوو، ئەم دوو بەرەیە بەردەوام لە شەڕدا بوون، ئێمە پێشبینی ئەوەمان نەدەکرد کە ئەو کارەی دەیکەین بەعسی دەیقۆزێتەوە، ئیخوان کارێکی زۆری کرد، بەڵام سوودی کارەکان بۆ بەعسییەکان بوو، ئێمە سەرکردەمان هەبوو بەڵام پێشەنگمان کەم بوو، ئەمەش یەکێکە لە کەموکورتییەکان.

## دیداری دووەم:

# مامۆستا سدیق عەبدولعەزیز



سدیق عەبدولعەزیز موحەممەد، ساڵی (1939) لە گوندی پریسی سەروو لەدایك بووە، لە قوتابخانەکەی باوکیدا لەسەردەستی مامۆستا مەلا عوسمان زانستە شەرعییەکانی خوێندووە، پاش بەشداریکردن لە خولی وەزارەتی پەروەردە بوەتە مامۆستای سەرەتایی، ساڵی (1960) پەیوەندی بە ئیخوان موسلمینەوە کردوەو ئەندامی یەکەم شانەی ئیخوان بووە لە هەڵەبجە، ساڵی (1979) شانەی ڕێکخستنە نوێیەکانی ئیخوانی دروستکردوەتەوە، ساڵی (1987) دوای ئاشکرابوونی ڕێکخستنەکانی ئیخوان کۆچی کرووە بۆ ئێران، ساڵی (1992) لەگەڵ کۆمەڵێك چالاکوانی ئیسلامیی بزووتنەوەی ڕاپەڕینی ئیسلامیی ڕادەگەیەنن و مامۆستا سدیق دەبێتە ئەمینداری گشتیی، ساڵی (1999) دەبێتە جێگری ڕابەری گشتیی بزووتنەوەی یەکبوونی ئیسلامیی، ئێستا ڕابەری گشتیی بزووتنەوەی ئیسلامیی کوردستانی عێراقە.

شوێن و مێژووی دیدار: سلێمانی، 2005/1/8.

**+ مامۆستا دەمەوێت لەوەوە دەستپێبکەم ئەوەندەی جەنابتان ئاگادارین یەکەم شانەی رێکخستنی ئیخوان موسلمین کەی هاتە هەڵەبجە؟**

– سەرەتا پەیوەندییەك لە نێوان مامۆستا مەلا عوسمانو شێخ سەواف‌و ئەمجەد زەهاوی‌و ئەواندا دروستبوو، ئەمەش وەکو پەیوەندییەکی رۆحی‌و ئیمانی‌و ئیسلامیی‌و خەمخواردنێکی ئەو بانگەوازە، بەڵام بەشێوەی رێکخستن لە سەرەتای شەستەکاندا دروست بوو، رێکخستنی ئیخوان هاتە ناوچەکە، بەڵام لە کەرکووك پێشتر هەبوو.

**+ سەواف ساڵی چەند سەردانی هەڵەبجەی کرد؟**

– ئەوە لە پەنجاکاندا بوو، بە بۆنەی جەنگی فەلەستینەوە هاتبوون.

**+ یەکەم شانەی رێکخستنی ئیخوان لە هەڵەبجە لە کێ پێکهاتبوو؟**

– یەکەم شانە منو جەلالی مەلا ساڵحی گەورە بووین.

**+ ئەی دوای ئێوە کێی تر هاتە ناو رێکخستن؟**

– وەڵڵا وردە وردە خۆمان پەیوەندیمان کرد بە کەسانی ترەوە، وەکو مامۆستا جەعفەرو مامۆستا عومەر ڕێشاوی، ئیتر وردە وردە ڕێکخستن گەشەی کرد.

**+ حزبی ئیسلامیی عێراق ساڵی (1960) کۆنگرەی بەست، ژمارەیەك کورد بەشداری ئەو کۆنگرەی کرد، لە هەڵەبجە کێ بەشداری کۆنگرەی کرد؟**

– مامۆستا مەلا سالحی گەورە، مامۆستا مەلا عوسمان، مامۆستا مەلا عومەرو مامۆستا جەمیلی موفتی بەشدارییان کرد، لەگەڵ کۆمەڵێك پیاوماقوڵی عەشایەر کە لەگەڵ خۆیان بردبوویان. بەشداری ئەوانەش وەکو زانا بوو نەمبیستووە وەك ئەندامی حزبەکە بووبێت.

**+ شێوازی کاری ئیخوان موسلمین لە شەستەکاندا چۆن بوو؟**

– کار بەشێوەیەکی کرچ‌و کاڵ بوو، بەوشێوە ڕێکخستنەی ئێستا نەبوو، پەیوەندییەکی سادەبوو کە بریتی بوو لە کۆکردنەوەی خێزان (اسرة)و تەوجیهات

پێدانیان، جار جار بەیاننامەو شتی واش ئەهات، کاتێك مامۆستا سوبحی داودیو مامۆستا عابدین ڕەشیدو ئەوانە هاتن، ئەڵقەی پەیوەندی لە نێوانمان مامۆستا عابدین دانرا.

**+ جگە لە مامۆستا عابدین کە ئەڵقەی پەیوەندی بوو، لە هەڵەبجە کێ بە ڕەسمی سەرپەرشتی کارەکانی دەکرد؟**

– ماوەیەك من ئەڵقەی پەیوەندی نێوان هەڵەبجەو کەرکوك بووم، ئەڕۆیشتم لەوێ شتەکانم وەردەگرتو دەمگەیاند بە هەڵەبجە، لێرەش چیمان هەبووایە دەمگەیاند بە کەرکوك، ئینجا لەو ماوەدا مامۆستا عوسمان کرایە سەرپەرشتیاری ناوچەکە، بەڵام پاش ماوەیەك بەهۆی سەرقاڵی مامۆستاوە بە وانەوتنەوەو لەلایەکی تریشەوە کارەکە پێویستی بە لێزانین بوو، وەکو ئەمری واقیع لە کەرکوك وتیان پێویستە مامۆستا بۆ شتێکی گەورەتر بەکاربێنینو کەسێکی تر دەستنیشان بکە بۆ سەرپەرشتی کارەکە، منیش وتم با مامۆستا عومەر ڕێشاوی بێت، ئیتر مامۆستا عومەرمان دانا بە بەرپرسی ناوچەکە.

**+ ئیتر ئەو بە ڕەسمی کارەکانی بەڕێوە دەبرد؟**

– بەڵێ، ئیتر ئەو بە ڕەسمی بەرپرسی ناوچەکە بوو، لیژنەیەکی سەرپەرشتیمان هەبوو کە پێکهاتبوو لە منو مامۆستا عومەرو مامۆستا جەلالو مامۆستا شێخ نورەددینو ئەمانە.

**+ چۆن کاری ڕێکخستنتان بۆ دەرەوەی هەڵەبجە گواستەوە؟**

– خۆت دەزانی مەسەلەی بانگەواز وایە، کە لە شوێنێکدا هەبوو بە دەوروبەریدا بڵاودەبێتەوە، لیژنەکە دادەنیشتو بیری دەکردەوە بانگەواز بگەیەننە فڵان گوندو ئاواییو ناحیە، بەم شێوەیە خەڵك ئەدۆزرایەوەو پەیوەندی پێوەدەکراو پەروەردە دەکرا تا دەبوو بە ئەندامو ئیتر لە ڕێگەی ئەو ئەندامەوە ئەو بانگەوازە دەگەیشتە ئەوێ.

**+ دوای هەڵوەشاندنەوەی حزبی ئیسلامیی ئێوە هەر بە نهێنی کارەکانتان ئەنجام دەدا؟**

– ئەوە وەکو جۆرە قەدەغەکردنێك بوو لە سەرەتای شەستەکاندا ، بەڵام ئیخوان کاری خۆی کرد تا حزبی بەعس هات، کە حزبی بەعس هات، ئەمانە هەموو شتێکیان تەسلیم کرد، دیارە ئەمان لەژێر فشاردا بوون، ئیتر وردە وردە ئەمر هات کەوا هەرکەس بەرپرسی کاری خۆیەتیو کار بۆ خۆی دەکات، تا لە ساڵی (1971) بەیەکجاری حزبەکە هەڵوەشایەوە، ئەمەش لەبەر سیاسەتێکو خۆپاراستن لە حزبی بەعس لەو کاتەدا، بەمەش کۆتایی بە هەموو پەیوەندییەکی ڕێکخستن هات لەوێو لای خۆشمان.

**+ باس لەوە دەکرێت لە کودەتای (1968) هەندێ لە ئیخوانەکان بەشدار بوون؟**

– لە (1968)

**+ بەڵێ**

– لە ساڵی (1968) بەدواوە هەوڵی ئەوە درا کودەتایەك بەسەر بەعسیەکاندا بکرێت، بەعسیەکان زۆر کەمو لاواز بوون، هەتا عەبدولغەنی شەنداله کە یەکێك بوو لە سەرکردەکانی ئیخوان هات بۆ هەڵەبجە بۆلام وتی: ئەمانەوێت شتێکی وا بکەین. ئەوکاتە منیش لە مەنتقی ئیخوانەوە هەڵوێستم وەرگرت، ئەمانە باڵێکی تایبەتی بوون لەناو ئیخواندا شوڕشگێڕیان پێدەوتن، ئەمانە دەبانویست کودەتا بکەن، لەوکاتەدا لام وایە بەشیر تالیب سەرۆكو بەرپرسی پاسەوانی کۆماری بوو لە کۆشکی کۆماری، دەیانوت وەرن حوکمەکەتان تەسلیم بکەین.

**+ ئەوە پێش کودەتای بەعسیەکان بوو؟**

– نەخێر دوای کودەتای بەعسییەکان ، شەنداله زۆر هانیدام تا هاوکاری بکەم، بەڵام من لە مەنتیقی ئیخوانە کۆنەکانەوە قسەم دەکردو دەموت ناکرێتو نابێتو ئەوە لەم لاوە کێشەی کوردەو پشێوی هەیەو بە ئێمە ناڕوات بەڕێوە، ئەویش وتی:

ئێستە هەرچی سەرکردایەتی‌و بنکردایەتی بەعسە پێنج سەد کەسن، بەڵام ئێمە ئەفسەرمان وەك خۆڵ هەیەو لەهەموو شوێنێك هەمانە، هەموو ئیمکاناتێکمان هەیە، ئیمکانیەتی مرۆیی لە سەربازو سیاسەتمەدار، بێ ڕژانی دڵۆپێك خوێن دەسەڵات دەگرینەدەست‌و کۆشکی کۆماری دەگرین. هەرچی وت من رەتم دەکردەوە، دەموت ئەگەر ئەوە بکەین ئاوا دەبێت‌و ئەگەر ئاوا بکەین ئاوا دەبێت، ئەویش دەیوت دەباشە با بڕۆینە ماڵەوە نەوەکو ئوتومبێلێ لێماندات، ئەگەر لە ئوتومبێلەکە رزگارمان بوو نەوەك بەردێك بات بە ناوچاوانماندا. ئەم هەموو ئەگەرەی ئێوە دەیڵێن دیارە نابێت هیچ بکرێت، بۆیە بەدڵڕەنجاوی گەڕایەوە، ئێمە قەناعەتمان بەو مەسەلەیە نەبوو ئەوەبوو لە (1971) کۆتایی بە هەموو شتێك هات‌و بڕیار هات بە تەواوی کۆتایی بە هەموو شتێك هات.

**+ لە ژێر فشاری بەعسدا کۆتایی بە کاری ئیخوان هات؟**

– بەڵێ، لە ژێر فشاری بەعسدا، هەر لەو سەروبەندەدا ئیخوان کاسێتێکیان دەرکرد، باسی ئەوەیان دەکرد ئەگەر کودەتا بکەین سبەینێ ئاواو ئاوا دەبێت، ئەمانەش کۆمەڵێك وەهمو خەیاڵات بوو، چونکە ئیخوان زۆر شتیان لەسەر وەهمو خەیاڵاتە. دیارە ئەوەی شەنداله ڕاست بوو، ئەگەرنا ئەم هەموو بەزمە ڕوینەئەدا، کاسێتەکەش دەبوو چەند کەسێکی دیاریکراو ببیبنیایەو ببیبستایە، ئێمەش دەمانوت ماشەڵلا چەند موبارەکن، دوای تێگەیشتم کە ئەوە ڕاست نەبوو.

لە دوای (1971) گۆڕەپانەکە بۆ دوو بانگەواز چۆڵ بوو، بانگەوازی بەعسییەکان لەسەرەوە بە ئاشکرا بانگی خەڵکیان دەکرد بۆ بەعسێتی؟ بانگەوازی مارکسییەکانیش بە نهێنی، بانگەوازی ئیسلامیی نەما، هەندێ لەوانەی کاتی خۆی ئیخوان بوون بانگەوازی نووریان هێناو بەناوی نوورەوە کەوتنە کارکردن، هەوڵی ئەوەیان ئەدا لە ناوچەکە لەجیاتی بانگەوازی ئیخوان، بانگەوازی نوور گەشە پێبدەن، چونکە بێوەیەو کەس هەقی بەسەریەوە نییە، ئیتر وردە وردە وای لێهات دەنگی بانگەواز نەماو تەواو بو، تا گەیشتینە (1978) لەو ساڵەدا هەندێ

پەیوەندیم کردو چوومە بەغداد بۆ ئەوەی ئەم کارە دەستپێبکەینەوە، بەڵام ئەوان وتیان نابێتو کارکردن حەرامەو فەرمانی ڕێکخستنی نێودەوڵەتییەو بانگەواز لە عێراق راگیراوە، ڕێکخستن کۆتایی هاتووەو کەس بۆی نییە دروستی بکاتەوە.

بۆ زانیاریت ئەوە نە فەتوا بوو نە هیچ، چونکە بانگەواز بۆلای خوا واجبە، بەرپاکردنی حوکمی خوا واجبە، حوکمی خواش بەرپا نابێت مەگەر کۆمەڵگەی بۆ دروست بکەیت، ئەمەش بە ڕێکخستنو بانگەواز نەبێت ناکرێت، (مالا یتم الواجب الا به فهو واجب)، بەڵام هەندێ ئەوهامیان دەهێنا، منیش بیرم لەوە دەکردەوە کە ڕەوشەکە بەوشێوە چارەنووسی مەترسیدارە، ناچار دەستم کرد بە کار بە ئیسنادی ئەو کارە ئیخوانییە.

**+ساڵی چەند دەستت پێکرد؟**

– لە (1979) دەستم پێکردو ئەوانەی ناوچەکە پێیان زانیم فشاری زۆریان لەسەرم دانا، خەڵکمان ئەهێناو پەروەردەمان دەکرد، ئەوان دەچوون قسەیان بۆ دەکردو دەیانووت ئەوە گوناهەو نادروستەو مەترسیدارەو دەرچوونە لە فەرمانی کۆمەڵ، چەندین شتیان ئەوتو بەو شێوە خەڵکیان سارد دەکردەوە.

**+ئیخوانە کۆنەکان ئەوەیان دەکرد؟**

– بەڵی، ئیخوانە کۆنەکانی ناوچەکەی خۆمان ئەوەیان دەکرد، حەزناکەم ناوی کەس بێنم، تەنانەت کۆمەڵێك قوتابیمان لە سەیدسادق هەبوو، کاتێك پێیان زانی ڕۆیشتن ئەو قسانەیان بۆ کردن، ئەوانیش هاتن وتیان پێمان ناکرێت، ئێمەش چەند کاتمان بە فیڕۆ چوو، دیارە ئەوەی ئەمان نارد بۆ ئەوێ مامۆستا ئەحمەدی شافعی بوو.

**+مامۆستا یەکەم شانە کە دروستت کرد لە کێ پێکهاتبوو؟**

– یەك شانە کە دروستم کرد پێکهاتبوو لە مەلا ئەحمەدی شافعی کە لەوێ دەیخوێند، مەلا نازم، مەلا فەرەیدون کە ئێستا لە ئێرانە، ئەم سیانە گەنج بوون، وابزانم تا ساڵێکیش پێم نەوتن بۆچی کۆیاندەکەمەوە، پەروەردەم دەکردن بەڵام

نەیاندەزانی بۆچییە، دوایی هەر لەسەر متمانە لەگەڵما هاتن‌و ئینجا پێم وتن ئەمە بانگەوازی ئیخوانییەو ئاواو ئاوایەو زۆریان پێخۆش بوو، ئیتر ئەوانیش وردە وردە گەشەیان کردو پێگەیشتن.

**+ ئەی کاك مەولودو مامۆستا موحەممەد ڕەئوف؟**

– ئیتر ئەوانیش دوای ئەو سێ کەسە هاتن‌و بوونە بەردی بناغەی کارەکە.

**+ ساڵی (1979) یەکەم هەنگاوتان نا؟**

– بەڵێ ئەوە هەنگاوی یەکەم بوو لەو ساڵەدا.

**+ ئەگەر جارێکی تر بگەڕێینەوە بۆ باسی ساڵانی شەست، هەڵوێستی ئیخوان موسلمین لەو کاتەدا دەربارەی کێشەی کورد چی بوو؟**

– ببورە، هەندێ شت هەبو بۆ وتن ناشێت، بە بۆچوونی خۆیان ئەوە ڕاست بوو.

**+ کاتێك ئێوە لە ساڵی (1979) دەستتان بەکار کرد، کەسی تر هەبوو لە شوێنی ترەوە دەستی بەکار کردبێت؟**

– نەم بیستووە، چونکە دواتر ئێمە کارمان گەیاندە دهۆك‌و شوێنەکانی تر، نازانم پێشتر هەبووبێت، بەڵام وەکو بانگەوازی تازە ئێمە دروستمان کرد، یەکەم شانە لەوێ دروستمان کرد کاك خەلیل‌و کۆمەڵێك لە هاوڕێکانی بوون.

**+ ئەدەبیاتی پەروەردەیتان چی بوو؟**

– پڕۆگرامی ئیخوان بوو، ئەوەی کە پێشتر لامان مابوو، ئەگەرنا تەوجیهات لە هیچ شوێنێکەوە نەدەهات، خۆشمان داهێنانمان تێداکردو گۆڤارێکمان دەرکرد بە ناوی نیگا.

**+ پێشتر باسی قوتابخانەی نوورت کرد، ئەمە وەکو ڕەوتێکی ڕێکخراوەیی لێهاتبوو، یاخود هەر کارێکی بانگەوازی چەند کەسێك بوو کە بابەت‌و پەیامەکانی نووریان وەردەگێڕا؟**

– پەیامەکانی نووریان دەهێناو وەریاندەگێڕاو بڵاویان دەکردەوە، ماوەیەك وای لێهات بانگەواز بوو بە بانگەوازی نوور.

**+ وەکو قوتابخانەیەك بوون؟**

– بەڵێ، وەکو قوتابخانەیەك پێیان دەوتن نوورییەکان.

**+ ئەی رەوتی سەلەفی؟**

– ئەوە تا ئەم دواییە نەبوو.

**+ لە ساڵی (1979) بەدواوە خۆت سەرپەرشتی کارەکانت دەکرد؟**

– بەڵێ، خۆم سەرپەرشتیم دەکرد، تا گەیشتە (1985– 1986) ئیتر جەماعەتی بەغدادیش کە کۆمەڵێك لەوان دەستبەکار ببوون بە ئێمەیان زانی، ئێمەش بەوانمان زانی، ئەڵقەی پەیوەندی لەنێوانماندا دەهاتو دەچوو کە دکتۆر عیسام ئەلڕاوی بوو، هات بۆ هەڵەبجەو چەند دیدارێك لەنێوانماندا کراو دواتر رێکەوتین کە هەردوو کارەکە تێکەڵاو بکەین، بەشێوەیەك کوردستان لەژێر دەستی ئێمەدا بێتو ناوەڕاستیش لای ئەوان بێتو یەك سەرکردایەتی هەبێتو، مامۆستا عوسمان کرایە بەرپرسی کوردستان، بە ئیعتیباری ئاینو کۆمەڵێك شتی تر، هەروەها ئیخوانەکانی ئێرەش حەساسیەتێکیان لەگەڵ من هەبوو، بەڵام لەگەڵ ئەودا هیچیان نەبوو، بۆیە واباشبوو ئەو بکرێتە بەرپرسی کارەکە، ئەو کرایە ئەمیر، منیش لە خزمەتیدا وەکو جێگری ئەو، ماوەیەك نوێنەری ناوەڕاست دەهاتە کەرکووكو منیش دەچوومو لەوێ کۆبوونەوەمان دەکرد.

**+ کێ بەرپرسی رێکخستنەکانی ناوەڕاست بوو؟**

– دکتۆر عەبدولمەجید، ناوی حەرەکی ئەبو زەڕ بوو، پزیشکی سەربازی بوو، پاش ماوەیەك دەهاتینە سلێمانیو لەوێ بە ئۆتومبێل دەگەڕاینو لە ئۆتومبێلەکەدا کۆبوونەوەمان دەکرد، بەو جۆرە کارمان کرد تا ئەوان لەوێ ئاشکرا بوون.

**+ ئەی ئیخوانەکانی تری کوردستان کەی دەستیان بە کار کردبوەوە؟**

– کەس دەستی بەکار نەکردبوەوە، هەر رێکخستنەکەی ئێمە بوو، کاك سەلاح لە ئێران کاری هەبوو، گوایە تەوجیهی دەدایە ئەمانیش، بەڵام بەکردەوە تەنها دوو رێکخستن هەبوو، ئەوەی ئێمەو ئەوەی بەغداد.

**+ مامۆستا سەلاح لە ئێران کاری کردبوو؟**

– ئەو سەرباز بوو، کاتێك هەڵات بۆ ئێران پەیوەندی بە ئەحمەد راشدەوە کرد لەگەڵ قوتابیەکی ئەو، ئەوە من ناتوانم باسی بکەم.

**+ کەواتە ئەوانیش لەوێ پەیوەندیان بە ئیخوانەوە کردبوەوە؟**

– بەڵێ، ئەوانیش پەیوەندیان کردبوو.

**+ مامۆستا سەلاح هەر لە ئێران کاری هەبوو یان لە کوردستانی عێراقیش کاری هەبوو؟**

– وەکو ڕێکخستن نەمبیستووە هەیبووبێت، لە ئێرانیش کاك ناسری سوبحانی کاری کردبوو، کاك ناسر دەربەدەر بوو، ئیتر کاك سەلاحیان دانا سەرپەرشتی کارەکان بکات.

**+ کاك ناسر ئیخوان بوو؟**

– بەڵێ، ئیخوان بوو.

**+ مامۆستا سەلاح پەیوەندی بەوانەوە کرد، ئەی چۆن بووە سەرپەرشتیاری کارەکە لە ئێران؟**

– کاك ناسر فەرمانی گرتنی دەرچوو دەربەدەر بوو، ئیتر ئەو کارەکەی گرتە دەست، نامەوێت بچمە ناو ئەو باسەوە؟

**+ دوای یەکگرتنتان لەگەڵ ئیخوانەکانی ناوەڕاستی عێراق، مامۆستا عوسمان لە کوردستان کارەکانی دەبرد بەڕێوە، یاخود مامۆستا تەنها واجیهەیەك بوو؟**

– بەڵێ، هەموو کارەکان من دەمبرد بەڕێوە، کاتێك کاری ئەوان لە بەغداد ئاشکرا بوو، دکتۆر عیسام گیراو لە ژێر تەهدیدو ئەشکەنجەدا هەرچی شت بوو درکاندی.

**+ کەواتە رێکخستن ئاشکرابوو؟**

– بەڵێ، ئاشکرا بوو، دکتۆر عیسام ناوی هەموو ئەندامانی سەرکردایەتیو هەموو نهێنیەکی وتبوو، یەکێکیش لەو ناوانە من بووم، کۆمەڵێك خەڵك گیرا، هەندێکیش بە

غیابی حوکم درا، که من یەکێك بووم لەو حوکمدراوانە، شا حسێن هاتە ناو مەسەلەکەوەو نەیهێشت لە سێدارە بدرێن. ئێمەش چووینە ئێران پاش ماوەیەك دکتۆر عەبدولمەجید هاتە ئێران‌و ویستی رێکمان بخات.

**+ ئیخوانی عێراق رەسمیەتیان لە دەرەوە وەرگرتبوو، مەبەستم ئەوەیە پەیوەندیان بە دەرەوە کردبوو؟**

– بەڵێ، دکتۆر عەبدولمەجیدو ئەوان مۆڵەتیان وەرگرتبوو.

**+ کێ لە ئیخوانەکانی عێراق لە دەرەوە کەسی یەکەم بوو، یاخود بڵێین دکتۆر عەبدولمەجیدو ئەوان پەیوەندیان بە کێوە هەبوو؟**

– گوایە پەیوەست بوون بە دکتۆر ئەحمەد راشدەوە.

**+ باسی هاتنی دکتۆر عەبدولمەجیدت بۆ ئێران کرد؟**

– بەڵێ، هات بۆ ئەوێ لە کەنداوەوە ناردبوویان، لە ئێران دوو باڵی ئیخوان هەبوو، ئێمەو باڵی مامۆستا سەلاح، جا دانیشتین‌و رێکەوتنێك لەنێوانماندا ئیمزا کرا.

**+ ئێوە ساڵی چەند لە کوردستان هەڵاتن؟**

– وابزانم مانگی یەکی (1986) بوو.

**+ ساڵی (1985) لەگەڵ ئیخوانەکانی ناوەڕاست رێکەوتنتان بەست؟**

– بەڵی، بە تەواوی مێژووەکەیم لەیاد نییە.

**+ ئەی لە ئێران لەسەر چی رێکەوتن؟**

– لە ئێران رێکەوتن کرا لای ئەوانەوە مامۆستا عومەر ئیمزای کردو لای ئێمەش دکتۆر عەبدولمەجید، بەو مەرجەی ئێمە پەیوەندی بکەین بەکاری برایان لە ئێران تا دەگەڕێینەوە، کە گەڕاینەوە ئەوانیش پەیوەندی بکەن بە کاری ئیخوانی ئێمەوە. ئیتر لە ماوەی ئەو کاتەدا چیمان لێ بەسەرهات ئەوە بەسەرهاتێکی دوورو درێژی هەیە.

**+ له ئێران مامۆستا سەلاح سەرپەرشتی کارەکانی دەرکرد؟**

– بەڵێ، بە حساب مامۆستا عومەر بوو، بەڵام ئەو واجیهەیەك بوو، مامۆستا سەلاح بە کردەوە سەرپەرشتیار بوو.

**+ دوای رێکەوتنەکە توانرا ئەو پەرتەوازەییە کۆتای پێ بهێنرێت؟**

– ماوەیەك کارەکانمان تێکەڵاو کردو باش بوو، بەڵام (تحملنا ما تحملنا) تا راپەرینەکە روویدا، بەپێی رێکەوتنەکە دەبوو کە گەڕاینەوە ئەوان پەیوەندی بکەن بە کاری ئێمەوە، بەڵام کە هاتینەوە وتیان نەخێر هەر هەمان شتەو لێرەش دەبێت ئێمە پەیوەندی بە کاری ئەوانەوە بکەین، ئێمەش چەند جارێك هەوڵمانداو من سەفەری سعودیەم کرد، لەوێوە بەرپرسێکیان نارد، لام وایە بەرپرسی نهێنی کاری عێراق بوو، هات بۆلامو وتی بەڵکو ئەم ناکۆکییە نەمێنێت، ئێمەش داوای جێبەجێکردنی بڕیاری رێکەوتنەکەمان دەرکرد، وتم ئێمە بڕیارەکەمان جێبەجێ کرد دەبێت ئەوانیش جێبەجێی بکەن، بەڵام جێبەجێیان نەکرد، دوایی دکتۆر عەلی قەرەداغیو دکتۆر حسام هاتن بۆ ئێرە، لەوکاتەدا من لە ئێران بووم، دکتۆر حسام نامەیەکی بۆ من جێهێشتبوو، دکتۆر عەلی لێرە مابۆوە، چەندین دانیشتن کرا، داوایان کرد ئێمە بچینە ناویانەوە، ئێمەش وتمان (ادینا واجباتنا ما علینا المسائل)، ئەوانیش بێن واجبی خۆیان بەجێبێنن، ئەوان نەیانکردو ئێمەش هاتین کارەکەمان جیاکردەوەو بەناوی (راپەڕین)ەوە پەیڕەوو پڕۆگرامو سیاسەتی خۆمان دارشت.

**+ مامۆستا ئەگەر بگەڕێینەوە سەر کارکردنتان لە ئێران، ساڵی (1987) کۆمەڵێك زانای هەڵەبجە کۆچیان کردو بزووتنەوەی ئیسلامیی راگەیەنرا، هەلومەرجی دامەزراندنی بزووتنەوە چۆن بوو؟**

– ئەو کاتە گەلێکی چەوساوە هەبوو، بەعس گەڕەکەکانی کانی عاشقانی تێکدابو، مامۆستا عوسمان نکوڵی ئەو کارانەی رژێمی بەعس دەکرد، حکومەتی بەعس خۆشی لەم کەسایەتییانە نەدەهات، زانایان ناچاربوون هەڵاتن بۆ ئێران، کە هاتنە ئێران، بزووتنەوەیەکی جیهادی راگەیەنرا، کاتێك مامۆستا ئەو بزووتنەوەیەی

ڕاگەیاند خەڵکی بە پەرۆشەوە دەوری مامۆستایان دا، بزووتنەوەکە دروستبوو، کاك سەلاح چوو لە کەنداو کاغەزێکی هێنا، لەم دواییانەدا لە سەردانێکماندا پرسیارمان لە دکتۆر نوعمان کرد دەربارەی ئەو کاغەزە، وتی: وەڵڵا نازانم وتویانە ئەو کاغەزە ئیمزا بکە، قسەی تۆ لای مامۆستا عوسمان دەخوات، ئیتر نازانم ئەبو پەیام هاتبوو، نازانم قەزیەکە چۆنە. مامۆستا سەلاح کاغەزەکەی هێنا، دای بە من، منیش تەسلیمی مامۆستا عوسمانم کرد، مامۆستا عوسمان کاغەزەکەی خوێندەوەو وتی ئەگەر (بسم الله)کە نەبێت کاغەزەکە ئاواو ئاوا لێدەم، من بە فەرمانی خواو پێغەمبەر ئەو کارە دەکەم.

**+ هەڵوێستی ئێوە چی بوو؟**

– هەڵوێستی ئێمەش هەر هەڵوێستێکی ئیخوانی بوو، لەگەڵ ئیخواندا بووین، هەرچەند خۆم نەك دژایەتی بزووتنەوەم نەکرد، بەڵکو سوپاس بۆ خوا هاوکاریشم کردوون، بەڵام وەکو کاری ڕەسمی ئێمە بە خەتێکی سەربەخۆی ئیخوان کارمان دەکرد.

**+ ئەو کاغەزە چ کاریگەریەکی سلبی لەسەر کاری ئیسلامیی لە کوردستاندا جێهێشت؟**

– ئەگەر ئەو کاغەزە نەبوایە ئەو هەموو گەنجەی لە ئێران بوو دەستبەرداری بزووتنەوە نەدەبوونو واقیعێکی تر دروست دەبوو، بزووتنەوەش ئاوای لێنەدەهات کە هەندێك دەست بگرن بەسەریدا کە نەزانن بەڕێوەی بەرن، بەڵکو هەموو یارمەتیمان دەدا.

**+ کەواتە پێتوایە ئەگەر ئەو کاغەزە نەبووایە بزووتنەوە بەو ئاراستە سلبیەدا نەدەڕۆیشت؟**

– بە قەناعەتی من بزووتنەوە مەسارێکی سروشتی وەردەگرتو بەشێوەیەك دادەمەزرا کەلەئاستی خواستو پێویستدا بووایە.

**+ هیچ هەوڵتان نەدا سەرکردایەتی ئیخوان لە واقیعی بزووتنەوە ئاگادار بکەن؟**

– ماوەیەك لە دوای ئەوە مستەفا مەشهور رابەری گشتی ئیخوان هاتە تاران، من چوومە لایو ڕەوشەکەم بۆ باسکرد، ئەویش کاغەزێکی پشتگیری بۆ نووسیم، کاغەزەکەم بڵاوکردەوە، بەڵام خەتی ئەولا وتیان کاغەزی ئەو ناخوات، بە کورتی کاغەزەکەی نەیخوارد، ئیخوان لە هەموو جیهاندا یەك سروشتی هەیە، جا لە عێراق بێت یان لە میسر هەر یەك شتە.

**+ لەو کاتەدا فرە میحوەریەك لە کاری ئیخواندا هەبوو، مامۆستا سەلاح ڕێکخستنی خۆی هەبوو، تۆ ڕێکخستنی خۆت هەبوو، بە بڕوای تۆ ئەم فرە میحوەرییە ناوبنێین چی؟**

– بڵێ فەوزاو پشێوی، ململانێ، لە ڕاستیدا ناولێنانێکی ورد نییە.

**+ وەکو ناولێنانێك؟**

– وابزانم هێڵی یەكو هێڵی دوو بۆتە ناسنامەیەك.

**+ ئەو ناولێنانە ئاساییە؟**

– ئاساییە، هەرچەند بڵێین میحوەر باشترە. هەموو لە بنەڕەتدا ناوە بۆ کارێك کە لەوکاتەدا هەبووە.

**+ بەبڕوای تۆ کەموکورتی کاری ئیخوان لەو قۆناغەدا چی بوو؟**

– کاری ئیخوان بە ڕاشکاوی دەڵێم بە تەنها بریتییە لە بانگەوازێکی ڕووت، بە داخەوە نەك ئیخوان زۆربەی کۆمەڵو ڕێکخراوە ئیسلامییەکان زمانی سەردەمیان پێ نییە، ناسنامەیان دیار نییە، هیواو ئاواتی خۆیان بە تێکەڵاوی لەگەڵ ئەو گەلەدا نیشان نادەن، دیارە لە چوارچێوەی شەریعەتی ئیسلامدا، واتە هێزێك نین پڕۆژەیەکی سیاسیو سەربازیو کارگێڕیان پێبێتو جێگەی متمانەی خەڵکانی تر بن، شتی ئیقناعیان پێ نییە، هەموو شتەکانیان بریتییە لە (الموعظة الحسنة).

**+ واته پێتوایه گوتاری ئیسلامیی تا ئێستا گوتارێکی ئامۆژگاریکەره؟**


– بەڵێ، گوتاری ئیسلامیی بریتییه له (الموعظة الحسنة).

**+ پێتوانییه گوتاری ئیسلامیی تا ئێستا له جیاتی واقیع بگۆڕێت پاشکۆی واقیعه؟**

– نەك پاشکۆ، بەڵکو ئەوەش نییه که پاشکۆ بێت، هەموو ڕێکخراوه ئیسلامییەکان تا ئێستا مەسائیلی ئیقناعیان پێ نییه، ئەگەر ئەڵێن ئەو خەڵکه دەکەینه موسڵمان، ئەو خەڵکه پێش ئەوان موسڵمان بووه، مەسەلەی ئیمانو ئیسلامو واجباتو ئەوانه هەربوەو هەر دەبێت، ئەوەنده هەیه ئەو خەڵکه ڕێکدەخەن، دەربارەی ئابووریو چاکسازی کۆمەڵایەتیی زمانی مەنتقیان پێ نییه.

## دیداری سێیەم:

# مامۆستا بورهان موحەممەد ئەمین



بورهان موحەممەد ئەمین عەبدولکەریم، ساڵی (1948) لە گەڕەکی کانێسکان لە سلێمانی لەدایك بووە، خوێندنی سەرەتاییو ناوەندی لە سلێمانی تەواو کردووە، ساڵی (1967) خانەی مامۆستایانی تەواو کردوە، ساڵی (1968) لە گوندی قامیش بووەتە مامۆستا، ئێستا خانەنشینەو لە سلێمانی نیشتەجێیە، ساڵی (1971) پەیوەندی بە ریزەکانی ئیخوان موسلمینەوە کردوەو لەوکاتەوە چالاکانە لە بواری بانگەوازدا هەڵدەسوڕێت، زیاتر لە حەوت بەرهەمی چاپکراوی هەیە لەوانە: تەفسیری ئاسان، ژیانی پێشەوای شەهید، لە میحرابی خامەوە، ژیاننامەی ئەمجەد زەهاوی، لە سایەی ناوە پیرۆزەکانی، ... هتد. دەیان وتاری خوێندراوو بیستراوی هەیە، یەکێکە لە دامەزرێنەرانی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان، ئێستا بەرپرسی ناوەندی بانگەوازی پارێزگای سلێمانییە.

شوێنو مێژووی دیدار: سلێمانی، 2005/2/6.

**+ دوای وەستانی کاری ئیخوان لە سەرەتای حەفتاکاندا، کاری کوردستان چی لێ بەسەر هات؟**

– دوای شۆڕشی (14 تەمموزی 1958) بیروباوەڕی مارکسی لینینی بیرو هۆشی زۆربەی توێژی رۆشنبیری ئەو سەردەمەی داگرت، گاڵتەکردن بە ئایین‌و رەخنەگرتن لە موقەددەسات‌و سووکایەتی بە پیاوانی ئایینی بوو بە بنێشتە خۆشەی ژێردانیان، ئەوەی سەردانی نادی نەکردایە و مەشروبی نەخواردایەتەوەو کۆنکەنی نەزانیاییە بە کۆنەپەرست‌و دواکەوتوو دەدرایە قەڵەم، ئەوەی رووی لە خواناسیی‌و دینداری بوایە بەوتەی ئەوان لە سەردەمدا ناژی‌و کۆنەپەرست (رجعي)ە. ئەوانەش لە مامۆستایان‌و کارمەندان‌و قوتابیان کە دەستبەرداری خواناسیی نەدەبوون چاك شارەزای ئیسلام نەبوون، نەیاندەتوانی وەڵامی پرسیارو گاڵتەجاڕی ناحەزان بدەنەوە، تا خوا کردی لە سەرتای حەفتاکاندا چەند کتێبێکی پیرۆز کەوتە بازاڕەوە.. لەوانە: (الله يتجلى في عصر العلم، العلم يدعو الى الايمان، قصة الايمان، حصوننا مهددة من الداخل، من روائع حضارتنا، ماذا خسر العالم بانحطاط المسلمين، مع الله في السماء، مع الله في الأرض). ئەوسا هەرچەندە کاری برایان وەستا بوو، بەڵام ئەو سەرچاوانەو دەهای تر، لەلایەن رۆشنبیرانی راستەقینەوە دەخوێنرانەوە، هاوەڵان‌و دۆستان‌و خزمانی پێ ئاشکرا دەکران‌و نموونەکانیان لە ماڵەکان‌و قوتابخانەکان‌و جێگەو رێگەی لەباردا باس دەکران.

دواتریش هەندێ مامۆستای دڵسۆزو غەمخوار کتێبی (الى الشباب، الى أي شيئ ندعوا الناس )ی حەسەن بەننا، (الاسلام بين جهل أبناءه وعجز علمائه) عەبدولقادر عۆدە، (هذا الدين، المستقبل لهذا الدين)ی سەید قوتب‌و چەندەها نامیلکەی تریان بە دەرس دەخوێندو دەیاندا بە گوێی غەمخوراندا.

**+ لە کۆتایی حەفتاکاندا کێ بوون ئەوانەی کاری ئیسلامیان دەکرد؟**

– لە حەفتاکاندا لە هەڵەبجە ئەو مامۆستا بەڕێزانە کە کاری ئیسلامییان دەکرد ئەمانە بیوون: مامۆستا عەبدولعەزیز پاڕەزانی، مامۆستا مەلا عوسمان عەبدولعەزیز،

مامۆستا عومەر ڕێشاوی، مامۆستا سەلاحەددین موحەممەد بەهائەدین، مامۆستا ئیبراهیم ڕێشاوی، مامۆستا عەلی موحەممەد، مامۆستا موحەممەد فەرەج. لە سلێمانیش: مامۆستا حەسەن پێنجوێنی، مامۆستا تەها ساڵح، مامۆستا موحەممەد جەزا ساڵح، مامۆستا ئەبوبەکر موحەممەد عەزیز، مامۆستا بورهان موحەمەد ئەمین، مامۆستا عومەر عەبدولعەزیز. لە هەولێر: مامۆستا خەلیل ئیبراهیم، مامۆستا ئەحمەد حەمەئەمین، کاك موخلیس.

**+ کەی چوونە ئێرانو لەوی دەستتان بەکار کرد؟**

– لە سەرەتای مانگی (ئەیلولی 1979)دا خولیای چوون بۆ ئێران کەوتە سەرم، بۆ ئەو مەبەستەش مەشوەرتم کرد بە جەنابی مامۆستا سەلاحەددینو مامۆستا ئیبراهیم ڕێشاوی، ئەوانیش دوای تاووتوێکردنو لێکدانەوەی دوای دوو هەفتە مۆڵەتیاندام، مامۆستا سەلاحەددین نامەیەکی بۆ نووسیم بۆ کاك ئەحمەدی موفتی زادە (رحمه الله)، هەروەها نامەیەك بۆ کاك ئیبراهیم مەردۆخی، داوای لە کاك عەبدولی نەوێش کرد کە هاوەڵیم بکات لە سەفەرەکەمدا، لە (1979/9/15)دا دووقۆڵی لە سلێمانییەوە ڕۆیشتین بۆ سەیدسادق، لەوێوە بۆ شانەدەریو پاشان بەرەو کانی مێوە، حکومەتی بەعس خەریکی ڕاگواستنی خەڵکەکە بوون، زۆربەی ئاوایی چۆڵیان کردبوو، شەو بە سواری وڵاخ کەوتینە ڕێو سەرلەبەیانی گەیشتینە ئاوایی کانی کەوە لە ئێران، لەوێشەوە بە ئۆتۆمبێل بەرەو مەریوان چووینو سەعات (10)ی سەرلەبەیانی (9/16) گەیشتمە ئەوێو یەکسەر چووین بۆ دوکانی کاك ئیبراهیم مەردۆخیو لەوێ پێك شادبووین.

لەو ڕۆژگارەدا نزیکەی (9) مانگ بوو شۆڕشی ئیسلامیی ئێران سەرکەوتنی بەدەستهێنابوو، ئیسلامییەکانی سوننی کوردستانو زۆربەی جەماوەرەکەشی پشتیوانییان لێ کردبوو. بەڵام چەپەکان دژی وەستانو کەوتنە دژایەتی موسڵمانان، ئەوکاتە هەندێ لە موسڵمانە ئێرانییەکان چەکیان هەڵگرتبوو، هاوکاری حکومەتی ئێرانیان دەکرد، بەڵام چەپەکان گەمارۆی بنکەیەکیان دابوو و داوای

خۆبەدەستەوەدانیان کردبوون، کوتوپڕ یەکێ لە چەپەکان دەکوژرێو تەقە دەست پێدەکات، ئەوانەی لە بنکەکەدا بوون (13) کەس بوون، یانزەیان شەهید کران، تەنها یەکێك دەرباز بوو، یەکێکیش بە سەختی بە بریندارى رزگاری بوو.

جا بەندە دوای ئەو رووداوە بە دووسێ مانگ گەیشتبوومە مەریوان، سەیر لەوەدا بوو کە حکومەتی ئێران کەوتە دانوستان لەگەڵ چەپەکاندا، موسڵمانەکان هەستیان بە مەترسی کرد، لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ چالاکییان دەنوان، کاربەدەستان لە مەریواندا هەمووی خۆمانە بوون، رادیۆی مەریوان بەدەست خۆمانەوە بوو، بۆیە کەوتمە نووسینی چەند ئەڵقەیەکی پەروەردەیی کە رۆژانە لە لایەن مامۆستا عەلی رەحمانییەوە دەخوێنرایەوە.

برایانی ئێرانی بە هۆی سەرقاڵییانەوە نەیاندەپەرژایە سەر وتنەوەی وانەکانی مەدرەسەی قورئان، کە لە بینایەکدا بوو، هەندێ دەسگاو و کەلوپەلو کتێبخانەیەکی چاکی تێدا بوو، پێشنیارم کرد کە بەندە ئامادەم قوتابیم بۆ کۆبکەنەوە با وانەیان پێ بڵێم.

لە رادیۆی مەریوانەوە جاڕنامەیەکمان بۆ ئەو مەبەستە بڵاوکردەوە ، لە رۆژی دیاریکراودا بەیانیەکەی نزیکەی (20- 35) قوتابیو مامۆستا هاتن، ئێوارەکەشی (25- 30) خوشك ئامادەبوون، بەندە وانەی قورئانو تەفسیرو سیرەو مێژووی ئیسلامم پێدەوتنەوە، بەڵام داخەکەم ئەم کارەمان تەمەنی نزیکەی (35) رۆژ بوو.

مقۆمقۆی ئەوە پەیدا بوو کە چەپەکان دەدەن بەسەر شاردا، بۆشمان دەرکەوت کە ئەو سەربازگەیەی نزیك مەریوانە فەرمانی پیدراوە کە هەرچی رووبدات لە شاری مەریواندا ئەو خۆی تێهەڵنەقورتێنێ، بەو شێوەیە هەستمان بە پلانێك کرد، بۆیە لە کۆتایی مانگی (تشرینی یەکەمی 1979) مەریوانمان بەجێهێشت، دەیانوت ئەگەر نیو سەعاتێك دوابکەوتینایە چەپەکان رێیان پێدەگرتین و رەنگە کارەسات رووی بدایە، بەڵام خوای گەورە بە لوتفی خۆی پاراستینی.

دوای ئەوە گەیشتینە سنەو شەو لەوێ بووین، بۆ بەیانی رووما‌ن کردە کرماشانو لەوێ بە خزمەت کاك ئەحمەدی موفتی زادە گەیشتین، دوای ئەوەی بەندەی ناسی

زۆر ڕێزی گرتین‌و منیش نامەکەی مامۆستا سەلاحەددینم دایە دەستی بەوردی خوێندییەوە، دووبارە بە گەرمی بەخێرهاتنی کردمەوە، پاشان فەرمووی لە زروفێکی سەیردا هاتووی، گۆڕانکاری زۆر دەبینیت، ئەوسا ڕوو بە وەفدەکە وتی: ئێوە دەچن بۆ تاران خەبەرنیگار (ڕۆژنامەنووس، هەواڵگر) دەوروبەرتان دەدەن، وریابن بزانن چی دەڵێن و چۆن دەڵێن، ئێوە ئەو سێ دروشمە زەق بکەنەوە، کە بریتین لە: 1- ستەمی مەزهەبی. 2- ستەمی میللی. 3- ستەمی چینایەتی. هەروەها هەوڵ بدەن ئەم مادەی (12)ی دەستووره لابرێ کە دەڵێت: دینی دەوڵەتی ڕەسمی ئیسلام‌و شیعەی دوانزە ئیمامییە، با باسی مەزهەبگەرایی هەڵگیرێت.

ئیتر بۆ ڕۆژی دوایی ڕوومان کردە تاران، نزیکەی سەد کەسێك دەبووین، لە نێویاندا پێنجمان لە برایانی موسڵمان بووین، ئەوانی تر لایەنگرانی کاك ئەحمەد بوون‌و ئێمەشیان خۆش دەویست. ئیتر سەرلەبەیانی (11/2) گەیشتینە تاران‌و سەعات (10) ڕۆژی (11/3) ڕوومان کردە کۆشکی کۆماری، کاتێ ڕێمان پێدرا چووینە ژوورەوە، هاشمی ڕەفسنجانی کە ئەو کاتە ئەندامی شوورا بوو پێشوازی لێکردین، دوای تاوێك پرسی گرفت‌و موشکیلەتان چییە، وتەبێژێك کە دیارییمان کردبوو وتی: کێشەو گرفتمان گەورەیەو داوا دەکەین کە ئەندامانی شورا هەموویان کۆببنەوە بۆ باسکردنی، بەڵام ڕەفسنجانی وتی: ئەوە ئاسان نییە، بەڵام هەوڵ دەدەین وەفدێکمان سبەینێ سەعتات (9) ئامادە بن.

بۆ سبەینێ ڕەفسنجانی‌و قوتب زادە و ئەردەبیلی ئامادەبوون. هەڵبەتە قوتب زادە دەرچووی دانشگایەکی ئەورووپی بوو لەگەڵ قوتابیانی موسڵماندا پەیوەندی هەبوو، بەداخەوە لەناو برا. برای وتەبێژمان وتارەکەی ئامادە کردبوو بە ئاگاداری لیژنەیەکی تایبەت. تیایدا باسی لابردنی ستەمەکانی کردو پاشان باسی گەلی موسڵمانی کوردی کرد کە چەند دڵخۆش بووە لە هەڵهاتنی خۆری ئیسلام‌و دەنگی بۆ کۆماری ئیسلامیی داوە، بەڵام بە داخەوە نائومێد کرا.

پاشان داخوازییەکانی لە (8) خاڵدا خستنەڕوو، ئەوسا قوتب زادە هەستاو وتی: دواخوازییەکانتان زۆر شەرعییەو زۆریش کەمە، ئێمە کێمان هەیە جگە لە ئێوە،

ئەردەبیلی بە توورەییەوە وتی: ئێوە بۆ وڵاتی خۆتان بەجێهێشتووە، ئێمە لە موشکیلەو جەنگداین لەگەڵ رۆژهەڵاتو رۆژئاوا. ئێوەش هاتوون کێشەمان بۆ دروست بکەن، بەهەرحاڵ ئێمە ئامادەین سوپا بخەینە رێو لەگەڵیا بچنەوە بۆ وڵاتی خۆتان. برایەك وەڵامی دایەوەو تی: ئێوە کێشەتان بۆ دروستکردووین، ئێوە لەگەڵ ساواکیو چەپەکاندا کەوتنە دانوستان، ئێستاش ئێمە کاری واناکەین خۆتان چۆن دەچنەوە بچنەوە.

سەرئەنجام کۆبوونەوەکە بێ ئاکام بوو، بەڵام ئێمە مانمان گرتو لە بینای پەرلەماندا ماینەوە، نوێژی جەماعەتو جومعەمان دامەزراندو دەستمان کرد بە وانە وتنەوە دەربارەی مێژووی ئیسلامو ژیاننامەی پێغەمبەر ﷺ. لە شەویشدا هەندێ لە برایان دەچوون بۆ گفتوگۆو دانوستان لەگەڵ خامنەئیو بەهەشتیو رەفسنجانی، بەڵام نەدەگەیشتنە هیچ ئەنجامێك.

دوای دوو هەفتە برایەکی کاك ئیبراهیم مەردۆخی کە مەلای مزگەوتی حاجی جەمال بوو لە سلێمانی سەردانی کردین، پێشنیاری کرد کە سەردانێکی کاك ئیدریس بەرزانی بکەینو هاوکاری ئاوارەکان بکەین، ئێمەش بە باشمانزانیو چووین بۆ سەردانی لە شاری کەرەج، وتمان: ئێمە هەندێ مامۆستاینو کوردی چاك دەزانین، حەز دەکەین خزمەتێك بە رۆڵەکانی نەتەوەکەمان بکەین لێرە، ئەویش دوای هەندێ پرسیارو وەڵام وتی: دوای سێ رۆژ وەڵامتان دەدەمەوە، دیاربوو ئەو کاتە دەبوایە حکومەتی ئێرانی ئاگادار بکردایە، ئەڵبەتە ئەوانیش کاری وایان پێ باش نەبوو، بۆیە کاك ئیدریس نەیتوانی هیچ هاوکارییەکمان بکات.

دواتر وەفدێکمان سەردانی ئایەتوڵڵا مونتەزیری کردبوو، کە هەڵوێستێکی جوامێرانەی هەبوو لە بەرگریی کردن لە موسڵمانانی کورد، تێیان گەیاندبوو کە ئیتر ئەوەنە لە کۆماری ئیسلامییدا ناچاری ئاوارە بوونو بوونەتە موهاجیر، ئەویش یەك گوێنی پارەی خستبووە بەردەستیان، بەڵام برایان مەردانە وەریان نەگرتبوو، وتیان تەنها نامەمان بۆ بنووسە بۆ بەرپرسانی ئەسفەهان، تالەوێ جێگەو رێگەو کارمان بۆ دابین بکەن.

ئەوسا لە ئەسفەهان شوقەیەکیان داینێ، دەستمان کرد بە رێکخستنی نوێژی جەماعەتو جومعەو وانەی جۆراو جۆر و تەرجەمەکردنی هەندێ نامیلکە بە زمانی کوردی دەربارەی ژیاننامەی پێغەمبەر ﷺ، شەش نامیلکەمان بە چاپ گەیاند.

دواتر لە ژێر ناونیشانی کۆمەڵەی غەمخۆرانی گەلی کورددا نامیلکەیەکمان نووسی بە ناوی کوردستانو ئیمپریالیزم کە رەنگە ئێستە لە هەندێ بیروبۆچوونی پەشیمان بین.

**+ دوای ئەوە پەیوەندیتان لەگەڵ کاك ئەحمەد موفتی زادە مابوو؟**

– کاتێ جەژنی رەمەزان هاتە پێشەوە سۆزی برایەتیمان جوڵاو لە ئەسفەهانەوە گەڕاینەوە بۆ کرماشان بۆ سەردانی کاك ئەحمەدو برایان، لەوێ شەوێك لە خزمەتیدا چووین بۆ سەردانی کۆمەڵێك قوتابی دانیشگا کە لە شوقەیەکدا بوون، کاك ئەحمەد باسێکی ئامادە کردبوو لە ژێر ناونیشانی (دینو ئینسان)دا هەفتانە پێی دەوتن. بەندەش پێشنیارم کرد ئەگەر کاك ئەحمەد رازی بێت من حەزدەکەم لەگەڵ ئەم قوتابیانەدا بم، ئەویش متمانەیەکی زۆری پێبەخشیمو فەرمووی: حسابی منی بۆ بکەن.

ئیتر لەوێش جەماعەتو وانەمان دامەزراند، چەند سەرچاوەیەکم دەستکەوت دەربارەی ژیانی پێشەوای شەهید حەسەن بەننا، کورتەیەکم لێ دەرهێناو نامیلکەیەکم ئامادە کرد بۆ چاپ، دواتر لە سەردانێکی تاراندا سوپاس بۆ خوا بە چاپم گەیاند، ئەوسا پێم باش بوو کە لە رادیۆی تاراندا رۆڵێك ببینم، بۆیە سەردانی مامۆستا حەسەنی ئەمینیو عەزیزی ئەمینیم کرد، وتم: بابەت دەنووسمو ئێوە بیخوێننەو، ئەوانیش وتیان کاکە تۆ خۆت بۆ نایەی پێشکەشی بکەیتو تۆش ببە بە بورهانی ئەمینی؟!

منیش لە رۆژی دواییدا چووم بۆ رادیۆی تاران، ئەو بەرنامانەی ئامادەم کرد بۆ هەندێکم خوێندەوە بۆ بەڕێوەبەر، خێرا فەرمانی دەرکرد بە دامەزراندنم، دوو بەرنامەم دیاری کرد: یەکێکیان داستانی پێغەمبەران لە روانگەی قورئانەوە کە لە ئادەمەوە دەستم پێکرد تا خاتەم (علیهم الصلاة والسلام).

هەروەها بەرنامەیەکی تریش لە ژێر ناونیشانی (ناودارانی ئیسلام) لە حەزرەتی ئەبوبەکرەوە دەستم پیێ کرد تا سەید قوتب گەیشتم، لە ماوەی ساڵێکدا هەفتانە بەرنامەکەیان دوو جار بڵاودەکرایەوە، منیش لە هەفتەیەکدا تۆمارم دەکرد، سێ هەفتەکەی تر دەستم دەکرد بە سەردانی ماڵی دۆستانو برادەران لە هەمەدان، کرماشان، رەوانسەر، پاوە، جوانرۆو توسرکان، فرسەتم لە کاتی بێکاری وەردەگرت بۆ نووسینەوەی بەرنامەکانو پاشان دەچوومەوە بۆ تاران.

ئەڵبەتە لە کرماشان وەفدێکی برایان هاتبوون بۆ سەردانی کاك ئەحمەد، هەوڵیان دابوو کە کاك ئەحمەد ئاشت بکەنەوە لەگەڵ بەرپرساندا، شەوێك کاك ئەحمەد ناردی بە شوێنمدا، کە چووم بۆ لایان تا کاتێکی درەنگ باسێکی بارودۆخو بیروبۆچوونی کاك ئەحمەدو خەباتیم بۆ کردن، ئەوانیش متمانەیان پێبەخشیمو ناونیشانی خۆیان دامێ، لەوەودوا بەردەوام لە رێگەی رادیۆیی تارانەوە گۆڤارو بڵاوکراوەی برایانیان بۆ دەناردین کە لە رێکخراوی جیهانی برایانەوە دەردەچوو، ئەوانیش کاك غالب هیمەتو یوسف نەداو عەبدولعەزیز میسری بوون، بەندەش لە سەردانەکانمدا دەمگێڕا بەسەر برایاندا بەتایبەت کاتێ کە جەنگی عێراق – ئێران بەرپا بوو و ژمارەیەك برا روویان کردە ئێران.

**+ بەشداریکردنتان لە ( شورای مەرکەزی سوننەت) کە موفتی زادە دروستی کرد چۆن بوو؟ ئەم شورایە کەی دروست بوو؟**

– دوای ئەوەی کاك ئەحمەدی موفتی زادە نائومێد بوو گۆڕانکاری ئیجابی لە دەوڵەتدا بکرێت، بڕیاریدا لە هاوینی ساڵی (1981)دا کۆنفرانسێك بەرپا بکات. بۆ ئەو مەبەستەش بانگەشەی زانایانی خەمخۆری ئەهلی سوننەی کرد لە کوردستان، تورکمەنستان، بلوجستانو مەشهەد، هەروەها ئاگاداری حکومەتی ئێرانیشی کرد کە دەکرێت نوێنەرتان ئامادە بێت، نەوەکو بە پلان بیدەنە قەڵەم.

وەفدێکی ئێمەش ئامادەی کۆنفرانسەکە بوون کە بریتی بوون لە بەندەو مامۆستا عومەر عەبدولعەزیزو کاك ئەبوداود، سەرئەنجام کۆنفرانسەکە شورایەکی لێکەوتەوە

كه ناونرا (شوراى مەركەزى سوننەت) كە كورتەكەى (شمس) بوو، جا دووەم كەس لە ئەندامانى شورا خوالێخۆشبوو مامۆستا ناسر سبحانى بوو.

لە كۆتاییدا شورا بەیاننامەیەكى ئاڕاستەى حكومەتى ئێران كرد، خواستەكانى دووبارەكردەوە بۆ ئیسلاحى دەستوورو دووركەوتنەوە لە ركەبەرایەتى مەزهەبىو خزمەتى سەرجەم گەلانى ئێران بەبێ جیاوازى، ئەوكاتە بەندە ئەو بەیاننامەیەم تەرجومە كردو وێنەیەكمان نارد بۆ رێكخراوى جیهانى برایان.

دانیشتنەكانى شوورا وەرزى بوو، لە كرماشان لە هاوینى (1982)دا كۆنگرەیەكى فراوانى بەرپا كرد نزیكەى (150– 200) كەس دەعوەت كرابوو، كاك ئەحمەد زیاتر لە (4) سەعات روونكردنەوەى دەربارەى هەوڵەكانى پێشوویان باس كرد، تیایدا رەخنەى زۆرى لە حكومەت و بە تایبەتى سەرەك كۆمار گرت، كە ئەو كات عەلى خامنەئى بوو. دوا بەداوى كۆنگرەكە حكومەتى ئێران پەتى سەبرو تەحەمولى پچڕا، كەوتە گرتنى ئەندامانى كۆنگرەو راپێچى زیندانى ئەوینى كردن.

دواى نزیكەى مانگێك كاك ئەحمەد لە تاران دەستگیر كرا، لە زینداندا بە تەنها لە شوێنى پیسو شێداردا بەند كرا، ئەمەش بوو بە هۆى نەخۆش كەوتنى، دواى زیاتر لە (9) ساڵ كە دڵنیابوون لەوەى مەرگى نزیكە مۆڵەتیان دا كە لە ماڵى خوشكەزایەكى بێت، ئیتر هەر لەوێ گیانى پاكى سپارد.

كاك ئەحمەد لە زینداندا هەست ناسكییەكى بێ وێنەى بۆ درووستبوو، مولودنامەیەكى پڕ لە سۆزى لە ژیانى پێغەمبەرى سەروەر ﷺ نووسیبووەو كە هەندێكى دەست لایەنگرانى كەوتو ئێستا تۆمار كراوە.

جگە لە مەولودنامەكەش، گەلێ هۆنراوەى ترى نوسیبوو كە هەندێكیان كراون بە سرود، تیایاندا لە بەهەشتو خۆشییەكانى دەدوێت، لە هەندێكى تردا سۆزى خۆى بۆ هەژارانو بێنەوایان دەردەبڕێت، لە هەندێكى تردا تانەو تەشەر دەدات لە ملهوڕو ستەمكاران. هەڵبەتە كاك ئەحمەد لە سەرەتاى حەفتاكاندا لە رادیۆى سنەوە بەرنامەیەكى ئیمانى بەهێزى پێشكەش دەكرد.

**+ مامۆستا سەلاحەددین کەی هاتە ئێران‌و لەوێ چۆن دەستی بەکار کرد؟**

– دوای دوو سێ مانگ لە جەنگ، بە دیداری یەکەم کاروان شادبووم کە بریتی بوون: لە مامۆستا عومەر عەبدولعەزیزو کاک ئەبو حەمیدو ئەبو داودو چەند برایەکی تر.

پاشان تا دەهات ژمارەی پەنابەران لە زیاد بووندا بوو، بۆیە غەمخۆران بیریان کردەوە لەوەی خەمێکی جدی ئەو خەڵکە بە گشتی‌و برایان بەتایبەتی بخۆن، بۆیە رۆژێك هەواڵم پێگەیشت کە جەنابی مامۆستا سەلاحەددین بە یاوەری مامۆستا مەلا موحەممەد شارەزووری هاتوون بۆ کرماشان، ئەوسا ئیتر پێش ئەوەی بەندە بە خزمەتیان بگەم، مامۆستا سەلاحەددین کتوپڕ خۆی کرد بە ماڵداو دیدارێکی خۆش‌و چاوەڕوان نەکراو بوو.

**+ چۆن هەوڵتاندا ڕێکخراوێکی ئیسلامیی بەناوی ئەنسار لە ئێران دروست بکەن؟**

– لەوەودوا کەوتینە باس‌و خواس‌و رۆژی دواتریش درێژەمان پێ دا، ئەوکاتە مامۆستا پێی باش بوو کە بە ئاگاداری حکومەتی ئێران کاری خۆمان ئیعلان بکەین‌و داوای یارمەتیشیان لێ بکەین.

بەندەش پێشنیارم کرد کاك ئەحمەدی موفتی زادە ئەزموونێکی هەیەو پێم باشە ئەو باسە لەگەڵ ئەوو چەند برایەکی تردا تاوتوێ بکەین. ئەویش پێی باش بوو، جەنابی کاك ئەحمەدم ئاگادار کردو لە مەوعیدێکی دیاری کراودا دانیشتنێکمان سازدا، دواتر لە دانیشتنێکی تردا درێژەمان بە تاووتوێکردنی بارودۆخدا، سەرئەنجام رای کاك ئەحمەد وابوو کە ئەگەر ئێوە خۆتان هەن‌و تۆکمەن بچنە پێشەوەو پشت بە خوای گەورە ببەستن، چونکە زەرووره ئێوە هەبن‌و دەورو رۆڵی خۆتان هەبێ لە ئایندەی عێراقدا.

ئەوسا مامۆستا گەڕایەوە بۆ عێراق، دوای چەند مانگێك گەڕایەوە ئێران، هەواڵی ئەوەی پێدان کە زۆربەی برایانی ئەودیو بە تایبەت لاوان پێیان باشە لە ژێر

ناونیشانێکی تازەدا موفاتەحەی حکومەتی ئێران بکەین. ئەوسا ئیتر لە خزمەتی مامۆستاو برایانی تردا دەستمان کرد بە سەردانی برایان لە تاران، کەرەج، مەلایەرو شوێنەکانی تر.

**+ بەشداربوانی ئەم هەوڵە کێ بوون؟**

– سەرئەنجام دوای چەند دانیشتنێکی لاوەکی دانیشتنێکی رەسمیمان لە ئوتێلی ئەلوەندرود لە تاران ئەنجامدا، کە لە راستییدا سادەترین مسافرخانەی تاران بوو، نزیکەی (15– 20) کەسێك دەبووین، ئەوانەی ناوەکانیان لە یادمە ئەمانەن: مامۆستا سەلاحەددین، مامۆستا عەبدوڕڕەحمانی ئازادی، مامۆستا عەلی موحەممەد، مامۆستا حەسەن شەمێرانی، مامۆستا ئەبوداود، کاك رازی، کاك دارا، فاتیح کرێکار، ئەبوحەمید، بەندە.

سەرئەنجام خۆمان ناونا (أنصار)و بە چەند مەرجێکەوە وەفدێکمان پێکهێناو روومان کردە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران، وەفدەکەش بریتی بوون لە: مامۆستا سەلاحەددین و مامۆستا عەلی موحەممەدو بەندە، بە ئامادەیی جەواد خالسی لەگەڵ جیگری سەرەك وەزیراندا دانیشتنمان ئەنجامداو مەرجو داخوازییەکانمان خستە روو، ئەویش بەڵێنیدا بیگەیەنێتە دەست عەلی خامنەئی سەرەك کۆماری ئەو کاتە کە ئێستا رابەرە.

دوای ئەوە بڵاوەمان لێ کرد، بەڵام مامۆستا سەلاحەددین پێی باش بوو کە کۆڵ نەدەین، ئەگەر ئەوان هاتن بەدەم داخوازییەکانمانەوە یا نەهاتن. هەر بۆیە چاوی بە هەندێ برای عەرەب و تورکمان کەوت لە شوێنێك لە کرماشان و کورتەی هەواڵەکانی بۆ باسکردن.

کەچی لە باتی تەقدیرو دەستخۆشی برایەکی عەرەبی لێ راپەڕیو وتی: تۆ لەوەدەچێ سەربەخۆ کار بکەیت، ئایا برایانی بەغدا لەم هەوڵانەی ئێوە ئاگادارن؟ ئایا لێی رازین؟ وادیارە ئێوە دەتانەوێ سەرۆکایەتی جەماعە بگرنە دەست. ئێمە هەموو زۆرمان پێناخۆش بوو، بەڵام مامۆستا خۆی تێکنەداو پاشان کە بەجێمان

هێشتن مامۆستا وتی: ئەمانە دەیانەوێ ئێمە هەر چاوەڕێی فەرمانی بەغدا بین‌و بێ ئاگاداری ئەوان پەنجە بە ئاودا نەکەین، ئیتر لە باتی ئەوەی مامۆستا ساردبێتەوە ئەوەندەی تر سوور بوو لەسەر ڕێکخستن‌و کارکردن، ئەوسا هەندێ دەزگامان پەیدا کرد، وەکو رۆنیۆو دەزگای چاپ‌و فتوکوپی، دەستمان کرد بەوەرگێڕانی کتێبی (ماذا يعني انتمائي الى الاسلام) لەسەرەتاوە بۆ کوردیو دواتریش بۆ فارسی، پەیوەندییمان کرد بە پەنابەرانەوە لە تاران، کەرەج، مەلایەرە، توسرکان‌و خوڕەم ئاباد، شەوێك لە ئۆردوگای خوڕەم ئاباد ($10-12$) کەسێك دەبووین‌و هەندێ برای عەرەبیش ئامادە بوون، لە دوای نوێژی شێوانەوە تا بانگی بەیانی درێژەمان بە دانیشتنێکدا کە مامۆستا سەلاحەددین سەرپەرشتی دەکرد، هەندێ لەو برایانە جەختیان لەسەر دروستکردنی شۆڕشێکی چەکداری دەکردەوە، ئیتر مامۆستا بە وردی روونی کردەوە بۆیان کە ئەو کارە مەترسیدارەو کاروانی دینداری پێ بەرەوپێش ناچێت‌و موسڵمانانی پێ نامۆ دەبێ لە کۆمەڵگەدا.

**+ چۆن‌و کەی توانیتان پەیوەندی بە برایانی کوردستانی عێراقەوە بکەنەوە؟**

ـ بەندە دوای یەك مانگ گەیشتنم بۆ مەریوان، راپۆرتێکی دووردرێژم دەربارەی چالاکییەکانی خۆمان‌و جەماعەتی کاك ئەحمەدو حکومەتی ئێران‌و گەلێ شتی تر رەوانە کرد. ئەو برایەی مامۆستا کردیە هاوڕێم جار جارە سەردانی دەکردمەوە، لە کاتێکدا کە لە ئەسفەهان بووین هات بۆ لامان، دوای بەرپابوونی جەنگی عێراق – ئێرانیش مامۆستا سەلاحەددین چەند ئەڵقەیەکی دروستکردبوو بۆ پەیوەندی، لەوێوە ئاگاداری برایانی ناوخۆمان دەکردو ئەوانیش لە بارودۆخی ناوەوە ئاگاداریان دەکردینەوە.

**+ کێ لە شارەکانی کوردستان مابوویەوەو کاری دەکردو نەچوبووە ئێران؟**

– ئەو برایانەی کە لە عێراقدا مابوونەوە لە کوردستاندا، لە سلێمانی بریتی بوون لە: مامۆستا حەسەن پێنجوێنی، مامۆستا ئەبوبەکر موحەمەد عەزیز، کاك ئازاد سەراج، کاك خالید موحەممەد. تا ئەو کاتەی هەڵەبجەی کیمیاباران نەکرابوو

ژمارەیەك لە مامۆستای بەڕێز لەوێ بوون لەوانە: مامۆستا مەلا عوسمان عەبدولعەزیز، مامۆستا عومەر ڕێشاوی، مامۆستا ئیبراهیم ڕێشاوی‌و چەندەهای تریش.

**+ لەو ماوەدا گەڕایتەوە کوردستانی عێراق؟**

– لە کۆتایی مانگی نیسانی (1984)دا مامۆستا ئەبوبەکر موحەممەد عەزیز نامەیەکی بۆ مامۆستا سەلاحەدین ناردبوو، تێیدا داوای لە مامۆستا کردبوو کە بەندە قایل بکات بە گەڕانەوەم، چونکە ناوەوەش پێویستی بە بانگەوازو ڕێکخستن هەیە، ئاماژەی بە وەزعی ماڵ‌و منداڵیش کردبوو. مامۆستا فەرمووی: رات چۆنە، وتم: ئینشائەڵڵا ئیستیخارەی بۆ دەکەم، کاتێك نوێژی ئیستیخارەو دوعای ئیستیخارەم خوێند، لە مزگەوتی بیلال دوای نیوەڕۆیەك تاوێك خەوتم، لە خەونمدا لە گۆشەیەکی مزگەوتدا و بە ئامادەبوونی چەند برایەك ئەم ئایەتە پیرۆزانەم بە دەنگێکی زوڵاڵ دەخوێندەوە: (يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اذْكُرُوا اللَّهَ ذِكْرًا كَثِيرًا * وَسَبِّحُوهُ بُكْرَةً وَأَصِيلًا * هُوَ الَّذِي يُصَلِّي عَلَيْكُمْ وَمَلَائِكَتُهُ لِيُخْرِجَكُمْ مِنَ الظُّلُمَاتِ إِلَى النُّورِ وَكَانَ بِالْمُؤْمِنِينَ رَحِيمًا * تَحِيَّتُهُمْ يَوْمَ يَلْقَوْنَهُ سَلَامٌ وَأَعَدَّ لَهُمْ أَجْرًا كَرِيمًا). الاحزاب: 41 – 44. پاشان کەوتمە تەفسیرکردنی ئایەتەکان، یەکێك لە برایان پرسی: یەعنی چی خوای گەورە سەڵەوات دەدات لەسەر ئێمە؟ وتم: سەڵەواتی خوای گەورە ڕەحمەتە، ئەوە نییە دەفەرموێت: (وكان بالمؤمنين رحيما). ئەوسا بەخەبەر هاتم، زۆر دڵخۆش‌و ئاسودە بووم، گێڕامەوە بۆ مامۆستاو هەندێ لە برایان، وتیان بەڵگەیەکی چاك‌و خێردارە.

ئیتر خوای گەورەو هەموو کارئاسانییەکی بۆ کردین، لەو بارودۆخە ئاڵۆزەدا لە (1984/5/3) سەرلەبەیانی لەگەڵ برایەکدا کەوتینە ڕێ‌و ئێوارەکەی گەیشتینە خورماڵ، کۆمەڵێ کتێب‌و شریت‌و گۆڤارمان پێ بوو کە هەر خوای گەورە پاراستینی، چەندەها جار لە مەترسی ڕزگاری کردین، بۆ بەیانییەکەی چووین بۆ هەڵەبجە، دوای

هەفتەیەك بە پێناسەیەکی مامۆستایەتی (74)ەوە بەرەوە سلێمانی بە چەندەها بازگەدا دەرچووینو سوپاس بۆ خوای میهرەبان گەیشتینەوە ماڵ.

دوای چەند رۆژێك مامۆستا ئەبوبەکر موحەممەد عەزیز پەیوەندی پێوە کردم، دواتر سەردانی مامۆستا حەسەن پێنجوێنیمان کرد، بە دووردرێژی باسی کاری ئەودیوو گرۆی کاك ئەحمەدو حکومەتی ئێرانمان کرد، پاشان بڕیاری کارکردنماندا، هەرچەندە مامۆستا حەسەن کە ئێستا لە ئوستورالیایە بە هۆی کارەساتی ئۆتۆمبیلەوە لەناو جێدا بوو، لە چەند لایەکی قاچییەوە جەڕو مەنگەنەی پێوە بەسترابوو، بەڵام هیممەتی بەرز بوو، چەندەها نامیلکەی نووسیبوو، بەچاپی گەیاندبوو، لەوانە: ئێستا بەختیارم، ئێستا دڵنیام، گوڵێکی ژاکاو، نامە کوێستانییەکان و چەندەهای تر.

لەوەو دواوە بەو حاڵەوە بە ئۆتۆمبیلی برایەك دەستمان کرد بە سەردانی هەندێ شوێن وەکو رانیە، قەڵادزێ، هەڵەبجە، دەربەندیخانو کەلار، دواتر سەردانی هەولێرو دهۆکیشمان کرد. لە رانیە لەگەڵ دەستەیەك مامۆستای بەڕێزدا پەیوەندیمان دروست کرد لەوانە: مامۆستا مەزهەر، مامۆستا مەغدید، مامۆستا عەلی میربەگی، مامۆستا رەسول، مامۆستا عەزیزو چەند مامۆستایەکی تر. لە قەڵادزێ بە خزمەت کاك ئەمین پشدەری گەیشتین، بەڵام ئەوکات سەرگەرمی چاککردنی سەلاجە بوو، کارەکەمانی بە مەترسیدار دەهاتە بەرچاو.

لە هەڵەبجە بە خزمەت مامۆستا مەلا عوسمان گەیشتین، دوای چەند چاوپێکەوتنێك رۆژێك لەگەڵ مامۆستا حەسەن پێنجوێنیدا بە ئاگاداری مامۆستا حەسەن شەمێرانیو مامۆستا عەلی موحەممەد سەردانمان کرد، ئەو کاتە وای گەیاند کە برایانی بەغدا کردوویانە بە بەرپرسی کوردستان.

لە کۆتایی (1984) دکتۆر عیسام ئەلڕاوی لەگەڵ مامۆستا سەید ئەحمەد سەردانیان کردین، ئەوکاتە باسی چالاکی جەماعەتی مەلا سدیقیان کرد، لەودیویشەوە ساڵی (1985) لەگەڵ برایاندا گەڵاڵەنامەیەکیان بۆ هاوکاری

دروستکردبوو، مامۆستا سەلاحەددین نامەی بۆ نادرینو پێشنیاری کرد کە هەوڵ بدەن ئێوەش لەودیوو دوکانەکانتان بکەن بە یەك.

لە راستییدا چەند دانیشتنێکمان لەگەڵ مەلا سدیقدا ئەنجامدا، ئێمە بەهۆی هەندێ قسەو باسیەوە گومانمان بۆ دروست ببوو، ئەو کەسانەی کە بەدەوریدا بوون پێیان دەوترا جەماعەتی مەلا سدیق، رۆژێك لە ماڵی مامۆستا حەسەن پێنجوێنی بووین، هەندێ گومانو دوودڵی باس کردو وتی ئەوە جوابی ناردوە کە دێت بابزانین چی پێیە، دوای هەندێ قسەو گفتوگۆ مامۆستا حەسەن پێی وت: مامۆستا سدیق ئێستا ئەوانەی بە دەوری تۆدان پێیان ناوترێ برایان، بەڵکو بەناوی تۆوە ناودەبرێن، وەرە مەردو مەردانە وازیان لێ بێنەوە تەسلیمی ئیمەیان بکە، بە خوا بە قەدەر پێشەوای شەهید ناو دەردەکەویتو پاداشتت دەبێ لەلای خوا.

ئەویش وتی: من ئەم پێشنیارە بە سەرکردایەتی ئەگەیەنم، ئەگەر رازی بوون هەروا دەکەم، بەڵام لە سەردانێکماندا بۆ لای مامۆستا مەلا عوسمان پێی وتین: ئەو داواکارییە بێمانایە چییە؟ سدیق چالاکە، دڵسۆزە بۆ دانیشیێ؟

پاشان مەلا سدیق کەوتە پڕوپاگەندە کە گوایە ئێمە ئیخوانینو خەڵکی دەبێ پابەندی ئێمە بێ، بە تایبەت کاکم پەسەند کراوەو بەرپرسی کوردستانە. ئیتر ماوەیەك ئەوان چالاکییان نواندو ئێمەش بەردەوام بووین، دانیشتنی مانگانەمان لە سلێمانیو هەولێر بە نۆرە هەبوو، پەیوەندیمان بە بەغداشەوە هەبوو، جاروبار مامۆستا سەید ئەحمەدو دکتۆر عیسام ئەلڕاوی سەردانیان دەکردین.

**+ رێکەوتنتان لەگەڵ ئەو رێکخستنە لەسەر چ بنەمایەك بوو؟**

– ئێمە لە راستییدا لەگەڵ برایانی ناوەڕاستدا یەکمان نەگرت ، بەڵکو تەنسیقو هاوکاریو هاریکاریمان هەبوو، ئەو کارەش لە رێگەی د. عیسام ئەلراویو مامۆستا سەید ئەحمەدەوە ئەنجام دەدرا. ئەوان لە سەرتاوە زۆر متمانەیان هەبوو بە جەماعەتی مامۆستا سدیق، هەرچەندە ئێمە دەمانوت: (أهل مكة أدرى بشعابها) بێ

سود بوو، پاشان کە بە هۆی (معايشة)ی ئەفسەرێکی ئاسایشی بەعسەوە لەگەڵ برایەکی بەغدادیدا لەبەرەی شەڕەکاندا، توانیبووی متمانەی براکە مسۆگەر بکاتو بەرە بەرە بەرپرسانی ناسیبوو، لە هەفتەی کۆتایی مانگی (کانوونی دووەمی 1987) پەلاماری کەسایەتییە سەرکردەکان درا، دواتر پەلامار گەیشتە ڕێکخستنەکانی ئێمەش لە کوردستان.

شایانی باسە لیستی ئەو براو خوشکانەی کە جیی متمانەمان بوون لەناو شاری سلێمانیدا (82) کەس بوون، کە هەواڵم گەیاند بە مامۆستا حەسەن پێنجوێنی داوای دەرنەفیزی کرد، وتم دەرنەفیزت بۆ چییە؟ وتی: لیسیتەکەم لە پشت ئەم سویچەوە شاردۆتەوە، دەمەوێ دەریبهێنمو بیسوتێنین، چونکە ئێمە دواتر ئەگەر خوای گەورە دەرووی کردەوە یەکتر دەدۆزینەوە، بەڵام بەعس شەیتانن، ئەمنەکان فیڵبازن، دەترسم کەشف ببێت. منیش وتم: دەی راستە ئێمە لەوەدوا لە ڕێکخراوە هەرەمییەوە یەکتر دەدۆزینەوە.

**+ دوای ئاشکرابوونی ڕێکخستنو هەڵاتنی هەندێكو گیرانی هەندێك، ئێوە کە مابوونەوە لە کوردستانی عێراق چۆن کارتان دەکرد؟**

– رۆژێکی کۆتایی مانگی (کانوونی دووەمی 1987) کاك مەحمودی فەقێ لە هەولێرەوە بە هەڵەداوان هات بۆ لام، وتی ڕێکخستن کەشف بووەو هەندێك برایان لە بەغدا گیراونو ئێوەش وریای خۆتان بن.

منیش چووم هەواڵم دا بە مامۆستا حەسەن، هەواڵمان نارد بۆ ماوەت بۆ مامۆستا حەمەرەشیدو برایانی هەڵەبجە. بەڵام فیڵبازانە چووبوون بۆ مامۆستا حەسەن پێنجوێنیو بردبوویان، هەروەها مامۆستا حەسەن شەمێرانیش بە هۆی خزمەکانیەوە برابوو، گوایە چەند پرسیارێکی لێ دەکەن، ئەویشیان بە هیلیکۆپتەر بردبوو بۆ کەرکوك، پاشان بۆ بەغداد، ئێمەش چەند جارێك ماڵمان گواستەوەو منداڵەکانمان لە قوتابخانە دەرهێنا، دواتر رومان کردە شارەزوورو هەڵەبجەو پاشان گەڕاینەوە بۆ سلێمانی، لە چەند سەرەوە قاچاخ بووین، بەڵام پەیوەندیمان لەگەڵ

مامۆستا حەمەرەشیدو کاك سالّح سەعیدو کاك هیوا دروستکردەوە، دوای (5 – 6) مانگێك لەماڵی کاك کامەران دانیشتنمان دەست پێکردەوە، مانگانە دادەنیشتین‌و نەخشەمان دەکیشا بۆ برەودان بە بانگەواز لەنێو لاواندا، بە تایبەت لە رێگەی کاك رێبوار عەلی‌و کاك نەسرەدین‌و کاك جەمال‌و چەند برایەکی ترەوە.

هەروەها لە بواری کاری خوشکانیشدا گرنگیماندا بە خوشکان، تاقگە موحەممەد عەلی‌و بەیان نوری‌و شیرین حەمەرەشیدو چەند خوشکێکی تر رۆڵیان هەبوو. هەندێ جاریش لە باتی مەڵبەندو لق دوو دوکانی هەمبەرگرمان هەبوو یەکێکیان بەناوی هەمبەرگری ئارام‌و ئەویتریان وریا، لە پشتەوەی دوکانەکاندا جار جار کۆبوونەوەو دانیشتنمان ساز دەدا، کتێب‌و گۆڤارو نامەمان دەگۆڕیەوە، لەراستییدا بانگەوازکردن لەو رۆژگارەدا زۆر سەخت‌و موجازەفە بوو، بەڵام خوای گەورە چەندەها جار لە چنگی رەشی بەعس پاراستینی.

**+ دوای بەرپابوونی راپەڕین کەی برایانی ئێران گەڕانەوەو پەیوەندیتان دروست کرد؟**

– کاتیك راپەڕین بەرپا بوو، مامۆستا سەلاحەددین‌و هەندێ لە برایان کە لە ئێران بوون سەردانی کوردستانیان کرد، چەند کۆبوونەوەیەکیان لەگەڵ برایانی سلێمانی‌و هەولێرو هەڵەبجەدا سازدا. بەڵام زۆری نەخایاند کۆڕەوەکە دروستبوو، ئیتر ئەو برایانەو برایانی ئێرانیش دڵسۆزانە چوون بە دەم لێقەوماوانەوە، بە تەن پەتاتەیان دەکوڵاند، بە پیکاب نانیان دەبرد، بەسەدان تەبەق هێلکەیان دەکوڵاند، دواتریش بە گوێرەی توانا جێگەی ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکەکەیان کردەوە لەناو ماڵ‌و حاڵی خۆیاندا. بەڵام سوپاس بۆ خوا مانەوەی حکومەتی عێراق زۆری نەخایاند، بە راپەڕینێکی تر ناچار کرا کە هەرسێ پارێزگای سلێمانی‌و هەولێرو دهۆك بەجێبهێڵێ.

ئیتر برایان دەستیان کرد بە گەڕانەوە، سەرەتا لە ماڵی مامۆستا جوتیار کۆنفرانسێك گیرا بۆ برایان‌و دوو رۆژی خایاندو زۆربەی ئامادەبووان نووسەرو

ئەدیبو شاعیر بوون، بە سەرپەرشتی مامۆستا سەلاحەددین بوو، دواتر بینایەك بە کرێ گیراو لەوێ رۆژانە چاومان بەیەك دەکەوت. کاتێك کە هەڵبژاردنەکانی (1992) ئەنجامدرا، ئیسلامییەکان بەشدارییان کرد، بەڵام کەم ئەزموونو ساردو سڕیو مۆلەقی بارودۆخەکە وای کرد کە رێژیەکی کەم لە دەنگەکان دەستەبەر بکەن، هەرچەندە لیستێکی بەهێزیان لە رۆشنتبیران ناوزەد دابوو، دواتر کە یاسای حزبەکان لە پایزی (1993) لە پەرلەمانی کوردستان پەسەند کرا، یاساکە زۆر تاووتوێ کرا، پاشان بڕیاری ئیعلانی خۆمانماندا، ئەمەش دوای چەندەها دانیشتنو لێکۆڵینەوەو تاوتوێکردنی ناونیشانو دروشمی بڕیاردرا لەسەر تەمەنی کە ئێستە هەیە. ئیتر ئەوەبوو لە (1994/2/6) لە کاتێکدا کە بزووتنەوەی ئیسلامیو ینك بەشەڕ هاتبوون، ئیعلانی خۆمانمان کرد، دوای ئەوەی کە وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێم رەزامەندی دەربڕی، ئێمەش لیستێکمان بە ناوی دامەزرێنەرانی حزبەوە پێشکەش کردبوو، کە ناوو ناونیشانی زیاتر لە (50) کەسی تێدابوو.

ئیتر سەرکردایەتی لە بینایەکی سەر شەقامی سالم خۆی نواند، لە نزیك وێستگەی کارەباوە مەڵبەندی یەك ئیعلان کرا، لقی یەکیش لە نزیك باخی گشتییەوە ئیعلان کرا، رادیۆی دەنگی یەکگرتوو لە نزیك ئەوێوە پەخشی دەست پێکرد.

ئیتر رۆژ بە رۆژ یەکگرتوو گەشەی دەکرد، بوونی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردو فریاگوزاری ئیسلامیی جیهانی، دواتریش نەدوەی لاوان پشتگیرییەکی چاك بوون، بەشێك لە قسەو گوفتاری ئێمەیان بەرجەستە کرد، هەر لە دروستکردنەوەی مزگەوتی دێهاتەکانو شارو شارۆچکەکان، دروستکردنی هەندێ مزگەوتی گەورە لە شارەکانی هەولێر، سلێمانیو دهۆك. هەروەها دروستکردنی بیمارستانێکی گەورەو لە دهۆکو چەندەها عیادەی گەڕۆك، یارمەتیدانی هەزاران بێ باوك، دابەشکردنی گۆشتی قوربانیو چەندەها خزمەتگوزاری تر.

لەوەدوا مەڵبەندی هەولێرو دهۆکو هەڵەبجەی شەهیدو گەرمیان بە شوێن یەکدا کرانەوە، چەندەها تەلەفزیۆنو رادیۆ کەوتنە گەڕ، گرنگی درا بە یانەکانی وەرزش،

تیپە هونەرییەکان، نووسەران، رێکخراوە پیشەییەکان، خوشکان‌و قوتابیان، ئومێدمان زۆرە خوای گەورە یاوەرمان بێت کە ئەم کاروانە زەمەن لە قازانجی بێت‌و بەردەوام لە گەشەکردندا بێت، تا بە سەلامەتی ئەم گەلە ستەمیدە دەگەیەنێتە کەناری هێمنی لە دنیاداو سەربەرزی و سەرفرازی هەمیشەیی لە بەهەشتی بەریندا.

## دیداری چوارەم:

# مامۆستا عەلی باپیر



عەلی باپیر وەتمان، ساڵی (1961) لە گوندێکی سەر بە شارۆچکەی سەنگەسەر لەدایك بووە، لە سەنگەسەرو رانیەو سلێمانی خوێندوویەتیو پاشان لە کۆلێجی شەریعەی نەجەف ساڵێك خوێندوویەتی، ساڵی (1981) ئاوارەی ئێران بووە، هەر لە تەمەنی گەنجیەوە سەرقاڵی کاری ئیسلامیی بووە، ساڵی (1984) یەکەم بەرهەمی بەناوی (پوختەیەك دەربارەی ئیسلام) چاپکردووە، دەیان بەرهەمی دیکەی چاپکراوو وتاری نووسراو بیستراوی هەیە، ساڵی (1987) لە راگەیاندنی بزووتنەوەی ئیسلامیی بەشداری کردووە، چەند پۆستی باڵای لەو حزبەدا وەرگرتووە، لە (2001/5/30) لەگەڵ کۆمەڵێك هاوکاریدا کۆمەڵی ئیسلامیی کوردستانیان راگەیاند، لەو کاتەوە تا ئێستا ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامییە.

شوێنو مێژووی دیدار: سلێمانی، 2005/8/17.

**+ زۆربەی سەرچاوەکان جموجوڵی ئیسلامی ڕێکخراو دەگێڕنەوە بۆساڵی (1978)و دروستبوونی بزووتنەوەی پەیوەندی ئیسلامیی لەو ساڵەدا، ئێوە تا چەند ئاگاداری ئەو جموجوڵە بوونو دامەزرێنەرانی ئەو پارتە کێ بوون؟**

– بسم الله الرحمن الرحيم، الحمدلله والصلاة والسلام على رسول الله محمد وآله ومن اهتدى بهدى، یاخوا بەخێربێن، ئەوەندەی من ئاگادار بم، لە ساڵانی (1977ـ 1978) باسی جموجوڵێکی ئیسلامییان لەگەڵ من کرد، دیارە ئەو کاتە من لە سلێمانی دەمخوێند، لە نێوان ساڵانی (1976ـ 1979)، ئەوەی لە یادم بێت کە ئەو کاتە ئەو باسەیان لەگەڵ مندا دەکرد، مامۆستا عەبدوڕڕەحمان نەورەسی، هەروەها کاک حەسەن حەمە خالید بوو، دیارە ڕەنگە خەڵکی دیکە بووبێتو من نەمبینیبێت، ئەو کاتە باسی ئیشێکی ئامادە دەکرا، بەڵام ئەوەی کە دواتر بە ناوی بزووتنەوەی پەیوەندی ئیسلامیی هەبوو، دوو سێ ساڵێك دوای ئەوە، واتە لە ساڵانی (1981ـ 1982) ئەو ناوە هەبوو، ئەو کاتە داواشیان لە من کرد، دیارە پێشتریش هەر لەگەڵدا بووم وەکو قسەو باسو ئەوانە، بەڵام دوایی لە (1981) کۆمەڵێك لەو برایانە هاتن کە ئەو کاتە لە ژێر ئەو ناونیشانە کاریان دەکرد، داوایان لێکردم لەگەڵیان کار بکەم، پێم وتن لەبەرئەوەی هەمووتان ناناسم مەرجێکم هەیە دەبێت هەموو ئەندامەکان بناسم، دیارە ئەوانیش لەبەر هەر هۆیەك بوو، ئامادەنەبوون ناوی هەموو ئەندامەکانم پێ بڵێن، پێم گوتن من هەر دۆست دەبمو لەگەڵ دەبم، بەڵام نایەمە ناو ریزی ڕێکخراوەکە.

ئەوکاتە، لە (1981ـ 1983) دەیانگوت مامۆستا مەلا موحەممەدی مەلا بەها برا گەورەمانە، جا ئەمە لە راستییدا وابوو، ساڵی (1982ـ 1983) لەگەڵ مامۆستا مەلا موحەممەد دانیشتم لە هەڵەبجە لە ماڵی خۆیان، لەو دانیشتنەدا کاك کامیلی حاجی عەلیو مامۆستا عەبدوڕڕەحمان نەورەسیش ئامادەبوون، گرنگ ئەوەیە کارەکان بە سەرپەرشتی ئەو بەڕێوەدەچوو، کەسانی تریش وەکو مامۆستا مەلا موحەممەدی شانەدەرێو حاجی مەهدی لەناو ئەو قسەو باسەدا هەبوون، بەڵام

مامۆستا مەلا عوسمانو مامۆستا مەلا عەلی تا رووداوی کۆڕەوەکەی هەڵەبجە نەهاتنە پێش، خەڵکی دیکەش هەبوون کە رەنگە ئێستا لە یادم نەبن.

**+ بزووتنەوەی پەیوەندی پێکهاتەوە دیسپلینی حزبی تەواوی هەبوو؟**

- پێموایە زیاتر وەکو نەواتێکی رێکخراوەیی بوو، چەند کەسێك هەبوونو کاریان دەکرد.

**+ مامۆستا مەلا موحەممەد شارەزووری لە بیرەوەرییەکانیدا باس لەوە دەکات پارتێکیان دامەزراندووە بە ناوی بزووتنەوەی زانایانی ئیسلامیی تێکۆشەر، جەنابت ئاگاداری ئەوەن پارتێك بەم ناوەوە هەبووبێت؟**

- من ئاگاداری ئەوە نیم، بەڵام مامۆستا مەلا موحەممەد شارەزووری بەرەحمەت بێت ئەوکاتە لە رژێم قاچاخ بوو، لە نێوان ساڵانی (1986- 1987) خۆیو خێزانی وەکو ئاوارەیی هاتە لای ئێمە، ماوەی مانگێك لای ئێمە بوو، دوایی ماڵەکەی چووە دێیەك، ئەوکاتە باسی جموجوڵی خۆی دەکرد، لەگەڵ برایانی موسڵمانیشدا نەیارییەکی هەبوو، کەواتە دیارە ئەو شتێکی دیکە بوو، بەڵام بە راستی لە یادم نییە باسی شتی وای کردبێ، مامۆستا مەلا موحەممەد شارەزووری مامۆستا بوو، بەڵام زۆر بڕوای بە رێکخراو نەبوو، بە کارێك نەبوو مەلا سەرپەرشتی بکات، خۆی دەیگوت لە ئەزموونی ژیانی خۆم بۆم دەرکەوتووە برایانی موسڵمان هەرگیز نابن بە حکومەتو ناتوانن بگەنە دەسەڵات، هەرکارێکیش مەلا سەرپەرشتی بکات سەرکەوتن بەدەست ناهێنێ، دەیگووت ئەوە ئەزمونی ژیانمە.

بەڵام مامۆستا مەلا موحەممەد بۆ خۆی مامۆستایەکی هۆشیارو وریاو زیندوو بوو، جموجوڵی هەبوو، ئەگەر شتێکی واش بوو بێت ئەو لێی ئاگادارە بۆ منی باس نەکردووە.

**+ مامۆستا ئیشکالیەتێکی مێژوویی هەیە لەسەر بزووتنەوەی پەیوەندی، ساڵی (1982) ئێران رێکخراوێکی دروستکرد بەناوی (ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی**

**ئیسلامیی له عێراق)، هەندێك وا گومان دەبەن كە بزووتنەوەی پەیوەندی دوای ئەو مێژووە دروستبووەو بەشێك بووە لەو ئەنجوومەنە؟**

ـ بەدڵنیاییەوە ئەمە وانییە، وەكو پێشتر وتم لە سلێمانی ئەو برایانە دەهاتن‌و پێكەوە دادەنیشتین‌و قسەو باسمان دەكرد، دوای ئەوەی شۆڕشی ئەیلول هەرەسی هێنا هەم یەكێتیی دروست بوو، هەم ئێمەش وەكو ئاڕاستەیەكی ئیسلامیی، هەر لەو كاتەوە خەڵكی بیری لەوە دەكردەوە دەبێت ئەو بۆشاییە پڕبكرێتەوە كە دروست بووە، زوڵم‌و ستەمی بەعس زیاتر پەرەی سەندبوو، دیارە دەبوو ئەهلی ئیسلام‌و ئیسلامییەكان زووتر بیریان لەوە كردبایەوە، خەڵكی ئیسلامییش لە مامۆستاو لە گەنجان لە بیری ئەوەدا بوون ئەو بۆشاییە پڕ بكەنەوە، دەزانم جموجوڵێك هەبوو قسەوباس دەكرا، بەڵام لە (1981) بە دواوە زیاتر ناوی بزووتنەوەی پەیوەندی دەركەوت، ئەو كاتە نەواتێكی رێكخستن بوو، دوایی هەر ئەو كەسانەی ئەو نەواتەی رێكخستنەیان لەگەڵ مندا باس دەكرد و قسەو باسمان دەكرد چی بكەین‌و چۆن بكەین؟ دوایی لە بزووتنەوەی پەیوەندی ئیسلامییدا خۆیان بینییەوە، كەواتە رێكخستن‌و جموجوڵەكە هی پەیوەندی ئیسلامیی بووە.

**+ ساڵی (1984) بە فەرمی بزووتنەوەی پەیوەندی ئیسلامیی راگەیەنرا، بەڵام پێكهاتەی ئەو پارتە وەها بوو كۆمەڵێك گرفتی رامیاری و كارگێڕیان هەبوو، جگە لەو حاڵەتە ئێوە هیچ تێبینیەكی ترتان هەبوو كەوا بكات نەبنە ئەندام لەو پارتەدا؟**

ـ بەڵێ، من بە رەسمیی نەچووبوومە نێوی، ئەگەرنا بە كردەوە هەبووم، بۆ وێنە ئەو كاتە ماڵم لە سەرسیان بوو، ئەو برایانە هاتن‌و گوتیان ئەگەر سەفەرێك بكەیت‌و بچیتە لای شێخ عەبدولقادری سۆتكە برای حاجی شێخ حسێنی سۆتكە لە تاران ببینی، ساڵی (1982) یان (1983) بوو چووم، چوومە مەریوان لام وایە شێخ زراری كوڕی بوو لەوێ بینیم، دواتر لەوێوە چوومە كەرەج، ئەوكاتە ئەو ماڵی لە كەرەج بوو، منیش بە نوێنەرایەتی پەیوەندی چووم، دواتریش ساڵی (1984)

دیسان جارێکی تر داوایان لێکردمو سەفەرم کرد، ئەو کاتە مامۆستا شێخ موحەممەد ماڵی لە سنە بوو، لە یادمە داوای لێکردمو گوتی ئەگەر تۆش بێیتە ناوو بەیعەتمان پێبدەی، خۆ تۆ هەر لەناو ئیشەکاندا هەی و هاوکارییمان دەکەیت، گوتم وەڵڵاهی مامۆستا پێم چاك نییە بەیعەت بدەم، هەندێك تێبینیم هەبوو، ئەو کاتە تێبینی من یاخود تەحەفوزی من ئەوەبوو کە بارودۆخەکەم بێسەرو بەرە دەبینی، دەمگوت دەبێت خەڵکێك بهۆنرێتەوەو پەروەردە بکرێتو تێبگەیەنرێت، هەستم کرد زیاتر بریتی بوون لە تەجەموعێكو خەڵك کۆکردنەوەیەكو بە مەشرەبی جیاجیاو بە فیکری جیاجیا، نەك خەڵکێك لە قاڵب بدرێتو رێکبخرێتو پەروەردە بکرێت، بەلای کەمەوە دەبوو لەسەر شتە بنەڕەتییەکان یەك شێوەو بیرو بۆچوون هەبێت. رەنگە ئەو کاتە تێبینی ئەوەشم هەبوو بێت کە هەندێك پەیوەندیو شتی ئەوان تەمومژێکی بەسەرەوە بووبێت.

سەبارەت بە راگەیاندنی پەیوەندی، دیارە ئەو کاتە جەنابی مامۆستا شێخ موحەممەد چووە دەرێو ئەو کاتە راگەیەنرا، وەکو بڵێی باڵە چەکدارییەکە راگەیەنرا بەناوی لەشکری قورئان، ئەگەرنا وەکو نەواتی رێکخستنەکە هەر هەبوون، بەڵام ئەو کاتە زیاتر دەرکەوت، چونکە باڵی چەکداری بزووتنەوەی پەیوەندی ئیسلامیی بە ناوی لەشکری قورئان تەشکیل کرا، دەتوانین بڵێین ئەوکاتە مامۆستا نەورەسیو هێندێ خەڵکی دیکەی وەکو کاك جەمال شاربازێڕی (خوا دەرەجەی عالی بکات)، هەروەها مامۆستا ئەبوبەکری سدیقی، کە دواتر ئەو و مامۆستا مەلا مەحمودی ئازادی چوونە دەر، ئەوانە دەتوانین بڵێین مەفرەزە سەرەتاییەکانی لەشکری قورئان بوون، یاخود سەرپەرشتی مەفرەزە سەرەتاییەکانیان دەکرد، هەروەها کاك ئازاد کوڕی خاڵە شێخ عەزیز کە لە بۆردومانی مەیواندا شەهید کرا هەر لەو چوارچێوەیەدا بوو.

**+ بزووتنەوەی پەیوەندی ئیسلامیی بە پێی دانپیانانی سەرکردەکانی خۆیان پێنج ئەندامی هەبوو لە ئەنجوومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامیی لە عێراق، دیارە**

**ئەو ئەنجوومەنە ئێران دروستیکرد، ئایا ئەمە نەبۆتە ئیشکالیەتێك، یاخود تەمومژێکی زیاتر بەسەر ئەو پارتەوە دەربارەی جۆری پەیوەندی لەگەڵ ئێراندا؟**

ـ ئەو کەسانە پێشتر بزووتنەوەی پەیوەندی ئیسلامیی بوون، دوایی ناچار بوون لە چنگی رژێم رابکەنو ماڵیان بردە ئێران، پێموایە ئەو کاتە کە ئەنجوومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی پێکهات، ئەوان زیاتر پێویستیان بەو مامۆستاو کەسایەتییانەی نێو بزووتنەوەی پەیوەندی هەبووە کە بەشداریی لەو ئەنجوومەنە بکەن، بۆ ئەوەی ئەو ئەنجومەنە گشتگیرییەکی تێدا بخوێنرێتەوە کە ئەوەتا زانای ئەهلی سوننەشی تێدایە، هەندێ لە مامۆستایانی کوردیشی تێدا هەن، مەبەستم لەوەیە وجودی ئەوان پێشتر بووە، بزووتنەوەی پەیوەندی بوون دوایی چوونەتە ناو ئەو ئەنجومەنە، دیارە یەکێ لەوانە مامۆستا شێخ موحەممەد بەرزنجی بووە، مامۆستا مەلا مەحمودی ئازادی بووە، مامۆستا ئەبوبەکری سدیقی بووە، کێی تر بووە، رەنگە تۆ زیاتر بەدواییدا چووبیت، دیارە چوار پێنجێك لەو مامۆستایانە بوون، وەکو گوتم ئەوانە پێشتر بزووتنەوەی پەیوەندی ئیسلامیی بوون، بەڵام دیارە لەوێشدا بەشدارییان کردووە نەك بەو مانایەی کە بزووتنەوەی پەیوەندی ئیسلامیی نەماوە، بەڵکو بەو مانایەی ئەو ئەنجوومەنە داوای لێکردوون وەکو نوێنەرانی موسڵمانی کوردستان یان وەکو نوێنەری رەوتی ئیسلامیی کوردستان بەشداربن، هەروەکو چۆن نوێنەری حزبی دەعوەو پارتی کارو سەرجەم پارتە شیعیەکان لەو ئەنجومەنەدا بوون، هەموو پێکەوە بوون، بەڵام وازیشیان لە پارتو لایەنەکانی خۆیان نەهێنابوو.

**+ دەکرێ بپرسین ئاخۆ بزووتنەوەی پەیوەندی توانیبووی پارێزگاری لە سەربەخۆیی خۆی بکات لە ژێر سایەی ئێراندا؟**

ـ وەڵڵاهی پێموایە بەڵێ، چونکە ئاگادارم چەند جارێك مشتومڕ و تێکگیرانو شتیان هەبووە، ئێستا کاتی ئەو وردەکارییە نییە، ئەوان داکۆکیان کردوە لە هەندێ تایبەتمەندی خۆیان، دواییش لە دروستکردنی مەفرەزە سەرەتاییەکانی بزووتنەوەی پەیوەندی ئیسلامیی دیارەو ناشاردرێتەوە کە کۆماری ئیسلامیی هاوکاری کردوون،

ویستراوه كه بیانخه‌نه ژێر كۆنترۆڵی خۆیانه‌وه، به‌ڵام من ئاگاداری ئه‌وه‌م كه ئه‌وه هه‌میشه لای په‌یوه‌ندی ره‌تكراوه‌ته‌وه، هه‌تا كاتێك شتێكیان دروستكردبوو ناوی (ئینتمای رۆحانی) ناوێكی ئاوهای هه‌بوو، له سنه یه‌كێ له براده‌رانی ئێرانی سه‌رپه‌رشتی ده‌كرد له‌گه‌ڵی تێكگیران له‌به‌رئه‌وه‌ی ده‌یانویست ده‌ستوه‌رده‌نه ناو كاروباری بزووتنه‌وه‌ی په‌یوه‌ندی، واته تا راده‌یه‌كی زۆر سه‌ربه‌خۆی بڕیارو كاری خۆیان پاراستبوو، به‌ڵام ئیدی به دڵنیاییه‌وه له هه‌ندێ رووه‌وه كه‌وتوونه‌ته ژێر كاریگه‌ری ئه‌وان، به‌ڵام وانه‌بووه كه چووبنه باوه‌شی ئه‌وانه‌وه، هه‌ر بۆیه‌ش ئه‌و ده‌مه كۆماری ئیسلامیی ئه‌و پشتیوانییه‌ی له لایه‌نه عه‌لمانییه‌كانی كردووه، زۆر زیاتر بووه له‌وه‌ی له بزووتنه‌وه‌ی په‌یوه‌ندی ئیسلامیی كردووه، خۆ ئه‌گه‌ر بزووتنه‌وه‌ی په‌یوه‌ندی ملكه‌چیان بوونایه زۆر به‌هێزیان ده‌كردن.

**+ ئه‌ی جۆری په‌یوه‌ندییه‌كانی بزووتنه‌وه‌ی په‌یوه‌ندی ئیسلامیی له‌گه‌ڵ حزبه عه‌لمانییه كوردییه‌كانی ئه‌وكاته‌ی گۆڕه‌پانی كوردستان به تایبه‌تیش یه‌كێتیی‌و پارتی چۆن بوو؟**

- ئه‌وه‌ی من زانیاریم هه‌بێت‌و ئه‌و برایانه بۆیان باس كردووم، ساڵی (1986) وه‌فدێكیان چووه له‌گه‌ڵ مام جه‌لال و ئه‌وان دانیشتوون، ره‌نگه له‌گه‌ڵ لایه‌نه‌كانی دیكه‌ش دانیشتبن، به‌س ئه‌وی بۆ منیان گێڕاوه‌ته‌وه زیاتر له‌گه‌ڵ یه‌كێتیی دانیشتوون‌و شتێكیان له نێواندا ئیمزا كراوه، دیاره پێشتر مه‌فره‌زه‌یه‌كی په‌یوه‌ندی هاتبوونه خوارو یه‌كێتیی لێی دابوون، شه‌هید عه‌لی سیوه‌یلی‌و شه‌هید فاروق‌و شه‌هید ته‌ها شه‌هید بوون‌و دوو سێ كه‌سیش بریندار بوون، ئه‌وه بوو بوو، به‌ڵام دوایی ره‌نگه به جۆرێكی تر ویستبێتیان پینه‌ی بكه‌ن، یان گووتبوویان رقی شه‌خسی بووه و شتێكی مه‌ركه‌زی نه‌بووه، پێده‌چێت مه‌كه‌زیش نه‌بووبێت، چونكه دوایی یه‌كێتیی مامه‌ڵه‌ی له‌گه‌ڵ كردن.

**+ له مایسی (1987) ژماره‌یه‌ك كه‌سایه‌تی‌و جه‌ماوه‌ری شاری هه‌ڵه‌بجه به‌ره‌و ئێران كۆچیان كرد، له‌وكاته‌دا بزووتنه‌وه‌ی په‌یوه‌ندی له گۆڕه‌پانه‌كه‌دا**

**بوو، لەو بارودۆخەدا بزووتنەوەی ئیسلامیی دادەمەزرێت، دەکرێت وردەکاری دامەزراندنی بزووتنەوەی ئیسلامییمان بۆ روون بکەیتەوە، چونکە تەمومژێك لەسەر چۆنێتی دامەزراندنی ئەو پارتە هەیە؟**

ـ بەڵێ، لە راستییدا وایە، لەبەرئەوەی شتەکە وانەبووە وەکو رێکخراوێك خەڵك بیری کردبێتەوەو نەخشەی بۆ دانابیٚو بێت شتێك رابگەیەنێت، پێشتر مامۆستا شێخ موحەمەد بەرزنجی یەك دوو ساڵێك رابەری گشتی بوو، کە مامۆستا شێخ عەبدوللەتیفی واژەیی بەرەحمەت بێت چووە دەرێ شوێنی خۆی بۆ چۆڵکرد، دیارە من لەگەڵ ئەویشدا پەیوەندیم هەبوو، ئەو ساڵانی (1982ـ 1983) لە هەولێر بوو، تازە کتێبی (پوختەیەك دەربارەی ئیسلام)م نووسیبوو، وەزارەتی رۆشنبیریو راگەیاندن کتێبەکەی منیان دابووە دەستی ئەو، تا وەکو پسپۆڕ تەماشای بکات، دیارە ئەویش وتبووی دیارە ئەو گەنجێکە ئەو کتێبەی نووسیوە، کاك مەلا سەلمانو ئەوانی ناردبوو بەدوامدا، چوومە لایو ئیتر لەو کاتەوە یەکترمان دەناسی، دەمزانی ئەو لە بزووتنەوەی پەیوەندیدا هەیە، منیش بە کردەوە هەبوومو بەرەسمی نەبووم، دیارە مامۆستا شێخ عەبدوللەتیف گیراو دوای ئەوە رزگاری بوو چووە دەرێ، لەوێ کۆبوونەوەیان کردو کۆنگرەیان بەستو ئەو بوو بە رابەر و شێخ موحەممەد شوێنەکەی بۆ چۆڵکرد.

ساڵی (1987) مامۆستا مەلا عوسمانو ئەوان چوونە دەرێ، پێموانییە پێشتر مامۆستا مەلا عوسمان هیچ پەیوەندیی هەبووبێت، چونکە بەرلەوەی مامۆستا مەلا عوسمان بچێتە دەرەوە ساڵی (1986) بە قاچاخی چووم بۆ لای لەگەڵی دانیشتم، ئەو بڕوای بەوەنەبوو کە کاری بەو شێوەیە بکرێتو دەیوت خەریکی وانەوتنەوەو ئەوانەم، جا هەر قەناعەتی بەوە نەبوو یاخود لای من تەحەفوزی کردووە، دوایی ئەوەبوو کە ئەوان چوونە دەرێ مامۆستا شێخ عەبدوللەتیف شوێنەکەی خۆی بۆ مامۆستا مەلا عوسمان چۆڵکرد، دیارە کۆبوونەوەیەك کرا، وتیان مامۆستا مەلا عوسمان بەتەمەنترەو شارەزاترەو مەلای کوردستان زیاتر دەیناسنو خەڵك زیاتر

دەیناسێت، بەوشێوە بووە رابەر، بۆیە دەڵێم شتێکە هەڕەمەکی بوو نەك بڵێی رێکخراوەیی.

هەڵبەت گلەیی‌و شت هەبوو لە بەیندا، خەڵکی گلەیی لە مامۆستا شێخ موحەممەد دەکرد کە تۆ واتکرد مامۆستا شێخ عەبدوللەتیف شوێنەکەی بۆ مامۆستا مەلا عوسمان چۆڵکرد، خەڵکی تر گلەیی لە مامۆستا شێخ عەبدوللەتیف دەکرد، بەهەرحاڵ گرنگ ئەوەیە کە مامۆستاو ئەوان چوونە دەرێ، لەبەرئەوەی مامۆستا بەتەمەنتر بوو، وەجهێکی دیارتر بوو، وتوویانە فەرموو جەنابت رابەری، نەك وەکو شتێکی بنەمای حزبی‌و رێکخستن، هەروەکو شتێکی نیمچە عەشایەری، یا وەکو شتێکی مەلایانە کە ئەو بەتەمەنترە دەبێت ئەو پێشکەوێت، ئەو بڕیارە لە ماڵی مامۆستا شێخ موحەممەد بوو لە سنە، بەڵام لە چ رۆژێك و چ مانگێك؟ رەنگە تۆ زیاترت لێکۆڵیبێتەوە، بەس بە دڵنیاییەوە لە ماڵی مامۆستا شێخ موحەممەد بوو کۆبوونەوەیە کراوەو وتوویانە مامۆستا مەلا عوسمان برا گەورەیە.

**+ باس لەوە دەکریت دوای ئەو کۆبوونەوەیە کۆنگرەیەك لە سنە بەسترا بێت، ئێوەش لە مانگی تەمموزی (1987) لە ناوچەی پشدەرو بتوێنەوە چوونەتە ئەوێ‌و بەشداریتان لەو کۆنگرەیەدا کردووە، هەر لەوێشدا بزووتنەوەی ئیسلامیی راگەیەنراوە؟**

ـ نەخێر کۆنگرە نەبوو، من لەگەڵ خەڵکی ناوچەی خۆمان چوومە ئەوێ، وەکو گوتم پێشتر لەگەڵ مامۆستا مەلا عوسمان قسەمان کردبوو، لەگەڵ مامۆستا شێخ عەبدوللەتیف پەیوەندیمان هەبوو، لەگەڵ مامۆستا شێخ موحەممەد پەیوەندیمان هەبوو، لەگەڵ مامۆستا نەوڕەسی‌و هەموو ئەوانە تێکەڵی‌و هاموشۆمان هەبوو، هەندێکیان هاتووچۆی خێزانیمان هەبوو، کاتێك چوومە ئەوێ و زانیم مامۆستا مەلا عوسمان بووە بە برا گەورە، ئیتر لەگەڵ ئەو دانیشتمو هەندێ قسەو باسمان پێکەوە کردو ئیدی منیش بەیعەتم بە جەنابی مامۆستا مەلا عوسمان دا، ئەوە یەکەمجار بوو بەیعەت بدەم، ئەگینا نە بەیعەتم دابوو بە مامۆستا شێخ عەبدوللەتیف، نە بە مامۆستا شێخ موحەممەد پێش ئەو.

بەهەرحاڵ ئەوە کۆنگرە نەبوو، بەڵکو هەر ئەوەبوو کە دوای ئەوەی مامۆستا شێخ عەبدوللەتیف شوێنی خۆی بۆ مامۆستا عوسمان چۆڵکردو کۆبوونەوەیەك بەسترا نەك کۆنگرە، کۆبوونەوەکە کە لە ماڵی مامۆستا شێخ موحەممەد بوو، دوایی من بە نوێنەرایەتی خەڵکی پشدەرو بتوێنو ئەو مامۆستاو خەڵکانە چووم کە هەندێك لەوانە برایانی موسڵمان بوون، یاخود لە ژێر کاریگەریی فیکری ئەواندا بوون، گوتیان ئەگەر تۆ بەیعەت بە مامۆستا مەلا عوسمان بدەیت ئێمە هەموو لەگەڵداین، هەرچەندە کە بەیعەتم پێداو دوایی گەڕامەوە زۆربەیان لەگەڵدا نەبوون، جا مەگەر کۆبوونەوەکەی ماڵی مامۆستا شێخ موحەممەدیان ناونابێ کۆنگرە ئەوە بە هیچ پێوەرێك کۆنگرە نەبوو.

**+ لەو کۆبوونەوەیەدا بنەماکانی ئەو حزبە داڕێژرا؟**

ـ نا، چونکە ناوگۆڕین بوو، نەك دامەزراندنی حزب.

**+ لەوێدا ناوی بزووتنەوەی پەیوەندی گۆڕا بۆ بزووتنەوەی ئیسلامیی؟**

ـ بەڵێ، پێشتر لە (1986) چوومە هەڵەبجەو لەگەڵ مامۆستا مەلا عوسمان دانیشتمو وتم مامۆستا ئەو برایانە لە دەرێنو خەڵکێك چووە، ئێمەش ئەگەر بچینو ناوەکەشی بگۆڕینو وشەی پەیوەندی لێبکەینەوەو بڵێین بزووتنەوەی ئیسلامیی بۆ ئەوەی ناوەکەی گشتگیرتر بێت، دواتر کە مامۆستا مەلا عوسمان چووە دەرو هەڵبژێردرا بە رابەر، هەر ئەو کاتە ناوەکە گۆڕا بە بزووتنەوەی ئیسلامیی، دەربارەی میکانیزمی گۆڕینی ناوەکە وردەکارییم یاد نییە، بەڵام وەکو شتێکی ئوسوڵیو حزبی نەبوو، ناگونجێ بڵێم ئەو کاتە بزووتنەوەی ئیسلامیی دامەزراوە، چونکە مامۆستا مەلا عوسمان بوو بە رابەری کێ؟ ئەی مامۆستا شێخ عەبدوللەتیف شوێنی بۆ کێ چۆڵکرد؟ پێشتر مامۆستا شێخ عەبدوللەتیف چی بوو؟ پێشتر ئێمە شەهیدمان هەبوو، شەهید (ئازاد، فاروق، تەها)، کاك ئازادو شەهید تاهیرو کوڕەکەی کە لە بۆردومانی مەریوان شەهید کران، کە بە مەریواندا هاتمەوە لە سەردانی شێخ قادر کە ئەوان پێشتر لەشکری ئیسلامیی بوون، لەشکری ئیسلامیی هەڵوەشا بوو، لەسەر

داواکاری حاجی مەهدیو مامۆستا نەوڕەسی و کاك حەسەن حەمە خالیدو ئەوان سەردانی شێخ قادرم کرد، رۆژێك بەر لە هاتنەوەم شاری مەریوان بۆردومان کرابوو.

مەبەستم ئەوەیە کە پێشتر بزووتنەوەی پەیوەندی هەبووە چەکدارو رێکخستنی هەبوو، ئەگەرنا مامۆستا مەلا عوسمان خودی خۆی چوو بوو بە رابەرو برا گەورەی کێ؟ ئەگەر ئەوکاتە بزووتنەوە راگەیەنراوە؟ دیارە واقیعێك هەبووە، بۆیە ئەوە ستەمە لە جوهدی ئەو خەڵکەی پێشتر، چونکە ئەو کاتە مەفرەزەی چەکدار هەبوو، بنکەو بارەگا هەبوو، دەور بینرابوو، شەهید درابوو، چالاکی نوێنرابوو، خەڵك هەبوو لە مەلەکان لە قەرەداغ لە بۆسکان، کە مامۆستا مەلا عوسمان چوو، کرا بە رابەر، بەس ناوی حزبەکە گۆڕا، وەکو چۆن ئێمە دەڵێین لە دوای کۆنگرەی یەکەمی بزووتنەوەی یەکبوونی ئیسلامیی هەر ناوەکەمان گۆڕی بۆ کۆمەڵی ئیسلامیی، ئەگەرنا هەر بزووتنەوەی یەکبوونی ئیسلامیی پێشووین، درێژەپێدەری ئەوین، چونکە خەڵکەکە لەناو ئێمەدا خۆی بینیەوە، بەڵام ناومان گۆڕیوە، خەڵکەکەی بزووتنەوەی پەیوەندی ئیسلامیش هەر لە نێو بزووتنەوەی ئیسلامیدا خۆی بینییەوە، هەر ئەو خەڵکە بوو جگە لە مامۆستا مەلا عوسمانو مامۆستا مەلا عەلی برایو مامۆستا مەلا عومەرو هەندێ خەڵکی هەڵەبجە، بەلام خەڵکەکەی تر هەر هەبوو، وەکو بڵێین بەشێك لەسەرکردە هاتنە پێشەوە.

**+ بەر لە راپەڕینی ئازاری (1991) بزووتنەوەی ئیسلامیی دوو کۆنگرەی بەست، ساڵی (1988) کۆنگرەیەك لە برالەو ساڵی (1990) کۆنگرەیەك لە دزڵی، شێوازو میکانیزمی بەڕێوەچوونی کۆنگرەکان چۆن بوو؟**

ـ ئەوەی برالە من نەچووم، کاك مەلا شەریفم بە نوێنەرایەتی خۆم نارد، وتاریشی دابوو، پێموایە لەو کۆنگریەدا یەکەم دەنگم بەدەست هێنابوو، بەڵام وردەکاری کۆنگرەم لا نییە، رەنگە هەر زیاتر شێوەیەکی نارێکوپێکی هەبووبێ، خەڵکێك کۆبوونەتەوەو هێندێ قسەو باس کراوەو هەندی وتار دراوە، نەك وەکو کۆنگرەیەکی رێکخراو و ستانداردو بەڕێو جێ، بەڵام ئەوەی ساڵی (1990) لە دزڵی تێیدا بەشدار

بووم، دیاره کۆنگرەکانی بزووتنەوەی ئیسلامییو بزووتنەوەی یەکبوونی ئیسلامیی کە یەك کۆنگرەی بەست، دەتوانم بڵێم هەموویان لە هەڵبژاردنی سەرکردایەتیدا خۆی دەبینیەوە، کۆنگرە بوو یان کۆنفرانس، هەر بۆیە من ئێستا بە برایانی خۆمان دەڵێم، ئەو تێگەیشتنەی لە مێشکتاندایە دەربارەی بەستنی کۆنگرە، لە مێشکی خۆتانی دەرکەن، کۆنگرە بریتی نییە لە هەڵبژاردنی سەرکردایەتی، برتییە لە بەخۆداچوونەوە، چاوگێڕانەوە بە بەرنامەی کارو جموجوڵو چالاکی لە رووی بەرنامەی فیکریو پەروەردەییو سیاسەتی شەرعییو ئامانجەکانو پەیوەندییەکانو هەڵوێستەکان، جا وەکو گوتم هەموو کۆنگرەکان زیاتر بۆ ئەوەبوون کە تەنگژەیەك یان قەیرانێك بووەو ویستراوە لە فلان کۆنگرەدا چارەسەر بکرێت، هێندێ خەڵك لە سەرکردایەتی دوور بخرێتەوەو خەڵکی نوی بهێنرێتە ناو سەرکردایەتییەوە، کۆنگرەکان زیاتر خۆی لە هەڵبژاردنو دەستکارییکردنو چارەسەری کێشەی سەرکردایەتیدا دەبینییەوە.

**+ گرفتی بزووتنەوەی ئیسلامیی لەو قۆناغەدا لە چیدا خۆی دەبینیەوە؟**

- ئەو قۆناغەی ئەوکات.

**+ بەڵێ بەر لە ساڵی (1991)؟**

- هەر سەرەتا کە جەنابی مامۆستا مەلا عوسمان هاتە ناو ئیشەکە لەبەرئەوەی مامۆستا بەرەحمەت بێت پیاوێکی باش بوو بەڕێزو بە تەقوا بوو کرایە رابەر، بەڵام لێی نەدەزانی، لە ئیدارەی کاری ئیسلامییدا هیچ ئەزموونێکی نەبوو، لەلایەکی دیکەوە خزمەکانی و دەوروبەری سوودی خراپ (سوء الاستفادة)یان لە پلەو پایەو داراییو پەیوەندییەکانی بزووتنەوە وەردەگرت، بێگومان ئەوانە گرفتمان بوون، دیارە ئەمەش کەموکورتی تری پەیدا دەکرد، تەکەتول دروست دەبوو، باڵو تەوژمی دژ بە ئەو دروست دەبوو، باس لەوە دەکرا چۆن چاکسازیی بکرێت؟ چۆن راست بکرێتەوە؟ جا هەبووە مەبەستی راستکردنەوە بووە، هەبوو مەبەستی بەدەستهێنانی ئامانجێکی تایبەتی خۆی بووە، پێویست ناکات ناوی کەس بهێنم،

بەڵام بە دڵنیاییەوە کەسی واش هەبووە بەکردەوە ویستوویەتی ئاراستەو کارەکە راست بکاتەوەوە، بچێتەوە سەر سکەی شەرعو گرفتەکان چارەسەر بکرێت.

رەخنەی خەڵك ئەوەنەبوو کە ئەو مامۆستایانەی سەرپەرشتی کارەکە دەکەن دڵسۆز نین، بە زۆری لەبەرئەوە بوو کە لێی نازانن، هەروەها گلەییەکی تر ئەوە بوو کە خەڵك کەمتر بەرخۆدانی پێوە دەبینین، بۆ وێنە ئێمە زۆرێك لە موعاناتمان ئەوەبوو کە ئەوانماڵیان لە سنە بوو، دەمانگوت وەرن ماڵەکانتان بێننە سەر سنوور، من هەر یەکەم رۆژ کە دەستم کرد بە دروستکردنی هێزی حەمزەو چووینە دەر ماڵەکەم بردە قەڵاتووکان، خەڵکی تر ماڵی لە تەنیشت خۆی بوو، پێمان دەگوتن بەلای کەمەوە ماڵەکانتان بێننە سەر شارە سنوورییەکانو لە قوڵایی ئێراندا مەبن، بۆ ئەوەی زیاترو باشتر ئاگاداری کێشەو گرفتەکان بن، کەواتە کەمتر پێوە بینینی لەخۆبوردەیيو قوربانییدان، پاشان لێنەزانیو نەشارەزایی دوو خاڵی لاواز بوون لە سەرکردایەتی ئەوکاتەدا هەبوون بە هەموومانەوە، بەڵام زیاتر هی مامۆستاو ئەوان دەردەکەوتن، چونکە کێ شوێنی بڵندتر بێت عەیبەکانی زیاتر دەردەکەوێت، ئەوکاتە پەندێکم هەبوو دەمگوت ئیشی ئیسلامیی دەبێت ریشی تێدا سپی بکەی نەك بە ریشی سپی دەست پێ بکەی، چونکە کەسێك بە ریشی سپی دەست بداتە کارێك لێی نازانێ.

**+ ئەوەی لە کتێبی (دەردو دەرمانی بزووتنەوەی ئیسلامیی)دا نووسیووتە، پێتوایە تەواو رەنگدانەوەی واقیعی ئەوکاتەی بزووتنەوەی ئیسلامییە؟**

ـ هەڵبەتە هەر وتەی خوا کەموکورتی تێدا نییە، بەڵام نەك هەر ئەوە بەڵکو هەر شتێکم نووسیوەو دەنووسمو دەیڵێم، هەوڵمداوە جارێ ئەوەبێ کە خۆم قەناعەتم پێیەتی، پاشان هەوڵمداوە شتێك نەڵێم پێچەوانەی واقیع بێت، ئەرێ وەڵڵا بەدەردی کابرا دەڵێت ئێستاش لەگەڵ خاڵو فاریزەکانیدام کە بە کردەوە رەنگدانەوەی ئەو واقیعە تاڵەی ئەو کاتەمان بوو، دەردەکەم دەستنیشان کردووەو دەرمانەکەم چۆن دیاری کردووە ئێستاش هەر هەمان قەناعەتم هەیە بۆ ئەوکاتە.

**+ بەياننامەيەكم لايە مێژووی ساڵی (1990)ی لەسەرەو پارتێك راگەيەنراوە بەناوی (كۆمەڵەی ئيسلاميی لە كوردستان)و مامۆستا كرێكار كەسی يەكەمی پارتەكە بووە، جەنابت چەندە ئاگاداری ئەوەيت؟**

ـ ئەوكاتە ؟

**+ بەڵێ ساڵی (1990) پارتەكە راگەيەنراوەو گۆڤارێكيان دەركردووە بەناوی (الشهداء)؟**

ـ ئەو كاتە مامۆستا كرێكار يەكێك بوو لەوانەی كە دەيويست سوودێك ببينێ لەو كێشەو گرفتانەی نێو بزووتنەوەی ئيسلاميی، ئەويش شتێك بكات، مامۆستا كرێكار لەناو ئيشەكاندا نەبوو، لە پاكستان بوو، بەڵام جار جارێك دەهاتەوەو دەيويست سوودێك ببينێ، ديارە من هەميشە سەرقافڵەی ئەو تەوژمە بووم كە دەيويست كەموكورتييەكان چاك بكرێتو هەڵەكان راست بكرێتەوە، بەڵام شێوازی من هەميشە رووبەڕوو بوو، قەناعەتم بە شتی ژێربەژێر نەبوو، مامۆستا كرێكاريش باسی ئەوەی دەكرد دەبێت كەموكورتييەكان چارەسەر بكرێنو هەڵەكان راست بكرێنەوە، مامۆستا كرێكار جارێك هاتەوە، بەڵام نەگەيشتينە يەك، چونكە من وتم قەناعەتم بەوەيە بچين رووبەڕوو بە مامۆستا مەلا عوسمان بڵێين ئەوە وانابێ‌و ئاوا دەبێت، باوانەكرێ‌و ئاوابكرێ، چونكە مادام بەيعەتمان بەو مامۆستايەداوە نابێت لە پشتی ئەوەوە هيچ بكەينو هەرچی دەكەين دەبێت رووبەڕوو بێت، بەڵام مامۆستا كرێكار بڕوای بە شێوازێكی ديكە هەبوو كە من پێم شەرعيی نەبوو، ئەويش ئەوەبوو كە دەيگووت دەبێت ئێمە هەموو شتێك تەواو بكەينو برا گەورە دابنێينو پرۆگرام بنووسينو هەموو شتێك تەواو بكەينو دوايی بڵێين مامۆستا مەلا عوسمان ئاوامان كردووەو ئاگاداری بكەين، من پێموت ئەوە بە شەرعيی نازانم، چونكە ئێمە تائێستا بە مامۆستامان رانەگەياندووە كە ئەوە پەيمانمان لەگەڵ تۆ هەڵوەشاندوەتەوە، دەبێت بچين ئيقامە حوجەی لەسەر بكەين، جا مامۆستا كرێكار تاڕادەيەك لەگەڵ منيش تۆزێك نيگەرانی هەبوو، دوايی هەندێ شتی لەسەر من نووسيبوو، نازانم ئەگەر

ئەو شتانەت دەستکەوتبێ؟ دیارە من هەر وەڵامم نەدایەوە، ئەو نوسیبووی ئەوە فڵانە کەس نەیهێشت هەوڵەکانمان سەربگرێت.

هەروەها قەناعەتیشم بەوە نەبوو کە وەکو جیاییو ئەوانە کاربکرێت، هەر ئەو کاتەش زۆر لە برایانی خۆمان زۆر سەغڵەت دەبوون، تەنگاو دەبوون، دەیانگووت با شتێك بکەین جیا ببینەوە، من دەمگوت کاکە من قەناعەتم بەوە نییە، لە کێ جیا ببینەوە؟ ئێمە وەکو بزووتنەوەی ئیسلامیی ئەو خەڵکە بە هی خۆمان دەزانین، چۆن لە خەڵکی خۆمان جیاببینەوە؟ بەڵکو دەبێت هەر چاکی بکەینەوەو راستی بکەینەوە، جا رەنگە لەو سەروبەندەدا مامۆستا کرێکار ئەو ناوەی ئیبراز کردبێت، چونکە دوایی نەبوو بە واقیع، بەڵام ساڵی (1991) مامۆستا کرێکار شتێکی کەی دروست کرد بارەگایەکیان دانابوو، من چووم هێنامەوە ناو بزووتنەوەی ئیسلامیی.

**+ وردەکاری ئەوە چۆن بوو؟**

- بەڵێ، وردەکارییەکەی ئەوەبوو مامۆستا کرێکار شتێکی دروستکرد.

**+ بەناوی کۆمەڵەی ئیسلامییەوە بوو؟**

- وەڵڵا نازانم بەچ ناوێکەوە بوو، سەربازگەیەکیشیان دانابوو.

**+ دوای راپەڕینی (1991) بوو؟**

- بەڵێ، دوای راپەڕین لە قەزای سۆران سەربازگەیەکیان دانابوو، مامۆستا مەلا عەلی نامەیەکی بۆ ناردم نووسیبووی کە تۆ دەبێ بچی کرێکارو جەماعەتەکەی بگریو بیانهێنی، دیارە ئەو نامەو شتانەم هەڵنەگرتووە، منیش وتم ئەوە ئیشی من نییە بچم خەڵك بگرم، بەڵام دەچم دەیهێنمەوە نێو بزووتنەوەی ئیسلامییو بەبێ ئەوەی پەنا بەرینە بەر هۆکاری تر، دیارە خەڵکەکەی نێو بزووتنەوەی ئیسلامیی زیاتر لە ژێر کاریگەریی فیکری مندا بوونو بەقسەیان دەکردم، چوومە لای مامۆستا کرێکارو پێموت دەبێت بێیتەوە ناو بزووتنەوەی ئیسلامییو ئەو ماڵ جیاییەش نەکەی، قەناعەتم پێهێنا ئەوەبوو کە مامۆستا کرێکار دروشمێکی نووسیبوو (قەڵغانی شێرو تیر، کرێکارو عەلی باپیر)، شتێکی ئاوای نوسیبوو، گرنگ ئەوەیە ئاوا خۆیو

منی به دوو شت دانابوو بۆ خزمەتی ئیسلام، جا کە مامۆستا کرێکارم هێنایەوە ناو بزووتنەوە، کردمان بە بەرپرسی مەکتەبی عەسکەری، دیارە ئەو کاتە وامان پێ باش بوو، مامۆستا کرێکاریشمان تاقیی نەکردبووەوە، هەڵبەتە لە کاروباری سەربازیشی دەزانیو شارەزایی لە مەشقو ئەوانەدا هەبوو، هەندێ خەڵکی عەسکەریشی بە دەوروبەرەوە بوو، منیش زۆر داکۆکیم لەوە کرد کە بکرێتە بەرپرسی مەکتەبی عەسکەری، بەڵکو کاری سەربازییمان بۆ رێکبخات.

**+ لە سەرەتای دامەزراندنی بزووتنەوەدا پەیوندیتان لەگەڵ ئیخوان موسلمین چۆن بوو؟**

- بلێ ناوی بزووتنەوەی پەیوەندی ئیسلامیی دەگوڕدرێ بۆ بزووتنەوەی ئیسلامیی، نەك دادەمەزرێت، چونکە راستییەکەی ئاوابوو، بۆ ئەوەی ستەم لەو خەڵکە نەکەین کە واقیعێکیان دروستکردبوو، کە خۆشم یەکێك بووم لە دروستکەرانی، چونکە ئەو کاتە ماڵم لە ماخۆبزنان بوو، مامۆستا نەورەسیو مامۆستا مەحمودی ئازادیو برایان وەکو مەفرەزە دەهاتن دەمبردنە ناو شاری رانیە، برایانی رێکخستنی ناوەوە دەهاتن لە ماڵی من لەگەڵیان دادەنیشتن، هەروەها یەکێك لەوانە مامۆستا مەلا موحەممەد کونەفلوسی بوو کە دوایی لە هەولێر لەسێدارە درا کە هاتۆتە ماڵی من لە ماخۆبزنان، مەبەستم ئەوەیە ئەو کاتە واقیعێك هەبوو، کە لە راستییدا ناوی بزووتنەوەی پەیوەندی ئیسلامیی بوو، هەم وەکو رێکخستن شتێکی سەرەتایی هەبوو، هەم وەکو سەرکردایەتی هەبوو، وەکو باڵی سەربازیش لەشکری قورئان هەبوو، ئەوە وەکو شتێکی ویژدانی، ئەوجا شەهیدیش درابوو، ئەی شەهیدەکان لەسەر کێ حساب بکەین؟

**+ بەڵێ، ئەگەر بچینەوە سەر پرسیارەکەی پێشوو، سەبارەت بە پەیوەندیتان لەگەڵ ئیخوان موسلمین بەپێی ئەو زانیارییانەی لای منە ساڵی (1987) مامۆستا سەلاحەددین موحەممەد بەهادین نامەیەکی دکتۆر نوعمان دێنێت بۆ مامۆستا عوسمانو داوای دەستبەردار بوونی کاری چەکداری لێدەکات، دیارە لە**

**(1985)ەوە مامۆستا عوسمان بەرپرسی ئیخوانەکانی کوردستان بووە، ئەمە چ کاریگەرییەکی لە پەیوەندییەکانی نێوانتان کرد؟**

ـ دیارە کێشمەکێشم هەبوو، من ناسراوێتیم لەگەڵ مامۆستا سەلاحەددین‌و مامۆستا سدیق دەگەڕێتەوە بۆ سالآنی (1980- 1981)، ساڵی (1981) مامۆستا سەلاحەددینم لە پاوە بینی، مامۆستا سدیقیش لە هەڵەبجە بینیم، ئەو کاتە هەردووکیان ئیخوان بوون، دیارە بە فیکر ئیخوان بوون، چونکە بۆ زانیاری جەنابت ئیخوان لە ساڵی (1970)ەوە وەکو خۆیان گوتوویانە وەکو رێکخستنی رەسمی بوونیان نەماوە، بەڵکو وەکو فیکرو تەوژمێك هەبوون، جا دیارە ئەوان بزووتنەوەی ئیسلامیی‌و پێشتریش بزووتنەوەی پەیوەندیی ئیسلامییان بە موزاحیمی خۆیان دەزانی لە گۆڕەپانەکەدا، چونکە پێیان وابوو بەوپێیەی ئەوان کاتی خۆی هەبوون، دەبێت جموجووڵی ئیسلامیی هەر هی ئەوان بێت، جا ئەگەر مامۆستا مەلا عوسمان رۆژێك لە رۆژان ئیخوان موسلیمن بووە، یەکێکی وەکو بەندە هەرگیز ئیخوان موسلمین نەبووم، ئەوانیش هەستیان دەکرد کاریگەریمان لەسەر خەڵك هەیەو ئەوانە، لەبەرئەوە باسیان دەکردین، هێندێ لە وتارەکانی من کە لە قەڵاتووکان داومن، نازانم ئەگەر جەنابت گوێبیستیان بووبیت، هەندێکیان بۆ ئەوان بوون، ئەوان قسەیان دەکرد دژی ئێمە یان دژی ئەو تەوژمە ئیسلامییە نوێیەی کە تازەیەو چەکی پێیە، دەبێت ئەوەش بگووترێ بەرلەوەی بڕوامان بە خەباتی چەکداری هەبێت، بڕوامان بە خەباتی رێکخستن و هۆنینەوەوە تێگەیاندنی خەڵك‌و پێگەیاندن‌و پەروەردەکردنی خەڵك هەیە، بە تایبەتی لە قۆڵی منەوە، زۆر کارم لەسەر ئەوە کردبوو، مەبەستم ئەوەیە ئەگەر بزووتنەوەی ئیسلامیی هەر لە چەکەکەیدا کورت بێتەوە ستەمە لە بزووتنەوەی ئیسلامیی دەکرێت، چونکە بەرلەوەی چەکدار هەبێ نەواتێکی رێکخستن هەبووەو هۆشیاری هەبووەو پەروەردەکردن هەبووەو تێگەیاندنی خەڵك هەبووە، ئەو هۆشیاری‌و تێگەیاندن‌و پەروەردەکردنە پاڵی بە خەڵکەوە ناوە چەك هەڵگرێ بۆ بەرگریی لە مەزڵومییەتی میللەتەکەی لە ژێر ئاڵای

ئیسیلامدا، جا ئەوکاتە برایانی موسڵمان نیگەران بوون بەوەی کە تەوژمێکی ئیسلامیی بە نەفەسێکی تازەوە بە بارێکی تازەوە دێتە پێشێ، باسیان دەکردین دەیانویست خەڵکمان لێ ساردکەنەوە، ئەوە هەبوو، ئیدی مەرجیش نییە لە هەموویانەوە بووبێت، بەڵام خەڵکیان هەبوو کە ئێمەی بە موزاحیم دەزانی، یاخود بە زیادەیان دەزانین لە گۆڕەپانەکەدا، دیارە ئەو کاتە قسەوباسو تێکگیران دەبوو، جا لە ئۆردوگاکانی سەریاسو کامیارانو ئەوانە زیاتر بوو، لە ناوچەکانی ئێمە کە ئەو کاتە ئیخوان لاواز بوون ئەوە نەبوو، بەڵام جار جار هەندێ خەڵکیان لێ سارد دەکردینەوە، پێشمەرگەیان سارد دەکردەوە هێندێ قسەیان دەکرد پێچەوانەی برایەتی بوو، منیش لە وتارو ئەوانەدا ئاماژەم بەو شتانە دەداو بە کاسێت بڵاودەکرانەوە، ئەوانیش پێی قەڵس دەبوون، لای ئێمەوە ئاوابوو، دیارە لە ئۆردووگاکانیش دەمەدەمو شەڕەقسەو شتی ئەوانەیان بووە، ئەوان ویستوویانە کە مامۆستا مەلا عوسمان دەست نەداتە کارەکە، دییارە دکتۆر نوعمان ئەو نامەی بۆ نووسیوە، خەڵکی دیکەشیان هەبووە کە وتوویەتی مامۆستا ئەوە شتێکی هەڵەیەو ئەوە مەکە، ئیدی مامۆستاش بە رەحمەت بێت قەناعەتی وابووە نەخێر هەر ئەو شێوازە کۆنەی برایان بەس نییەو دەبێت بە شێوازی دیکە کار بکرێت، ئەوەش یەکێکە لە چاکەکانی مامۆستا خوا پاداشتی بداتەوە، هەرچەندە من قەناعەتیشم وانییە کە مامۆستا مەلا عوسمان ئیخوانێکی زۆر تۆخ بووبێت، بەڵکو پیمۆایە ئیخوان موسلمین زیاتر سوودیان لە کەسایەتی مامۆستا وەرگرتووەو خۆیان تێهەڵسووە، مامۆستا زانایەك بوو، من لە هەڵسوکەوتم لەگەڵ مامۆستاو شارەزاییم لێی وام هەست نەدەکرد پیاوێکی زۆر حزبی بێتو پەروەردەیەکی ئیخوانی حزبی کرابێت کە دواتر لە خەڵکی دیکە دا دەمبینی.

**+ مامۆستا، ئەی سەبارەت بە جۆری پەیوەندیتان لەگەڵ حزبە کوردستانیەکاندا لە سەردەمی بزووتنەوەی ئیسلامیی، هیچ رێککەوتن لە نێوانتاندا هەبوو، یاخود لەو قۆناغەدا هیچ شەڕو پێکدادان لە نێوانتاندا رویداوە؟**

ـ ئەوەی من ئاگادارېم ساڵی (1987) لە چوارچێوەی وەفدێکدا، مامۆستا مەلا عەلیو مامۆستا شێخ موحەممەد بەرزنجیو کاك شێخ نەجمەدینێکمان هەیە هەڵەبجەیی ئەویش بوو لەگەڵ یەك دوو کەسی دیکەش، نازانم مامۆستا شێخ عەبدوللەتیف بە رەحمەت بێت لەگەڵدا بوو یان نا، چووین لە گوێزێ لەگەڵ یەکێتیی دانیشتینو رێکەوتنمان لەگەڵدا ئیمزا کردن، لەگەڵ سۆشیالیست لە کاولان لەگەڵ رەسول مامەندو ئەوان رێکەوتنمان ئیمزا کرد، لەگەڵ پارتی لە راژان کاك مەسعود لەوێ بوو رێکەوتنمان ئیمزا کرد، ئەوە کە سەرەتا دەستبەکاربووین وەکو بزووتنەوەی ئیسلامیی.

لەوماوەیەدا مام جەلال گوتبووی پێمان خۆشە ئێوەش هەبنو تا ئێستا بۆشاییەك هەبووەو بەناوی ئایینەوە بەرگریی لە میللەت نەکراوە، هەڵبەتە یەکێتیی کارئاسانی بۆ کردین، بەڵام لە راستییدا لە هەر شوێنێك کە ئێمە جموجوڵو چالاکییو گەشەکردنمان هەبوو پێمان قەڵس دەبوون، بۆ وێنە لە قەڵاتووکانو ئەوانە یەك دوو جار خەریك بوو تێکبگیرێین، لەگەڵ یەکتر کەوتینە ئامادەباشییەوە، هەروەها لە قاسمەرەشو نێوزەنگو لە نۆکان، ئێمە بارەگامان هەبوو، هەرچەندە بە ئاگاداریو رێککەوتنی ئەوانیشو پارتیو شیوعیو سۆشیالیست چووین، بەڵام لەیەك کەوتینە ئینزارەوە، مام جەلال ماوەی (48) کاتژمێری بۆ ئێمە دانابوو، بەڵام سەری نەکێشا بۆ تەقە لەیەکتر کردن، مەبەستم ئەوەیە کە دەیانزانی لە شوێنێك خەڵکی زۆر دێت بەلامانەوەو خەڵك دەکەوێتە ژێر کاریگەرییمان بەبوونمان قەڵس دەبوون، بەڵام بە شێوەیەکی گشتیش مامەڵەیان لەگەڵ دەکردین، دیارە خۆشیان سوودیان لێدەبینیو بۆ ئێمەش باش بوو.

پارتیش ئەو کاتە بەراستی لە ناوچەی سۆران ئەو هێزو دەسەڵاتەیان نەبوو، قسەی خۆمان بێت ئەوانیش چەوساوە بوون، ئەوکاتە یەکێتیی خۆی بە کوێخا دەزانی، جارێك لەگەڵ بەرپرسێکیاندا کەوتمە گفتوگۆ ناوی کاك هەڵۆ بوو، پێیان دەگووت هەڵۆی ئەحە سمیڵ، بەرپرسی تیپی سەربازی بوو لەوێ، گووتی: مامۆستا

ئەگەر نەتزانیوە یەکێتیی نیشتمانی خۆی بە کوێخای کوردستان دەزانیو پارتیو شیوعییو پارتی گەلو سۆسیالیستو ئەوانەش هەموو ئەوەیان لێسەلماندووین، ئێمە بە راستی خۆمان بە کوێخای کوردستان دەزانین، چونکە ئێمە زیاتر شەهیدمان داوەو خەباتمان کردووە. گوتم: کاك هەڵۆ، گوتی: بەڵێ. گوتم: جا ئێمە خۆمان لەگەڵ رژێمی بەعس لەسەر کوێخایەتی تێکگیراوین ، دەڵێین نابێ کوێخا بیت، ئێستا چۆن دەبێت لەسەر یەکتر ببینە کوێخا؟ گوتی: جا وەڵڵا ئەوە واقیعێکە من پێت دەڵێم. وتم: جا با منیش پێت بڵێم. وتی: بەڵێ، وتم: وەڵڵاهی کاکە گیان ئیسلام خەڵکی خۆی پەروەردە دەکات بە کوێخایەتی کەس رازی نابێت، بەس بە خوایەتی خوا (جل شأنه) کەس بە کوێخا نازانێتو هیچ کەس لە خۆمان بەزیاد نازانین، وەکو یەکین بە تەباییو برایی دەتوانین پێکەوە بین، جا ئەوەبوو دوایی مامۆستا مەلا عوسمان لەگەڵ مام جەلال بە نامەو شت هاتنە ناو شتەکەوە، یەك دوو جار لە یەکتر کەوتینە سەنگەرو دوایی کۆتایی پێدەهات، رەنگە خەڵکیان گرتبێتو لێك دامەزرابین، بەڵام سەری نەکێشاوە بۆ خوێنرژان.

**+ ساڵی (1988) بەرەی کوردستانی پێکهات، بەڵام بزووتنەوەی ئیسلامیی بەشداریی لەو بەرەیەدا نەکرد، پێتوانییە ئەمە هەڵەیەکی سیاسیی بزووتنەوەیە؟**

- وەڵڵاهی بە هەڵەی نازانم، چونکە ئەوان کۆمەڵێك پرەنسیپیان هەبوو کە بە گونجاومان نەزانیوە، چونکە دەبوو پابەندبین بەو پرەنسیپانەوە کە بەرەی لەسەر بنیاد نراوە، ئێمەش ئەو پرەنسیپانە یان هەندێکیمان لەگەڵ رەوتو تێڕوانینی خۆمان بە گونجاو نەدەزانی، بە کورتی ویستمان سەربەخۆیی خۆمان لە دەست نەدەینو نەبینە بەشێك لە بەرەیەك کە ئەوان تێیدا زۆرینەنو دوایی بە بڕیارەکانی خۆیانەوە پابەندمان دەکەن.

**+ ئێوە رێککەوتنتان لەگەڵ زۆربەی پارتەکانی ناو بەرە هەبوو، ئەتانتوانی بە مەرج بەشداری بکەن؟**

ـ بەڵێ، ئێمە ڕێککەوتنمان لەگەڵ ئەو حزبانە هەبوو، هەرچەندە بەشداریی بەرە نەبووین، بەڵام گوتوومانە لەهەر مەسەلەیەکی پەیوەست بە خزمەتی وڵاتو میللەتو کوردایەتیو داواکردنی مافی ڕەوای میللەتو ئەوانە ئێمە تێیداین.

**+ ئەی سەبارەت بە پەیوەندییتان لەگەڵ ئێران، بزووتنەوەی ئیسلامیی چەندە توانیبووی سەربەخۆیی خۆی بپارێزێت؟**

ـ وەڵڵا پێموایە تارادەیەکی زۆر توانیوێتی پارێزگاری سەربەخۆیی خۆی بکات، ڕەنگە لە هەندێ قۆڵەوە هێندێ خەڵك پەیوەندی ژێربەژێرو تایبەتی هەبووبێت، بەڵام بە شێوەی گشتی وەکو شتی مەرکەزی و سیاسییو ئەوانە پێموایە زۆرجار زیادەڕۆییشمان لە مەسەلەی سەربەخۆیی خۆماندا کردووە، موداراتێك کە لە پارتیو یەکێتیی بینراوە ئێمە نەمانکردووە، با شتێکت بۆ بگێڕمەوە، لە سنە لەگەڵ بەرپرسی قەرارگای ڕەمەزان کە ناوی زولقەدر بوو دانیشتنمان کرد، ئەو کاتە بنکەمان لە قەڵاتووکان دانابوو، من بەرپرسی هێزی حەمزە بووم، ئەو بەرپرسە وتی: دەبێ هێندێ پاسدار لەگەڵ خۆتان بەرن. مامۆستا مەلا عوسمان گوتی: دەی ئەوە داوات لێدەکەن یەك دوو پاسدار لەگەڵ خۆت بەری. گوتم: وەڵڵا نایبەم، کابرای بەرپرسی قەرارگا گوتی: ئاخر دەبێ بیبەی وەکو هاوکاریو ئێمەش هاوکاریتان دەکەینو چەکتان دەدەینێ. گوتم: نە پاسدار دەبەمو نە چەکیشم دەوێ. گوتی: ئەوەتا یەکێتییو پارتی دەیبەن، گوتم: یەکێتییو پارتی بە عەقڵی خۆیان بەڕێوە دەچن، ئێمەش بە عەقڵی خۆمان، گفتوگۆکەمان توند بوو، گوتم: گوێتان لێ بێت، بە فارسی گوتم: لەتکە پاسدارێکیش نابەم، بەرپرسەکەی قەرارگا گوتی: ئەوە ئیهانەیە بە کۆماری ئیسلامیی، چونکە پاسدار لەت ناکرێت، گوتم: نا تۆ زانستی ڕەوانبێژیت نەخوێندووە، کاتێك شتێك دەبەسترێتەوە بە شتێکی مەحاڵەوە واتە هەر نایکەم، ئەگەرنا خۆ پاسدار لەت ناکرێت، من دەڵێم ئەگەر لەتیشی کەی هەر نایبەم، مەبەستم ئەوە نییە کە پاسدار لەت دەکرێت، ئیدی ئەوەبوو گووتی: باشە ئەی چەك لەکوێ دێنن؟ وتم: چەك پەیدا دەکەین، ئەوەبوو پاسدارەکەم نەهێناو چەکیشمان بۆ

خۆمان پەیدا کرد، جا مەرج نییە لە هەموو قۆڵەکانەوە ئەوە پارێزراو بێ، ئێمە وەکو مەکتەبی سیاسیی و سەرکردایەتی زۆرجار زیادەڕۆییمان دەکرد لە پاراستنی سەربەخۆیی خۆماندا، بۆ نموونە برادەرانی ئێران داوایان لێدەکردین وێنەیەکی ئیمام خومەینی هەڵواسین، یان باسێکی ئێران بکەین، ئەوەمان رەتدەکردەوە، هەڵبەتە شەرع رێدەدات هێندێك نەرمی نیشان بدەیت، ئێمە ئەو نەرمیەشمان نەنواندووە، بۆ ئەوەی نەکەوینە ژێر کۆنترۆڵو کاریگەریی کۆماری ئیسلامیی، بەڵام بە دڵنیاییەوە پێدەچێت خەڵك بووبێت سوودی تایبەتی لە پەیوەندی بە ئێرانەوە ببنیبێ، بەلام ئەوە بڕیاری مەکتەبی سیاسیی بزووتنەوە نەبوە.

**+ مامۆستا زۆر سوپاست دەکەم، ئەگەر شتێکت مابێت بیڵێیت و بەلاتەوە گرنگ بێتو ئێمە پرسیارمان لەبارەوە نەکردبێت؟**

– ئێستا شتێکی وام لە خەیاڵدا نییە یاخوا بەخێر بێن.

# دیداری پێنجەم:

# مامۆستا سەلاحەددین موحەممەد



سەلاحەدین موحەممەد بەهائەدین سادق، ساڵی (1950) لە شارۆچکەی تەوێڵە لەدایك بووە، ساڵی (1968) خانەی مامۆستایانی تەواو کردووە، لە نێوان ساڵانی (1971– 1981) مامۆستا بووە، لە (1965) پەیوەندی بە ئیخوانەوە کردووە، لە (1981) ئاوارەی ئێران بووە، لەوێ لەگەڵ چەند چالاکوانێکی ئیسلامیی هەوڵی دامەزراندنی رێکخراوێکی ئیسلامیی داوە، بەڵام سەرکەوتوو نەبوون، لەو ماوەدا وەکو کەسایەتییەکی چالاکی ئیخوان هەڵسوڕاوە، لەگەڵ کۆمەڵێك هاوکاریدا لە (1994/2/6) یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستانیان دامەزراندووە، لەو کاتەوە تا ئێستا ئەمینداری گشتیی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستانە، چەند بەرهەمی چاپکراوی بە هەردوو زمانی کوردیو عەرەبی هەیە.

مێژووی دیدار: 2009/5/9، بە رێگەی نامە گۆڕینەوە.

**+ سەرەتای پەیوەندیتان بە ئیخوان موسلمینەوە دەگەڕێتەوە بۆ کەیو لە ڕێگەی کێوە پەیوەندیتان کرد؟**

– هەر لە منداڵیەوە لەژێر کاریگەری ژینگەی خێزانیماندا پابەندی ئیسلامیم هەبوو، جگە لەوەی کە لە ساڵی (1965) لە ڕێگەی کاکمەوە مەرحومی مەلا عەلی موحەممەد بەهائەدین لە ڕێبازی برایانی موسڵمان نزیك بوومەوە.

**+ دوای ڕاگرتنی کاری ئیخوان لە عێراق لە (1971) ئێوە کارتان وەستاند یاخود هەر بەردەوام بوون؟**

– کارو چالاکی برایان لە کوردستان زیاتر بانگخوازیو پەروەردە بوو لەسەر ئاستی شارەکانو مزگەوتەکان، بۆیە بەو بڕیارەی بەغدا لە (1971) چالاکی دەعەوی ڕانەگیرا، بەڵام وەکو جاران لایەنی ڕێکخستن نەماو هەلی پەیدابوونی مەحاورو گروپ پەیدابوو.

**+ ئەو کەسانە کێ بوون کە پێکەوە کارتان دەکرد؟**

– لە سنووری هەڵەبجەو خورماڵو سلێمانی، مامۆستا عومەر ڕێشاوی، مامۆستا جەعفەر، مامۆستا ئیبراهیم ڕێشاوی، مامۆستا سدیق، مامۆستا هادی، مامۆستا حەسەن شەمێرانی، مامۆستا موحەممەد فەرەجو حەبیب موحەممەد سەعید.

**+ شێوازی کاری ئیسلامیی کوردستان لە حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو چۆن بوو؟**

– شێوازی کار پەروەردەییو بانگخوازی تاکەکەس بوو، خوێندنەوەی گۆڤارو کتێبو شریتی ئیسلامییو ئاهەنگگێڕان لە بۆنەکاندا وەکو مەولودو ئیسراو میعراجو هیجرەت، هەر لەو قۆناغەدا پەیامەکانی نوور گرنگی پێدەدرا.

**+ لە سەرەتای هەشتاکاندا چۆن دەستتان کردەوە بە کارکردن؟**

– ئەوەی ڕوویدا لە کۆتایی حەفتاکانو بە تایبەت دوای شۆڕشی ئێران لە (1979)، جموجوڵێکی زیاتر کەوتە نێوان گەنجەکانی شارەکانو هەوڵی ڕێکخستنی کارەکانی نێوان شارەکان پەیدابوو، بەڵام کە شەڕی ئێرانو عێراق دەستیپێکرد،

کێشـەی سـەربازیو فـێراریو بەجێهێشـتنی شـارەکانو چـوونە دەرەوەی وڵات بـۆ گەنجەکان پەیدابوو، ئەمەش پێویستی بە هەماهەنگیو هاوکاری زیاتر بوو، هەر بۆیە لە بەغداش کاری برایان لە ریزی گەنجەکاندا تاڕادەیـەك ڕێکخـرا، بـەڵام بـەبێ ئیزنـی سەرکردایەتی برایان کە ئەو کاتە دکتۆر عەبدولکەریم زێدان رابەر بوو، ئەوە بوو ئـەو ڕێکخستنە لە سەرەتای ساڵی (1987)دا کەوتە بەردەم هەڵمەتێکی دەستگیربوونی فراوان.

**+ دوای ئاوارەبوونتـان بـۆ ئێـران، بەشـداربوون لـە دامەزرانـدنی ئەنسـاری ئیسلام، دامەزرێنەرانی ئەو پارتە کێ بوون؟**

– لە سەرەتای ساڵی (1982) چووینە ئێران پاش ئەوەی کە ناچاربووین لەبـەر سـەربازی، لـەوێ کەوتینـە خۆکۆکردنـەوە لەسـەر ئاسـتی گەنجـە ئاوارەکـانی ئۆردوگاکانو هەندێك لەوانەی کە لە شارە کوردییەکاندا بوون، سەرئەنجام بڕیارماندا لەژێر لافیتەی (کۆمەڵەی ئەنساری ئیسلامیی) خۆمان کۆبکەینەوە.

دانیشـتنی یەکـەم ئـەم برایانـە بـوون: مامۆسـتا شـێخ عەبـدوڕڕەحمان ئـازادی، مامۆستا بورهان موحەممەد ئەمین، مامۆستا حەسـەن شـەمێرانی، مامۆسـتا عومـەر عەبدولعـەزیز، مامۆسـتا عـەلی موحەممـەد، مامۆسـتا موحسـین جـوامێر، ئەحمـەد حەسەن (ئەبویاسـر)، نەجمـەدین کرێکـار، موحەممـەد حەسـەن، موحەممـەد ئـەمین مەحمود، موحەممەد ئەمین ئیمامی.

**+ بنەما فکرییەکانی ئەو پارتە چی بوو؟**

– بنەما فکرییەکانی ئەم کۆمەڵەیە بریتیبوو لـە کۆکردنـەوەی ئـاوارە ئیسـلامییە عێراقییـەکان بـۆ پـەروەردەکردنو ئاراسـتەکردنیان بـەو شـێوازەی کـە ناسـنامەی ئایینیو مەزهەبیو ئەخلاقی خۆیان بزر نەکەن، رەسمییەت وەربگرین بۆ کارکردن بۆ کۆمەڵەکە بۆ ئەوەی دووچاری فشارو زەحمـەتی ئۆردوگـا نـەبین، دوو شـوێنمان داوا کرد لە مەریوانو جوانڕۆ بـۆ کۆکردنـەوەی ئەنـدامانمان وەکـو جێگـای ئامادەکـاری، ئاراستەی سیاسیشمان ئۆپۆزسیۆنی مەدەنی عێراق بوو.

**+ کرێکار دەڵێت ئەو پارتە بانگەشـەی جیهـادی دەکـرد، ئێـوە لـەو بـارەوە دەڵێن چی؟**

– نەخێر کـاری چـەکدارانە لـە بەرنامـەدا نـەبوو، هـەر لەبـەر ئـەوەش بـوو پـاش وتووێژێکی زۆر لەگـەڵ دەزگـای پەیوەنـدار لـە سـەرۆکایەتیی وەزیـران، کـە بـەهۆی کەسایەتییە عێراقییەکانەوە ئەوراقی کۆمەڵەکەمان گەیاند پێیان، وەڵامـی ئـەرێتیان نەداینەوە، چونکە بـە جـددی لـەو کاتـەدا داوایـان وابـوو کـە چـەکدار بـبن، ئێمـەش نەچـووینە ژێـر ئـەو داوایـە. بـۆ ئاگـاداری زیـاتر مامۆسـتا کرێکـار لـە کۆتـایی دانیشتنەکاندا هاتو بەشدارمان کرد، چونکە ئەو کاتـە لای (حرکـة الفـتح الاسـلامي) بوو، ئیتر لەو ساڵانەدا هاوکارمان بوو تا چوو بۆ پاکستان بۆ خوێندن، ئیتر لەوێ لـە ئێمـە دابـڕاو لەگـەڵ برایـانی تـریش نێوانیـان تێکچـوو، لـە (1988) چـووە ڕیـزی بزووتنەوەوە.

**+ کارو چالاکی ئەو پارتە چی بوو؟**

– ئـەو کۆمەڵـە وەکـو واقیـع دەسـتی بـەکار کـرد بـە کۆبوونـەوەی گەنجـەکانو دابەشکردنیان بەسەر لقو ناوچەکاندا، لەسەر ئاستی ئۆردوگاکان بـەرپرس دیـاریکرا بۆ دەزگا مەکەزییەکانی وەکـو ڕاگەیانـدنو پـەروەردەو ڕێکخسـتنو بانگـەواز، بـەبێ ئەوەی چاوڕێی وەڵامی حکومەت بین کەوتینە چالاکیو خۆناساندن بـە لێپرسـراوانی ئۆردوگاکان، ئەم کارە تا ساڵی (1985) بەردەوام بوو.

**+ بۆچی ئەو پارتە هەڵوەشایەوە؟**

– هەڵنەوەشایەوە بەڵکو گەشەی سـەندو فـراوان بـوو، بـەڵام نـەك لـە ژێـر ئـەو ناوەدا، بەڵکو بە ڕێکخستنێکی تۆکمەترو لە ژێر ناوی برایاندا.

**+ چۆن لە ئێران دەستتان کردەوە بە دروستکردنی ڕێکخستنەکانی ئیخوان؟**

– کارو چـالاکیمان بـەردەوام کـرد، پەیوەنـدیمان لەگـەڵ سـەرکردایەتی برایـانی عێراقی دەرەوە کرد، چالاکیمان چووە قۆناغێکی فراوانترو کەسایەتییە دیارەکان لە

ئۆردوگاکان هاتنە ناو شارەکانەوە. پەیوەندیشمان بە کەسانێکەوە پەیداکرد لە هاوڵاتیانی ئێرانی کورد کە کاتی خۆی لە عێراق خوێندبوویانو هەڵگری بیروڕای برایان بوون.

**+ تا ساڵی (1985) کەسە دیارەکانی هەڵسوڕێنەرانی ئیخوان لە ئێران کێ بوون؟**

– کەسی دیاری ئەو قۆناغە: ئەبو یاسر، ئەبو عامر، ئەبو حەمید، عومەر عەبدولعەزیز، ئەبو سەعد.

**+ پەیوەندیتان بە ناوخۆی کوردستانەوە چۆن بوو، لەگەڵ کێ پەیوەندیتان هەبوو؟**

– پەیوەندیمان لەگەڵ ناوخۆی کوردستانی عێراق هەبوو، بەڵام زیاتر خۆیان بەرپرسی کاری خۆیان بوون، چونکە بە شێوەی رەسمی نەدەبوو ئێمە دەست بخەینە کاری ناوخۆ، ئەو کەسانەش وەکو: مامۆستا حەسەن شەمێرانی، مامۆستا عەلی موحەممەد، مامۆستا بورهان، مامۆستا هیوا سابیر، مامۆستا حەسەن پێنجوێنی، مامۆستا فوئاد، مامۆستا موخلیس.

**+ کاک ناسری سوبحانی کەی پەیوەندی کردووە بە ئیخوانەوەو رۆڵی ئەو چۆن دەبینن؟**

– مامۆستای شەهید سوبحانی لە سەرەتای هەشتاکانەوە لە ئەنجامی خوێندنەوەی کتێبەکانی مەدرەسەی برایان فیکری برایانی قبووڵ کردبوو، پاش چوونی ئێمە بۆ ناوچەکەیان پابەندی بە کارەوە کرد، تا بووە کەسی یەکەمی برا ئێرانییەکانو جێگری بەرپرسی برایان لە ئێران.

**+ لە چاوپێکەوتنێکی گۆڤاری جەماوەردا ئاماژەت بەوەداوە، ساڵی (1985) چوویتە ئیماراتو چاوت بە سەرکردەکانی ئیخوان کەوتووەو مۆڵەتی رەسمی کارکردنت لێوەرگرتوون، ئەمە چ کاریگەریەکی کردە سەر کاری ئیخوان لە کوردستانو ئێران؟**

– پەیوەندیکردنمان بە سەرکردایەتی برایانەوە رەسمیەتی کاری پێدایین، تین‌و گوڕمیدا بە کارو چالاکیمان لە سەر ئاستی ئێران‌و کوردستان.

**+ ساڵی (1985) ئیخوانەکانی ناوخۆی کوردستان لەگەڵ ئیخوانەکانی عێراق یەکیان گرت، هەڵوێستی ئێوە لەو بارەوە چی بوو؟**

– ئەوەی بزانم برایانی ئێمە لە کوردستان لە ساڵی (1986) پەیوەندیان کرد لەگەڵ برایانی بەغداد، بەڵام پێش ئەوان برایانی هاوکاری مامۆستا سدیق چووبون‌و پەیوەندیان کردبوو، ئەمەش فشاری لەسەر برایانی ئێمە دروست کردبوو، بە تایبەت بەوەی کە مامۆستا مەلا عوسمانیان بە ئەمیری ناوچەی باکوور ناساندبوو.

**+ ساڵی (1987) لە کاتی دامەزراندنی بزووتنەوەی ئیسلامیی، تۆ چوویتە کەنداوو نامەیەکی نوعمان سامەرائیت بۆ مامۆستا عوسمان عەبدولعەزیز هێنا تا دەستبەرداری کاری جیهادی بێت، دەکرێت پێمان بڵێیت ناوەڕۆکی نامەکە چی تێدابوو؟**

– ئەو نامەیە پەیامێکی روون بوو بۆ شێخ عوسمان، بەوپێیەی ئەو خۆی بە برا ئەزانیێ‌و کەسایەتییەکی گەورەی برایانە، نابیێ پێشەوای ئەو بزووتنەوە چەکدارییە بیێ، نابیێ فشار بخاتە سەر گەنجان بۆ چەکداری بەناوی جیهادەوە، چەکداری پرۆسەیەکی ئاڵۆزەو ژینگەو کەش‌و هەواو ئەحکامی خۆی هەیە، بەو شێوەیەو لەژێر ئەو بارودۆخەدا کە جەنگی ئێران‌و عێراق بوو رەوا نییە. هەروەها تێیدا هاتبوو کە پێمان باشە کاری پێشەوایەتی بدەیتە دەست مەلا عەلی عەبدولعەزیزی برات، چونکە برایان لە ئێران قەوارەو شەرعییەتی خۆی هەیەو دەبیێ هەموو لایەك پابەند بن پێوەی.

**+ بە بڕوای تۆ ئەم نامە چ کاریگەرییەکی کردە سەر ڕێگوزەری کاری ئیسلامیی لە کوردستان‌و بزووتنەوەی ئیسلامیی؟**

– بە رای من نامەکە زۆر گرنگ بوو بۆ جیاکردنەوەی ئاراستەکان‌و خاڵ خستنە سەر پیت‌و حەسمکردنی هەڵوێست، بەو نامەیە بزووتنەوە بە گشتی‌و مامۆستا بە

تایبـەت کەوتـە دەرەوەی حاڵـەتو جـەمعی برایـان، دابڕانێکـی کـرداری روویـدا کـە یەکلاکردنەوەو راستکردنەوەی تیا بوو، پێویسـت بـوو بـۆ رزگـابوونی گەنجـەکان لـە فەتواو فشاری سەرکردایەتی بزوتنەوە.

**+ پێتوانییـە ئـەوە هەڵەیـەکی مێـژوویی ئیخوانـە لـەو قۆناغـەدا کـە پشـتی بزووتنەوەی ئیسلامیی بەردا؟**

– نــەخێر هەڵوێســتی مێــژوویی گــرنگ بوو،چــونکە بزووتنــەوە لــە ژینگــەو بـارودۆخێکی تایبــەتو راگـوزەردا لـەدایکبوو، هـەرگیز توانـای ئـەوەی نـەبوو کـە سـتراتیژێکی مەحکـەمو دیـدێکی روونـی هـەبێت، کەچـی دەیویسـت بیکاتـە ئـەمری واقیعو هەموو گەنجانی برایان بخاتە ژێر باڵی ئەو حاڵەتـە ناسـەقامگیرە، بزووتنـەوە هــەنگاوێکی بــەریئو بــیٚ پــلان بــوو، لەلایــەك خــاوەنی ئاراســتەیەکی مەرجــدارو پابەندییەکی ناساز بوو، لەلایـەکی تـر بۆیـە هاوهـەنگاویو پابەنـدی کـارێکی ئاسـان نەبوو.

**+ لەساڵی (1988) چۆن لەگەڵ باڵی مامۆستا سـدیق عەبدولعـەزیز یـەکتان گرتەوە؟**

– کاتێك مامۆستا سدیقو چەند برایەکی هاوکاری لە سـەرەتای سـاڵی (1987) لە ترسی شاڵاوی گرتنەکە کۆچیان کرد بۆ ئێران، پێشوازیمان لێکردن، بەبیٚ ئـەوەی من پرسیاری لیٚ بکەم راشکاوانە خۆی وتی کە من ئەزانمو پـێم راگەیـەنراوە کـە هـەر کەس هاتە ئێران دەبیٚ پابەند بێت بە کاری ئێـوەوە، بۆیـە ئێمـەش ئەگـەر ماینـەوە هەروا دەکەین، بەڵام بەتەمای گەڕانەوەین.

لەم کاتەدا، رێکخراوی پەیوەندی زانایانی ئیسلامیی کوردستان کە ئەوکاتە شـێخ موحەممەد بەرزنجی سەرۆکایەتی ئەکرد، ماوەیەکیش مەرحومی شێخ لەتیف رابەری بـوو، لـەو کاتــەدا ئـەم رێکخـراوە هەڵوەشـێنرایەوەو لـە کۆبوونەوەیـەکی خێـراو بـە ئامادەبوونی نوێنەری خامنەئی لە سنە بزووتنەوەی ئیسلامیی کوردستان راگەیەنرا، مەرحومی مامۆستا مەلا عوسمان بە رابەر ناسێنراو فتوای جیهاد درا.

لێرەدابوو نامەکەی دکتۆر نوعمان لەجیاتی سەرکردایەتیی برایانی عێراق گەیشتە دەستی مامۆستا مەلا عوسمان، کە ئەو نەیتوانی پابەند بەو بڕیارەوە بیٚ کە واز لـە بزووتنەوە بهێنیٚ، ئیتر گرفت بۆ مامۆستا سدیق دروستبوو، چونکە لـە کوردستانی عێراقدا ئەوان مەرحومی مامۆستایان بە ئەمیری خۆیان ناساندبوو، ئێستاش چۆن لە فەرمانو فتوای دەربچن؟!

پاش چەند گفتوگۆیەك، گەیشتینە ئەو قەناعەتەی مامۆستا سدیق ناتوانیٚو ناکریٚ لە بنەماڵەو براکانی جیاواز بیٚو لێرەدا دابڕان روویدا.

پاش ماوەیەك برایەکی بەغدا کە پێشتر لـە عێراق بەرپرسی باڵی ئەو ڕێکخستنەبوو کە تووشی هەڵمەتەکەی دەستگیرکردن بوونەوە، بەناوی دکتۆر عەبدولمەجید هاتە ئێران ویستی کارەکانی ئێمەو مامۆستا سدیق ڕێکبخات، بەڵام بۆی نەکرا، پاشان چوو بۆ پاکستانو پاشماوەیەك گەڕایەوەو بە مامۆستا سدیقی ڕاگەیاند کە ئەگەر بران دەبێت بچنە ناو ئەم ڕێکخراوەوە کە هەیە لە ئێران، ئەوەبوو لە کۆتایی (1988) پێکهاتین لەسەر ئەوەی کە بێنە ناو کارو ڕێکخستنەوە.

**+ باڵی مامۆستا سدیق عەبدولعەزیز باس لەوە دەکەن کە لەدوای یەکگرتنەوەو لە هەڵبژاردنی شورای نوێدا پلانتان دانابوو بۆ ئەوەی ئەو باڵە دەرنەچن، هەر بۆیە تەنها دوو کەسیان بوونە ئەندامی شوورا، تۆ لەوبارەوە چی دەڵێیت؟**

– ئەو مەسەلەیە بەم شێوەیە کە هەڵبژاردن کرا بۆ شورای پاش یەکگرتنەوە، برایانی مامۆستا سدیق لەسەر خەیاڵێكو نەخشەیەك کە بوویان زۆربەیان رەوانەی کوردستان کرابوونەوە، دواتریش لەپاش راپەڕین بوو بەهۆی دووبارەبوونەوەی ناکۆکیو جیایی، ئەو قسەیەش ئەوەیە گوایە شەرعییەت لە کوردستان لەدەست باڵی مامۆستا سدیقدا بووەو هەروا دەمێنێتەوە، هەروەك شەرعییەت لە ئێران لە دەست باڵی ئێمەدایە، بێگومان ئەوە بە خراپ تێگەیشتن بوو لە خاڵێکی نووسراوەکەی نێوانمان کە دەڵێت: ئەوەی لێرەیە پابەندە بە کاری ئێرەوەو

ئەوەش لەو دیوە –کوردستان– پابەند دەبێ بە کاری سەرانسەری عێراقەوە. گوایە ئەوان نوێنەری کاری سەرانسەرین.

ئینجا کە هەڵبژاردن لە ئۆردوگاکاندا کرا، تەنیا یەك کەس لەو برایانە دەرچوو بۆ شورا، پاشان کەسی دووەم بە بڕیاری شورا زیادکرا، ئەگەر ئەمە خەتابێ لە ئەنجامی پلانی خۆیانەوە بوو نەك پلانی ئێمە.

**+ کارو چالاکیتان تا راپەڕینی ئازاری (1991) چی بوو؟**

– لە (1989– 1991) لە ئۆردوگاکان سەرگەرمی چالاکی فەرهەنگیو زانستە شەرعییەکانو خێرخوازیو پەروەردەیی بووین.

**+ چ پەیوەندییەکتان هەیە بە دامەزراندنی یەکگرتووی ئیسلامیی کورد؟**

– لە پاش کارەساتەکەی ئازاری هەڵەبجە (1988) لە ئەستەنبوڵ کۆنگرەیەکی تایبەت بە کێشەی کورد بەسترا، کۆنگرە بە نوێنەرایەتی برایانی کورد لە هەر چوار وڵاتەکەو بە سەرپەرشتی برایانی عێراقی بەڕێوەچوو، مەبەستیش لە کۆنگرە قەرەبووی ئەو فەرامۆشکردنە بوو کە دەرهەق بە کێشەی کورد کراوەو چی بکرێ بۆ ناساندنی راستی ئەو کێشەیە. لە ریزی ئەو برایانەدا پێکهاتنی کۆمەڵەیەکی فەرهەنگی خێرخوازی بوو بۆ رونکردنەوەی رەوایەتی مەسەلەی کورد بە گشتییو کارەساتی هەڵەبجەو ئەنفال بە تایبەت، هەروەها هەوڵدانی بەربڵاو بۆ کۆمەك کردنی لێقەوماوانی کارەساتەکەو هاندانی موسڵمانانی کەنداوو وڵاتانی تری ئیسلامیی بۆ فریاگوزاریو ئاوڕلێدانەوە، بۆ ئەو کارە دکتۆر عەلی قەرەداغی کە یەکێك بوو لە ئامادەبووان تەکلیف کرا، ئەوەبوو لە ئەوروپا – بەریتانیاو ئەڵمانیا– کۆمەڵەکەی دامەزراندو کەوتە چالاکیو تا ئێستاش بەسوپاسەوە بەردەوامە.

**+ دامەزراندنی ئەو ڕێکخراوە چ کاریگەرییەکی کردە سەر کارو چالاکی ئێوە؟**

– ئەو ڕێکخراوە رابیتەی ئیسلامیی کورد واجیهەی کاری دەرەوەمان بوو، هەروەك کارگێڕو کارمەندانی گشت برایانی ئێمە بوو، لە ساڵانی گرانیو نەهامەتییەکانی پاش راپەڕینەکەی (1991)و کۆڕەوەکە رۆڵێکی مرۆڤدۆستانەو

خێرخوازی گەورەی بینی، لافیتەی ئاشکرای کاری ئێمەش بوو تا لە (شوباتی 1994) کە حزبمان راگەیاندو کارو چالاکی رابیتەمان لە کاری حزب جیاکردەوە.

**+ رۆڵو بەشداریتان لە راپەڕیندا چۆن بوو؟**

– راپەڕین دەربڕینی رقو تۆڵەی هەموو هاوڵاتیان بوو، بێگومان ڕێکخستنەکانو خەڵکی ئێمەش بەشێك بوون لەو راپەڕینە، بەڵام لەبەر ئەوەی ئێمە چەكدار نەبووین بەشداری خەڵكی ئێمەش هەمیشە نادیارو سنووردارە.

**+ بۆچی دوای راپەڕین جارێکی تر ناکۆکی کەوتە نێوان ئێوەو باڵی مامۆستا سدیق عەبدولعەزیز؟**

– پێشتر ئاماژەم پێکرد کە مامۆستا سدیقو چەند هاوکارێکی وا حاڵی ببوون، یان وایان حەز لێبوو کە وابکەن، کە پاش گەڕانەوە بۆ کوردستان ئەوان شەرعیو رەسمیو ئێمەش میوانو پابەند، بێگومان ئەو بیرۆکەیە لە چەند لایەکەوە هەڵەیە:

1ـ بنەما کۆنەکە کە گوایە شەرعییەت لە (1986) لای ئەوان بوە نادروستە، چونکە ئەساسەن ئەو ڕێکخستنە کە لەو ساڵانەدا لە ناوخۆی عێراقدا بوو مۆڵەتی سەرکردایەتی عێراقی لەسەر نەبووەو ناتوانێ ئیلتیزام لەسەر کەس دروست بکات.

2ـ نووسراوەکە دەڵێت کە ئەوەی لەو دیوە پابەند ئەبێ بە سەرکردایەتی سەرانسەری عێراقەوە، مەبەست لە حاڵەتی سروشتییە کە تا ساڵی (2003)یش ئەو راگرتنی کاری رێکخستنە بەردەوام بووە، ئەگەر مەبەست لەو ڕێکخراوە بێت کە دکتۆر عەبدولمەجید ئیدارەی ئەکرد، ئەوە وەکو باسمان کرد شەرعییەتو رەسمییەتی پێنەبوو، بەڵکو بڕیارێکی خۆماڵی چەند کادرێکی گەنجی بەغداد بووو رابەرایەتی پێی رازی نەبووە.

3ـ لەم دوو خاڵە گرنگتر، ئێمە پێش گەڕانەوە سەردانی سەرکردایەتی برایانی عێراق لە دەرەوەمان کرد، حاڵەتەکەمان بۆ باسکردن کەوا کوردستان بە عەمەلی جیابۆتەوە لە عێراقو ئایا هێشتا بۆمان نییە کاری ڕێکخراوەیی تیا بکەین؟ وتیان: بەڵێ بچن کارتان ڕێکبخەنو بگەڕێنەوە. ئەوەبوو لە (1991/3/21) وەفدێك

هاتینــەوە ســلێمانیو لــە سەرانســەری کوردســتان (40) برامــان کــۆکردەوەو شورایەکمان پێکهێنا بۆیان لە (15) کەس بۆ ئیدارەکردنی کاروبارەکان.

پــاش چــەند مانگێــکو دوای کۆڕەوەکــە خــەڵکی ئۆردوگاکــان ئەگەڕانــەوەو پەیوەندیان ئەکرد بەو شورایەوە، تـا لـە کۆتـایی سـاڵی (1991) هـەموو هاتینـەوە دانیشتنێکی فراوانمان کـرد بـۆ تێکـەڵکردنی شـورای ئـەودیوو ئەمـدیوو شـورایەکمان پێکهێنــا، لــەم ماوەیــەدا بــەردەوام پەیوەنــدیمان ئــەکرد بــە مامۆســتا ســدیقو هاوکارەکانییــەوە بـا پێکــەوە کـار بکــەین، ئــەوان هــەر بــەو خەیاڵــە پێشــینەوە ئامادەنەبوون.

پاش چەند هەوڵێکو دانووستان هاتبوونە سەر ئەوەی کە ئەمیر لـە ئێمـەو جێگـر لە ئێوە، وتمان وا نابیٚو بە فەرزکردن نابێت، سەرەتا ئەو بیرۆکەیە لەسەر دەربکـەن کە شەرعییەت لای ئێوەیە، ئینجا بێینـە سـەر پێکـەوە کـارکردن. شـەرعییەتی ئـەم قۆناغە لەو فەراغە ئیدارییەوە دروستبووە، شەرعییەت دراوە بە ئێمە با بـە دەزگـای شورا کارەکانمان بکەین، رازی نەبوونو کەوتنە هەوڵدان.

**+ لەسەر چ بنەمایەك ئیخوان دوای راپەڕین رەسمیەتی دایـە ئێـوەو نەیدایـە باڵی مامۆستا سدیق عەبدولعەزیز؟**

– وتمان شورایەکمان هەبوو کە گەڕایەوە، لێرەش لە (ئازاری 1991) شـورایەك پێکهاتبوو، ئەم دوو شورایەمان تێکـەڵ کـردو شـورایەکی نوێمـان لـێ پێکهێنـا. ئـەم کـارەش بـە تەوسـیەو ڕێنمـایی سـەرکردایەتی برایـانی عێراقیـی دەرەوە بـوو، کـە کوردستان ئیعتیبـار کـرا بـوو بـە سـنووری کاریـان، مـادام لـە دەرەوەی دەسـەڵاتی مەرکەزییــە. هــەر لــەو ساڵانەشــدا چــەند کەســایەتیو شــاندی ســەرکردە هاتنــە کوردستان بارودۆخەکەیان بە چـاوی خۆیـان بینـی، بڕیـاری کۆتـایی لەسـەر واقیعـی ساحەکە بوو، نەك خواستی کـەسمان، ئـەوەبوو نامـەی رەسمـی کرایـە سـەریان کـە ئەگەر ئەتانەوێ بـرا بـن لەگـەڵ ئـەوان بـن، ئـەوە بـوو پـاش بـە ئـەنجام نەگەیشـتن بزووتنەوەی راپەڕینیان راگەیاندو کۆتایی بەو قۆناغەش هات.

## دیداری شەشەم:

# مامۆستا نازم عەبدوڵڵا



نازم عەبدوڵڵا رەشید، ساڵی (1963) لە ناوچەی شوانی قەزای چەمچەماڵ لەدایك بووە، هەر لەویّ خوێندنی سەرەتایی تەواو کردووە، لە (1978) بۆ درێژەدان بە خوێندن چۆتە سلێمانیو پاشان هەڵەبجە، هەر لەوکاتەشەوە نێکەڵ بە کاری ئیسلامیی بووە، ساڵی (1988) ئیجازەی مەلایەتی وەرگرتووە، لە راگەیاندنی بزووتنەوەی راپەڕینی ئیسلامیی، بزووتنەوەی یەکبوونی ئیسلامییو کۆمەڵی ئیسلامیی بەشداربووە، چەند پۆستی جیاوازی حزبی وەرگرتووە، ئێستا ئەندامی مەکتەبی سیاسیی کۆمەڵی ئیسلامییو خوێندکاری ماستەرە لە بواری فیکری ئیسلامیی.

کاتی دیدار: 2009/10/15، بە رێگەی نامە گۆڕینەوە.

**+ یەکەم شانەی ڕێکخستن کە لە (1979) دەستبەکار بوو، لە کێ پێکهاتبوو؟**

– لە ساڵی (1979) دەستم بەکاری ڕێکخراوەیی کردوە کە پێکهاتبووین لە: ئەحمەد مستەفا ناسراو بە مامۆستا ئەحمەدی شافعی, فەرەیدون حەمەئەمین کواوایی، نازم عەبدوڵڵاو کۆمەڵێك برای تریش کە لەلایەن مامۆستا سدیق عەبدولعەزیزەوە پەیوەندیان پێوە کرا، وەك: کاك موحەممەد ڕەئوف، کاك ئومێد پاڕەزانی، مامۆستا عەلی عەبدوڵڵاو کاك مەولود باوەموراد.

**+ ئیخوانە کۆنەکان چەند ئاگاداری ئەم جموجوڵەی ئێوە بوون؟ هەڵوێستیان چی بوو؟**

– ئیخوانە دێرینەکان، بە هۆی ئەوەی مامۆستا سدیق پێش دەستبەکاربوونی ئاگاداری کردبوون کە چیتر چاوەڕوانی بە ڕاست نازانێتو دەست بە جموجوڵ دەکات، ئەوان ئاگادار بوون، بەڵام دیاربوو ئەوان زۆر بە هەندیان وەرنەگرتبوو, بەهۆی ئەوەی ئەوان قەناعەتیان نەبوو جگە لە سەرکردایەتی ئیخوان کەس بتوانێت هەنگاوی بەرچاو بنێت، بتوانێت ئەو بارودۆخە چەق بەستوە بشڵەقێنێت, کاتێکیش بە ئاگا هاتن وەزعەکە لە دەست ئەوان دەرچوو بوو، هەرچەندە لەمپەری جۆراو جۆریان خستە بەردەم جموجوڵی تازەوەو بەبێ بایەخ تەماشایان دەکرد، بە هەموو توانایان هەوڵی ساردکردنەوەو دورخستنەوەی ئەو گەنجانەیان ئەدا کە بیرۆکەی جموجوڵی ڕێکخستنیان لە مێشکدا هەبوو، بەڵام پێیان کۆنترۆڵ نەکرا.

**+ دەستپێکردنەوەی کار تەنها لە چوارچێوەی بانگەوازدا قەتیس درابوو، یاخود ڕێکخستنو کاری ڕێکخراوەیشی دەگرتەوە؟**

– سەرەتای ئەو جموجوڵە بانگەواز بوو بۆ کارکردن لە چوارچێوەی ڕێکخستنێکدا کە سەرو خواری تێدا بێت، بەرنامەیەك هەبێت بۆ هۆشیارکردنەوەی خەڵك, چونکە سروشتی مرۆڤ وایە بە شکست ناڕەحەت دەبێتو بیر لە ڕێگەچارەی

گونجاو دەکاتەوە بۆ هەستانەوە, بێگومان وەستانی جموجوڵی ئیخوان لە عێراق بە گشتیو کوردستان بە تایبەتی کە واجیهەی کاری ئیسلامی بووە، وەڵامێك بووە بۆ فیکرو بزاڤی مارکسیو نەتەوەپەرستی، ناکرێت ناحەزو دوژمنان هەمویان لە چڵەپۆپەی کارو چالاکی جەماوەریو ڕێکخراوەیو پیشەیی جۆراو جۆردا بن، بە ویستی خۆیان گەلو جەماوەر هەڵسوڕێنن، بە بیرو بۆچوونێکی خوازراوی ناحەز بە گەلو وڵات سەرسامیان بکەن، لە هەمان کاتدا بە بڕیارێك هەموو چالاکیەکی فیکریی، سیاسییو ڕێکخستنی ئیسلامیی بوەستێنرێت، ئەو هەموو کادیرە بەتوانایە سڕ بکریت، بێگومان ئەو کەسانەی دەوروبەریان ئەخوێندەوەو ئاگایان لە واقیعەکە هەبوو هەستیان بە بەرپرسیاریەتی ئەکرد، نەیانتوانی چیتر چاوەڕێ بن، چونکە کەسانی خاوەن هیممەت ناتوانن دابنیشنو چارەسەرێك بۆ ئەو واقیعە چەقبەستووە نەدۆزنەوە, هەموو ئەمانە هۆکار بوون بۆ بوونی ڕێکخستنێکی ئیسلامیی نوی.

**+ چۆن سنووری کارو چالاکیتان فراوان کردو شانەی ڕێکخستنتان گواستەوە بۆ شارەکانی تر؟**

– بیگومان دوو جێگە هەبوو بۆ فراوانکردنی کارو چالاکی، یەکەم: حوجرەی مزگەوتەکان لە ڕێگەی ئەو فەقێیانەی تیایاندا دەیان خوێند، بەرنامەیان بۆ دانرا بۆ کارکردن لە ناو هاوڕێنەکانی خۆیانو مامۆستایانی مزگەوتو ئەهلی مزگەتەکان، بێگومان سود وەرگرتن لە حوجرەکان شوێنەوارێکی کاریگەری باشی هەبوو بۆ گواستنەوەی ڕێکخستنی نویێ بۆ شارو لادێو شوێنەکانی تری دەرەوەی هەڵەبجە.

دووەم: زانکۆو پەیمانگاو کۆلێجەکان بوو، بێگومان ئەمیش بە پێگەیەکی سەرەکی تر ئەژمێردرێت لە گواستنەوەی فیکرەی ڕێکخستنی نویێ بۆ شوێنەکانی تر، کە لەم ڕێگەیەوە لەناو چینی خوێندەوارو ڕۆشنبیردا جیێ پێی خۆی قایم کرد، ئەو شوێنانە بووبوونە لانەی کارو بانگەوازی ڕێکخستنی نویێ.

**+ دوای هاتنت بۆ سلێمانی، چۆن لەو شارە کارت دەستپێکرد؟**

– له ساڵی (1981) به هاوڕێیه‌تی كاك مه‌لا فه‌رحان عومه‌ر هاتم بۆ سلێمانی بۆ خویندن، زۆر گه‌ڕاین به‌دوای شوێنێكی گونجاودا، ماوه‌یه‌ك له مزگه‌وتی بن ته‌به‌قی بچووك بووین، به‌ڵام شوێنه‌كه له‌بار نه‌بوو، زۆر له‌ناو بازاڕو به‌رچاو بوو, له‌هه‌مان كاتدا من ناوم بۆ سه‌ربازی هاته‌وه، بۆیه ده‌بوو له‌و شوێنه نه‌مێنم، پاش گه‌ڕانێكی زۆر مزگه‌وتی حاجی كه‌ریممان په‌سه‌ند كرد له گه‌ڕه‌كی شێخ محێدین، له‌وێ له خزمه‌تی مامۆستا مه‌لا ئه‌بوبه‌كر كه بۆمان بوو به مامۆستاو په‌ناو چه‌ترێك، ده‌ستمان به كارو چالاكی كرد، له كۆتایی ساڵی (1981) له حكومه‌ت قاچاخ بووم، نه‌ئه‌بوو بچمه ده‌ره‌وه‌و له سه‌یته‌ره‌كان بده‌م، بۆیه ناچار ده‌ستكاری ناسنامه‌ی باری كه‌سیه‌تیم كرد، زوری پێنه‌چوو كاك جه‌مال قه‌ره‌داغی كه له‌دایكبووی ساڵی (1955) بوو ده‌فته‌ر خدمه‌كه‌ی دا به من، ئێمه‌ش چاكمان كردوو وێنه‌یه‌كی خۆمم لێدا، ئه‌ویش پاش راگه‌یاندنی كه ده‌فته‌ر خدمه‌كه‌ی ون كردوه ده‌فته‌ر خدمه‌یه‌كی تری ده‌رهێنایه‌وه، تا راپه‌ڕینه‌كه به‌و ده‌فته‌ر خدمه‌یه گوزه‌راندم.

رۆژێك له بازاڕ له‌لای ئوتێل مه‌وله‌وی چوومه ناو پاسێكه‌وه، جه‌ماعه‌تێك ئیستیخبارات كه باره‌گاكه‌یان لای مزگه‌وتی گه‌وره به‌رامبه‌ر كتێبخانه‌ی هودا بوو داوای ده‌فته‌ر خدمه‌یان لێكردم، سه‌یری ساڵی له‌دایكبوونی كرد ( 1955) بوو وتی ئه‌گه‌ر له‌دایكبووی (1951) بویتایه خۆم ئه‌م ده‌مزانی چیم لێ ده‌كردیت! دوای ئه‌وه‌ی له گه‌ڕه‌كی شێخ محێدین لای مامۆستا ئه‌بوبه‌كر ده‌سمان به ده‌رس خوێندن كرد، خۆشمان له مزگه‌وتدا ده‌رسێكمان دانا، كۆمه‌ڵێك گه‌نجو منداڵی زۆرمان كۆكرده‌وه، قورئان خوێندنو ئاداب‌و ره‌وشتمان فێرئه‌كردن، دوای زۆربونی ژماره‌ی قوتابیه‌كان، ئاسته‌كانی سه‌ره‌تایی‌و ناوه‌ندیی‌و دواناوه‌ندیمان له یه‌ك جیا كرده‌وه، پاشان له رێی دۆستو ناسراوه‌وه په‌یوه‌ندیمان به كه‌سانی گونجاوه‌وه ئه‌كرد، وانه‌مان بۆ دائه‌نان، په‌یوه‌ندیمان به ماموستا فایه‌ق‌و هاوڕێكانیه‌وه كرد له په‌یمانگای ئیسلامیی له سلێمانی، جگه له‌وه‌ی كه ئه‌گه‌ڕاین به‌سه‌ر مزگه‌وته‌كانداو له كاتی نوێژدا (تعارف)مان ده‌كرد له‌گه‌ل ئه‌و گه‌نجانه‌ی كه له مزگه‌وته‌كه‌دا بوون،

کاتمان بۆ دائەنان تا سەردانمان بکەن، یان ناونیشانمان لێوەردەگرتن بۆ ئەوەی جاری تر سەریان لێبدەینەوە, زۆر جار لە ناو پاسدا گەنجێکی لێوەشاوەمان ببینیایە لامان ئاسای بوو یەکترناسین بکەینو ناونیشانمان پێ ئەدا, وای لێهات لە ماوەی دوو ساڵدا لە زۆربەی گەڕەکەکانی سلێمانی پەیوەندیمان دروست کرد، تا ساڵی (1986) لە ڕێگەی ڕێکخستنی تایبەتیەوە وانەمان لە نزیکەی (32) مزگەوتدا دانا .

ڕۆژانە دوای ئەوەی وانەکانمان لەلای مامۆستا مەلا ئەبوبەکر ئەخوێند، دەستمان بە دەرس وتنەوەو کۆبونەوە ئەکرد تا کاتژمێر (9 – 10)ی شەو، جاری وا هەبوو بە هەفتە لە مزگەوتدا نە ئەچوینە دەرەوە, دوای یارمەتی خوای گەورە چەند هۆکارێك هەبوو بۆ سەرکەوتنمان لە کارەکانمانداو بەردەستی بەعسیەکان نەکەوتین:

1– مامۆستا مەلا ئەبوبەکر بە راستی کەسایەتیەکی سەنگینی هەبوو، خاوەنی ڕێز بوو لە ناو مەلاکاندا، ئەو ئاگای لە جموجوڵو کارمان هەبوو، زۆریشی پێخۆش بوو کە ئەو هەموو گەنجە لە مزگەوتدا کۆبونەتەوە دەرس ئەخوێنن، هەندێکجار مەلای دڵ نەخۆش پێیان ئەوت مامۆستا ئەم فەقێیانە لە پەنای تۆدا خەریکی ڕێکخستنی نهێنین, ئەویش جگە لەوەی ئەو گومانانەی ئەڕەواندەوە ئاگاداری ئەکردین کە ئاگاتان لە خۆتان بێت هەندێك کەس قسەتان لەسەر ئەکەن, بە هیچ شێوەیەك دەستی وەرنەئەدایە ئیشو کارمانەوە، یان پرسیارێکی نە ئەکرد کە ئیحراجمان بکات.

2– مزگەوتەکە شوێنەکەی زۆر گونجاوو پەنا بوو، لەگەڵ ئەوەشدا دوو دەرگای هەبوو، ئەگەر ڕۆژی سەد کەس بهاتایە بۆ لامان خەڵك بە ڕێبواری ئەزانی، وایان ئەزانی لە دەرگاکەی ترەوە ئەڕۆن, خۆشمان بەرنامەیەکی وامان بۆ دانابوون، ئەوەی لە هەر دەرگایەکەوە هات لە دەرگاکەی ترەوە بڕواتە دەرەوە.

3– تێکەڵیو گونجاویمان لەگەڵ خەڵکی گەڕەك، جگە لەوەی خەڵکی گەڕەك زۆر باش بوونو ڕێزیان لێ ئەگرتین، ئێمەش هاتوچۆمان لەگەڵ هەموویان بە چاكو

خراپەوە دروست کردبوو، لە بۆنەکانیاندا بەشدار ئەبوینو سەردانی نەخۆشمان ئەکردن، هەندێکیان ماڵەکانیان وەك ماڵی خۆمانی لێهاتبوو, جاری وا هەبوو بە سێ مانگ دایكو باوکمان نەبینیوە، هەستمان بە غەریبیو بێتاقەتی نەئەکرد, جاری وا هەبوو ڕۆژی سێ جار ئەچوینە ماڵی برایەکی بەڕێز بۆ تەلەفون کردن بۆ هەڵەبجەو هەولێرو بەغداد لێمان بێتاقەت نە ئەبوون, خوا پاداشتی خێری بداتەوە، بە راستی رەمزی چاکەو پیاوەتیو خێرو خواویستی بوو، سوپاس بۆ خوا بەهۆی ئەوەی کە لە هەڵەی گەنجێتی پاراستبومانی خەڵکی گەڕەك زۆر متمانەیان پێمان هەبوو، بە هیچ شێوەیەك نەمان ئەهێشت حەساسیەتو نامۆیی بکەوێتە نێوان گەنج و پیرەکان، یان سۆفیو .... هتد, بەڵکو لەگەڵ هەمویان وەکو یەك هەڵسوکەوتمان ئەکرد, جێگەی ئاماژە پێکردنە حاجی حەسەن (خوا لێی خۆش بێت) کە پیاوێکی نەخوێندەوار بوو، لە رووی پەروەردەی ئیمانیو روحیەوە زۆر سودمان لێ ئەبینی، عیبادەتو خواپەرستیەکانی لە مزگەوتا زۆر دڵڕفێن بوون، بە نزیك بونەوە لێی سوودمەند ئەبویت، بۆیە زۆرجار برایانم هان ئەدا لێی نزیك ببنەوە، جیگەی ئاماژە پێکردنە پیاوانێکی وەها زۆر پێویست بوو بۆ ئەو قۆناغە کە لێوەی فێری خواپەرستیو ئادابو رەوشت بیت، وێنەی ئەو پیاوە وابوو بە هەموو شێوەیەك خۆی لە غەیبەت ئەپاراست، زۆربەی کاتەکانی یادی خواو پەرستش بوو، زۆربەی کات دووشەممەو پێنجشەممان بەڕۆژو ئەبوو، شەوانیش خەریکی خواپەرستیو شەونوێژ بوو، زیادەڕەوی نییە ئەگەر بڵێم گریانی زۆرتر بوو تا پێکەنین، لەمانای خۆشەویستی خوا (جل جلاله) خۆشەویستی پێغەمبەر (ﷺ) تێگەیشتبوو بە هیچ شێوەیەك رێگەی نەئەدا لە مەجلیسیدا کات بەقسەی بێ مانا بەسەربرێت، ئەگەر کەسێکی دەنگخۆشی شك ببردایە داوای قورئان خوێندنی لێ ئەکرد، یان قەسیدەی بوردەی پێ ئەخوێندەوە، یان کەسی شارەزای لێ بوایە داوای ئامۆژگاریو مەوعیزەی لێ ئەکرد، ئەگەر هیچیان نەبوایە ئەڵقەی زیکری دائەمەزراند، تێکەڵیی ئەو پیاوە جگە لەوەی گومانی حیزبایەتیو رێکخستنی لێ دوورخستینەوە زۆریش لێی سوودمەندبوین.

4– جگە لەوەی کە کاک سمکۆ یەکێك بوو لە گەنجە لێبڕاوو چالاکەکان، قوتابی زانکۆی سەلاحەددین بوو لە هەولێر، هاتووچۆی مامۆستا سدیقی دەکرد، سەری لە ئێمەش ئەداو هاوکارێکی باش بوو، بەتایبەت لە (1986) بەدواوە جێگەی دڵخۆشیمان بوو.

**+ شانە سەرەتاییەکانی ڕێکخستن لە سلێمانی کێ بوون کە دروستتان کرد؟**

– شانە سەرەتاییەکانی کارمان لە سلێمانی، جگە لە کاک مەلا فەرحان کە هاوکارێکی زۆر باش بوو، کوڕی ڕۆژی تەنگانە بوو, بریتیبوون لەم برایانە: جەمال قەرەداغی, عەبدوللەتیف فەتحوڵڵا, ئیسماعیل فەتحوڵڵا, فایەق موحەممەد, عەبدوڵڵا شێخ عەبید, کاک هادی, شێرکۆ ئەحمەد, عەبدوڕڕەحمان گردەزبێری, نەوزاد موحەممەد گردەزبێری، کامەران شارباژێری, سەردار مەحمودو چەند برایەکی تر، ئەمانە بنچینەیەك بوون بۆ کاری ڕێکخستنی سلێمانی، بەدوای ئەمانەدا چەند قوتابی وەکو: موحەممەد رەئوف، نەوزاد عەلائەدین، سۆران رەباتی، هاوژین تالیب، تاهیر ئەحمەدو کەمال رەشیدی بەدوادا هات.

**+ جگە لەو ڕێکخستنەی ئێوە، کێی تر بە ناوی ئیخوانە کاری دەکرد؟**

– لەوکاتەدا کۆمەڵێ کەسایەتیو بانگخوازی تر هەبوون ڕۆڵی بەرچاویان هەبوو لە شاری سلێمانیدا، وەکو: کاک تەها حەمەخان، مامۆستا فاروق رەسول، مامۆستا شێخ عەبدوللەتیف واژەیی، مامۆستا عەلی باپیر کە قوتابی پەیمانگای ئیسلامیی بوو، مامۆستا حەسەن پێنجوێنی، مامۆستا بورهانی ئەمینی، نەجمەدین فەرەج –مامۆستا کرێکار–، کاک خالیدی برای مامۆستا کرێکار، کاک نورەدین مستەفا کە هاوکارو برایەکی باش بوو بۆمان، کاک سمکو کە دواییش کادیرێکی چالاك بوو لە ڕێکخستنی نوێدا، کاک جمال کە بەردی بناغەی ڕێکخستنی نوێ بوو ئێستاش بەردەوام لەکاردایە، کاک حاجی بەکر کە بەدەستی ڕژێم شەهید کرا، کاک هێمنی ئەندازیار، کاک ئاراس، کاک عەبدوڕڕەحیم، کاک حەسەن حەمەخالد، مامۆستا مەلا ئەحمەدی خانەقا کە ئەوکاتە وتارخوێن بوو لە مزگەوتی حاجی حەسەنی لۆکەو دوایش لە مزگەوتی خانەقا، کاک خالد شێخ موحەممەد کە لەگەڵ کاک کەیوانو

هاوڕێکانی که حەفتا کەس بوون شەهیدکرا، کۆمەڵێ بەڕێزی تریش که لێرەدا ماوەم نییە ناوی هەموویان بهێنم.

**+ کارو چالاکیان لە چ ئاستێکدا بوو؟**

– ئیشو کارمان زیاتر لە ئاستی چینی گەنجانو خەڵکی خوێندەوارو رۆشنبیردا بوو، ئەوانەی کە توانای کارو بانگەوازیان هەبوو، خۆمان زۆر ئەپاراست لەوانەی بمانزانیایە مەیلێکی بە لای حیزبو لایەنە عەلمانیەکاندا هەیە, یان لەو کەسانەی لە کاری رێکخستنی ئەو قۆناغە تێناگەن, هەرگیز خۆمان خەریك نەدەکرد بە موناقەشەی لاوەکیەوە لەگەڵ ئەوانەی کە فیکرەیەکیان پێ بوو ئامادە نەبوون دەستبەرداری بن، بەڵکو موداراتمان لەگەڵ دەکردن, هاتووچۆو تێکەڵاویمان لەگەڵ زۆرێك لە کەسایەتییو مامۆستایانی ناو شار هەبوو، لەوانە مامۆستا شێخ موحەممەدی خاڵ (خوا لێی خۆش بێت), مەلا ئەحمەدی خانەقا, مامۆستا حەسەن پێنجوێنی, مامۆستا بورهان ئەمینی, دووربوین لە هەر دروشمو کارێکی جەماوەری، جگە هەندێك یادو موناسەبات نەبێت، چونکە ئەو قۆناغە قۆناغی بنیاتنانی رێکخستن بوو، پێویستی بە کەشوهەوای هێمنو نەوروژاندنی جەندرمەو سیخوڕەکانی بەعس دەکرد، بە تایبەتی ئەگەر هێزێك نەبێت پارێزگاریت لێ بکات لە دوژمن، ئەوا باشترین چەك خۆپاراستنە.

**+ پەیوەندیتان لەگەڵ ئەو میحوەرانەدا چۆن بوو؟**

– لە سەرەتاوە ئیشو کارمان بە شێوەی ختوت بوو، هۆکارە سەرەکیەکەش لایەنی ئەمنی بوو, ئاستەکانی پۆلو ناوچەو ئەوانە نەبوو، بەڵکو هەنگاوی یەکەم پێمان ئەوت قۆناغی هاوڕێیەتیی (فترة المصاحبة)، دوای ئەوە هەندێك قۆناغو ئاستی تر هەبوو وەکو: لایەنگر (النصیر)، ئیشکەر (العامل) بۆ ئەو کەسانەی توانای پێگەیاندنو هێنانی خەڵکیان هەبوو بۆ ریزەکانی رێکخستن، پلەی (النقیب) بۆ ئەوانەبوو توانای بەڕێوەبردنیان باش بوایە، پلەی (المجاهد) بۆ ئەندامی لێبڕاوو ماندوینەناسو خۆگربوو، پلەی (النائب) بۆ ئەندامێك بوو کە رازاوە بێت بە سیفەتە

بەرزەكانی سەركردايەتيی، بە راستی ئەم ناولێنانە جگە لە ئاستەكانی سەرەتا، ئەوانی تر تيۆری بوون، بەكردەوە كەسێك نەبوو بزانێت لە كام ئاست لەو ئاستانەدايە، ئەمانەش زياتر ئاستی پەيكەری رێكخستنی ئيخوان بوو، تاكە لايەنێكيش بيرۆكەی رێكخستنی هێنايە ناو كاری ئيسلاميەوە لە سەدەی تازەدا بزاڤی ئيخوان بوو، كە لەو كاتەدا ماركسيەكانو نەتەوەييەكان سيستەمی حيزبايەتيان بەو شێوەيە بەڕێوە ئەبرد، ئەوانيش لەو كاتەدا بۆ روبەروبونەوەی ئەو رێڕەوانە ئەو بيرۆكەيەيان خستە ناو كاری ئيسلامييەوە, تا ئێستاش لە رۆژهەلاتو جيهانی ئيسلاميدا پەيكەری حيزبايەتی لەسەر سيستمی شيوعيەت ئەڕوات بەڕێوە، نەتوانراوە لە لايەن ئيسلامييەكانەوە سيستەمێكی تر دابهێنرێت كە جێداری ئەو سيستمە بێت، يان سود لە سيستمی ديموكراسی ببينرێت كە ئەمرۆ لە دنيادا باوە بۆ بەڕێوەبردنی كاروباری حيزبايەتیو رێكخراوەيی.

ئەو كەسانەی كە جێگەی متمانەی ئەو كەسە كارگێرە بوايە، (2–4) كەسيان لێ كۆئەكردەوە كە پێی ئەوترا (أسرة)، هەر ئوسرەيەك بە جيا لەگەڵ ئوسرەكەی تر كۆبونەوەی لەگەڵ ئەكرا، ئەگەر تا (20 ) ئوسرەش بوايە كەسيان بەوی تريان نەئەزانی، بۆيە ئەو برا بانگخوازە زۆرجار شەكەت ئەبوو، ئەگەر قوتابيش بوايە بەهۆی دڵگەرمی بۆ ئيشەكەی خوێندنەكەی لە بير ئەكرد، هەندێك جار دايكو باوكو خزميان بيانزانيايە هاتوچۆی كێ ئەكات، دەچونە لایو سكاڵای وەزعی كوڕەكەيان لەلا ئەكرد كە ناخوێنێت، بە راستی ئەوە بە هەڵەيەكی كاری رێكخستنی ئەوكاتە دێتە ئەژمار, هەندێك جار مانەوەی قوتابيەكان لە قوتابخانە ئەهلیو غەيرە ئەهليەكان بۆ كاری بانگەوازو چۆڵ نەكردنی سەنگەر بوو، نەك بۆ بەدەستهێنانی نمرەی باش، بە تايبەت لەو شوێنانەی ئەگەر كەسی تر نەبوايە مشورخۆری ئەو شوێنە بێت، ناچار ئەو قوتابيە قوربانی بە بەرژەوەندی خۆی ئەدا، تا ئەو برايانە بێ كەس نەمێننەوە، زۆر بە دەگمەن هەبوە، هەر لە كەسی يەكەمەوە تا خوارەوە،

بتوانرێت جگە لەو ئوسرانەی کە لە سەرەتاوە بەیەکەوە بوون، بەرپرسی میحوەر بتوانێت چەند کەسێك پێکەوە کۆبکاتەوە.

**+ ڕێکخستن هیچ پەیڕەوو پرۆگرامێکی ناوخۆیی هەبوو، یاخود هەر بە شێوەیەکی هەڕەمەکی بەڕێوەدەچوو؟**

– بێگومان ئەو قۆناغە پێی ئەوترێت قۆناغی بنیاتنان، هیچ پەیکەرێك نیە، بەڵکو ئەبێت خەڵك وشیار بکرێتەوەو کۆمەڵێك کەسی بەتواناو هاوکار بدۆزرێتەوە، تاکو هەموو لایەك پێکەوە کەرەستەی سازاوی بینایەك بن، پێویستە شێوازی بیرکردنەوەو کارکردن لە هەموو روەکانی پەروەردەییو ڕێکخستنو دبلۆماسیو سیاسی لەو چوارچێوەیەدا بێت، پاشان بیر بکرێتەوە لە نەخشەی بینای ئیشەکە چۆن بێت، کەواتە لە سەرەتادا بوونی پەیڕەوو پرۆگرامی ناوخۆ شتێکی کردەیی نییە، هەر شتێکیش بنوسرێت تیۆریەو شتێکی هەرەمەکی دەرئەچێت، ئەگەر سەیری هەر حیزبو ڕێکخراوێك بکەیت قۆناغی بنیاتنانو گەشەکردن دوو قۆناغی لە یەك جیان، زۆر جار ئەوەی نەخشەی ئەو دوو قۆناغە دائەڕێژێت دوو کەسی لەیەك جیان، چونکە هەر کەسەو بنیاتنەری قۆناغێکە، بۆیە ئەگەر کەسەکان لێك جیانەبوون، پێویستە بە هەرەوەزیو هاوکاری بیرو بۆچونی خەڵکانی تر ئەو قۆناغە بگوازرێتەوە بۆ قۆناغێکی تر, وەك پێشتر ئاماژەم پێکرد، بەگشتی کاتی ئەوە هاتووە سیستمی حیزبایەتی ئێستای رۆژهەلاتو جیهانی ئیسلامیی گۆڕانکاری تێدا بکرێت، بە تایبەتی ئیسلامییەکان، چونکە لە قۆناغی گەشەکردندان, یان سیستمێك دابهێنن، یان سود وەربگرن لە سیستمی حیزبایەتیو کاری ڕێکخراوەی دیموکراسی کە ئەمرۆ دنیای سەرقاڵ کردوە .

**+ چالاکی رۆشنبیریو سیاسیتان هەبوو؟**

– چالاکی رۆشنبیریو سیاسی لەو قۆناغەدا سنوردار بوو، لە روی سیاسیەوە تەنها جموجوڵی ئەوە دەکرا پەیوەندی بکرێت بە ئیخوانی عێراقەوە، لە ڕێگەی ئەوانیشەوە پەیوەندی بکرێت بە ئیخوانی دەولیەوە، ئەوەش بۆ ئەو قۆناغەی ئێمە

کارێکی باش بوو، تا ئاگامان له دەوروبەر بێت، چونکه لەو کاتەدا کوردستان هیچ پەیوەندیەکی بە دنیاوە نەبوو، کورد هیچ پاڵپشتێکی دەرەکی نەبوو، هەرچەند ئەگەر پەیوەندیمان بە ئیخوانەوە نەش پچڕایە، دڵنیام ڕۆژێك لە ڕۆژان بە هۆی گۆڕانکاریە هەرێمایەتیو جیهانیەکانەوە، لە کاتی هاتنە کایەی کێشەی کوردو پەیوەندی نێوان کوردو عەرەب هەر تێك ئەچوینو کێشەمان بۆ دروست ئەبوو.

لەو کاتەدا شێوازی پەروەردەی فیکریو ڕۆشنبیریمان بریتیبوو لە بڵاوکردنەوەی کتێبەکانی: سەعید حەوا, فەتحی یەکەن, سەید قوتب, موحەممەد قوتبو ئەبوئەعلای مەودودی، ئەوانیش بەدەگمەن بە کتێبی دەست ئەکەوتن، بەڵکو بەردەوام ئەو بابەتانەی بۆ کاری پەروەردەییو ڕێکخراوەیمان بگونجایە لەو سەرچاوانەدا دیاریمان ئەکردو کۆپیمان ئەکرد, بە ڕاستی کاك ئەحمەد مەولەوی لەو قۆناغەدا ڕۆلی بەرچاوی هەبوو لە ئەنجامدانی ئەو کارانە, لە وانە گشتیەکانیشدا سودمان لە (احياء علوم الدين)ی ئیمامی غەزالی وەرئەگرت، کۆمەڵێك بڵاوکراوەی ڕۆشنبیریمان هەبوو کە برایان لە هەڵەبجە دەریان ئەکردوو بە دەستخەت دەیاننووسی، پاشان لێیان ئەگرتەوە، بە گوێرەی پێویست بە ناو ڕێکخستنەکاندا بڵاودەکرانەوە، لەوانە ژیانی ئیمامی شافعی، ئیمامی ئەحمەدو ئیمامی ئەبوحەنیفە. هەروەها بابەت لەسەر زایۆنیزمو ماسۆنیەت. لە (1982)دا هەر ئەو لیژنەیە گۆڤارێکیان دەرکرد بە ناوی (ڕۆشنبیری ئیسلامی) پاشان گۆڕییان بە (نیگا)، ئەوەی جێگەی ئاماژەیە لەو کاتەدا هەموو چالاکی جەماوەری ئیسلامییەکان بەگشتیو ڕێکخراوی نوێ خۆی دەبینیەوە لە بۆنەو یادە ئیسلامییەکانی وەکو مانگی مەولودو میعراج.

**+ لە ڕووی فیکرییەوە هەمان میراتی فیکری ئیخوان ببوە سەرچاوەی کارتان؟**

– بەڵێ لە ڕووی سەرچاوەی فیکریەوە هەمان کتێبە ئیخوانیەکان بوو، بەڵام لە هەمان کاتدا ئەو بۆچونانەشمان دەخوێندەوە کە کەسایەتیە ئیخوانیەکان

نووسـیبویان‌و لەگـەڵ بۆچـونی رەسمـی ئیخوانـدا یـەکیان نەدەگرتـەوە، وەکـو بۆچونەکانی سەعید حوا لەسەر جیهاد، یان رەچاوکردنی هەرێمایەتی لە کارکردنداو پابەند نەبوون بە ناوەندەوە، یـان سـود وەرگـرتن لـە بۆچـونەکانی سـەید قوتـب لـە (معالم في الطريق) و ( في ظلال القران) کە ئیخوان هەندێکیان بە کەلـەپورو بەرنامـەی خۆیـان نـازانن، هـەروەها بـە خـۆدورگرتن لـە دەمـارگیری بـە ئیخوانـەوە, سـودمان وەردەگرت لە (كتاب التوحيـد)ی موحەممـەد عەبـدولوەهاب, ئـەتوانم بڵـێم پابەنـدی ئێمە بـە ئیخوانـەوە لـەو ماوەیـەدا زیـاتر پابەنـدبووە بـە شـێوازی رێکخسـتن‌و نـاوو ناوبانگی ئیخوانەوە، نەك پابەندبونێکی فیکری، بە بەڵگەی ئـەوەی ئێمـە سـەرەتای دەسـتبەکاربونمان پێچـەوانەی بڕیـاری ئیخـوان بـوو، ئـەوان ئـەیانوت نابێـت کـاری رێکخستن بکەن، ئێمەش دەستبەکاربووین، ئەوان ئەیانوت رێکخستن حەرامـە، ئێمـە ئەمانوت واجبە، چونکە (ما لا يتم به الواجب الا به فهو واجب) هۆی پابەندبونیشمان بـە نـاوو شـوهرەتی ئیخوانـەوە ئەگەڕێتـەوە بـۆ داخـراوی عێـراق، بـێ ئاگـابوون لـە دەوروبـەرو دەرەوە، زاڵبـوونی رۆشـنبیری ئیخـوان‌و پڕوپاگەنـدەی ئیخـوان بەسـەر بەشێك لە هەست‌و هۆشماندا، بە تایبەت مامۆستا سدیق.

**+ چۆن پەیوەندیتان لەگەڵ رێکخسـتنەکانی ئیخـوان لـە ناوەڕاسـتی عێـراق دروست کرد؟ هۆکاری ئەو یەکگرتنە چی بوو؟**

– چۆنیەتی پەیوەندی بەستنی ئێمە بە ئیخـوانی عێراقـەوە، هۆکـاری سـەرەکی دەگەڕێتـەوە بـۆ شـکاندنی بەسـتەڵەکی بۆچـونی ئیخوانـە کۆنـەکان کـە نابێـت هـیچ جموجوڵێك بکرێت, ئێمەش بە پەلـە بـووین بـۆ ئـەوەی ئـەو هـەنگاوەی ناومانـە زوو جێگەی خۆی پێ بگرین‌و شەرعیەتی ئیخوان وەربگرێت، بۆچونی ئیخـوان لـە عێـراق بەگشتی‌و لە کوردستان بەتایبەتی پێ بنێتە قۆناغێکی ترەوە, بـۆ ئـەم مەبەسـتەش ئەو قوتابیانەی بەغداد کە هۆشیاری ئەو بارودۆخـەیان هـەبوو لـە جموجوڵـدا بـوون، مامۆستا سەید ئەحمەد عەبدولوەهاب لەو نێوانەدا بوو، بە حوکمی ئـەوەی مامۆسـتا سەید ئەحمەد نیشتەجێی بەغداد بوو، کەسێکی ئاگاداریش بوو لە جموجوڵی ئیخوان

له بەغدا، ئەو بەیەکگەیەنەری ئێمەو خەتی نوێی ئیخوانی عێراق بوو، بە راستی نەخشەو هەنگاوەکانیش بە ئاسانی سەریان گرت.

**+ دوای دەستگیرکردنی ژمارەیەك ئەندامی رێکخستن‌و کۆچکردنی هەندێکی تریان بۆ کوردستانی ئێران، کاری ئیسلامیی لێرە چی بەسەرهات؟**

– دوای ئاشکرا بوونی ئیخوان لەو سەردەمەدا چەند گۆڕانکاریەکی گەورە رویاندا، هەندێکیان ناوخۆیی‌و هەندێکیان دەرەکیی بوون :

گۆڕانکاریە ناوخۆییەکان:

1– پچڕانی ئومێدی پەلهاویشتنی رێکخستنی نوێ‌و لەخۆگرتنی ئەو کادێرو بانگخوازە دێرین‌و کەسایەتیانەی ماوەیەکی زۆر بوو لە کاری رێکخستن دابڕابوون, هەروەها تێکچونی ئەو نەخشەیەی که لەوەوپێش داڕێژابوو.

2– بۆ ماوەی دوو ساڵ بوو کارو کۆبونەوەکانمان لە باخ‌و شوێنە گشتییەکان ئەنجام ئەدا، لەبەر ئەوەی مزگەوتەکان ماوەی کارو کۆبونەوەیان تیا نەمابوو, یەکێك لەو شوینانە گردی رعایە بوو لە گەڕەکی بەرانان نزیك مزگەوتی شێخ فەرید کە کۆبونەوەمان تیادا ئەنجام ئەدا، یان بەدەم رێگاو پیاسەکردنەوە ئەنجاممان ئەدا، جارێکیان لە بازاڕ لەسەر پردەکەی خوار مزگەتی گەورە، قسەم بۆ برایەك ئەکرد، شوێنەکە قەرەباڵغ بوو، جار جار خەڵك ئەکەوتە نێوانمانە، منیش ئاگام لێ نەبوو ئەوە یەکێکی ترە کەوتۆتە نێوانمانەوە، بەردەوام بووم لە قسە کردن بۆی، شان بە شانی ئەو کابرایە ئەڕۆیشتم تا سەرم هەڵبڕی بینیم هاوڕێکەم جێماوە .

3– لەبەر ئەوەی خۆمان ئەپاراست کە ناومان درابێت، بە تایبەت کاك سمکۆ کە قوتابی زانکۆی سەلاحەدین بوو لە هەولێر، پەیوەندی راستەوخوی بە دکتۆر عیسام ئەلڕاویەوە هەبوو، بۆ ماوەی دوو مانگ خۆمان حەشارداو زۆربەی کاتەکانیش لە ماڵی وەستا ئیبراهیم بووین، خوا پاداشتی خێری خۆی‌و نایلەخانی خێزانی بداتەوە، زۆر جار جگە لە خۆمان میوانەکانیش رویان لەوێ ئەکرد، ئەوانیش بە حەوسەڵەو نەفەسێکی درێژەوە وەزعەکەی ئێمەیان قبوولێ ئەکرد، هەرگیز لە بیرم ناچێ، چونکە ئەرکێکی گەورە بووین بەسەریانەوە, دوای ئەوانیش شوێنیکی تر کە لێی

ئەماینەوە ماڵی کاك فەتحوڵلا بوو، خـوا پاداشـتی خێریـان بداتـەوە، لـە چـڵەپۆپـەی ڕێزو کەرەمو سنگفراوانیدا بوون .

4– لەو قۆناغە ترسـناکەدا، بـەهۆی نـەمانی وانـە گشـتیەکان لـە مزگەوتەکانـدا، نەمان ئەتوانی ئەو قوتابیانە ببینین، بۆیە هەندێکیان توشـی لادان بـوونو هـەیانبوو وازی لە نوێژیش هێنا .

5– پێکهێنانی سەرکردایەتیەکی نوێ لەم برایانە: کاك ئیکرام کەریم, کاك غـازی حەمەئەمین, کاك ئارام قادر, کاك تۆفیق کەریم, مامۆسـتا عـەلی عەبـدوڵلا, مامۆسـتا موحەممەد عومەرو نازم عەبدوڵلا، لەو ماوەیەدا ئـەو سـەرکردایەتیە بڕیـارو ڕێنمـایی ئەداو کارەکانی ڕائەپەڕاند.

6– دوای دوو سێ مانگ، واتە کۆتایی مـانگی (ئایـار 1987) خۆپیشـاندانەکەی هەڵەبجـە ڕوویـدا، لەگـەڵ مامۆسـتا مـەلا عوسمـان (بـە ڕەحمـەت بێـت) ئـەو سەرکردایەتییە تازەیەش زۆربەیان چوون بۆ ئێـران، ئـەرکو ئیشـی ئـەوانیش کـەوت بەسەر ئیمەدا، منو کاك سمکۆ کە لەو کاتەدا جگە لە سەرپەرشتی ئیشو کارەکـانی خۆمـان، هاتوچـۆی چـەند شـوێنێکمان ئـەکرد، مـن ئەچـوم بـۆ کـانی پانکـە بـۆ لای مامۆستا مەلا عەبدوڵلای قاڵیجۆو کاك مەلا غەریب کە سەرپەرشـتی برایـانی ئـەوێیان ئـەکرد، هـەروەها ئەچـوومە ڕانیـە کـە مامۆسـتا سـەید ئیـبراهیمو مامۆسـتا عـەلی بەردەکۆزی لەگەڵ کۆمەڵێك برای تردا سەرپەرشتی ئیشی ئەوێیان ئەکرد، جگـە لـەو برایانەی لە هەڵەبجە مابوونەوەو سەرپەرشتی ئیشی ئـەوێیان ئـەکرد، جارێکیـان لـە هەڵەبجە ئەگەڕامەوە نامیلکەیەکم پێبـوو بـەناوی: (سـەهیۆنیەت چـیە؟) بـە کـاربۆن نوسـرابوو، کـە گەیشـتینە بازگـەی سـلیمانی دای بەزانـدین، لـە پشـکنیندا لەسـەر کورسیەکەم دۆزیەوە، گەلێك هاواری کرد ئـەم کتێبـە هـی کـێ بـوو؟ کـەس وەڵامـی نەدایەوە. وتی: هەرکەس بچێتەوە شوێنی خۆی. لە کۆتایدا دەرکـەوت کتێبـی منـە، منیان دابەزاند، بردمیانـە ژووری بازگەکـەو میلـی تفـەنگیان لـێم هێنایـەوەو کەوتنـە هەڕەشەکردن ئەگەر دانی پیانەنێیت ئەتکوژین. منیش وتم: لە هەڵەبجـە لـە لاکـۆڵان

کرپیومه، شتێکیشی تیانیه دژی حزب بێت، بردمیان بۆ فیرقە سەربازێکی رەشی زلەم لەگەڵدا بوو، لەرێگە دواندمو لێم پرسی: نوێژ ئەکەیت؟ حاڵی بوو لە نیازم، وتی: گرنگ نیە نوێژ ئەکەم یان نا (النجاة في الصدق) لە فیرقە چاویان بەستمەوە، دوای هەندێ پرسیار ئازادیان کردمو دەفتەر خدمە تەزویرەکەیان دامەوە کە زۆربەی ترسەکەم لەوە بوو.

گۆڕانکاریە دەرەکییەکان:

1- تەختکردنی چەند گەڕەکێکی هەڵەبجە، پاش چەند مانگێکیش کیمیابارانکردنی کە شوێنەوارە نێگەتیڤەکانی لە ژمارە نایەنو هەستو هۆشی خەڵکەکەی بە تایبەتیو کوردستانی بە گشتی تێکدا.

2- دەستکردن بە هێرشی بەناوئەنفال بۆ ناوچەکانی گەرمیان، قەرەداغ، دۆڵی جافایەتی، ناوچەی شوان، قەڵاسێوکەو دەشتی کۆیە، کە هەموو ئەمانە کۆمەڵێ گورزی گورچکبڕ بوون لە هەموو جموجوڵێکی ئیسلامییو نەتەوەیی، لەو هەلومەرجەدا جگە لە بەدەمەوە چوونی خزمو کەسو هەواڵی دۆستانو برایان، هیچ کارێکی ترمان بۆ نەئەکرا.

3- مزگەوتەکان جگە لە کاتەکانی نوێژ داخران، وەزعەکە ئەوەندە ئاڵۆزو ترسناك بوو خەڵکی قورئانی ماڵەوەشیان ئەشاردەوە، خەڵك توانایان نەمابوو، هەر کەسەو لە ئاستی خۆیانەوە پرسیاریان ئەکرد ئەم وەزعە تاکەی وائەبێت؟ پێش رۆیشتنی مامۆستا سدیق بۆ ئێران، پرسیارم لێ کرد: رای دکتۆر عەبدولمەجید چیە سەبارەت بە رژێم؟ ئەویش وتی: پرسیارم لێ کردوە وتویەتی تا شەش مانگی تر دەوام ئەکات. منیش بۆ برایەکم باس کرد کە زۆر پرسیاری ئەکرد، ئەوەبوو چەند شەش مانگی تێپەڕی هیچ گۆڕانکاریەك رووی نەدا، ئەو برایەش لێم دورکەوتەوە، ئێستاشی پێوە بێت هەر لالووتە.

**+ لە دوای ئەو روداوانە یەکگرتنەکەتان هەڵوەشایەوەو لەسەر بنەمای رێکخستنە کۆنەکەی خۆتان بەردەوام بوون یان بە شێوازێکی تر؟**

– له كاتی یەكگرتنەكەدا لەبەرئەوەی ماوەكە كەم بوو فریا نەكەوتین نەخشەی كاری ڕێكخستن‌و پەروەردەیی خۆمان بگۆڕین، هەرچەند هیچ لایەكمان پەلەی ئەو جۆرە گۆڕانكاریانەمان نەبوو، بە پێویستیشمان نەئەزانی، بەڵام وەكو ئاماژەم پێكرد هەندێك ئامانجی پێكا، بۆ ئەو قۆناغەش سودمان لێ بینی.

**+ میحوەرەكانی تر له كار بەردەوام بوون؟**

– ئەوانەی بەرپرسی پلە یەكی میحوەرەكان بوون زۆربەیان چوونە دیوی ئێران، دوای ئەوان سەرلەنوێ پەیوەندیمان كردەوە بەو برایانەی دوای ئەوان توانای هەڵسوڕاندنی كارەكانیان هەبوو، لە هەڵەبجە مامۆستا مەلا عوسمان ئەحمەد، مامۆستا عومەر حاجی مەحمود تریفەیی، مامۆستا موحەممەد سینەمۆكی، مامۆستا موحەممەد گرتك‌و كۆمەڵێ له برایانی تر تا پێش كیمیابارانەكە ڕۆڵی بەرچاویان هەبوو له سەرپەرشتیكردنی ئەو ئوسرانەی كه بەرپرسەكانیان ڕۆیشتبوون.

**+ پەوەندیتان بە ئەندامانتان لە ناو ئێرانەوە هەبوو یاخود لەیەكتر دابڕابوون؟**

– لە كاتێكدا برایان كۆچیان كرد بۆ ئێران، لە (ڕەمەزانی 1987) لەسەر پێشنیازێك كه قسەمان لەسەری كردبوو، بۆ پێكهێنانی بزوتنەوەیەكی چەكداری بوو، پاشان جارێكی تر ڕای ئێمەیان وەرگرتەوە، ئێمەش لەم دیو چەند خاڵ‌و مەرجێكمان بۆ نوسین، لەوبارەیەوە ڕاوێژم بە كاك هیوا میرزا سابیر كرد لە سەیدسادق لە ماڵی خۆیان، هەڵبەتە بە هۆی یەكگرتنەكەوە كارمان پێكەوە مابوو، هێشتا كۆتا بڕیاری تەواوەتی لەلایەن برایانی كوردستان ڕانەگەیەنرابوو كە پەیوەندیان بە ئیخوانی ئێران خەتی مامۆستا سەلاحەوە كردوە. وتی: من ڕام لە سەر چەكداری نیە, بەڵام لەوێ بە هۆی باشی پەیوەندیەكانی مامۆستا سدیق‌و مامۆستا سەلاح هەڵوێستەیان كردبوو لە بۆچونەكەیان، بەڵام بە هۆی ئەوەی مامۆستا سەلاح نامەیەكی لەلایەن دكتۆر نوعمان سامەرائی هێنا، دوای دروستبوونی بزووتنەوەی ئیسلامیی كێشە كەوتبووە نێوان هەردوولا، ناوەڕۆكی نامەكە بریتیبوو لە ڕێنمایكردنی خەتی ئیخوان، ئاگاداركردنەوەیان بوو لە سیاسەت‌و بەرنامەی

ئیخوان کە ئەوەی پەیوەندە بە ئیخوانەوە نابێت پەیوەست بێت بە بزووتنەوەو کاری چەکداریەوە، ئەمەش برایانی ئێمەی توشی شۆك کردو پەیوەندیەکان تێکچوون، چونکە زۆرێك لەو کەسانەی لەگەڵ برایانی ئێمە چوبوون بوونە بزووتنەوە، مامۆستا مەلا عوسمان کە بەرپرسی یەکەمی کاری رێکخستنەکان بوو لە کوردستان، بوو بە رابەری بزووتنەوە، خەڵك بوون بە دوو بەشەوە، ئەوەی لەگەڵ مامۆستا سەلاح بوون کەوتنە دژایەتیکردنی بزاڤی چەکداری, خەتی ئێمە بێلایەن بوون، بەڵام دڵیان لەگەل بزووتنەوە بوو، لە هەمان کاتدا نەیان دەتوانی ئەو سنورە ببەزێنن‌و خۆیان لە چوارچێوەی ئیخوان دەرباز بکەن.

**+ چەند ئاگاداری رێکەوتنی هەردوو باڵی مامۆستا سدیق عەبدولعەزیزو مامۆستا سەلاحەددین موحەممەد بوون کە ساڵی (1988) لە ئێران ئیمزایان کرد؟**

– ئێمە ئاگاداری ئەو رێکەوتنە نەبوین بە مانای پرس‌و را وەرگرتن، بەڵکو ئەو برایانە وەکو ئەمری واقیع هەڵسوکەوتیان لەگەڵ ئەو رێکەوتنەدا کردبوو، هەروەکو لە رێکەوتنەکەدا هاتووە: بە شێوەیەکی کاتیی تا لە ئێران دەمێننەوە پابەندن بەو رێکەوتنەوە، دوای گەڕانەوە بۆ عێراق هەموو لایەك پابەند دەبن بە ئیش‌و کارێکەوە کە لەوێ هەیە، بۆیە ئێمەش خۆمان بە مولزەم نەزانی بەرانبەر بەو رێکەوتنە، چونکە تایبەت بوو بە ئەوێوە، بەڵکو چاوەڕوان بووین لە هەلومەرجی گونجاودا ئەوان بێنەوە، لێرە هەموومان پێکەوە لەسەر شێوازو بەرنامەی پێشوو دەستبەکاربین، لێرەدا چەند پرسیار دێتە پێشەوە، بۆچی ئەو رێکەوتنەی دکتۆر عەبدولمەجید وەکو نوێنەری ئیخوانی عێراق، لەگەڵ مامۆستا سدیق وەکو ئیخوانی کوردستان کە بە رەزامەندی ئیخوانی دەرەوە کردبویان، ئیخوانی دەرەوە پابەند نەبوون پێوەی؟ رێکەوتنێکی تریان لەگەڵ مامۆستا سەلاح کردو رەسمیەتی کاریاندا بە ئەو؟ پاشان بۆ رازیبوون ئەو رێکەوتنەی ئێران کاتیی بێت؟ پاشان ئەو رێکەوتنە

کرا، دەبوو مامۆستا سەلاحو برایانی ئیخوانی ئێران هیچ هەنگاوێك نەنێن لە عێراقو لەگەڵ خەتی ئیخوانی ئەمدیو رێکەون.

**+ لە کاتی لێبوردنی بەعس ژمارەیەك ئەندامتان گەڕانەوە عێراق، ئەوانە تێکەڵ بە رێکخستن بوونەوە یان نا؟**

– دوای لێبوردنی بەعس کە دەکەوتە کۆتایی ساڵی (1988)، هەندێك لەو برایانە وەك: کاك ئارام قادر, کاك تۆفیق کەریمو کاك غازی حەمەئەمین هاتنەوە کوردستان، ئەمەش بۆ ئێمە گورو تینێکی باش بوو، روداوەکانی ئەودیویش زیاتر توندوتۆڵی کردبوون، توانرا لەو ماوەیەدا سەرلەنوێ گەرموگوڕی بکرێتەوە بە بەر رێکخستندا، حەسانەوەیەکیش بدەن بە ئێمە، دیارە روداوەکانی دیوی عێراقو توندوتیژیەکانی رژێمی بەعس شەکەتو ماندوی کردبووین, هەر کەسێکیش لەو دیو بگەڕایەتەوە سەرلەنوێ پەیوەندی پێوە دەکرا، کاتێك ئەو برایانەش هاتبونەوە، بە حوکمی ئەوەی لەودیویش ئاگایان لە یەك بوو پەیوەندی پێوەکردنیان ئاسانتر بوو.

**+ رۆڵو بەشداریتان لە راپەڕیندا چۆن بوو؟**

– لە راپەرینەکەدا بەشداریمان کرد، بەشداریکردنەکەش زیاتر لە کەرکوك دەرکەوت، هەندێکمان تۆزێك دوودڵ بووین لە ناردنی خەڵك بۆ کەرکوك، بەڵام دوای راگۆڕینەوەو قسە لەسەرکردنی بەشداریمان تیا کرد، کاك غەریبی خەیاتو کاك مەحمودو چەند برایەکی تر رۆیشتن، ئەوەبوو کاك مەحمود شەهید بوو، لە شوێنەکانی تریش لەگەل جەماوەردا بەشداریمان کرد.

**+ باس لەوە دەکرێت راستەوخۆ دوای راپەڕین مامۆستا سەلاحەددین موحەممەد گەڕاوەتەوە کوردستانو کۆبوونەوەی بە ئێوە کردووە بۆ دەستبەکاربوونەوەی ئیخوان، دەکرێت بزانین وردەکاری ئەوە چۆن بوو؟**

– گەڕانەوەی مامۆستا سەلاحەددین بە ئامانجی کۆکردنەوەی سەرانی دێرینی ئیخوانی بوو، پاشانیش دوای روخانی رژێم لە دوای وەرگرتنی مۆڵەت لە

حەفتاکانەوە سەرلەنوێ دەستبەکار ببنەوە، بێگومان مامۆستا سـەلاح ئامانجەکـەی پێکا، بەڵام ئەوەی جێگەی تێبینی بوو بانگکردنی ئێمە بوو، ئـەوە لـە کاتێکدا هـیچ پەیوەندیـەکی بـە ئێمـەوە نـەبوو، چـونکە بـە گـوێرەی ڕێکـەوتنی مامۆسـتا عومـەر ڕێشـاوی‌و دکتـۆر عەبدولمەجیـد کـە لـە ئێـران کرابـوو، دوای ڕێکـەوتنمان لەسـەر سیغەیەکی نوێ ئەوکاتە پێکەوە دەستبەکار دەبین، کە بانگهێشتکراین بۆ لە هـەموو ئەندامانی ڕێکخستنی نوێدا تەنها من بانگ بکرێم؟ کە ئـەو ئەندامانـەی تـریش وەکـو کاك سمکۆ، کاك ئارام قادر، کاك تۆفیق کەریم، کاك غـازی‌و ... هتـد مافیـان هـەبوو وەکو ئـەو هـەموو خەڵکـەی هـاتبوون کـە تیایانـدا هـەبوو چـواریەکی ئـەوان مانـدوو نـەبووبوو, تێبینیـەکی تـر هـەر لـەوێ هەڵبـژاردنیان ئەنجامـدا بـۆ دیـاری کردنـی سـەرکردایەتی نـوێی دوای ڕاپـەڕین، کـە دەبـوو ئـەو سـەرکردایەتیە بـە ڕێکـەوتنێك پێکبهێنرایە، ئەگەر بە هەڵبژاردنیش بوایە، دەبوو ڕێژەیەکی باش لە ئەندام‌و کادێری ئێمە لەوی بوایـە، چـونکە هەڵبـژاردن میکـانیزمی خـۆی هەیـە، ئـەویش یـان لـە نـاو خـەڵکانی بێلایەنـدا بکرێـت، یـان ئەنـدام‌و کـادێری هـەردوولا بەشـدار بـن، باشـترین میکانیزمیش بۆ پێکهێنانی سەرکردایەتی ئەوەیە بە شـێوەی ڕێکـەوتن بێـت، ئەگـەر باس لە هەڵبژاردن‌و پێکهێنانی سەرکردایەتی بکرایە بە هیچ شـێوەیەك بەشـدارییمان نەئـەکرد، چـونکە ئـەزمونی دیـوی ئێرانمـان هـەبوو. بـەڵام ئێمـە وامـان زانـی ئـەو کۆبونەوەیە درێژەپێدانی کۆبونەوەکەی مامۆستا عومەر ڕێشاویە (بە ڕەحمەت بێت) کە لە (1990/3/21) لە ماڵی خۆیـان ئەنجامـدرا، ئـەویش خـۆ ئامـادەکردنی دوای ڕاپــەڕین بــوو، تیایــدا بــاس لــە کردنــەوەی بارەگــاو پەیــداکرنی چــەك‌و ئــامێری پەیوەنـدیکردن کـرا، بـە هـیچ شـێوەیەك بـاس لـە تەشـکیلکردنەوەی سـەرکردایەتی ئیخوان نەکرا.

**+ دوای کۆڕەوەکە ژمارەیەك کـادیری ئیخـوان دەسـتیان لـەکار کێشـایەوەو ریزەکانی ئیخوان پەرتبوون، وردەکاری ئەوە چۆن بوو؟**

– دوای ئەوەی لە ئێران پارسەنگی رەسمیەتی ئیخوان بەلای مامۆستا سەلاحدا کەوت، لەودیویش ئیشوکار تێکەڵ کرا، هەندێك لەو برایانەی سەر بە رێکخستنی نوێ بوون لە عێراق، وەکو کاك موحەممەد رەئوف، کاك مەولود باوەمورادو مامۆستا ئەحمەدی شافعی لەگەڵ مامۆستا سەلاحو ئەوان مانەوەو نەهاتنەوە ریزەکانی رێکخستنی نوێوە، لە (1992/11/22) کە ئێمە بزووتنەوەی راپەرینمان راگەیاند، برایانی دهۆك وەکو کاك خەلیل ئیبراهیمو هاورێکانی، لە کەرکوكو دەوروبەری وەکو مامۆستا موحەممەد بازیانیو کاك مەلا وریا (بە رەحمەت بێت)و چەند برایەکی تر، وتیان ئێمەش لەگەل ئیخوان ئەمێنینەوەو لەگەڵ ئێوە بزووتنەوەی راپەرین راناگەیەنین، جیابونەوەی ئەو هەموو کادیرو ئەندامانە ئەو کاتە بۆ ئێمە گران کەوتو کێشەی بۆ دروستکردین, بەڵام بەهۆی خۆگری ئەم برایانەی خەتی دوو توانرا ئەم کاروانە بگەیەنرێتە جێو توشی شکست نەبین.

**+ بۆچی ئێوە نەچوونە ناو رێکخستنەکانی باڵی مامۆستا سەلاحەددین موحەممەد، لە کاتێکدا ئەو رەسمیەتی لە ئیخوان وەرگرتبوو، ئێوەش چەند ساڵ بوو بانگەشەی ئیخوانتان دەکرد؟**

– چەند هۆکارێك وایان کرد دوای ئەوەی کە مامۆستا سەلاحەددین رەسمیەتی ئیخوانی وەرگرت ئێمە نەتوانین لەگەڵیان بڕۆین.

1– ئێمە کاتێك کارمان دەستپێکرد ئەوان باوەڕیان بە کاری رێکخستن نەبوو.

2– ئێمە هیچ رۆڵێکی ئیخوانی نێودەوڵەتیمان نەبینیبوو تا پێیان سەرسام بین‌و لێیان دوورنەکەوینەوە، بەڵکو جگە لەو ماوە کەمەی کە لە عێراق لە ساڵی (1986) ئێمە رێکەوتین، تەنها هەڵوێستی سەلبیمان لەوان بینی.

3– ئەوەی لە برایانی دیوی ئێران بینیمان، مامەڵەیان لەگەڵ ئەو خەڵکەی تری غەیری خۆیان زۆر نێگەتیڤانە بوو، دەبوایە برایانی ئیخوانی دەولی دوای گەڕانەوە بۆ عێراق قسەیەکیان بۆ ئێمە هەبوایە، بەڵام هیچیان نەوتوو لەسەر هەمان شێوازی

پێشوو مامەڵەیان دەکرد، بۆ نموونە دوای راپەڕین مامۆستا هادی عەلی سەردانی کردین لە مزگەوتی شێخ محێدین، منو کاك ئارام لەوێ بووین، داوای لێکردین پەیوەندی بکەین بە ئیخوانی خەتی مامۆستا سەلاحەوە، ئێمەش وتمان: باشە گوێ بۆ داواو پێشنیارەکانمان بگرنو با هاتن بە قۆناغ بێت. ئەویش وتی: ئێمە ئامادەین وەکو جەماعەت لەگەڵتان رێکەوین، بەڵام ئەبێ تاك تاك بێن. ئەمەش لەبەر ئەوەبوو تا ئەوکاتەش رێڕەوی ئیخوان لەناو حزبدا بەرانبەر رای جیاواز زۆر داخراو بوون.

4- پێشتریش ئاماژەم پێدا، ئێمە وەکو پەیوەندی فیکریو پەروەردەیی رای رەخنەگرانەشمان هەبوو لە سەر ئخوان، کە هەموو ئەمانە وایانکرد ئێمەو ئەو بەرێزانە لە چوارچێوەیەکدا کۆنەبینەوە .

5- راکردنیشمان بەدوای رەسمیەتی ئیخواندا هەندێکی پەیوەندی بە کەسایەتی مامۆستا سدیقەوە هەبوو، ئەو وای ئەزانی بێ ئەوان حزبایەتی ناکرێت، بەڵام کە بۆی دەرکەوت نەك ئەوان لە پشتیەوە نین بەڵکو دژیشینو کاریش ئەکرێت، گەیشتە قەناعەت کە واز لە ئیخوان بێنێت، ئەوەبوو بزووتنەوەی راپەرین راگەیەنرا.

# دیداری حەوتەم:

## کاك مەولود باوەموراد



**مەولود موراد محێدین، ساڵی (1964) لە هەڵەبجە لەدایك بووە، بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە ئابووری، بەکالۆریۆس‌و ماستەر لە یاسا بەدەستهێناوە، ئێستا خوێندکاری دکتۆرایە. لە سەرەتای دەستپێکردنەوەی کاری ئیخوان پەیوەندی بە رەوتی ئیسلامییەوە کردووە، لە راگەیاندنی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستاندا لە (1994)دا بەشداربووە، چەند پۆستی جیاوازی حزبی وەرگرتووە، ئێستا ئەندامی مەکتەبی سیاسیی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستانە.**

**شوێن‌و مێژووی دیدار: هەولێر، 2004/12/18**[1]

---

[1] لە سەر داوای کاك مەولود، رۆژی (2009/10/10) دەقی چاوپێکەوتنەکەم بە ئیمەیل بۆ ناردەوە تا پێداچوونەوەیەکی بکات، هاوکات منیش چەند پرسیارێکی دیکەم بۆ زیاد کرد، ئەویش دوای چەند رۆژێك وەڵامەکەی ناردەوە، بۆیە ئەم چاوپێکەوتنە هەندێك زانیاری تێدایە کە لە دەقی چاوپێکەوتنەکەی (2004/12/18)دا نییە.

**+ سەرەتا دەمەوێت لەوێوە دەستپێبکەین کە لە ساڵی (1978) بە دواوە کاری ئیسلامیی لە باشووری کوردستاندا گوڕو تینی تێدەکەوێت، بە پێی زانیاری تۆ کێ هەڵسوڕێنەری ئەم کارەیە؟**

ـ بسم الله الرحمن الرحيم، لە راستییدا بیرکردنەوە لە هەر کارو پرۆژەیەکی سیاسیی بەدەر نییە لە بارودۆخی وڵاتو ناوچەکەو ژینگە کۆمەڵایەتیەکەی لەلایەك، هەروەها بەدەر نییە لە کاریگەری ئەو کەش‌و هەواو فەزا سیاسییەی کە ئەو گروپ‌و کۆمەڵەیەی تیادەژی کە دەیهەوێت بچێتە ناو پرۆسەیەکی سیاسییەوە، یاخود هاوکاری پرۆسەیەکی سیاسیی بکات، هاوکات لەتەك ئەمانەدا هەموو مرۆڤێك بەسروشتی خۆی حەزی لە کۆمەڵبوونەو پێیخۆشەو ئارەزوومەندە کە خۆی تەواو بکات لەگەڵ ئەوانی تر، ئارەزووکردن لە گرووپ حەزێکی ئینسانیو مرۆییە، مرۆڤ هەروا دروست بووە، تاقەتی دابڕانو دوورکەوتنەوەو جیابوونەوەی لەوانی تری کۆمەڵگە نییە، ناتوانێت بە دابڕاوی بژی، بەڵام گومان لەوەدا نییە کە هۆکارو پاڵنەریش هەن لە خیارەکانی ئینتمای کەسەکاندا کە تۆ بۆچی ئەچیتە ناو ئەو حزبە؟ بۆچی ناچیتە ناو ئەو حزبە یا حزبێکی تر؟ بۆچی ئەچیتە ناو ئەو گروپ‌و ناچیتە ناو گرووپێکی تر؟ من بە حوکمی ئەوەی کە خەڵکی شاری هەڵەبجەم، وەك هەرکەسێك ئارەزوی چوونە ناو گروپ‌و حزبێکم دەکرد، لە ناوچەکەی ئێمەدا لە کۆتایی حەفتاکاندا رەوتی ئیسلامیی بە شێوەی رەوت نەك بە شێوەی حزب بەرفراوان بوو، گەنجێکی زۆر روویان تێکردبوو، دیارە کۆمەڵێك هۆکار هەبوون لە پشت ئەم حەقیقەتەوە، یەکەم بوونی رەگ‌و ریشەیەکی کۆنی ئیخوانی کە کەسایەتی ئیسلامیی بەهێزی لەپشتەوەبووە لە ناوچەکەدا، وەکو مەرحومی مامۆستا مەلا عوسمانو براکانیو ژمارەیەکی بەرچاو لە زاناو مەلاو مامۆستای شارەکە، کە بەشێوەی رەوت ئینتماو پەیوەندییان بەو کۆمەڵەوە هەبوو، ئەم رەوتەیان وەك جۆرێك لە شێوازی تەدەیونو بانگەواز لابووە ئەسڵ، هۆکاری دووەم بوونی رێژەیەك لە ئازادی لە ناوچەکە لەو سەردەمانە کەسەردەمی حزبی بەعس بوو، لە

ساڵانی کۆتایی حەفتاکاندا وەك ئاماژەم پێکرد جۆرێك لە یاخیبوونی دەنواند، بەهۆی هەڵکەوتەی سنووری ناوچەکەو دورەدەستی لە رژێم، دامودەزگەی بەعس ئەو جۆرە قورساییەی نەبوو کە لە شارەکانی تردا هەیبوو، ئەمەش هەستی ئازادی لای خەڵکی ناوچەکە قوڵترو توندتر کردبوو، رقبوون لە دەسەڵاتی بەعس قێزەونی بەعس زۆرتر بوو، بەجۆرێك لەو سەردەمەشدا خەڵکێك ئەگەر بیویستایە کەسایەتیەکی دیارو خاوەن نفوز بێت بەوە نەدەبوو کە لە پاڵ دەسەڵاتو حکومەتدا بێت، بەڵکو بەوە بوو لە دژ یان بەلای کەم لە دەرەوەی دەسەڵاتو حوکمی بەعسدا بێت، ئەوەی من بۆت باس دەکەم ساڵی (1979)یە، واتە ساڵێك پاش راگوێزانی دێهاتەکانی دەوروبەری شارەکە، بە ماوەیەك پێش شەڕی عێراق – ئێران، هۆکارێکی تری گرنگ لە گوڕو تینسەندنی کاری ئیسلامی سەرکەتنی شۆڕشی گەلانی ئێران بوو بە رابەرایەتی ئایەتوڵڵا خومەینی، کە کاریگەری لەسەر سەرجەم حزبەکانی کوردستانو عێراقو سەرجەم تەوژمی ئیسلامیی لە دنیای ئیسلامدا هەبوو، هەروەها حزبو لایەنە سیاسییە چەکدارەکانیش پاش هەرەسی شۆرش لە (1975) سەریان هەڵدابوویەوە، ئەوانیش لە ناوچەکەدا بەهێز بوون، بە تایبەتی یەکیتیی نیشتمانیی کوردستان، باڵی کۆمەڵە دەنگێکی دیارو توندبوو بەرامبەر دینو ئیسلامەتیی لە ناوچەکەدا، ئەمەش هاندەرێکی تری کەسایەتییە ئیخوانیەکانی ناوچەکە بوو بۆ ئەوەی ئەوانیش رۆڵێك بگێڕن، لەلایەکی ترەوە رێگە لەو ئاراستە چەپگەراییە توندەی شۆرشی نوێ بگرن لە بڵاوکردنەوەی ئیلحادو سوکایەتی بە دین.

لەم ساڵانەدا لە شاری هەڵەبجەو دەوروبەری رەوتی ئیسلامی ئیخوانی بەهێز بوو، ئەوکات تەوژمی ئیسلامیی بەزۆری لە رەوتو مەدرەسەی ئیخواندا بەرجەستە بوو بوو، حزبو لایەنی تری ئیسلامیی لەوساتە وەختەندا بەهیچ شێوەیەك لە شێوەکان بوونی نەبوو، بەهیچ شێوەیەك هەستی بوونی حزبو گروپێکی ئیسلامیم نەکردووە، ئەگەر کەسێك یان چەند کەسێك هەبووبێت بە ناوی حزبەوە ئەوە وەکو

کەس هەبووە، باسی یەك دوو کەس دەکرا کە گوایە حزبی تەحریرن، ئەگینا وەکو رەوتو جەماعەت هەر جەماعەتی ئیخوان هەبوو.

هەموو ئەم هۆکارانە رێخۆشکەربوون بۆ ئەوەی ئیخوانەکانی کوردستانیش لە ناوچەکەی ئێمەدا کە ژمارەیان زۆر بوو بەخۆیاندا بێنەوە، هەندێ لە کەسایەتیەکانیان بیر لە مەسەلەی رێکخستنو چالاکی سیاسیی بکەنەوە، مەسەلەی راگرتنی رێکخستن بخەنە بەر گفتوگۆو موناقەشەکردن، کاری ئیسلامیی تەنها لە بابەتەکانی پەروەردەو درسو دەوری وەعز، نەسیحەتی مزگەوتەکان، ئاهەنگو بۆنە ئیسلامیەکاندا قەتیس نەکەن، لێرەوە سەرەتایەك پەیدابوو بەناوی باڵی یان میحوەری گێڕانەوەی رێکخستنو کاری رێکخراوەیی، بە مانایەکی تر یانی داوای چونە ناو کارو چالاکیی سیاسییان دەکرد.

من دواتر ئاگاداربووم لەوەی کە لە ناوچەکانی تری عێراقی سوننیدا هەمان کێشە هەبووە، ئەگەر گورپو تینی کاری ئیسلامیی لە ناوچەکەی ئێمەو کوردستاندا بە گێڕانەوەی رێکخستنەوە ببەستین، ئەوا بێگومان سەرهەڵدانی باڵی رێکخستنو کار بە رێکخستن کردن لەنێو رەوتی ئیخواندا کاریگەریەکی گەورەی لەسەر گەشەکردنو چونەپێشەوەی کاری ئیسلامیی هەبووە، بە بەڵگەی ئەوەی تا ئێستاش زۆربەی سەرکردە ناسراوەکانی کاری ئیسلامیی لە هەرێمی کوردستاندا لە لایەنگرانی ئەو هێڵەن.

**+ هەڵوێستی ئیخوانە کۆنەکان لە دەستپێکردنی کار چی بوو؟ چونکە پێشتر ئیخوان بە رەسمی کاری راگرتبوو، ئاخۆ ئەو جموجوڵە جێگەی رەزامەندی ئەوان بوو؟**

– بەندە لەسەرەتادا باسی کۆنو نوێم نەدەزانی، باسی کاری رێکخستنو کاری نارێکخراوەییو قەدەغەبوونی رێکخستنم نەدەزانی، بەڵام پاش کەمتر لە ساڵێك کە تێکەڵاوییو ئاشنایم لەکەڵ کەسەکان زیاتر بوو، لە کۆڕو کۆبوونەوەی مزگەوتو ماڵەکاندا بەشداربووم، وردە وردە وام لێهات بتوانم لەگەڵ کەسانی تر لەمبارەوە

قسه بکەمو بەرەو ئەو ڕێکخستنەی کە خۆمی تیابووم ڕایانکێشم، ئەڵقەو وانەی تایبەتم هەبێت، تێگەیشتم کە ئیخوانی ئەم شارە دوو ئاراستە یان دوو دەستە یان دوو هێڵی دژو ناکۆك بەیەکن لە خاڵی ڕێکخستنو ناڕێکخستنی کردنی کاری ئیسلامیی ئیخوانیدا، من بێ ئاگاداری خۆم بەلای لایەنگرانی کاری ڕێکخستندا کەوتبووم، لەڕاستیدا مەسەلەی کۆنو نوێ زۆر ورد نیە بۆ دەربڕینی ئەم کێشە ناوخۆییەی ئیخوانی ئەوکات، بەڵکو ڕاستترە بەکەمینەو زۆرینە تەعبیری لێبکرێت، ئەگینا مامۆستا سدیق کە بەرپرسی میحوەری ئێمە بوو، هەروەها مەرحومی مامۆستا مەلا عوسمانی برای کە لایەنگرو پشتگیرێکی بەهیزی ئەو خەتە بوو، هەر لە برایانی کۆنن، هەروەها ئەوانەشی بە برای کۆن ناوزەدکران ژمارەیەکی زۆر گەنجیان لە دەور بوو قوتابی بوون لەگەڵماندا، بۆ نموونە برای بەڕێزم مەلا نامیقو کاك بورهان حمەخان خەڵکی بەڵخەن هاوپۆل بووین، برایانی وەك مامۆستا فازیل، مامۆستا مەهدی مەحمودو کەسانی تری وەك ئەمان، ئەمانە گەنج بوونو چینی پیر نەبوون، لە میحوەری دژی ڕێکخستن بوون، بەڵام دژی کاری ئیسلامیی نەبوون، ئەوان دژی ڕێکخستنو بەحزببوون بوون، برایانی کۆن پێیان وابوو لە ساڵی (1971) نامەیەك لە لایەن مورشیدی گشتیی ئیخوانی عێراقی ئەوکاتەوە کە دکتۆر عەبدولکەریم زەیدان بووە، دەرچووەو داوایکردوە کاری ئیسلامیی گشتی ڕامەگرن، بەڵام کاری ڕێکخستن بە هیچ شێوەیەك نابێت بیکەن، ئەم زاتە تا ئەمڕۆش بەرپرسە لەو بڕیارەو قەناعەتی وابووە کە ڕێکخستنو حزبو حزبایەتیکردن لە عێراقدا بە هیچ شێوەیەك لە شێوەکان لە سایەی بەعسدا بواری نییەو قابیلی کردن نییە، ئەمە تا ئەوکاتەی ڕژێمی بەعس حاکم بوو، ئێستاکە ڕژێمی بەعس ڕوخاوە نازانم ئەو بڕیارەی چی لێهاتووە، بەڵام تا ڕووخانی ڕژێم من ئاگادارم کە بەپێنووسی خۆی ئەو فەتوایەی نوێکردبووەوە، بۆ وەڵامی مەکتەبی ئیرشادی ئیخوانو ئیخوانەکانی عێراق بڕیاری دابوو پێویستە ڕێکخستنو حزبایەتی نەکرێت، بە بەهانەی ئەوەی ژیانو گیانی خەڵك نەخرێتە بەر مەترسی، وادەزانم تا ئێستاش هەڵینەوەشاندووەتەوە،

ئەم پیاوە، بانگەوازو پەروەردەو کاری ئیسلامیی گشتی بە مەنهەجو تێگەیشتنی ئیخوان قەدەغە نەکردبوو، بەڵکو فەتوای لە دژی کاری ڕێکخستن‌و حزب بوو کە زنجیرەیەك لە بەرپرسیاریەتی‌و بڕیارو هەڵوێستی لەسەر گۆڕان‌و ڕوداوەکانی پێویستە، ئاراستەکردنی ئەندام‌و هەواداری دەوێت،....هتد. دەبێ ئەو دوو شتە لە یەکتر جودا بکرێنەوە، برایانی مولتەزیم بەم بڕیارەوە لەم ئەرك‌و بەرپرسیارییە دەترسان، نەك ڕێگەیان نەدەدا کەسێك یان میحوەرو خەتێك بەناوی ئەوانەوە باسی ڕێکخستن‌و ئیعادەی ڕێکخستنی ئیخوان بکاتەوە، بەڵکو توند دژایەتیان دەکرد، ئەندام‌و لایەنگرانیان لێ دور دەخستەوە. بەڕای من فەتوای ئەم پیاوە گورزێکی کوشندەبوو لە بوون‌و ئامادەیی سیاسیی ئیخوان لە عێراقدا، ئەو دابڕانە تا ئەمڕۆش تووشی سەرگەردانی سیاسیی کردوون. ئیخوانە کۆنەکانی دژی گێڕانەوەی ڕێکخستن بەوە باڵەکەی تریان تۆمەتبار دەکرد کە شەرعیەتیان نییە، ئەم بڕیارە دەبێ چاودێر گشتیی ئیخوان بڕیاری بدات، ئەگەر نا ئەمە دەرچوونە لە بڕیاری ئەمیرو گوناهە.

باڵی یان هێڵی ڕێکخستن لە هاوینی ساڵی (1980) بە تەحدید لەمانگی تەمموزدا، بە داڕشتن‌و زمانی بەرپرس‌و برایانی سەرکردایەتی‌و بەدەستو پەنجەی برات بەیاننامەیەکمان نووسی، تیایدا ئەوەمان خستەڕو کە ئێمە گروپێکی ئیخوانی جیاین، ئێمە ئەو گروپەین کە دەست دەکەین بەکاری ڕێکخستن، تا سەرکردایەتی گشتیی ئیخوان لە عێراق بڕیار دەدات کە خۆی ڕێکخستنی سیاسیی سەرتاسەری دروست بکات، ئەو کاتە ئێمە سەربازێکین‌و دەچینە ژێر ئاڵای ئەو سەرکردایەتیەی کەوا بڕیاری داوە ڕێکخستن‌و کاری سیاسیی هەبێت.

ئیتر هەر لەو سەرەتایەوە، هەر بەو مناڵیە کەوتینە ناو دەریایەك لە غەیبەتو ناوو ناتۆرەو گەنجی سادەو ساکار لەیەکتر تۆراندن، بەڕاستی ئێستا شەرم دەکەم باسی دەکەم.

**+ کاتێك لە هەڵەبجەوە دەستتان بە کار کردەوە، چۆن توانیتان چالاکی‌و کاری ڕێکخستن بگەیەننە شارو شارۆچکەکانی تر؟**

– ئێمە وەك لایەنی گێڕانەوەی ڕێکخستن‌و کارکردن بە ڕێکخستن، کاتێك لەگەڵ تێگەشتن‌و بۆچونەکەی تر لێك ئاشکرابووین‌و بەرەمان جیاکردەوە، ئیتر وەك حزبێکی نوێ‌و بە سروشتی حزبێکی سیاسیی ئیخوانی کارمان دەکرد، هەوڵی بڵاوبوونەوەو تەشەنەکردنمان دەدا بۆ شارو شارۆچکەکانی تری کوردستان بێ حسابکردن‌و گوێدانە ئەوەی لەو شارەدا کێ ئیخوانەو چ کەسێك بەناوی ئیخوان کاردەکات، لەلایەکی ترەوە هەوڵی ئەوەمان دەدا لە هەر شارو شارۆچکەیەك ئەوەی هەبوو بەناوی ئیخوان گفتوگۆی لەتەك بکەین، هەوڵی لەگەڵ بدەین بەڵکو بەفیکرەکەمان قایل ببێت، ئیتر ئەو دەبووە بنکەو نوێنەری ئێمە لەو جێگەیە، بنکۆڵی ئەو کەسانەمان دەکرد کە بەدەوری ئەوانەوە دەبوون لە دەرسە گشتیەکانی مزگەوتەکاندا، هەم ئەو کەسانەشمان لێ تێدەگەیاندن کە نوێ بوون‌و خۆمان کەسبمان کردبوون، ئەو سەردەمە سەردەمی گەرموگوڕی حزبایەتی ڕێکخستن بوو، ئێمەش کۆمەڵێك گەنجی بێ بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتیی بووین، خێزان‌و وەزیفەی فەرمیمان نەبوو، هەموو توانای شەوو ڕۆژی خۆمان بۆ ئەو کارە تەرخان کردبوو، بۆ نموونە دەمانزانی لە سەیدسادق مامۆستا محێدین هەیە، کاك حەمەسەعید هەیە، مامۆستا موحەممەد میرزاو برایانی تر هەن، ئەوانەمان دەزانی، بەڵام گوێمان لەوە نەبوو، چونکە دەمانزانی جیاوازیمان لە فیکرەی ڕێکخستندا هەیە، ئێمە هەوڵمان دەدا کەوا خەڵکێکی وریا، خەڵکێکی چاوکراوە پەیدا بکەین هەڵگری ئەم بیرکردنەوەیە بێت، واتە بیرکردنەوەی کاری حزبایەتی، ڕێکخستن، کاری سیاسیی، ڕێکخراویی، گوێنەدان‌و پشت نەبەستن بەوەی کە ئەوان لە شارو شارۆچکەکاندا هەن یان نین، ئەمە هۆکاری سەرەکی بڵاوبوونەوەی ئەم میحوەرە بوو. ئەگەرنا ئێمە خیلافێکی مەنهەجیمان لەگەڵ برایانی باڵەکەی تری ئیخوان نەبوو، هیچ دوورییەك‌و ناتەباییەکمان نەبوو، یەك جۆر کتێب‌و سەرچاوەی فیکریمان بەکاردەهێنا، یەك جۆر بانگەوازمان دەکرد، قسەمان لەوەنەبوو، بەڵام دیارە کە گروپێك تێگەیشتنی بۆ کار لەسەر بناغەو بنەمای ڕێکخستن‌و حزبایەتی دابمەزرێنێت، بینینی بۆ شتەکان‌و

تەفسیری بۆ شتەکان جیایە لە کەسێك کە تەنها بیەوێت کاری ئیسلامیی وەك خێرێك بۆ خواو بانگەوازێك بۆ دین بکات، خەڵکێك فێری ئادابی گشتیی ئیسلام بکات، ئەو دوو شتە جاوازیان هەیە.

**+ ئەو باڵەی کە جەنابتان کاری تیادەکرد، کێ سەرپەرشتی کارەکەی دەکردو دەیبرد بەڕێوە؟**

– من کە پێشتر گەنجێکی دڵگەرمی نەتەوەیی بووم، بێ ئینتیمای حزبی زۆرێك دۆستو هاوڕێکانم کۆمەڵەو یەکێتیی بوون، هەر بۆ نموونە بەندە لە پۆلی سێی ناوەندی (1\12\1978) لەسەر خۆپیشاندان لە دژی بەعەرەبیکردنی خوێندن، کە لەلایەن بەندەو ژمارەیەك لە هاوڕێکانمەوە رێکخرا لەگەڵ ژمارەیەك لەو هاوڕێیانەم گیرام، گوێزراینەوە بۆ ئەمنی سلێمانی، لەبەر کەم تەمەنی پاش سێ هەفتە مانەوە لە ئەمنی سلێمانی ئازادکراین.

سەرەتای ئینتیمام بۆ ئیخوان، لە ساڵی حەفتاو نۆدا لەسەر دەستی بەڕێز مامۆستا سدیق عەبدولعەزیز بوو، ڕۆژی (12\3\1979) لە دانیشتنی تایبەتدا لە مزگەوتی مامۆستا مەلا ساڵحی گەورە، پێی راگەیاندم کە ئەم کۆبوونەوەیە کۆبوونەوەی ئوسرەی برایانە، هۆی ئەو پێڕاگەیاندنەش دەگێڕمەوە بۆ ئەوەی کە من زۆر داواو ئیلحاحم دەکرد بۆ دروستکردنی حزبێکی ئیسلامیی کوردی تا بەرگری لە کێشەی کورد بکات.

جەنابی مامۆستا سدیق عەبدولعەزیز نەك هەر سەرۆكو بەرپرسی باڵەکەی ئێمە بوو، بەڵکو خۆی دروستیکردبوو.

**+ لە سەرەتای هەشتاکاندا پەیوەندییەك لەگەڵ رێکخستنەکانی ناوەڕاستدا دروست بوو، چۆنو بۆچی ئەم پەیوەندییەتان دروستکرد؟**

– لەراستییدا گرفتی سەرەکی ئێمە لە مەسەلەی شەرعیەتی رێکخستنیدا بوو، برایانی باڵەکەی تر –باڵی قەدەغەو تەحریمی رێکخستن– هەمیشە پێیان دەوتین ئەم رێکخستنەی ئێوە دەیکەن دوو کێشەو عەیبی گەورەی هەیە، عەیبێکیان ئەوەیە

شتێکی زۆر خۆجێییە، هەتا لە بیرمە مامۆستا ئیبراهیم ڕێشاوی (بە رەحمەت بێت) نموونەی بەوە دەهێنایەوە کە دەیوت باشە ئێوە لە قەیەفەریەوە کارەباتان هێناوە بۆ هەڵەبجە، کارەبا خۆی لە دەربەندیخانەوەیەو ئەوێ سەرچاوەی وزەی کارەباکەیە، ئێوە چۆن ئەم عەمودانەتان بێ داکوتانو بێ تەلو بێ هیچ سەچاوەیەکی کارەبا لە قەدەفەرییەوە هێناوتانە بۆ هەڵەبجە، ئەمە چۆن وادەبێت، بە کورتیو بە کوردی ئەیویست بڵێ ئەم ڕێکخستنی سیاسییو حزبی سیاسیی ئیخوانیەی ئێوە ئیدیعای دەکەن دەبێت شتێکی سەرانسەری عێراقی بێت، دەبێ لە بەغدادەوە سەرچاوە بگرێت، ئەوێ مەرجەعی ئەم ئیشەیە، ئێوە لەم گەڕەکی کانی عاشقانو ناوچەی هەڵەبجەو زەمەقییە شتێکتان ناوناوە حزبو ئیدعای ڕێکخستنی ئیخوان دەکەن، شتێکی پچڕاوە لە سەرچاوەکەیو بێ بناغەیە، ئەمە یەکێك بوو لەو گرفتانەی پێوەی دەمان نالآند، گرفتێکی تر ئەوەبوو دەیانووت ئەم کاری ڕێکخستنی ئێوە هەرچەندە گەورەو گرنگ بێت، بەلآم شەرعیی نییە، شەرعیی بە مانای شەرع نا، بەڵکو بە مانای پەیڕەوو بەرنامەو مۆڵەتی ئەو لایەنو حزبەی تۆ وەك گروپو جەماعەتێك ئیدیعای ئینتیمای بۆ دەکەیت، بەناوی ئەوەوە کاردەکەیت، بۆ نموونە تۆ ئەگەر ئیدیعای شیوعی بوونو ئینتیما بۆ حزبی شیوعی بکەیت، دەبێت سەرکردایەتی حزبی شیوعی ئیعترافت پێ بکات، ئەگەر خۆت دامەزرێنەری ڕێکخستنو حزبی بەهەمان فیکرەی شیوعیەت، ئەوە گرفتێکی نیەو قەیناکا، ئەگەرنا هەموو گروپێك سەرکردایەتیو بڕیارو پەیڕەوو پرەنسیپو بنەمای کارکردنی تایبەت بەخۆی هەیە، دەبێت تۆ وەك ڕێکخراوێك یان گروپێك پێیانەوە پابەند بیت، تا ئینتیمای خۆت بۆ ئەو جەمعە بسەلمێنیت، ئەوانیش ڕەزامەندی لەسەر ئەو ئینتیمایە بدەن.

ئەیانوت ئێوە شەرعییەتان نییە، کێ ئیقراری بەبوونتان کردووە وەك ڕێکخستنی ئیخوان؟ ئێمەش بە نیازی گەڕان بە دوای شەرعییەتو گەڕان بە دوای بەستنەوەی ئەم تەلی عەمودە بە سەرچاوەیەکەوە، وای لێکردین سەر بە هەموو شوێنێکدا

بکەین، لەو چوارچێوەیەدا قسەمان لەگەڵ موسڵییەکان دەکرد، بەندە لە ساڵی (1981– 1982)، بوومە قوتابی زانکۆی موسڵ، لە زانکۆ هەوڵمدەدا بە هەموو شێوەیەك دەگەڕام سەرم بە هەموو کونێکدا دەکرد، قسەم لەگەڵ دکتۆر موستەفا پێنجوێنی کرد، لە بارەی حەڵاڵو حەرامیو جائز بوونو نەبوونی ڕێکخستنەوە بە راسپاردەی مامۆستا سدیق باسی رۆڵو رای ماموستام بۆ کرد لەمبارەیەوە، بۆ نوکتەش بۆت بگێڕمەوە، لە کاتی دانیشتنم لەگەڵ دکتۆر لە ماڵی خۆیان، لە ژورەکەدا کەسێکی ریشداری باڵابەرزی عەگاڵ بەسەری جزداشە لەبەر دانیشتبوو، خۆت دەزانی بەعس لە موسڵدا چەند بەهێز بوو، ڕێکخستنی بەهێز بوو، کەس نەیدەتوانی لە ئاستیدا بکۆکێ، وتم ئاخر مامۆستا من هەندێ قسەم هەیە لەوانەیە تێبگات، وتی مەترسە وابزانە کۆتەرەیەکەو لەوێدا دانراوە، لە کوردی تێدەگات، بەڵام ئەمینە، بەهەرحاڵ قسەم لەگەڵدا کرد، وتم مەسەلەی ئەم ڕێکخستنە لەناو جەماعەتی برایاندا چۆن دەبێت وابێت، ئاخر جەماعەت بێ ڕێکخستن چۆن کاری دەڕوات، ئەم کەسە بۆ خۆی ئیخوانە، ئەو کەسە بۆ خۆی ئیخوانە، دوو سەد جۆر ئیدیعای ئیخوانی دروست بووە، کەسی کەسیان ناخوێنێتەوە، جەماعەت چۆن وا بەڕێوە دەچێت، کار چۆن وا دەکرێت، چۆن ڕووبەڕووی ئەم هەموو قەزیە ئاڵوزو قورسانە ببینەوە، ئێستە لە کوردستاندا هەر دە کەسو پانزە کەسو حزبێکی بۆ خۆی پێکەوە ناوە بۆ بەرگری لە کێشەی میللەتەکە بۆ روبەڕوبونەوەی ئەمانە– مەبەستم بەعس بوو–، بێجگە ئێمە نەبێت نە سەر دیارە، نە سەرکردە دیارە، نە قەواعید، نە ئوسولێك هەیە، نە ڕێکخستن، نە بڕیارو نە رەسمیاتێك، ئەویش لە وەڵامدانەوەمدا دەستی برد کتێبێکی فیقهی دەرهێنا، فیقهی شافیعی بوو–وابزانم موغنی موحتاجی شەربینی بوو– وتی: کاکە هەموو جەمعێك لە فیقهو شەرعی ئێمەدا سێ بنەمای پێویستە، یەکەم: رأس مطاع، دووەم: شوکة، سێیەم: حجة. بە راستی (رأس مطاع) واتە سەرێکی گوێڕایەڵیکراو کە سەرکردایەتی ئەو ئیشە بکات، شتێکی بنچینەییو گرنگە، بە راستی من متمانەم بە مامۆستا سدیق هەیەو پیاوێکی

چاکە، بەڵام ئەگەر باس لە ئیخوان بێت، ئەوا هێشتا مامۆستا عەبدولکەریم زەیدان هەر لە ژیاندا ماوە، لەبەرئەوە ئاسان نییە ئێمە بەبوونی ئەو بڕیاری شتێکی وەك رێکخستن بدەین، لەبەرئەوە رێکخستنیش حوجەی دەوێت، دەبێت حوجەیەکی شەرعیتان هەبێت کە ئەمە دەکەن، دەبێ حوجەیەکی شەرعی تەقدیم کەن، (شوکة)ش بەڕاستی من لەگەڵ ئێوەم، ئەگەر رەوتی ئیسلامیی دەیهەوێت شەوکەی هەبێت ئەوا بێ رێکخستن دروست نابێت، کەسێك لە رای خوا پەروەردە دەکەیتو بەرەڵای دەکەیت بێ ئەوەی سوودێك بە خودی مەبدەئەکە بگەیەنێت، بێ بەرهەم دەبێتو جوهدێکی پەرشو بڵاوەو عەقڵێش ئەوە دەخوازێت دەبێت جوهدەکان کۆبکرێنەوە.

وەك من ئەو جوڵە جوڵەم دەکرد لە موسڵ، برایانی ترمان لە بەغداد بە هەمان شێوە دەیانکرد، برایانی تریشمان لە دهۆك دەیانکرد، برایانمان لە کەرکوکو شوێنەکانی تر خەریك دەبوون لەگەڵ خەڵکی تر، سەرنجیان بۆ ئەم بابەتە راکێشنو قسەیان لەگەڵدا بکەن، بزانن ئەم بێ رێکخستنیە تاکەی، لە ئەنجامدا برایانمان لە بەغداد لە رێگەی مامۆستا سەید ئەحمەدەوە رێیان لە کەسێکی ئیخوانی بەغدا کەوتبوو کە پزیشکێکی پسپۆڕی نەخۆشی دەروونی بوو، ناوی دکتۆر عەبدولمەجید بوو نازناوی ئەبوو زەڕی بەکاردەهێنا، دواتر پاش چەندساڵێك لە ئوتێلێکی تاران خولێکی بۆ سێ کەسمان کردەوەو وتی: باڵەکەی ئەوان لە ژێر ناوی (جماعة الراية) لە دوای بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی رێکخستنی ئیخوان لەلایەن دکتۆر عەبدولکەریم زەیدانەوە بڕیاریانداوە رێکخستن بەردەوام بێت، ئەو فتوایە لەجێی خۆیدا نەبووەو پاساوی شەرعیی نییە، رێکخستن ئەگەر ئاشکرا نییە با نهێنی بێت، ئەگەر ئەو فتوایداوە با رێکخستن ئاشکرا نەبێت، ئەمە قسەیەکی باشە با نهێنی بێت، ئێمە بڕیارمانداوە رێکخستن بەردەوام بێتو کار بەو فتوایە ناکەین، فتواکە بۆ کاتێكو شوێنێکی دیاری کراوە، لە40بەرئەوە ئێمە وازمان لەو فتوایە هێناوە.

ئێمە کە ئەو جەماعەتەمان دۆزییەوە، چەند دانیشتنێك لەنێوانماندا کرا، تێگەیشتین کە ئەمانیش گیرۆدەی هەمان کێشەی ئێمەن لە نێوان ڕێکخستن هەبێ‌و نەبێ، حەڵاڵەو حەرامە دووبەشن، برا کۆن‌و مولتەزیمەکان بە بڕیاری ئەمیرو چاودێری گشتیی جەماعەت‌و باڵی ئەماندا، باڵی ئەمانیش تۆڕێکی بەرفراوان بوون لە زۆربەی شارەکاندا کەسیان هەبوو. ئەوان لە بەغداد بوون، هاتن بۆ سلێمانی لەگەڵ مامۆستا سدیق کۆببوونەوە، دواتر دکتۆر هاتبوو بۆ هەڵەبجەو لەگەڵ مامۆستاو برایانی تردا کۆبوونەوە، گفتوگۆی ڕاشکاوانەیان لەبارەی ڕێکخستن‌و پێویستی گێڕانەوەی ڕێکخستن تەواوکردبوو، چووبوونە سەر قسەکردن لەسەر جۆری پەیوەندی‌و چۆنیەتی ڕێکخستنی پەیوەندیەکانی هەردوولا، بەشێك لە دانیشتنەکان بە سەرپەرشتی مەرحومی مامۆستا مەلا عوسمان بوون، بەندە ئەو ڕۆژانە لە موسڵ دەوامم دەکرد، ئەم هەنگاوە سەرەکیترین‌و گەورەترین گرفت‌و گرێی لابردین، بووە وەڵامی ئەو پرسیارەی کە دەوترا: ئێوە لە کوێوە سەرچاوە دەگرن‌و شەرعیەتتان کامەیە؟

**+ هەر ئەو باڵەی کە جەنابتان کاری تیا دەکرد چووە ناو ئەم یەکگرتنە یاخود باڵەکەی تریش؟**

– ئەو کاتە جەماعەتی ئیخوان بریتیبوو لە ڕەوتێکی ئیسلامیی فراوان لەشێوەی گروپ گروپ، هەر گروپە بە دەوری مامۆستایەکدا هەڵدەسوڕا، هەر کۆمەڵە خەڵکێك مامۆستایەك میحوەری بوو، ئەو مامۆستایە خۆی ناونابوو شێخ‌و ریشسپی، بە زۆری قوتابی‌و شوێنکەوتوانی لەسەر نووسین‌و فەرموودەکانی عەبدولقادری گەیلانی، پەیامەکانی نوور، ئەحیاعلوم دینی ئیمام غەزالی، نامیلکەو خوتبەکانی شیخ کوشك‌و شیخ مەحمود غەریب پێدەگەیاند، لە مەجالی تەزکیەی نەفس‌و ڕەوشت‌و پەروەردەی سلوکیدا لایەنگران‌و هەواداران ڕۆشنبیر دەکران‌و قسەیان بۆ دەکرا، شتێکی وەکو تەفسیر، وەکو فەرموودە نەبوو بووە بەرنامەو بخوێندرێت، هەر مامۆستایەك لە مزگەوتی گەڕەکێك ژمارەك گەنج‌و خەڵکی لەدەوری خۆی

کۆدەکردەوەو بە بابەتی ئەم سەرچاوانە ئامۆژگاری دەکردن، شتی باش‌و بەکەڵکی تێدابوو، بێکەڵك‌و ناباشیشی تیابوو، بەڵام گرنگ ئەوەیە لە ئەنجامی ئەم دەرس‌و ئامۆژگاری‌و ئولفەتگرتنەدا ئەڵقەو ئوسرەی تایبەت بە مامۆستاکە دروست دەبوو، دواتر تەشەنەی دەکرد بۆ چەند ماڵ‌و مزگەوت، ئەمەش ئەنجامێکی تری لێدەکەوتەوە کە هەر مامۆستایەك میحوەرێکی تایبەت بەخۆی دروست کردبوو، کە بە تێگەیشتن‌و بۆچوونی خۆی شەرح‌و لێکدانەوەی بۆ ڕوداوو گۆڕانکاریەکان بۆ قوتابیانی دەکرد، شتەکانی بۆ هەڵدەسەنگاندو بڕیاری لەسەر دەدا، لەبەرئەوە مەسەلەکە بەوشێوەیە نەبوو کە باڵی برا کۆنەکان یان ئەوانەی دژی کاری ڕێکخستن بوون هەموو یەکدەنگ‌و یەکڕاو یەك تێگەشتن بن لەم هەڵوێستەدا، نەخێر بەڵکو هەر شارو شارۆچکەیەك کەسێك بڕیاری لێدەدا، لەبەرئەوە کاتێك ئێمە پەیوەندیمان لەگەڵ میحوەری ڕێکخستنەکەی بەغداد کرد، بەو مانایە نەبوو کە هەموو ئەوانەی لە کوردستان وەك ئێمە باوەڕیان بە گێڕانەوەی ڕێکخستنی ئیخوانە لەگەڵ ئێمەدا بووبن، نەخێر، ڕاستیەکەی ئەوەیە، ئەوانی بەغدا هەروەك پەیوەندیان بە ئێمەوە کردبوو، پێش ئێمە یان هاوکات لەگەڵ ئێمەدا قسەیان لەگەڵ کەس‌و میحوەری تر کردبوو لە دهۆك‌و هەولێر، لەناو هەولێردا ژمارەیەك لە ئیخوانەکانیان دەستکەوتبوو کە باوەڕیان بە فیکرەی گێڕانەوەی ڕێکخستن هەبوو.

کەواتە لایەنگرو هەوادارانی ئیخوان لە کوردستان‌و عێراقدا بە شێوەیەکی دیارو ڕون دابەش نەبوو بوون بەسەر ئەم دوو تەوەرەدا، تەنها میحوەر یان بڵێین باڵی ئێمە بە ڕونی هەڵوێستی خۆی یەلاکردبووەوە، ئەوانیتر لەجۆرێك ڕاڕایی‌و مەترسی‌و شەرمی مامۆستاکان‌و ڕانەهاتن بەکارەکان دەژیان.

بۆ نموونە لە هەڵەبجەو سلێمانی زۆر کەس‌و گروپی دەوری مامۆستاکان هەبوو، لەگەڵ تەوەجوهی قەدەغەو تەحریمی ڕێکخستن نەبوون، بەڵام لەگەڵ ئێمەش نەبوون، زۆر کەس هەبوو لەگەڵ تەوەجوهی باڵی بەغدای گێڕانەوەی ڕێکخستن هاتبوون، بەڵام لەگەڵ ئێمەش نەبوو، بەڵام وەك ئاماژەم پێکرد ئێمە خۆمان

دامەزرێنەری ئەم جۆرە بیرکردنەوەبووین لە ناوچەکەی خۆماندا، لەبەرئەوە کاتێك هەوڵی پەلهاویشتنی ئەو بۆچوونو تەوەجوهە لە بەغداوە بۆ کوردستان هاتە ئاراوە ئێمە بەرچاوڕوونو ئامادەبووین، بەگەرمیو پەرۆشەوە بەرەو پیری رۆشتین، بەڵام ئەوەمان بەمەرج گرتبوو لەگەڵ بەرپرسانی ڕێکخستنی بەغدا کە دەبێت ڕێکخستنی کوردستان لە چوارچێوەی ڕێکخستنی ئێمەدا بێت، ئەوانیش لەڕوی مەبدەئیەوە قبوڵیانکردبوو، واتە وتیان بە کردەوە هەردەبێت وابێت، ئیشوکاری ڕێکخستنی کوردستان بەدەست خۆتانەوە بێت، بەڵام ئەوانەی ئەوان خۆیان پەیوەندیان پێوەکردبوون ئامادەی قبوڵکردنی ئەم ڕێکەوتنە نەبوون، خۆشیان هیچیان پێنەکرا.

**+ دوای ئاشکرابوونی ڕێکخستنەکانتانو گیرانی هەندێكو هەڵاتنی هەندێکتان بۆ ئێران، لەوێ چۆن کارتان بەردەوام بوو؟**

– ئەم پرسیارە زۆر گرنگە، چونکە وەڵامەکەی هەڵگری دنیایەك لە ئیشکالیەتو کێشەو قەیرانە کە روی لە خەتە ئیخوانیەکەی ئێمەو کۆی کارو چالاکی ئیخوانو ئیسلامییەکانی کوردستان کرد، تا ئێستاش شوێنەواری بەسەر کۆی رەوتە ئیسلامییەکەی کوردستانەوە هەیە.

سەرەتای ساڵی خوێندنی (1986–1987) بوو بەندە قوتابی قۆناغی چواری کۆلێجی ئابوریو کارگێڕی بووم بەشی ئابوری، بەهۆی بەشدارینەکردنم لە مەشقی بەرگری میللی لە خوێندن فەسڵکرابووم، ناوم لە زنجیرەی پانزیەمین کەسی فەسڵکراوەکاندا لە بەشی تۆمارو لە چەند جێگەیەکی زانکۆی موسڵ هەڵواسرابوو.

بەگوێرەی ڕێکەوتنی هەردوولای ڕێکخستنی ئێمەو برایانی بەغدا، قوتابیان یان فەرمانبەران یان هەرکەسی تری سەر بە ڕێکخستنی ئێمە لە دەرەوەی سێ پارێزگاکەی کوردستاندا بژیایە، کەسێکیان بۆ پەیوەندی پێوەکردن بۆ دەسنیشان دەکرد.

من پەیوەندیم بە مامۆستایەکی پەیمانگای تەکنەلۆژی موسڵەوە هەبوو بەناوی موحەممەد موحەممەد عەزیز (ئەبو ئیمان) ماستەری لە هەندەسەی تەبرید هەبوو،

پیاوێکی زۆر ئازابوو، لەو سەردەمەی بەعسیشدا جورئەتی زۆری لەخۆی نیشاندەداو کارو هەڵسوڕانی باشی هەبوو، بۆ نموونە ئەم پیاوە بەردەوام دەمانچەی پێ بوو هەندێ جار شەوان دەردەچووین دەیخستە ناو داشبوولی ئۆتۆمبیلەکەی، یەکێك بوو لەو کەسانەی کە بە ئاشکرا قسە بە حزبی بەعس بڵێت، لە دانیشتنو لە کاتی لێبوونەوەی باسە پەروەردەییو رۆحییەکاندا باسی سیاسیی بکات، یەکەم کەسێ بوو کە بیبینم ئاوا باس لە سیاسەتو حزبی بەعس بکاتو لە حکومەتەوە دەست پێ بکات.

کە گەڕامەوە بۆ دەوام بۆ موسڵ، ئەو ساڵە کە بڕیاری فەسڵم دەرچوو بوو، ئەبو ئیمان بە ئۆتۆمبیلەکەی خۆی هات بە شوێنمدا بۆ ئەو شوقەی کە منی تیابوو، وتی: بارودۆخێکی نالەبار لەئارادایە، لێرەو لەوێ بیستوومانە کە بەدواتەوەن، ئیحتماله بتگرنو شتێکت لێ بکەن –چونکە دوو ڕۆژ لەوەو پێش دەزگای ئەمن هەڵمەتی بردبووە سەر مزگەوتی گەڕەکی حەی کەفائاتو چەند کەسێکیان دەسگیرکردبوو، لەناویاندا برایەکی ئێمە کە خەڵکی شارۆچکەی عەربەت بوو بەناوی کاك موحەممەد قوتابی پەیمانگای مامۆستایان بوو–. وتی: وەرە بۆ ماڵی خۆمان، چووم لەوێ نانی ئێوارەم خوارد، وتی: پێم باشە ریشت بتاشی. هەستم کرد ئەو پێی وایە من زۆر ئەترسم، وتم: بۆ ریش بتاشم؟ ئەگەر مەترسی هەیە دەڕۆمەوە؟ وتی: زۆرباشە با بڕۆین شتەکانت بێنین لە ماڵی خۆمان داینێ. جانتاو سندوقو شتەکانم هێنایە ماڵی ئەوان، ئیتر گەڕامەوە بۆ هەڵەبجە، کە هاتمەوە پاش ماوەیەك هەمان هەڵمەتی گرتنی ئەندامانی رێکخستنی هەردوولامان کە لە شارەکانی ترەوە دەستی پێکردبوو گەشتە هەڵەبجە، هاتنە سەر ماڵی مامۆستا سدیق، مامۆستا حەسەن شەمێرانی دەستگیر کرا، ئێمە پاش ماوەیەك خۆحەشاردان رۆژی (1987/2/7) کە مامۆستا حەسەن شەمێرانیان بە هەلیکۆپتەر گوێزایەوە بۆ هەیئەی کەرکوك، لەگەڵ مامۆستا سدیق، مامۆستا موحەممەد رەئوف، مامۆستا ئەحمەدی شافعیو کاك خالیدی کوڕی مامۆستا سدیق بەرەو ئێران دەربازبووین، پاش چەند رۆژ لە شاری سنە

گیرساینەوە، کە بارەگای بزووتنەوەی پەیوەندی ئیسلامیی بە سەرۆکایەتی مەرحومی مامۆستا شیخ لەتیف واژەیی لێبوو، کە بزووتنەوەیەکی چەکداری جیهادی بوو، پێشتر مامۆستا شێخ موحەممەد بەرزنجی دایمەزراندبوو، رابەری خولەکانی پێشتری بوو، مامۆستا مەلا لوقمانی تەوێڵەش بزووتنەوەیەکی هەبوو بە ناوی حزبوڵڵا، رەحمەتی مامۆستا مەلا ئیسماعیلی کوڕی مامۆستا مەلا ساڵحی گەورەش بزووتنەوەیەکی هەبوو بەناوی ئەنسار، هەموو ئەمانە لە بارەگایەکدا کۆدەبوونەوە، بەشێکی تەرخانکرابوو بۆ رێکخراوێك بەناوی نەهزەتی رۆحانیەتی کوردستانی عێراق کە ئایەتوڵڵا مونتەزەری بۆ یارمەتیدانو هاوکاری زانایانی کوردی عێراق دایمەزراندبوو، ئەوکاتە هێشتا لە پۆستی جێگری ئیمام خومەینیدا مابوو، کەسێك سەرپەرشتی دەکرد بەناوی ئاغای موجاهد، بەشەکەی تری بیناکە نووسینگەی تیپی (25)ی زەفەری سوپای پاسدرانی قەرارگای رەمەزان بوو.

ژمارەیەکی زۆری ئیخوانی عێراقی لە کورد، عەرەبو تورکمان کە زۆربەیان لە سەربازیو شەڕ هەڵاتبوون لە شارو ئۆردوگاکانی ئێراندا بوون، مامۆستا سەلاحەددین موحەممەد ماڵی لە شاری کرماشان بوو سەرپەرشتی دەکردن، مامۆستا سەلاح سەردانی کردین لە سنە، دواتر داوایکردبوو مامۆستا سدیقو برایەك لە هاوڕێیانی سەردانی بکەن، بۆ گفتوگۆ لەسەر چۆنیەتی کارو هاوکاری.

ئێمە کە بەناچاری رومان لە ئێران کرد، رووبەڕووی چەند کێشەیەك بووینەوە، یەکەم: مەسەلە چۆنیەتی پەیوەندیکردن بوو لەگەڵ سەرچاوە ئیخوانیەکاندا، واتە بەرپرسانی خاوەن بڕیار، بۆ ئەوەی جارێکی تر پەیوەندی رێکخستنمان رێك بخەینەوە. دووەم: کە ئێمە چووینە ئێران لێرە بە رۆحیەتو تێگەیشتنێکەوە چووینو لەوێ واقیعێکی ترمان بینی، ئەو راستییەش بۆ مێژوو دەڵێم، قسەی ئەو برایانەی لەوێوە گەڕابوونەوە تەواو راست دەرچوو. سێیەم: ئێمە بڕیارماندابوو بۆ ماوەی چەند مانگێك لەوێ بمێنینەوە، تا بارودۆخەکە بێتە بەرچاومان، ئەو کاتە سود لەو کەشوهەوا ئازادەی ئەوێمان وەرگرین، ئەگەر بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی

ئێران ڕێگەیان داین‌و هاوکاریان کردین لەوێ فێرگەی پێگەیاندنی کادیران، سەربازگەی مەشقی سەربازی تایبەت بە ڕێکخستنی خۆمان دروست بکەین، کاری چاپ‌و بڵاوکردنەوەو دەرکردنی گۆڤارو بڵاوکراوەو بەیانات بخەینەگەڕو بنێرینەوە بۆ ناوخۆ، بەو هەوایەوە ڕۆیشتینە ئەوێ، بەڵام پاش ماوەیەکی کەم ئاراستەی ڕوداوەکان گۆڕا، کارەساتی تەقاندنەوەی هەندێ گەرەك‌و بەشی شاری هەڵەبجە لە (1987\5\13) لەلایەن سوپای عێراقەوە، بە بیانوی سەرکوتکردنی خۆپیشاندانی خەڵکی شارەکە لە دژی بەعس، مەرحومی مامۆستا مەلا عوسمان‌و براکانی، ژمارەیەکی بەرچاو لە زانایانی ناوچەی هەڵەبجە، ماڵو خێزانێکی زۆر لە دانیشتوانی شارەکە کۆچیان کردو بەرەو ئێران هاتن، پاشماوەیەکی کەم وابزانم لە (6/12) بوو لە کۆبوونەوەیەکی جەماوەری بەردەم مزگەوتی دارولئیحسانی شاری سنەدا بزووتنەوەی ئیسلامیی ڕاگەیەنرا، مامۆستا عوسمان بوو بە ڕابەر، مامۆستا شێخ عەبدوللەتیف بووە جێگری، مەکتەب عەسکەری‌و دارایی‌و ئەوانەی بۆ دامەزرێنرا.

ئێمە ئەو کات کەوتینە نێوان دوو بەرداش، کەوتینە نێوان ئەوەی کە چۆن لەگەڵ ئیخوان بین‌و لەگەڵ بزووتنەوەش بین؟ چونکە ئەمیری باڵی ڕێکخستنەکەی ئێمە لە عێراق مەرحومی مامۆستا مەلا عوسمان بوو، لە شاری موسڵ‌و لە ماڵی دکتۆر موستەفا پێنجوێنی بەیعەتی نوێکردبووەوە بۆ ئەم خەتی گێڕانەوەی ڕێکخستنە، ئەمیری ئەم هێڵەی ئێمە بوو، کەوتینە نێوان ئەوەی چۆن لەگەڵ ئیخوانی ناو ئێران نەبین‌و بزووتنەوەش نەبین؟ لە ڕاستییدا من ئاگام لەو بڕیارە نەبوو کە دەڵێت: هەر کەسێك یان گروپێك لە ئیخوانی عێراق، چووە دەرەوە بەرەو وڵاتێك ڕێکخستنی ئیخوانی تیابوو، دەبێ پەیوندی بکات بە ڕێکخستنی ئەو وڵاتەوەو شوێنکەوتەی کارو بەرپرسانی ئەو جێگەیە بێت، بەڵام دوایی دکتۆر عەبدولمەجید لە خولەکەی تاراندا کە پێشتر ئاماژەم بۆ کرد بۆی باسکردین، وتی: ئێمە بڕیارمانداوەو بە جەنابی مامۆستا سدیقیشمان وتووە هەرکەسێك لە ئیخوان چووە وڵاتێك‌و ڕێکخستنی ئیخوانی تیابوو شوێنکەوتەی ئەو وڵاتەیە. ئەوکات ئیخوانەکانی عێراق لە

دەرەوە، واتە لە تاراوگە لە چەند وڵات ڕێکخستنیان هەبوو، وەك: ئێران، ئیماراتی عەرەبی، تورکیا، ئەڵمانیا، ئەمریکا، پاکستان، هەر کەسێکی ئیخوانی لەعێراقەوە بڕواتە ئەو چەند وڵاتە ئەبێ پەیوەندی بە جەماعەتەوە بکاتو بچێتە ژێر ڕکێفی ئەو بەرپرسە ئیخوانیەی کە بۆ ئەوێ دانراوە، بەرپرسی ئیخوانە عێراقیەکان لە ئێران مامۆستا سەلاحەددین بوو، ئێمە بەگوێرەی ئەم بڕیارە وەك زەوابتو سلوکێکی حەرەکی دەبوو بچووینایە پەیوەندییمان لەگەڵ ئەو بکردایە.

ئێمە لەبەردەم ئەم واقیعە نوێیەدا تووشی دڵەڕاوکێیەکی خراپ بووین، لە نێوان ئەوەی شوێتکەوتەی ئەمیرەکەی عێراقمان بین کە ئێستە رابەری کیانێکی چەکداری جیهادی نوێیەو بچینە ناو بزووتنەوە، یان پابەند بین بەو بڕیارەی ئیخوانەوە پەیوەندی لەگەڵ مامۆستا سەلاح بکەین؟ لە راستییدا هەرچوارمان راڕاییو دوودڵیو دڵەراوکێمان هەبوو، ئەگەر بڵێم مامۆستا سدیق سەرچاوەی ئەم دوودڵیو دڵەراوکێیە بوو، چونکە نەدڵی دەهات دەست لەو خۆشەویستیو پەیوەندیە برایەتیو رۆحیەی مەرحومی مامۆستا مەلا عوسمانی برای بشوات کە بەیعەتی ئەمیربوونی هێڵی ڕێکخستنی مامۆستای دابوو بە ئیخوانە عێراقیەکان، ئامادەش نەبوو دەست لە ئیخوانو ئەو کارە ئیخوانیە بکێشێتەوە کە چەند ساڵە کاری بۆ دەکاتو سەدان گەنجی وەك منی بۆ تەجنید کردوە، لەگەڵ ئیخوانی بەغدا پەیوەندی دروستکردوەتەوە، ئێستا هەروا بە ئاسانی بیداتە دەست ئەم بزووتنەوەیەو ئەم کۆمەڵە زاناو مەلاو کوڕەمەلایە بێ هیچ حسابو کتابێ، لەبەر خاتری مەرحومی مامۆستا، ئەمەشی زۆر لا قورس بوو، راستیەکەشی هەروایە ناهەقی نەبوو.

ئێمە ئەو چەند کەسەی دەورو بەری مامۆستا سدیق، قەناعەتمان وابوو ئەم زانایانە بزووتنەوەیەکی سیاسیی ئیسلامیی سوننیی کوردستانیی چەکداریان پێ هەڵناسوڕێت، چونکە ئیسلامیبوون، سوننیبوون، چەکداربوونو کوردستانیبوون بۆ هێزێکی سیاسی ئاوێتەو پێکهاتەیەکی قورسە لەسەر گۆڕەپانی سیاسی کوردستانو عێراقو ناوچەکە، هاوسەنگی راگرتنی نێوان ئەم گشت خەسڵەتانە کە هەندێ جار

دژو ناکۆکو ناتەبا لەتەك یەکتر دەردەکەون، یان لە حەقیقەتیشدا هەروان، شتێکی زەحمەتە، بەدیوەکەی تریشدا بە راگرتنی هاوسەنگیو حساباتێکی ژیرانەی سەرکردەکانی ئەو بزووتنەوەیە دەتوانرێت سودێکی باشی لێوەربگیرێت، ئەوەی کە هەمیشە جێگەی بیرکردنەوەی من بوو، ئەم بزوتنەوە ئیسلامییە چەکدارییەی ئەمیری رێکخستنە ئیخوانیەکەی ئێمە بووەتە رابەری، ئەزموونێکی تازەی ئیسلامیی چەکدارە لە گۆڕەپانی پەنجا ساڵەی کێشەی کوردا، تا چەندە ئەتوانێتو لەتوانایدا هەیە جێگەی خۆی لە بزاڤی رزگاریخوازی کوردیدا بکاتەوە؟ ئایا ئەتوانێت ببێتە بەشێك لە واقیعی ئێستاو مێژووی ئایندەی؟ یان بەگیانی بەدیلو جێگرەوە رەفتار لەتەك هێزەکانی ئەو بزاڤە دەکەن، شەڕی ئایدیۆلۆژی عەلمانییو ئیسلامیی هەڵدەگیرسێنن؟ ئیتر لێرەوە پەیامو ئامانجی هێزە چەکداریەکە نامێنێو دەیخەنە چوارچێوەیەکی فیکری، دەچێتە سەنگەری روبەڕوبونەوەی بزاڤەکە، چونکە لە زۆربەی قسەو وتاری مەلاکانو کورە مەلاکانو چەکدارەکاندا لەناو خێوەتەکاندا سەری زمانو بنی زمانیان ئەوەبوو کە ئینشائەڵڵا کوفر رادەماڵین، هەروەها کۆماری ئیسلامی ئێرانیش چەند ساڵە پەیوەندیو هاوکاری توندوتۆڵی هەیە لەتەك هەردوو هێزی پارتیو یەکێتییو یارمەتیو داڵدەیان دەدات، هەروا بەسادەییو ساکاری کەشوهەوا بۆ بزووتنەوەیەکی سیاسیی سوننی بەم ژمارە بەرچاوەی زاناو مەلاوە لە کوردستاندا ناخولقێنێ، نایانکاتە جێگرەوەی ئەمانە، کەواتە چاوەڕێ دەکرێت ئیسلامیبوونەکە زۆر کاریگەر نەبێتو یارمەتیەکانی بزووتنەوە سنوردار دەبن، لە زۆربەی جاردا بۆ راگرتنی تەوازوونی هێز دەبێت، ئەوسا زمانی سیاسەتمان ئەوەندە بەهێز نەبوو، بەم راگرتنی تەوازونەمان دەوت تەمێکردن. هەموو ئەم قەناعەتانە وای لێ کردین کە بە گومانەوە سەیری بزووتنەوە بکەین، لە تواناو لێهاتنی بۆ پێکانی ئامانجەکانیو گەیشتن بە دەرەنجامێکی گەورەتر لە هێزێکی چەکداری وەك ئەو هێزە چەکدارانەی تری گۆڕەپانی کوردستان، هەموو جارێك لە گفتوگۆی ئەو دوو سێ کەسەماندا بەو ئەنجامە دەگەیشتین کە ئەم بزووتنەوەیە بەم واقیعە ئاڵۆزە،

بەم پێکهاتەو توانایەوە سەرناگرێتو سەرناکەوێت، هەر لەبەر ئەم هەڵسەنگاندنو تێگەشتنە بوو لە بزووتنەوە، کۆمەڵێ گەنجی ئێمە لەناو دەوارەکانی ئۆردوگادا ماینەوە، بێ پەیوەندیو بێ چونە ناو بزووتنەوە، ئەم خەلەلە لە بڕیارو هەڵوێستی سەرکردایەتیدا کە دەردێکی کوشندەیە لەسەر هەموو کەسە بەرپرسو دەمڕاستەکانی هێڵەکەی ئێمە رەنگی دابوویەوە، دابەشیکردبووین لەنێوان چوونە ناو بزووتنەوە، یان پەیوەست بوون بە رێکخستنی ئیخوانە عێراقیەکانی ئێران بە بەرپرسیاریەتی مامۆستا سەلاح، هەڵبەتە لە سەرەتاوە ئەم رایە دەگمەن بوو، یان کەنار بگرینو وەك پەناهندە لە ئۆردوگاو شارەکاندا کۆبوونەوەو ئەوەی دەکرێت لە چالاکی بیکەین. تووشی قەیرانی بڕیارو هەڵوێست بووین، نەلەگەڵ مامۆستا سەلاح بووینو بچینە ناو رێکخستنی ئیخوان لە ئێران، نەئەوەش بوو لەگەڵ بزووتنەوەی ئیسلامیی بچین.

ئێمە هەوڵی زۆرمان دەدات کەدەست بگەیەنینە سەرچاوەیەکی بڕیار بەدەستی ئیخوانی لەدەرەوەی ئێران، تا بڕیارێکی لێوەرگرین بۆ بەڕەسمی ناسینو پشتگیری ئەم بزووتنەوەیەو دانان بە رابەرایەتیی رابەرەکەیدا، واتە شەرعیەتی ئیخوانی هەبێت، ئێمەش پشتگیری بکەین، بەڵام هەوڵەکانمان بێ هودەبوو.

مامۆستا سەلاح لەمەشدا دەستپێشخەری کردبوو، هەواڵی ئەم گۆڕانو روداوانەی گەیاندبووە بەرپرسە ئیخوانەکانی سەرو خۆی، بەناوی دکتۆر نوعمان سامەڕائیەوە نامەیەکی دورو درێژیان ئاراستەی مەرحومی مامۆستا مەلا عوسمان کردبوو، بەکورتی وتبوویان ئێمە وەك مەبدەئی کاری ئیخوانی پشتیوانی بزووتنەوەی چەکداری لە هیچ وڵاتێکی ئیسلامیدا ناکەین، بەڵام کە بارودۆخی ئێوە وایە رەتی ناکەینەوە بەڵام جەنابت واز لە سەرکردایەتیکردنی بێنەو بیدەرە دەست یەکێك لە براکانت، یان شێخ ئیبراهیمی کوڕت. کە ئەم نامەیە گەیشتە دەست مەرحومی مامۆستا مەلا عوسمانو بڵاوبوویەوە بەناو توێژێك لە مەلاو بەرپرسانی بزووتنەوەدا، ئیتر خوا دەزانێت سوکایەتیو تانەو تەشەرو جنێو بەئیخوانو ئەوەی ئیخوانە لە

پێشیانەوە ئێمە، وەك تەرزەو باران دەباری بەسەرماندا، بۆ مێژوو مامۆستا نامەکەی تەسلیمی مامۆستا سدیق کردبوو، ئەویش لە سنە دایە دەست من بیگەیەنمەوە لای مامۆستا سەلاح، من هەر بەیانی ئەو ئێوارەیە بردمەوە بۆ مامۆستا سەلاح لە کرماشان، چونکە هەندێك وەك شانازی پێکردن دەڵێن مەرحومی مامۆستا نامەکەی دڕاندوەو خستوویەتیە ژێر پێی، ئەمە ڕاست نیە.

سەرەنجام دکتۆر ئەبو زەڕ کە لە هەڵمەتی دەستگیرکردنەکەدا لە عێراقەوە هەڵاتبوو، گەیشتبووە ناوچە سنورییەکانی ناوچەی بادینان، چەند مانگێك لە گوندەکانی ئەو ناوچەیە لەناو پێشمەرگەکانی پارتیدا مابوویەوە، گەیشتە شاری سنەو لە ماڵی مامۆستا سدیق کۆبوونەوەیەکی دورو درێژمان بەست، پاش چەندین زنجیرە دانیشتن‌و کۆبوونەوە لەگەڵ هەردوولا، دکتۆر رۆیشت بۆ پاکستان، لە درێژی سەردانەکەیدا رێکەوتنەکە کەوتە پاش کارەساتی هەڵەبجە، ئەمەش کاریگەری خۆی هەبوو لەسەر زیادکردنی ژمارەی لایەنگرانی رێکخستنی ئیخوانە عێراقیەکان، کار بەوە گەیشت بووینە پارچەیەك لە رێکخستنی ئیخوانە عێراقیەکان لە ئێراندا.

**+ بە پێی رێکەوتنێك؟**

– بەڵی بە پێی رێکەوتنێك بە دڵنیاییەوە.

**+ خاڵی رێکەوتنەکە چی بوو؟**

– خاڵی رێکەوتنەکە، یەکەمی ئەوەبوو کە هەموو لایەکمان بۆ ماوەی شەش مانگ هەوڵبدەین ئولفەتی قلوب دروست بکەین، لە دەورات بەشداریی بکەین‌و پەیوەندییمان بەهێز بکەین، خاڵی دووەمیشی ئەوەبوو دوای ماوەی ئەم شەش مانگە هەریەکە لە مەوقیعی گونجاوی خۆیدا لە ریزی ئەم ڕێکخستن‌و پەیکەرەی ئیخواندا جێگە بکرێتەوە، بۆ نموونە یەکێك گونجاوی شورایە، یەکێك گونجاوە بۆ بەرپرسی ناوچەیەك، یەکێك گونجاوە بۆ سەرپەرشتی چەند ئوسرەو ئەڵقەیەك، یەکێك گونجاوە بۆ لەئەستۆگرتنی چالاکی‌و کارێکی جەماعەت‌و ... هتد، بەڵام خاڵی گرنگ لێرەدا ئەوەیە کێ‌و چۆن‌و بەچ پێوەرێك تەقدیری ئەم گونجانە دەکرێت؟

خالّی سێیەمیشی باسی ئەوەبوو کە هەرکاتێك گەڕاینەوە بۆ عێراق هەرکەسەو لەسەر کارو تەشکیلاتی خۆی بێت، تا سەرکردایەتیی ئیخوانی عێراق یان کۆبوونەوەی گشتیی لایەنەکانی ئەم ڕێکەوتنە بڕیار لەسەر شتێك بدەن، واتە لە عێراق باسی عێراق دەکەین، ڕێکەوتنەکە لەلایەن مەرحومی مامۆستا عومەر ڕێشاوی، بەناوی ئەبو یەحیا ئیمزاکرا، لەلایەن ئێمەشەوە دکتۆر عەبدولمەجید بەناوی ئەبو زەڕ ئیمزای کرد، لە ماڵی مامۆستا سەلاح لە کرماشان. بڕیاردرا مامۆستا عومەر ڕێشاوی مورشیدی هەموو لایەکمانە.

مامۆستا سەلاح لەبەر ریش سپێتیو ڕێزگرتن ئەوی وەکو بەرپرسی کارەکە دەناساند، ئەگینا خۆی دینەمۆی راستەقینەو خاوەن بڕیاری راستەقینەی جەماعەبوو لەو دیوو.

لەماوەی ئەم شەش مانگەدا لە ئۆردوگاو شارەکاندا چەند خولو کۆبوونەوەیەکی هاوبەشیان بۆ کردینەوە، بەندە لە یەکێك لە خولەکاندا لە کرماشان بەشداریم کرد، سەبارەت بە من، جگە لە ئولفەتو تێکەڵ بوونو یەکتر خوێندنەوە شتێکی زیاتری لە وانە گشتییەکانی سەرەتای هەشتاکانی مزگەوتی مەلا سالحی گەورەی تیانەبوو، شەش مانگە تێپەڕیو بڕیاری تێکەڵبوونی هەردوولامان درا، لەلایەن ئەمیرو شورای مامۆستا سەلاحەوە، ناسکترین قسە کە رای ئەوکاتەی خۆمم پێ دەربڕی ئەوەبوو ژمارەیەکمان لە ئۆردوگای کامیاران کۆبووینەوە، مامۆستا سدیقیش ئامادەبوو کە نامەکەمان خوێندەوە وتم براینە بەڕاستی وەك پشکی گۆشتی قوربانی دابەشیانکردووین، خوا هەڵناگرێت کەمترین گونجانو موراعاتی تیانەبوو، بەداخەوە! وێنەی دەرەوەی ئیشەکە بەجیا لەنیەتەکان، بە زۆری لە تۆڵەکردنەوە دەچوو.

**+ ئەم شێوازی تێکەڵکردنە پلان نەبوو بۆ تواندنەوەی خەتی مامۆستا سدیق؟**

وەك پێشتر ئاماژەم پێکرد، تێکەڵبوون لەسەر دوو پرەنسیپ بوو، یەکەم: هەرکەسو گروپێکی ئیخوانی سەر بەم خەتی ڕێکخستنەی ناوەوەیە، واتە لە خەتی گێڕانەوەی ڕێکخستنە کە لە عێراق ڕۆیشتە دەرەوە بۆ ئەو چەند وڵاتەی کە

ڕێکخستنی ئیخوانە عێراقیەکانی تێدایە، دەبێ پابەند بێت بە ڕێکخستن‌و بەرپرس‌و کاری ئەو وڵاتەوە، ئێمە کە ڕۆیشتینە ئێران دەمانزانی مامۆستا سەلاحەددین بەرپرسیاری ڕێکخستن‌و کاری ئیخوانە عێراقیەکانە لەو وڵاتە، بەڵام ئەو ئیلتیزامەمان نەکرد، بەماوەیەکی کورت‌و کەم ڕوداوەکانی هەڵەبجەو مەسەلەی دروستکردنی بزووتنەوەی ئیسلامیی لەلایەن مەرحومی مامۆستا مەلا عوسمانەوە بەسەردا هات، کە لەلایەك خۆی ئەمیری ڕێکخستنەکەی ئێمە بوو، لەلایەکی ترەوە ژمارەیەکی بەرچاو لە ڕێکخستنەکانی ناوچەی هەڵەبجەی ئێمە لەتەك ئەواندا کۆچیانکردبووە دیوی ئێران.

پرەنسیپی دووەم، تێکەڵبوونی هەردولا بەگوێرەی ڕێکەتن بوو لەنێوانماندا، وەك ئاماژەم بە خاڵەکانی کرد، بە یارمەتی‌و هاوکاری لایەنی سێیەم بوو کە دکتۆر ئەبوزەڕ بوو، لەبەر ئەوە باسی پلان بۆ تواندنەوە لە تەفسیرێکی پلانگێڕی بەولاوە نیەو قسەیەکی بێ بنەمایە.

بەڵام دوو شت هەڵوێستی لایەنی ئێمە واتە باڵی مامۆستا سدیقی لاواز کردبوو، یەکەم: دوای هاتنی نامەکەی دکتۆر نعمان سامەڕایی مامۆستا سدیق بە عەمەلی هەر بە تەنیشت مەرحومی مامۆستاوە بوو، هیچ جۆرە پەیوەندیەکی دروست نەکرد لەگەڵ مامۆستا سەلاح وەك بەرپرسی کاری ئیخوانە عێراقیەکان لە ئێراندا، نەبووینە بزووتنەوەو ئیلتیزامیشمان نەکرد بە ئیخوانەوە تا هەموو کارتەکانی بەدەستەوە سوتان.

دووەم: کە دکتۆر ئەبوزەڕ وەك نوێنەرو بەرپرسی لایەنی ئێمە، سەردانی لای مامۆستا سەلاح‌و برایانی ئەوانی کردبوو، زۆر سەرزەنشتیان کردبوو، لێی توڕەببوون کە گوایە تۆ ئەم مشتە مناڵ‌و گەنجەت لەم ناوچەیەدا ڕاستکردوەتەوە، ئێوە کە دەست بۆ ئیشی ناوچەیەك دەبەن –مەبەستیان لە عێراق بوو– نابێ بپرسن کێ هەیەو کێ نییە؟ ئێوە لە ناوچەی هەڵەبجەدا کەستان دەستنەکەوت مامۆستا سدیق‌و ئەم چەند گەنجە نەبێت؟ ئێستا وا شێرەتکردوون گوێ لەکەس ناگرن‌و مل بە کەس

نادەن، ئێمە ڕێکەوتن لەگەڵ چیو لەگەڵ کێ بکەین؟ ئەمانە فڕیان بەسەر ئیخوانەوە نییە! ئەمانە پەروەردەیان سەقەتە؟ ئەمانە بیرو تێگەیشتنی ئیخوانیان نییە؟ بزووتنەوەن! ئەم بەڕوداهاتنە کۆڵێ گومانو دوودڵی لای دکتۆر دروستکردبوو دەبارەی ئێمە، ناچار لە جەولەی یەکەمدا نەك هیچی پێنەکرا بەڵکو تۆمەتباریش دەرچوو، بەرەو پاکستان سەفەری کرد، دواتر ڕێکەوتنەکە کرا، دیارە لایەنێك بەم دوو کارتە لاوازەو بەم هەموو گومان لەسەر بوونە بچێتە ڕێکەوتن هەر ئەو دەرەنجامەی دەبێت.

**+ دوای (1991) کە هاتنەوە بۆ بەو خاڵەی ڕێکەوتنەکە کارتان نەکرد کە پێشتر ئاماژەت پێداو وتت هەرکاتێك گەڕانەوە عێراق هەر کەسەو لەسەر کارو تەشکیلاتی خۆی بێت، تا سەرکردایەتی ئیخوانی عێراق یان کۆبوونەوەی گشتیی لایەنەکانی ئەم ڕێکەوتنە بڕیار لەسەر شتێك بدەن؟**

– پاش ڕاگەیاندنی ناوچەی دەژەفڕین –ناوچەی حەوانەوە بەگوێرەی بڕیاری (688)ی نەتەوە یەکگرتووەکان– کە بەشێکی بەرچاوی خاکی کوردستانی عێراقی گرتبوەوە، بەرپرسانی ئیخوانی عێراق لە دەرەوە مامۆستا سەلاحەددینیان ڕاسپاردبوو کە بگەڕێتەوە بۆ سەرپەرشتی کاری ئیخوان لەو بەشە ئازادەی خاکی عێراق، کەواتە ئەمە بڕیاری سەرکردایەتی ئیخوانی عێراقە، وەك لە ڕێکەوتنامەکەدا هاتووە، ئەوەی دەیەوێت لە ڕیزی ئەواندا بێت دەبێ ئیلتیزام بکات، ئەگینا خۆی ئازادە چی دەبێتو لەگەڵ کێ دەبێت. بۆ مێژوو دەیڵێم مامۆستا سدیقیش هەر لە ئێران لەسەروبەندی گەڕانەوماندا لە ڕێگەی دکتۆر عەلی قەرەداغییەوە هەوڵی خۆیدا کە ئەو بەرپرسیاریەتیو لێپرسراویەتیەی کاری ئیخوان لە کوردستاندا بەو بسپێرن، بەڵام سەرکەوتوو نەبوو.

بەڕای من ئەو بێباکیو گوێنەدانەی ئەوان بە هەڵوێستی باڵی مامۆستا سدیق پاش گەڕانەوەمان، دەگەڕێتەوە بۆ: یەکەم: ئیخوان بەژمارە زۆری کەسایەتییەکانی خۆیان دەپەرموین، کە پاش کارەساتی هەڵەبجەو بەتایبەت لە کاتی

ئاوارەبوونەکەی پاش ڕاپەڕینیشدا دەستیان گەیشتبووە تەواوی ئیخوانە کۆن‌و نوێ‌و پیرو گەنجەکانی ناوخۆ.لە پارێزگاکانی هەرێم بە کەرکوکیشەوە.

دووەم: ئەوان کاتی خۆی گرفتی شەرعیبوون‌و حەڵاڵبوون، یان حەرامبوونی کاری ڕێکخستن‌و گێڕانەوەی ڕێکخستن دەستی بەستبوون، ئێستا ئەوەیان لەبەردەم هەڵگیرا، زۆر پەکیان بەوە نەبوو چەند گەنجێکی دەوروبەری مامۆستا سدیق دێن یان نا؟

سێیەم: وا دەزانم ئەوان هێشتا گومانیان لە پەروەردەو رادەی ئیلتیزامی ئیخوانی ئەم باڵە هەبوو، وەك تەشکیلاتێکی حزبی سەیریان دەکرد زیاتر تا لە کۆمەڵەیەکی ئیخوانی، زۆر بەتەنگ بوون‌و نەبوونیانەوە نەبوون، دەیانویست ئەو دابەشکردنەی لە ئێران کردیان لێرەش هەمان شت دووبارە بکەنەوە.

من‌و مەلا ئەحمەدی شافعی‌و مامۆستا موحەممەد ڕەئوف کە بە سێکوچکەی دەوری مامۆستا سدیق دەناسراین، وەك سەرکردایەتی ئەو باڵە ناودەبراین، ڕاڕایی‌و دوودڵی‌و ناڕوونی هەڵوێستی مامۆستا سدیق کە بەو سەرەنجامەی گەیاندین، تەواو بێزارو ماندووی کردبووین، پاش تێکەڵبوون ئامادەنەبووین لە نووکەوە ئەم داستانە دەست پێ بکەینەوە، لەمە بەدەر ئەوەی کە هەندێك دەیڵێن بەڵێنمان دراوەتێ کە پۆست‌و پلەوپایەمان بدرێتێ، سەبارەت بە خۆم خوا دەزانێت سەرلەبەری دورە لەڕاستی، منەتی کەس نەبێت پێچەوانەکەی ڕاگەیەنێت، من بەحساب لە سەرکردەیەکەوە بوومە کتێبفرۆشێك، بەوپەڕی دڵسۆزی کارەکەم ڕاپەڕاند، چونکە ئەنجامی بڕیاری یەکلاکەرەوەو بێ دوودڵی خۆم بوو. سوپاسی خوا دەکەم تا ئەوپەڕی توانا هەوڵمدا دەم نەژەنمە ناوزڕاندن‌و غەیبەتی کەس‌و بەشێك نەبم لەو گەمە قێزەونە.

**+ دوای ڕاپەڕینی (1991) کە گەڕانەوە، ئیخوانی دەوڵی جارێکی تر ڕەسمیەتی دایە مامۆستا سەلاح‌و نەیدایە مامۆستا سدیق، هەرچەندە مامۆستا سدیق مێژوویەکی دێرینی لەناو ئیخواندا هەیە، ئایا ئەمە بێ متمانەیی ئیخوانی دەوڵی بوو بە مامۆستا سدیق؟**

– مەسەلەکە بە بوون‌و نەبوونی متمانە لێکنادرێتەوە، وەك وتم مامۆستا سەلاح بە چەند ساڵ پێش ئەوەی ئێمە بەرەو ئێران بچین لەلایەن سەرکردایەتی ئیخوانی عێراقەوە کە لە دەرەوە بوون ببووە بەرپرسی ئیخوانە عێراقیەکانی ناو ئێران، بە کوردو عەرەب‌و تورکمانەوە، هەرچی خۆی بە ئیخوان دەزانی، جگە لە چەند کەسێکی زۆر کەم نەبێت، شتێکی مەنتیقی‌و سادەیە کە ئەوان ئەو بەرپرسیاریەتیەی ناوەوەش بەو بسپێرن، خۆ مەسەلەکە بەخۆپالآوتن‌و هەڵبژاردن نەبووە تا متمانە بە مامۆستا سدیق بدەن یان نەیدەن؟ بەدیوەکەی تردا هەموو ئەوەی سەرکردایەتی ئیخوانی دەرەوە دەبارەی باڵی مامۆستا سدیق زانیویەتی‌و بیستویەتی لە ڕێگەی ئەمانەوە بووە، ئەوەش تێڕوانینی ئەوان بوو بۆ باڵی مامۆستا سدیق کە لە پرسیاری پێشوودا خستمەڕو، ئیتر ئەنجامەکە دیارە!

**+ بە بڕوای تۆ ئەم کارەی ئێوە تا (1991) ناوبنێین کاری ئیخوان لە کوردستان یاخود شتێکی تر؟**

– پێوەری ئیخوانبوون چیە؟ بەچی لەناو تەوژمی ئیسلامیدا ئیخوانیەك لەوانیتر جیادەکەینەوە؟ ئەمە پێویستی بەزانینی پێناسەی ئەم جەماعەتە هەیە، ئەگەر نەگەڕێینەوە بۆ پێناسەکەی مەرحومی حەسەن بەننا دامەزرێنەری جەماعەتی ئیخوانولمسلمین، دەبارەی جەماعەت کە لە نامەی کۆنگرەی پێنجدا لە هەشت خاڵدا خەسڵەتەکانی کۆکردوونەتەوە، ئەوانیش بریتیین لە خەسڵەتەکانی: سەلەفی، سوننی، سۆفی، سیاسی، وەرزشی، زانستی رۆشنبیری، ئابوری‌و کۆمەڵایەتی. بەڵام دکتۆر یوسف قەرزاوی دەڵێت: ئیخوان جەماعەتێکی ئیسلامیی بانگخوازی پەروەردەیی، ڕێبازێکی میانەڕەوو نێوەندییە لە تێگەیشتنی دین‌و مومارەسەکردنیدا، وەك ئەوەی خودا ناردوویەتی بێ پەرگیریی‌و دەستبەرداری (افراط و تفريط)،.ئێستا شتەکان رونترن، ئیخوان نەجەماعەتێکی سەلەفیە وەك ئەوەی کە هەیە لە سعودیەو میسرو پاکستان، نەجەماعەتێکی چەکداری جیهادیە وەك گروپەکانی نازانم نموونە بێنم، چونکە لەسەر زەوی شتێکی دیارو ئاشکرا نییە

هەمووی ژێرزەمینیە، ئەگەر بڵێم وەك قاعیدە، قاعیدە بزووتنەوەیەكی سیاسیی چەكداری ئاشكرای ناو كۆمەڵگە نییە،.ئیخوان مەشهورە بە قوتابخانەی میانەیی‌و نێوەندێتی.

كەواتە هەر جەماعەتێك بە پەیڕەوو بەرنامەی ئەو جەماعەتە بكات، خۆی دان بەوەدا بنێت كە ئینتمای بۆ ئەوان هەیە، ئەوانیش قبوڵی بكەن، ئەوە ئەو جەماعەتە بە ئیخوان دادەنرێت.

لە راستییدا كارەكانی باڵ یان میحوەری ئێمە، جگە لە كاری ئیخوانی هیچ ناوێكی تر هەڵناگرێت، باڵەكە باڵی مامۆستا سەلاح بووبێت یان هی مامۆستا سدیق بووبێت، هی هەر كەس بووبێت بەو خاسیەتەوە بەكاری ئیخوانی دادەنرێت، ئیخوان راستە لە كاری سیاسیدا قەتعەن موەفەق نییە، ئەگەر نەڵێم فاشلن، ئەوە رای خۆمەو خۆشم بەری ناكەم لەوەی كە ئەم رۆژەی ئەم قسانە لەگەڵ تۆ دەكەم بیست‌و شەشەمین ساڵە لە ناو رێكخستنی ئەو ئیخواندام، بەڵام لە كاری بانگخوازی‌و رۆشنبیری‌و ئاراستەكردنی جەماوەردا بە راستی رێكخستنێكن هیچ لایەنێكی تریان ناگاتێ، توانایان زۆر زۆرە، لەبەرئەوە هەرچەند تۆ بتەوێ لەو چوارچێوە دەرچی كە ئەوان بۆ شتەكانیان كێشاوە بە ئاسانی دەرناچی، چونكە بەرنامەیەكی پەروەردەیی‌و بانگەوازیی بەهێزیان هەیە، خەڵكێكی زۆریان لەسەر گۆشكردووە، بە دەیان‌و سەدان‌و هەزاران كتێب، نوسراو، بڵاوكراوە، وتاربێژو زانای ئایینی خاوەن بڕوانامەیان خستۆتە گۆڕەپانەكەوە، هەرچەند بكەیت كارەكەت لەبەراورد بەوان موتەوازیع دەبێت. لە سەرەتاوە تا ئەو ماوەو دواتریش، لە كەسم نەبیستووە لە میحوەری ئەوكاتەی خۆمان كەسێك ئینكاری ئیخوانبوونی بكات، بۆ مێژوو دەڵێم جەنابی مامۆستا سدیق سەرباری مەنهەج‌و بەرنامە، متمانەیەكی زۆری بە سەركردەو رێكخستنی ئیخوان‌و تواناو لێهاتویی كەسایەتیەكانیان هەبوو، لەگەڵ ئەو هەمووە ناكۆكی‌و كێشەیەش هەر هەوڵی دەدا لێیان نەبڕێت.

+ ئەی ئەو فرە باڵیو فرە مەرجەعیەی ناو ئیخوان ناو بنێیت چی؟

– ئەوە پەیوەندی بە قەیرانو بۆشایی سەرکردایەتییو رێکخستنەوە هەبوو کە لە بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی ئیخوانی عێراقدا رویدا بوو، بەڵام لەبەرئەوەی ئیخوان قوتابخانەیەکی پەروەردەییو بانگخوازی ئیسلامییە، زیانێکی ئەوتۆ لەو فرە مەرجەعیەتو فرە باڵیە ناکات، زیان تەنها بەلایەنی پەروەردەییو دەرونی ئەندامانی ئەو جێگەیە دەگات. ئێستا کە دیدارو بەیەکگەیشتن لە نێوان ئێمەو ئیخوانی عێراقدا دەبێت، کێشەو قسەیان لەسەر هەڵوێستو بڕیاری سیاسیمان نییە، بەڵکو پرسیاری سەرەتاو کۆتایان لەسەر مەنهەجی پەروەردەییو بەرنامەی پەروەردە هەیە.

+ وەکو ناولێنان؟

– لەبەر ئەوەی ئیخوان وەك حزبو رێکخراوێکی سیاسیی نییە، جیاوازیو ناکۆکیە ناوخۆییەکانیان گاریگەری لەسەر کۆمەڵگەو دەرەوەی خۆیان نابێت، یان بڵێین زۆرکەم دەبێت، هەر لە ناوخۆدا دەمێنێتەوە، بەهەمان شێوە لەبەرئەوەی هێزێکی چەکدار نییە، تووشی پیاهەڵپژانو توندوتیژیو لێکدابڕانی توند نابن. رەنگە هەتا لایەنەکان خۆیان راینەگەنن وەك ئەوەی برایانی بزووتنەوەی راپەڕینی ئیسلامیی کردیان کۆمەڵگە هەست بەجیاییان ناکات. لە ناوخۆدا دەتوانیت بڵێت میحوەرەکانی ناو رەوتی ئیخوان هەبوو لەودۆخەدا، ئەتوانی بڵێی میحوەری مامۆستا فلانو میحوەری مامۆستا فلان، سروشتی بوو کە مامۆستا سدیق میحوەری هەبێ، مامۆستا عومەر میحوەری هەبێت، مامۆستا فلان میحوەری هەبێت، ئەمە زۆر سروشتیو سادە بوو.

بەڵام خۆناکرێت شتەکان ئەوەندەش بەتەجریدو دوور لەلایەنی زاتی کەسەکان لێك بدەینەوە، چونکە ئارەزوی سەرکردەو بەرپرسبوون ئارەزوویەکی مرۆییە، حەز بە سەرخستنو زاڵبوونی راکانی خۆی دەکات، بەتایبەت مامۆستا، یان بەرپرس، یان ئەمیر لەناو ئیخواندا نفوزو جێگەو پێگەیەکی گەورەی رۆحیو ئەخلاقی هەیە، بۆیە ناکۆکی هەڵدەگرێت.

**+ هێڵی یەکو دوو هەندێ جار بەکاردێت؟**

– بەڕاستی من هەر لە سەرەتاوە بڕیاری خۆمدا، وتم ئەگەر بڕیارە سەر بە ڕێکخستنو جەماعەتی ئیخوان بین، ناکۆکیو کێشە لەسەر کەسەکان مانایەکی نیە، هەمووما‌ن متمانە بدەینە ئەو کەسەی ئەم جەماعەتە متمانەی دەدەنێو بە بەرپرسی دادەنێن، دواتر بە هەڵبژاردن یان بە هەر ئالیەتێکی تر دەتوانین بیگۆڕین، یان باحزبو ڕێکخراوێکی تر بەناوێکی ترەوە دروستکەین، لە سەروبەندی گەڕانەوەمان بۆ عێراق قسەو باسی ئەوە دەکرا کە ئیتر ئەو تێکەڵ بوونو ئیلتیزامەی نێوانمان بەگوێرەی ڕێکەوتنەکە کۆتایی هات، دەچینەوە بۆ خۆمان بەجیا تەشکیلاتی خۆمان دروستدەکەینەوە، برایانمان لەوێ بەردەوام بوونو ڕێکخستنێکی باشمان هەیە، بەندەش بەم تەعبیرە وتم: براینە ئەگەر هەر لەسەر ئیخوان بوون بەردەوام دەبین با کێشەی شەرعیەت دووبارە نەکەینەوە، من لای خۆمەوە ئەگەر سەرکردایەتی ئیخوانی عێراقی دەروێشێکیش دەستنیشان بکات بۆ ڕابەرایەتیو سەرکردایەتی کار ئیلتیزامی پێوە دەکەم، گلەیم لێ مەکەن، دەڵێن مامۆستا سەلاح دەگەڕێتەوە بۆ عێراق بەهەمان بەرپرسیاریەتی ئێرەوە، ئەگینا فەرموون با حزبێکی تر دروستکەین، یان بچینە ناو بزووتنەوە، من وادەکەی خۆمم بردەسەر، بەڵام برایانی ترم لەتەك مامۆستا سدیق پاش پێنج شەش ساڵ هەردوو تەجروبەکەیان کرد، حزبیان دروستکردو چوونە ناو بزووتنەوەش، بەڵام بەداخەوە سەرکەتوو نەبوون.

بۆیە ئەو یەکو دووە من زۆر باوەڕم پێی نییە، ئەوە لە ساڵی (1992)وەوە سەریهەڵدا، بۆ پینەکردنو چارەسەرکردنی کێشەی دووبارەبوەوەی شەرعیەتی ڕێکخستنی ئیخوان بوو لای باڵی مامۆستا سدیق، کە پاش گەڕانەوە بۆ عێراق ئارەزوی جیابوونەوەیان دەکر، گوایە مامۆستا سدیق لە لایەن مستەفا مەشهورەوە کە جێگری ڕابەری گشتیی ئیخوان بوو لە میسر، سەردانی تارانی کردبوو مۆڵەت دراوە، گوایە بەهەمان شێوە مامۆستا سەلاحیش لەلایەن بەرپرسانێکی ئیخوانی

عێراقیەوە مۆڵەت دراوە، قورسایی هەردوو مۆڵەتەکە یەکسانەو ئەوانیش شەرعیەتیان هەیە، هیچ گرفت نییە با دوو خەتی جیا لەیەك ناوچەو وڵاتدا بەیەك ناو نوێنەرایەتی یەك جەماعەت بکەن، لە وڵاتی وا هەیە پێنج گروپی ئیخوانی تیایە، لە نموونەی سوریا، سودانو یەمەن چەند گروپی ئیخوانی تیایە، هەموو ئیدیعای ئیخوان بوون دەکەن، لەبەرئەوە کە ئەیانوت ئەمە خەتی یەكو ئەمە خەتی دووە، مەبەست ئەوەبوو کە خەتی مامۆستا سدیقیش رەسمیەتی هەیە،

بەڕای من ئەو کات باڵی یان گروپی مامۆستا سدیق بەناحەق قەناعەتیان بە ئیخوان لەق ببوو، بێ ئەوەی جێدارەکەشی بە چاکی بدۆزنەوە، چونکە ئەگەر جێداری ئیخوان سەلەفیەت بێت، من پێموانییە سەلەفیەت لە کوردستان بتوانێت ببێتە بزووتنەوەیەکی سیاسیی، لە هەموو دونیادا وەکو ئیخوان لە سیاسەتدا لاوازو سەرنەکەوتوو بووە، ئەوا رەوتی سەلەفی جگە لە بڕوانەبوونی بە کاری سیاسیی لە بانگەوازیشدا لەکوردستاندا فاشل بووە، ئەوان بە دوای جێداری ئیخوانەکەدا دەگەڕان، دەیانویست خۆیان وەك حزبو رێکخستنێکی سیاسیی بمێننو سوود لەلایەنی رێکخستنو بانگەوازو پشتیوانی ئیخوان ببینن، مامۆستا سدیق رابەرایەتی بکات، بزووتنەوەش وەك باڵی سەربازیو هێزێکی چەکداری نزیكو هاوتای ئەمان بمێنێ، مەرحومی مامۆستا مەلا عوسمانو مامۆستا مەلا عەلی رابەرایەتی بکەن، ئەگینا خەتی یەكو دوو هەر زوو لەبارچوو بوو، بەڵام ناوێك بوو بۆ قەناعەت پێکردنی ئەوانەی سۆزیان لەگەڵ ئیخوان هەیە، بۆ ئەوەی لەگەڵ ئەو باڵەدا بمێنن، تا جێدارەکە پەیدا دەکەن.

**+ ئەگەر بە چاوێکی رەخنەگرانە بڕوانینە کاری ئیخوان لەو سەردەمەدا جەنابت چیمان پێ دەڵێیت؟**

– من قەناعەتم وایە کە راگرتنو هەڵوەشاندنەوەی رێکخستنو کاری سیاسیی لەلایەن سەرکردایەتیی ئیخوانی عێراقەوە شتێکی هەڵەبوو، ئەکرا بە شێوە نهێنییەکە هەر بمایە، لەبەرئەوە پێموایە ئەوە هەڵەیەکی گەورە بوو، هەنگاوو

تێگەیشتنێکی هەڵە بوو، تا ئێستاش ئیخوانەکانی عێراق بە ئێمەشەوە بەم هەموو کێشەو قەیرانەی رابردوو کە باسمکرد باجەکەی دەدەین. بەڵام من رەخنە لە هەنگاوەکە دەگرم، قسەی شەرعی تیا ناکەم، چونکە رەنگە خاوەنی فەتواو بڕیارەکە لەو پێگە گەورەوە پێی وابێت رژانی خوێنی کەسێك لە رێگەی رێکخستن‌و حزبی سیاسییدا زۆر زۆر گەورەترو مەترسیدارتر بێت لە بوونی کارو رێکخستنی هەر جەماعەتێك، رەنگە قەناعەتی وابوبێت ئەو بەرپرسە لەو خوێنە لە بەردەم خوادا، بەڵام بەو قەبارە بەرپرس نییە لە نەبوونی رێکخستن کە ئەداتێکی سیاسیی‌و کۆمەڵایەتییە. پێموایە هەڵەی گەورەتر بەنسبەت ئیخوانەکانی کوردستان ئەوەبووە کە بەشی کوردستان پاش بڕیاری حەللی رێکخستن جیانەکراوەتەوە، ئەو هەنگاوە ئاسانکاری‌و رێگەی خۆشدەکرد بۆ مانەوەو بەردەوامی کاری رێکخستنی ئیخوانی عێراق، بۆ نموونە ئەو هەموو شیوعیە پاش قەیرانی کوشتو بڕ کردنیان لەلایەن بەعسیەکانەوە لە (1964)دا رویان لە کوردستان کرد، لەتەك سەرکردایەتی شۆڕشی کورددا پێکهاتن لەسەر پەنادانیان‌و رێگەیان بۆ مانەوەو پەنادانی هاوڕێیانی تری شیوعییان لە ناوەڕاست‌و باشوری عێراق خۆشدەکرد، با ئیخوانیش کە دەڵێن هێندەی شیوعیەکان ئەفسەریان لەداردراوە، باڵی ئیخوانی لە کوردستان راسپاردایە رێکخستن‌و کاری رێکخستنی خۆیان رانەگرتایەو بەردەوامبووایە، ئەوانەشی لە بەغداو شارەکانیتر بوون بە بڕیاری حەللەکە پارێزاو دەبوون، بەڵام وادەزانم سەرکردایەتیی ئیخوان ئەوکات لە ئاستی ئەم بیرکردنەوەیەدا نەبووە، ئەمە لەلایەك، لەلایەکی ترەوە تێگەیشتنی برایان بۆ کوردستان‌و کێشەی کورد لەو سەردەمەداو لەهەندێ جێگەشدا تا ئەمڕۆش تێگەیشتنێکی هەڵەو ناتەندروستە، یەکێکی تر لە ئیشکالیەتەکانی ناو بزوتنەوەی ئیخوان ئەوەیە کە زۆربەی سەرکردەکانیان لەزۆر وڵاتدا هەست بە کێشەی کۆکردنەوەی کاری سیاسیی‌و بانگەواز لەیەك چوارچێوەدا دەکەن، کەچی تا ئێستا نەتوانراوە بڕیارێکی مەنهەجی‌و بەرنامەکراو بەپێی لێکۆڵینەوەیەکی زانستی بدەن لەسەر کێشەکەو چارەی بکەن، ئەوەی سیاسەت

دەكات هەمان كەسە بانگەواز دەكات، ئەوەی بانگەواز دەكات مزگەوتی پێویستە، ئەوەش سیاسەت دەكات هەر مزگەوتی پێویستە، ئەمەش ئەزمەیەكی دروست كردووە بۆ ئیخوان لەگەڵ حكومەتو دەسەڵاتە سیاسەكانی هەموو ئەو وڵاتانەی بزووتنەوەی ئیخوانی تێدایە. لە كوردستانی عێراقیش لە سەرەتای هەشتاكانەوە هەلومەرجی ناوچەكە زۆر لەباربوو بۆ كارێكی رێكخستنی سیاسیی، بەڵام ئەوان بێ بەرنامەو پلانو ئاراستەو بیركردنەوە بوون لەم بوارەدا، وادەزانم ئەزموونی زۆر وڵات ئەوەی نیشانداوە كە تەوژمی ئیسلامیی بە گشتیی‌و لەوانەش ئیخوان كێشەی سەركردایەتیی سیاسیان هەیە، ئەو مامۆستا بەرێزانەش كە سەركردایەتیی مێژوویی ئیخوانیان بەدەست بوو، وەك مەرحومی مامۆستا مەلا عوسمان، مەرحومی مامۆستا عومەر رێشاوی، لەبەر زۆر هۆ نەیاندەتوانی وەك پێویست سەركردایەتی دامەزراندن‌و دروستكردنی كارێكی لەوجۆرە بكەن.

# دیداری هەشتەم:

# مامۆستا عەلی عەبدولعەزیز



عەلی عەبدولعەزیز موحەممەد، ساڵی (1929) لەدایك بووە، هەر لە منالّیەوە دەستی داوەتە خوێندنی زانستە شەرعییەکانو ئیجازەی مەلایەتی وەرگرتووە، یەکێکە لە دامەزرێنەرانی بزووتنەوەی ئیسلامیی لە (1987)و پۆستی جێگری رابەری گشتیی وەرگرتووە، لە (1997) بوەتە رابەری گشتیی بزووتنەوەی ئیسلامییو دواتریش رابەری بزووتنەوەی یەکبوونی ئیسلامیی، لە (2007/3/17) کۆچی دوایی کردووە

شوێنو مێژووی دیدار: سلێمانی، 2004/12/10.

**+ بەپێی زانیاری جەنابت یەکەم شانەی ڕێکخستنی ئیخوان کەی هاتە کوردستانو کێ بووە ئەندام لەو ڕێکخراوەدا؟**

ـ بسم الله الرحمن الرحيم الحمد لله والصلاة والسلام على رسول الله، الحمد لله الذي هدانا لهذا وماكنا لنهتدي لولا ان هدانا الله، والصلاة والسلام على سيدنا محمد واله وصحبه اجمعين، بەخێرهاتنتان دەکەینو سوپاستان دەکەین لەسەر ئەوەی کەوا هەوڵدەدەن لەم بارەوە شت بنووسن، هەڵبەتە میللەتی کورد کە هاتۆتە ناو ئیسلامو ئایینی ئیسلامیی قبوڵکردووە بە بێ جەنگو بە بێ شەڕ، یەکەم گەلە کەوا بە بێ جەنگ ئیسلامیی بە ڕاست زانیوەو قبوڵیکردووە، لەوکاتەشەوە تا ئێستا کەڵەپیاوانی زۆر گەورەی لێهەڵکەوتووە بۆ سەرکردایەتی ئایینیو بۆ سەرکردایەتی دونیاییو سەربازیو هەموو شێوەیەك، بە ڕاستی کورد جێگەی شانازییە بۆ هەموو جیهانی ئیسلامییو بە تایبەت بۆ خۆمان کە کوردین، جا وەکو قورئان باسی کردووە کە زیندوکردنەوەو هۆشیارکردنەوە هەر ببێت لە ناو هەر گەلو کۆمەڵگەیەکدا، ئیتر لە هەر بارێکدا بە تایبەت باری ئایینی، جا وەکو لە بیرم دێت ئەو شێوە هۆشیارییە لە وڵاتی خۆماندا هەر بووە، بەڵام بە تایبەتی لە ناوچەی هەڵەبجە هەبووە، چونکە وا ڕێکەوتووە شێخی ئیرشادەکانو زانای ئایینی مەدرەسەیان بووەو لە هەمان کاتدا مامۆستاکانیش هۆشیار بوون، لەبەر ئەوە ئەو هۆشیارییە ئیسلامییە لە قەزای هەڵەبجەوە زیاتر لە هەموو شوێنەکان سەریهەڵدا، هەڵبەتە ڕێکی لە نێوان هەموو لایەنە ئیسلامییەکاندا بووە، دیارە تەسەوف بووەو شتێکی کۆنەو هەر بووە، لایەنی زانستیش لەپێش بووە، لەبەر ئەوە ئەو هۆشیارییە لەوێوە بووە، ئەو ئینسیجامو پەیوەندییە لاموایە ساڵی (1955) بوو، شێخ ئەمجەد زەهاوی کە سەرۆکی زانایانی ئیسلامیی عێراق بوو، کورد بوو، مامۆستایەکی زۆر ڕۆشنبیرو زاناو داناو هۆشیار بوو، لە ئیمکانیاتی مادیشدا پێویستی بە کەس نەبوو، لەگەڵ شێخ موحەممەد مەحمود سەواف‌و وەفدێکدا هاتن بۆ کوردستان، ڕوویان کردە هەڵەبجە، لەو کاتەدا مامۆستایانی ئایینی هەڵەبجە بە سەرکردایەتی مامۆستا مەلا سالح عەبدولکەریم، کە

به مەلا ساڵحی گەورە ناسراوە پێشوازیەکی گەرمیان لێکردن، تەنانەت لەوکاتەدا قایمقامێکی لێبوو کەسێکی موتەدەین بوو، ناوی خالید نەقشبەندی بوو، بەردەوام نفوزێکی ئایینی لە هەڵەبجەدا هەبوو، بۆیە حکومەت بەردەوام کەسێکی دەناردە هەڵەبجە کە موتەدەین بێت، کە هاتنە هەڵەبجە یەك دوو رۆژێك مانەوە، بڕیاردرا کەوا بە هەموو لایەك هەوڵبدەین ئەو ئیسلامەتییە زیندووبکەینەوە بۆ ئەوەی ببێتە بەهێزکردنی برایەتی کوردو عەرەبو تورکمانو هەموو لایەك، ئەو عەهدو پەیمانە کرا، مەرحومی شێخ عوسمانی کوڕی شێخ عەلادینی بیارە بەشداری پەیمانەکە بوو، جا لەو کاتەوە ئەو چالاکییە ئیسلامییە زیادی کرد، دوای شۆڕشی تەمموز ئەو چالاکییە لە (1959) زیادی کرد، ئەو کاتەی حزبەکان کەوتنە چالاکی، کۆنگرەیەك بەسترا لە بەغداد بە ناوی کۆنگرەی ئیسلامیی، جەماعەتی هەڵەبجە بەشداریان کرد لەو کۆنگرەدا بە سەرکردایەتی مامۆستا مەلا عوسمان عەبدولعەزیز.

**+ بەشداربووانی کۆنگرە کێ بوون؟**

ـ یەکێکی هەولێری بوو مامۆستا سەید عەبدوڵلایان پێدەوت ئێستا لە ژیاندا نەماوە، لە کۆنگرەکەشدا مامۆستا عوسمان بە ناوی کوردستانەوە قسەی کرد، ئەوان وتیان: ئەمە تەفرەقەیە. ئێمەش وتمان: بۆچی پاکستان هەیە هیندستان هەیە عەرەبستان هەیە، بۆچی کوردستان نەبێت؟ وتیان: بە ناوی زانایانی باکوور. قبوڵمان نەکرد، بۆیە بە ناوی کوردستانەوە وتاری خوێندەوە.

**+ تۆ لەو کۆنگرە بەشداربووی؟**

ـ بەڵی خۆشم لەوێ بووم.

**+ ئەوە کۆنگرەی حزبی ئیسلامیی عێراقی بوو؟**

ـ نەخێر ئەوە ساڵی (1959) بوو، کۆنگرەی حزبی ئیسلامیی دواتر لە (1961) بەسترا، داوایان لە کاکە عوسمانم کرد ببێتە سەرۆکی حزب، بەڵام کاکم وتی من لە کوردستانم نایەمە بەغداد، بۆیە دواتر کابرایەکیان کردە سەرۆك ناوی دکتۆر نوعمان سامەڕائی بوو.

**+ له پەنجاکاندا له هەڵەبجە کێ سەرپەرشتی ئەو جموجۆڵە ئیسلامییەی دەکرد؟**

ـ دیارە هەر ئەو مامۆستایانە بوون، مامۆستا عوسمان بوو.

**+ لەو کاتەدا چەپەکان بەهێز بوون، مامۆستا عوسمانو کۆمەڵێك زانای هەڵەبجە له فتواکەیەکدا تەکفیری شیوعیەکانیان کردووە، ئەو فتوایە لەو کاتەدا چ کاردانەوەیەکی لێکەوتەوە؟**

ـ شیوعییەکان وەکو بڵێی له قۆناغی موراهیقیدا بوون، هەنێکیان به ئاشکرا کوفریان دەکرد، کتێبی (الله في قفص الاتهام)یان بڵاودەکردەوەو دەیان وت پێغەمبەران هەموو درۆزنن‌و ئەمانەیان دەوت، لەسەر ئەو بناغەیە ئەو فتوایە دەرکرا، موفتی راستەقینە مامۆستا مەلا سالح بوو، ئەو فتوایەش به ئیمزای مامۆستا مەلا سالح‌و مامۆستا مەلا عوسمان‌و مامۆستا شێخ رەسول‌و مامۆستا شێخ جەمیلی موفتی‌و مامۆستا مەلا عومەر که برا گەورەی ئێمە بوو دەرچوو، له فتواکەدا هاتبوو که ئەو شیوعیانەی ئەو قسانە دەکەن ئەوە کوفرە، خواردنی گۆشتی سەربڕاوی دەستیان دروست نییە، ژن‌و ژنخوازی لەگەڵیان دروست نییە، لەسەر ئەو بناغەیە ژنێك هات‌و مێردەکەی شیوعی بوو بڕوای به خوا نەبوو لێمان جیا کردەوە.

**+ ئەی له شەستەکاندا چۆن کاری ئیسلامیتان دەکرد؟**

ـ ئێمە هەمیشە بۆ ئەوە کارمان دەکرد که کەس کورد به کوفرو ئیلحاد تۆمەتبار نەکات، هەروەها دینەکەش لەناو کورددا راگیرکەین، ناسنامەی ئیسلامیی کورد نەفەوتێنین، ئێمە له بەرەی کوردا بووین، ئەوکاتە پارتی هەبوو هاوکاریمان دەکرد، ئێمە دەمانویست لەگەڵ هەموو ئیسلامیی‌و نەتەوەییەکانی کورد پێکەوە بین.

**+ هەڵوێستان دەربارەی شۆڕشی ئەیلول چۆن بوو؟**

ـ ئێمە لەگەڵ شۆڕشی ئەیلولدا بووین، مەلا مستەفا بارزانی کاتی خۆی له سلێمانی لای مەلا عەبدوڵڵا چروستانی‌و مامۆستا مەلا سالح دەرسی خوێندووە، که مەلا مستەفا له روسیا گەڕایەوە هاتە ئێرە، چووین بۆ لای له ماڵی مامۆستا مەلا

نەزیف هەواڵی مامۆستا مەلا سالحی پریسی، ئەویش فەرمووی ئەمە ئامۆزای ئەوەو هەم زاواشیەتی، ئیتر ئەو هەستایەوە محەبەتی زۆری لەگەڵ مندا نواند، وتی: بیستومە مامۆستای خۆم هەر شێرەو ئێستاش لە گۆڕەپانەکەدا وەستاوە؟ منیش وتم: جا جەنابت پشتگیری ئەکەیت؟ وتی: بەڵێ بە هەموو هێزێك. دوایی ئەمەم گێڕایەوە بۆ مامۆستا مەلا سالح. ئەویش وتی: با بچێتەوە بۆ بەغداد ئێمەش سەردانی ئەکەین. ئیتر چووین سەردانمان کرد، لەوێ عەهدو پەیمانێك لە نێوان مامۆستا ملا سالحو مامۆستا مەلا عوسمانو مەلا مستەفا بارزانی دروست بوو کە هەوڵدەین خزمەتی کورد بکەین بە ئیسلام، ئێمە کوردینو موسڵمانین، ئەم بڕیارە درا کە نە حەقی کورد بفەوتێ‌و نە واش بزانرێ کە ئیسلام حەقی ئێمەی خواردووە. ئەمەش کە ئێمە دیمان مەلا مستەفا تا رادەیەکی زۆر لەگەڵ ئەو پەیمانە راستی کرد.

**+ ئەی هەڵوێستی حزبی ئیسلامیی دەربارەی شۆڕشی ئەیلوول چیبوو؟**

ـ حزبی ئیسلامیی نەما، سەرکردەکانی گیرا، بەڵام ئێمە هەر لە کار بەردەوام بووین، هاوکاری بزووتنەوەی کوردیمان دەکرد، دواتر یەکێتیی زانایانمان دروستکرد، هەمدیسان داوا لە کاکە عوسمانم کرا کە ببێتە سەرۆك، بەڵام کاکم وتی من ناوچەی هەڵەبجەو شارەزوور جێناهێڵم. ئیتر مەلا عەلی مەلا عەبدوڵڵای کونەفلوسیان دانا.

**+ ساڵی چەند بوو یەکێتیی زانایان دامەزرا؟**

ـ ساڵی (1971)

**+ دوای راگرتنی کاری ئیخوان لە (1971)، کاری ئیسلامیی کوردستان بە چ ئاراستەیەکدا رۆیشت؟**

ـ ئەوان هەندێکیان تێدابوو توندڕەو بوون، مەسەلەی کوردایەتیان بەلاوە شتێکی خراپ بوو، ئەیان وت ئەمە سەردەکێشێ بۆ جیابوونەوە. ئێمەش ئەمانووت نەخێر مومکین نیە ئێوە گەلێك فەرامۆش بکەن کەوا مێژوویەکی سەروەری هەیە لە ئیسلامدا، سەلاحەددینی ئەیوبی هەیە، ئیبنوتەیمیەی هەیە، چەندین زانای لێ

هەڵکەوتووە، جا لە راستیدا هەندێکبان تیابوو کە هەندێ عروبەیان تیابوو، لەبەر ئەوە ئێمە زۆرتر لەگەڵ کوردا ئینسیجاممان دەکرد، ئیتر کە یەکێتیی زانایانمان دروستکرد، لەو چوارچێوەدا هەم بەرگریمان لە کورد دەکرد کەوا میللەتێکی موسڵمانەو داوای حەقی خۆی دەکات، هەم هەوڵماندا کە نەهێڵین خوێنرێژی لەناو کورددا بکرێت، لە نێوان جەلالیو مەلایی، کاتێ مفاوەزاتی (1970) بوو ئێمەی زانایان یەکەم کەسێك بووین کە لەم ناوچەیە نەمانهێشت خوێن برژێتو شەڕ ببێت، لای پارتی بەرگریمان لە جەلالی دەکرد، لای ئەمانیش بەرگریمان لە پارتی دەکرد، ئەمانوت یەك بن باشترە تا ئەوەی دوژمنی یەك بنو یەکتر بکوژن، کە ئەشچووینە دەرەوە وەکو سەفەری حەجو ئەمانە هەمیشە باسی مێژووی کوردو پاڵەوانەکانی کوردمان دەکرد.

**+ ئەندامانی ئیخوان پابەند بوون بە بڕیاری راگرتنی کارەوە؟**

ـ دیارە چالاکیان نەما، تا ساڵی (1988)، دوای ئەوەی بزووتنەوە دروست بوو، ئیتر ئەم جەماعەتەی کە ئێستا بەخۆیان دەڵێن یەکگرتوو دروست بوون، لە دەرەوە پشتگیریان کردنو یارمەتیاندان بە هەموو شێوەیەك کە بەرامبەر ئەو بزووتنەوە ئیسلامییە جیهادییە کوردییە بووەستن.

**+ بزووتنەوەی پەیوەندی ئیسلامیی ساڵی (1978) دادەنێت بە سەرەتای دامەزراندنی خۆی، ئێوە لە سەرەتاوە چەند ئاگاداری ئەو جموجۆڵە ئیسلامییە بوون؟**

ـ دوای (1975) من دوورخرامەوە بۆ ناوەڕاستی عێراق، خەڵکانی عەشایەرو مامۆستا عەلادین سەجادیو دۆستو ناسیاو زۆریان هەوڵدا من گەڕامەوە شوێنەکەی خۆم، ئیتر من لێرە زۆر بێ منەت بووم لە بەعسییەکان، گەڕانەوەکەم وەکو شکستێك وابوو بۆ دوژمنەکانم بە تایبەتی شیوعییەکان کەلای بەعس ئەو هەموو تۆمەتەیان بۆ دروست کردبووم، سەرکەوتنێکیش بوو بۆ ئێمە، ئیتر لەوکاتەدا کۆمەڵێك کەس لەلایەن بەعسەوە ناڕەحەت کرابوونو چوونە دەرەوە، لەوانە مەلا

عەلی بیارە، مەلا عەلی پێنجوێن، مەلا مەحمودی ئازادی، مەلا شێخ موحەممەد بەرزنجیو مەلا موحەممەد مەلا سالح بوو، حەسەنی حەمەخالیدیشیان لەگەڵ بوو، بەڵام حەسەن مەلا نەبوو خەڵك نەیدەناسی، ئیتر ئەوانە بە ئیزنی ئێمە چوون بۆ ئێران کە بزانن ئەو شۆڕشەی کە دەڵێن ئیسلامییە چۆنە، ئەوکاتە ئێران نوێنەری ناردە لای ئێمە وتی ئێوە ئەوەتان کردوەو ئەوەتان کردووەو ئێمە هەموو هاوکاریەکتان دەکەین، ئێمەش وتمان ئەگەر ئێوە راست دەکەن شۆڕشەکەتان ئیسلامییە ئەوە لەبەردەمتاندا تاقیکردنەوە هەیە، ئەوە ئەهلی سوننەو کورد هەیە بزانین ئێوە وەکو شا وا دەبن لەگەڵ کورد، بزانین ئێوە وەکو حکومەتێکی شیعە مامەڵەیان لەگەڵ دەکەن یان وەکو حکومەتێکی ئیسلامیی؟ ئێمە تەماشای ئەوە دەکەین، لەبەر ئەوە پێکنەهاتین. جا مەلا عەلی بیارەو مەلا مەحمودی ئازادی خۆم رەوانەم کردوون بۆ ئێران، مەلا عەلی بیارە گرتیان خەریك بوو بیکوژن، من خۆم هەڕەشەم لە ئەمنو ئەوانە کردو وتم مەلا عەلی بیارە بکوژرێت سەد کەستان لێدەکوژم، بە فشاری ئێمەش مەلا عەلیان بەرداو نەکوژرا، ئێمە ئەوکاتە ناومان نەبوو، بێناو خەریك بووین، بەڵام وەکو بزووتنەوەیەکی ئیسلامیی بێناو ئیشمان دەکرد، لە چوارچێوەی بۆنە ئایینیو هەندێ شتی تردا کارمان دەکرد، ئیتر ئەوان کە چوونە ئێران ئەو ناوەیان بۆ خۆیان هەڵبژارد، بۆیە پەیوەندی ئیسلامیی هەموو پەیوەندیەکی بە ئێمەوە هەبوو، وتیان ئێمە چووینەتە ئێرانو جەوێکمان دروستکردووەو ئەگەر ئێوەش بێن باشترە، بەڵام ئێمە بە باشمان نەدەزانی ناوچەکە چۆڵ بکەین، ئێمە لە مەنتیقی هێزەوە قسەمان دەکرد، چەندین شاهیدم هەیە، کە مەلا عەبدوللەتیف گیرا، چووم ئەو هەموو بەرپرسە گەورانەی بەعس لە بەڕێوەبەری ئیستیخباراتو بەرپرسی فەیلەقو ئەوانە لەوێ بوون، وتم: "اذا لم تفرجون عن هؤلاء سوف ترون عواقب وخيمة نتيجة على هذا، لا يمكن اعتقال هؤلاء او ادامة سجنهم واعتقالهم" ئیتر من هەڵسام هاتمە خوارەوە، هەم ناردیانەوە بە شوێنما وتیان وەرە چی ئەڵێی بیکەین. هەروەها موحەممەدی مەلا سالح کە گیرا بوو بە فشاری ئێمە

بەربوو، خۆی وتی لەویٚ پێیان وتوم تۆ چیت لەگەڵ مەلا عەلی وا تەهدیدی ئێمەی کردووە، بۆیە ئەوانەی لە ئێران بوون هیچ جیانەبوون لە ئێمە، کە ڕۆیشتن بە ئاگاداری ئێمە بوو، ئێمە ڕەوانەمان کردن.

ئەوان لەویٚ بەردەوام داوایان لە ئێمە دەکرد کە یەکێك بنێرین ببێتە بەرپرسیان، لە سەرەتاوە ماوەیەك شێخ موحەممەد بەرزنجی بەرپرس بوو، کە شێخ لەتیف ڕۆیشت لەلایەن ئێمەوە شێخ موحەممەد تەنازولی کردوو ئەوبوو بە بەرپرس، کاتێکیش ئێمە ڕۆیشتین ویستمان لەسەر بناغەیەکی تازەتر کار بکەین، ئیتر ئەوان هاتن هەموو بەیعەتیان کرد بە کاکە عوسمانم، ئیتر لەویٚ تەشکیلات کراو کاکە عوسمانم بوو بە ڕابەری گشتیی، ئیتر من ویستم هیچ نەبم، ڕەنگە من تەبیعەتم هەندیٚ شت قبووڵ نەکات، بەڵام هاتن وتیان کاکە تۆ عەسکەریتو هەموو کەس سڵت لێدەکاتو ئەوانە، یەکێکیش لەوانەی ئەو داوایەی لێکردم شێخ موحەممەد بەرزنجی بوو، وتی بابە من چیم کردووە تۆ مێژوویەکت هەیە، تۆ جێگری مامۆستاو بەرپرسی مەکتەبی عەسکەری بە، من هەرگیز حەزم لە بەرپرسیاریەتی نەرکردووە بەزۆر ئەوەم وەرگرت.

**+ بزووتنەوەی پەیوەندی لەگەڵ ئێراندا پەیوەندی چۆن بوو؟**

ـ وەڵڵا کە ئێمە چووینە ئێران ئەوان بیٚ مەرج هاتنە ناو ئێمە، ئەوان لە مەجبوریا چونکە لاواز بوون هەندیٚ شتیان کردبوو، ئێمە کە چووین بۆ ئێران، هێشتا لە سەر سنوور بووین نەچوینە خاکی ئێران، بەرقیەمان کرد بۆ خامنەئی هەشت مەرجمان دانا لە نێوان ئێمەو ئێراندا، وتمان بەم مەرجانە ئێمە دێینە ناو خاکی ئێران.

**+ ئەمە بەر لە دامەزراندنی بزووتنەوە بوو؟**

ـ بەڵیٚ لە کاتی چوونمان بۆ ئێران، خامنەئی مەرجەکانی قبووڵ کرد، ئیتر چووینە ناو ئێرانەوەو لەناو ئەواندا بانگی سوننیمان ئەداو کاکە عومەرم پێشنوێژی دەکرد، ئەوکاتە تازە چوو بووین لەشکرێکی زۆری ئێران لە دەورمان بوون، هەموویان ئەهاتن لەدوای کاکمەوە نوێژیان دەکرد.

**+ کە چوونە ئێـران بـۆ درێـژەتان بـە کـاری بزووتنـەوەی پەیوەنـدی نـەداو بزووتنەوەی ئیسلامییتان راگەیاند؟**

- ئێمە نەمانویست لەژێر ئەو ناوەدابین، چونکە ئـەو نـاوە شـتی لەسـەر دروست ببـوو، گوایـە دەسـتیان لەگـەڵ ئێـران تێکەڵـە، بۆیـە یـەکێك لـەو مەرجانـەی ئێمـە نوسیبوومان ئەوە بوو کە ئێمە نوێنەری ئەهلی سوننەو جەماعەتین، بزووتنەوەیەکی سەربەخۆینو سەرپەرشتی کەس قبووڵ ناکەین، ئەبێ هەموو ئازادیـەکمان هـەبێ لـە خاکی ئێراندا بە چەکەوە بگەڕێین، بۆمان هەبێت بچین بۆ دەرەوە کـاری خۆمـان لـە دەرەوە بڵاوبکەینـەوە، بـەڵام دەسـتوەرنادەینە نـاوخۆی ئێـرانو پەیوەنـدیمان بـە سیاسـەتی ئـەو وڵاتـەوە نییـەو ئێـوەش دەسـتوەرمەدەنە سیاسـەتی ئێمـە، کاکـە عوسمانم بە ئاشکرا لای خامنەئی وتی مـن رازی نـیم قـەرارگا بێـت تـەگبیر بـۆ ئێمـە بکەن.

**+ ئێران بەو مەرجانەی ئێوە رازیبوو؟**

- بەڵێ بە هەمووی رازیبوو.

**+ پێتوایە بزووتنەوەی پەیوەندی نەیتوانیبوو پارێزگاری لە سەربەخۆیی خۆی بکات؟**

- وەڵڵا خەڵك ئەڕۆیشتو ئەهاتنەوە ئەیان وت هەموو شتێکیان بە دەست ئێرانە، یەکێك لەوانە عەلی باپیر رۆیشتو هاتەوە، وتی بۆیـە لـەوێ نەمامـەوە چـونکە ئـەوە بووە.

**+ لە سەرەتای هەشتاکاندا لەشکری ئیسلامیی کـورد دامـەزرا، ئێـوە چـەند ئاگاداری ئەوەن؟**

- ئێمە ئـەمانزانی ئەوانـە تێکەڵـەن لـە زۆر شـت، پیـاوی ئێرانیـان تیایـە، پیـاوی حزبـەکانی تیایـە، لەبـەر ئـەوە نـە دژایـەتیمان دەکـردن نـە لەگـەڵیان بـووین، سەرۆکەکەیان بەردەوام کاغەزی بۆ ئێمە ئەنووسیو رێزی زۆری نیشـان ئـەدا، بـەڵام ئێمە هیچ پەیوەندییەکی وامان لەگەڵیان نەبوو.

**+ساڵی (1987) چۆن بزووتنەوەی ئیسلامیی ڕاگەیەنرا؟**

ـ لە سەرەتادا ئێمە شتی خۆمان هەر بووە، هەر ئێمەیان بە بـرا گـەورە دەزانـی، شێخ موحەممەد بەرزنجی لە شانەدەری بوو کە دەعوەت دەکرا بۆ شـوێنێك دەهـات پرسی بە ئێمە دەکرد، ئـەوان کـە چـوونە ئێـران شـتێکی وایـان نـەکردبوو، تەنانـەت خامنەئیش پێی وتن ئێوە چەند ساڵە لێرەن هیچتان نەکرد، بەڵام کە شێخ عوسمـان هات عەرشی سەددام لەرزی.

**+ کە بزووتنەوەی ئیسلامیی ڕاگەیەنرا بزووتنەوەی پەیوەندی هەڵوەشایەوە؟**

ـ ئەوان هاتنە ناو بزووتنەوەی ئیسلامیی.

**+ هەڵویستی ئیخوان موسلمین بەرانبەر دامەزراندنی بزووتنەوەی ئیسـلامیی چی بوو؟**

ـ سەلاحەددین ئەوە لە ئێران کاری دەکرد، مەلا موحەممەدی باوکی فەقێی کاکـە سالح بوو، سەلاح هەر لە منالّیەوە منالێکی سـالح بـوو خۆشمـان دەویسـت، سـدیقی براشم ئەوە بـیرم کەوتـەوە ئەوکاتـە لـە سـەردەمی حزبـی ئیسـلامیی مـن بەرپرسـی سـلێمانی بـووم، چـەند کەسـێك لـە کەرکووکـەوە هـاتبوون، عەبـدوڵلا زێبـاری لێـرە بەرێوەبەری خانەی مامۆستایان بوو، هەندێك هـەبوون لـەناو پـارتی توندڕەو بـوون، چووبوون هەڕەشەیان لەو میوانـە کەرکووکیانـە کردبـوو، منـیش چـووم لـە عەبـدوڵلا زێبـاری توڕەبـووم، قسـەی زۆرم پێـوتنو وتم ئەگـەر جـارێکی تـر شـتی وا بکـەن مقەڕەکانتان پێدادەخەم، ئەوان گەڕانەوە کەرکووك ڕووداوەکـەیان باسـکردبوو کـەوا مەلا عەلی بە چەکەوە هاتووەو ئاوای کردووە، وەفدێك هات لە کەرکووکەوە وتیان بۆ وات کردوەو نابێ شتی وا بکـەیت، منـیش ڕووداوەکـەم بـۆ باسـکردن، ئـەوان وتیـان نـەخێر هــەر نابێـت، ئـیتر مـن تووڕەبـووم وتم بـا هەڵنەسـتم تێتانهەڵـدەم ئەمـە ئیخوانیەکەتانە، ئیتر وازم لە ئیخوان هێنـا، کاکـە عوسمـانم وتـی بـا سـدیق دانـێین، ئەوکاتە لە خولی مامۆستایەتیدا بوو، ئیتر ئەومان دانا، یەکێکیان نییە قوتـابی ئێمـە نەبووبێت، بە خوا زۆریـان زەکـاتم ئـەدانێ. ئـیتر ئـەوانی تریـان موحەممـەد فـەرەج، حەسەن شەمێرانی، ناسح سالحو عەلی زەمەقیو ئەمانە هەمووی قوتابی ئێمە بوون.

**+ ئەی هەڵوێستیان لە بزووتنەوەی ئیسلامیی چی بوو؟**

ـ دژایەتیان کرد، تەنانەت لە سەرەتاوە رازی نەبوون کە بە ناوی کوردستانەوە کار بکەین، ئەیانوت باسی کوردستان مەکەن هەر بڵێن بزووتنەوەی ئیسلامیی.

**+ هیچ شتێکی رەسمیان هەبوو؟**

ـ لە نێوان ئەوانو کاکە عوسمانمدا شت هەبوو، بەڵام لەبەر ئەوەی من زۆرتر عەسکەری بووم لای من زۆر باسیان نەدەکرد، ئەوان بە ئاشکرا هەڵوێستی خۆیان دەربڕی کە دژی ئەو بزووتنەوەیەن.

**+ پەیوەندیتان لەگەڵ حزبە کوردستانییەکان لە چ ئاستێکدا بوو؟**

ـ پەیوەندیمان باشبوو، یەکەمجار وەفدی یەکێتیی هاتن بۆ بەخێرهاتنمان لە ناوچەی سەریاس، داوایان کرد تەنسیق بکەین، دوای ئەوە وەفدی پارتی هاتن، وەفدی حسك هاتن، دوایی ئێمەش چووینو مەسعودمان بینیو رێکەوتنمان ئیمزا کرد، دوایی لەگەڵ حسك ڕێکەوتنمان ئیمزا کرد. دواتر مام جەلال وەفدێکی نارد بۆ لای کاکە عوسمانم، وتیان با رێکەوتن بکەین، منیش وتم لەسەر خاکی کوردستان ئەیکەین، دوایی لە ناوچەی یاخسەمەرو ئەوانە ڕێکەوتنمان ئیمزا کرد، لەوکاتەدا مام جەلال لەوێ نەبوو، دکتۆر فوئاد نوێنەری بوو، ڕێکەوتنێکی باشو ڕێکوپێکمان کرد، لەو ڕێکەوتنانەشدا توانیمان جێگەدەستی خۆمان لەو مەسەلانەدا دیاری بکەین، بەڵێ جار جار لەگەڵ یەکێتیی ناخۆشیشمان بووە، بەڵام لە دوایدا ئاشتەوایی بەسەردا دەهات.

**+ ئەی ساڵی (1988) بۆ نەچوونە ناو بەرەی کوردستانی؟**

ـ چونکە شیوعی تیابوو، وتمان ئەبێ شتێکی روونمان هەبێت، من خۆم لەگەڵ مەسعود قسەم کرد وتم باوکت وتوویەتی من رازیم سەربازبم لە دەوڵەتێکی ئیسلامیی نەك سەرۆك بم لە حکومەتێکی ئیلحادو کوفردا. جا وتم ئەگەر تۆ رازیت ئێمە ئەوەمان دەوێت، وتی بەسەرچاو بەڵام ئێمە ناچارین ئەوە بکەین، ئیتر دوایی ئێمە نەچووینە ناو بەرە، چونکە وتمان دەبێت پرۆگرامێکی روونی هەبێت کە مافی ئیسلامەتییەکە پارێزراوبێت.

**+ پێتوانیە ئەوە هەڵەیەکی سیاسیی بێت کە بزووتنەوە لەوکاتەدا کردوویەتی؟**

ـ نەوەڵڵا پێموانیە هەڵەبێت، چونکە ئێمە لەگەڵ بەرەی کوردستانی پەیوەندیمان هەر بووە، ڕێکەوتنیشمان لە نێواندا هەبوو، من خۆم سەرۆکی وەفدی بزووتنەوە بووم، ئێستاش ڕێکەوتنەکە ماوە. وتمان ڕێکەوتن ئەکەین بەڵام نایەینە ناوی.

**+ ئەی پەیوەندیتان لەگەڵ ئێران لە چ ئاستێکدا بوو؟**

ـ پەیوەندیمان لەگەڵیان باش بوو، وەکو وتم هەر کە چووینە ئێران لەسەر هەشت خاڵ پێکهاتین، ئیتر ئەوان هەر بەو شێوەیە مامەڵیان لەگەڵ ئێمە دەکرد.

**+ کەواتە ئێران هاوکاریو کۆمەکی دەکردن؟**

ـ بەڵێ.

**+ پێتوایە بزووتنەوەی ئیسلامیی درێژکراوەی بزووتنەوەی پەیوەندییە؟**

ـ نەخێر بزووتنەوەی پەیوەندی هەر پێشەکیەك بوو، بزووتنەوە لە (1987) دامەزراوەو جیایە لە پەیوەندی.

**+ لە نێوان سالآنی (1987– 1991) بزووتنەوە دوو کۆنگرەی بەست، ئەوە لەو ماوە کەمەدا بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

ـ بزووتنەوە لە کاتێکی پەڕاگەندەیدا ڕاگەیەنرا، خوا خوامان بوو کەسێك بێتو لەگەڵمان بێت، بۆ نموونە یەکێك ئەهات ئەیووت من نوێنەری ڕانیەمو چوار کەسی لەگەڵ بوو، یەکێکی تر ئەهاتو ئەیووت من نوێنەری بادینانمو چەند کەسێکی لەگەڵ بوو، قیولّمان دەکرد تا بزانین دوایی چۆن دەبێت، بۆیە بناغەیەك نەبوو، دەبوو زوو زوو کۆنگرە ببەسترێت تا ئەوە ڕێکبرێتەوەو بناغەیەکی باش بۆ بزووتنەوە دانرێ، بەڵام زۆربەی کۆنگرەکان فڕوفێڵو ئەو شتانەی تێدەکەوێتو سەرکەوتوو نەدەبوو. هەموو لە یەك قوتابخانەوە نەهاتبوو، بۆیە بەردەوام تەکەتولی تیا بوو.

**+ بوونی ئەم تەکەتولانە کێشەی بۆ بزووتنەوە دروست کردبوو؟**

- ئەری وەڵڵا.

**+ ئێران توانیی چەند سوود لەم پەرتەوازەییە وەربگرێت؟**

ـ ئێران زۆر سوودی لێوەرگرت، جاری وابوو ئێمە کۆبوونەوەمان بوو، ئەوەندەمان دەزانی فڵان دیار نییەو وا لە تارانەو لەگەڵ ئیتلاعات کۆبوونەوەی هەیە، لە زۆر لاوە خەرق کرابوو. هەندێ کەس وا خۆی دەردەخست کە موتتەقیترین کەسە، کەچی دوایی دەردەکەوت پیاوی حزبەکانە.

**+ ئێران چەند توانیبووی بزووتنەوە لە ڕێڕەوی ئاسایی خۆی لابدات؟**

ـ ئێران تەنها توانیی ڕێگڕی لە هەندێ شت بکات، ئەگەرنا بزووتنەوە لە ڕێڕەوی خۆی لاینەدا، بەڵام گرفتیان بۆ دروست دەکردین.

**+ ساڵی (1990) فاتیح کرێکار لە بزووتنەوە جیابوویەوەو حزبێکی بەناوی کۆمەڵەی ئیسلامییەوە دامەزراند، وردەکاری ئەوە چۆن بوو؟**

ـ ئەوە کرێکار دەوری (60 – 70) کەسێکی لەگەڵ بوو لە ناوچەی ڕەواندزو ئەوانە بارەگای دانابوو، هەندێك بۆچوونیان وابوو کە بچینە سەریان، ڕۆژێك من لەگەڵ کۆمەڵێکی زۆردا چووم، پێموتن ئەگەر تەقەشیان کرد ئێوە تەقە مەکەن، ئەوان زۆر پەشۆکان وایانزانی چووینەتە سەریانو ئەیانگرین، ئیتر کە قسەو باسمان کرد هەر لەوێ کرێکار پەیمانیدا وتی تا من ماوم سەرپێچی ناکەمو هاتەوە ناو بزووتنەوە، کرێکار تەبیعەتێکی سەیری هەبوو زوو توڕە دەبوو، زووش پەشیمان دەبوویەوە، تا ڕادەیەکیش دڵی پاك بوو غەرەزی لە دڵدا نەبوو، دانیشی دەنا بە واقیعدا.

**+ ئێوە بەشداریتان کرد لە گرتنی هەڵەبجە بەر لە کیمیاییبارانەکە؟**

ـ ئێمە چەند جارێك هەوڵماندا کە ئەو هێرشە نەکرێت، چونکە خەڵکی هەڵەبجە تەنانەت جاشەکانیش هاوکاری ئێمەیان دەکرد، بەڵام لە کۆتایدا ئێران لەگەڵ حزبە کوردییەکانی تر ڕێکەوتو بە ئێمەیان وت، ئێمەش وتمان بەشداری ناکەین، وتیان تازە ڕابەر بڕیاری داوە، ئێمەش وتمان ڕابەری ئێمە بڕیاری داوە بەشدار نەبین،

رابەری ئێمە مامۆستا مەلا عوسمانە، کابرای ئێرانی توڕەبوو وتی ئێمەش رابەرمان هەیەو ئێوەش رابەر کەواتە ناگونجێین، ئیتر ئێمە نەچووین، دوای گرتنی هەڵەبجە ئەندامانی خۆمان لە هەڵەبجە ئاگاداریان کردین کەوا حزبەکان ئازاری خەڵك دەدەن و ئاواو ئاوا دەکەن، ئیتر ئینجا خۆم بە دووسەد کەسێکەوە چووم بۆ هەڵەبجە.

**+ بەشداریتان لە راپەڕینی (ئازاری 1991) چۆن بوو؟**

ـ ئێمە بەشداری گەورەمان کرد لە راپەڕین، چەندین کەسمان لە سەربازگەی خالید شەهید بوون، ئەو بینایەی لە هەولێر بوومان، چەند کەسمان لەوێ شەهید بوون، هەموو حزبەکان پێکەوە بەرنامەمان بۆ راپەڕین دانا.

## دیداری نۆیەم:

# مامۆستا ئەحمەد کاکە مەحمود



ئەحمەد کاکە مەحمود عەلی، ساڵی (1950) لە گوندی یاڵانپێ لەدایك بووە، لە تەمەنی حەوت ساڵیەوە خراوەتە بەر خوێندنی زانستە شەرعییەکان، بە مەبەستی درێژەدان بە خوێندن لای چەند مامۆستاو لە چەندین ناوچەی کوردستان درێژەی بە خوێندنداوە، لەسەردەستی مامۆستا مەلا عوسمان ئیجازەی مەلایەتی وەرگرتوە، دوای کرانەوەی پەیمانگای ئیسلامیی لە هەڵەبجە، دەبێتە قوتابی ئەو پەیمانگایەو ساڵی (1971) خوێندنی تەواو کردووە، دواتر دەبێتە ئیمامو وتاربێژو لە چەند مزگەوتی ناوچەی پێنجوێنو خورماڵو سیروان، یەکێکە لە دامەزرێنەرانی بزووتنەوەی ئیسلامیی لە (1987)، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی بووە، چەندین بەرهەمی چاپکراوی هەیە لەوانە: (خوا لە ڕوانگەی زانیاریەوە، خواپەرستی لە ئیسلامدا، سەربەستی لە ئیسلامدا، ئاشتی لە ئیسلامدا، تەفسیری ڕامان، ... هتد)، لە 2007/1/25 کۆچی دوایی کردووە.

شوێنو مێژووی دیدار: هەڵەبجە، 2004/12/8.

**+ پێمان خۆشە بزانین هێندەی جەنابتان لە کاری ئیسلامیی ئاگاداربن چۆنو کەی کاری ئیخوان موسلمین گەیشتە کوردستان؟**

ـ بسم الله الرحمن الرحيم، الحمد لله والصلاة والسلام على رسول الله سيدنا محمد وعلى آله وصحبه وكل من والاه. پێشەکی زۆر بەخێرهاتنتان دەکەینو دوعای سەرکەوتنو مۆفەقییەتت بۆ دەکەین، ئومێدەوارین لە ئیشەکەتدا سەرکەتوو بیت، گومان نییە موسڵمانان لە هەموو سەردەمێکدا خەریکی ئیشوکاری ئیسلامیی و جوڵانەوەی کاروباری ئیسلامیی بوون، چەندە بۆیان لوا بێتو چۆن بۆیان لوا بێت. لە سەرەتادا بابڵێین لە پەنجاکانەوەو ئەوەی کە ئێمە بیستوومانە، بە تایبەت لەم ناوچەو دەڤەری هەڵەبجە ئەو مامۆستا بەڕێزانە جەنابی مامۆستا مەلا عوسمانو جەنابی مامۆستا مەلا ساڵحو ئەوانە وەکو کۆڵەکەیەك وابون، بەراستی لەم ناوچانە بە بەردەوامی ململانێیان لەگەڵ حکومەتە یەك لە دوای یەکەکان بووە، ئەوان ویستویانە بەرەو حاڵەتێکی تر، ئەمانیش ویستویانە بەرەو ئیسلامێکی ڕاست، هەر لەو ڕێیەوە بەتایبەت جەنابی مامۆستا مەلا عوسمان کاتێك کە (في ظلال)و کتێبەکانی سەید قوتب هاتوونەتە ئەم وڵاتەوە زۆر زۆر ئاشقیان بووە، پاش ئەوە کە خۆیان تێی گەیشتن لە ئیسلامێکی ڕاست لەو کتێبانەوە هەوڵی تێگەیاندنی خەڵکیان داوە، ئەتوانم بڵێم لە گەلێك لە شوێنەکاندا دەرسو دەورو هەروەها گەلێك جار سمینارو وانەو ئینجا دەرسدانان لە مزگەوتدا هەبووە، بە تایبەت لەم دواییانەدا لە ناوەڕاستی شەستەکاندا هەموو حەفتەی جارێك دوو جار لە مزگەوتی پاشا تەفسیری (في ظلال)ی دەکرد بۆ گەنجەکان، خەڵك لە هەموو لایەکەوە خڕئەبوونەوەو گەلێك بەو شێوەیە عەشقی ئیسلام بوون، توانی ئیسلام خۆشەویست بکات لە دڵی ئەو گەنجانەدا، توانی ئیسلامێکی ڕاست کە بریتیە لە قورئانی پیرۆز، ئەویش بریتیە لە مەنهەجێکی عەمەلی واقیعی حەرەکی، ئەو بەو مانایە توانی بیخاتە دڵی گەنجو لاوەکانی ئەو ناوچەیەوە.

ئەوەی کە من بیزانم زۆربەی ئەو برا بەڕێزانە کە ئێستا لە ئیخواندا هەنو پایەی کارەکەن، ئەتوانم بڵێم هەموویان لە دانیشتنەکانی ئەودا بوونو ئیستیفادەیان لە

کەسایەتیی ئەو پیاوە کردووە، مامۆستا مەلا عوسمان خۆی ئەگەرچی مەوزوعەکە مامۆستا مەلا عوسمان نییە، بەڵام وەکو واقیعەکە یانی کاری ئیسلامییە، یەعنی بەو جۆرە مامۆستا مەلا عوسمان بوو بە روکنێکی رەکین لە ناوچەکەدا بۆ بڵاوکردنەوەی کاروباری ئیسلام، ئەو کاتە مەجموعەیەك بوون ئەوەی ئێمە بیان ناسین مامۆستا عومەر رێشاوی (خوا لێی خۆش بێت)و مامۆستا جەعفەر کە ئێستا هەیەو تەمەنی درێژ بێت پیاوێکی چاکە، تاڕادەیەك کۆمەڵێك ئا لەوانە، ئەوانیش لە خوارخۆیانەوە کۆمەڵێکی تری دەوروبەریان ئەمە بەو جۆرە خەریکی بڵاوکردنەوەی ئەو بانگەوازە بوون، ئێمە کە بیستوومانە، پاشان ئێمە خۆشمان کە لە شەستەکاندا من خۆم هاتمە هەڵەبجە حەقیقەت قەدەری خوا وابوو، لوتفی خوا وابوو لیقامان لەگەڵ ئەو پیاوەدا بوو لەم شارەدا، یەعنی لەم ناوچەیەدا کە کەسێك قابیلیەتی ئەوە ببوایە خەڵك ئیستیفادەی لێ بکردایە ناوو شۆرەتی ببوایە حەقیقەت ئەو زاتە بوو، لەبەرئەوە ئەتوانم بڵێم ئەو خۆی پەیوەندی کرد بە ئێمەوە، ئێمە کۆمەڵێك فەقێ بووین لە مزگەوتی جامیعەدا، ئەهاتە ئەوێ پەیوەندی پێوە کردین ئەوەی کە قەدەری خوا وابوو ئیستیفادەی لێبکات ئیستیفادەمان لێکرد، جا لەو رووەوە جەنابی مامۆستا لەو سەردەمانەوە خەریکی بڵاوکردنەوەی کتێبەکانی موحەممەد قوتبو سەید قوتب بوو، هەتا لە کۆتایی شەستەکانەوە بوو کتێبەکەی موحەممەد قوتب (شبهات حول الاسلام) ئەوە کتێبێکی زۆر بە نرخ بوو مامۆستا دەستی کرد بە وەرگێرانی، ئەوکاتە خەڵك نەی ئەزانی ئیسلامو ئیسلامەتی چییە؟ ئیسلام وا تێکەولێکە کراو بوو هەتا گەلێك لە مەلا باشەکانی کوردستان لە بەرگری میللیدا بوون، هەبوو مەلاو ئیمامی مزگەوتو مودەرسیش بوو فەقێشی بوو خەتیبیش بوو، لەلایەکی تریشەوە لە بەرگری میللیدا بوو، بێ ئاگا بوو، یەعنی پێی وابوو شیوعیەت کە بەو فڕوفێڵەوە هاتە وڵاتەکەی ئێمە کە بەرگری و دیفاع بکات لە حقوقی فەقیرو هەژار، بەتایبەتی مەسەلەی زەوی، زەوی لەم دەرەبەگانە بسەنەوەوە دابەشیکەن بەسەر خەڵکدا، ئا ئەمە قەزیەیەك بوو، خەڵکی زۆر فەقیر بوو چەواشە بوو بوو، ئیوا بوو وەکو وتم مودەڕیس بوو مامۆستایەکی باش بوو فەقێ فێرزانێکی باش بوو چەند حەجێکی

کردبوو، بەڵام موبتەلا بوو بەو وەزعەو هەر مارکسیی بوو، بەڵام حەقیقەت ئەم کۆمەڵە مامۆستایە خوا پاداشتیان بداتەوە لە ژێر رۆشنایی‌و رووناکی ئەو کتێبانە توانییان خەڵك پێگەیەن، وەکو عەرزم کردی مامۆستاکان هەر ماڵیان وێران بوو چ جای فەقێکان، ئێمە هەرهیچمان نەئەزانی تا وردە وردە ئەو کتێبەی (شبهات حول الاسلام) مامۆستا ئەیفەرموو تۆ خەتت خۆشە بۆم ئەنووسییەوە لە کۆتایی شەستەکاندا زۆر چاومان کرایەوە، بەهۆش هاتینەوە، وردە وردە بەو شێوەیە ئێمە خۆشمان تێ‌و تەئسیرمان تیێ کرا، ئەتوانم بڵێم ئیتر چاومان کرایەوە ئەمانزانی ئێمە خۆمان لەکوێ ئەژین و ئەم کۆمەڵگەیە لەکوێدایە، خەڵکێك هەبوو زۆر بێ سەلیقە بوو، ئەوەندە شیوعیەت‌و مارکسیەت‌و بێ دینی‌و ئەمانە تەئسیری کردبووە خەڵك، ئەوەندە دەروێشی تێکەڵی ئیسلام کرابوو، ئیسلامە راستەکە حەقیقەت لە بیرچووبووەوە، لەبەرئەوە کاتێك کە باسی ئیسلامێکی راست دەکرا خەڵك زۆر پێی سەیر بوو، هەتا جارێك کابرایەك منیشی زۆر خۆش ئەویست بە حساب وتی وەسێتێکت بۆ ئەکەم نزیکی ئەم مەلایانە نەکەویتەوە ئەمانە دۆلاری ئەمەریکیان بۆ دێت، ئەو کاتە خەڵك نەیئەزانی دۆلار چییە، چی بوو، ئەمە باسی ئیسلامیی راست ئەکرا، ئەگەر کەسێك باسی ئیسلامی راستەقینەی بکردایە تاوانبار ئەکرا بە ئەمە یان دۆلاری بۆ دێت یان پیاوی ئینگلیزە، بۆ؟ لەبەرئەوەی ئەم خەڵکە خەبەری نەبێتەوەو پڕوپاگەندەی جولەکەو ئینگلیزو ئەو دەوڵەتە رۆژئاواییە پیسانە وایان کردبوو کە حەقیقەت بەو جۆرە ئیسلام بریتی بێت لە نوێژێکی سادەو بانگ‌و زیکرو تەهلیلەو ویردو ئەورادو ئەمانە، ئیتر لە دەرەوەی ئەمانە کێ سەرەکوەزیرانە؟ کێ سەرەککۆمار ئەبێ؟ کێ وەزیری داراییە؟ کێ وەزیری دەرەوە ئەبێ؟ کێ چی ئەبێ؟ ئەمانە حەقیقەت نەبوون.

**+ دەکرێ بڵێین مامۆستا مەلا عوسمان پێشەواو سەرکردەی گشتی ئەو بزاڤە بوو، ئەو سەرپەرشتی دەکرد؟**

- بە پێی زانیاری من، ئەوەی کە ئاگام لێی بێت لە کوردستانداو بەتایبەتی من کە لە شەستەکاندا هاتمە ئێرە، ئەوەی کە بینیم فەهمێکی راست، فیقهێکی راستی

بووبیٚ لە ئیسلامو بە تەواوی باسی ئیسلامی راستەقینەی کردبیتو خەریك بووبیٚ، بەڵێ سەد لەسەد ئەو بەڕێزە بوو، کەسی ترم نەئەبینی، هەتا ئەمانە کە ئێستا بڵێین پێگەیشتوونو هەن هەندێکیان فەوتیان کردووە (خوا لێیان خۆش بێت) حەقیقەت هەموو لە دەوروبەری ئەوا کۆببوونەوە، بەڵێ لەو کاتەدا جەنابی مامۆستا مەلا نەجمەدینیش هەبوو، بەڵام مامۆستا سەید نەجمەدین حەقیقەت نەگەیشتبووە ئەو ئاستەی جەنابی مامۆستا مەلا عوسمان، بۆ نموونە مامۆستا مەلا مەحمود (مامۆستا مەلا مەحمودی عەنەب مەشهورە) باوکی مامۆستا حەمەئەمین ئێستا ماوە ئەمانەش بوون لە مەلاکاندا، بەڵام لە مەلاکاندا کەسێکی ترمان شك نەئەبرد، بەزۆری خەریکی دنیا یا وەزعێکی تایبەتی خۆیان بوون، بەڵکو هەندێکیان دیعایەی شیوعیەتی ئەکرد، لەبەرئەوە بەڵێ ئەتوانین بڵێین جەنابی مامۆستا مەلا عوسمان هەڵگری ئەو مەشخەڵە رووناکە بوو، هەتا فەوتی کرد ئەتوانم بڵێم بە پلەی یەکەم بەڵێ ئەو بەڕێزە بوو، ئەوەی کە ئێمەش بیستبێتمان لە گەلێك لە هەڵوێستو شتا وەختی خۆی لە پەنجاکاندا، لە پەنجاو هەشتو بەتایبەت لەکاتی ئەوە کە بڵێین مەلەکیەت گۆڕاو ئەم دیموکراسیو شتە هات، لە کاتی عەبدولکەریمدا گەلێك جار کۆنگرە ئەبەسرا، کورد تۆمەتبار کرا بە ئەوەی کە ئەمانە کۆمەڵێکی موتەمەڕیدنو باغین لە حکومەت هەڵگەڕاونەتەوەو کوشتنیان جائیزە، لە چەند کۆنگرەیەکدا مامۆستا مەلا عوسمان (خوا لێی خۆش بێت)و مامۆستا مەلا ساڵح لە بەغدا توانیان بەشداری ئەو شتانە بکەنو ئەو شتە پێچەوانە بکەنەوە، توانیان پێیان بسەلمێنن کە نە ئەم حکومەتە حکومەتی عەبدولکەریمو نموونەی ئەوان حکومەتێکی عادلی وان کە قابلی ئەوەن ئەمانە موتەمەڕید بن، نەئەمانە موتەمەڕیدن، ئەمانەش خاوەنی مافی خۆیانن ئەبیٚ ئێوە بزانن داوای چی ئەکەن، مافیان چییەو بۆچی ئاوا ئەکەن؟ ئەگینا ناتوانن وشەی بوختان بەسەر ئەواندا بدەن.

**+ ساڵی (1971) کاتێك ئیخوان بە رەسمی کار رائەگرێت لە عێراقدا، ئایا لێرە ئەو مامۆستایانەی ئێرە کاریان راگرت؟ یا هەر بەردەوام بوون لە کار، ئەگەر بەردەوام بوون شێوازی کارکردنەکەیان چۆن بوو؟**

ـ وەڵڵاهی دیارە ئەوەیان کرد، کاریان راگرت، بەڵام مامۆستا مەلا عوسمان (خوا لێی خۆش بێت) ئەو گوێی نەدا، فەرمووی: کار کاری ئیسلامە، واتە بەو شێوەیە کە بڵێین ئیلتیزامێکی وا بکات کار رابگرێت ئیمکانی هەیە لە مەسڵەحەت نەبووبێ، مامۆستا مەلا عوسمان زۆر پیاوێکی نەرمو لەسەرخۆ بوو، هەموو کەس خۆشی ئەویست، هەتا مارکسیەکانیش خۆشیان ئەویست لەبەرئەوەی بەشێوەیەکی دروست ئیسلامی ئەدا ئەکرد، هەر ئەسڵی رەوشتو سیماکەی خۆی بە راستی پیاوێکی وابوو هەموو کەس ئیستیفادەی لێدەکرد، ئەوەی کە من ئاگام لێی بێت کە ئەو شتە راگیرا ئەوەبوو تەنزیمو مەنزیمیان هەڵوەشاندەوە، ئەو کاتە ئەم گوێی بەو جۆرە ئیشانە نەدا هەر چۆن پێشتر ئیشی کردووە ئاوا ئیشی خۆی ئەکرد.

**+ لە سەرەتای حەفتاکانو نزیك بوونەوەی مامۆستا مەلا عوسمانو کۆمەڵێ کەسایەتی لەو سەردەمەدا لە یەکێتی زانایانی کوردستان ئەو کاتە پارتی دیموکراتی کوردستان بە رابەرایەتی مەلا مستەفا دایمەزراندبوو، ئەوە چۆن ئەبینی تۆ چەند ئاگات لێی بوو؟**

ـ ئەو کاتە من (70ـ 71) هێشتا من قوتابی بووم لە پەیمانگای ئیسلامیی لای جەنابی مامۆستاو ئەوان، ئەوەی کە ئێمە ئاگامان لێی بوو دیار بوو ئەم شۆڕشی کوردییە کە بەرپا بوو مەعلوماتێکی ئەوتۆ نەبوو لەسەری، بە حوکمی ئەوەش کە لەم ناوچەیەی خۆماندا لە هەموو ناوچەکانی تریشدا، کۆمەڵێ خەڵك کە ئەبوو بە پێشمەرگە ئەبوویە بەڵا، ئەبوو بە ئاگر بەرئەبووە گیانوماڵو شەرەفی خەڵك، بەراستی لە گەلێك جێگا تەعەدای شەرەفیشیان دەکرد، لەبەرئەوە بەراستی ئەوەی کە فیکرێکی زیندوی بوایە تەیدی نەئەکردن، بۆ نموونە ئەو مامۆستایانە بە واجبیان ئەزانی کە بەرهەڵستی ئەو شتە بوەستن هەتا ئەو گوندی ئێمە (یالانپێ) تا ئەم دواییە هەر خۆیان نەدا بە دەستەوە لەبەر خاتری ئیسلام، هەتا ئەوەبوو لە دواییدا بۆ مفاوەزاتو ئەوانە هاتن، هاتنە ناو دێکەوە شێخ ئەحمەد شێخ حوسامەدینیان کرد بە واسیتەو خەڵکی تریان کرد بە واسیتە، کە هاتنە ئەوێ بانگو مزگەوتو

ئەمانە هەبوو، بە حساب ئەوان سەریان سوڕمابوو وایان تێگەیاندبوون هەرکەس پشتگیریان نەکات شیوعییەو مارکسییە، جا مەبەستم ئەوەیە لەو سۆنگەیەوە ئەم مامۆستایانەش لەوانە بوون بە راستی کە ئەو خەڵکەی لێ هۆشیار بکەنەوە، لەبەرئەوە لەو سەرەتایەوە ململانێیان کرد، بەڵام لە کۆتاییدا مامۆستا مەلا عوسمان و ئەمانە قەدەرێك لە مەلا مستەفا نزیك بوونەوە، ئەوەبوو بینراش کە بە راستی ئەگەر بێت و ئیشێك نەکرێ بۆ ئەم مامۆستایانە، ئیشێك نەکرێ و خۆیان بۆ خۆیان نیمچە سەربەخۆییەك وەرنەگرن لە مەلا مستەفاوە، لەوەئەچێ بەتایبەتی کاروباری ئیسلامیی تیابچێ و ببێت بە ژێر پێی ئەم پێشمەرگەو خەڵکە نوێیەوە کە بەناوی شۆڕشەوە هاتوونەتە ئەوێ، لەبەرئەوە مامۆستا مەلا عوسمان لەگەڵ کۆمەڵێك مامۆستای تردا مەلا رەحیمی پەرخی و کۆمەڵێك مەلای باشی ئەوکاتەی سلێمانی، مامۆستا شێخ موحەممەدی قەرەداغی و کۆمەڵێك لەوانە هەستان ئەم یەکێتیی زانایانەیان دروستکرد.

**+ ئەم یەکێتیی زانایانە بۆچی؟**

ـ بۆ ئەوەی کە وتم کیانی ئەم مەلایانە بپارێزێت، کە مەلایەك لە گوندێکدا یان لە شاریکدا لە مزگەوتێکدا بیت بتوانێت قسە بکات، کەس نەتوانێت قسە بکات، کەس نەتوانێت تەعەدای لێ بکات بەناوی کوردایەتی و ئەمانەوە، یەکسەر خۆیان بۆ خۆیان یەکێتیەکیان دروست کرد پەیوەست بوون بە مەلا مستەفاوە، ئەگینا بەو جۆرە نەبوو کە گوایە ببن بە پارتی، ئینتیمای پارتیان هەبێ، هەتا بۆ نموونە من خۆم لە پێنجوێن بووم، کادرێکی خۆیان نارد پێیان دەووت هەڤاڵ جوجەڵە، جا ئەوەیان نارد مەلاکانی خڕکردەوە لەوێ، وتی: من نوێنەری حزبم، حزب ناردوومی کە ئێوە ئینتمای حزبی بکەن، ئەوا مافتان پارێزراو ئەبێ، ئەوە ئینتمای حزبی نەکات و ئەم فۆڕم و شتانە پڕنەکاتەوە موچەی ئەبڕێ و هەموو مافێکی رائەگیرێ، وەکو هاووڵاتی یەکەم حیساب ناکرێ، هاتن زەختێکی زۆریان کردە سەر مەلاکان ئێمەش مامۆستا مەلا عوسمانمان ئاگادار کرد، مامۆستا مەلا عوسمان فەرمووی: بێجایان کرد

ناماقولٚییان کرد سەریان دای لەبەرد، لەبەرئەوە ئەمە نەبوو کە ئەم خەڵکە بێت بە پارتی، ئەو کاتە پارتی هەبوو، یان ببێت بە حزبی، هەر ئەوە بوو کە گوایە بتوانن بە حوکمی ئەوە لە پاڵ ئەمەدا وەکو خۆسازدانێك تا بزانن دنیا چی لێدێت، بێجگە لەوەش مەلا مستەفا بەڵێنیداو مەنهەجێك نووسرا لەو سەردەمەدا، مەلا مستەفا خۆی ئیمزای کردو بەڵێنیدا کە حکومەتی ئایندە کە ئەگەر بێتو دەسەڵات بێتە ژێر دەستی حوکمێکی ئیسلامیی بێت، ئەو مەنهەجە تا ئەم دواییەش لای مامۆستا بوو، بەپێی ئەو مەنهەجە حوکم بکرێت، بە پێی ئیسلام، جا لەو رێیەوە مامۆستاکان خزمەتی ئەو یەکێتیەیان دەکرد.

**+ یەکێتیی زانایان ساڵی چەند دامەزرا؟**

ـ وەڵڵا پێم وابوو هەر لە (70ـ 71)و ئەوانە بوو تەئکیدیش نازانم بڵێم ساڵەکە، بەڵام ئەوەی کە من ئاگاداربم لەو ساڵانەوە دەستی پێکرد.

**+ ساڵی (1978) بە دواوە وردە وردە کاری ئیسلامیی جموجوڵێکی تێکەوت، دەکرێ بڵێین هەر لەو ساڵەدا شانەی رێکخستنەکانی بزووتنەوەی پەیوەندی ئیسلامیی دروست بوو، کێ بیرۆکەی ئەمەی هێنایە پێشەوە؟**

ـ (1978) وەکو باست کرد، پێشتر بە گشتی ئەو فیکرەو واقیعی حەرەکیو مەنهەجیەتی قورئان لە مێشکی زۆر کەسدا جێگیر بوو، ئیتر زانرا کە ئیسلام ئەمە نییە تۆ لە ژێر دەسەڵاتی تاغییەكو باغییەکداو حکومەتێکی زاڵمدا بژیت، ئەویش بە ئارەزووی خۆی لێی خورێو داهات بخواتو دنیا بخوات، موسڵمانانیش هەروا وێران بنو مەحروم بن لە هەموو شتێكو حوکم بە ئیسلام نەکرێ، ئا ئەمە بە راستی وردە وردە هەر لە پەنجاکانەوە تا ناوەڕاستی شەستەکانو حەفتاکان هات، ئیتر کۆمەڵێك خەڵك پێگەیشت، هەم لە زانایان هەم لە کۆمەڵێ رۆشنبیر، جا مەسەلەن ئەوانەی کەوتبوونە پێشەوە مامۆستا شێخ موحەممەد بەرزنجی بوو بەراستی لەم دەوری شانەدەریو ئەوانە وتارو شتی هەبوو قسەی باشی ئەکرد، خزمەتی باشی ئەکرد، خەڵك خۆشیان ئەویست، ئەگەرچی بۆ نموونە کۆمەڵێك تێبینیش هەبوو لەسەری،

بەڵام چی بوو بە گشتی وتارو قسەو گوفتاری باشی هەبوو، بۆ نموونە مامۆستا مەلا عەلی بیارە (خوا لێی خۆش بێت) ئەو شەهید بوو لای بزووتنەوە ساڵی (1989)، مامۆستا موحەممەدی شارەزووری بوو، مەلا حەسەنی پێنجوێنی بوو ئێستا ئەو وابزانم لە سویدە یان لە نەرویجە، کۆمەڵێك لە گەنجانیش وەکو حاجی عەبدوڕەحمان کە پێی ئەڵێن نەورەسی، هەروەها کاك مەلا عەلی باپیر، من لە سیروان بووم، کاك کامیل، کاك حەسەنی حەمە خالید، هەتا مامۆستا مەلا موحەممەد بەهائەدین (خوا لێی خۆش بێت) باوکی کاك سەلاح، پێش ئەوەی کە خەڵك بچێتە دەرەوە لە ئەنجامی هاتوچۆوو گۆڕینەوەی بیروڕاوە ئەو بیرە دروست بوو، هەروەها زوڵمی بەعسیش گەیشتە رادەیەك ئەو کۆمەڵە برایە ئەوەبوو هیجرەتیان کرد، چوون بۆ کۆماری ئیسلامیی ئێران، لەوێ کە چوونە ئەوێ ئەو وەزعەیان دروست کرد، هەڵبەتە لەو سەردەمەدا خزمەتی ئێرەیان زۆر زۆر کرد، بۆ نموونە ئێمە دڵمان زۆر خۆش بوو، کاك کامیل لێرە بوو نەچوو بوو بۆ خۆی لە دائیرەشدا بوو، بەو وەزعە ئەهات بە قاچاخی بەلارێگا شتی ئەوانی ئەهێنا، بڵاوکراوەی ئەوانی ئەهێنا بۆ سیروانو یەکترمان ئەبینی، لەو هاتوچۆو وەزعەدا ئەوەبوو کۆمەڵێك لەو برایانە چوونە ئەودیوو.

**+ لە سەرەتای هەشتاکاندا حزبێك دروست بوو بەناوی لەشکری ئیسلامیی، جەنابتان چەند ئاگاداری ئەوەن؟**

ـ وەڵڵا ئەوە لە ناوچەی سەرگەڵوو ئەوانەدا حاجی شێخ قادر وابزانم لەگەڵ عەباس شەبەك دروستیان کرد، شتێکی باش دروست بوو، هەتا قەرەباڵغو سەداو دەنگێکیان لێ دروست بوو، بەڵام زۆرینە ئەو خەڵکە شڕو وڕو ئەمانەیان زۆر گرتبووە خۆیان کە زۆر بێ عەقیدە بوون، لەبەرئەوە وردە وردە ئەم یەکێتیی نیشتمانییە دەستی تێکەڵ کرد لەگەڵیاندا، بە خۆیان نەزانیبوو کۆمەڵێکی وا تەنزیمییان کردبوو لەناویاندا کە ئەگەر رۆژێ لە رۆژان ئەمان بیانەوێ دەست بگرن بەسەریاندا هەر لە ناوخۆدا ئەوان نیوەی بگرنەوە، لەبەرئەوە لەدواجاردا دایان بەسەریانداو کپیان کردنەوە.

**+ پێت وانییه هەر لە سەرتاوە ئێران دەستی هەبووبێ لە دروستکردنی لەشکری ئیسلامییدا؟**

ـ وەڵڵا من پێم وانییە، چونکە کاتێك بزووتنەوەش دروست بوو، یان ئەم پەیوەندییە ئیسلامییە دروست بوو کەسێك کە لە گۆڕەپانەکەدا بووبێ‌و بەدەم ئەم بانگەوازەوە هاتبی هەر ئێرانە، لەبەرئەوە ئەگەر ئێران خۆشی بەرژەوەندی وابووبێ‌و ئەوەی بە چاك زانیبێ دروستی بکات، بەڵام ئیمکانی هەیە ئەو کۆمەڵە برایە خۆیان دروستیان کردبێ، جا ئێمە کە بزووتنەوەمان دروست کرد بەناچاری چووینە ئێران، ئەمە مانای ئەوە نییە ئێران ئەو شتەی دروست کردبێت، نەوەڵڵا ئێمە خۆمان بۆ خۆمان دروستمان کرد، بەڵام بێگومان بەرژەوەندی هاوبەش هەبوو، ئێران پێیوابوو راکێشانی خەڵکەکەو دوورخستنەوەی لە بەعس واجبێکی ئیسلامییە، ئەمەش چۆن ئەبێت بە راکێشانی کەسایەتیی کوردی‌و عەرەبی ئەبێت بۆ لای خۆی، لەبەرئەوە ئەو قازانجەی تیایەو ئێمەش بۆ خۆمان قازانجمان ئەبێت، لەبەرئەوە من ناڵێم لەسەدا سەد ئێران دروستی کردوون، ئێران بەو بەرژەوەندییانەی خۆیەوە، بەڵام خەڵکەکەی تریش بەو فیکرەی خۆیەوە.

**+ ئەگەر بێینە سەر تەوەرەیەکی تر ئەویش تایبەتە بە بزووتنەوەی ئیسلامیی‌و ساڵی (1987) بەدواوە، ساڵی (1987) کۆمەڵێك لە زانایانی هەڵەبجە کۆچیان کرد هۆکاری ئەوە بۆچی دەگێڕیتەوە؟**

ـ بەڵێ (1987) من لە سیروان ئیمام‌و خەتیبی ئەو ناوچەیە بووم، دیاربوو بانگەوازەکە زۆر پێشکەوتبوو، وەکو باسمکرد بە نووسین‌و بە موحازەرات بە سیمینار، خەڵك زۆر عاشقی ئەو وەزعە بوو، زۆریش بێزار بوون لە رژێمی بەعس، خەڵکیش ئەوەندە تینوی ئیسلام بوو هەر کە کتێبێکت بنوسییایە هەر شتێکت بکردایە خەڵك زۆر زۆر بە عەشقەوە پێشوازییان لێدەکردو بەتینویەتییەوە ئەهاتن بۆ ئەو مەوزوعە، مەسەلە لە هەشتاکاندا بگرە کۆتایی هەفتاکانەوە کتێبێکمان چاپ ئەکرد کتێبی وابوو بۆ نموونە پێنج هەزار دانە کەچی بە ماوەی مانگێك یا دوو مانگ

تەواو ئەبوو، بۆ نموونە من (1983) بوو شتێکی ئاوابوو (سەربەستی لە ئیسلامدا)م چاپ کرد، ئەوەندە خەڵکەکە عاشقی بوو مانگێکی پێنەچوو دیسانەوە چاپمان کردەوە، بۆ نموونە کتێبەکانی مامۆستا شارەزووری (رێکەوت لە تەرازوی ژیرییدا)و ئەو کۆمەڵە کتێبەی کە هەیبوو خەڵك بە وردی دەیخوێندنەوە، ئیتر ئەوە بوو لە (1987)دا خەڵك ئامادەباشییەکی وەرگرتبوو، ئەوەبوو لەم ناوچەیەی هەڵەبجەو سیروان‌و خورماڵ راپەڕینێك دروست بوو، کە شتێکی گەورەش بوو، بەڵام خاوەنی نەبوو، ئیتر ئەوەبوو ئەو راپەڕینە دروست بوو ئەندازەیەکیش حکومەت دەسەڵاتی نەما لەم ناوچەیەدا، من لە سیروان بووم بوو بە هەراو هەموو چەکدارانی حکومەت لێی هەڵگەڕانەوە کەمێکیان مانەوە، چونکە شتەکە بێسەروبەر بوو، بێ بناغە بوو، ئەشتوانم بڵێم خەڵکێکی ناحەز بە ئیسلام دروستی کرد بۆ ئەوەی ئەو بانگەوازە لەبار بچێت، چونکە بمایەتەوە بە راستی خزمەتێکی زۆر گەورەتری ئەکرد، لەبەرئەوە بە بیروبۆچوونی من لەباربردن بوو، دوای چەند سەعاتێك رژێم دەسەڵاتی پەیدا کردەوەو فڕۆکەو تانك‌و ئەمانە هاتن، ئێمە کە لەو ناوچەیەدا بووین کۆمەڵێك خەڵکیان کوشت‌و کۆمەڵێکمان رامان کرد چوینە دەرەوە تا شەو بەسەردا هات لەو چاڵ‌و چۆڵانەدا خۆمان دا بە ئەرزداو مانگی رەمەزانیش بوو، ئیتر لەوێوە زانیمان کە ناتوانین بژین، ئەوەبوو کۆچمان کرد چووین بۆ ئەو دیوو، چووینە ئەوێ ئەو کاتە ئێران دەرگای واڵا بوو کێ بڕۆیشتایە دائەنیشت لە شارەکاندا، بەڵام ئێمە کە رۆیشتین ئەو مامۆستا بەڕێزانەو کۆمەڵێك گەنجی ترو قەرەباڵغییەك کە چووینە ئەوێ، ئێمە بیرمان لە کوردستان کردەوە کە رژێم ئەو هەموو گوندانەی وێران کردووە، ئەو هەموو شارو شارۆچکانەی وێران کردووە، ئەو هەموو کوشتنی بە کۆمەڵ‌و سێدارەو گرتن‌و ئەمانەی کردووە، ئەم خەڵکە پێویستی بە شۆڕشێکی گەورەتر هەیە، پێویستی بەوە هەیە هێزە دینییەکەش بدرێتە پاڵ با بڵێن پاڵی قەزیەی نەتەوایەتی، لەبەرئەوە ئێمە لەوێ یەکسەر خۆمان داوامان لە ئێران کرد کە ئێمە نەهاتووین دانیشین، نەهاتوین کولێرە بخۆین، هاتوین بەراستی جموجوڵێکی

ئیسلامیانه دروست بکەین بۆ یارمەتیدانی ئەو برایانەی خۆمان کە چەند ساڵە خەبات ئەکەن لە کوردستاندا، بۆ بەهێزکرنی قەزیە کوردیەکە، بۆئەوەی کە زیاتر هەوڵ بدرێت رژێم بڕوخێ، ئیتر ئەوەبوو لە ساڵی (1987)و ئەوانەدا کە چووینە ئەوێ بزووتنەوەی ئیسلامییمان دروست کرد، کۆمەڵێك چووینە تاران لەوێ (12) خاڵمان دانا، ئێمە خاڵمان دانا لەسەر ئێران، خاڵی یەکەم ئەوەبو ئەبێ ئێمە سەربەخۆ بین، هەتا وتیان یانی چی سەربەخۆ بن، وتمان ئێمە لەژێر فەرمانی کەسدا ناجولێینەوە بەپێی تەگبیرو راوێژی هیچ کەس ناجولێین، لە بەرژەوەندی هیچ کەسێك ناجولێین، لە بەرژەوەندی خۆمانو ئەو میللەتەمان چۆن بوو ئاوا ئەجوولێینەوە، ئەگەر هاوکاریمان ئەکەن ئەوە ئێمە ئاوا کاردەکەین، خۆ مرۆڤ ناتوانێ بێ هاوکاری هیچ بکات، ئەوە ئێمە ئەمانەوێ شتێکی وا دروست بکەین، هاوکاریشمان ناکەن ئێوە ماڵی خۆتانو ئێمە ماڵی خۆمان، ئەوان بەڵێنیان دا ئیتر بەراستی ویستمان ئەو شتە دروست بکەین، ئەوان بەڵێنیاندا، ئێمە هەموو لە سەرەتاوە بە تەعبیری ئێستا ئیسلامییەکان هەموو یەك بووین، هەتا لەگەڵ کاك سەلاح لە سنەو پاوە کۆبوونەوەو ئەمانەمان کرد، زۆر ئامادەییان تیابوو گەنجەکانیان پێیان باش بوو کە بەڵێ پێکەوە کار بکەین، ئەوکاتە مامۆستا مەلا سدیق هەر لەگەڵ وەزعی ئیخواندا بوو، ئەوانیش لە سەرەتاوە پێیان باش بوو، بەڵام ئیتر پاش ماوەیەك ئیعازیان درایە یان هەرچی بوو لە دەرەوە ئەوەبوو ئەوان پاشەکشەیان کردو هاوکاری ئێمەیان نەکرد، بەڵام ئێمە هەر بەردەوامیمان بەکاری خۆماندا، ئەوکاتە کە ئێمە چووین شێخ عەبدوللەتیفی بەرزنجی (خوا لێی خۆش بێت) بەرپرسی پەیوەندی ئیسلامیی بوو، وەختی خۆی شێخ موحەممەد بوو، شێخ موحەممەد تەنەزولی بۆ ئەو کرد، وەختێ کە ئێمەش چووین مامۆستاکانو ئەو خەڵکە زۆر بە ئاسانی ئەوانیش کۆبوونەوەیەکیان کردو شێخ عەبدوللەتیف تەنەزولی کرد بۆ مامۆستا مەلا عوسمانو خرایە شوێنەکەی، ئەوەبوو ئەو بزووتنەوەیە دروست بوو.

**+ بۆ هەر بەناوی بزووتنەوەی پەیوەندییەوە کارتان نەکردو ناوەکەتان گۆڕی؟**

ـ وەڵڵا گومان نییە لە ئاڵوگۆڕی ناو کۆمەڵێك گوڕوتین ئەدرێ بەشت، ئیمکانی هەیە ناوی پێشتر هەندێ تێبینی لەسەر دروست بووبێ لەملاولاوە، بۆ نموونە پێیان دەوت لەشکری قورئان، لەشکری قورئان ئەوەی عەباس شەبەكو فلانو فیسار هەر لەو شەبیهە بوو، گەلێك تێبینیو شت کەوتبووە سەریان لەناوەوە، لەبەرئەوە ناچار بووین ئەو ناوە بگۆڕینو ئەم ناوی بزووتنەوەی ئیسلامییەش فراوانتر بوو بە کۆدەنگیش ناوی بزووتنەوی ئیسلامیی هەڵبژێردرا.

**+ جەنابیشت بەشدار بووی لەو کۆبوونەوەدا؟**

ـ بەڵێ هەر لە سەرەتاوە ئێمە کە چووین ئیتر هەر لەوێ لەو جەلەسەی تاران، لە یەکەم دانیشتنو لە یەکەم قسەیان لە تاران لەگەڵ رەفسنجانی کە کاتی خۆی بەرپرسی شورا بوو پەرلەمانی ئەو کاتە بوو، ئینجا ئەم عەلی خامنەئیە ئێستا رابەرە ئەم سەرەککۆمار بوو، ئیتر کە چووین حەقیقەت زۆر پێشوازیەکی باشیان کردین گوێیان بۆ گرتین هەتا کە چووینە کۆشکی کۆماری عەلی خامنەئیی هات بەدەممانەوە، پێشمان نەدەکەوت، پێش مامۆستا مەلا عوسمان نەکەوتو خستییە پێش خۆیو زۆر رێزی لێگرت، ئینجا ئێرانییەکان گوێیان بۆ گرتین، ئێمەش مەرجەکانمان پێشکەشکرد (12) مەرج بوو، خاڵی یەکەم سەربەخۆیی ئەم بزووتنەوەیە، خوای گەورە خۆی ئاگادارە تا کۆتایی ئێمە ئەو سەربەخۆییەی خۆمان پاراست، وشەیەك بەرژەوەندی شیعەی تیابووبێت یا ئێرانی تیابووبێت مەگەر پێمان نەزانی بێت ئەگینا نەهاتۆتە ناومان، شتێك نەبوو بەرژەوەندی ئەوی تیابووبێو بەرژەوندی ئێمەی تیانەبووبێ، خوانەخواستە مەسەلەن زۆر جار لەوەئەچێ داواکرابێ لەو رێگەیەوە بابلێین لەو حزبە کوردییە ئیسلامییانە بدرێت یان شتێك، وتوومانە ئەمە شتێکی ئیسلامیی نییە، بەڵکو بە پێچەوانەوە چووینە قوم ئەوکاتە مونتەزیری جێگری خومەینی بوو، قسەی ئێمە ئەوەبوو کە ئێوە بە عەدلی ئیلاهی لەگەڵ ئەم کوردانەدا بجولێنەوە کوردەکانی ئێران، با بەعسییەکان سوودیان لێوەرنەگرن هەموو کێشەیەکتان بۆ چارسەر ئەبێت، با باسی شیعەو سوننی نەمێنێ،

خیلافی ئێمەو ئێوە زیاتر مەسەلەی خیلافەتە، ئەوە تێپەڕی کردو ڕۆیشت، بابێین ئێمە ئەمڕۆ کار بۆ ئیسلام بکەین، ئەمە یەکەم قسەی ئێمە بوو لەگەڵ ئەو کابرایەشدا کە ئەو کاتە پیاوێکی گەورە بوو.

**+ ئەو پەیوەندییانەتان لەگەڵ ئێران هەروا بە توندوتۆڵی مایەوە تا ڕاپەڕین؟**

- هەر مایەوە، بە ڕاستی ئێمە تا (1989) لەوێ بووین، بەڵام هەڵبەتە کۆمەڵێ تێبینیو شتیشمان هەر هاتە سەریان، وەنەبێ بە دڵی ئێمە جوڵابنەوە، مەسەلەن ئێمە کە هەر لەوێ بووین ئەوکاتە شورامان (16) ئەندام بووین، بە دەستێك توانیان هەر لەوێ لە (1989)دا کە نەهاتبووینە ئەم دیو هێشتا تەفرەقەیان تێخستین (12) ئەندامیان ڕاکێشایە ئەو لاوە، ئێمەش (4) کەسماینەوە، بەندەو جەنابی مامۆستا مەلا عوسمان (خوا لێی خۆش بێت) ئەم مامۆستا مەلا عەلیو شێخ موستەفا خەڵکی زێوێ، ئەوەندە ماینەوە، ئەوانی تر هەموویان هەشت نۆ مانگ ئێران ئەم بەراوبەری پێکردن، هێنانیو بردنی شتێکیان پێ دروست بکات، بزووتنەوەی کرد بە دوو کەرتەوە، بەڵام لە دواییدا لەسەر مەسەلەی ئیمارەت کێیان ببێت بە ئەمیر پەکیان کەوتوو فاشل بوونو دیسانەوە یەکمان گرتەوە.

**+ ساڵی چەند بوو؟**

- ئەوە ساڵی (1989) بوو.

**+ پاساوی ئەوان چی بوو بۆ ئەوە؟**

- بۆ ئەوە ئەوان هەر ئەو وەزعانەی کە لێرە باسیان دەکرد، ماڵی مامۆستا واو ماڵی مامۆستا مەلا عەلی واو ماڵی کوڕەکانی وا، ئەوان بە ڕاستی موبەریرەکانیان لاواز بوو، ئەو کاتە مناڵەکانیشیان پێنەگەیشتبوون، بەڵام هەر دەستێك بوو، بەڵێ کۆمەڵێ تێبینیان هەبوو، بەڵام ئەو تێبینیانە بایی ئەوە نەبوو کە ئەو شتە بکرێ.

**+ پێتوایە ئێران ڕۆڵی زۆرتری ئەبینی لەمەدا؟**

- پێموابوو ئێمە لە کۆتایشدا گلەیی زۆریشمان لێیان بوو.

**+ ئێران چەند هاوکاری ئەکردن لە رووی سەربازییو مادییەوە؟**

ـ وەڵڵا دەیەکی ئەو حزبانەی ئەکردین، بۆ نموونە ئێمە کەم نەبووین کۆمەڵێ پێشمەرگەی باشمان بوو لەسەر بنەمایەکی دینی، لەسەر بنەمایەکی واقیعی دینی دامان مەزراند، بۆ نموونە هاوکاری یەکێتییو پارتی ئەکرد، یەکێکیان (30) ملیۆنی ئەدایە، تمەنی ئەو کاتە قیمەتی بوو، یەکیان (25) ملیۆنی وەرئەگرت، بەڵام ئێمە نەئەگەیشتە ملیۆنیش، بەو هەموو خەڵکەوە کە چووبووین ملیۆنێکی نەئەداینێ، (25ـ 30) ملیۆنی ئەدا بەوان، ئەوەندەی ئێمە هەوڵمان ئەدا خەڵك هەیە لەودیوەوە چەکمان بدەنێ ئیمکانیەتمان بدەنی با ئەم خەڵکە چەکدار بێت، بەڵام ئیتر ئەوەندەی ئەداینێ ئەمردینو نەئەمردین، ئەژیاینو نەئەژیاین، بۆیە زۆر دواکەوتین هاتینەوە لەم دیو گەشەمان کرد.

**+ هەڵوێستی ئەو کەسانەی کە بە ناوی ئیخوانەوە کاریان دەکرد چیبوو؟ ئەوان لەسەرەتادا وەکو جەنابت باست کرد بەشدار بوون لە دامەزراندنی بزووتنەوەدا، بەڵام دوایی دەستبەرداری بزووتنەوە بوون؟ ئایا بڕوایان بە خودی پرۆسەی چەکداری نەبوو یاخود تیبینیان لەسەر بزووتنەوە هەبوو؟**

ـ وەڵڵا بزووتنەوە هێشتا کاری وای نەکردبوو تا ببێت بە جێگەی تێبینیو سەرنجو تێڕوانینو ئەمانە، سەرەتایی بوو، کە سەرەتای بوو نازانی چۆن ئەبێت، بەڵکو بە پێچەوانەشەوە لە سەرەتاوە ئێمە کە لە مزگەوتەکاندا رۆیشتبووین، لە مزگەوتەکاندا قسەمان دەکرد، دیارە قسەی مینبەر و مزگەوت زۆر چڕوپڕترە، کاتێك کە ئەکەویتە کردەوە لە کردەوەداا ئەوەی کە ئەیلێیت زۆر زەحمەتە جێبەجێ بێت، لەبەرئەوە کە لەو سەرەتایەوە دروست بووین ئێمە زۆر بەچڕوپڕی ئیسلاممان گرتبوو، زۆر بە عەدالەت، ئەمە بەش بەحاڵی خۆم ئەڵێم لەو ناوچەی دزڵیو ئەمانە بووین لە (200- 300) تا (400) پێشمەرگەمان هەبوو، پێنجشەممەو دووشەممان بە رۆژوو بووینو هەفتەی دووجار موحازەرەمان هەبوو، موحازەرەیەکیان بەس سیرە بوو، موحازەرەکەی تر فیقهی جیهاد، جا کۆمەڵێکمان

مەدرەسەیەکمان دانا پێش ئەوە ئەوان هەر ئاگایان لێی نەبوو، (80) قوتابی لە سێ بەرەو ژوورتر دەرچووی زانکۆو شەشەمی ئامادەیی بوو، بە کورتی ئەمانەمان لە واجب هێنانە دەرێ مەدرەسەمان بۆ دانان، بەڵام ئەو ئیختیلافە کە دروست بوو ئیشەکەمان زۆر گەرموگوڕ بوو، پارتیو یەکێتیی جارێ کرابوونە کون، گەشەکردن هەر هی ئێمە بوو، ئیتر بۆ خۆی وردە وردە ئەو ئیختیلافاتانە پەیدا بوو، ئەو شتانە لە کیس چوو، لەبەرئەوە ئێمە هێشتا نەکەوتبووینە ئیش تا ئەوان تێبینیان ببێت، بەڵام بە بۆچوونی ئێمە هەر ئیعازێك بوو لە دەرەوە، ئەوان ملکەچی ئیخوانی دەرەوە بوون، دیارە وەزعی دەرەوە کەنداوو ئیماراتو ئەمانە لەگەڵ وەزعی عێراقدا جیابوو، بەڵێ لەوێ ئەتوانی بڵێ جیهاد نییە، لەگەڵ کێدا بیکەن، بەڵام لێرە ئەم هەموو پێنج هەزار شارو گوندو ئەمانە وێران کرابوون، ئینجا ئەوەش وەزعی هەڵەبجە، لەبەرئەوە بۆ ئێرە گومان نەبوو کە جیهادەو واجبەو ئەبێ راپەڕی، کەچی ئەوان ملکەچی ئیعازی دەرەوە بوون، وردە وردە پاشەکشەیان کرد، هەتا بە پێچەوانەی ئێمە ئیشیان دەکرد، خەڵکی ئێمەیان سارد دەکردەوە.

**+ بەرەسمی هیچ شتێکیان پێدان، هیچ نوسراوێکی رەسمی، هەڵوێستێکی رەسمی؟**

ـ نا، شتی رەسمییان پێنەداین، بەڵام وەکو وتم لە سەرەتاوە زۆر نزیك بوونەوە، بەڵام لە دواییدا ئەوان متمانەیان بە ئێران نەبوو، گوایە ئێران وەفای نییە، بەڵام دەرکەوت کە ئیعاز بوو لە دەرەوە.

**+ کەواتە پەیوەندییتان لەگەڵ ئیخوان ساردیو سڕی تێکەوت؟**

ـ بەڵێ، گەلێ جار خەڵکیشیان ئەهات بۆ ئەم دیوەوەو نەیاندەهێشت خەڵك پەیوەندی بکات بە بزووتنەوەوە، ئەوانەش لەو دیوو بوون گەلێ جار ململانێیان لەگەڵدا ئەکردین، تووشی ئازارو ناڕەحەتیان دەکردین، بێزار ئەبووین لەگەڵیاندا، لە مزگەوتەکاندا لە دژی ئێمە شتیان ئەوت، بۆ نموونە ئێمە ئایەتی جیهادمان تەفسیر ئەکرد، ئەوان پێیان ناخۆش بوو، من خۆم دوو سێ جار سورەتی (التوبة، الانفال)م

بۆ ئەو برایانە تەفسیر کرد ئەوان پێیان ناخۆش بوو، ئەوان پێیان وابوو ئەمە لە دژی ئەوانە ئەو شتە ئەکەین، کۆمەڵێ تێبینیان لەسەر دانایین.

**+ هەڵوێستتان یان پەیوەندیتان لەگەڵ حزبە کوردستانییەکاندا چۆن بوو؟**

- زۆر زۆر چاك بوو، پێش ئەوەی کە بکەوینە جموجوڵ لەگەڵ ئەو سێ حزبە پەیوەندیمان هەبوو، ئەو کاتنە وەکو ئێستاش وایە سێ حزبی سەرەکی بوون، پارتیو یەکێتییو سۆشیالیست، سۆشیالیست ئەو کاتە بەهێزتر بوو، جا ئەو کاتە پێش ئەوەی دەست بکەین بەکار پەیوەندیمان بەهەرسێکیانەوە هەبوو، رێکەوتنمان لەگەڵدا کردن، من خۆم یەکێك بووم لەو دەستەیەی کە چووین بۆ راژان، ئەو کاتە کاك مەسعود لەوێ بوو، راژان گۆشەیەکە لە نێوان ئێرانو تورکیادا، واتە ئێران چۆتەوە بەناو تورکیادا، چووین لەوێ نزیکەی شەوو رۆژێك لەوێ ماینەوە رێکەوتنامەمان لەگەڵدا کردن.

**+ ساڵی چەند بوو؟**

- ساڵی (1988) بوو هەر لە سەرەتاوە کە دەستمان پێ کرد بە ئیشەکە.

**+ ئەو خاڵانەی کە لە رێککەوتننامەکەدا هەبوون چی بوون؟**

- وەڵڵا هەر ئەوەبوو، یەکەم ئەوە کە دانپیانانێك بە ئێمە کەوا ئێمە هەین، ئینجا هاوکاری یەك بین لە سیاسەتو جموجوڵی سەربازیداو کۆمەڵێ شتی ئاوابوو، کە لەبەرژەوەندی ئەو کاتەو ئێستای کوردستان بوو، ئینجا دواتر هەیئەتێکی تر چووە لای یەکێتیی، ئەو کاتە یەکێتیی لە قاسمەڕەش بوو لەگەڵ ئەوانیشدا رێکەوتننامەمان مۆر کرد، لەگەڵ جەماعەتی سۆشیالیستیشدا، لەبەرئەوە هیچ ئیشکالیەتێك نەبوو لەگەڵیاندا، بزووتنەوە کە دروست بوو، لە بەرنامەی ئەسڵیەکەیدا رۆژێ لە رۆژان ئەوەی بە بیردا نەهاتووە کە بیر بکاتەوە لەگەڵ ئەمانەدا تێبگیرێ یا بچێتە سەنگەر بۆیان، یان ئەمانە بکوژێ، بزووتنەوەیەك بوو دروست بە راستی بۆ پشتگیری ئەو بزووتنەوە گشتییەی کە لە عێراقدا دروست بوو، بەتاییەت لە

کوردستاندا بۆ رووخاندنی رژێم، ئیتر ئەمە نەبووە کە جیهادی بزووتنەوەی ئیسلامیی بێت بە کورد کوشتن، یا شەڕکردن لەگەڵ یەکێتییدا.

**+ تا ساڵی (1991) هیچ ئیشکالێکتان بۆ دروست نەبوو لەگەڵ ئەو حزبانەدا؟ یان ساردی نەکەوتە پەیوەندییەکانتانەوە؟**

ـ ئیشکالێك شایانی باس بێت نەبوو، بەڵکو بە پێچەوانەوە لەو دیوەوە ئێمە (40 ـ 50) پێشمەرگەمان نارد بۆ قەرەداغ، بە راستی ئەتوانین بڵێین هەمووی لەسەر شانی یەکێتیی نیشتمانیی بوو، چونکە ئەوان لەو ناوچانە بوون، بارەگایان لەوێ بوو، ئینجا بەرێدا گەیشتن، چونکە وا بە ئاسانی خەڵکە نەئەگەیشت، بە راستی وەکو تۆ چۆن خزمەتی کەسوکارو دەوروبەری خۆت ئەکەی ئاوا پێشمەرگەکانی ئێمەیان میونداری کرد، لە بارەگاکانی خۆیاندا پێشوازیان لێکردن، هەتا گەیاندنیانە قەرەداغ، کە گەیاندنیانە ئەوێش لەوێش هەمان شت، بە راستی هاوکارییەکی ئاواو بوو.

**+ کەواتە پەیوەندییەکانتان توندوتۆڵ بوو؟**

ـ زۆر توندوتۆڵ بوو، لەو دیوەوە کە خەڵکمان وەرئەگرت بە پێی مەنهەج بوو، سێ تا شەش مانگ بەسەرماندا تێئەپەڕی ئینحا وەرمان ئەگرت، بەس کە هاتینە ئەم دیوەوە ئەنواعی کەس تێمانئالا، وەك هەرچی بێتە بەردەست کۆی کەیتەوە، خەڵکێکی زۆرمان پێوەنوسا لە کۆنە یەکێتیی، لە کۆنە کۆمەڵە، لە کۆنە چیو چی، بە راستی بوو بە جەنجاڵێك وای لێهات وردە وردە ئەوەندە قەبە بوو لە سەیتەرەی ئێمە دەرچوو، کە لە سەیتەرە دەرچوو ئەو وەزعە دەرچوو کە لەدواییدا تەقییەوەو ئێستاش هەر پارچەی وا بە ئاسمانەوە.

**+ ساڵی (1988) بەرەی کوردستانی دروست بوو، بۆچی بزووتنەوەی ئیسلامیی نەبووە ئەندامێکی بەرەی کوردستانی؟**

ـ وەڵڵا ئێمە بیرمان لەوە کردەوە کە ئیمکانی هەیە ئەو بەرەیە بەرەئیو رەئیکار ئەبێت، گومانیش نییە بە بەردەوامی قەرەباڵغییەك ئەبێتو بڕیارەکانیان بە رەئی و

ڕەئیکارییە، لەبەرئەوە بیرمان لەوە کردەوە مانای وایە ئێمە لەو بەرە ببین یا نەبین ناتوانین خالێك بەوان بگۆڕین، چونکە بە ڕەئیو ڕەئیکارییە لەبەرئەوە بەرژەوەندی ئەوەیە خۆمان لە دەرەوەو دژیشیان نەبین، بەڵام ئێمە خۆمان لە دەرەوە ئەبین ناچینە ناو ئەو وەزعە لەبەرئەوە بوو.

**+ لە کاتێکدا بزووتنەوەی ئیسلامیی ڕێکەوتننامەی لەگەڵ حزبەکاندا هەبوو، بەڵام بەشداریی بەرەی نەکرد، بە بڕوای تۆ ئەوە هەڵەیەکی سیاسیی نییە؟**

ـ وەڵڵا بە بۆچوونی خۆم ئەگەر بتەوێ بە ڕاستی ئیسلام ببێ، ئەبێ هەموو شتێکی خۆی جیابێت، ئەبێت پەرلەمانی خۆی جیابێت، ئەبێ وزەرای حۆی جیابێت، ئەنجومەنی خۆی جیابێت، نابێت لە ژێر فشاری هیچ کەسێکدا بمێنێتەوە، دروست نییە شتی خۆت تێکەڵی هیچ کەسێك بکەیت، بە ڕاستی ئەمە بۆچوونی نووسەری تازەو رۆشنبیری تازەو کۆنە، تێکەڵ کردن وزەو توانات نامێنێ وردە وردە ئەتوێیتەوە، بە تایبەت لە کاتێکیشدا کە کەم بیتو موقابلی ئەو نەبیت، ئەمە بۆیە ئەو کێشانە هەر پەیدابووە، پەرلەمان موسڵمانی تێنەچێت دروست نییە، چونکە ئەو زۆرترە، چوار کورسی یان پێنج کورسیت هەیە لە بەرامبەر (115) کورسی، تۆ هەر هیچت پێ ناکرێ، پەنجە بەرز دەکەیتەوە هەر هیچت پێناکرێ، لەلایەکیشەوە بڕیاری ئەوان لەسەر بڕیاری عەلمانیەت ئەچێ، لەبەرئەوە تۆ کە بوونیشت لەوێ هەیە شەرعیەتێك بەو ئەدەیت، سەرنجبدە بوونەکەت لەو پەرلەمانەدا یا لەو ئەنجومەنەدا شەرعیەتدانە بە بڕیاری ئەو، ئەگەرچی تۆ ڕێگریشی، ئەمە لەو ئەساسەوە ئەگەری هەیە زۆرینەمان تێڕوانینمان وابووبێت کە ژیان بەو وەزعە باش نییە، شتی خۆت نابێت تێکەڵکەی، ئەبێ هەوڵدەیت خۆت بۆ خۆت ریزی خۆت تێکەڵاو نەکەیتو مەجلیسی خۆت تێکەڵ نەکەیت، شتی خۆت تێکەڵ نەکەیت، بەڵام ئەی ئەبێ ئیش بۆچی بکەیت؟ جا مەبەستم ئەوەیە لەو ڕێیەوە ئەگەر کار بکرایە بە شێوەیەکی مەعقولو دژایەتی دروست نەکرایە، وردە وردە لە کوردستاندا کارت بکردایەو ئەو بەرنامە ئەسڵییەی بزووتنەوە جێبەجێ بکرایەو شەڕو پێکدادان

دروست نەبوایە، بەراستی زۆر سەرکەوتوو ئەبوو، ئەشتوانرا لەوانە بوو لە ماوەیەکی کەمدا وەکو هاتینە ناوەوە خەڵك چەندی خۆش ئەویستین لەوانەوە  کار بکرێ، جا مەبەستم ئەوەیە لەو سۆنگەیەوە ئەگەر سەیر بکەی هەڵە نەبوو، بەڵام لەمەوە کە کۆمەڵێك هەڵەو پەڵە هەن‌و ئێستا زۆر کاڵ‌و کرچیشە، ئیسلامێکی بێدەسەڵات پارەی نییە بیدات بە خەڵك، ناتوانێ جادە بۆ خەڵك بکات، خەستەخانە بۆ خەڵك بکات، ئینجا قوتابخانە بۆ خەڵك بکات، ئاو بۆ خەڵك بێنێت، بزووتنەوەیەکی ئاوا دوای ناکەون، لەبەرئەوە لەوە ئەچێت بەرژەوەندی وابێت ئەگەر فەتواکە دروست بێت لە حاڵەتی ئاوادا خۆت تێکەڵاوی ئەو وەزعانە بکەیت، لەبەرئەوەی بە تەواوی نەفەوتێیت‌و تیانەچیت، با وردە وردە گەورە بیت، ئەگینا من پێموایە بەڵێ بە پێی ئەوە نەچووینە ناوەوە هەڵە بووبێ.

**+ حزبێکی ئیسلامیی هەبوو لەو کاتانەدا بە ناوی حزبوڵڵای شۆڕشگێڕ، ئێوە هیچ پەیوەندییەکتان لەگەڵیاندا هەبوو؟**

ـ وەڵڵا هەر دۆستایەتی‌و ئەمانەمان هەبوو پێیانەوە، ئەو حزبە بە سەرکردایەتیی شێخ عەبدولقادر بوو، سەرەتا شێخ حەمەخالید بوو خەزووری کاك مەسعود، دوایش ئەوەبوو ئەمیان لابردو شێخ ئەدهەمیان دانا، ئیتر ئەوە بوو وەکو خۆشیان لە سەدا سەد تەسلیمی ئێران بوون، تەسلیمی ئێران بە مانای هەر پارچەیەك بوون لە سوپاکەیان، ئیتر پەیوەندیمان سەردان‌و شتمان هەبوو بەیەکەوە، هەر ئەوکاتە ئێران جوندوڵایان بە سەرکردایەتیی مەلا لوقمان دروستکرد، ئێران گەلێك جار فشاری ئەخستە سەرمان کە پێکەوە رێکەوین ، بەڵام ئێمە وتمان ئەمانە سومعەیان نییە.

**+ تەواجودیان هەبوو؟**

ـ نەوەڵڵا ئەوان شتێکی وانەبوون، بەڵام ئیتر هەر عادەتی ئێرانە حەزی ئەکرد بەردەوام شتی لەو بابەتەی هەبێت.

**+ساڵی (1988) بەر لە کیمیاییبارانی هەڵەبجە، بەرنامەیەك لە لایەن حزبە کوردستانیەکانەوە بە هاوکاری ئێران دانرا بۆ رزگارکردنی هەڵەبجە، بزووتنەوەی ئیسلامیی ئاگاداری ئەو بەرنامەیە بوو یان نا؟ بەشداریتان لەو پرۆسەیەدا کرد؟**

- ئەو قەزییەی هەڵەبجەیە من خۆم لە ئەلفەوە تا یاکەی ئاگاداربوم، لەبەرئەوە کاتێك ئەو مەوزوعە دروست بوو ئێمە لە پاوە بووین، ئەوکاتە مامۆستا مەلا عەلی بەرپرسی مەکتەبی عەسکەری بوو، منیش جێگری بەرپرسی مەکتەبی عەسکەری بووم، لەبەرئەوە کاروبار بە دەست ئێمە بوو، کابرایەکی ئێرانی بەرپرسی ئەو میحوەرە بوو لە مەریوان تا ئەچێتەوە پاوەو ئەو ناوچانە، پێیان ئەوت موقەدەم تادای، بانگی کردین وتی: ئەوە دوو سێ سەعاتمان ماوە هێرش بۆ هەڵەبجە ئەکەین، ئەو کاتانە هەواڵیان پێداین ئەوە ئێوەش بزانن بەرنامەتان چییەو چۆن ئامادە ئەبن؟ ئێمە ململانێیەکی زۆرمان لەگەڵدا کردن، وتمان: ئەوە شەرعی نییە، هەڵەبجە گرتن لەوانەیە ئاسان بێت، بەڵام دوای گرتنەکەی هەڵەبجە چۆن ئەپارێزرێ لە فرۆکەی بەعس، لەو هەموو چەكو تفاقەی بەعس، ئەیانوت ئێوە بیگرن‌و ئێمە ئەتانپارێزین‌و ئێوە حوکمی بکەن. وتمان: ئێمە ئەم مەوزوعە بە شەرعی نازانین. ئەوان وتیان: ئێمە هەموو شتێکمان براندۆتەوە، مەسەلە شەرعییەکەی ئیمام فەتوای داوە، لە رووی ئابووریشەوە بریومانەتەوە چەندێ تێئەچێ، لایەنە عەسکەرییەکەش چەند زەرەر ئەکەین‌و چەند سەرکەوتوو ئەبین هەمووی براوەتەوە. لەبەرئەوە بەینمان تێکچوو، لە گەرمەی ئەوەشدا شێخ عەبدوللەتیف (خوا لێی خۆش بێت) بە نامەیەکی مامۆستا مەلا عوسمانەوە هات، پێنج شەش دێرێکی نووسیبوو تکایە بە هیچ جۆرێك بەشداری ئەمە نەکەن‌و بە هیچ جۆرێك رێگای‌شەڕ نادەین، ئێمە دامان بە دەست موقەدەمەوە هەر شێت بوو. وتی: ئیمام ئیجازەی داوە. لەبەرئەوە لە قیامەتدا خاوەنی قسەی خۆمانین دەستمان لە کیمیابارانو لە لێدانی هەڵەبجە نەبووە، بەڵام لێیاندا، ئەو شەوە قسەی زۆریشیان پێوتین، بە راستی کۆڵێ سووکایەتییان پێکردین لەسەر ئەوەی ئێمە رێنەکەوتین لەگەڵیاندا، بەڵام لە دواییدا

سەعات بوو بە دوو سێی شەو کە ئیعلان کرا، بوو بە هەراو هوریا، ئێمە بە ناچاری لەوێوە هاتینە خوارەوە بۆ دڕۆڵە لەو دیوی هەڵەبجە، وتمان ئێستە خەڵك لێی ئەقەومێ با بێین بە دەمییەوە لەویوە، من گەڕامەوە چوومەوە بۆ ناوچەی ئەحمەدئاواو زەڵم، مامۆستا مەلا عەلیش لەوێ مابۆوە، کە هەڵەبجە گیرابوو ئەویش فەقیرە لەوێوە هاتبووە ئەم دیوەوە، کە هاتبوە ئەم دیوەوە بۆ هاوکاری خەڵك، ئیتر وەزعە بێ رەزامەندی ئێمە بوو، لە قیامەتیشدا خاوەنی ئەم قسانەم، لە دوای ئەوە هاتە ئێرە، قەسفی هەڵەبجە کراو کیمیاباران کرا، بە هیچ جۆرێك ئەم بزووتنەوەیە بە شەرعیی نەزانیوە لە هەڵەبجە بدرێو ئەو وەزوعەی بەسەردا بێت.

**+ کە هاتنە ناوەوە پرستان پێ نەکرا، بەڵام وەکو واقیع پێشمەرگە هاتنە ناوەوە؟**

- نەخێر، بەس لەوێوە هاتینە خوارەوە، وتمان بزانین ئەم وەزعە چی لێدێت، ئیتر کە هاتین کۆمەڵێکی تریش لەودیوەوە بوون، ئەوانیش لەوان خراپتربوون، بە راستی ئێمە لاماندایە لایان لە ژێر پردێکدا بوون گوتمان ئێمە بەشداری ناکەین، لەو موقەدەمە زۆر خراپتر بوون، ئەنجامەکە راگەیەنراو دواتر خەڵك لەوێ کیمیاییان پیاکرابوو.

**+ سەبارەت بە بەرفراوانبوونی سنووری چالاکی بزووتنەوەی ئیسلامیی لە کوردستاندا، هەر لە سەرەتاوە کە بزووتنەوە دامەزرا خەڵکی هەولێرو رانیەو ئەوانەی تێدابوو، یاخود دوایی ئەوانی تر پەیوەندییان پێوە کردنو سنووری چالاکییەکان فراوان بوو؟**

- لە سەرەتاوە ئەو بزووتنەوەی پەیوەندی ئیسلامییەی هەبوو لە کۆمەڵێك پێشمەرگەی زۆر لێهاتوو قارەمانو دلێری هەولێر پێکهاتبوو، شوێنێك بوو پێیان ئەوت مەلەکان لە ناوچەی خۆشناوەتیە بە شاخەکانەوە، بارەگایان لەو شوێنەدا بوو، مەلا قادری برایەتیو مەلا سەلمانو موحەممەد هەولێریو کۆمەڵێك لەو برایانە زۆر موجاهید بوون، زۆر ئیشیان ئەکرد لە حاڵەتی پەیوەندییدا، ئێمەش کە چووین

وەکو وتم شێخ عەبدوللەتیف دابەزی لە پلەی خۆی مامۆستا مەلا عوسمان بووە رابەر، ئەو قووەتو یەك دوو هێزیان بوو هێزی شافیعییان پێئەوت، بەڵام ئەوانەی ناوچەی خوارەوە گەرمیانو چەمچاڵو ئەوانە ئەوە لە دوای راپەڕین هاتن، خۆزگە نەهاتنایە! لە داوی راپەڕین ئەوانمان پێوە لکاو لە دوایشدا کە هاتن بەو فیکرە نامۆو وەزعەوە ئەوەبوو لێیان تێکداین.

**+ ساڵی (1990) کۆمەڵێك لە بزووتنەوەی ئیسلامیی جیائەبنەوەو حزبێك دروست ئەکەن بەناوی کۆمەڵی ئیسلامیی لە کوردستانداو گۆڤارێکیان دەرکردووە بە ناوی (الشهداء) ئەوانە کێ بوون ؟**

- ساڵی (1990)؟

**+ بەڵێ.**

- ناتوانم بڵێم ئاگام لە گۆڤارەکەشیان نییە، جا بۆ ئەوە مامۆستا کرێکار گۆڤارێکی دەرکرد لە ئێران ناوی (دەنگی حەق) بوو، ئەوەی مامۆستا کرێکار بە بزووتنەوەی کرد لام وایە کەس بە کەسی ناکات، قسەی ناشیرینو ئەمانە بە ناوی دەنگی حەق، ئیتر لە دواییشدا کە هاتینەوە لێرە بە راستی هەر عەینی شت لێرە بەزمێکی تریان دروست کردەوە زۆر بە نهێنیو ئەمانە ماوەیەك بە ناوی ئیسلاحەوە، بەڵام دیارە ئەو هینانەشیان بە ئێمە ئەوت.

**+ ئەوانە کێبوون؟**

– وەڵڵا خەڵکێکی وا نەبوون، چەند کەسێکی کەم بوون.

**+ گرفتی ئەوان چی بوو؟ یان تێبینیان چی بوو لەسەر بزووتنەوە ئاوا ناکۆکییان دروست کرد؟**

- وەڵڵا هەر تەبیعەتی بەشەر حەزی لە دەرکەوتنە، وەکو خۆشی ئەیگوت لە دواییدا پێیوابوو ئەو لە مەلاکان جیابێتەوە ئیش باشتر ئەکات، ئینجا گەنجەکان باشتر دوای ئەکەون، کەچی دەرکەوت کەوانەبوو فاشل بوو، واتە مەلاکان بوون توانییان ئەوە وەزعە راگرن، بۆ نموونە هەتا مامۆستا مەلا عوسمان مابوو ئەم

هەموو كرمو مارە كە لە خێوەتی بزووتنەوەدا بوو راگیرا بوو هەمووشی پێكەوە ئەژیا، كاتێك ئەو نەما لە دواییدا ئەو تەقینەوەیە روویدا، ئەگینا كە مرۆڤ ئەچێتە گۆڕپانەكەوە خۆ نابێت بە فریشتە كۆمەڵی تێبینی دێتە سەر.

**+ ئەگەر بگەڕێینەوە سەر دامەزراندنی بزووتنەوە، كە بزووتنەوە دروست دەبێت كاردانەوەی بەعس كاریگەریی زۆرە، كۆمەڵی خەڵكی دڵسۆز دروستی ئەكات، بەڵام لە سەرەتاوە بە رێبازێكی یەك فكریو پەروەردەیدا ناڕوات، پێتوانییە ئەمە جۆرێك لە نەگونجانی دروستكردووە لە ناو بزووتنەوەدا؟**

ـ لە سەرتاوە ئێمە كە دروست بووین دوو سێ هێزمان بوو، كۆمەڵێك لە ناوچەی پاوەوە، ئەو مامۆستا بەڕێزانە لەوێ بوون، ئێمە لەم ناوچەی دزڵییە بووین، نزیكەی سێ سەد چوار سەد كەسێك بووین، كاك مەلا عەلی باپیریش لەو ناوچەیەی ئەولاوە نزیكەی دوو سەد كەسێكی لەگەڵ بوو، بە راستی ئەمانە فیكرەو تێڕوانینو بیروبۆچوونمان یەك بوو، هیچ ئیشكالێكمان نەبوو، كەس هەڵەو پەڵەی نەبوو، بەس ئیتر لە دواییدا كاك مەلا عەلی باپیر هەر لەو دیوو وەكو وتم، كە دروست بووین ئیتر تەبیعەتی وابوو بەردەوام حەزی ئەكرد لە شوێنێك بێت كەسایەتییەك بالاتر نەبێت لە خۆی، تەبیعەتی ئاوابوو ئیتر خۆ كوڕێكی باش بوو، ئەو لەو دیوو ئەو بەزمەی دروستكرد، وەكو وتم شورا (16) كەسەكە چوار كەسی مایەوە، هەشت نۆ مانگ ئێران هێنانیو بردنی ئەنجامەكەی سەری نەگرت، جا لە دواییدا كە هاتینەوە ئەم دیوو لە راپەڕینەكەدا ئەم فیكرە نامۆیانە ئالان بە بزووتنەوەوە، خەڵكی هەڵەبجەو هەورامانو ئەتوانم بڵێم ئەو كۆمەڵە كۆنەش شتێكیان نەكرد بەرامبەری ئەم حزبانە، لە دواییدا كە هەتاینەوە لە راپەڕینەكەدا ئەم هەموو خەڵكەمان پێوەنووسا، ئەوەبوو مەوزوعەكە ئاوای لێهاتو ئەنجامەكەمان ئەمەیە.

**+ بزووتنەوە توانیبووی پارێزگاری لە سەربەخۆیی خۆی بكات؟**

ـ زۆر زۆر شایەتی ئەوە ئەدەم بە رەسمی وەكو ئەنجوومەنی شوورا، مەكتەبی سیاسییو رابەرایەتییو ئەمانە توانیویانە سەربەخۆیی خۆیان بپارێزن، لەم

دواییانەدا دەرکەوت حزبە عەلمانیەکان پەیوندییەکی زۆریان لە ئاستی بەرزدا بە رژێمەوە بووە، هەتا ئەو ساڵەی حزبە کوردستانیەکان موفاوەزەکەیان لەگەڵ بەعسدا کرد ئێمە ئەوەمان رەفز کرد، وتمان: ئێمە مفاوەزات ناکەیت، ئیتر توانیومانە سەربەخۆیی کاری ئیسلامیی بپارێزین نەماهێشتووە لێڵ بێت، مەگەر خیانەت لە ژێرەوە.

**+ بزووتنەوە لە دامەزراندنییەوە تاکو راپەڕین چەند کۆنگرەی بەست؟**

ـ وەڵڵاهی کۆنگرە زۆر نائاسایی بوو، پارتی بەو هەموو تەمەنەوە (11) یا (12) شتێکی ئاوا کۆنگرەی بەستووە، ئێمە ئەو ماوەیە گەیشتینە نازانم نزیکەی چەند کۆنگرە، وەڵڵا نازانم ئەوەی دوایی چەند بوو، بە کورتی زۆر بە نائاسایی کۆنگرەی بزووتنەوە ئەبەسترا.

**+ ئەو هەموو کۆنگرەیە بۆچی ئەگێڕیتەوە؟**

ـ ئەوە هەموو هەر بۆ ئەوە کە ئامانجێك بوو لە گۆڕانکاریدا، هەرچی ئەکرا هەر سەرکەوتوو نەئەبوو، پاش ماوەیەك ئیش ئەکرا، دووبارە بیانوویەکی تریان ئەگرتەوە، دەی باشە با کۆنگرە بکرێتەوە.

**+ پێت وایە ئەمانە گرفتی ناوخۆیی بوون یان دەستی دەرەکی؟**

ـ هەموو گرفتی ناوخۆیی بوون‌و دەستیشی لە بندا بوو.

**+ زیاتر ئەو گرفتانە چیبوون؟**

ـ وەڵڵا گومان نییە هەموو کەس کە شتێك ئەکات کۆمەڵێ موبەریرات بۆ خۆی دروست ئەکات، یەعنی شەرعی‌و ناشەرعی‌و ئەمانە ئەی شەرعێنێت، بەڵام ئیتر هەیشە خەڵکێك لە پشتییەوە هاوکاری ئەکات، مادەیەکی باش ئەدرایە هەندێ کەس، ئێمە زانیاریمان بوو لەسەر گەلێك جێگا مادەکە ئەدرا، ئینجا خەڵکیان پێ تەسقیف ئەکرد، سەیارەیان بۆ خەڵك ئەکڕی، شتیان بۆ خەڵك ئەکرد، خانوویان بۆ خەڵك ئەکڕی، وردە وردە خەڵکیان رائەکێشا بۆ لای خۆیان بۆ زیادکردنی

دەنگەکان. تا وای لێهات ئەو یەکڕیزییە نەمێنێ، بزووتنەوەش ئاوا ڕەوتی لێ تێکچێت.

**+ بەر لە ڕاپەڕین؟**

- بەڵێ، ئەرێ وەڵڵا پێش ڕاپەڕینو دوای ڕاپەڕین زیاتر بوویەوە، ئەتوانین بڵێین دوای ڕاپەڕین زیاتر.

**+ ئەکرێ بڵێین هەم حزبە کوردستانییەکان، هەم حکومەتی ئێران تارادەیەك توانیبووی خەرقی ریزەکانی بزووتنەوە بکات؟**

- بێگومان ئەوەبوو ئەنجامەکەی بۆمان زەبت نەبوو، ئا وای لێهات کە لێیهات.

**+ بەشداری جەنابتان لە ڕاپەڕین وەکو بزووتنەوەی ئیسلامیی چۆن بوو؟**

- وەڵڵا سوپاس بۆ خوا بە شێوەیەکی زۆر زۆر چاك ئێمە هێزەکانمان دابەش کرد بۆ هەموو ناوچەی کەلار، کفری، گەرمیانو ناوچەی کەرکووك، هەتا لە ناوچەی کەرکووك بەندەو کاك حەسەن ڕەشیدو کاك جەمیل بەشداربووین، لەگەڵ کۆمەڵێك پێشمەرگەی باشدا ئێمە لەم قۆڵەوە چووین بۆ کەرکووك، ئینجا کۆمەڵێکی تریش لەولاوە مەلا سەلمانو مەلا قادرو ئەوان بەشداربوون.

**+ لە نێوان حزبەکاندا تەنسیق هەبوو؟**

- تەنسیقمان هەبوو زۆر بە باشی، بەڵی پێکەوە شتمان ئیمزا کردبوو، لەبەرئەوەی کێشە دروست نەبێت، لەبەر ئەوەی حورمەتی یەکتری بگیرێت، شتی باش بوو، ئیتر لە دواییدا کۆمەڵێ خەڵك ئالان بە بزووتنەوەوە بە ڕاستی بە گوێی مامۆستاکانیان نەئەکرد، بە گوێی سەرکردایەتیان نەئەکرد، پێیان وابوو هاوکاری لەگەڵ ئەم حزبە کوردستانیانە کوفرە، نابێ لەگەڵ ئەمانە هاوکاربین، نابێ لە وەزارەتیاندا بین، نابێ لەگەڵ مام جەلالدا دابنیشین، جارێك کاك مەلا عەلی باپیر بەزمێکی نابۆوە لەگەڵ مام جەلالدا لەو دیو، مامۆستا مەلا عوسمان نامەیەکی نووسیبوو بۆ مام جەلال نوسیبووی برای بەڕێز جەنابی مام جەلال (وفقك الله)، لەسەر ئەم (وفقك الله) لێیان کرد بە هەرا، وتیان: تۆ چۆن بەو کابرا عەلمانییە

ئەڵێیت (وفقك الله)؟! مامۆستا وتی: بابە (وفقك الله) واتە خوا تەوفیقی بدات، واتە بیخاتە سەر ڕێگای ڕاست، وەزعەکە بەوشێوەیە بوو.

**+ دەکرێ بڵێین کێشەکانی ناو بزووتنەوە کێشەی ئایدۆلۆجی بوو، یان زیاتر شتی سیاسیی بوو؟**

ـ وەك وتم کۆمەڵێك خەڵك هەروا بە کتوپڕ هاتنە ناوەوە، بۆ نموونە کابرا کۆمەڵە بوو، کاتی خۆی چەند ساڵ لە ریزەکانی یەکێتیی بوو، هاتبوو لە مزگەوتێکدا بەو حەماسەتەوە ئیسلامێکی وەرگرتبوو، ئەو ئیسلامە تەشەدود بوو نەك بە هەموو لقو پۆپەکەیەوە وەریگرێت، وەکو ئێمە نا، ئێمە ئەو هەموو کتێبو خوێندنەوەوە لەگەڵ خەڵکدا ژیانو پێکەوە ژیانو ئەمانە ئەزموونمان هەبوو، بەڵام ئەو بەو حاڵەتە توندەوە هاتبوو، کە هاتە ناو ریزەکانی بزووتنەوەوە تەماشات ئەکرد مەسەلەن لە سەیتەرەیەکدا لە جیاتی ئەوەی بە ئاقڵانە بچێت تۆزی ئەکرد، بۆ نموونە لە شوێنێکدا بە ئەقڵانانە رەفتاریان لەگەڵدا بکات، یەکسەر زرمەی لێهەڵئەستاند، یانی کۆمەڵێ لەو شتانە بە راستی نەزانینو کەم ئەقڵیو کەم ئەزمونیو ئەمانە وای کرد کۆمەڵێ کێشەی بۆ بزووتنەوە دروست کرد، ئەو حزبانەش بە ئاگاهاتنەوە، تەنانەت بێجگە لە هێزەکانی خۆیان کە بەکاریان ئەهێنا پەنایان ئەبردە بەر هێزی دەرەکیش بۆ سەرکوتکردنی ئەو بزووتنەوەیەو ئاوای لێهات.

**+ چوار ساڵ لە تەمەنی بزووتنەوە (1987– 1991) کە جەنابت تێیدا بەشدار بوویت، ئەگەر ئێستا لێی بڕوانیت کەموکورتییەکانی چۆن ئەبینیت، یان رەخنەو گلەییت چییە لە ئیشەکانی ئەو چوار ساڵە؟**

ـ وەڵڵاهی من پێموابوو زۆر زۆر باش بوو، زۆر ئەمەلیشمان پێی بوو دەورو دەرسی باشمان بوو، پەروەردەو پێگەیاندنێکی باشمان هەبوو بۆ خەڵك، پێشمەرگەیەك جگەرەی بکێشایە لای ئێمە جێگەی نەئەبوویەوە، کەسێك نەیئەوێرا جگەرە بکێشێت، جگەرە خۆرمان تیانەبوو، رۆژەکانی دووشەممەو پێنجشەممە خەڵك نەبوایە بەرۆژوو بووایە، لە ئۆردوگاکانیشدا خەڵك ئامادەباشییەکی تیابوو بۆ

جیهادو هەرگیز تەماعو ماددەی تیانەبوو، خەڵك ئەمەی تیانەبوو بڵێین ئێران مانگانەی بداتێ یان شتێك، خەڵك لەبەر خوا ئەو چەکەی هەڵگرتبوو، ئەتوانم بڵێم زۆر گەشبین بووین لە قەزیەکەو زۆر دڵیشمان پێی خۆش بوو.

**+ ئەگەر بە چاوێکی رەخنەگرانەوە لێی بڕوانیت؟**

- من پیمۆوابوو لەو کاتانەدا هەر ئەوەندەمان پێ ئەکرا، چونکە چەند کەرت بووین، کۆمەڵێکمان لەم ناوچەیەی کرماشانە بووین، کەمەڵێکمان لە ناوچەی حاجی هۆمەرانو ئەولا، ئیتر تێبینی تریش وەکو بڵێی ئینسان بێ کەموکوڕی نابێت، بەس تێبینییەکی ئاوا نییە، تێبینی گەورە خۆفرۆشیو خیانەتە لەگەڵ حزبێکدا، لەگەڵ ئێراندا، لەگەڵ شتێکدا، ئێمە تا خۆمان بووین ئەو کۆمەڵە مامۆستا لە پێشەوە گەنجو لاوی بێ ئەزموون نەهاتبوونە ناوەوە توانیمان هەم لەگەڵ حزبە کوردستانییەکاندا ئەو حورمەتو رێزەی خۆمان بهێڵینەوە، هەم لەگەڵ ئێرانیشدا، بەڵام لە دواییدا کە هاتینە ئەم دیوو وەزعەکە ئاوای لێهات، ئیتر ئەوە تێبینیەکی وا شایەنی ئەوەبێ بە راستی نەبوو.

**+ بوونی دوو ئاراستە، کۆمەڵێك مامۆستاو کەسایەتی، کۆمەڵێك گەنج، ئەمە دوو جۆر لە پەروەردەو بیرکردنەوە بوو، پێت وایە ئەمە خۆی لە خۆیدا کێشەیەکی سەرەکی نەبوو لەناو بزووتنەوەدا؟**

- وەڵڵا قەزییەی ئیسلامیی کۆمەڵێ مەبادئی هەیە، ئیتر چ گەنج دایبنێ چ پیر، ئەبێ لەو مەبادیئانە بێ، سەرەڕای ئەوە کە کۆمەڵێ مەبادیئی هەیە، کۆمەڵێ ئەزموونی خۆشی تێکەڵ ئەکات، لەبەرئەوەی بە بەردەوامی خەڵك حەزی لە نوێکارییە، با ئەم پیرانە مامۆستا نەبنو با کۆمەڵێکی گەنج بێنە پێشەوە کاری باشتر ئەکەن، هەڵبەتە کراش، دوایی کە کەوتە دەست گەنجەکان ئاوای لێهات کە تۆزی بەبادا چوو، کاتی خۆی لەو دیوو کاك کرێکارو کاك مەلا عەلیو کۆمەڵێکی لێبوو، دژ بە جموجوڵی ماڵی مامۆستا عەزیز بوون، گوایە کوڕەکانیان واو وا

هەڵسوكەوت دەكەن، ئەمانە كۆمەڵێك موبەریڕ بوون، بایی ئەوە نەبوون كێشەی لەسەر دروست بكرێت.

**+ مامۆستا من پرسیارم نەماوە، ئەگەر جەنابت ئیزافەیەك یان شتێكت هەبێت؟**

ـ وەڵڵا هەر دوعای سەركەوتنت بۆ ئەكەم، خوای گەورە یارمەتیت با كە باسێكی ئاوا بوورژێنیو دوای كەویتو شتێكی قورسەو بۆ خۆت ئەركە، ئەركی جەسەدیو ئەركی مادیشت ئەكەوێتە سەر، ئینجا دووپاتیشی ئەكەمەوە ئینشائەڵڵا شتەكان زۆر بە ئەمانەتەوە بگرە، لە بەرژەوەندی رابوونەكە شت بڵاوبكەرەوە، شایەت لەو كۆمەڵە قسەدا مەنێ كە برادەرێكی تر ئەیكات، دوایی كە تۆ بیر ئەكەیتەوە تەماشا ئەكەیت مەسڵەحەتی تیانییە، ئەتوانی لێی بقرتێنی، ئینشائەڵڵا زۆر سەركەوتوو ئەبیت، هەرچییەكیش بە ئێمە بكرێت ئینشائەڵڵا هاوكارت ئەبینو سەركەوتو بیت.

## دیداری دەیەم:

# مامۆستا جەعفەر مستەفا



جەعفەر مستەفا موحەممەد، ساڵی (1937) لە دایك بووە، ساڵی (1958 – 1959) خانەی مامۆستایانی تەواو كردووە، لە (1959) بوەتە مامۆستاو ئێستا خانەنشینە، لە (1965) پەیوەندی كردوە بە ئیخوانەوە، لەو كاتەوە چالاكانە لە نێو رەوتی ئیسلامییدا هەڵدەسوڕێت، یەكێك بووە لە بەشدرابووانی دامەزراندنی یەكگرتووی ئیسلامیی كوردستان لە (1994/2/6)، ئێستا ئەندامی شورای گشتیی یەكگرتوەو لە هەڵەبجە نیشتەجێیە.

شوێنو مێژووی دیدار: هەڵەبجە، 2004/12/15.

**+ سەرەتا یەکەم شانەی ڕێکخستنی ئیخوان موسلمین کەی هاتە کوردستانو لە کێ پێکهاتبوو؟**

ـ نووسینی مێژوو کارێکی هەروا سووکو ئاسان نییەو ئەمانەتێکی گەورەیە، بۆیە بەندە ناتوانم مافی خۆی بدەمێ، لەبەرئەوە داوای لێبوردنم دەکەم لەکەموکوڕی. بەش بە حاڵی خۆم لەسەرەتای شەستەکاندا ئاشنایەتیم پەیدا کردووە لەگەڵ کاری ئیسلامیی برایاندا، پێشتر بە بیستن نەبێ ئاگادارییەکی وام نییە.

لە سەرەتای پەنجاکاندا مامۆستایانی خوالێخۆشبوو شێخ ئەمجەد زەهاویو شێخ موحەممەد مەحمود سەواف هاتوون بۆ شاری هەڵەبجەو کۆمەڵێ مامۆستای شارەکەیان وەك: مامۆستا مەلا سالح عەبدولکەریمو مامۆستا مەلا عوسمان عەبدولعەزیزو چەند مامۆستایەکی تر لەگەڵ جەماوەرێکی بەرچاو لە مزگەوتی پاشای شاری هەڵەبجە کۆکردووەتەوە، بە وتاری گەرم سۆزی جەماوەری شارەکەیان جوولاندووە بۆ جیهادو تێکۆشان، بە تایبەتی ئەو کاتەی کە چەند ساڵێك بەسەر داگیرکردنی فەلەستین لە لایەن جولەکەوە تێپەڕ بوو بوو. پاش وتوێژکردن لەگەڵ چەند کەسێکی متمانە پێکراو لە ساڵی (1952) یەکەم شانە (أسرة ـ خێزان) ڕێکخراوە، کە وابزانم ئەم مامۆستایانە بوون: مامۆستا عومەر ڕێشاوی، مامۆستا مەلا عوسمان، مامۆستا سدیق عەبدولعەزیز، مامۆستا مەلا سالحو چەند کەسێکی تر.

**+ سیماو خەسڵەتو شێوازی کاری ئیسلامیی لە پەنجاکاندا چۆن بوو؟**

ـ لە پەنجاکاندا شێوازی کاری ئیسلامی بە نهێنی لە "أسرة" پێکهێنراوە کە هەر (أسرة)یەکیش لە چەند ئەندامێك پێکهاتووە، کۆبوونەوەکان ئەنجامدراوەو بە زۆری بایەخ دراوە بە بواری عەقیدەو فیکرو ئەخلاق، سەرچاوەی بەرنامە قورئانو فەرموودەو تەفسیرو مێژوو ژیانی پێغەمبەرو هاوەڵان، هەروەها بیروبۆچوونی چاکسازەکانی وەك مامۆستا جەمالەدینی ئەفغانی، شێخ موحەممەد عەبدەو شێخ موحەممەد ڕەشید ڕەزا، بەتایبەتی سوود لە پەیامەکانی ئیمامی شەهید شێخ حەسەن بەننا، مەودودی، سەعید نەورەسی، شەهید سەید قوتب، موحەممەد

قوتبو د. موستەفا سوباعیو وێنەیان وەرگێراوە، هەروەها ئەو گۆڤارو نامیلکەو کتێبە گشتییانەش ـ هەرچەندە بە زەحمەت گەیشتوونەتە کوردستان ـ سودیان لێوەرگیراوە وەك گۆڤاری (المسلمون) کە لە جنێف دەردەچوو، (المجتمع) کە دواتر ناوی گۆڕرا بە (الشهاب) کە لە لوبنان دەردەچوو، لەگەڵ ئەو بڵاوکراوانەی کە برایان دەریان دەکرد.

**+ بەرپرسی گشتی ڕێکخستەکانی کوردستان کێ بوو؟**

ـ بەرپرسی رێکخستنەکانی کوردستان مامۆستا عابدین رەشید بوو.

**+ کاری ئیخوان لە چەند شاری کوردستاندا بڵاوبوویەوە؟**

ـ کاری برایانی موسڵمان لە شارەکانی: کەرکووك، هەولێر، سلێمانی، هەڵەبجەو چەند شوێنێکی تر بڵاوبوویەوە.

**+ ئەو کەسانە کێ بوون کە لە شارەکانی تری کوردستان لە ڕیزەکانی ئیخوان کاریان دەکرد؟**

ـ لە هەولێر خوالێخۆشبوو مامۆستا خەلیلو مامۆستا فوئاد چەلەبیو مامۆستا ئەحمەد حەمەدئەمینو لە کەرکووك خوالێخۆشبوو حاجی سلێمان.

**+ چ کوردێك بەشداری لە دامەزراندنو کۆنگرەی حزبی ئیسلامیی لە ساڵی 1960 دا کرد؟**

ـ مامۆستایانی خوالێخۆشبوو مامۆستا مەلا عوسمان عەبدولعەزیزو مامۆستا عومەر رێشاویو مامۆستا مەلا حەمەئەمین ئیمامی بەشدارییان کردووە لە کۆنگرەی حزبی ئیسلامی لە ساڵی (1960)دا.

**+ چ کوردێك لە ڕیزەکانی حزبی تەحریردا کاری کردووە؟**

ـ ئاگادار نیم لەو کوردانەی کە لە ریزەکانی حزبی تەحریردا کاریان کردووە.

**+ دوای هەڵوەشانەوەی حزبی ئیسلامیی لە سەرەتای شەستەکاندا کاری ئیسلامیی لە کوردستان چی لێ بەسەرهات؟**

ـ دوای هەڵوەشاندنەوەی حزبی ئیسلامی لە سەرەتای شەستەکاندا کاری ئیسلامیی لە کوردستاندا بەم شێوەیە ئەنجام دەدرا:

1ـ کاری "أسرة" کان هەفتانە کۆبوونەوەو لێپرسینەوە لە ئەنجامدانی کاری هەفتەی پێشوو پلاندانان بۆ داهاتوو.

2ـ تیپی شەوانە (الکتائب اللیلیة) بە تایبەت لە مانگی پیرۆزی رەمەزاندا.

3ـ ئاهەنگگێڕان لە بۆنەکاندا بە تایبەتی لە مزگەوتەکاندا وەك یادی لەدایکبوونی پێغەمبەر ﷺ، رەمەزان، شەوانی قەدر، غەزای بەدر، غەزای ئوحود، شەوی ئیسراو میعراج، جەژنەکانو بۆنەکانی تر بۆ بێدارکردنەوەی گشتی جەماوەر بە وتاری بەپێزو هۆنراوە و پەخشانی گەرموگوڕ، هەروەها گەشتو سەیرانو سوودوەرگرتن لەو کاتانە بۆ زیاتر هۆشیاربوونەوەو بێداربوونەوە.

4ـ شەونوێژی بە کۆمەڵ "القیام اللیل".

5ـ گرنگییدان بە توێژی قوتابیان و مامۆستایانو رۆشنبیران.

6ـ لەبەرکردنی چەند ئایەتو چەند فەرموودە حەفتانە لەلایەن ئەندامانەوەو تەفسیرو روونکردنەوەیان.

7ـ سەردانی مامۆستایانو کەسایەتییەکانی تر بە مەبەستی گەیاندنی بانگەواز.

8ـ سودوەرگرتن لە بڵاوکراوەو کتێبو هەندێ گۆڤاری وەك (المجتمع) کە لە بەیروت دەردەچوو، هەروەها (التربیة الاسلامیة) کە لە بەغداد دەردەچوو، گۆڤاری (المسلمون) و (الدعوة) و (لواء الاسلام) و ... هتد، ئەمانە هەمووی ـ تاڕادەیەك ـ بە نهێنی ئەنجام دەدرا.

**+ هەڵوێستی حزبی ئیسلامیی لە شۆڕشی ئەیلول چی بوو؟**

ـ حزبی ئیسلامیی داوای مافی هەموو گەلانی عێراقی کردووە بە هەموو نەتەوەو رەگەزو ئایین بێ جیاوازی، گەلی کوردیش بەشێکە لەو پێکهاتەیەو مافی خۆیەتی بەپێی بەرنامەی ئیسلامیی پیرۆز مافی پێشێل نەکرێ، بەلام سەرسەختیو ستەمی حکومەتی عێراق نەیهێشت ئەوە بێتەدی.

**+ بۆچی ئیسلامییەکان ساڵی (1968) بەر لە بەعسیەکان کودەتایان نەکردو ئەو هەلەیان نەقۆستەوە؟**

- راو بیروبۆچوونی ئیسلامییەکان بریتی نەبوو لە هەستان بە کودەتاو شتی وا، بەڵکو پەروەردەو پێگەیاندنو تێگەیاندن بوو، بەڵام بەعسییەکان دڕاندانەو بێگوێدان بە خوێنڕشتننو توندوتیژی، هەستان بە کودەتاو ئەنجامیشیان ئەو هەموو کاولکاریو خوێنڕێژیو دیکتارتۆرییەتو سەرسەختییە بوو کە هەموو جیهان بە چاوی خۆی بینیو بە گوێی بیستی.

**+ سیماو خەسڵەتەکانی کاری ئیسلامیی لە کوردستاندا لە شەستەکاندا چی بوو؟**

- سیماو خەسڵەتەکانی کاری ئیسلامی لە کوردستاندا لە شەستەکاندا، بەشێوەیەکی رێکوپێك کارەکان ئەنجام دەدران هەر لە دەرسی (أسرة)و کاری بانگەوزاو هەندێ وەرگێڕانو نووسینی وەکو بەرهەمەکانی خوالێخۆشبوو مامۆستا شێخ عەبدولعەزیز پارەزانی (نموونەیەك لە ئیسلام، پێنج پایەکانی ئیسلام و...)، هەروەها (بەرەو رێبازی ئیسلام) کە وەرگێڕدراوی (مبادئ الاسلام)ی ئەبوئەعلای مەودودی بوو لە لایەن خوالێخۆشبوو مامۆستا عومەر فەتاح رێشاوی و بەندەوە لە زمانی عەرەبییەوە وەرگێڕدرا بۆ زمانی کوردی، سەرەڕای هەندێ دەسنووسو بڵاوکراوەی تر، هەروەها سودیش وەردەگیرا لە بەرهەمەکانی شەهید سەید قوتب بەتایبەتی (في ظلال القرآن، معالم في الطريق...)، کتێبەکانی موحەممەد قوتبو ئیمامی شەهید حەسەن بەنناو مەودودیو دکتۆر موستەفا سوباعیو مامۆستا ئەبولحەسەنی نەدەویو وێنەیان، ئەمانە جگە لە هەندێ رۆژنامەو گۆڤاری ئیسلامیی.

هەروەها لە بۆنەو جەژنەکاندا ئاهەنگی قەشەنگ سازدەکرا، وتارو پەخشانو شیعری تێدا پێشکەش دەکراو ئەمانەو جگە لە تۆمارکردنی وتارو بەرنامەی بە کەڵكو سوود لێ وەرگرتنی.

**+ بۆچی لە سەرەتای حەفتاکاندا ئیخوان موسلمین بەڕەسمی کاری ڕاگرت؟**

ـ بەرای من: کاتێ بەعسییەکان هاتنە سەر حوکم هێندە دڕاندانەو زۆردارانە دەستیان دایە کار بواریان نەدا بێجگە لە خۆیان هیچ کەسێك سەرهەڵبڕێ، دەستیان کرد بە قەتڵو عام بەشیوەیەك مێژوو وێنەی وا خراپی نەدیوە.

بۆیە برایان کاری ڕێکخستنیان راگرت، بۆ ئەوەی کەمتر خوێنی ئەم گەلی عێراقە ستەمدیدەیە بە خۆڕایی بڕژێت، بەڵام بە شێوازی ترو پەروەردەی خۆیی لە قورئانو فەرموودە خوێندنو لەبەرکردنی ئایەتو فەرموودەو فێربوونی فیقھ کار هەر دەکرا، هەرچەندە گەلێ لە کادرانی بۆ دەرەوەی وڵات کۆچیان کردو هەندێکیان لێ گیراو لێ شەهید کرا.

**+ بڕیاری کار وەستاندن چ ئاکامێکی لێکەوتەوە؟**

ـ بڕیاری کاروەستاندن بووە هۆی دوو جۆر بیرکردنەوە، یەکەمیان: گوێڕایەڵی کردو بە پێویستی زانی گوێڕایەڵ بێت. دووەمیان: بەلایەوە پەسەند نەبوو، بۆیە بە جۆرێ کاری ئەنجام دەدا، بەڵام بە سەربەخۆیی خۆی، بە هۆی ئەوەی کەوا رەگەزو کەسانی تری تێکەڵ دەبوو پاشان ئاشکرا دەبوو، حکومەتیش هەندێکی لێ دەستگیر دەکردنو ئازارو ئەشکەنجەی دەدان، بگرە حوکمی ئیعدامی بۆ دەردەکردن، وەکو ئەوەی بەسەر د. عیسامو م. حەسەن شەمێرانیو وێنەیاندا هات، پاشان بە لێبوردن ئازاد کران، کە لە هەشتاکاندا کەشف کرابوون بەهۆی هەندێ کەسەوە.

**+ کاتێك ئیخوان موسلمین بە ڕەسمی کاریان وەستاند، لە کوردستاندا پابەند بوون بەو بڕیارەوەو کار وەستا یاخود بەردەوام بوون؟ ئەگەر لەکار بەردەوام بوون بە چ شێوازێكو ئەوانە کێ بوون کە بەردەوام بوون؟**

ـ کۆمەڵێك بەردەوام بوون لەوانە: مامۆستا حەسەن پێنجوێنی، مامۆستا حەسەن شەمێرانی، مامۆستا موحسین جوامێر، شەهید مامۆستا فوئاد چەلەبی، مامۆستا ئیبراهیم رێشاوی، مامۆستا سەلاحەددین موحەممەد بەهادین، ئەم مامۆستایانەو

وێنەیان هەوڵی ئەوەیان دەدا کەوا سەرکردایەتی قەناعەت پێ بکەن بۆ ئەوەی کاری ئیسلامی بە ڕێکخستن دەستپێبکاتەوەو شەرعیەت وەربگرێ بۆ کارەکەیان، ئەمە لە عێراق بە گشتی.

لە کوردستاندا مامۆستا سدیق عەبدولعەزیز ماوەیەك پابەند بوو بە وەستانی کارەوە، بەڵام پاشان کەوتنە جموجوڵو بەبێ پرسی سەرکردایەتی ئەو کاتە خەریکی کاربوون بەشێوەیەك لە شێوەکان، وایان دادەنا کە هەر ئەوان کار دەکەنو برایان هەر ئەوانن، ئەگەرچی مامۆستا عومەر ڕێشاوی خوالێخۆشبوو ئەوانەی کە لەگەڵی بوون، خەریکی خۆڕۆشنبیرکردن بوون لە زانستی فیقەو ئوسول فیقەو تەفسیرو عەقائیدو هۆشیاری گشتیو بایەخدان بە مزگەوتو کاری تری سەرمەشقیو بەکارهێنانی بۆنە ئیسلامییەکان، وەك ڕێورەسمی پرسەو شاییو یادی لە دایکبوونی پێغەمبەر ﷺ و زیندووکردنەوەی سوننەتەکانو ... هتد.

**+ سیماو خەسڵەتی ئەو قۆناغەی کاری ئیسلامیی لە کوردستاندا چی بوو؟**

ـ تایبەتمەندیو خەسڵەتی کاری ئیسلامیی لە کوردستاندا لە حەفتاکاندا بە زۆری لە ماڵی براکاندا – بە تایبەتی شەوان – ئەنجام دەدراو ئەو کاتە ماڵی برایان وەك بارەگاکانی ئێستا ڕۆڵی دەبینی لە کاری بانگەوازو پەروەردەدا.

**+ ساڵی (1978) بەدواوە کاری ئیسلامیی لە کوردستاندا گرۆتینی تێکەوتەوە کێ داینەمۆی ئەو کارەبوو؟**

ـ لە ساڵی (1978) بە دواوە ئەوانەی لە کوردسیتاندا هەوڵیاندا وەك مامۆستا حەسەن شەمێرانی، حەسەن پێنجوێنی، شەهید مامۆستا فوئاد چەلەبی، موحسین جوامێر، مامۆستا ئیبراهیم ڕێشاوی خوالێخۆشبوو، شیاوی باسە مامۆستا عومەر ڕێشاوی لەم بارەیەوە زۆر هەوڵی ئەوەی دەدا کە حەکیمانە کار ئەنجام بداتو قودوەوو سەرمەشقی شیاو پێکبهێنێو لاوەکان شارەزا بکات لە بەرنامەو پرۆگرامی ئەم کارانە. هەروەها مامۆستا سەید ئەحمەدو عەبدولوەهابو مامۆستا سەلاحەددین موحەممەد بەهادینو چەند کەسایەتییەکی تر لەم بارەیەوە خەریك بوون.

**+ هەڵوێستی سەرکردە کۆنەکانی ئیخوان موسلمینی عێراق لە دەسپێکردنەوەی کار لە کوردستاندا چی بوو؟ چەندێك ئاگاداری ئەو جموجوڵە بوون؟**

- هەڵوێستی سەرکردە کۆنەکانی برایانی عێراق بریتی بوو لە داواکردنی سەبرو ئارامو خۆڕاگری تا ئەو هەورە رەشە دەڕەوێتەوە.

**+ دەسپێکردنەوەی کار تەنها لە چوارچێوەی پەروەردەو بانگەوازدا قەتیس درابوو یاخود رێکخستن‌و کاری رێکخراوەیی دەسپێکرایەوە؟**

- بەڵێ دەستپێکردنەوەی کار لەچوارچێوەی پەروەردەو بانگەوازدا بوو.

**+ شانەی رێکخستن لە شارەکاندا چۆن دروستکراو دامەزرێنرا؟**

- لە شارەکاندا "الاسرة التنظيمية" پێکدەهێنراو هەر (اسرة)یەك پێکدەهات لە چەند ئەندامێك (2، 3، 4، 5) کە تاڕادەیەك لە ئاستێکدا بوون، بە کەسێك دەسپێردرا کە هەستێت بە بەڕیوەبردنی بە پێی بەرنامەی برایان.

**+ ڕێکخستن هیچ بەرنامەو پەیڕەو پرۆگرامێکی ناوخۆیی هەبوو؟**

- بەڵی رێکخستن بەرنامەو پرۆگرام (المنهج)ی تایبەتی ناوخۆی هەبوو.

**+ ئامرازو کەرەسەکانی بانگەواز لە سەرەتای هەشتاکاندا چی بوو؟**

- ئامرازو کەرەستەکانی بانگەواز بریتی بوو لە کتێب‌و گۆڤارو نامیلکەو شریتی تۆمارکراوو بە باسی فیکری‌و عەقیدەیی‌و بانگەواز.

**+ پەیکەری ڕێکخستن چۆن بوو؟**

- پەیکەری رێکخستن بریتی بوو لە: ناساندن (تعريف)، بنادنان (تكوين)، رێکخستن، خێزان (اسرة).

**+ سەرچاوەی فکری‌و پەروەردەیی ڕۆشنبیری ڕێکخستن چی بوو؟ کاری ئیسلامیی نوێ چەندێك لەسەر هەمان پرۆگرام‌و میراتی فکری‌و ئەدەبیاتی ئیخوان موسلمین دەڕۆیشت؟**

- سەرچاوەی فیکریو پەروەردەیی و رۆشنبیریو رێکخستن بریتی بوو لە: کۆمەڵە پەیامەکانی ئیمام حەسەن بەنناو "في ظلال القرآن"ی شەهید سەید قوتبو کتێبەکانی تریو کتێبەکانی موحەممەد قوتبو دکتۆر عەبدولکەریم زەیدانو دکتۆر موستەفا سوباعیو پەیامەکانی نووری سەعید نورسیو کتێبەکانی مەودودیو نامیلکەو گۆڤارەکانی وەکو: التربیة الاسلامیة، الدعوة، هەروەها شریتی پەروەردەییو بانگەواز، بە کورتی کاری نوێ بە زۆری لەسەر هەمان پرۆگرامو بەرنامەی فیکریو ئەدەبیاتی برایانی موسڵمان دەڕۆیشتو ئەنجام دەدرا.

**+ ئەم رێکخستنو کارە نوێیە بەناوی رێکخستنی ئیخوانەوە کاری دەکرد؟**

- بەڵێ ئەم رێکخستنو کارە نوێیە بەناوی برایانەوە کاری دەکرد، بەڵام نەك بە زەقی.

**+ لە سەرەتای ئەم کارە نوێیەدا فرە میحوەری دروست بوو؟ میحوەرەکان چەند ئاگاداری کاری یەکتر بوونو پەیوەندی لە نێوانیاندا چۆن بوو؟**

- ئەو میحوەر (خەت)انەی دروست بوون تارادەیەك ئاگاداری کاری یەکتر بوون، هەندێ گلەیی لە یەکتر دەکرا، بەلام نەدەگەیشتە کاری توندوتیژی بەرامبەر یەکتر.

**+ هیچ هەوڵێك نەدرا بۆ نەهێشتنی فرە میحوەریو یەکخستنی کار؟ ئەگەر هەبوو کێ پێی هەستاو ئاکامەکەی چی بوو؟**

- هەوڵدرا بۆ نەهێشتنی فرەمیحوەری و یەکخستنی کار، ئەوەبوو لە کۆتایی ساڵی (1988) لە ئێران هەردوو خەتی مامۆستا سدیقو مامۆستا عومەر رێشاوی و مامۆستا سەلاحەددین، بە ئامادەیی چەند برایەك ئیمزا کراو کاری پێکەوە دەستی پێکردەوەوە تا ساڵی (1990– 1991)، بەڵام دواتر پاش گەڕانەوەی سەرکردایەتی باڵی مامۆستا سدیق جیابوونەوەو ناوی خۆیان نا رابەرو پاشان راپەڕین (نهضة).

**+ رێکخستنو کاری نوێ بەرنامەو تێڕوانینی سیاسیی سەربەخۆی هەبوو؟**

- بەڵێ ڕێکخستنو کاری نوێ بەرنامەو تێڕوانینی سیاسیی سەربەخۆی هەبوو.

**+ چالاکی ڕۆشنبیریو سیاسیی  چی بوو؟**

- چالاکی رۆشنبیریو سیاسیی بریتی بوون لە کۆبوونەوە (اسرة)ییەکانو موحازەرە گشتییەکان کە لە لایەن کادرانەوە ئاراستە دەکران.

**+ هیچ گرنگیەك بەکاری ئافرەتان درا؟**

- بەڵێ، گرنگی بەکاری ئافرەتان درا لە چوارچێوەیەکی تەسکدا، بەڵام وردە وردە بەربڵاوبوو.

**+ لە ناوەڕاستی هەشتاکاندا پەیوەندی لە نێوان ڕێکخستنی ناوەڕاستی عێراقو کوردستاندا دروست بوو، کەی ئەم پەیوەندییە دروست بوو؟ کێ ئەم پەیوەندییەی دروست کردو پەیوەندییەکە لە چ ئاستو شێوازێکدا بوو، هاوکاری یان کار تێکەڵکردنو بوون بە یەك؟**

- لە ناوەڕاستی هەشتاکاندا پەیوەندی لە نێوان ناوەڕاستی عێراقو کوردستاندا دروست بوو، بەداخەوە وردەکارییەکەی نازانم لەگەڵ داوای لیبوردن.

**+ چۆن ڕێکخستن ئاشکرابوو کەوتە بەر هەڵمەتی بەعس؟**

- بەهۆی چالاکی ئەو ئەندامانەی کاریان ئەنجام دەدا، بەعس توانی بەهۆی گرتنی هەندێ لە ئەندامانو ئازارو ئەشکەنجەدانیان بەشێوەیەکی زۆر دڕندانە، لە ئەنجامدا هەندێ لەو ئەندامانە ئیعترافیان کردو ڕێکخستن ئاشکرابوو.

**+ کێ لە کوردستاندا لە هەڵمەتی بەعسدا دەستگیرکرا؟**

- لەوانەی لە کوردستاندا لەهەڵمەتی بەعسدا دەستگیر کران: مامۆستا حەسەن پێنجوێنی، مامۆستا حەسەن شەمێرانی، دکتۆر فاتیحو چەند کەسێکی تر.

**+ دوای هەڵمەتی بەعس ڕێکخستن لە کوردستانی عێراق چی لێ بەسەر هات؟**

- دوای هەڵمەتی بەعس ڕێکخستن لە کوردستان عێراق ڕاگیرا، بەڵام ئەندامان بە شێوەی تر کاری ئیسلامییان ئەنجام دەداو خەریکی خۆبەهێز کردن بوون لە بواری فیکرو عەقیدەو ئەخلاقدا.

**+ دوای چوونە ئێران، لەوێ چۆن دەستتان کردە کار؟**

- دوای چوونە ئێران کاری برایان شێوەیەکی باشی وەرگرت، ئەوەبوو لە ئۆرودگاکاندا – هەرچەندە پەنابەر بووین – بەڵام بە شیوەیەکی زۆر ڕێکوپێك سەرگەرمی کاربووین، ڕابوونی ئیسلامیی کوردی زۆر بەرەوپێش هەنگاوی نا، میحوەرەکانیش ئەو ماوەیە یەکیانگرتو لە هەموو ئۆردوگاکاندا ڕێکخستنەکان سەرگەرمی کاربوون، خولێکی درێژخایەنی بەکەڵكو سوود بوو.

**+ کاری ئیسلامیی لە کوردستانی عێراق پەیوەندی بە کاری کوردستانی ئێرانەوە چۆن بوو؟ بە تایبەتی پەیوەندی لەگەڵ کاك ئەحمەدی موفتی زادەو کاك ناسر سوبحانی؟**

- کاری ئیسلامیی لە کوردستانی عێراق پەیوەندی بە کاری کوردستانی ئێرانەوە بە تایبەتی لەگەڵ کاك ئەحمەدی موفتی زادەو کاك ناسری سوبحانی، پەیوەندییەکی دۆستانەو یەکترخوێندەنەوەو تارادەیەك سوود لە یەکتر وەردەگیرا، بە تایبەتی لە کاتی چوون بۆ ئێراندا.

**+ چۆن لە ئێران هەردوو باڵی مامۆستا سدیقو مامۆستا سەلاحەدین یەکیانگرتەوە؟**

- پاش کیمیابارانی شاری هەڵەبجەو دەوروبەری چووینە ئێران، لەوێ بە شێوەیەکی ڕێکوپێك کار ڕێکخرا، وابزانم لە کۆتایی ساڵی (1988) بوو هەردوو باڵ (خەت)ی ڕێکخستن بوونەوە بە یەك، بە ئامادەبوونی چەند برایەك لە هەردوولا ڕێکەوتن و بەڕێزان مامۆستا عومەر ڕێشاویو مامۆستا سدیق عەبدولعەزیزو چەند برایەکی تر ڕێککەوتننامەکەیان ئیمزا کرد، ماوەیەك هەردوو لا پابەند بوون پێیەوە،

کارەکان ئەنجام دەدرا لەسەر ەوەی تا لە ئێراندا بن، بەڵام پاش گەڕانەوە بۆ عێراق مەرج دانەنرا. ئەوەبوو پاش گەڕانەوەمان بۆ عێراق، باڵی مامۆستا سدیق دیسان جیابوونەوە بەناوی رابەرەوەو پاشتر بەناوی راپەڕین کاریان دەکرد.

**+ کارکردن لە ئۆردوگاکانداو بە تایبەت دوای دامەزراندنی ڕێکخراوە خێرخوازییەکان چۆن بوو؟**

- کارکردن لە ئۆردوگاکاندا بە تایبەت دوای دامەزراندنی رێکخراوە خێرخوازەکان زیاتر بەرەوپێش چوو بوو، بە شێوەیەکی زیاتر لێبڕانو یەکلایی بوونەوەو بەرەکەت کەوتە کارەکان، برایانو خوشکان لە هەموو ئۆردوگاکاندا بە شێوەیەکی ڕێکخراوو لەسەر بەرنامەو پرۆگرام سەرگەرمی کاری ئیسلامیی بوون.

**+ رێکخستن چەندێك توانی لە بواری خزمەتگوزاری هاوکاری ئاوارەکان بکات؟**

- لە بواری خزمەتگوزاریدا رێکخستن توانی خزمەتو هاوکاری ئاوارەکان بکات لە ڕووی ماددیو مەعنەوییەوە.

**+ ڕۆڵو کاریگەریتان لە ڕاپەڕینی ئازاری 1991 چی بوو؟**

- راپەڕینی ئازاری 1991 راپەڕینێکی گشتیو گشتگیری بوو بۆ گەلی کورد، لەبەرئەوە برایانیش رۆڵێکی زۆر ئیجابیان هەبوو، چونکە بەراستیی حزبی بەعس ستەمو زۆرداری زۆر کردووە لە گەلی عێراق بە گشتیو میللەتی کورد بەتایبەتی، بۆیە ئەو راپەڕینە لە مێژووی نوێدا بە راپەڕینی میللەتی کورد بە گشتی دادەنرێ.

# دیداری یانزەیەم:

## مامۆستا حەسەن شەمێرانی



حەسەن مەحمود ئەحمەد، ساڵی (1953) لە گوندی کانی کەوەی شەمێران لەدایك بووە، خوێندنی سەرەتایی‌و ناوەندی‌و دواناوەندی ئیسلامیی لە هەڵەبجە تەواو کردووە، ساڵی (1977) کۆلێجی شەریعەی لە بەغداد تەواو کردووە، ساڵی (1979) بە مامۆستای دواناوەندی لە دەربەندیخان دامەزراوە، لە سەرەتای حەفتاکانی سەدەی رابردوەوە پەیوەندی بە کاری ئیسلامییەوە کردوە، دووجار لەلایەن بەعسەوە لەسەر کاری ئیسلامیی دەستگیرکراوە، یەکێکە لە دامەزرێنەرانی یەکگرتووی ئیسلامیی لە (1994/2/6)، ئێستا ئەندامی مەکتەبی سیاسیی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستانە.

شوێن‌و مێژووی دیدار: سلێمانی، 2005/1/26.

**+ سەرەتا سوپاست دەکەم و دەخوازم لەوەوە دەست پێبکەم کە سەرەتای دەستبەکاربوونی بەڕێزتان لە ریزەکانی ئیخوان موسلمین بۆ کەی دەگەڕێتەوە؟**

ـ بسم الله الرحمن الرحیم، سوپاست دەکەمو دەستخۆشی ئەم کارەت لێدەکەمو هیوای سەرکەوتنت بۆ دەخوازم لەم کارە پیرۆزەدا، بە حوکمی ئەوەی باوکم هەستی دینداریو خواناسیی هەبوو، ئالودەی مزگەوت بوو، هەرچەندە نەخوێندەواریش بوو، بەڵام زۆر ئایندار بوو، حەزی کرد هەر بە منداڵی بمخاتە بەر خوێندنی ئایینی، لەبەرئەوە قوتابخانەیەکی سەرەتایی ئایینی لە هەڵەبجە هەبوو، مامۆستا مەلا ساڵحو ئەوان لە گەڕەکی کانی عاشقان سەرپەرشتیان دەکرد، باوکیشم لەوێوە نزیك بوو، لە خزمەتی ئەو مامۆستا بەڕێزانەدا بوو، منی خستە ئەو قوتابخانەو ئیتر هەر لە منالییەوە بە پەروەردەیەکی ئایینی پەروەردە بوومو چاوو گوێم کرایەوە، تا دواتر لە شەش دەرچوومو هاتمە پەیمانگای ئیسلامییو لەوێ زیاتر چاوم کرایەوە، هەڵبەتە لە سەرەتادا منالْ بە تەقلیدی ئایین وەردەگرێت، بەڵام دواتر عەقڵی دەکرێتەوەو دینداریيەکی ساغ وەردەگرێت، منیش کاتێك چاوم کرایەوە هەستم کرد چەند برایەك لە هەڵەبجە هەبوون، هەڵگری بانگەوازی ئیسلامیی بوون، ئامۆژگاری خەڵکیان دەکردو نامیلکەی تایبەتیان پێبوو، لەوانە مامۆستا ئەحمەدی لاورانی هەبوو بە رەحمەتی خوا چوو لە حەفتاکاندا، هەروەها چەند مامۆستایەکی تریش کە لە من گەورەتر بوونو قوتابی بوون لەوێ سەرقاڵی کاری دینداری بوون، ئیتر منیش لەگەڵ ئەوان بووم، رایانکێشام بۆ ئەو قوتابخانەیەو باسی قوتابخانەی برایانی موسڵمانیان بۆ کردم، کە قوتابخانەیەکە دەیەوێت بە رۆحێکی تازەو بە فەهمێکی تازە دینداری لەناو خەڵکدا بڵاوبکاتەوە، ئیتر لەو کاتەوە من بە قوتابخانەی برایانی موسڵمان ئاشنا بووم، کەم کەم هاتمە ناو ئەوقوتابخانەیەوە، بە راستی سوپاس بۆ خوا من هەستم کرد لەو کاتەدا جگە لەو قوتابخانەیە لایەنو قوتابخانەیەکی تر جگە لە وەعزێکی عام کە مامۆستاکانی کوردستان دەیاندا هیچ نەبوو، هەروەها مامۆستایانی هەڵەبجە وەکو مامۆستا مەلا عوسمانو مەلا ساڵح هەر

سەر بەو قوتابخانەیە بوون‌و رۆڵێکی گەورەو تایبەتییان هەبوو کە سەرپەرشتی ئەو قوتابخانەو پەیمانگا ئیسلامیەیان دەکردو ئێمەش تێیدا قوتابی بووین، ئا لەو کاتەوە من بە قوتابخانەی برایان ئاشنا بووم.

**+ مامۆستا ئەگەر یادت مابێت کێ بوون ئەوانەی لە کۆتایی حەفتاکاندا لە هەڵەبجە سەرپەرشتی کاری ئیخوانیان دەکرد؟**

- وەڵڵا ئەوەی من هەستم پێکرد کۆمەڵێك مامۆستای بەرز هەبوو، لەوانە مامۆستا مەلا عوسمان و شێخ عەزیز پاڕەزانی‌و مامۆستا عومەر رێشاوی، هەستم دەکرد ئەوانە زیاتر کاری ئیخوانیان دەکرد بە شێوەیەکی رێکخراوەیی‌و سەرپەرشتی خەڵکیان دەکرد، دیارە مامۆستایانی تریش هەبوون، بەڵام ئەو سێ مامۆستایە زیاتر دیاربوون.

**+ ساڵی (1971) ئیخوان بەرەسمیی کاری راگرت، ئەم بڕیارە چ ئاکامێکی سەبارەت بە کوردستان لێکەوتەوە؟**

- بە حوکمی ئەوەی منداڵ بووم ئەو کاتە زۆر نەچوومەتە ناو وردەکاری ئەو بڕیارە، دوایی هەستمان پێکرد کەوا ئیخوان بە شێوەیەکی بەرفراوان کاری کردووە تا بەعس هات، بەر لە بەعس بە ئاشکرا لە ژێر پەرچەمی حزبی ئیسلامیی کاریان دەکرد لە عێراق‌و کوردستانیشدا رۆڵیان هەبوو، دواتر لە (71) بڕیارێکی وا دراوە کە لە ژێر فشاری بەعسدا هەموو رێکخستنەکانی حەل کردو حزبەکانی نەهێشت، چونکە دیکتاتۆر بوو، تاکڕەو بوو، خۆی بە حزبی قائید دەزانی‌و مەجالی کەسی نەدەدا، ئیخوانیش یەکێك بوو لەو حزبانەی بەر ئەو شاڵاوە کەوت، زۆریان لێ کردو لە ژێر فشاردا لە پێناو ئەوەدا کە ئەندامەکانی پارێزراو بن‌و بەر ئەو شاڵاوە نەکەون‌و رێکخستنیان بوەستێنرێ، بەڵام وەکو کارێکی دینداری گشتیی‌و بانگەواز هەر کەسەو بۆ خۆی کار بکات، من خۆم هەستم بەوەنەکرد چونکە ئێمە بە حوکمی منالێمان‌و ئەندامێکی بچووك بووین لەو کاتەدا، کارمان دەکردو هەستمان نەکرد بڕیارێکی وا هەیە بە ئێمەیان نەوت، ئەوە ساڵی (1971) بوو.

هەڵبەتە کاتێك چوومە قۆناغی ئامادەیی لە پەیمانگای ئیسلامیی، ئێمە چەند کەسێکی چالاك بووین، بە تایبەتیش کە مامۆستا شێخ عەزیز کە مامۆستامان بوو لە پەیمانگاکە، ئەو راستەوخۆ سەرپەرشتی ئێمەی دەکرد، نە خۆی گوێی بەو بڕیارەدا کە بیوەستێنێ‌و نە ئێمەش هەستمان بە بڕیارێکی وا کرد، ئەو لەگەڵ ئێمە هەر بەردەوام بوو.

**+ لەسەر هەمان رەوت؟**

ـ لەسەر هەمان رەووت ئێمە ئوسرەمان هەبوو، دانیشتنی تایبەتیمان هەبوو، بەرنامەمان هەبوو، بە لائیحە کارمان دەکردو کارمان دابەش کردبوو، خۆمان چەند قوتابییەك لە خزمەتی ئەودا بووین، ئێمەش سەرپەرشتی چەند قوتابیەکی ترمان دەکرد، تەنانت بەیعەتو شتیشمان لێوەردەگرتن.

ئەو وەکو جۆرێك لە جۆرەکان مامەڵەی لەگەڵ ئەو بڕیارە وا کردووە، یاخود گوێی بەو بڕیارە نەداو گوایە وەزعی کوردستان تایبەتمەندییەکی هەبێتو ناوچەی هەڵەبجە هەر لە کۆنەوە بانگەواز تیایدا بەهێز بووە، بە پێویستی نەزانیوە کار بەو بڕیارە بکات، کاری نەوەستاندووەو لەگەڵ ئێمەدا هەر بەردەوام بوو، کاری خۆمانو رێکخستنی خۆمان دەکرد.

**+ ئەوانە کێ بوون کە کاریان لەگەڵتان دەکرد؟**

ـ وەڵڵا ئێمە لەو کاتەدا وەکو قوتابیان خۆمو مامۆستا شێخ نەجمەدین موفتی کە ئێستە لە مزگەوتی سەلیم بەگە، لەگەڵ مامۆستا عەلی زەمەقی، مامۆستا عەلی عەبدوڵڵاو مامۆستا موحەممەد فەرەج، کۆمەڵێك بووین لە پەیمانگای ئیسلامیی کارمان دەکردو کارەکانمان بە رێکخستن دەڕۆیشت.

**+ ساڵی (1976) کە مامۆستا پاڕەزانی کۆچی دوایی کرد، کاری ئێوە چی لێ بەسەرهات؟**

ـ جا ئەگەر ئەوەی پێشتر بۆ تەواو بکەم، من لە خزمەت مامۆستادا بووم تا ساڵی (1973)، لەو ساڵەدا پەیمانگای ئیسلامیم تەواو کرد، چووینە بەغداد بۆ

کۆلێجی ئیمام ئەعزەم کە دواتر ناونرا کۆلێجی شەریعە، لەوێ وەرگیراین، کاتێك منو ماموستا شێخ نەجمەدین گواسترانینەوە ئەوێ، چونکە مامۆستا عەلیو ئەوان لە دوای ئێمەوە بوون لە خوێندن، وەکو بڵێی کونیەمان رۆیشتە ئەوێ، لەوێ برایەکی عەرەبی ئیخوان ئاگادار کرابوو کە ئەم دوو قوتابییە هاتوونەتە ئەوێ، ئەوان ئێمەیان بینی لە بەغداد، بۆیە ئەڵێم بە راستی کارەکە بەو شێوەیە نەوەستێنرابوو، کە چووینە ئەوێ ئەو برا عەرەبە لە باخێکدا یەك دوو جار ئێمەی دی، بەڵام لەبەر بارودۆخی تایبەت نەماندەتوانی هەنگاو بنێین، بەڵام لە کۆلێجی شەریعە یەکمان دەبینی، بەڵام نەك وەك رێکخستنێکی تۆکمە، بەڵکو هەریەکمان دەبینیو هانی یەکترمان دەداو بەرنامەیەکی گشتی دەعەویمان بۆ خۆمان هەبوو، بە تایبەتیش لەگەڵ شێخ سامی پەیوەندییمان هەبوو، ئەوەم لە یاد نەچێت کە من لەوێ مامەوەماڵمان چوو بۆ دەربەندیخان، ساڵی (1976) ئێمە لە بەغداد بووین کە بیستمان مامۆستا شێخ عەزیز پارەزانی کۆچی دوایی کۆدوەو هەموو خەمبار بووین.

بە تایبەتیش من زۆر لام قورس بوو، چونکە لایەنی پەروەردەییو رێکخستن کە سودی زۆرم لێوەرگرت لە خزمەت ئەو بەرێزەدا وەرمگرت، لەبەرئەوە زۆر نارەحەت بووم، بەڵام سوپاس بۆ خوا کەسانێك هەبوون شوێنی بگرنەوە.

**+ دوای ئەوە کاری رێکخستن کێ ئەنجامی دەدا لە ناوچەکەدا؟**

ـ ئەوەی من ئاگادار بم مامۆستا شێخ عەزیز گرنگیی بە لایەنی رێکخستن دەدا، دوای ئەو مامۆستا عومەر رێشاویو ئیبراهیم رێشاوی لەگەڵ چەند برایەکی تر ئەوانیش کاریان دەکرد، بەڵام ئەوەی کە من هەستم دەکرد، ئەوان پابەندبوون بەوەی کە رێکخستن وەستاوە، بەس تەنها کاری بانگەوازیان ئەنجام دەدا، بیریشمان نەچێت لە (11)ی ئازار بە دواوە ماوەی ئەو چوار ساڵە کوردستان وەزعێکی تایبەتی هەبوو، بە تایبەتیش ناوچەی هەڵەبجە، ئێمەش وەکو قوتابیانی پەیمانگای ئیسلامیی بە سەرپەرشتی مامۆستا شێخ عەزیزو ئەو مامۆستا بەرێزانە، هەموو ساڵێك لە مانگی مەولوددا زنجیرەیەك ئاهەنگمان دەگێڕا لە مزگەوتەکانی

هەڵەبجەو شارەزوورو گوندەکاندا، ئەچووینە سەرگەتو خورماڵو سەیدسادق، قوتابیانی پەیمانگای ئیسلامیی زیاتر سەرپەرشتیان دەکرد، مامۆستا مەلا عەلی ئەو کاتە بەڕێوەبەرمان بوو، حاڵەتێکی دینداری گشتیمان دەست پێکرد، لە ڕێگەی ئەو ئاهەنگانەوە کە وتارو هۆنراوەی تیادەخوێنرایەوە، لەمەدا مامۆستا جوتیارو ئەوانیش ڕۆڵیان بینی، ئەوانە بە ڕاستی لە ناوچەکەدا دەنگی باشی دایەوو سوودی گەورەی هەبوو، ئەوەش هەموو بە تەوجیهی ئەو قوتابخانەو مامۆستا بەڕێزانە بوو کە لەوکاتەدا ئیدارەی ئەو بانگەوازەیان دەکرد، جا من بە حوکمی ئەوەی ماڵمان لە هەڵەبجە نەما، خۆشم لەوێ نەمام، ئیتر کەمتر ئاگاداری وەزعی هەڵەبجە بووم، بەوپێیەی لە (1971) ڕێکخستن بە ڕەسمی ڕاگیرابوو ئیتر ئیبحتیهاداتی شەخسی زیاتر بوو لەو کاتانەدا ڕۆڵی دەبینی، مامۆستای وابوو زۆر چالاکی دەنواندو هی وابوو کەمتر.

مابوەوە سەرئەوەی کەوا ڕەوتەکە زیاتر دەچووە خانەی هەوڵی تاکە کەسی، بە شێوەیەکی گشتی سوپاس بۆ خوا فیکرەکە وەرگیرا بوو، بەڵام هەندێ مامۆستا زۆر چالاك بوو، هەندێکی تر کەمتر چالاك بوو، من وەکو خۆم سوپاس بۆ خوا ئەو زەخیرەیەی کەوا بۆم دروست ببوو لە حەفتاکانداو لەو قوتابخانەیەو لە خزمەتی ئەو نامیلکەو کتێبانەدا، وەکو (في ظلال)و کتێبەکانی موحەممەد قوتبو ئەو شێوانە، من خۆم بە تەنیا لە ناوچەی دەربەندیخان کە ماڵمان لەوێ بوو کە بە هاوینان دەگەڕامەوە، لە نێوان ساڵانی (1973- 1977) کولێجم تەواو کرد، ئەو کاتانەی دەگەڕامەوە مزگەوتێکمان بوو، مزگەوتی کانی توو لە دەربەندیخان، لەوێ ئەگەر خوای گەورە قبوڵی کات هەوڵمدا کەم کەم ئەو مەفاهیمەی وەرم گرتبوو لە ناو خەڵکی عامدا بڵاوی بکەمەوە، مزگەوتەکەش وا ڕێکەوتبوو مەلای نەبوو، منیش بە حوکمی ئەوەی قوتابی کولێجی شەریعە بووم، بە ڕەمەزانو هاوینان ئەهاتمەوەو خۆم ئیدارەی مزگەوتەکەم دەکرد، خۆم ئیمامەتم دەکردو وتاری دوای عەسرانم دەدا، وردە وردە چوومە ناو خەڵکەکەوەو منیان ناسیو من خەڵکم ناسی،

لەوەوپێش لە ناوچەی دەربەندیخان بانگەوازێك نەبوو بەو شێوەیە، سوپاس بۆ خوا دەستمان پێکردو گەر خوا قبوڵی بکات بەردی بناغەی بزاڤی ئیسلامیی لە دەربەندیخان دروست بوو، ئیتر بەو شێوەیە تا ساڵی (1977)، دوو ساڵێ دوای ئەوەش سەربازیم کرد لە ناوچەی جەلەولاو هەموو هەفتەیەك دەگەرامەوە، بەوشێوەیە لەوێ چەند کەسێکم پێگەیاند، بە ناوی ئیخوانەوە قسەم نەدەکرد، بەڵام خۆم دەمزانی خەریکی چیمو ئەو مەفاهیمانەم پێبوو، بەڵام نەك وەکو رێکخستنێکی تۆکمەو هەر بەناوی دینداریو ئامۆژگاری گشتی، بە ناوی ئەوانەوە سوپاس بۆ خوا بوژاندنەوەیەك دروست بوو لە ناو دەربەندیخانو دواتر بەرفراوان بوو، چەند برایەك لەوێ بڕیارماندا پێکەوە دەرسمان دانا، تەفسیرمان دانا لە مزگەوتی کانی توو، هەندێ شوێنی وەکو دوکانی تایبەتمان هەبوو لەوێ قسەو باسمان دەکرد، دواتریش لە ساڵی (1978) لە رەمەزاندا هەر دە شەوی قەدر دادەنیشتینو بەرنامەیەکی چڕوپڕمان دادەڕشتو خەڵك زۆر لە دەورمان کۆببووەوە، ئەوکاتەش بەعس زۆر دەسەڵاتدار بووکەوتە چاودێریکردنمان، چونکە وەکو بڵێ دانیشتنەکانمان نائاسایی نەبوو، جوڵانەکانمان ئاسایی نەبوو، کەوتە چاودێریکردنمان.

ساڵی (1979) سەربازیم تەواوکردو هەر لەوێ دامەزرام بە موردەیس لە دواناوەندییەك، لەناو قوتابخانەکەشدا هەر لە سەر ئامۆژگاریو روونکردنەوەی دین بەردەوام بووم، بە تایبەتیش چونکە وانەی عەرەبیو ئایینم دەوتەوە، هەندێ لە قوتابییەکان کە سوپاس بۆ خوا ئێستە زۆربەیان لە ئیشو کاردان بەرهەمی ئەوکاتەن، تا ساڵی (1980) بڕیاری گرتنمان درا، خۆمو دوو براو پێنج کەسی تر، شەوێك دوای دوانزەی شەو لە ئیستیخباراتی عەسکەری هاتن گرتنیان، ئەو کاتە شۆڕشی ئێران لە سەرەتای بوو بە ناوی ئەوانەوە گیراین، تا راپۆرتەکە وانوسرابوو (مجموعة ملا حسن الزمرة العمیل خمینی)، چونکە وەکو نەریتی دیکتاتۆرەکان چی لەو کاتەدا قاچاخ بێتو ئیدانەی ئەو کەسەی پێ بکەن بەو ناوەوە دەیگرن، ئێمەش سوپاس بۆ خوا کۆمەڵێکی ئیسلامیی بووینو رێکخستنێکمان هەبوو، بەڵام لەو

کاتەدا حزبی دەعوەو ئەوانە قاچاخ بوون، ئێمە بە ناوی ئەوانەوە ناوزەد دەکراین، ئەو گرتنەش خۆمو حسەینو ئەحمەدی برام، لەگەڵ دکتۆر مەجید ئێستە لە هۆڵەندایە، کاك رەسول کە ئەندازیارەو ئەندامی مەڵبەندی گەرمیانە، کاك حەسەن ئاوارە کە وێنەگر بوو لە دوکانەکەیدا زیاتر دادەنیشتین، کاك سەلام بەننا بوو، کاك کەمال حاجی موحەممەد وەردەیان پێدەوت، کاك تۆفیق برای دکتۆر مەجید یەك شەو گیراو بەیانی ئازاد کرا، وتیان ناوی ئەوی تیا نییەو ئازادیان کرد.

ئەو کۆمەڵە گیراین، جا دوای گرتنەکە شەوێك تا بەیانی لە ئیستیخبارات لێیانداینو ئازاریانداین، بۆ بەیانی لە زیلێکدا هەر حەوتیان بەستینەوەو هێنانیان بۆ فیرقەی سلێمانی، لەوێش پێنج شەوماینەوە، ئیتر لەو کاتەدا گرتن زۆر سەخت بوو، کەسێك بە ناوی کوردایەتیی یان ئیسلامەتیی بگیرایە زۆر مەترسیدار بوو، زۆر دەترساین لەوەی بمانبەن بۆ کەرکوك، ئەگەر بیانبردینایە مەگەر قەدەر ئەگەرنا رزگارمان نەدەبوو، خزمو کەسوکار بۆمان کەوتبوونە هەوڵدان، دوای (21) رۆژ ئازاد کراینو چووینەوە بۆ دەربەندیخان، مەبەستم لەم گێڕانەوەیە ئەوەبوو کەوا هەر لەو کاتەوە بوژاندنەوەکیش لە دەربەندیخاندا دروست بوو، هەرچەندە ناوی ئیخوانی لێنەنراوەو ئەو کاتە ناوی ئیخوان قەدەغە بوو، بەڵکو ئێمەش بە ناوی رێکخستنی ئیسلامیی نوێوە کە برایانی ناو رێکخستن خۆیان دەیانزانی چی دەکەن کارمان دەکرد، دوای ئەوەی ئازاد کرام هەستم کرد چاودێریم دەکەن، بۆیە پاش چەند مانگێك خۆم نەقڵی هەڵەبجە کردو ماڵم بردە ئەوێ.

**+ هەوڵەکانتان لەگەڵ ناوچەکانی تر پێکەوە گرێ نەدا؟**

ـ ئەو کاتە من لە دەربەندیخان بووم پەیوەندییمان هەبوو بە مامۆستا عومەر رێشاوی لە هەڵەبجە، هەروەها مامۆستا ئیبراهیم رێشاوی.

**+ ئەوان کاری رێکخستنیان دەکرد؟**

ـ خەڵکەکە وەکو ئیخوان دەیناسین، چونکە پێشتر ئیخوان یوون، بەڵام رێکخستن زۆر تۆکمە نەبوو بەو شێوەیەی پەیوەندییەکی ئەندامێتیمان پێکەوە

هەبێت، بەڵام هەر سەردانو بە مەفاهیمە کۆنەکە کارمان دەکرد، شەوانە پێکەوە دادەنیشتین، بە تایبەتیش مامۆستا سەلاح چنارەیی کە لە چنارە مامۆستا بوو لە نزیك دەربەندیخان یەکترمان دەبینی، ئەویش حەلقەیەکی وەسڵ بوو لەگەڵ مامۆستا ئیبراهیم ڕێشاوی، ئەو قوتابیانەی کۆن لە هەڵەبجە پێکەوە بووین وەکو مامۆستا موحەممەد فەرەج، مامۆستا هادی عەلیو مامۆستا عەلی زەمەقی ئاگامان لە یەکتر بوو، بەڵام ئەو ڕێکخستنە تۆکمەمان نەبوو.

**+ تا کەی؟**

- بەم شێوەیە هەر کەسەو لە میحوەری خۆیەوە بەردەوام بوو، من لە دەربەندیخان بووم سوپاس بۆ خوا ئەوەم پێکهێنا، مامۆستا مەلا موحەممەد هۆرێنی لە کەلار ئەویش ڕۆڵێکی باشی هەبوو، مامۆستا حەمەرەشید ماوەتی لە سلێمانیو مامۆستا حەسەن پێنجوێنی لە سلێمانی، مامۆستایانی هەڵەبجە لەوێ، مامۆستا موخلیسو مامۆستا فوئاد لە هەولێر، هەرکەس میحوەر میحوەرو هەرچەندە زۆر ئاگامان لە یەکتر نەبوو، بەڵام ئەو مەفاهیمانەی پێشتر وەرمان گرتبوو لەوەوە بە واجبێکی شەرعیمان دەزانی لە هەرکوێ بین دەبێت بانگەواز بکەین، ئا بەو شێوەیە هەر کەسەو لای خۆیەوە میحوەر میحوەر کارمان دەکرد، بە شێوەیەکی گشتی ئاگاداری یەکتر بووین، نەك بەو شێوەی بەرنامەدابنێینو نەخشیەکمان بۆ کار هەبێت.

ئەمە بەردەوام بوو تا خۆم نەقڵ کرد بۆ هەڵەبجە، دیارە من ئەوەت بۆ باسدەکەم کە خۆم ئاگاداری بووم، ساڵی (1980) کە چوومە هەڵەبجە لە دواناوەندییەکە کۆمەڵێك مامۆستا بووین، وەکو مامۆستا موحەممەد فەرەج، مامۆستا حەیدەرو مامۆستا عوسمان، دواتر مامۆستا فازیل هات، دواتر مامۆستا هادی هات بۆ سلێمانی، ئەوانە هەموو لەوێ کۆبووینەوە، ناوچەی هەڵەبجەش سوپاس بۆ خوا هەر خۆی کرانەوەیەکی تیابوو، بانگەوازێکی گشتیی تیابوو، ئێمەش لەو قوتابخانەیەدا کە زۆر قەرەباڵغ بوو ڕۆڵێکی گەورەو باشمان بینی بە تایبەتیش

له وانەی ئایین، چونکە ئێمە مامۆستای وانەی عەرەبی‌و ئایین بووین، بە ئاشکرا باسی ئیسلاممان بۆ قوتابیەکان دەکرد، لەو کاتانەدا قوتابیەکی زۆر سوودیان لەو مامۆستایانە بینی، سوپاس بۆ خوا لەوێوە بوژانەوەیەکی گشتی دروست بوو تا فێرار بوین لە ساڵی (1982).

هەڵبەتە ساڵی (1980) مامۆستا سەلاح فێرار بوو هاتە هەڵەبجە، لەو کاتەدا لە ماڵی کاك عنایەت کۆبووینەوە کە نزیکەی (8 – 9) برا بووین، کۆبووینەوەو بڕیارماندا دەبێت شتێك بکەین، لەوکاتەدا شەڕی عێراق ـ ئێران دەستی پێکردبوو، ئەوە فێرار وردە وردە دروست دەبێت‌و دەبێت بیر لەوە بکەینەوە کە نەفەوتێن‌و بەرەوکوێ بچین‌و بڕیارماندا نەچینە سەربازی‌و بەشداری شەڕی عێراق – ئێران نەکەین، لەو کاتەدا ئەو بیرۆکەمان بە خەیاڵدا هات کە سەفەرێکی خوارەوە بکەین‌و بزانین بە شێوەیەکی گشتی وەزعی عێراق چۆنە.

**+ ئەو کاتە مامۆستا سەلاح سەرپەرشتی ئەو دانیشتنەی کرد؟**

ـ مامۆستا سەلاح لە دانیشتنەکەدا بەشداربوو، ئێنجا لەوێدا بڕیارماندا کە (4) کەسمان بچینە کەرکووك‌و هەولێرو موسڵ‌و بەغداد، بۆ ئەوەی بزانین چی بکەین‌و ئەو برایانەی تر ببینین، چونکە وا دەردەکەوت ئەو قۆناغە پێویستی بە جوڵە‌و کاری زیاتر دەبێت.

**+ بەشداربووانی ئەو دانیشتنە کێ بوون؟**

ـ لە دانیشتنەکاندا ئەوەی لەیادم بێت مامۆستا سەلاح، مامۆستا ئیبراهیم ڕێشاوی، مامۆستا عەلی موحەممەدو مامۆستا عەلی عەبدوڵڵا بوو، ئەوانەم لە یادە، جا دوای ئەوە سەفەرێکمان کرد کە پێکهاتبوو لە من‌و مامۆستا سەلاح‌و مامۆستا عەلی موحەممەدو مامۆستا تەها شەفیق، بەڵام مامۆستا تەها لە کارەکەی ئێمەدا نەبوو، زیاتر لەبەر هاوڕێیەتی لەگەڵ مامۆستا ئیبراهیم ڕێشاوی هاتبوو، چونکە تێکەڵاوی زۆر بوو لەگەڵیدا، ئەگەرنا ئەوەی ئەسڵی سەفەرەکە بوو مامۆستا سەلاح، مامۆستا ئیبراهیم ڕێشاوی، مامۆستا عەلی موحەممەدو منیش لە خزمەتیاندا بووم.

مامۆستا عەلی ئۆتۆمبیلەکەی لێدەخوڕی، چووین بۆ سلێمانیو لەوێوە بۆ کەرکووکو بەغدادو موسڵ.

**+ لەم سەفەرەدا کێتان بینی؟**

ـ لەو سەفەرانەدا چەندین برامان بینی، لە کەرکووک مامۆستا عابدینمان بینیو لە بەغداد کاک سەباح ئەبوئەیمەنیان پێدەوت ئێستە لە ئیماراتە، لە هەولێر مامۆستا فوئادو مامۆستا موخلیسمان بینی، لە موسڵ مامۆستا موستەفا پێنجوێنیمان بینی، لەگەڵ ئەمانەدا باس لەوە دەکرا کە شەڕی عێراق ـ ئێران هاتۆتە پێشو کارێك بکەین باشە، هەموو هاتینە سەر ئەوەی پێویست بە جوڵانێك دەکات، بەوشێوەیە ئەو سەفەرەمان کردو هەندێ زانیاریمان وەرگرتو هاتینەوە، کە هایتنەوە پاش ماوەیەك لەگەڵ مامۆستا سەلاح بیرمان لەوە کردەوە بەوشێوەیە ناژینو ناچین بۆ سەربازیو باشترین چارەسەر لامان ئەوەبوو کە بچین بۆ ئێران، بڕیارمان هاتە سەر ئەوەی سەفەرێکی ئێران پێویستە، ئەمەش بۆ ئەوەی کارێکی ئیسلامیی بکەین.

**+ ئەمە ساڵی چەند بوو؟**

ـ ساڵی (1980) بوو، مامۆستا سەلاح لە پێشدا ڕۆیشت، وتی ئەچمە لای خزمەکانم لە پاوەو لەوێ جێگیر دەبمو شتێك دروست دەکەم، دوایش ئێوە بێنو هەوڵدەدەین نەچینە ئۆردوگاو شتی وا و لەم سنوورە کۆببینەوە، مامۆستا سەلاح بەو نیازە چوو، ساڵی (1982) منو مامۆستا عەلی موحەممەدو مامۆستا حەیدەر عەبدوڕڕەحمان و کاك فاتیحو مامۆستا جەمیل (کە ئێستا قائیمقامی هەڵەبجەیە) ئەوسا لەگەڵ ئێمە بوو، لەگەڵ چەند برایەکی تر کە پێکەوە بووبن فیرار بووین، هەموو پێکەوە بڕیارماندا بچینە ئێرانو بەو نیازەش چووین کە بڕۆین لە پاوە بگیرسێینەوەو کاری ئیسلامیی بکەین، جا ئێمە چووینە ئێران، بەڵام لە سنوور نەیانهێشت بچینە پاوە، یەکسەر بردیانین بۆ جوانڕۆ لەوێشەوە بۆ خوڕەم ئاباد لەولای کرمانشا، هەواڵمان نارد بۆ مامۆستا سەلاح کەوا لە خوڕەم ئابادین، لەو کاتەدا مامۆستا سەلاح لە کرمانشا بوو، پاش ماوەیەك مامۆستا سەلاح هات بە

شوێنمانداو مامۆستایەکی تری هێنابوو تا ببێتە کەفیلمان، ئەو کاتە ئەگەر ئێرانییەك ببوایەتە کەفیلی کەسێك ئەوا لە ئۆرودوگا دەهێنرایە دەر، مامۆستا سەلاح مامۆستا ئەحمەدی نیعمەتی کە خزمی خۆی بوو لە پاوە مامۆستا بوو هێناو بووە کەفیلی منو مامۆستا عەلیو لەگەڵیان چووینە پاوە، لەوێ دانیشتنمان کردو بیرمان لەوە کردەوەو کە حزبێك دروست بکەینو لە ژێر ئەو پەرچەمەدا کە ئێران رازی بێتو شوێنمان بداتێو ئەو داوایانەی ئێمە هەمانە ئەنجامی بدات، لە ژێر ئەو ئالآیەدا هەندێ کاری ئیسلامیی بکەین.

+ پێشتر مامۆستا سەلاح لە ئێران هیچ کارێکی کردبوو؟

ـ مامۆستا سەلاح هەر کە لە هەڵەبجە چوو بە نیازی کارکردن رۆیشت، بەڵام بڕیاری دروستکردنی حزبمان نەدابوو، بەڵکو وتمان دەچینە ئەوێو بزانین لەوێ وەزع چۆنە، بە تایبەتیش لە ناوچەی پاوە شوێنێك بۆ خۆمان دروست بکەین، ئیتر پێش ئێمە هەندێ جوڵەی کردبوو، هەندێ بەرپرسی ناوچەیی بینیی بوو کە زیاتر خزمی خۆی بوون، وەکو مامۆستا قادری قادریو ئەحمەدی بارامی لە ناوچەی پاوە، کە هەموو ناسراوی خۆی بوونو هەندێکیان ئیمام جومعەی ئەوێ بوون، لەوێ ئەوانەی بینیو هەندێ زەمینەسازی کرد تا ئێمە رۆیشتین بۆ ئەوێ، کەواتە پێش ئەوەی ئێمە بچین ئەو هەوڵە شەخسییانەی دابوو، بەڵام وەکو جموجوڵی رەسمیو دروستکردنی حزب، ئەو کارەی نەکردبوو تا ئێمە رۆیشتین، بەڵام لە ئۆردوگاکاندا هەندێ جموجوڵی کردبوو، هەندێ ئیخوانی عەرەب چووبوونە ئەوێ وەکو ئەبو یاسرو حاجی رەشید کە ئەبوحەمدییان پێدەوت ئێستە لە بەغدایە، لەگەڵ چەند برای تر لەوێ باسو خواسیان کردبوو، کە ئێمە چووین چەندین برای تریش هاتنە دەرەوە، ئینجا هاتینە سەر ئەوەی حزبێك دروست بکەینو لائیحەیەك دابنێینو پەیڕەو پرۆگرامی ناوخۆ دابنێینو بە ئێران بڵێین ئێمە بەو شێوەیە کار دەکەین.

+ چ هەنگاوێکتان نا؟

- چووین لە تاران کۆبووینەوە لە ئوتێلی (ئەلوەندرود)، چەند برایەك بەشدارییان تیا کرد لەوانە مامۆستا سەلاح، شێخ عەبدوڕڕەحمان بەرزنجی، مامۆستا عەلی موحەممەد، مامۆستا کرێکار، مامۆستا موحەممەد حەسەن، ئەبوحەمیدو ئەبویاسر (ئەو دوانە عەرەب بوون)، لەو ئوتێلە دانیشتین‌و چەند شتێکمان داناو چەند بڕیارێکمان دەرکرد.

1- حزبێك دروست بکەین بە ناوی حزبی (ئەنسار)، کۆمەڵی ئەنساری ئیسلامیی (جماعة الانصار الاسلامية)، هەموو لەسەر ئەو ناوە پێکهاتین.

2- داوا بکەین لە ئێران کە دوو مەڵبەندو شوێنمان لە ناوچەی پاوەو مەریوان بۆ بکاتەوە.

3- ئێمە کاری ڕێکخراوەیی‌و پەروەردەیی دەکەین، ئێران مۆڵەتمان بدات لەو دوو شوێنە بارەگا دابنێین، ئەو فیرارانەی دێت بتوانن لەوێ پەیوەندی بکەن بە ئێمەوە، تا ئامادەیان بکەین‌و پەروەردەیان بکەین‌و کاری خۆمان ئەنجام بدەین، هەروەها مۆڵەتمان بدەن کەوا ئەو برایانەی لە ئۆردوگاکانن دەریان بێنین‌و بیانبەین بۆ لای خۆمان، بەڵام ئێمە ئامادەییمان نەبوو بۆ ئەوەی چەك هەڵبگرین، پێناسەی خۆشمان کرد کە ئێمە کۆمەڵێك لە برایانی ئیخوانین، ئێستا دەمانەوێت بەو شێوەیە کار بکەین، دژی حکومەتی عێراق کە ئێمەی ڕاوناوەو ستەمی لێکردووین، ئێمە دژایەتی دەکەین‌و ئامادەین کەوا دژایەتی بکەین، بەڵام بەم شێوەو لەم بۆچوونەی خۆمانداو ئێستا ئامادەییمان نییە چەك هەڵگرین.

**+ ئەمە ساڵی چەند بوو؟**

- ئەمە ساڵی (1982) بوو، دوای ئەوە ئێمە بەرنامەمان هەموو نووسی‌و لە نێوان خۆماندا بڕیارمانداو پێمان باش بوو پێشکەشی ئێرانی بکەین.

**+ مامۆستا سەلاحتان کردە بەرپرسی گشتیی؟**

- نەخێر، شێخ عەبدوڕڕەحمان، چونکە زانا بوو لە بەرامبەر ئێرانیشدا واجیهە بوو، مامۆستا سەلاحیش جێگری بوو.

چووینە سەرۆکایەتی وەزیرانو لەوێ پرۆژەکەمان پێشکەش کردو چاوەڕوانی وەڵامەکەی بووین، تا دوو سێ مانگ چاوەڕوانمان کرد وەڵامی نەبوو، نە بە ئیجابو نە بە سلبی، ئێمە گەیشتینە ئەو بڕوایەی کە ئێران ئامادە نییە مۆڵەتمان بداتێو رازیی نییە بە بارودۆخەکە، لەبەرئەوە ئێمە لە ناو خۆماندا بڕیارماندا دەست بکەین بە کاری خۆمان، بەڵام لافیتەی ئەنسارمان لابرد، هەرچەندە لەو دوو مانگەدا نامیلکەو گۆڤارمان دەرکرد.

**+ گۆڤارتان دەرکرد؟**

ـ گۆڤارێکمان بەناوی (انصار) دەرکرد، دواتریش کە من هاتمەوە شتێکی تر دەردەچوو بە ناوی (نداء الغریب)، دوای ئەوەی وەڵام نەبوو ئەو ناوەمان لابرد، هەر لە ژێر لافیتەی ئیخواندا بڕیارماندا بە نهێنی لە ناوەوەوە دەرەوەی ئۆردوگاکاندا کار بکەین.

**+ هەر مامۆستا عەبدوڕڕەحمان سەرپەرشتیار بوو.**

ـ مامۆستا عەبدوڕڕەحمان تا ماوەیەك بوو، بەڵام دوای ئەوەی ناوی ئەنسارمان لابردو تەشکیلە تێکچوو مامۆستا عەبدوڕڕەحمان نەماو مامۆستا سەلاح بەرپرسی کارەکە بوو، ئیتر لە ئێران بەو شێوەیە دەستمان پێکردو کارێکی پەروەردەیی رێکوپێك لە ئۆردوگاکاندا کرا، ئەو برایانەی لە عێراقەوە دەهاتن پەیوەندیمان پێوە دەکردن، ئێمە کە لە ئۆردوگا دەرچووینو هایتنە پاوە منو مامۆستا عەلی ژوورێکمان گرتو تیایداماینەوە، چونکە ئێمە رەسمی بووینو کەفالەتمان هەبوو، دوای ماوەیەکی کەم مامۆستا عەلی خێزانی هێناو خانووی گرت، مامۆستا سەلاحیش ماڵی لەوێ بوو، من بە تەنها لە ژوورەکەمدا مامەوە، بەڵام برایانی تر لە هەموو لاوە هاتن لەوانە کاك کرێکار هاتو ماوەی نزیکەی پێنج مانگ لەو ژوورەدا پێکەوە بووین، دواتر کاك دارا لەگەڵ ئەبوحوزەیفە کە هەولێری بوونو دواتریش کاك حەسەن عەلی هاتن، هەندێ لەوانە بە قاچاخی هاتن لەگەڵ کاك عوسمان عەبدوڵڵا پریسی، ئەوانە هاتن بۆ ئەوێو ماوەیەك لەو ژوورە مانەوە، مامۆستا سەلاحیش ماڵی چووە

سەرەوە، مزگەوتێك هەبوو بە ناوی مزگەوتی بیلالو خانوویەکیان بۆ مامۆستا سەلاح کردو چوە ئەوێ ئیدارەی مزگەوتەکەی درایە، ئێمەش چووین لە سەروو ئەوێوە ژوورێکمان گرتو ناومان نا تەکیە، وەکو شێوە مقەڕێك بوو، مامۆستا بورهانی ئەمینیش هات بۆ ئەوێ لەوێ ماینەوە، تا نزیکەی ساڵێكو مانگێك ئێمە لە پاوەدا بووین، کارێکی باشمان کرد لە دوو لایەنەوە. لایەنێکی ناوخۆی خۆمان ئەو برایانەی عێراق هەم سەردانمان دەکرد بۆ ئۆردوگاکان، هەم ئەوان ئەهاتن بۆ لای ئێمەو لە ماڵی مامۆستا سەلاحو ژوورەکەی ئێمە، دووەمیش لە ناو خەڵکی پاوەدا کەم کەم پەیوەندیمان پەیدا کرد، هەندێ لەوانە قوتابی ئامادەیی بوونو هاتن ئێمە دەرسمان بۆ دانان.

**+ ئەی لەسەر ئاستی دەرەوە پەیوەندیتان نەکرد بە ئیخوانی دەرەوە؟**

ـ دوای ئەوەی ئەو کارانەمان کرد، دوای (13) مانگ بڕیارماندا مامۆستا عەلیو من بە کاری ڕێکخستن بێینەوە بۆ ناوخۆ.

**+ مامۆستا عەلی موحەممەد؟**

ـ بەڵێ مامۆستا عەلی موحەممەد، عەلی زەمەقی.

**+ مامۆستا بەرلەوەی بگەڕێنەوە لە ئێران شورای مەکەزی سوننەت دروست بوو، پەیوەندی ئێوە بەمانەوە چیبوو، ئەی پەیوەندیتان بە کاك ناسری سوبحانیو ئیخوانەکانی ئێرانەوە چیبوو؟**

ـ پێش ئەوەی من بڕۆم کۆنگرەیەك لە کرمانشا گیرابوو، مامۆستا موفتی زادە لەگەڵ برایانی مەکتەب قورئانو مامۆستا ناسر سوبحانی و چەندین برای تر تێیدا بەشداربوون، مامۆستا ناسر سوبحانی پەیوەندی کردبوو بە قوتابخانەی برایانەوە، پێش ئەوەی مامۆستا سەلاحیش بڕواتو بەر لە شەڕی عێراق ـ ئێران، مامۆستا بورهان ئەمینی چوو بووە ئەوێ، لەوێ ڕۆڵی گەورەی بینی بۆ ئەوەی ئەو برایانە سوود وەرگرن لە قوتابخانەی برایان، مامۆستا ناسر سوبحانی ببووە ئیخوان، دواتر هاتە ڕێکخستنەکەی ئێمەو مامۆستایەکی بەرزو بەڕێز بوون، بەڵام دوای کۆنگرەکە

بڕیاری گرتنی هەموویان درا، موفتی زادەو چەندین کەس گیران، بەڵام سوبحانی خۆی شاردەوەو نەگیرا، لەبەرئەوەی موفتی زادە گیرابوو، ئیتر سوبحانی بۆ هەمووان دەژیاو سوودی بە هەمووان دەگەیاند، بە برایانی ئەوانیش‌و ئیخوانیش، من وەکو خۆم یەکجار گەیشتم بە خزمەتی سوبحانی، رۆژێك لەگەڵ مامۆستا سەلاح چووین بۆ سنە، ئەو لەوی ئیختیفا بوو، ئیتر من هەر ئەو جارە بینیم، ئیتر دوای ئەوە ئێمە هاتینەوە بۆ عێراق، ئەوان کاریان بەرەوپێشتر چوو لە ئێران، مامۆستا سەلاح خۆی پەیوەندی کردو چوو بۆ دەرەوە، لەوێ ئیخوانی دەرەوەی ئاگادار کردو رەسمیەتی وەرگرت، کاری ئێران واتە کاری عێراق لە ئێران رەسمیەتی وەرگرت، مامۆستا سەلاح بە بەرپرسی یەکەم ناسرا، من هەر ئەوەندە ئاگادارم، چونکە من‌و مامۆستا عەلی هاتینەوە ناو عێراق.

**+ لێرە چۆن دەستتان بە کار کرد؟**

ـ کە هایتنەوە لێرە هەوڵماندا ئەو میحوەرانە ببینین، بەڵام لەبەرئەوەی من بە نیاز بووم کە هاتمەوە تەسریح ببم‌و دەستواڵا بم، زۆر هەوڵمدا تەسریح نەبووم، چونکە عەریزەی کۆنم نەبوو لە کاتی لێبوردن‌و شتدا نەهاتبوومەوە. مامۆستا عەلی لەبەرئەوەی کاتی لێبوردنەکە براکانی عەریزەیەکیان بۆ دابوو ئەو تەسریح بوو، لەبەرئەوەی ئەو زیاتر دەیتوانی بچێتە هەولێرو سلێمانی.

بەڵام من هەر لە هەڵەبجە بووم، ئەوان دەهاتنە هەڵەبجە، جا ئەو برایانەی بەرپرسی میحوەری سلێمانی‌و هەولێر بوون هاتن، مامۆستا حەسەن پێنجوێنی‌و مامۆستا حەمەرەشید ماوەتی هاتن‌و یەکترمان دەبینی، برایانی هەولێریش مامۆستا عەلی سەردانی دەکردن، لەوانە مامۆستا موخلیس‌و مامۆستا فوئادو چەند برای تر وەکو عومەر ئیسماعیل، ئەوان کە لەوێ بوون‌و سەرپەرشتی کاری هەولێریان دەکرد، بەلام کارەکان زیاتر گشتی‌و میحوەری بوو، لەبەر وەزعی بەعس، بەڵام لە ئێران لائیحە هەبوو، پەیڕەو پرۆگرام هەبووە، ئەوەمان هێناو گواستمانەوە بۆ ئەم برایانەو ئەم برایانەش لەسەری کۆبووینەوەو بە شێوەیەکی رێکوپێك دەستمان کرد

بە کار، ئەوەش کە ئاماژەی پێ بکەم دوو برای چالاكو گەنج بوو یەکەم هیوا سابیر لەگەڵ کاك موحەممەد قوتابی بەیتەری بوو، ئەو کاتەو ئێستا پێی دەڵێن دکتۆر موحەممەد، ئەو دووانە ماڵیان لە ناوچەی شارەزوورو سەیدسادق بوو لە ناو قوتابیاندا زۆر چالاك بوون، ئەو کاتە لە موسڵ دەیانخوێندو سەرپەرشتی کاری قوتابیانی موسڵیان دەکرد، هاتووچۆی ئێمەیان دەکرد لە هەڵەبجە، بەرنامەو شتیان لە ئێمە وەردەگرت، خۆشیان زۆر چالاك بوونو ئیدارەی چینی لاوانی موسڵو زانکۆیان دەکرد.

**+ توانیتان ڕێکخستن پێکەوە گرێ بدەنەوە؟**

ـ ئیتر بەو شێوەیە ڕێکخستن دەستی پێکردەوە، واتە بەشی ئیخوانی عێراق.

**+ مامۆستا ئیبراهیمو ئەوان لە هەڵەبجە بوون؟**

ـ مامۆستا ئیبراهیم بە جددی لەگەڵمان بوو، بەڵام مامۆستا عومەر پابەندبوو بە بڕیارەکەو ئەو جموجوڵەی ئێمەی پێ باش نەبوو، بەڵام ئێمە گوێمان بەوە نەداو ئەو کارەمان بە واجبی خۆمان دەزانی.

**+ ئێوە وابەستە بوون بە ڕێکخستنی ئێرانەوە؟**

ـ لەگەڵ مامۆستا سەلاح پەیوەندی ڕاستەوخۆمان هەبوو.

**+ کێ ئەڵقەی پەیوەندی بوو؟**

ـ ئەڵقەی پەیوەندی لە نێوانماندا هەبوو، خۆشی سەری ئەدایەوە، لەو دوو سێ ساڵەدا مامۆستا سەلاح بۆ خۆی نزیکەی چوار پێنج جار سەردانی کردەوە.

**+ پڕۆژەی یەکگرتنەوە لەگەڵ ناوەڕاست (وسط)ی عێراق چۆن بوو؟**

ـ دەبێت ئاماژەش بەوەبکەم لە هەشتاکانەوە جەماعەتی مامۆستا سدیقیش دەستیان بەکارکردبوو، چالاکییان دەستپێکردو گەنجیان کۆکردبووەوە، مامۆستا سدیقو مامۆستا عومەرو ئەوان بەو پێیەی لە زووەوە پێکەوە کاریان کردبووو تێکەڵ بوون، بەڵام مامۆستا سدیق زیاتر گرنگیی بە بیرۆکەی ڕێکخستن دەداو لە هەشتاکاندا ئەویش دەستی بەکارکردبوو، من لە دەربەندیخان کارم دەکرد، مامۆستا

ئیبراهیم ڕێشاوی لە کانی قوڵکە کاری دەکرد لە هەڵەبجە، مامۆستا سدیق لە کانی عاشقان، جەماعەتی کانی قوڵکەو کانی عاشقان زۆر بەیەك نەیاندەخوارد، مامۆستا سدیق زۆرتر حەزی بە جموجوڵو کۆکردنەوە بوو، مامۆستا عومەریش بەوە ڕازی نەبوو، ئیتر بەیەك نەیاندەخوارد، مامۆستا ئەمین زەمەقی خەڵکێکی زۆر لەوانەی گشتییدا کۆکردبوویەوە لە مزگەوتی جمهوری، زیاتر مامۆستا سدیق سودی لەو وانە گشتییە بینیو خەڵکی تیا دەرهێناو ئەو ڕێکخستنەی دروست کرد، خوا پاداشتی بداتەوە ئەویش بۆ خۆی کاری کرد، ئەمانە هەمووی نەخشەی کاری ئیسلامیی ئەو کاتە بوون، تاوەکو زانیمان لە ناوەڕاستیش لە هەشتاکانەوە کۆمەڵێك مامۆستای زانکۆو گەنجو لاو دەستیان کردوەو بەکار، لە (1983– 1984) لە ڕیگەی دکتۆر عیسام کە مامۆستای زانکۆی سەلاحەددین بوو ئاگاداری کاری ئێمە بوون، لەبەرئەوە هەوڵیاندا دانیشتن بکەینو بزانین ئەم کارە بە کوێ دەگاتو ئاگامان لە یەکتری بێت، ڕێکخستنی ناوەڕاست لەگەڵ ڕێکخستنی باشوور، جارێك مامۆستا سەلاح هاتەوەو لەگەڵ دکتۆر عیسام دانیشتنو یەکترمان ناسی، هەروەها لەگەڵ مامۆستا عەلی موحەممەدو مامۆستا ئیبراهیم.

**+ ئەوەساڵی چەند بوو؟**

- ساڵی (1984) بوو، دانیشتمان کرد، ئەمە زیاتر وەکو بیروبۆچوون گۆڕینەوە بوو، لەبەرئەوەی ڕەوشەکە ئاڵۆز بوو بەعس بەهێز بوو، حەزمان نەدەکرد بە گورجی کار تێکەڵ بکەینو بە ئاسانی خۆمان بکەینەوە، حەزمان دەکرد بە تەواوی ئەوان بناسین، هەم لەوەی ئەوان چینو کێن؟ هەروەها پرۆژەیان چییە؟ هەم لە تواناو ئیستیعابیان، لەسەر ئەو بناغەیە چەند دانیشتمان کرد، ئەوان بە داخەوە زیاتر حەزیان بەوە دەکرد کە ئێمە پەیوەندی (ئیلتیحاق) بکەینو خۆیان وەکو ئەسڵ سەیر دەکرد، عادەتی بەغداد کەمێك وایە، ئێمە فەرع بینو پەیوەندی بەوانەوە بکەین، ئێمەش ئەوەمان پێناخۆش بوو، حەزمان کرد وەکو دوو بەش سەیرکەنو لە یەکتر حاڵی بین، ئەوکاتە بەرنامە دادەنێین بۆ یەکبوون بێت یان بۆ ڕاوێژکردن یا بۆ

تەنسیق، رەوشەکەش زۆر لەبار نەبوو، چونکە بەعس دەگەڕا ڕێکخستن ئاشکرا بکات، لەسەر ئەو ئەساسە ئێمە دانیشتمان کرد نەگەیشتینە ئەنجام بەوەی ئەوان دەیانویست، بەڵام حەزمان دەکرد بەردەوام ئاگاداری یەکتر بین، ئەوە بەردەوام بوو تا ساڵی (1986)، لە (1986) ڕۆژێك لە ماڵ دانیشتبووم لە زەمەقی، مامۆستا سەید ئەحمەد و مامۆستا عیسام خۆیان کرد بە ماڵماندا، وتیان نیازمان وایە سەرێکی جەماعەتی مامۆستا سدیق بدەینو بزانین ئەوان چۆننو چی دەکەنو ئەمانە، تۆش چی لە بارەیانەوە دەزانی حەز دەکەین پێناسەیەکمان بۆ بکەیت، بۆ ئەوەی ئێمە بە زانیارییەوە بچینە لایان، منیش بۆم باسکردن کە کۆمەڵێکن هەنو سەرقاڵی کارن، ئیتر بەو شێوەیە ڕۆیشتنو نەمبینینەوە، تا کاتێکمان زانی کەوا جەماعەتی مامۆستا سدیق پەیوەندییان کردووە بەوانەوەو مامۆستا مەلا عوسمانیان کردووە بە ئەمیری باکوور، واتە کوردستان، کە ئەمەمان بیست لامان قورس بوو، باشە ئەم برایانە چۆن بازیانداو ئێمە قسەیەکمان لە بەینا هەیە؟ دووەمیش مامۆستا مەلا عوسمانو ئەوان چۆن وازوو تەسلیم بوون؟ لەبەرئەوە چوومە لای مامۆستا مەلا عوسمانو ئەویشو وتی وەڵڵا وەزعەکە واهاتووەو هەندێ دانیشتنمان کردووەو ئینسانی باشنو چاکن، مامۆستا مەلا عوسمان ڕۆحیەتێکی موخلیسی هەبوو، بەڵام زوو تەسلیم بەو واقیعە بوو، ئەمەش زیاتر مامۆستا سدیق کاریگەریی لەسەری هەبوو، مامۆستا سدیقیش حەزی دەکرد کە زوو دەست بداتە کاری سیاسیی، دەیزانی ئەمە هەلێکە تا پێش ئەم لایەی تر بداتەوە، لەبەرئەوەی مامۆستا مەلا عوسمان شەخسیەتێکی گەورەی هەبوو کردی بە واجیهەو بە ئەمیری کارەکەی دانا، کە ئەوەمان زانی ئاگاداری مامۆستا سەلاحمان کردەوە کە شتێکی وابوو، ئەویش وەزعەکەی زانیو نامەیەکی بۆ ئێمە نووسی وتی: پێم باشە دوکانەکان بکەن بە یەك، کە ئەم بڕیارە هات هەندێك لە برایان زۆر لەسەریان قورس بوو، بەڵام من شەخسی وتم با ئیلتیزام بکەین بەو بڕیارەوەو قازانجی ڕابونەکە لەوەدایە، چوومە لای مامۆستا مەلا سدیق، پێشتر زۆر پەیوەندیم لەگەڵیدا نەبوو، دوور بە دوور

یەکترمان دەناسی، چووین باسی کاری خۆمان کردو وتی: شتەکە واهاتووە زۆر چاکەو هەرسێکمان پێکەوە کار بکەین، هەم ناوەڕاستو ئێوەو ئێمە، جا ئالیەتی کارکردنەش ئێوە چیتان هەیەو ئێمە چیمان هەیەو شورایەکی گشتیی لێ دروست بکەین، هەروەها مامۆستا عوسمان بۆتە بەرپرسو منو تۆش دەبینە معاونی، تۆ وەکو نوێنەری بەشی خۆتانو منیش وەکو نوێنەری بەشی خۆمان، هەرسێکمان پێکەوە کارەکە ئەنجام دەدەین، هەردوولامان ئەمەمان پێباشبوو، بەوشێوە بڕیارمانداو هاتینە سەر ئەوەی کار تێکەڵ بکەینو شورایەکی گشتیی دروستبکەین.

زۆری نەبرد لە کۆتاییەکانی ساڵی (1986) ڕێکخستن کەشف بوو، هەواڵیان داینێ ڕێکخستن کەشف بووەو ئاگاتان لە خۆتان بێت، ڕۆژێك لە ماڵەوە دانیشتبووم، وتیان مامۆستا حەسەن پێنجوێنی گیراوەو ناوی تۆش هەیە، ئیتر منیش ماڵەوەم ئاگادار کردو کۆمەڵێك نامیلکەو شریتم پێچپایەوەوە لامبردو لە ماڵ دەرچووم، بارەکە کەمێك ئاسایی بووەوە، جەماعەتی مامۆستا سدیقیش هەواڵیان پێگەیشت کە ڕێکخستن کەشف بووە، مامۆستا سدیق خۆی شاردەوەو منیش خۆم شاردەوە، هەتا شەوێك لە ماڵێکدا یەکترمان بینی مامۆستا پێی باش بوو بچین بۆ ئێران، بەڵام من پێم باش نەبوو بچینە ئێران، وتم: با ماوەیەك خۆمان بشارینەوە بزانین دنیا چۆن دەبێت.

**+ ئەی چۆن دەستگیرکرایت؟**

- ڕۆژێ لە ماڵی خۆمان لە هەڵەبجە لە گەڕەکی بەنزینخانە دانیشتبووم، دەمەو عەسر بوو، شیروانی کوڕی کاك سلێمانی مامم خۆی کرد بە ماڵاو وتی: باوکم ئەڵێ کەمێ خۆی بشارێتەوە لە دائیرەی ئەمن ناوی هاتووە کە بگیرێ، ئیتر زانیم ئەو برایانەی بەغداد ناوی منیان بردووە، یەکسەر ماڵم ئاگادار کرد کە من بۆ ماوەیەك نایەمەوە ماڵەوە لە هەڵەبجەو دەوروبەری خۆم ئەشارمەوە، ئەو کاتە خێزانم نەبوو دایکی ڕەحمەتیموخوشکێكو دوو برا لە ماڵەوە پێکەوە ئەژیاین، کاکی ڕەحمەتیشم ماڵی جیابوو.

دواتر لە سلێمانی مامم پرسی چۆن ناوم لە ئەمن باس کراوە؟ ئەویش وتی: کاك ( .... ) – ئامر مەفرەزەی ئەمن بوو– هەواڵی هێنا بۆ من کە لە دائیرەی ئەمن بانگیان کردووەو پێیان وتووە حەسەن شەمێرانی بڕیاری گرتنی هەیە ئایا ئەیناسی؟ ئەویش یەکسەر زانیبووی منم، خۆی هەڵە کردبوو– چونکە خزممە و حەزی نەکرد بگیرێم – وتبووی هەواڵتان بۆ ئەزانم، ئیتر هاتبوو بۆ لای سلێمانی مامم ئەم هەواڵەی بۆ هێنا، سلێمانیش یەکێ لە کوڕەکانی بە پەلە ناردبوو کەمن ئاگادار بکات، بەوپێیە منیش ماوەی هەفتەیەك بە ماڵی دۆستو براو خزمانا بەناوی دیدەنیەوە ئەگەڕام، ئەوکاتەش وەزعی ناوچەی هەڵەبجە ئارام بوو، حکومەت زۆردەسەڵاتی نەبوو، فیرار زۆر بوو، رژێمیش چاوپۆشی ئەکرد، تا ڕۆژی جومعە رێکەوتی (1987/2/6) مەفرەزەیەکی ئەمن بە سەرۆکایەتی ملازم ئەیاد لە دوای نوێژی جومعە هاتبوونە ماڵەوەو هەواڵی منیان پرسی بوو، ئەوانیش لەسەر تەوسیەی خۆم وتبوویان بەیانی چووەتە دەرەوەو هێشتا نەگەڕاوەتەوە، مەفرەزەکە خۆیان زۆر تێك نەدابوو وتبوویان باشە ئەگەر گەڕاوە بڵێن لە دائیرە سەرێکمان لێ بدات کەمێ ئیشمان پێیەتیو رۆیشتبوون.

شایانی باسە من ئەو رۆژی جومعەیە هەواڵم ناردبوو بۆ ماڵەوە هەندێ جلوبەرگو چەند پەڕاوێکم دیاری کردبوو کە لە ماڵەوە بۆم بێنن، نیازم وابوو بڕۆم بۆ لای ئیمامی زامنو سەر بەحرەکە کە فیراری زۆری تیابوو، هەندێ خزم بوون تا ماوەیەك لەوێ بمێنمەوەو دوور کەومەوە لە مەترسی گرتن و نزیکی لە دەزگا سیخوڕیەکانی رژێم.

بەڵێ دوای هاتنی ئەو مەفرەزەیە، کاکم بەرەحمەت بێت یەکسەر چووبوو بۆ ماڵی سلێمانی مامم، هەواڵی دابوویە کە مەفرەزەی ئەمنو ملازم ئەیاد هاتووەتە ماڵەوە بۆ هەواڵی حەسەنی برام، یەکسەر سلێمان هەستابوو لەگەڵ چەند حیمایەکی خۆی چووبوو بۆلای ملازم ئەیاد پێی وتبوو: ئەڵێن چووی بۆ سەر ماڵی ئەو ئامۆزای منە، ئەویش وتبووی بەڵێ ئەوە ناوی هاتووە لە خوارەوەو ئەبێت ئێمە

لێپرسینەوەی لەگەڵ بکەین، ئەمیش واتە (سلێمان) وتبووی دەی ئەوە ئامۆزای منەو من ئەیناسم هیچی لەسەر نیەو ئیتر مەگەڕێن بە شوێنیا، ملازم ئەیادیش وتبووی: ناکرێ نەپرسینەوە لێی، بەلاّم لەبەرئەوەی ئامۆزای تۆیە لەگەڵ خۆت بیهێنە هەندێ پرسیاری لێئەکەم ئیتر لەگەڵ خۆت بیبەرەوە، پەیمانت ئەدەمێ کە نایگرین، کاك سلێمانیش بەم متمانەوە هاتەوە بۆ ماڵی خۆیان، کاتێکم زانی یەکێ هات وتی کاك سلێمان ئەڵێ بێت بۆ ماڵی خۆمان، منیش چووم سەیرئەکەم زۆربەی خزمە چەکدارەکان لەوێن، دوای کەمێ دانیشتن باسەکەیان کردو هەموو هەواڵەکانیان بۆ گێڕامەوەو کاك سلێمانیش وتی: بابچین بزانین ئەم ملازم ئەیادە چی ئەوێ؟ منیش لە دڵی خۆما بڕیارم دابوو نەچمەروو، بۆیە پێم وتن: من پێم باش نیە بێم لەگەڵتانو بە پێویستی نازانم، ئەگەر ئێوە ئەتانەوێ من رزگار بکەن، بڕۆنەوە بۆ لای ئەو ملازم ئەیادەو پێی بڵێن: تۆ وەلاّمی خوارەوە بدەرەوە کە حەسەن شەمێرانی لەم ناوەدا نەماوەو ئیتر با بە شوێنما نەگەڕێن، دووبارە کاك سلێمانو چەند چەکدارێکی خزم رۆیشتنو لە سەرای هەڵەبجەو لە دائیرەی ئەمن ملازم ئەیادیان بینی، قسەکەی منیان پێ وتبوو، بەلاّم ئەولە مێشکی خۆیا نەخشەی دارِشتبوو بۆ گرتنم، بۆیە قایل نەبوو بەو قسەیەو وتبووی: نا بڕواتان هەبێت من نایگرم مادەم خزمی ئێوەیە، بەلاّم من داوام لێکراوە هەندێ لێپرسینەوەی لەگەڵ بکەم، بیهێنن هەر لەگەڵ خۆتان و لەم ژوورەدا قسەی لەگەڵ ئەکەم و بەڵێنتان ئەدەمێ بیبەنەوەو ئەم سمێڵەم سمێڵی پیاو نەبێت ئەگەر خیانەتتان لێ بکەم .

بەم قسانە ئەم خزمانەم بڕوایان کردو هاتنەوەو وتیان: چووینو ملازم ئەیادمان بینیو دڵنیایکردین هاوکاریمان بکاتوکەمێك ئەتبینێ و ئەتبەینەوە، من لەمێشکی خۆما بڕیارم دابوو بە هیچ شێوەیەك نەڕۆمە بەردەمیان، چونکە ئەمزانی قەزیەکەی من لای ئەمان نییەو خیانەتی ئەمانیشم لا روون بوو ، بەلاّم دوای رووداوەکەو ئێستا بۆم دەرکەوت کە خوای گەورە ویستی ئەو داستانە لە ژیانی مندا دروست ببێت، بۆیە هەر لەو کاتەدا ئەو بڕیارە پێشینەم گۆڕا، بڕیارمدا بڕۆم لەگەڵیان بزانم

پرسیارەکان چیە، بڕوام نەئەکرد لەگەڵ ئەمان بڕۆم بمگرن، وتم لەوانەیە ئەیانەوێ بمناسن‌وکەمێ ئارامم کەن‌و دواتر بمگرن، لەگەڵ خزمان سواری سەیارە بووین تاچووینە بەردەم سەرا، لەوێدا کەمێ پەشیمانی رووی تێکردم بۆیە بە کاک سلێمان‌و کاک حەمەسەعیدم وت: من نایەمە ژوورەوە، ئێوە دووبارە بچن پێی بڵێن، حەسەن نایەتە دائیرەو بەڵکو وازی لێبێنن، ئەوان چوونە ژوورەوەو من لە دەرەوە لای خزمانی تر مامەوەو خۆم ئامادەکرد بۆ راکردن، بەڵام پاش کەمێ هاتنە دەرەوەو بە دڵنیایی زیاترەوە وتیان با بچینە ژوورەوە بۆ لای مولازم ئەیادو کارەکە ئاسانە، چووینە ژوورەوە، ژووری ئەمنیان لە ناو سەرای هەڵەبجە ئامادەکردبوو ئێمە (من‌و کاک سلێمان‌و کاک حەمەسەعید) چووین دانیشتین، پاش ماوەیەکی کەم یەکێ بە جلی عەسکەریەوە هاتە ژوورەوە، بەخێرهاتنی کردین‌و چوو لەسەر کورسی‌و مێزەکە دانیشتوو بە عەرەبی وتی: تۆ حەسەن شەمێرانی؟ وتم: بەڵێ. کاغەزێکی دەرهێناو هەندێ پرسیاری رۆتینی لێ کردم

وەك: ناوی سیانی، شوێنی دانیشتن، دەرچووی کۆلێژ... هتد. پاشان تەلەفۆنی هەڵگرت لەگەڵ ملازم خالید قسەی کرد کە بەڕێوەبەری ئەمنی هەڵەبجە بوو ئەوکاتە لە دەربەندیخان بوو، پاشان تەلەفۆنەکەی داناو وتی کاك سلێمان ئەوە ملازم خالید بوو قسەم لەگەڵ کرد، وتی با حەسەن بمێنێتەوە تاخۆیشم بەیانی دێمەوەو ئەی بینم، لەبەرئەوە ئێوە ئەتوانن بڕۆنەوەو ئەمشەو حەسەن لای ئێمە بێت‌و بەیانی وەرن بیبەنەوە، کەوای وت ئیتر زانیمان ئەمە پیلان بووە، بەداخەوە ئێمە تێکەوتین، بۆیە کاك سلێمان وتی ئەیاد شتی وا نابێت ئێمە قبوڵی ناکەین، ئەم ئامۆزای خۆمانەو بەدەستی خۆمان هێناومانە تۆ بەڵێنتدا کە بماندەیتەوە، ئەویش وتی: بە ڕاستی لە دەستی من دەرچووە، ئەوە ملازم خالید بەڕێوەبەرەو ئەو ئەبێت بیبینێ. کاك سلێمان وتی: باشە ئێستا ئەیبەینەوەو بەیانی خۆمان ئەیهێنینەوە. وتی شتی وا نابێت چونکە هاتۆتە دائیرەو دەرچوونی ئەستەمە. ئەوان لەو موناقەشەدا بوون، منیش بڕیارمدا ڕاکەم‌و هەرچۆن هەیە خۆم بگەیەنمە خزمانی

دەرەوە، ئیتر لەوانەیە دەرباز ببم، بۆیە بەپەلە لە ژوورەکە چوومەدەرەوە، کتوپڕ لەبەردەم ژوورەکەدا ئەمنێ وەستابوو باوەشی پیاکردمو هەندێ یەکمان ڕاکێشاو ئەمنەکە منی ڕائەکێشا بۆ ناوەوە، منیش خۆم بەرەو دەرەوە ئەبرد، بەلای کەم بکەومە بەرچاوی ئەوانەی دەرەوە، لەوکاتەدا سلێمانی مامەم هاتە دەرەوەو دەمانچەی دەرهێنا، ملازم ئەیادیش هاتەدەرەوە ئەویش دەمانچەی دەرهێنا، هەریەکەیان جلەکانی سەرشانی من یان گرتوبوو بە شەڕەقسە، کاك حەمەسەعید ڕۆڵی سوڵحو میانگەری هەڵبژارد، ئەو نەهاتە ناو کێشەی شەڕەکەوەو بەڵکو داوای ئەکرد با کێشەکە گەورە نەبێت، لەم کێشمە کێشەدا دەرەوە زانییانو ئەوانەی چەکیان پێبوو میلیان ڕاکێشاو داوای بەردانی من یان ئەکرد، بەڵام کاکی ڕەحمەتیم کە ئەو چەکدار نەبوو، بەناو پۆلیسو پاسەوانەکاندا هاتوو خۆی گەیاندە من، پشتێنەکەی گرتمو زۆر هەوڵیدا ڕامکێشێتە دەرەوە، من لەو بەینەدا زۆر ناڕەحەت بووم، زۆربەی ملیوانی جلەکانو قۆپچەکان هەموو پچراو لەگەڵ ملازم ئەیاد هەندێ شەڕە شەقمان کرد، لەم کاتەدا هەندێ لە پۆلیسەکانو وابزانم سالح ناوێك بوو دەرگای گەورەی سەرای داخست بە ڕووی خزمانی چەکداری دەرەوە، دوای ئەوەی هەندێ تەقەیان کرد بەڕووی ئێمەدا بۆ ترساندنی ئەمنەکانو ئەمنێ زامدار بوو، ئەوانیش هەندێ تەقەیان کرد بەسەر ئەوانا، خزمانی ئێمەش لێیان زامدار بوو، پاش داخستنی دەرگاکە ئیتر یەکلاییبوونەوە بۆ ئێمە کە لە ناوەوەبووین، پەلاماری کاك سلێمانیانداو خستیانە بەندیخانەی پۆلیسەکان، دواتر کاك موحەممەدیشیان بردە ئەوێو منیشیان جیا کردەوەو بەرەو ژوورەکانی ناوەوە، کە ئەوکاتە دائیرەی مالیەی تیابوو، بردمیانو کەلەپچەیان کردە دەستمو ئەمنێکیان کرد بە پاسەوانم، ئیتر من هەواڵی دەرەوەم نەزانی دواتر دوای حوکمدان بە سەرماو لە ئەبوغریب خزمانم بینی بۆیان گێڕامەوە، کاتێك کە دەرگای گەورەی سەرەیان داخست بەسەر خزمان، چەکداری ترو باقی خەڵکی هەڵەبجەو دۆستانو برایانو هەموو پێکەوە چەکدارو بێ چەك، هەموو توێژو چینەکان بەرەو سەرای هەڵەبجە هاتبوونو چواردەوری دائیرەی

ئەمنیان دابوو داوای بەردانی منو هاوەڵەکانمیان کردبوو، هەر لەوکاتەدا هەواڵیان گەیاندە بەڕێز جەنابی مەرحوم مامۆستا مەلا عەلی، ئەویش دەستبەجێ خۆیو چەند کەسێ لەگەڵیا هاتبوون بەرەو سەراو خەڵکەکە دەوریان لێدابوو، پێیان وتبوو کە بە دائیرەی ئەمن بڵێ: یان مامۆستا حەسەن بەردەن یان خراپ ڕووئەدات، لەم کاتەدا جەماوەرێکی زۆری چەکدار – ئەوانەی ئەوکاتە لەگەڵ حکومەتا بوون، بەڵام بارودۆخی تایبەتی ئەوکاتە وای لێکردوون هەرکەسێ هۆیەکی تایبەت بوو، ئەگینا بە دڵ لەگەڵ ڕژێما نەبوون، ئەم هەڵوێستەشیان شاهیدی ئەم بۆچوونەبوو– خەڵکێکی زۆری بێ چەکو زۆربەی توێژەکانی جەماوەری تیابوو، زۆربەی بە پاڵنەری ئیسلامو هەمووشی دژایەتی ڕژێم. جەنابی مەرحوم مامۆستا مەلا عەلی هاتەژوورەوە، من ئەوەندە ئاگام لێبوو کە گوێم لە دەنگی مامۆستا بوو هەواڵی منی ئەپرسی کە بمبینێ، ئەوانیش بەرەو شوێنەکەی من هێنایان، کاتێکم زانی جەنابی مامۆستاو ملازم ئەیادو کۆمەڵێ لە خەڵکو هەندێ ئەمنی چەکدار هاتن، لەوکاتەدا من لەناو تەپو تۆزو هەندێ خوێن بەدەم و چاومەوە بوو، دەستم بەسترابوو، وەزعم باش نەبوو، کاتێ مامۆستا منی دی بەم حاڵە زۆر توڕەبوو لەو دەستەو دائیرە، دەستی کرد بە قسە پێوتنیان، مامۆستا داوای کرد دەستم بکەنەوەو لەوحاڵە ڕزگارم کات، لەسەرەتاوە نەیانهێشت، بەڵام مامۆستا هەڕەشەی جەماوەری پێگەیاندن، ئەوانیش دەستی من یان کردەوە، هەڵیان ساندم، پاشان هێنامیان بۆ ژوورەکەی ملازم ئەیاد کە هەندێ لە ئامر مەفرەزە کوردەکان لەوێ بوون.

ئەم کاتە کاتی مەغریبو سەرەتای شەو سارد بوو، خەڵکی ئاگریان لە دەرەوە کردبووەوەو مەرحومی مامۆستا مەلا عەلی وەفدی مفاوەزەبوو لەگەڵ سلێمانیو بەغدادیش قسە کرابوو، دواجار مامۆستا مەلا عەلی ئاگادار کرابوو کە ئەمشەو هیچ ناکرێو بەڵکو بەیانی هەوڵی بەردانی بدرێت، بەو جەماوەرە بڵێ با ئەمشەو بڕۆنەوە، هەندێ لە خەڵکەکە لەگەڵ جەنابی ڕەحمەتی مامۆستا مەلا عەلی گەڕابوونەوە ماڵەوە، هەندێکیش بە دەوری دائیرەی ئەمنا مانیان گرتو شەو لەوێ بوونو

نەگەڕانەوە، ئێمەش لە ژوورەوە، نزیکی دوای عیشا بوو منیان هێنایە سجنەکەی شورتە، سەیرم کرد کاکمو کاك سلێمانیش لەوێن، پاش هەندێ قسەو باسو ڕازی بوون بە قەزاو قەدەرو بڕیاری خوا، پاش ماوەیەك هاتن سلێمانیان بردە دەرەوە، دواتر بیستم کە بۆ ئیسخباراتیان بردووە، دواتر هاتن کاکمیان برد بۆ سجنی مەعەسکەر، منیش ئەو شەوە لەوێ مامەوە تا بەیانی، بۆ بەیانی ئەو جەماوەرە بەتەمای بەڵێنەکەی ئێوارەبوون کەگوایە بەیانی بەرم بدەن، بەڵام بۆ بەیانی سەیارەیەکی لاندکرۆزی داخراویان هێناو منیان خستە ناویو بەرەو مەعەسکەرەکە بردمیان.

بڕیاریاندابوو بمبەن بەرەو سلێمانیو دواتر بەرەو بغداد بۆ ئەمنی گشتیی، چونکە قەزیەکەی من لەوێ بوو، خەڵکی بەم باسەیان زانی، بە تایبەت چەکدارەکانی سەر بە حکومەت، بڕیاریاندابوو هەر لە جادەی خواری هەڵەبجەو زەمەقی تا نزیکی سیدسادق بگرنو نەیەڵن ئێمە بەرن بەرەو سلێمانی، ئەمنەکان بەمەیان زانی بڕیاریاندابوو بە ئاسماندا دەرمان بکەن، بۆیە لە کاتی نیوەڕۆ من لە مەعەسکەرەکەی هەڵەبجە دانرابووم چەند سەربازێ بەدەورمدا بوون، گوێم لە بانگی نیوەڕۆ بوو، وتم بەسەربازەکان، ئەمەوێ نوێژی نیوەڕۆ بکەم، ئەوانیش مەجالیاندامو شوێنی دەستنوێژیان نیشاندام، کاتێ خەریکی دەستنوێژ شۆرین بوومو قۆڵی ڕاستم تەواوکرد بە پەلە بانگیان کردمو دەستنوێژەکەم تەواو نەکرد هاتمە دەرەوە بینیم کۆپتەرێکیان هێناوە، بەپەلە کەلەپچەیان لە دەستم کردو سەر کۆپتەرەکەیان خستم، پاش کەمێك کاکموکاك سلێمانیشیان هێنا، نزیکی عەسر ڕۆژی شەممە(1987/2/7) گەیشتینە شاری کەرکوكو لە فڕۆکەخانە دایانبەزانین و بردینیان بۆ شوێنێ بە ناوی (المنظومة الشرقية) پاش ماوەیەکی کەم منیان جیاکردەوە لە کاکم و کاك سليمان، بردمیان بۆ شوێنێ بە ناوی (امن التاميم) تا کاتی مەغریب، لە کاتی مەغریب سەیارەیەکی بیجۆ هات ئەفسەرێكو مەئمورەکەمودوو پاسەوانی تیابوو، سەریانخستمو بەرەو بەغداد بەڕێکەوتین، نزیکی

سەعات (10)ی شەو گەیشتینە بەغداد، منیان گەیاندە ئەمنی گشتیی‌و لەبەردەم ژوورێك دایاننام، پاش نزیكەی سەعاتێك بانگیانكردم بۆ لێكۆڵینەوە، ئەفسەرێك بە ناوی ئەبودەرع بوو بە موحەقیقی من، لەسەر زەوی دانیام‌و خۆی لەسەر كورسی دانیشت، ناردی بە شوێن یەكێكا پاش ماوەیەك دەرگا كرایەوەو سەیرم كرد دكتۆر عیسام ئەوەی ئیعتیرافی لەسەرمن كردبوو ناوی منی دابوو هێنایان .

ئەبودەرع پێیوت: ئامۆژگاری حەسەن بكە با خۆی زەحمەت نەداو وەڵامی پرسیارەكان بداتەوە، ئەویش ڕووی كردە من‌و بە عەرەبی وتی: كاك حەسەن هەموو شت كەشف بووەو وتراوە تۆیش خۆت زەحمەت مەدە با ئەمانە ئازارت نەدەن‌و شتەكان بڵێ، ئینشائەڵڵا خوای گەورە كارمان بۆ ئاسان ئەكات. ئیتر ئەبودرع وتی: تۆ ئیتر بڕۆ. دكتۆر عیسام چووە دەرەوە و پاشان لەگەڵ من كەوتە گفتوگۆ، پرسیاری ناوی سیانی‌و شوێنی لەدایكبوون‌و ساڵی لەدایكبوون‌و ئەو شتانەی كە لە سەرەتای تەحقیقەوە ئەپرسرێ لە هەموو گیراوێك، دوایی هاتەسەر پرسیاری ئەوەی كە چەندە پەیوەندیم هەیە بە كۆمەڵێ برایانی موسڵمان‌و چیان لەبارەوە ئەزانم؟ منیش لە دڵی خۆمدا بڕیارمدابوو نكۆڵی نەكەم لە هەندێ زانیاری سادەو سەرەتایی، بەڵام ئیعتیراف نەكەم لەسەر ئەوەی پەیوەندی ڕێكخستنم هەبێت بەو كۆمەڵەوە، ئەوەیشی زۆر ئەترسام لێی باسی ڕێكخستنی كوردی خۆمان كە ئەوان پێیان ئەوت (تنظيم الشمال للاخوان المسلمين)، كە بكەومە وەزعێك ناچارم بكەن ناوی ئەوانەی خۆمان بدركێنم، منیش وەك بڕیارەكەی خۆم باسێكی مەوزوعی كۆمەڵی برایانم كرد بە سادەیی، وتم ئەوەندەی من ئاگاداربم كە من دەرچووە كۆلێجی شەریعەم‌و كتێبیانم خوێندۆتەوە، لە میسر دروستبوون‌و هەوڵ ئەدەن ئیسلام ببێتە ئاینی وڵات، لەوێ تووشی چەند گرتن‌و كوشتن بوونەتەوەو لێرەش ئەڵێن ڕێكخستنیان هەیەو خەڵكیان لەگەڵە، بەڵام من ئاگام لە ڕێكخستنیان نییە، لەم شێوازە هەندێك قسەم بۆ كرد ئەویش هەمووی ئەنوسی، دوایی وتی: كتێبی ئەوانت خوێندۆتەوە؟ وتم: بەڵێ بە تایبەت (في ظلال القران) بە حوكمی ئەوەی پسپۆڕیەكەم تەفسیرە.

وتی: ڕات چییە بەرامبەر تەفسیرەکەی؟ وتم بە خراپی نازانم. ئەمانەی هەمووی نووسیو چەند پرسیاری تری لەوشێوە کرد، ئیتر نەچوو بە لای باسی ڕێکخستنو داوای ناوو هاوڕێیاندا. پاشان وتی وەرە ئیقراری بکە، سەیرم کرد ئەوانەی وتبوم هەمووی نووسیبوو، ئیقرارم کردو گەڕاندمیانەوە شوێنەکەی خۆم.

پاش ماوەیەك داوامکرد کە رێگەم بدەن نوێژ بکەم، نوێژی مەغریب و عیشام نەکردبوو، مەجالیاندامو هێنامیان بۆ لای دەستشۆر، وتیان: دەستنوێژ بگرە، وتم: بەم کەلەپچەوە ناگیرێ. وتیان: کردنەوەی قەدەغەیە. وتم: دەی بمبنەوە چونکە دەستنوێژگرتن بەم شێوەیە ناکرێ، کابرای ئەمن بە ترسێکەوە دەستێکمی کردەوەو هەر چۆنێك بوو دەستنوێژم شۆریو هێنامیەوە بەر ژوورەکانو شوێنەکەی خۆم، کردمیانەوە بە زنجیرەکەوەو دەستمکرد بە نوێژکردن بە قەسرو جەمع.

ڕۆژی (1987/2/8) بردیانمە ژووری تاکەکەسی ژمارە (9)، ژوورەکە دوو بە سێ بوو، مەترێکی کرابوو بە ئاودەست، بینیم پێنج کەسی تری تێدایە، دوای گفتوگۆو قسەکردن زانیم ئەو پێنج کەسە لەسەر هەمان مەسەلە گیراونو خەڵکی سامەڕا بوون ناویان (عەبدولکەریم، مەحمود، عەبدولعەزیز، عەبدولستار، نوعمان).

ئێمە تا (1987/7/6) لەو ژوورەدا ماینەوە، ئەوکاتە بردیانین بۆ دادگای شۆڕشو هەریەکەیان بردینە ژوورێکی ترەوە. لەگەڵ ئەو پێنج برایەدا تەمەنێکی پێج مانگیم بردەسەر، ئەگەر بڵێم ماوەیەکی زۆر خۆشو پڕ ئاسوودەیی دەروون و پڕخێر و بەرەکەت بوو بڕوام پێ بکەن، لەگەڵ ئەوەی ژوورەکە زۆرتەنگ بوو، کە ئەخەوتین ئەبوایە قاچمان بە بن دەستی یەکتریدا رەتکرادایە، بێ سەرینو تەنها چەند بەتانییەکی چڵکنی کوڵکن داخرابوون، لە ئاودەستەکەدا بەلوعەیەکی تیابوو بۆ ئاو خواردنو خۆشۆرین، تاریك بوو تەنها گڵۆپێکی سپی خڕی تیابوو، سێ ژەمە خواردنیان لە دەرگا بچووکەکەی ناو دەرگاکەوە پێ ئەداین کە بژیو نەمری تێری نەئەکردین، ناو ژوورەکە پاکوخاوێنی تیا نەبوو، بۆنی زۆر ناخۆش بوو، هەرچەندە ئێمە کاس ببووینو هەستمان پێ نەئەکرد، بەڵام کابرای ئەمن کە ڕۆژانە سەری

لێئەداین ئەو ئەیوت ژوورەکەتان بۆنی خراپە، پاش سێ چوار ڕۆژ ئەسپێمان پەیداکردو ناو بە ناو دەستمان ئەکردە کوشتنیان، هەرچەندە دۆخی ناو ژورەکەو ژیانی رۆژانەمان زۆر ناخۆش بوو، بەڵام لە ڕووی دەروونیەوو سوپاس بۆ خوا زۆر ئاسوودەبووین، ئەو برایانە زۆر دیندارو ڕەوشت بەرزو ڕۆشنبیرو بە ئەدەب بوون. شەوو ڕۆژەکانمان بە نوێژو زیکرو قورئان خوێندنو قورئان لەبەرکردنو تەفسیر لەگەڵ هەندێ بابەتی خۆشو نوکتە ئامێز بۆ دروستکردنی پێکەنین و زەردەخەنە لەسەر ئەو دەموچاوانەی مەحروم کرابوون لە بینینی باوكو دایكو خێزانو منداڵو دۆستو خزمان دەبردەسەر.

ئێمە (49) کەس حوکمدراین، پێنجمان بڕیاری لەسێدارەدانیان بۆ دەرچوو، ئەوانی تر (20) ساڵ بەرەو خوار، ئێمەیان هێنا بۆ ئەبوغرێب، دواترو کەمتر لە مانگێ ئەو پێنج کەسەی کە بڕیاری لەسێدارەدانیان بۆ دەرچوو، بە هۆی ناسراوی کەسوکاریانەوە هەوڵی گەورەیان بۆدرا لە دەرەوەو ناوەوە، بۆیە ڕژێم بڕیاری حوکمەکەیانی دابەزاند بۆ (20) ساڵو هێنایاننەوە بۆ لای ئێمە، ئێمە شەش کورد بووین لەناویاناو ئەوانی تر عەرەب و تورکمان بوون. بەمشێوەیە لە زیندانماینەوە، مانگێك دوای وەستاندنی شەڕی ئێران – عێراق، ڕژێم لێبوردنێکی گشتی دەرکرد بۆ هەمووکوردەکان، ئێمەی زیندانی سیاسیی کوردیش بەرکەوتینو (1988/9/14 ) ئازاد کراین.

**+ مامۆستا دوای ئازاد کردنت هەر لە کوردستانی عێراق مایتەوە، یاخود چوویتە ئێران؟**

- دوای وەستاندنی شەڕی عێراق – ئێران ئازادکراین، لە کاتی شەڕەکە وامان دەزانی سەدام دەیدۆڕێنێو ئێران گۆڕانکاریی لە عێراق دروست دەکاتو ئەم کابوسە لەسەر عێراق نامێنیت، بەڵام کە شەڕ وەستاو عێراقیش وەکو سەرکەوتوویەك دەرچوو، ئیتر بە راستی پشتی ئۆپۆزسیۆن شکا، ئۆپۆزسیۆنی کوردیو ئیسلامیی، بەعسو سەدام تەواو گەشەیان کرد، لەبەرئەوە بارودۆخێکی بێ هیوایی دروست بوو،

ئێمە ئەوکات لە بەندیخانەدا بووین، دوای نزیکەی مانگێك لێبوردن دەرچوو، لێبوردنەکە وابوو ئەوەی کورد بێت لێبوردنی بۆ دەرکردن، ئەوەی لە بەندیخانەدایە بەربێتو ئەوەش کە لە دەرەوەیە خۆی تەسلیم بکاتەوە، ئیتر ئێمە هەموو بەربووینو خەڵکێکی زۆریش لە دەرەوە خۆیان تەسلیم کردەوەو هاتنەوە، ئەوەش کەوا لە ئێران بوون مانەوە، لەوکاتەدا (1988/9/14) ئێمە ئازادبووین، ئیتر لەو بێئومێدیەدا بڕیاری (936) هەبوو، هەرچی گەنجی فیراری عێراق بوو هەموو چووەوە بۆ سەربازی. هێشتا دوو سێ ڕۆژ بوو ئازاد ببووم لە تەجنیدەوە ناردیان بە شوێنمدا وتیان بۆ سەربازی، ئیتر بارودۆخێك دروست بوو کەس بەو کەژەوە خۆی نەدەگرت، ئەم هەموو گەنجە بە کوردو عەربەوە هەموو چوو بۆ سەربازی، ئیتر خەڵك نەپرژایە سەرئەوەی چی بکاتو چی نەکاتو بە سەربازییەوە سەرقاڵیان کردین، ئیتر هەر ڕزگارمان نەبوو تا جەنگی کوەیت.

**+ دوای ڕاپەڕین کاری ئیسلامیی لە کوردستان بە خێرایی گەشەی کرد، پێشتریش لە ئێران ڕێکەوتنێك هەبوو، بەڵام بۆ لە دوای ڕاپەڕین جارێکی تر بە دوو ئاراستە دەستتان بەکار کرد؟**

ـ ئەوە کۆڕەوەکە دروست بوو ئێمە دووبارە چووینەوە بۆ ئێران، کە چووینەوە ماڵی مامۆستا لە کرمانشا بوو، من لە ناوچەی پاوە خانوویەکم گرتو تێیدا نیشتەجێ بووم، کە چووینە ئەوێ سەیر دەکەین سوپاس بۆ خوا هەموو بوون بە یەك، هەردوو باڵی مامۆستا سەلاحو باڵی مامۆستا سدیق ببوون بەیەكو شورایەك دروستکراوە، لە کامیارانو ئەوانە کاریان دابەشکردووە، هەتا کە چووم بۆ پاوە لەوێ سەرپەرشتی ئۆردوگای سەریاسیان بە منو چەند کەسێکی تر سپارد، چەند ئوسرەیەکمان هەبوو کە لەو ئوسرانەدا چەند ئەندامێکی باڵی مامۆستا سدیق لای من بوون، ئیتر بە وەشێوەیە تا ماوەیەك لەوێ بووین، کاتێ بارودۆخی کوردستان هێوربوویەوەو ئیدارەی عێراق پاشەکشەی کرد، ئێمە بڕیارماندا بێینەوە، لەو کاتەدا سەیرمان کرد جەماعەتی مامۆستا سدیق بڕیارێکیان داوە کەوا چووینەوە عێراق

ئێمە دەبێت ئەسڵ بین‌و وەکو ئێمە هاتووین بۆ ئێران‌و پەیوەندیمان کردووە بە جەماعەتی مامۆستا سەلاحەوە، ئێمەش ئەو بڕیارەمان پێ قورس بوو، سوپاس بۆ خوا شتەکە تازە تەواو بووە، ئەوان وتیان رێکەوتنمان بووە، بە راستی من ئەوکاتە لەوێ نەبووم، لەبەرئەوە زۆر ئاگاداری رێکەوتنەکە نیم، بەهەرحاڵ ئەوەمان پێ قورس بوو، وتمان بۆچی دووبارە جیابینەوە پێکەوە کار دەکەین؟ ئەوان ئەم بڕیارەیان دابوو، بەڵام هەندێ لە ئەندامی سەرکردایەتی خۆیان وەکو مامۆستا موحەممەد رەئوف‌و کاك مەولودو ئەوانە کۆن لەگەڵ مامۆستا سدیق بوون، وتیان ئێمە لەگەڵ ئەو بڕیارەدا نین، ئێمە تازە بووین بە یەك، ئەگەر پێکەوە کار دەکەین باشە، ئەگەرنا ئێمە تازە لەگەڵ ئەم کۆمەڵەین، چەند برای تریش ئە بۆچوونەیان هەبوو، بەڵام هەندێکی تر وەکو مامۆستا تۆفیق‌و مامۆستا ئیکرام‌و مامۆستا ئەیوب‌و ئەوانە لەگەڵ مامۆستا سدیق هاوبیر بوون.

بەهەرحاڵ بەو بیرەوە هاتینەوە، بەڵام پێش ئەوەی ئێمە بێینەوە مامۆستا سەلاح‌و مامۆستا هادی هاتن‌و لێرە شورایەکی ناوخۆمان دروستکرد، هەندێ لە برایانی ئەوانیش‌و ئێمەش تێیدا بەشداربوون، شوورایەکمان تەشکیل کرد، هەڵبەتە ئەمەش بەرلەوەی بچین بۆ ئێران بوو.

**+ واتە لە نێوان راپەڕین‌و ئاوارەبوونەکەدا؟**

- ئا لەو نێوانەدا بوو، ئەوان هاتنەوە ئێمە لێرە بووین، مامۆستا موحەممەد رەئوف بە نوێنەری بەشی مامۆستا سدیق، مامۆستا هادی بە نوێنەری مامۆستا سەلاح، ئەوان لەوێ تێکەڵ ببوون، مامۆستا موحەممەد رەئوف ئەندامانی ئەوان لێرە ئاگادار بکات، ئەویش ئەوانەی ئێمە ئاگادار بکات، پێکەوە کۆنفرانسێك ببەستن‌و شورایەك بۆ ناوخۆ تەشکیل بکەین، ئینجا مامۆستا عومەر رێشاوی تیابوو، مامۆستا نازمی تیابوو، ئێمەی تیابووین، پێکەوە شوورایەکمان تەشکیل کرد.

**+ مامۆستا سەلاحیش ئەوکاتە هاتبوەوە؟**

ـ نەخێر مامۆستا سەلاح نەهاتبوەوە، بەڵكو مامۆستا هادیو مامۆستا موحەممەد رەئوف بە نوێنەری ئێران هاتبوونەوە، هێشتا ئەوان بڕیاریان نەدابوو بێنەوە، دوای ئەوەی ئەوەمان تەشكیل كرد زۆری نەبرد بارودۆخەكە تێكچوویەوەو كۆڕەوەكە دروستبوو، چووینەوە بۆ ئێران، بەو شێوەیە لەوێ پێكەوە ژیاین، دووبارە كە بڕیاردرا بگەڕێنەوە مامۆستا سدیق بەو بیرۆكەیەوە گەڕایەوە، ئیتر لەوەوە ئەو دوو باڵە دروستبوو، هەڵبەتە هاتیشینەوە هەوڵ هەبوو بۆ ئەوەی یەك بگرین، بەڵام ئەوان رێنەكەوتن، ئینجا وتمان دوو ئیخوان نابێتو ئەگەر مەسەلە رەسمیەتە ئەوە مامۆستا سەلاح رەسمیەتی هەیەو تۆش دەبێت رەسمیەت پەیدا بكەیت، وتی منیش رەسمیەت پەیدا دەكەمو هەوڵدەدەم، هەوڵیدا نەگەیشتنە ئەنجامێكی رەسمیی، ئینجا وتیان با دوو ئیخوان هەبێت، ئێوە خەتی یەك، ئێمە خەتی دوو، وتمان دوو رێكخستن لە یەك شوێن نابێتو دەبێت یەك بێت، دواجار بڕیارێك لەوێوە هات، نامەیەك بوو دكتۆر عەلی هێنای كەوا دەبێت ببن بە یەكو ئەبوپەیام بەرپرسە، كە ئەمە هات ئەوان وتیان مادام وایە ئێمە لە ئیخوان دەردەچین، كۆبوونەوەی خۆیان كردو كۆنفرانسیان بەستو خۆیان ناونا راپەڕینو جیابوونەوە.

## دیداری دوانزەیەم:

## مامۆستا هیوا میرزا سابیر



هیوا سابیر ئەحمەد، ساڵی (1966) لە پێنجوێن لەدایک بووە، دەرچووی کۆلێجی زانست بەشی فیزیایە، لە سەرەتای هەشتاکانەوە پەیوەندی بە کاری ئیسلامییەوە کردووە، یەکێکە لە دامەزرێنەرانی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان، چەند پۆستی جیاوازی لە ناو یەکگرتوودا وەرگرتوە، ئێستا ئەندامی مەکتەبی سیاسیی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستانە.

شوێنو مێژووی دیدار: هەولێر، 2004/12/18.

**+ لە کۆتایی حەفتاکانو سەرەتای هەشتاکاندا کاری ئیسلامیی لە کوردستانی عێراق گوڕوتینی تێکەوت، هێندەی جەنابتان ئاگادارن کێ داینەمۆی ئەو کارە بوو؟**

– بسم الله الرحمن الرحیم، الحمد لله رب العالمین وصلی الله علی نبینا وعلی آله واصحابه ومن دعا بدعوته الی یوم الدین، پێشەکی بەخێرهاتننتان دەکەمو هیوای سەرکەوتنت بۆ دەخوازم، لە راستییدا کاری ئیسلامیی لە کۆتایی حەفتاکانو سەرەتای هەشتاکاندا لەسەرتاسەری جیهاندا گڕوتینی زیاتری بەخۆوە بینی، رابوونی ئیسلامیی لەوێوە دەستپێدەکات، چەند شتێك کاریگەری لەسەر رابوون زۆر بوو، لەوانە هێرشی بەرفراوانی رەوتی چەپو مارکسیەکان، هەروەها شۆڕشی ئیسلامیی ئێرانو جیهادی ئەفغان کاریگەریی هەبوو، هەموو ئەوانە کاریگەرییان هەبوو لەسەر جوڵاندنی حەماسەتو گەرموگوڕی لەناو گەنجەکاندا و جوڵاندنی غیرەتیان و گەڕانەوە بۆ لای قورئانو فەرموودەکانی پێغەمبەر، رابوونێکی گەورە لە ناوەندەکانی خوێندندا لە زانکۆو پەیمانگاکاندا سەریهەڵدا، بێگومان عێراق بە گشتیو کوردستان بە تایبەتی زیاتر ئەوەی بەخۆوە بینی، هەریەك لەوانەش لەو دەڤەرانەی رابوونی تیا بەدی ئەکرا کاریگەری چەند کەسایەتییەکی لەسەر بوو، دەبێت ئێمە ئەوە بزانین هەر گۆڕانکارییەك دەبێت کەسەکان بیکات، لەو سەردەمەشدا لە کوردستاندا لەو دەڤەرانەی ئێمە تیای دەژیاین، دەڤەری پێنجوێنو سەیدسادقو هەڵەبجە، بە تایبەتی لە کۆتایی حەفتاکانداو لە (1981– 1983) گۆڕانکاریی زۆری بەخۆەوە بینی، شەڕی عێراق ـ ئێران کاریگەری خۆی هەبوو لەسەر ئەو قەزیە، لەو کاتەدا برایان لە کوردستانو عێراق گیرۆدە بوون بە بڕیارێکی سەرکردایەتی کۆنەوە، ئەویش بڕیاری راگرتنی کاری رێکخستن بوو، کە لە سەرەتای حەفتاکاندا لە ژێر فشاری رژێمی بەعس بڕیاریدا کاری رێکخستن راگرێت، ئەویش بە مەبەستی پاراستنی کەسایەتییەکان، چونکە ئەیزانی حزبی بەعس رێگە بە کارکردن نادات و کاکردنو چالاکی رێکخراوەیی لەو کاتەدا زیانی لە قازانجی زیاتر بوو، بۆیە بۆ

پارێزگاریی لە گیانی بانگخوازان‌و موسڵمانان لەو کاتەدا سەرکردایەتی ئیخوان بڕیاریدا کاری ڕێکخستن ڕاگرێت، ئەمە ئیجابیاتی هەبوو، بەڵام بە بڕوای من سلبیاتی زیاتر بوو، من ئەو کاتەی کە ڕابوونم ناسیی، یەکێك بووم لەو گەنجانەی قەناعەتم بەو بڕیارە نەبوو، بۆیە لەگەڵ ئەو کۆمەڵە برایەی یەکمان دەناسی هەر لە سەرەتای کارمانەوە، لە سەرەتای هەشتاکانەوە کارێکی ڕێکخستنمان دەسپێکرد، ڕێکخراوێکی چاك‌و دواتریش لەگەڵ کۆمەڵە میحوەرێکی تر یەکمان گرت، ئیتر لەو کاتەدا کەسایەتییەکان دەوریان زۆر بوو، بۆ نموونە ئەو ماوەی کە پێنجوێن تێکچوو هاتمە شانەدەری‌و لەوێ چالاکییم دەستپێکرد، دوو وانەی گشتیم لە مزگەوت دانا، کۆمەڵێك برا هەبوون لە سەیدسادق کە چالاکییمان زیاتر پێکەوە بوو، بەراستی مامۆستا محێدین گەلاڵی زۆری هەبوو، ئەو وەکو مامۆستایەکی بەرچاورۆشن لەگەڵ ئێمە کاری دەکردو داینەمۆی ئێمەی گەنج بوو، دواتریش چالاکیمان چووە زانکۆکانی هەولێرو موسڵ‌و بەغداد، چالاکیشمان بۆ زۆربەی پەیمانگاکان ڕۆیشتبوو، کاك موحەممەدو کاك حەمەسەعیدو کاك جەلال تاهیرو کاك بەهادین‌و کۆمەڵە برایەکی تر کە ئێستا مەجالی ناوهێنانیان نییە ڕۆڵیان هەبوو، لە هەڵەبجە مامۆستا عومەر ڕێشاوی، مامۆستا ئیبراهیم ڕێشاوی، مامۆستا موحەممەد فەرەج، مامۆستا هادی، مامۆستا فازیل‌و مامۆستا حەسەن شەمێرانی ڕۆڵی بەرچاویان هەبوو، ئێمەش زیاتر لەگەڵ ئەو پەیوەندیمان هەبوو، دواتر هەموو بووینە میحوەرێك‌و کارو چالاکیمان پێکەوە بوو، هەروەها مامۆستا سدیق عەبدولعەزیز لەگەڵ مامۆستا موحەممەد ڕەئوف، کاك مەولود، مامۆستا ئەحمەد شافیعی‌و ئەوانیش چەند برایەك بوون چالاکییان هەبوو، لەو کاتەدا ئاراستەکان جیاوازی ڕووی تێکردبوو، کۆمەڵێك لە برایان بۆچوونیان وابوو ئیلتیزام بە بڕیاری سەرکردایەتی برایان بکرێت‌و کارو چالاکیی بکرێت، بەڵام لە ژێر هیچ ناوێکدا نەبێت، چونکە ئەترسان ئەو ناوە ببێتە مایەی ئەوەی لەو کاتەدا گورزێك لە براو خوشکان بوەشێنرێت، بەڵام ئێمە ڕەوتی تری جیاواز بووین لەو بۆچونەدا، هەر برایان بووین، بەڵام بۆچوونمان وابوو کار بە

ڕێکخستن بکرێت، بەڵام ئەوپەڕی نهێنیو وردەکاری تیابکرێت، ڕێزیشمان هەبوو بۆ ئەوە برایانەی ترو پەیوەندیمان لەگەڵ مامۆستا عومەر ڕێشاویو ئەوانی تر خۆش بوو، ئێمە ئەو کۆمەڵە برایەی لەو کاتەدا بۆچوونمان وابوو مامۆستایان حەسەن شەمێرانی، عەلی موحەمەد، کاك عارەب ئێستا لە هەڵەبجە نیشتەجێیە، هەروەها لە سەیدسادق مامۆستا محێدین، کاك موحەممەدو چەند برایەکی تر پێکەوە لەوێ کارمان دەکرد، دەتوانم بڵێم ئەم میحوەرە زۆر کاراو کاریگەر بوو، لە سەرتاسەری کوردستانو لە گەلێك زانکۆی عێراقدا چالاکیمان هەبوو، ڕێکخستنێکی ئاسنینمان هەبوو.

ئاراستەی دووەمیش کە بۆچوونی وابوو کار بە ڕێکخستن بکرێت، مامۆستا سدیق بوو لەگەڵ مامۆستا موحەممەد ڕەئوف، کاك مەلودو ئەو کۆمەڵە برایە، ئەوانیش قەناعەتیان بە کاری ڕێکخستن هەبوو، بەڵام گلەییەك کە لەو کاتەدا ڕووی لە مامۆستا سدیق دەکرد، ئەو لەو کاتەدا جۆرێك لە تانەو تەشەرو بریندارکردنی بەکاردەهێنا بەرانبەر ئەو ئاراستەی کە دەیانووت با کار بە ڕێکخستن نەکرێت، لە ڕاستییدا ئەوەش هەر ناوی ڕێکخستن نەبوو، ئەگەرنا کاریان زۆر تۆکمەو کارامە بوو، هەر لەو کاتانەشدا مامۆستا سەلاح یەکێك بوو لەو برایانەی کە بانگەشەی بۆ کارکردن بە ڕێکخستن دەکرد، بارودۆخی سیاسیی ڕێگەی نەدا زۆر لە کوردستان بمێنێتەوە، ساڵی (1982) چوو بۆ ئێران، لەوێ درێژەی بە خەباتداو توانی کارێکی جوانو زیندوو پەرەپێبداتو ڕێکخستنێکی باش دامەزرێنێت، دواییش یەکمان گرتەوەو هەموو بووینە یەك میحوەر.

**+ مامۆستا سەلاحەددین بەرلەوەی بڕواتە ئێران لەگەڵ ئەو میحوەرەی ئێوە کاری دەکرد؟**

– لە ڕاستییدا مامۆستا سەلاحەددین لەو کاتەدا بەو شێوەیە نەخەملا بوو، فکرەکە لە (1981– 1982) دروست بوو، مامۆستا سەلاحەددین یەکێك بوو لەو بانگخوازانەی بانگەشەی بۆ کار بە ڕێکخستن دەکرد، ئەوو مامۆستا عەلی موحەممەد،

مامۆستا حەسەن شەمێرانیو مامۆستا ئیبراهیم بوون، بەڵام مامۆستا ئیبراهیم لە (1984) جارێکی تر قەناعەتی هاتەوە سەر ئەوەی کە رەنگە رێکخستن مەترسی زیاتر بێت، بەڵام مامۆستا سەلاحەددین یەکێك بوو لە ئاڵاهەڵگرانی کارکردن بە رێکخستن، بۆیە لە ئێران درێژەی بە خەباتداو توانی کارێکی مەحکەم دامەزرێنێ، ئەوو مامۆستا عومەر عەبدولعەزیز، مامۆستا حەمەئەمینی مەلا مەحمودی عەنەبو مامۆستا بورهانیش لەوێ بوون لەگەڵ کۆمەڵێ برای تر کە لە ئێراندا بوون.

**+ لە ناوەڕاستی هەشتاکاندا هەوڵێکی یەکگرتن لەگەڵ رێکخستنی ئیخوان لە ناوەڕاستی عێراق درا، چەند ئاگاداری ئەو هەوڵەیت؟**

– لە راستیدا حەزدەکەم ئەوە بڵێم لە ساڵی (1983– 1984) ئێمە روئیامان بۆ کاری ئیسلامییو گۆڕەپانەکەو رێکخستن روون بۆوە، گۆڕەپانەکەمان زیاتر ناسی، بە پێی نەخشەیەکی ورد کارەکە بەسەر زانکۆو پەیمانگاکاندا دابەشکرا، هەر لەو کاتەدا کۆمەڵە برایەك هەبوون لە ناوەڕاستی عێراق کە بڕوایان بە کاری رێکخستن هەبوو، چالاکییەکی باشیان هەبوو، لەو برایانەش دکتۆر عەبدولمەجید، دکتۆر عیسام، موحەممەد فازیل سامەرائی، موحەممەد ئیبراهیم، عەلی ئەبولحەسەنو چەند برایەکی تر بوون، ئەوانیش وەکو ئێمە کاریان رێکخستبوویەوەو لە هەموو چینو توێژەکان ئەندامیان هەبوو، ئەتوانم بڵێم لە سەرەتای هەشتاکانەوە تا ئەو کاتەی قەناعەتمان هاتە یەکگرتنەوەی ریکخستن هەوڵدان بۆ یەکگرتن هەر هەبووە، دکتۆر عیسامو مامۆستا سەید ئەحمەدو ئەوان هاتن، هەوڵیان دەدا لەگەڵ لایەنەکاندا کەوا با کار یەك بێتو هەمووی یەك میحوەر بێت، بەڵام جیاوازی لە بۆچووندا هەبوو، بە تایبەت ئێمە تەحەفوزی زۆرمان هەبوو، ئەترساین ئەمە ببێتە هۆکاری ئاشکرابوونی کارەکە، بۆیە ئەمە تا ساڵانی (1985– 1986) مایەوە، ئەوانە هەر لە پەیوەندیکردندا بوون بە کەسایەتییەکانەوە، سەردانی مامۆستا سدیق، مامۆستا عوسمان، مامۆستا حەسەن پێجوێنی، مامۆستنا بورهان، مامۆستا عەلیو ئەو برایانەیان دەکرد، بە بەردەوامی دەهاتن دەیانوت با کارەکە ببێت بە یەك، لە موسڵ

ئێمە سەرپەرشتی کاری قوتابیانمان دەکرد، لەو ماوەیەدا لەگەڵ ئەو کۆمەڵە برایە ژیاین کە قەناعەتیان بە کاری ڕێکخستن هەبوو، ئێمە کە لە نزیکەوە بینبوومانن متمانەیەکی زیاترمان پێیان هەبوو، برایانی ترمان ئەو متمانەیان پێیان نەبوو، چونکە لە دوورەوە دەیانناسین، بۆیە لە موسڵدا ئێمەو ئەوان کارمان وەکو تێکەڵ وابوو، هەرچەندە ئەمە بە شێوەیەکی رەسمی نەبوو، لە راستییدا کە لە (1985-1986) هەوڵدرا بۆ یەکگرتن، ئێمە قسەمان لەگەڵ ئەو مامۆستایانەدا کردو پێمان وتن باشتر وایە ببینەوە بە یەك‌و ئەوە زیاترو شەرعییەتی زیاتر دەداتە کارەکە، بۆیە ئێمە لەو کاتەدا ئیجتیهادێکمان کرد، بە مامۆستا حەسەن شەمێرانی‌و ئەوانمان وت ئەگەر ئێوە نەیەن ئێمە هەر دەچین، چونکە ئێمە قەناعەتمان وابوو دەبێت "واعتصموا بحبل الله جميعا"و "انما المؤمنون اخوة" لە راستییدا ئێمە ئەزموونی سیاسییمان کەم بوو، بەڵام کاری زۆرمان بەدەستەوە بوو، بۆیە چوونی ئێمە پاڵنەرێکی گەورە بوو، مامۆستا سەلاحەددینیش هانیداین‌و وتی ئەگەر متمانەتان هەیە هەموو یەکبن باشترە، مامۆستا سدیقیش بەیعەتیدا بەو برایانەو مامۆستا عوسمانیش هاتە موسڵ بەیعەتی بەو برایانە دا، لە راستیدا هەموو پەیمانماندا کە کار بکەین، دوایی ئەوان وتیان بچن لەوێ واتە باکوور کاری خۆتان بکەن، مامۆستا عوسمان لەو قۆناغەدا وەکو واجیهەیەك دانرا، ئیتر ئێمە لەگەڵ مامۆستا سدیق‌و ئەواندا کارمان دەکرد، مامۆستا حەسەن پێنجوێنی‌و مامۆستا بورهان‌و ئەوانیش بە قەزیەکە رازیی بوون، بڕیارماندا هەمووومان کارەکە تێکەڵ بکەین‌و یەکێتییەکی ڕێکخستن لە هەموو میحوەرەکان دروست بکەین.

**+ مامۆستا مەلا عوسمان تەنها رووکارێك بوو، یاخود بە رەسمی کارەکانی بەڕێوە دەبرد؟**

- وەڵڵا مامۆستا عوسمان بە هۆی پێشینەیەك کە هەیبوو وەکو واجیهەیەك بوو، دیارە لەگەڵ ئەوپەڕی ڕێزم بۆی کە زاناو خواناسێکی گەورە بوو، بەڵام هەموو دەمانزانی مامۆستا مەلا عوسمان بۆ کاری ڕێکخستن‌و ئیداری ناشێت، برایانی

ناوەڕاستیش ئەو راستییەیان دەزانی کەوا بە حوکمی چەند ساڵێك جۆرێك لە حەساسیەت لە نێوانماندا دروست بووە، ئەوەش هەروا بە ئاسانیو خێرا بیرناچێتەوە، بارودۆخەکەش لەبار نەبوو تا کارەکە بە باشی دامەزرێت، بۆیە مامۆستا مەلا عوسمان وەکو چارەسەرێکی ناوەندی دانرا تا هەموو میحوەرەکان لەو کاتەدا لە ژێر لافیتەی ئەودا یەك بگرنەوە.

**+ ئەی کێ لەگەڵ مامۆستا مەلا عوسمان سەرپەرشتی کارەکەی دەکرد؟**

ـ کۆمەڵە برایەك سەرپەرشتی کارەکەیان دەکرد، بۆ نموونە لەو میحوەرەی کە ئێمەی لێبووین منو دکتۆر موحەممەد بووین، هەروەها مامۆستا سدیق بوو، ئەو برایانەی لەگەڵ مامۆستا سدیق بوون، مامۆستا موحەممەدو کاك مەولود، هەروەها مامۆستا حەسەن پێنجوێنی بوو، هەرچەندە مامۆستا حەسەن تارادەیەك تەحەفوزی هەبوو، هەروەها مامۆستا بورهانو مامۆستا حەسەن شەمێرانی، بەڵام لەو کاتەدا مامۆستا عەلی موحەممەد تۆزێك لێمان بێتاقەت بوو، وتی ئێوە پەلەتان کردووە، بۆیە ئەو لەو قۆناغەدا کەنارگیری هەڵبژاردو وتی من نایەم، چونکە قەناعەتم بەو کارە نییە.

**+ پێتوایە ئەم رێککەوتنە متمانەی لە نێوان هەردوولاو ناوەڕاستو باکوور دروست کرد؟**

– بە داخەوە ئەم یەکبوونە تەمەنی کورت بوو، ئەگەرنا دەرەنجامێکی باشی دەبوو، دەبووە هۆی نەهێشتنی ئەو حەساسیەتەی کە لە دەرەنجامی میحوەر میحوەر ئاڵا بووە ملی ئێمە، لەگەڵ مامۆستا سدیقو ئەوان بە باشی دادەنیشتینو تەکبیرمان دەکردو کارمان دەکرد، بڕیارماندابوو شارەکان دابەش بکەینەوە، بڕیارماندا هەموو رێکخستنی هەڵەبجە بدرێتە مامۆستا سدیقو ئەوان ئیدارەی بدەن، ئەوانیش رێکخستنی سلێمانی بدەنەوە بە ئێمە، چونکە ئێمە لەوێ ئەژیاین، رێکخستنی سەیدسادق بگێڕینەوە، بەو شێوەیە بە گوێرەی ئەوەی زۆرینە لەکوێ بوایە کێ قورسایی لەو شوێنە هەبوایە کارەکان بەو دەسپێردرا، بەڵام بە داخەوە

ئەم تەگبیرانەی ئێمە زۆر دریژەی نەکێشاو ڕێکخستن ئاشکرا بوو، گرتن هات بە سەردا.

**+ دوای ئەوەی ڕێکخستن ئاشکرا بوو ژمارەیەك ئەندامتان گیراو هەندێکتان چوونە ئێران، لە ئێران کارتان چۆن بوو؟**

– حەزدەکەم لێرەوە تیشك بخەمە سەر شێوازی ئاشکرابوونی ڕێکخستن، قەدەری خوا وابوو ئەو ساڵە ئێمەش بڕیارماندا نەچین بۆ بەرگریی میللی (جیش الشعبي) لەوێ بڕیارماندا کە نەچین، ئەمە پوازێکی گەورە بوو لە حزبی بەعس، لەو کاتەدا کۆمەڵێك تەحەدای بکەن‌و بڵێین ئێمە بڕیاری سەرکردایەتی ئێوە دەخەینە ژێر پێوەو بەگوێتان ناکەین، بۆیە حزبی بەعس بڕیاری فەسڵکردنی ئێمەی دا، ئەم فەسڵکردنە بووە هۆی ئەوەی کۆمەڵێك ڕزگارمان بوو لە گرتن، کاتێ ڕێکخستن کەشف بوو، ئیتر ئێمە کەوتینە خۆمان، چونکە پێمان گەیشتبوو کە یەکێك لەو برا سەرکردایەتیانە لە ژێر فشاردا ترسێندرابوو کە ئەگەر دان نەنێیت بە واقیعی کارەکەتاندا خێزانەکەت ئەهێنین‌و دەستدرێژی دەکەینە سەر، ئەویش زۆر ترسابوو دانی بەزۆر شتا نابوو، بە داخەوە تەڕو وشکی تێکەڵ کردبوو، ئێمە هەموو کەوتینە بەر ئەگەری ئەوەی بگیرێین، بۆیە لەگەڵ کاك موحەممەد موسڵمان جێهێشت‌و رامان کرد، لەگەڵ کۆمەڵی برای تر لەوانە مامۆستا بورهان، مامۆستا سەید ئەحمەد، کاك ئازادی مەحمود سەراج و کۆمەڵێ برای تر هاتین لە موانەکان لە ناوچەی شارەزوور خۆمان شاردەوە، مامۆستا سدیق گەلاڵی‌و مامۆستا محێدین‌و کۆمەڵێك لەو برایانە بەرەو ئێران دەرباز بوون، قەدەری خوا ئەمەش ڕووداوو ڕاپەڕینەکەی هەڵەبجەی هات بەسەردا، کۆمەڵێکی زۆر ڕایانکرد بۆ ئێران، ئیتر دوای ئەوە بزووتنەوەی ئیسلامیی دروستبوو، گرفتێك لە نێوان برایاندا سەریهەڵدا، داوایانکرد هەندێکمان چووین بۆ ئێران‌و تەوزیحاتمانداو مامۆستا سەلاحەددین، مامۆستا سدیق‌و مامۆستا مەلا عوسمانمان بینی، ئێمە وتمان درێژە دەدەین بەکاری خۆمان، بەڵام ڕازی نابین بە مەسەلەی چەکداری کە ئێوە کردووتانە، وتمان ئەم چەکدارییە زیانی لە قازانجی

زیاتر دەبێت، لە کاتی هەڵمەتی گیرانەکەدا مامۆستا حەسەن شەمێرانی لە ڕووداوێکی زۆر سەیردا لە هەڵەبجە گیرا، تەنانەت حکومەت نەیتوانی بە جادەدا بیبات و کۆپتەر هات بردی، مامۆستا حەسەن پێنجوێنی گیرا، لە هەولێر دوو برامان گیرا، دکتۆر فاتیح ئەو کاتە لە ڕێکخستنەکەی ئێمەدا بوو ئەویش گیرا، کاک عومەر ئیسماعیل گیرا، لە موسڵ کاک موحەممەد ناوێكو چەند کەسێکی تریش لە بەغدادو ئەو شوێنانە گیرا، تێکڕا نزیکەی (75) کەس گیرا، لەوانە (55) کەسیان حوکمدران بە بەندکردن لە نێوان (5 ـ 20) ساڵو پێنجیان حوکمی ئیعدام دران، بەڵام دوایی حوکمی ئیعدامەکان گۆڕا بۆ حوکمی ئەبەدیو ئەوانی تریش حوکمەکەیان سووك بوو، دوای بردنە سەری چەند ساڵێك لە بەندیخانە ئازاد کران.

**+ کاتێك (1987) بزووتنەوەی ئیسلامیی دامەزرا هەڵوێستی ئێخوان چی بوو؟**

– بۆ مێژوو دەیڵێم، لەو کاتەی ئەو برایانەمان گیرانو هەڵەبجە شێوا، مامۆستا سدیق، مامۆستا موحەممەد ڕەئوفو کاك مەولود بێ ئەوەی ڕاوێژمان پێ بکەنو بە ئێمە بڵێن چووبوونە ئێران، کارەکەیان جۆرێك لە سەرپێیی پێوە دیاربوو، بۆیە چووینە لای مامۆستا عوسمانو وتمان ئێمە گلەییمان لەو ڕۆشتنە هەیە، دەبوو هەموو بمانزانیایە، چۆن برێکمان تیابچینو برێکمان دەرچین، ئەوە باش نییەو دەبوو لە ڕێی نەخشەیەکەوە بووایە، چونکە بە ڕاستی ئێمە لە ڕووی ڕێکخستنەوە پژا بووین، هەندێ برامان لە سلێمانیو زانکۆو پەیمانگاکانو هەڵەبجە مەترسیی گرتنیان لەسەر بوو، ئێمە داوامان لە مامۆستا عوسمان کرد کە ڕێکخستن بە شێوەیەکی تر داڕێژێتەوە، ئەو برایانە ڕۆیشتوون، بەڵام ئێمە بەردەوام دەبین لە کارو خەباتمان، چونکە سروشتی کاری کوردستان لە کاری شارەکانی تر جیاواز بوو، بڕیارماندا پەیوەندی بەو برایانەوە ببڕین کە گیراون یان گومانی گرتنیان لەسەرە، لەو کاتەدا کە مامۆستا عوسمان ڕۆشت بۆ ئێران، کەسێکی ناردە لام و وتی مامۆستاو توویەتی پێویستە هەموو ئەو برایانەی کە ئەتوانن بێنە ئێران، ئێمە ئەو ڕاکردنەمان بە

شتێکی نائاسایی دەزانی، بەلامانەوە گونجاو نەبوو کە گۆڕەپانەکە چۆڵ بکەین، بۆیە لەگەڵ کاک موحەممەدو ئەو برایانەی لەوێ بوون کۆبوونەوەیەکمان کرد، لەوێدا وتم لەگەڵ رێزم بۆ ئەو قسەیەی مامۆستا، بۆچوونم وایە شتی وانەکەین، چونکە ئەمە زیانمان لێدەدات، بۆچی ئەو برایانەمان لێیان بشێوێ، باشترە لێرە بمێنینەوەو درێژە بە خەبات بدەین، کەسێکمان بچێ لەوێ لەگەڵ سەرکردایەتیی قسە بکات، بۆیە دوای ئەوەی کۆبوونەوەکە کراو قسە لەگەڵ برایانی سلێمانی کرا، وتیان تۆ بڕۆ بۆ ئێران، ئیتر من چووم بۆ ئێران لەوێ لەگەڵ ئەو برایانە قسەم کرد.

**+ ئەمە پێش دامەزراندنی بزووتنەوە بوو، ئەی کاتی دامەزراندنی بزووتنەوە؟**

– لە راستییدا کاتێك ئەوە باسکرا هەمووی چەك هەڵبگرێت، ئێمە قەناعەتمان بە چەك هەڵگرتن نەبوو، بۆیە چووین بۆ ئێران قسەمان لەگەڵ کردن، قسەمان لەگەڵ مامۆستا سدیقو ئەوان کرد، مامۆستا سدیق بە حوکمی نزیکی لە مامۆستا عوسمان لەم دیوو رۆڵی باشی دەبینیو کاریگەری لەسەری هەبوو، لەگەڵ رێزم بەڵام دەتوانم بڵێم هۆکاری چەکهەڵگرتنی مامۆستا عوسمان بەشێکی کاریگەری مامۆستا سدیق بوو لەسەری، هەروەها بزووتنەوەی پەیوەندی زانایانی ئیسلام کاریگەری زۆریان لەسەر مامۆستا عوسمان هەبوو، کاتێك بەیانی (أذن للذين يقاتلون بانهم ظلموا وان الله على نصرهم لقدير) کە بەیانی مامۆستا عوسمانو ئەوان بوو بۆ چەکهەڵگرتن بڵاوبوویەوە، ئێمە ناڕازی بووینو لەوێ لەگەڵ کاك موحەممەد نووسراوێکمان نووسی، ناوەرۆکەکەی دوانزە خاڵ بوو، وتمان هەرکەس دەیهەوێت بچێت بۆ ئێران ئەمە بخوێنێتەوە، هەرچەندە زۆربەی خاڵەکانیم لەبیرە، بەڵام بە داخەوە نووسراوەکە نەماوە، هەر کەس دەیخوێندەوە نەدەچوو بۆ ئێران، چونکە دەیزانی دەرەنجامەکەی چی دەبێت.

**+ ئەو خاڵانە چی بوو؟**

– لەو نووسراوەدا زیاتر جەختمان لەسەر ئەوە کردبووەوە کە بانگخواز تا بۆی دەکرێت لە ناوچەو دەڤەرەکەی خۆیدا بمێنێتەوە، لە ژیانی ئاوارەیدا ناتوانێ بە

کارەکانی خۆی هەڵسێت، زیاتر لەو بارەوە بوو، هەندێك کەس دەیووت مامۆستاو ئەوان وتوویانەو ئێوە چۆن شتێك دەڵێن پێچەوانەی ئەوە بێت، ئێمەش وتمان ئەمە ئیجتیهادێکە، قەناعەتمان بەوە نییە ئەو هەموو خوشكو برایە بڕۆنە ئێرانو لە ژیانی ئاوارەییدا بژین، زۆر کەس لەو ژیانەدا ئەگەری فەوتانی هەیە، ئێمە بە راستی لەوێ هەڵوێستمان ئەوەبوو کە بۆچوونمان لەگەڵ چەکهەڵگرتن نەبوو، ئێمە بڕیارماندا کارو خەباتی خۆمان بکەین، هاتینەوە ئەم دیوو درێژەمان بە کاری خۆماندا، وتمان ئەوان ئیجتیهادو راو بۆچوونی خۆیان هەیەو ئێمەش ئیجتیهادو راو بۆوچوونی خۆمان هەیە.

**+ لەو کاتەدا پەیوەندیتان بە ئیخوانی دەرەوە نەکرد؟**

– لە راستییدا ئەو گورزەی لێی درا پەیوەندییەکەی پچڕاند، ئەگەر شتێك هەبووبێت مامۆستا سەلاحەددین رۆڵێکی باشی دەبینی لەو شتانەدا، بارودۆخی عێراقیش زۆر جیاواز بوو، ئەوەی تیای نەژیابێت نازانێت چۆنە، عێراق وەکو قەفەسێك وابوو ئەو ستەمکارانەش بە ئارەزووی خۆیان ستەمیان دەکرد، لەبەرئەوە هەموو شتەکانی حاڵەتێکی تایبەتو شازی هەبوو.

**+ لەو کاتەدا کورد ستەمێکی زۆری لەسەر بوو، پێتوانییە دامەزراندنی بزووتنەوەیەکی چەکداری کارێکی پێویست بوو، ئەگەر ئێوە خۆتان ئەوەتان دابمەزراندایەو سەرپەرشتیتان بکردایە باشتر نەبوو؟**

– لە راستییدا ئێمە وەکو برایان لەم دیوو، بڕوامان بە مەزڵوومیەتی ئەم گەلە هەبوو، بڕیار نییە هەموو هێزەکانی ناو نەتەوەیەك چەکدار بن، لەبەرئەوە ئێمەش ئەوەمان بە چاك دەزانی هەر بزووتننەوەیەك لە کەشوهەوایەکی نائاساییدا دروست بێت، بە تایبەتی بزووتنەوەی چەکداری و لە شوێنێکی وەکو ئێراندا، سەد لە سەد راستگۆیی خۆی لەدەست دەدات، سەربەخۆیی لەدەست دەداتو خاوەنی بڕیاری خۆی نابێت، لە حاڵەتی لەدایکبوونێکی نائاساییە، بارودۆخێکی نالەبار وایکردووە،

ئێمه وا پەروەردە بووین، وا لە ئیسلام حاڵین کە وەڵامی ئەو جۆرە شتە سۆزداریانە نەدەینەوە، چونکە قەزیەکە دوایی دەرنجامی خۆی دەبێت، هەروەکو بینیمان دەرەنجامی خۆی هەبوو.

**+ کاتێك چوونە ئێران، میحوەرەکان لەسەر رێکەوتنێك کاریان تێکەڵ کرد، هۆکاری ئەمە چییە؟**

– ئەو جیاوازییەی باسمکرد لەم دیوو هەبوو لەوێش هەبوو، بۆ نموونە مامۆستا عومەرو ئەوان کە پابەندبوون بە بڕیاری وەستاندنی رێکخستن، جۆرێك لە ناڕەزاییان بەرامبەر ئەو کارەی ئێمە هەبوو، لێرە زۆررجار بەیەکدەگەیشتین گلەییان لێدەکردین‌و دەیانوت ئێوە بۆچی ئەو کارە دەکەن، دەمانوت قەناعەتمان وایەو رێزی بۆچوونی یەکمان دەگرت، بۆیە دوای (1987) کاتێك زۆربەی برایان لێیان شێواو چوونە ئێران، مامۆستا عومەر رێشاوی، مامۆستا ئیبراهیم، مامۆستا موحەممەد فەرەج، مامۆستا هادی‌و کۆمەڵێ برا کە چوونە ئێران، کۆمەڵێك برایانی ئەو رێکخستنەی کە ئێمە لەم دیوو کارمان لەسەر دەکرد، مامۆستا سەلاحەددین‌و ئەوان لەوێ پێکهاتن کەوا هەمووان ببنە یەك‌و لە ژێر سەرپەرشتی یەك سەرکردایەتییدا، ئەوە سەرکەوتنێك‌و دڵخۆشییەکی گەورە بوو بۆ ئێمە، لە مێژبوو ئاواتمان بۆ دەخواست‌و سەری گرت، سوپاس بۆ خوا لەوێ کارێکی سەرتاسەری‌و لەژێر یەك پرۆگرام‌و یەك سەرکردەدا تەشکیل درا، ئەمە سەرکەوتنێکی گەورە بوو بۆ گەڕانەوەی دوای راپەڕینی (1991)ی برایان‌و خوشکان بۆ ئەمدیوو.

**+ هەڵوێستی ئیخوانی دەرەوە چی بوو؟**

– ئەوە حەقیقەتێکە کە برایان بە گشتی ئیجتیهادو کاری هەر وڵاتێك بە خۆیەوە بەستراوە، هەر کۆمەڵێك کاردەکەن بە خۆیانەوە بەستراون، بە تایبەتی کوردستان‌و ناوچە کوردنشینەکان تایبەتمەندیی خۆیان هەیەو حسابێکی تایبەتی بۆ کراوە، وەکو ئێستەش بۆی کراوە، بۆ نموونە ئێستە خاوەنی هەموو بڕیارێکی خۆمانین، لە راستییدا ئەو پابەندبوون‌و بارودۆخە کتوپڕانە زۆر حسابی بۆ ناکرێت‌و ئەوانیش هەر

پیرۆزبایی دەکەن، هەمیشە موسڵمان پێی خۆشە دوو موسڵمان یەك بگرن نەك پەرتەوازەو جیاواز بن، لەبەرئەوە پیرۆزباییان لێکردو پێیان خۆش بوو، شەرعیەتێکی زیاتریشی بۆ کارو چالاکی وەرگرت.

**+ بە بڕوای تۆ ئەو کارەی تا ساڵی (1991) کراوە دەتوانین ناوی بنێین کاری ئیخوان لە کوردستان؟**

– بێگومان کاری ئیخوان بووە، ئەوە حەقیقەتێکە کە ئەو کارە بەرفراوانەی ئەمانکرد زۆربەی زۆری ئەو بانگخوازانە هەمووی برایان بوون، هەرچەندە لەو کاتەدا هەندێکیان جیابوونەوە، لە سەرەتای هەشتاکاندا کۆمەڵێك مامۆستا فکرەی جیهادیان بۆ دروست بوو، هەر لەو کاتەدا لەشکری ئیسلامی دروست بوو، ئێرانیش لە سەرەتاوە پشتگیریی لێدەکردن، بەڵام بە داخەوە دوایی لەلایەن هێزێکی چەکداری کوردییەوە چەککران‌و پەرتەوازە بوون، پەیوەندی زانایانی ئیسلامیی دروستبوو، مامۆستا شێخ موحەممەد بەرزنجی چووە ئێران، دواتر مامۆستا عەبدوللەتیف‌و کۆمەڵێك موسڵمانی تر ئەو بۆچوونەیان هەبوو کە بزووتنەوەیەکی چەکداری پێویستە، هەروەها لە (1983ـ 1985) کۆمەڵە ئەفکاریکی توندڕەو لەناوخۆ سەریهەڵدا کە زیاتر بە کۆمەڵەی جیهادی میسرو تەکفیرو هیجرە کاریگەر بوون، ئەمانەش کاریگەری خۆیان هەبوو، تەکفیری ئێمەشیان دەکرد، وایاندەزانی بە تەقاندنەوەی دوو ئارایشتگە کێشەکە چارەسەر دەکرێت، بۆیە لە بەرانبەر ئەوەدا چەندین کەسیان شەهید کرد.

**+ سنووری چالاکییان لە کوێ بوو؟**

– لە سلێمانی کەمێك چالاکییان هەبوو، لە هەولێریش کەمێك هەبوون، هەر لەو کاتەدا مامۆستا عەلی باپیر قسەو باسی هەبوو تا دواتر ئەویش سەری لە چەکداریەوە دەرچوو.

**+ ئەگەر بە چاوێکی رەخنەگرانەوە بڕوانیتە ئەو قۆناغەی کاری ئیخوان لە کوردستان، چیمان پێ دەڵێی؟**

– بێگومان هیچ کارێك بێ کەموکوڕی نییە، ئەگەر ئیستا وێنایەکی ئەو کارە سەیر بکەین‌و هەڵسەنگاندنی بۆ بکەین رەخنەی زۆر رووی تێدەکات، بەڵام جۆرێك لە بێویژدانیش دەردەچێت کە لە ئێستادا ئەو کارە هەڵەسنگێنی، لە جەوێکی ئازادییداو بەعس نەماوە، بە راستی من خۆم وەکو موسڵمانیك کە دەمەوێت خزمەت بکەم رەخنەی گەورەم لەوێ بوو، ئێستەش هەر ئەوە رەخنەمە کە دەبوو برایانی موسڵمان رێکخستنیان رانەگرتایە، چونکە راگرتنی رێکخستن لەوانەیە سەلامەتی هەندێکی پاراستبێ، بەڵام گەورەترین زیانی لە کاری ئیسلامیی داوە، ئەو شپرزەییەی ئێستا لە ناوەڕاستی عێراقدا هەیە، بە بڕوای من کاریگەری ئەو بڕیارەی پێوەیە.

# دیداری سیانزەیەم:

# کاك عەبدولستار مەجید



عەبدولستار مەجید قادر، ساڵی (1970) لە دایك بووە، هەڵگری بڕوانامـەی بەکالۆریۆسە لە زانستی قورئان، لـە ناوەڕاسـتی هەشـتاکانەوە تێکـەڵ بـەکاری ئیسلامیی بووە، ساڵی (1988) پەیوەندی بە بزووتنەوەی ئیسلامییەوە کردوەو چەند پۆستی جیاوازی لـەو حزبـەدا وەرگرتـووە، لـە (2001) بەشـداربووە لـە ڕاگەیاندنی کۆمەڵی ئیسلامیی کوردستان، ئێستا ئەنـدامی مەکتـەبی سیاسـیی‌و وتەبێژی کۆمەڵی ئیسلامییە.

شوێن‌و مێژووی دیدار: ڕانیە، 2004/12/11.

**+ زۆر سوپاست دەکەم بۆ سازدانی ئەم دیدارە، دەخوازم سەرەتای پرسیارەکانم لەوەوە دەستپێبکەم کە بەڕێزتان کەی چوونە ناو بزووتنەوەی ئیسلامیی؟**

ـ بسم الله الرحمن الرحیم، الحمدلله والصلاة والسلام علی رسول الله وعلی آله وصحبه وسلم. بەخێرهاتنێکی گەرمت دەکەم، هەوڵدەدەین بە پێی ئەو واقیعو حاڵەتەی تێیدا ژیاوین وەڵامی پرسیارەکانت بدەینەوە، بەڵام لەوانەیە تەواوی مێژووەکانم لەبیر نەمابن، ئێمە بەرلەوەی بچینە ناو بزووتنەوەی ئیسلامیی، کۆمەڵێك ڕۆشنبیرو مامۆستاو هەڵسووڕاو بووین لە هەولێر کە بە جددیو لێبڕاوانە سەرقاڵی کاری بانگەوازو هۆشیارکردنەوەی خەڵك بووین، دیارە لەو کاتەدا خەڵك بە تەواوی لە حاڵەتێکی غەفڵەتو بێئاگاییدا بوون لە رووی ئیسلامو مەفاهیمو چەمکە ئیسلامیەکانو بزاوتو جموجوڵە ئیسلامییەکانو جیهادی ئیسلامیی، لەو کاتەدا لە هەولێر کۆمەڵێك مامۆستا کارو چالاکیان هەبوو، ناودارترینی ئەو مامۆستایانە لە هەولێر مامۆستا ئەمین بوو، کە دوای راپەڕین کۆمەڵی جیهادی راگەیاند، باڵێکی تریش هەبوون بە ناوی ئیخوان کاریان دەکرد، بەڵام ئەوەی زیاتر بەهێزبێتو گیانێکی جیهادی هەبێتو لێبڕاوانەترو جددی تر کاربکات، لە راستیدا ئەو کۆمەڵەی دەوری مەلا ئەمین بوون، لە پەروەردەشدا زیاتر جەختکرایە سەر لە بەرکردنی قورئان و فەرموودەی پێغەمبەر ﷺ، هەروەها گرنگی زۆر بە مێژوو دەدرا.

ئێمە ئەو کاتە کۆمەڵێك گەنج بووین، تازە پێڕادەگەیشتینو ئەو رۆحەمان بۆ دروست ببوو، واتە رۆحی بەرەنگاربوونەوەی بەعس کە دژایەتی و دوژمنایەتیەکی زۆری موسڵمانانی دەکرد، ستەمێکی زۆری دەکرد لە میللەتی کوردی موسڵمانو خاكو نیشتمانی موسڵمانان، حەماسەتو سۆزێك دروست ببوو، بەڵام بێئەوەی سەرکردایەتییەکی رەشید هەبێت، بیرمە ئەو کاتە مامۆستا ئەمین چەند جارێك چووە ئێران، ئەو کاتە پەیوەندی ئیسلامیی کوردستان هەبوو، چوو لەگەڵ ئەو مامۆستا بەڕێزانەی وێندەر، ئەو کاتە شێخ موحەممەد بەرزنجیو دواتر شێخ

عەبدوللەتیف رابەر بوو، لەو سەردانانەدا دکتۆر ئیبراهیمو کاك ئازاد حوجرانیشی لەگەڵدا بوو، ئەوان چوون تەماشای بارودۆخەکە بکەن، ئەگەر ئەو سەرکردانەی سەرکردایەتی ئەو کۆمەڵە خەڵکە دەکەن کە کاری جیهادییان راگەیاندووەو چوونەتە دەرەوە، ئەگەر بەرنامەیان پێبێو سەربەخۆیی خۆیان هەبێتو بتوانن سەرکردایەتی بزووتنەوەیەکی جیهادی بکەن، ئەوا ئێمەش ئەو کۆمەڵە گەنجە لە هەولێرو دەوروبەری تەنانەت لە سلێمانیو دهۆكو موسڵیش هەبووین، پەیوەندییان پێوە دەکەین بۆ ئەوەی ئەو بزووتنەوە جیهادییە بەهێز بکرێت، دیارە لەو کاتەشدا شەڕی عێراقو ئێران هەڵگیرسا بوو، ئەوان دوو سێ جار چوونو بە نیگەرانی دەهاتنەوە، بۆچوونیان لەسەر وەزعەکە باش نەبوو، بۆیە بڕیاریان نەدا بچنە ناو ئەو بزووتنەوە جیهادییەوە.

دواتر هەرکەس بیری لەوە کردەوە پەیوەندی بە بزووتنەوەوە بکات، من هەرچەندە زۆر گچکە بووم، بەڵام ساڵی (1987) بڕیارمدا پەیوەندییان پێوە بکەمو بچمە دەرێ، هەندێ برادەرم هەبوون لە نێو بزووتنەوە، کە دەهاتنە خوارێ دوو سێ جار یەکترمان بینی، پرسیارمان دەکردو شتەکەیان روونکردەوە، لە راستییدا ئێمە تازەو ساوا بووینو بارودۆخی ئەوانیش ساوا بوو، هەرچەندە لەگەڵ مامۆستا ئەمینو ئەوانیش بووین بەڵام بەڵێنمان پێدانو چووینە دەرەوە.

ئەو کاتەی چووینە دەرەوە هێزی شافیعی هەبوو، نزیکەی (10- 12) کەس بوون، سەرەتا کاك مەلا فاروق لێپرسراوی بوو، کە ئێستە لە مزگەوتی سەوافی هەولێر وتاربێژە، دواتر کاك مەلا قادری برایەتی بووە لێپرسراوی هێزو لەگەڵ مەلا سەلمان سەرۆکاری ئیشو کاری هێزەکەیان دەکرد، جا بە راستی ئەوە سەرەتای هەستکردنمان بوو بە بەرپرسیارێتی.

**+ سەرنجو تێبینی مامۆستا ئەمین لەسەر بزووتنەی پەیوەندی چی بوو، پێیوابوو ئەو حزبە سەربەخۆ نییەو کەوتۆتەی ژێر هەژمونی ئێران؟**

ـ ئەوەی لەگەڵ مامۆستا ئەمین ژیابێت دەزانێت کە بەردەوام بۆچوونێکی توندی هەبوو، زۆر شتی بە توندی دەگرت، بەلای ئەوەوە کەوتنە ژێر کاریگەری پرسو رێنمایی ئێران جێی تێبینی بوو، بەڵام دەتوانم بڵێم بەڵگەی زۆریشی لەسەر ئەو مەسەلەیە نەبوو، بەڵام ئەوەی زۆرتر لە کارەکەی ساردکردەوەو بێتاقەتی کردبوو، پێیوابوو ئەوانە سەرکرداتیەتی بزووتنەوەیەکی جیهادییان پێناکرێت.

**+ پێیوابوو سەرکردەکانی بزووتنەوەی پەیوەندی شیاوی ئەو کارە نین؟**

ـ پێیوابوو سەرکردایەتی ئەو کاتەی بزووتنەوەی پەیوندی ئیسلامیی، تەنانەت ئەو کارە جیهادیەیان پێناکرێت، پێیوابوو ناتوانن بانگەوازو جیهادێکی راستەقینە بکەن، دەتوانم بڵێم ئەو بۆچوونە لەڕوویەکەوە راست بوو، دواتریش هەموومان گەیشتینە ئەو قەناعەتە، بۆیە لە ماوەی چەند ساڵێکدا چەندین کۆنگرە بەسترا.

**+ کێشەکانی ناو بزووتنەوە چی بوو وای دەکرد کۆنگرە ببەسترێ؟**

ـ وەڵڵا کێشەمان زۆر بوو، ئێمە کاتی خۆی لە سماقوڵی پێشمەرگە بووین، مەلا قادری برایەتی ئامر هێز بوو، ئێمە جگە لە کاك مەلا قادر کەسێکی ترمان نەدەناسی کە سەرکرادیەتی ئەو خەڵکەی بکات، بڵاوکراوەیەکمان پێ نەدەگەیشت تا بزانین ئاخۆ ئەو حزبە سەرقاڵی چییەو چی دەکات؟ تەوجیهاتی چییە؟ رادیۆ نەبوو دەنگیان بگاتە لای ئێمە، تا بزانین تەوجیهاتی سەرکردایەتی چییە، یاخود رابەر چی دەڵێت؟ هامۆشۆیان نەدەکردین، رۆژێك ئەو سەرکردایەتییە نەدەهات لێمان بپرسێتەوە، سەردانی تایبەتی هەبوو، مامۆستا عەلی باپیر جارێك هات سەردانی ناوچەکەی کرد، زۆرمان پێخۆشبوو، بەڵام ئەو کاتە ئەویش ئامر هێز بوو.

**+ سەرکردایەتی لە کوێ بوو؟**

ـ سەرکردایەتی لە ئێران بوو، لە (کۆپەر) لە پیرانشەهر دانرا، لە کۆپەر ئیشێکی وای نەکرد، دواتر سەرکردایەتی چووە ماڵان، سەرکردایەتی چووە ماڵی مامۆستا عوسمان بەرەحمەت بێت، خەڵك دەبوو بگەڕایەتەوە بۆ ئەو، مامۆستا مەلا عەلی هەبوو دەبوو بگەڕێیتەوە بۆ لای ئەویش، هەروەها مامۆستان شێخ عەبدوللەتیف

بەرزنجی بەهەمان شێوە، سەرکردایەتی ئیعتیبار بوو لەماڵەکان، دەبو هاتوچۆی ماڵەکان بکەیت، لە بیرمە لە (1987) مەلا قادر یان مەلا سەلمان بۆ راوێژکردنێك بۆ بەهانا هاتنێك دەچوونە ئەو دیوی ئێران، مانگو نیوێك دوو مانگ بەڕێوە دەبوون، کاکە ناکرێت ئەو پێشمەرگە رەشو رووتانە لەو شاخە لە بەرامبەر ئەو حکومەتە زلو زەبەلاحەی جێبێڵی، جا فشاری پێشمەرگەی هەندێ ئەحزابیش، شوێنێك نەبوو کە ئیدارەیەکی هەبێتو سەرکردایەتی لێدانیشێتو مەکتەب سیاسیی هەبێتو کارگێڕ هەبێتو خەمی ئەو خەڵکە بخوات، ئێمەش زۆر سادە بووین، پیویستمان بە رێنمایی هەبوو، با قسەیەکی خۆشت بۆ بگێڕمەوە، دەچووینە سەر رێگەی کۆیەو هەولێر بازگەمان دادەنا، ساڵانی (1987ـ 1988) بوو پێش ئەنفالەکانو پێش ئەوەی پێشمەرگە هەڵبڕێتو بچێتە دیوی ئێران، بازگەمان دادەناو هیچ زانیاریەکمان نەبوو کێی پێدادێت، جاری وابوو کۆستەرێکمان رادەگرت (20) نەفەری تێدا بوو، مەلا سەلمان دەچووە پێشو دەیوت ئێمە پێشمەرگەی بزووتنەوەی ئیسلامیین، ئێمە کۆمەڵێکی راستینو داوای مافی خۆمان دەکەینو حکومەت ستەمێکی زۆری لە ئیسلامو موسڵمانان کردووە، ئێمە بە ناوی ئیسلام شۆڕش دەکەین، مەلا سەلمان وێنەیەکی مامۆستا عوسمانی پێبوو، نیشانی خەڵکەکەی دەداو دەیوت: ئەو پیاوە موبارەکەمان لەگەڵە، دەکرێت ئەو پیاوە موباەرکە درۆ بکات؟ خۆ درۆ ناکات.

کاری ئێمە زۆر سادە بوو، خەڵك نەیدەناسین راگەیاندنێکمان نەبوو، رادیۆ نەبوو، گۆڤارێك دەردەچوو بە ساڵو مانگ دەگەیشتە ئێمە، کاتێك پێمان دەگەیشت زۆر بە لامانەوە سەیر بوو، با شتێکی تریشت بۆ بگێڕمەوە، جەولەیەکمان کرد ساردو سەرما بوو رووومان کردە گوندێك، خەڵکیش بە نابەدڵی رێزی دەگرتینو وای دەزانی سپڵەینو شەق لە شت هەڵدەدەین، دوای ئەوەی نوێژمان کرد خاوەن ماڵ وتی: کاکە ئێوە یەکێتیی نیشتمانین؟ وتمان: نەوەڵڵا ئەو نین. وتی: ئەدی شیوعیش نین ئێوە نوێژ دەکەن؟ وتمان نەوەڵڵا شیوعیش نین. وتی: پارتیش لە ناوچەی ئێمە نییە،

ئەی باشە ئێوە چین؟ وتمان: ئێمە بزووتنەوەی ئیسلامیین، وتی تووڕ چما ئێوەش هەن!

بەراستی ڕاگەیاندنێك نەبوو بڵێت ئەوە بزووتنەوەی ئیسلامیی هەیە، ئەوە ئامانجو بەرنامەیەتی، ئەوە مەبەستێتی، مەبەستم ئەوەیە کە بڵێم ئەو کاتەی لە شاخ بووین مەسەلەی سەرکردایەتی ئاوابوو، بە ڕاشکاوی دەڵێم سەرکردایەتی نەبوو، مامۆستا ئەمین ڕاستی دەکرد کە دەیوت: ئەوانە ناتوانن سەرکردایەتی بزووتنەوەیەکی جیهادی ئیسلامیی لە کوردستان بکەن.

**+ مامۆستا ئەمین هیچ حزبێکی لە هەولێر تەشکیل نەکرد؟**

ـ هەر تەوژمێك بوونو زیاتر پەیوەندییان پێکەوە هەبوو، زیاتر سەرقاڵی قورئانو لەبەرکردنی فەرموودەو مێژوو بوون، بۆ خۆیان شکڵێکیان گرتبوو.

**+ ئەندامانیان لەسەر چ ئەدەبیاتێك پەروەردە دەکران؟**

ـ زیاتر بیرو بۆچوونی سەید قوتب باڵی کێشابوو بە سەر فیکرو دیدو تێڕوانینیاندا.

**+ ئەگەر بگەڕێینەوە سەر بزووتنەووی ئیسلامیی، یەکەم کۆنگرەی بزووتنەوە کەی بەسترا؟**

ـ مێژووەکەیم لە یاد نییە، بەڵام لە سەقز بوو، دواتر کۆنگرەیەکی تر لە دزڵی بەسترا، ئیتر ڕاپەڕین بەسەردا هات.

**+ لەو کۆنگرانەدا شووراو مەکتەبی سیاسیی هەڵدەبژێردران؟**

ـ لە کۆنگرەی دزڵی پێموایە حەوت کەسی یەکەم کە دەنگی زۆریان هێنا بوونە مەکتەبی سیاسیی، هەڵبەتە من لەو کۆنگرە بەشدار نەبووم، ئەوسا لە خدراوا بووم، بەرپرسی بارەگاکان بووم.

**+ زۆر لە سەرچاوەکان باس لەوە دەکەن کۆنگرەکان سەرکەوتوو نەبوون، هۆکاری ئەمە بۆچی دەگێڕیتەوە؟**

ـ له راستیدا ئێستا که بیر لەو مەسەلەیە دەکەمەوە، پێموایه هۆکارەکه کەمی گەشەکردنی فیکریو عەقڵی ئەو کەسانه بوو که کاری ئیسلامییان دەکرد، ئێستاش هەروایه، وادەزانرا کۆنگره تەنها هەڵبژاردنەو گۆڕینی خەڵکه، بۆیه کۆنگره دەبووه کێشەو هەرا، فلان دەرچوو فلان دەرنەچوو، دەنگ بدەنه فلان کەس، دەنگ مەدەنه فلان کەس، حەتمەن ئەم کێشانه هەبوو، بۆیه کۆنگرەکان سەرکەتوو نەدەبوون، کۆنگره بۆ خۆی بەر له هەموو شت چاوگێڕانەوەیه به رابردووی ئەو حزبەدا، بەرنامەدانانه بۆ داهاتوویو سیاسەتو مەبەستو ئامانجی حزب چییه؟ ئەو شتانه له کۆنگرەدا نەبوون، خوێندنەوەی ڕاپۆرت دەربارەی کارو چالاکی ئۆرگانەکان هەبوو، بەڵام کەس نەیدەوت چاکت کردووه، خراپت کردووه، یاخود بۆ وات کردووه، کۆنگره زیاتر لەوەدا خۆی دەبینیەوه خێرا هەڵبژاردنەکه بکریتێ، ئاخۆ کێ دەبێته مەکتەبی سیاسیی، کێ دەبێته شورا، کێ دەبێته رابەرو کۆتایی دەهات؟

ئەوەی پێشتر سەرکردایەتی بوو رازی نەدەبوو دەرنەچێت، وا پەروەردە ببوون، عەقڵیەتمان وابوو، بۆیه کۆنگره سەرکەوتوو نەدەبوو، بەرای من نەبوونی سەرکردایەتییەکی سەرکەوتوو بۆ ئەو ئیشه، وای له خەڵکەکه کردبوو هەر ماوه ناماوەیەك کۆنگره داوا بکرێت، له راستییدا ئەمەش زیان بوو، کۆمەڵێکی جیهادی، بزووتنەوەیەکی جیهادی نەدەبوو ئەو هەموو کۆنگره ببەستێ، ئەمه هەڵه بوو، بەڵام له ئەنجامی نەبوونی سەرکردایەتی سەرکەوتوو، نارەزایی قەواعید، بێ ئیدارەیی، بێ ئیمکانیەتی، ناعەدالەتی، بێسەروبەریی، نەبونی شووراو مەرکەزیەتو کۆمەڵێك لەو قەزیه گەورەو گرنگانه، له ئەنجامدا خەڵك بێزارو بێتاقەت دەبوونو دادەنیشتن، خۆ ئەگەر سەرکردایەتیەکی شیاو هەبوایه چارەسەری گرفتەکانی دەکرد، کورد به شێوەیەکی گشتی عەقڵو فامی بەرامبەر ئەو قەزیانه پێنەگەیشتبوو، لەناو کورددا ئیسلامیەکانیش لەم مەسەلانەدا کەم ئەزموون بوون، هەموو حزبێکی کوردیش که کۆنگرەی کردوه له کۆنگرەکەیدا تووشی کێشەو هەرا بووه، یەك حزب به

سەرکەوتوویی کۆنگرەی خۆی نەکردووە، لە ئەنجامی کۆنگرەکاندا ئەو حزبانە بوونەتە چەند پارچە.

**+ کەواتە دەکرێت بڵێین لە جیاتی پەیوەندارێتی (ئینتیما) بۆ حزب پەیوەنەدارێتی بۆ کەس‌و باڵی ناو حزبەکە دروست بوو؟**

ـ وەڵڵا بە دڵنیاییەوە.

**+ ئەو حاڵەتە لەناو بزووتنەوەدا بەربڵاو بوو؟**

ـ بەڵێ، کۆمەڵیك لەگەڵ فلان هێز بوون‌و فلان هێزیان خۆشدەویست، کۆمەڵێك لەگەڵ فلان مامۆستا بوون‌و ئەویان خۆشدەویست، بەڵام لەم دواییانەدا گۆڕانی تیا دروست بوو.

**+ رۆڵی ئێران لەو کایانەدا چۆن دەبینی؟**

ـ ئێران لە هەموو مەسەلەکاندا تەماشای بەرژەوەندییەکانی خۆی کردووە، ئەو کاتەی بزووتنەوەی پەیوەندی هەبوو دواتر بوو بە بزووتنەوەی ئیسلامی، ئەو کاتە بە حوکمی ئەوەی ئێران لەگەڵ عێراق لە شەڕدا بوو، لە بەرژەوەندیدا بوو ئەو حزبانە هەبن‌و بەهێزیش بن و هاوکاری دەکردن، کەمتریش ئەوەی لێکداوەتەوە کە ئەوە وەلائی بۆ ئێران هەبێت یان نا، گرنگ ئەوەیە پێشمەرگەی هەبێت‌و هاوکاری بکات‌و لە عێراق بدات، خاڵێك هەمووانی کۆدەکردەوەو تیایدا هاوڕابوون ئەویش لێدانی عێراق بوو.

ئێران پێی خۆش بوو مەلاو عەمامەو بەسەرەکان سەرۆکاری ئیشەکە بکەن، رەنگە هاوکاری زیاتریشی کردبن، بەڵام زۆر بە ئاشکراو بە تەرکیز ئێران لەناو قەزیەکاندا نەبوو، وادەبینم‌و وام دیوە، هەرچەندە لەو دواییانەدا دەیویست فشاری زیاتر بەکاربێنێت.

**+ پێتوایە لەو قۆناغەدا بزووتنەوەی ئیسلامیی توانیبووی چەندێك پارێزگاری لە سەربەخۆیی خۆی بکات؟**

- وەڵڵا تاڕادەیەکی زۆر بزووتنەوەی ئیسلامیی سەربەخۆ بوو، بزووتنەوەی ئیسلامیی وەکو سەرکردایەتی سەد لە سەد سەربەخۆ بووە، بەڵام ئەفرادی هەبووە لە لایەن ئێرانەوە کاری تێکراوە، بەراستی ئەوەش لە هەموو حزبێکدا هەیە، دەگونجێتو دەبێت ئەندامێکی سەرکردایەتی قەناعەتی پێکرابێت لەناو بزووتنەوەدا کار بۆ ئێران بکات، شتی وا ڕێی تێدەچێت، بەڵام سەرکردایەتی بزووتنەوە سەربەخۆ بووە، ئەوە جیایە لەوەی کە ئێران پێی خۆش بووە ئەو تەوەجوهە باڵادەست بێتو سەرۆکاری ئیشەکان بکات، ئێران ئەو قەناعەتەی هەبووە، کاریشی بۆ کردووە، بەڵام ئەوە مانای ئەوە نییە کە سەرکردایەتی بزووتنەوە سەربەخۆ نەبووبێت، ئەوە بڕوای منە، دەتوانێت پرسیار لەوانەش بکەین کە ئێستا لە ژیاندا ماون وەکو شێخ موحەممەد بەرزنجی، کامیلی حاجی عەلیو مامۆستا عەلی باپیر، خەڵك لە (1986-1987) خەریکی ئەو کارە جیهادییە بووە، دیارە ڕۆحێکی جیهادی هەبووە کە دەیویست خۆی ڕێکخات، بەڵام دەرفەتەکە وا بوو لە ساڵی (1986) زیاتر دەست بە کاری چەکداری ئیسلامیی بکرێت.

**+ مامۆستا ئەمین هەر نەهاتە ناو بزووتنەوەی ئیسلامیی؟**

- دوای ڕاپەڕین ماوەیەك هات، بەڵام دوایی لێی جیابوویەوە.

**+ مامۆستا ئێمە پرسیارمان نەماوە ئەگەر بەڕێزتان شتێکی زیاترتان هەیەو ئێمە پرسیارمان لەبارەوەی نەکردبێ بفەرموون؟**

- لە ڕاستییدا هەندێ شت هەیە گرنگە بگوترێ، مەسەلەن ڕۆحیەتی پێشمەرگەی ئەو کاتەی بزووتنەوەی ئیسلامیی، ئێمە کۆمەڵێك بووین لە سماقوڵی و شێنی و مەلەکان، پێشمەرگەکان نموونەی دڵسۆزی بوون، نەماندەزانی غەیبەتو حەسودی چییە، پارەو پلەو پایە بەلامانەوە گرنگی نەبوو، ڕۆژێك گەنجێکی منالکار هات بوو پێشمەرگە، کاك مەلا قادر وتی: جارێ زۆر لە شەڕەکان نزیکی مەکەنەوە نەوەك دوایی تەسلیم بێتەوەو نهێنی بدرکێنێ.

پێویسته خەڵك ئەوه بزانێت كه بزووتنەوەی ئیسلامیی بەشداریی چەندین شەڕی كردووه، شەڕی شیرێ‌و دەرەشیرێ‌و چیای مۆته، هەموو ئێمەی تێدا بووین، ئەمه جگه له شەڕی قەڵاتووكان له ساڵی (1987) هەروەها هەڵكوتانه سەر رەبایەكان‌و جەولەكانی ناو گوندو دێهاتەكانی دەوروبەری هەولێرو كۆیەو دۆڵی خۆشناوەتی تا ناوچەی لای حوجران‌و كۆڕێ‌و مەسیف، گەڕان بەناو ئەو خەڵكەدا جۆره جموجوڵ‌و چالاكییەك بوو، دوای وەستانی شەڕی عێراق – ئێران یەك پێشمەرگه له كوردستان نەمابوو، بەڵام ئێمه مابووینەوه، بیرمه له (1988/10/20) بیست كەس مابوینەوه له چیای هەورێ كه چیایەكی زۆر ساردو سەختە، بڕوا بكه شەوان له سەرما نەدەخەوتین دەبوو هەر بگەڕێین، به رۆژ له پەنایەكدا پشوومان دەدا، ئەو ناوچەیەش دۆڵەكەی ئەودیوی بالیسان‌و دۆڵەكەی لای ئەولای سماقوڵی، هەموو جاش‌و لەشكرو رەبیەی حكومەت بوو، دوایی كه چووینه ئێرانیش قەناعەتمان نەدەكرد له ئێران دانیشین، دیسان دەستمان به جمووجوڵ كردو بنكەو بارەگاكانمان هێنایەوه ئەم دیوو.

هەرچەنده سەركردایەتی گرفتی ناڕەزاییی‌و بێ سیاسەتی‌و بێ ئیدارەیی، نەبوونی رونیایەكی رۆشنی بۆ كاری ئیسلامیی جیهادی هەبوو، بەڵام پێشمەرگه رانەوەستاوەو له چالاكیی و جموجوڵی خۆی بەردەوام بووه، بنكەو بارەگامان هێنایه ئەم دیوو، كه راپەڕین روویدا سێ بارەگامان له قاسمەڕەش هەبوو، هیچ پەیوەندی به ئێرانەوه نەبووەو دوور له ئێرانیش بوو، ئەوكاتەی ئێران ئێمەی ئاگادار كردو وتی: یا دەبێت لەگەڵ عێراق رێكەون، یان بچنه دەرەوه بۆ ئەوروپا، یان بڕۆنه ئۆردوگا، یان بڕۆنەوه بۆ عێراق، ئێمه وتمان نەدەچینه ئۆردوگاو نەدەچینه دەرەوەوه نەدەچینه عێراق، له ساڵانی (1989 – 1990) بارەگامان هێنایەوه ئەم دیو، مەفرەزەیەكمان كه نزیكەی (20) كەس بوو له نێوان خدراواو قاسمەرەش، ئێران نەیدەهێشت به سنووری ئەودا بڕۆین، خەریك بوو له بەفردا بخنكێین، ئێمه ئەو رۆحییەتەمان هەبوو، بەشداریی ئەو وەزعانه كراوه، هەڵبەته

خۆمان جۆرێك لە ئیدارەشمان هەبوو، لە خدراوا گوندێكمان دروست كرد، نزیكەی (60-70) ماڵ و چوار پێنج بارەگای گەورە، دوو تیپی لێ بوو، یەكیان تیپی مامۆستا عەباس بوو، ئەوی دیش بەندە بوو، هەندێ ئیداریاتمان هەبوو، بەڵام لە چاو بزووتنەوەدا سادە بوو، خەڵك چاوەڕیی زۆر شتی لێدەكردین.

دواتێبینیشم ئەوەیە كە هەرچەندە ئەو كارە جیهادییە سەركردایەتییەكەی وەكو پێویست نەبوو، بەڵام بنكەیەكی زۆر رێكوپێكو دڵسۆزی هەبوو، ئەو قاعیدەیە دەتوانرا خەڵكی باشی لێ دروست بكرێت، قاعیدەیەك بوو دەتوانرا پێشمەرگەیەكی ئیسلامیی دڵسۆزو رێكوپێكو رۆشنبیرو شارەزاو حەكیمی لێ دروست بكرێت، كاتێك ئەو سەركردایەتییە نەیتوانی ئەو پێشمەرگەیە تەكوین بكات و دروستی بكات، پێشمەرگە بە عەقڵیەتی خۆی دروست دەبوو، بۆیە دواتر وای لێهات پێشمەرگە كێشەی بۆ سەركردایەتی دەنایەوە، سەركردایەتیش گلەیی لە پێشمەرگە دەكرد، كە لە راستییدا نەدەبوو گلەیی لێكرایە، بەڵكو دەبوو ئەو پێشمەرگەیە پێبگەیەنرایەو پەروەردە بكرایە بە شێوەیەكی رێكوپێك، بەو شێوەی ئەو حزبە دەیەوێتو ئامانجەكانی بەدیدێنێ، بە راستی پێشمەرگە دڵسۆز بوو، نەیاندەزانی ناپاكی چییە، بەناو باخی خەڵكدا دەڕۆشتین جورئەتمان نەكردووەو بەحەرامەمان زانیوە ئەگەر سێوێك یان هەنجیرێك یا هەنارێك لێبكەینەوە، بارەگامان لەگەزگەز بوو لە ئێران نزیكی پیرانشار، لەناو باخی سێودا بووین، سێوەكە دەكەوتە سەر زەوی هەڵمان دەگرتەوە تا كابرای خاوەنی هاتو وتی كاكە گەردنتان ئازاد بێت لەوەی لەسەر زەویەو لەوەش بەدارەوەیە چی لێدەكەنەوە بۆ خۆتان، ئەو رۆحیەتە بەرزە هەبوو.

لە خدراوا بووین لەگەڵ ئەو هەمو بێدەرەتانیو هەژارییە دا پیشمەرگە جورئەتی ئەوەی نەدەكرد ئەو كارە جێبهێڵێو بچێت كارێك بكات، سەرەتا كەمێك یارمەتی هەبوو، لە (3ـ 4) مانگێكدا جارێك دەهات، بەڵام دوایی بەبیانووی ئەوەی كێشە هەیە ئەوەش بڕا، كاك مەلا قادر پیكابێكی هەبوو ئەم رووداوەی بۆ گێڕامەوەو وتی: رۆژێك یەكێك لە پێشمەرگەكان وتی: مامۆستا بەڵكو ئەو چەند سندووقەم بۆ بەریت

بۆ شار دەیفرۆشم. سندوقەکان زۆر قورس بوون، کە کردمانەوە بەردی تێدا بوو، وتم ئەمە چییە؟ وتی: ئەو جۆرە بەردە پارە دەکات بەڵکو بە پارەکەی بڕێك شتی پێبکڕیت چونکە هیچمان نییە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەو خەڵکە تەحەمولی کردوە کە هەر پێشمەرگەی ئیسلام بێتو بەملاولاشدا نەدەڕۆیشت.

## دیداری چواردەیەم:

# مامۆستا موحەممەد ڕەئوف



موحەممەد ڕەئوف موحەممەد، ساڵی (1961) لە هەڵەبجە لەدایك بووە، خوێندنی سەرەتایی‌و ناوەندی‌و ئامادەیی لە هەڵەبجە تەواو کردووە، کۆلێجی شەریعەی لە بەغداد تەواوکردووە، لە (1979) بوەتە ئەندامی ڕێکخستنەکانی باڵی مامۆستا سدیق عەبدولعەزیز، یەکێك بووە لە هەڵسوڕاوانی ئەو باڵە، یەکێکە لە دامەزرێنەرانی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان‌و چەندین پۆستی جیاوازی لەو حزبەدا وەرگرتووە، ئێستا ئەندامی مەکتەبی سیاسییەو لە کابینەی پێنجەمدا پۆستی وەزیری بازرگانی حکومەتی هەرێمی کوردستانی لەسەر لیسی یەکگرتوو پێدرابوو.

شوێن‌و مێژووی دیدار: سلێمانی، 2004/12/6.

**+ساڵی (1978) کاری ئیسلامیی گوڕوتینی تێکەوت، کێ داینەمۆی ئەم کارە بوو؟ بیرۆکەکەی بۆ کێ دەگەڕێتەوە؟**

– بسم الله الرحمن الرحیم، ئەتوانین بڵێین لەو ماوەدا کاری ئیسلامیی لە عێراقدا نەك هەر لە کوردستاندا گوڕوتینێکی تێدا هاتەوە، لە ناوەڕاستی حەفتاکانو لە دوای (1975– 1976)ەوە لە سەرتاسەری دنیای ئیسلام بوژانەوەیەکی ئیسلامیی دەستی پێکرد، دواتر لە دوای ڕێکەوتننامەی کامپ دیڤیدی ساڵی (1978)ی میسرو ئیسرائیل، لەبەرئەوە تا رادەیەك ئۆپۆزسیۆن لە گۆڕەپانەکەدا نەمابوو، هەر کاری ئیسلامیی بوو، ئەوە گڕوتینێکی گەرموگوڕیدا بە مەسەلەکە بۆ دژایەتیکردنی ئەو حاڵەتەی کە دروستبوو، هەر لەو سەروبەندەشدا لە نێوان ئۆپۆزسیۆنی ئیسلامیی وەکو رەوتێکی جەماوەریی حاڵەتێکی نائاسایی لە ئۆپۆزسیۆن هاتە پێش، هەر لەو کاتانەداو لە ساڵانی (1978– 1979) شۆڕشی ئیسلامیی لە ئێران روویدا، ئەویش هێزێکی تری دا بە حاڵەتەکەو هێنایە پێش کە ئومێدێکی لە وڵاتانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست دروست کرد، ئەگەری ئەوە پەیدابووە هێزە بەرهەڵستکارەکان بتوانن سیستمی دەسەڵاتەکانیان بگۆڕنو کاریگەرییەکی بەهێز بکەنە سەر دەسەڵات لە ناوچەکەدا، ئەو گۆڕانی حکومەتەش لە ئێراندا کە بەهێزترین دەسەڵات بوو لە ناوچەکەدا، کاتێك ئەوە بینرا کەوتو بینرا کەوا شۆڕشێکی ئیسلامیی لە پشتی ئەم خستنەوە بوو، جەماوەری ئەو وڵاتەش هەموو پشتگیری لەو گۆڕانەو ئەسڵی شۆڕشەکە دەکرد، ئومێدەکەی زۆر گەورە کرد.

ئەوەش لەگەڵ کۆمەڵێك حاڵەتی تر کە لە جیهانی عەرەبی هاتە پێش گڕوتینەکەی زۆرتر کرد، بە تایبەت عێراق نزیکترین هاوسێو زۆرترین سنووری لەگەڵ ئێراندا هەیە، لەم حاڵەتەدا بوژانەوەیەك لە بانگەواز روویکردە ریزەکانی ئەو خەڵکەی کە هەڵگری بیری ئیسلامیی بوون لە عەرەبی سوننەو شیعەو کوردیش لە کوردستاندا، ئەتوانم بڵێم لەو کاتەدا کۆمەڵێك هەوڵدرا، لەو کاتەدا بەغدادو موسڵو کوردستان بە شێوەی جیاجیا، لە کوردستان لە دهۆك بەجیا هەبوو، لە سلێمانی

بەجیا هەبوو، لە هەڵەبجەو شارەزوور بەجیا هەبوو، لە هەولێر تاڕادەیەك جموجوڵێك هەبوو، لە کەرکووك جۆرە جوڵەیەك هەبوو، کۆمەڵێك مامۆستای رەمزی تیابوو، دوای ئەوەی کە بینرا بزووتنەوەکە نابێت عەشوائی بێت، کۆمەڵێك کەسی سەرکردە هەوڵیاندەدا ئەو جموجوڵانە یەکبخەن، لەو یەکخستنەدا هەوڵی زۆر درا، لە کوردستانەوە بۆ موسڵو بەغداد، هەندێ جاریش لە بەغدادو موسڵەوە بۆ کوردستان، کۆمەڵێك کەس ببوون بە رەمزی ئەو میحوەرانە لە ناوچە عەرەبیەکانو ناوچە کوردیەکانیش، تەکەتولاتی ڕێکخراو دروست بوو، ئەسڵی فیکرەکە یەك فیکرە بوو، کە فیکرەی ئیخوانیو میانەڕەو بوو، بەڵام هەرکەس بەپێی هەلومەرجی ناوچەکەی خۆی دەجووڵایەوە، بەغدادییەکان بە جۆرێك، موسڵاوی بە جۆرێك، بەسراوی بە جۆرێك، کوردستانیەکانیش بە شێوەیەکی تر، سەرکردایەتیەکی یەکگرتوو کە هەموان بەیەکەوە ببەستێ نەبوو، هەوڵی زۆریش دەدرا ببێت، لە کۆتایی حەفتاکان کۆمەڵێك هەوڵدرا، لە سەرەتای هەشتاکان تا گەیشتە (1984)، ئەوەندەی من ئاگادارم لە (1985–1986)دا هەوڵەکان جددی بوون، لە نێوان کوردستانو بەغدادو موسڵدا، ئیتر لەوێدا حاڵەتێکی تایبەتی هەبوو کە هاتەکایەوە.

**+ ئەو کەسانە کێ بوون لە قۆناغی سەرەتادا سەرپەرشتی کارەکەیان دەکرد؟**

– سەبارەت بەو کارانە، بەشی کاری ئیخوانییەکەی ئەو مەدرەسە تایبەتە ئەو سەردەمەش پەنای نەدەبرد بۆ چەكو توندوتیژی، یا بڵێین جیهادی چەکداری، من قسە لەو مەسائیلانە دەکەم، چونکە خۆم لە ئیشەکەدا بووم، میحوەر میحوەر بوو، هەولێری بۆ خۆیان چەند کەسێکیان هەبوو، لەوانە چەند مامۆستایەك بوون هەیانە وەفاتی کردووەو هەیانە لە ژیاندا ماوە، ناوچەی هەڵەبجەو شارەزووریش بەتایبەتی خۆی میحوەرێکی سەربەخۆی خۆی بوو، دەتوانین بڵێین جاری وا هەبوو لە شارێکدا چەند میحوەرێك هەبوو، لە هەر ناوچەیەكو لە هەر پارێزگایەك کۆمەڵێك میحوەر هەبوو، ئەگەر لە دهۆکەوە پیایدا بێینو ئەوانەی کە ئێستا رەمزن لە مەکتەب

سیاسییو سەرکردایەتی یەکگرتوو میحوەری ناوچەی دهۆکو بادینان بوون، وەکو مامۆستا خەلیلو مامۆستا دیندارو جەمال یەحیاو ئەوانەی دوایی ئیدارەی دەزگای فریاگوزاریو یەکگرتوویان دەکرد رەمز بوون، لە هەولێر ئەوانەی کە ئێستا هەن وەکو مامۆستا ئەحمەد حەمەئەمین، برایەکی ترمان بوو دوایی لە ریزەکانی خۆمان نەماو خیلافاتمان بۆ دروستبوو لە ریزی ئێمە دەرچوو، ئەویش کاك موخلیس ئێستا نووسینگەی تەفسیری داناوە، مامۆستایەکی ترمان هەبوو بە رەحمەتی خوا چوو ناوەکەیم بیرچووەتەوە، مامۆستا جەمیل کە ئێستا ئیمامو خەتیبە، هەروەها عومەر ئیسماعیلی ئەندامی شورای ناوەندی یەکگرتوو، ئەوانە تارادەیەك رموزی پیرو گەنجی موخەزرەمی هەولێر بوون، لە سلێمانی کۆمەڵێك هەبوون مامۆستا بورهانی ئەمینی، دلێر سادق، لەگەڵ کۆمەڵێکی تر گەنج تازە پێدەگەیشتن وەك کاك ساڵح کە بە ساڵحی زەرگەتە مەشهوورە، مامۆستا حەسەن پێنجوێنیو ئەمانە لە سلێمانی بوون، هەرکەس هەندێ شورای بچووکی هەبوو، هەندێ پەیوەندییان هەبوو، هەندێ گەنج خۆی خۆی پێدەگەیاند، هەبوو میحوەرەکەی لە گەڕەکێك یان چەند گەڕەکێك بوو، ئەتوانی بڵێی ناوچەی هەڵەبجە کاریگەری لەسەر هەموو ناچەکانی تر بوو، ئەوە هەر لە کۆنەوە لە ناوچەی خورماڵ مامۆستا سەلاح هەبوو چەند کەسێك بەدەوریا بوون، مامۆستا حەبیب هەبوو هەم نووسەرو هەم بانگخواز، مامۆستا حەسەن شەمێرانی هەبوو وەکو بانگخوازێکی موخەزرەم تاڕادەیەك لە رێزەی پیردا بوو، بەڵام لەو کاتەدا گەنجیش بوو، وەکو میحوەرێکی سەرەکیش مامۆستا سدیق هەبوو کە ئێمە سێ چوار کەسی ئەساسی بەدەوریەوە بووین، منو مامۆستا مەلا ئەحمەدی شافعی، دوای ئێمەش دوای ماوەیەك کاك مەولود باوەموراد هاتە ریزەکەوەو پێش کاك مەولود کاك نازم هەبوو ئێستە ئەندامی مەکتەبی سیاسیی کۆمەڵە، ئیتر دوای ئێمەش کۆمەڵێك گەنج پێگەیشتن کە ئێستا ئەندامی مەکتەبی سیاسیی کۆمەڵی ئیسلامیینو هەندێکیشیان دانیشتوون کارو کاسبی خۆیان دەکەن، ئەم میحوەرانە هەرکەس ئیشی خۆی دەکرد، ماوە ماوە نزیك دەبوونەوەو جار جارەش دوور

دەکەوتنەوە، بە تایبەتی ئەتوانین بڵێین بە سێ باڵ دوو باڵی سەرەکی دەچوو، میحوەری مامۆستا سدیق دەرئەنجام جیابوەوەو ئیشەکانی بۆ خۆی دەکردو خۆڕسك بوو، ئەوانیش هەندێ جار لەیەك نزیك دەبوونەوەو هەندێ جاریش میحوەرەکان زۆر بەیەکیان نەدەخوارد تا مەسەلەی کۆچ بۆ ئێران لە کۆتایی هەشتاکاندا دەستی پێکرد.

**+ دەستپێکردنەوەی کار تەنها لە چوارچێوەی بانگەوازدا قەتیس درابوو، یاخود رێکخستنو کاری رێکخراوەیشی دەگرتەوە؟**

– ئەسڵی کار هەر خۆی بانگەواز بوو، بەڵام بە کاری رێکخستن دەکرا، بانگەوازەکە رێکخراوەیی بوو، هەڵبەت ئێمە هەر لە سەرەتاوە جیاییەکمان لەگەڵ ئیخوانی عەرەبدا هەبوو، ئێمە کورد بووین چەوساندنەوەو ئێشو ئازاری زیاترمان بوو، ئێشی زیاتری عەرەبو بەعسمان پێدەگەیشت، هەندێ بیرکردنەوەمان لەوان جیاواز بوو، هەر ئەو بیرکردنەوە سەرەتاییانەش بوو کە دواتر بیرۆکەی یەکگرتووی ئیسلامیی دروست کرد، لەبیرکردنەوەماندا ئەوە هەر هەبوو، جا ئەم کەسایەتییە سەرکردانەش کە سەرکردایەتی ئەم کارەیان دەکرد کەسێك بۆ کەسێك جیاوازە، کەسێ بۆ کەسێکی تر لەو دۆخەی تیای گەورە بووە، بۆ نموونە من کە باوکیشم هەر ئیخوان بووە کاتی خۆی، ئیخوانی شەستەکانەو هەر بۆ خۆشی دەستی بوو لە پەروەردەکردنو هەندێ مەسائیلمدا، ئینجا خاڵۆوانیشم مامۆستا مەلا عوسمانو ئەوان هەر سەرکردە بوون لە ئیخوان، بەڵام لە هەمانکاتدا سەرەتای پێگەیشتنی گەنجیم لەگەڵ مامێکمدا بووم، ئەو کوردێکی تەواو کورد بوو، ئێستەش لە ژیاندا ماوەو ئێستەش هەروەکو شەستەکانو حەفتاکان کوردایەتی دەکات، بەس کوردایەتییەکی بێ حزبایەتی، هەر چەند ئەتوانی بڵێی تاڕادەیەکی زۆر ئەو رێبازی مام جەلالو یەکێتیی لا پەسەندتر بوو لە کوردایەتییدا تا شتی تر، ئەوە سێ ساڵ لەو سەرەتای گەنجیەمدا لەگەڵ ئەو ژیام، کوردایەتییو بزووتنەوەی رزگاریخوازیو شۆڕشی کورد کاریگەری لەسەرم هەبوو، ئەمەش بە ناڕاستەوخۆو بە بەردەوامی،

وەكو بانگخوازێك كارم دەكرد لە هەمان كاتدا كاری رێكخستنم دەكرد، ئەو حاڵەتە كوردايەتيیو كوردستانيیو دژە بەعسيەتيی بۆ دروست كرد تا ئەم كاتەش تيامدا ماوە، ئەتوانی بڵێی هەريەكێك بۆ خۆی تايبەتمەندی خۆی هەيە، هەيە لە دۆخێكی تردا ژياوە، سەركردە هەيە لەو كاتەی من لەو دۆخەدا ژياوم ئەو لە ناو عەرەبدا ژياوەو كاريگەرە بە خەڵكی بەغدادو ئەوانە، كەسێك بۆ كەسێكی تر جياوازە، برامان هەيە لەو كاتەدا گيرانی بەسەردا هاتووە، برامان هەيە سەركردايەتييە تا حوكمی ئيعدام رۆشتووە، هەيە تا حوكمی سجنی هەتاهەتايی رۆشتووە، ئەوەش كاريگەری هەبوو لەسەر پێكهاتنی كەسايەتيیو سەركردايەتيی كەسايەتييەكان، من بەشەكەی خۆمان بە خەستی ئاگادارم، لەبەرئەوەی بەراستی تێكەڵی كاری رێكخستنو رێكخراوەيی ميحوەرەكانی تر نەبووم، وامان دەزانیو تێڕوانينمان وابوو كە ئەگەر رێكخستن لە كوردستان هەبێت ئێمەين، مامۆستا سديقيش وا قەناعەتی پێكردبووين، خۆشمان قەناعەتمان وابوو، چونكە هەر لەگەڵ خۆماندا دەژياين، لەگەڵ دەرەوەی خۆماندا نەدەژياين، وامان دەزانی سەركردەيەك هەيەو تەنها ئەوە، كاتێكيش كە بووينە چوار كەس شوورايەكمان پێكهێناو وامان دەزانی تەنها ئەو چوار كەسە لەم كوردستانە ئەزانێ رێكخستن بكات.

**+ كێو كێ بوون؟**

– ئەوەی كە ناوم بردن، منو مەلا ئەحمەدی شافعیو كاك نازمو كاك مەولود باوەموراد بووين، دوايی كاك نازممان گواستەوە بۆ سلێمانی، وتمان دەبێت رێكخستنيش بچێتە سلێمانی.

**+ ئەوانەی پێشتر لەگەڵ ئيخوان كاريان دەكرد چەند ئاگاداری ئەم جموجوڵە بوون؟ هەڵوێستی ئەوان لەم كارەی ئێوە چيبوو؟ ئەگەر گشتگيرتری بكەين ئايا ئيخوان موسلمينی عێراق چەند ئاگاداری ئەم كارەی ئێوە بوونو هەڵوێستيان لەوە چيبوو كە ئێوە لە سنووری كوردستان دەستان بەكار كردووەتەوە؟**

– ئەو کاتە بە مەفاهیمی بانگخوازی ئیش دەکرا، هەر سەرکردەیەك لای بدایە لەو سنورو ئاراستە گشتییەی کە هەبوو تەحەمولی نەدەکراو خراپ مامەڵەی یەکتریان دەکرد چونکە قورس بوو، مەفاهیمی بانگەواز وەکو مەفاهیمی سیاسیی نییە، زۆری لەسەر بەرائەتو تەقواو پاراستنی زمان دەڕوات، لەسەر ئەوە دەڕوات مرۆڤ کەمترین غەیبەتی یەکتر نەکات، لەبەرئەوە کاتێك برایەك دەیوتماڵجیایی یان شتێك دەکەم، لەسەر دەروونی ئەوان زۆر گران دەکەوت، ئەوە ناو ئەنرا پەرتکردنی ریز، ناو ئەنرا حاڵەتێکی نەشاز کە لەوانەیە ئەوانی تریش تووشی حاڵەتێکی ناتەبا یان حەڵەتێکی ئەمنی مەترسیدار بکات، هەڵەبەت ئەتوانین بڵێین مامۆستا سدیق لە برا کۆنەکانی سەرەتای رێکخستن بوو، عەقڵیەتێکی سیاسییو رێکخراوەیی هەبوو لەو سەردەمەدا، بە زۆرێك لە کەوادرو سەرکردەکانی ئەو کاتەی نەدەخوارد، لێرەشدا ئەوەم بیرکەوتەوە کە نابێت نەنووسرێت، لە رموزی کاری ئەو زەمانەی هەڵەبجە کە تا رۆژی قیامەت جێگەی سەربەرزیو شانازی هەموو موسڵمانێکە، مامۆستا عومەر رێشاوی بوو کە کوتلەیەك بوو لە ئیخلاسو رەوشتی جوان، هەروەها مامۆستا جەعفەر کە ئێستە لە ژیاندا ماوە، ئێستا مامۆستا جەعفەر جێگەی ئەویشی گرتۆتەوە بۆ هەموو کەسێکی تریش، هەر خەڵکی هەڵەبجە دەیبینێت بۆ خۆی خۆشی دەوێت، ناموسڵمانیش دەیبینێت خۆشی دەوێت، ئەمانە بیرم چوو ناویان بەرم، مامۆستا عومەر مێخی ئەساسی کارەکە بوو لە هەڵەبجە، بەڵام واتێگەیشتبوو لە کار وا حاڵی بوو هەتا بەغداو موسڵو سلێمانیو هەولێرو بەسرەو هەموی یەکنەگرێتو یەك بڕیاری مەرکەزی نەدات، کەس بۆی نییە پەنجە بکات بە ئاوداو رێکخستن دروست بکات، بوژانەوەیەکی ڕێکخراو دروستکات، ئەو قەناعەتی ئاوابوو، لەبەرئەوە رێگەی بە کەس نەئەدا بیر لەو مەسەلانە بکاتەوە، تەنانەت شاگردو قوتابییەکانی خۆی، ئەوانیشی عاجز دەکرد، بۆ نموونە مامۆستا سەلاحیش وەکو مامۆستا سدیق بیری لە دروستکردنی رێکخستنو کاری سیاسیی دەکردەوە، بەڵام مامۆستا عومەر مەجالی نەئەدا، عەزێتی ئەکرد زۆر هەوڵیدا شتێك دروست بکات، ئیتر

تاکەی چاوەڕێی ناوچەی ناوەڕاستو باشوور بین‌و ئێمە حاڵەتمان جیایە، کوردستان جیایە، هیچمان بەیەك ناخوات، ئێمە وەزعمان زۆر نەشازە، ئەیوت نەخێر شتی وا نییە دەبێت مەرکەزی بێت، جا هەموو جارێك مامۆستا ئیبراهیمی برای رەحمەتی لیٚ بیت ناوی ئەویشم بیرکەوتەوە، مامۆستا ئیبراهیم پایەیەکی بنەڕەتی کاری بانگەوازو کاری ئیسلامیی بوو لە ناوچەی هەڵەبجە، گەنجێکی رووح سوکی ئێسك سووکی دینداری بەرەوشت بوو، مامۆستا بوو بەتەواوی مانا، هەموو جار کە مناقەشەمان دەکرد ئێمە گەنج بووین تازە پێدەگەیشتین ئەویش پیر بوو دەیوت: ئەگەر ئەم کارەبایەی ئێوە لە ماڵەوە گلۆپەکانی دائەگیرسێنن‌و دڵتان پێی خۆشە لە مەرکەز سویچەکەی کراوەتەوەو با ئێمەش دایگیرسێنین، ئەگەرنا من قەناعەتم وایە لە مەرکەز کوژاوەتەوە ئێوە لێرە دایدەگیرسێنن نە گلۆپەکە تەمەنی هەیەو نە تەمەن دەکاتو بەکەڵك نایەت. ئێمەش دەمانوت کاکە ئەگەر مەرکەز مەمنون بوو باشە، ئەگەرنا ئەوە بۆ خۆمان دروستی دەکەین.

**+ ئەوان چ کاتیك قەناعەتیان بەو بۆچوونەی ئێوە کردو بۆیان دەرکەوت ئەوی ئێوە راستە؟**

– وەڵڵا عەجائیب نییە هەیانە ئێستاش قەناعەتی نەکردووە، هەیانە ئێستاش قەناعەتی وایە ئەو سەبرو ئارامگرتنە هەر باش بووە، بەس ئێمەش قەناعەتمان وایەو وابوو شەڵڵا دە ساڵ لەوەو پێش بکرایە.

ئێمە ئێستاش سوورین لەسەر بیرکردنەوەی خۆمان، لەسەر ئەفکاری خۆمان، چونکە بەراستی ئەوەی رۆژێك خەباتی کردبێتو خەباتەکەشی بەریئانە بووبێت لێی پەشیمان نییە، ئەوانیش کە ئارامیان گرتووەو وتوویانە با پەرتکردنی ریزەکە لەوە زیاترن نەبێت، لە دوو گرووپ زیاتر نەبێت، وا ئەزانن کارێکی باشیان کردووە.

**+ چۆن شانەی رێکخستنتان گواستەوە بۆ ناو شارەکان؟**

– ئێمە کە لە هەڵەبجە بووین، سەرەتا ئەوانەمان کە تا رادەیەك شورای بنەرەتی بووین، مەلا ئەحمەدی شافعی‌و مەلا نازم لە حوجرە دەیانخوێند، موستەعید بوون‌و

دوایی بوونە مەلا لەبەردەست مامۆستا مەلا عوسمانو مەلا ساڵح کە ئەوان دوو زانای گەورە بوون، ئینشائەڵڵا جێیان بەهەشت بێت، ئەوان دوو کادرو زانا بوون، منو کاک مەولودیش قوتابی ئەدەبی بووین، دوایی شەشمان تەواو کرد، لە سەرەتای تەواوکردنی شەشی ئێمەوە مامۆستا نازممان ناردە سلێمانی بۆ گواستنەوەی رێکخستن، بەڵام بۆ زانکۆ لە رۆیشتنی من بۆ بەغدادو رۆیشتنی کاک مەولود بۆ موسڵ دەستی پێکرد. کاری رێکخستنو رێکخراوەییمان لەوێ دەست پێکرد لەناو قوتابیاندا، ئەو کاتە کاری رێکخستنو رێکخراوەیی هەر تێکەڵ بوو وەکو ئێستا جیانەبوو.

**+ ساڵی چەند بوو؟**

– ساڵی (1982) من چوومە بەغداد، خۆم ئەو ساڵە تەنها بووم، ساڵی دووەم زیادمان کرد، ساڵی سێیەم ژمارەکە زیادی کرد، ساڵی یەکەم کە هاتمەوە وتم کار واناکرێت، ئەبێت لە ساڵی دووەمدا بینا بگرین لە بەشی ناوخۆیی جیابێت، بۆ ئەوەی هەم ئەندامانی خۆمان بپارێزینو هەم خولی تیابکەینەوەو کادری تیا پێبگەیەنین، لە رووی ئەخلاقیو سلوکی پێیان بگەیەنینو پێکەوە بینو بیانپارێزین، لەلایەکی ترەوە من گەیشتمە پۆلی سێ، ئیمکاناتی مادیمان زۆر کەم بوو، نەمان ئەتوانی ئەوە بکەین، بەڵام گەیشتنینە سێ لەگەڵ رێکخستنی بەغداد یەکمانگرت. سەکردایەتیەکی ئیخوانی لە بەغداد هەبوو، پێشتر لەگەڵ برایانی هەولێرو سلێمانیو هەڵەبجە تەنسیقمان کردبوو، لەگەڵ مامۆستا سەلاحو ئەوان، بەڵام دوای ئەوەی بگەنە ئەنجام تەواوی بکەن شتەکەیان هەڵوەشاندەوە.

**+ رێکخستن هیچ پەیڕەوو پرۆگرامێکی ناوخۆیی هەبوو، یاخود هەر بە شێوەیەکی هەڕەمەکی بەڕێوەدەچوو؟**

– بە دوو شێواز کارمان لە رێکخستن دەکرد، لە سەرەتای کاری رێکخستنەوە ئیعتیمادمان لەسەر کۆمەڵێك کتێبی بانگەوازی وەك کتێبەکانی سەعید حەواو فەتحی یەکنو مەودودیو سەید بوو، هەر کتێبێك بەردەستمان دەکەوتن سودمان

لێوەردەگرت، دوایی خۆمان بیرمان کردەوە کە ڕێکخستن زۆر بوو، قوتابی‌و ماMۆستای جۆراوجۆری تێکەوت، هەبوو عەرەبییەکەی لاواز بوو، هەبوو ئەو مەفاهیمانەی زۆر بە قووڵی بۆ ڕێکنەدەخرا، ئیتر بیرۆرکەی پرۆگرامەمان بۆ دروست بوو، پرۆگرامێك دابنێین بۆ پەروەردەو ڕێکخستن، ڕۆژێك بڕیارمان لەسەردا پرۆگرام بنووسینەوە بەو دووردرێژی، هەمووی بە قەڵەم‌و کاغەی خۆمان، کتێبێکی سەعید حەوامان دەسکەوت مەنهەجی بوو، زۆر بەهێز بوو لەگەڵ کتێبێکی فەتحی یەکن، ئیتر هەتا ئێستاش هەموو کەس سوودی لێ دەبینێت، ئەویش کتێبی (ماذا یعني انتمائي للاسلام)، ئەوە عەقڵیەتێکی مەنهەجی بۆ دروست کردین، منو مەلا ئەحمەدو کاك مەولود هەرسێکمان دەستمان کرد بە نووسینەوەی مەنهەج، لە ئەلفەوە بۆ یا، کتێب‌و موفرەداتمان بۆ دیاری دەکردو شتمان بۆ ڕێکخست، هەر لەو کاتەشدا لە ساڵی (1984)ەوە بیرۆکەی بڵاوکردنەوەی کۆمەڵە نووسینێکمان هەبوو کە زمانحاڵی خۆمان بێت، شتێکمان دانا بە ناوی (نیگا) بەدەستخەت ئەمان نووسی‌و زۆرتری نووسینەکانی هی منو کاك مەولود بوو، جار جار وتاری مامۆستا سدیقی تێدابوو، تەواو بیرم نییە بۆ مەلا ئەحمەد ئەگەری هەیە هی ئەویشی تێدا بێت، هەر ژمارەیەك چەند نوسخەی لێدەردەچوو، من خەتم خۆش بوو تا کاتژمێر یەك‌و دووی شەو بە کاربۆن دەمنووسیەوە، وتارەکان کۆدەکرانەوەو دەمنووسینەوەو لەبەرم دەگرتنەوەو بە نهێنی بە شوێنەکاندا بڵاومان دەکردەوە.

**+ دەکرێت بڵێین ئەوە چالاکییەکی ڕۆشنبیری ئەو ڕێکخستنە نوێیە بوو؟**

– تارادەیەك ئەوە یەکەم شت بوو دەستمان پێکرد، ئیتر خەومان بەوەوە ئەبینی ڕۆنیۆیەکمان دەستکەوێت پێی رابکێشین، گرفتمان ئەوەبوو ئەگەر ڕۆنیۆمان دەستکەوێ لە کوێ داینێین؟ ڕۆنیۆش ئەوکاتە بەکارت بهێنایە سێدارەی لەسەر بوو، ئیشکال‌و گرفتی ئەوەمان هەبوو.

**+ لە ڕووی فیکرییەوە هەمان میراتی فیکری ئیخوان ببووە سەرچاوەی کارتان؟**

– وەڵڵا تاڕادەیەك سەرچاوەی ئیسلامیی لە كتێبو گۆڤارو ئیتر لە هەرچی دەستمان دەكەوت موتابەعەمان دەكرد، وەكو ئەم زەمانەش نەبوو كتێب زۆر بێت، ئەنتەرنێتو كۆمپیوتەر نەبوو، بەڵام لە راستییدا ئەو بەشە رێكخستنەی ئێمە لەسەدا سەد هەموو ئیعتیمادمان لەسەر فیكرو مەنهەجی ئیخوان نەبوو، چونكە ئێمە زیاتر لە هەڵەبجە ژیابووین زۆر ناڕەحەت بووین بە دەست بەعسەوە، كاریگەربووین بە رووداوی وڵاتەكەی خۆرمان، قەزیەی كوردیو شۆڕشی كوردی، هەموو شتێكی لە سەدا سەدی ئەوانمان قبووڵ نەبوو، بۆ نموونە هەر لەو سەرەتایەوە زۆر حەساسیەتمان پەیدا كردبوو بە هەر وشەیەكی عەرەبو عروبە كە لە كتێبێكدا هەبوو، لە ئەدەبیاتی ئیخوانیشدا وەك ئێستا چۆن ئێمە دەڵێین كوردو كوردستانیبوونو چارەنووسو فڵانو فیسار، ئەوكاتەش زاراوەی ئیخوانی بۆ عروبەو عەرەبی بەلای ئەوانەوە ئاوا سروشتی بوو بەكاری بێننو ئێستاش بەكاری دێنن، ئێمە ئەوكاتە تووشی حەساسییەت بووین، لەبەرئەوە بیرم دێت زۆر كتێب هەبوو ئەوەی عروبەی تێدا بوو قەڵەمێكمان دەهێنا بەسەریداو حەزمان لێنەدەكرد، ئەمە كاردانەوەی ئەو حاڵەتە بوو كە دروست بوو لە حاڵەتی كوردیو كوردستانیو ئەو ستەمو چەوساندنەوەیەی هەبوو، جا ئەوە وای لێكردبووین هەر نووسەرێك ئەدەبیاتی بكەوتایەتە بەردەستمان بۆنی ئەو شتانەی لێبهاتایە نەمان دەخوێندەوەو نەقڵیشمان نەدەكردو باسمان نەكرد بۆ كەس.

**+ ئەم كارە نوێیە بەناوی رێكخستنی ئیخوانەوە كاری دەكرد، یاخود ناوێكی تر؟**

– ئەوكاتە هەمووی هەر ئیخوان بوو، هیچی تر نەبوو لە عێراقدا.

**+ دەكرێت بڵێین ئەمە كاری ئیخوان موسلمین بوو لە كوردستان؟**

– بەڵێ كاری ئیخوان بوو ناومان نابوو، هەر ئەو ڕێكخستنە بوو بە منالّی لەسەری گۆش كرابووین، قەناعەتمان وابوو ئیشێكی باش دەكەینو ئەمە بەلای كەمەوە پێگەیاندنی تاكێكی موسڵمانی پاكو خاوێنە، دوورە لە هەموو لادانێكی

فیکریی‌و عه‌قیدیی‌و رۆشنبیریی‌و ئه‌خلاقیی‌و سلوکیی‌و ئینسانیێکی ڕێکوپێك دروست ده‌کات، به‌ڵام مه‌نهه‌جێکی سیاسیی نه‌بوو له‌ راستییدا، واته‌ بڵێین پرۆژه‌یه‌کی سیاسیی گه‌وره‌ی له‌ پشته‌وه‌ بێت که‌ ئه‌ته‌وێت بگه‌یته‌ ده‌سه‌ڵات، ئه‌ته‌وێت سوڵته‌ دروست بکه‌ین.

وامان ده‌زانی ئه‌گه‌ر زۆر گه‌وره‌ بێت‌و عێراق داگیرکات ده‌بێته‌ جێدار بۆ به‌عس‌و بۆ حکومه‌ت‌و ده‌وڵه‌ت، به‌ڵام بۆ داهاتوویه‌کی زۆر زۆر دوور، له‌به‌رئه‌وه‌ ئیشه‌که‌ی ئێمه‌ زیاتر دروستکردنی نه‌واتێکی ڕێکخراوه‌یی بوو له‌م وڵاته‌، ده‌مانویست ئه‌وه‌ دروست بکه‌ین که‌ باوه‌ڕمان پێی هه‌بوو وه‌کو مه‌نهه‌جێکی په‌روه‌رده‌یی بۆ تاکه‌کان.

**+ هه‌ر له‌ سه‌ره‌تای کاره‌وه‌ فره‌ میحوه‌ری دروست بوو، ئه‌م میحوه‌رانه‌ چه‌ند ئاگاداری کاری یه‌کتر بوون‌و هاوکاری له‌ نێوانیاندا هه‌بوو؟**

– په‌یوه‌ندی له‌ نێوان کۆمه‌ڵێك مامۆستای که‌رکووکی وه‌کو مامۆستا عابدین‌و ئه‌وانه‌و مامۆستا ئیحسان قاسم، هه‌تا ڕێکخستن وه‌ستێنرا په‌یوه‌ندی به‌هێز بوو، دوای ئه‌وه‌ش تا چه‌ند ساڵێك هه‌ر بووه‌، به‌ڵام ئه‌م مه‌وزوعه‌ وه‌کو ئاماژه‌م پێکرد له‌ سه‌ره‌تای هه‌شتاکان‌و گه‌رمبوونی زانکۆو چه‌ند مامۆستایه‌ك پێگه‌یشتن‌و بوونه‌ مامۆستای زانکۆ که‌ له‌و قوتابخانه‌دا پێگه‌یبوون له‌ به‌غداو موسڵ، ئه‌وانه‌ وایان کرد که‌ ئیحتیکاکیان له‌گه‌ڵ قوتابییه‌ کورده‌کاندا کرد، له‌لایه‌کی تریشه‌وه‌ کۆمه‌ڵێك که‌سی گورجوگۆڵ‌و چالاك هه‌بوون له‌ به‌غدادو موسڵ په‌یوه‌ندییان له‌گه‌ڵ ئه‌و برا موخه‌زره‌مانه‌ی ئێره‌و مامۆستایانی ناوم بردن په‌یوه‌ندییان دروست کردبوو له‌گه‌ڵیان، به‌ تایبه‌تی هه‌ڵه‌بجه‌و ئنجا سلێمانی، ئیتر که‌ وه‌زعه‌که‌ گه‌رم بوو له‌ عێراق، حکومه‌تی به‌عس به‌ده‌ست شه‌ڕی ئێرانه‌وه‌ شه‌که‌ت بوو، له‌و شه‌که‌تییه‌دا ڕێکخستنه‌کانی حزبی به‌عسی ئیهمال کردبوو، ده‌ستی شل کردبوو له‌ ده‌وروبه‌ری عێراق، ئه‌توانی بڵێی ره‌وتی ئیسلامیی ده‌یانویست هه‌له‌که‌ بقۆزنه‌وه‌و شتێکی سه‌رتاسه‌ری له‌ به‌غداوه‌ تاکو کوردستان بکه‌ن، هه‌ڵبه‌ته‌ ڕێکخستنیان له‌ به‌سره‌ش هه‌بوو، چونکه‌ کاتێك گیران له‌ به‌سره‌وه‌ خه‌ڵك گیرا تا ناو هه‌ڵه‌بجه‌، تا مامۆستا

حەسەن شەمێرانی کە بە کۆپتەر بردیان، لە بەسرەوە دەستی پێکرد تا ئەویێ گیران، بەڵام هەندێ شتی برایان لە هەڵەبجە لەگەڵ ئەوانی بەغداد بەیەکی نە ئەخوارد، لەبەرئەوە نەگەیشتنە ئیتیفاق‌و یەك سەرکردایەتی‌و یەك ڕێکخستن‌و یەك شورا دروست کەن، لە دواخاڵدا لێکجیابوونەوە، بەڵام لەو لەیەکجیابوونەوە برایانی بەغداد تموحیان زیاتر بوو، ئەیانویست هەر سەرکردایەتی کارەکە بکەن‌و بەدوای جێداردا دەگەڕان، کاتێك جێداریان دەستکەوت من لە بەغداد قوتابی بووم، برایەك لای ئەوان بوو کورد بوو، پەیوەندی پێیانەوە هەبوو من لەگەڵ ئەو پێکەوە ئەژیام، لە ڕێگەی ئەو یەکترمان ناسیی، ئینجا کە زانیان ئەوە کەسێك هەیەو ناوی مامۆستا سدیقەو ڕێکخستنێکی هەیەو چەند گەنجێکی چالاك بە دەوریایەتی، من‌و ئەو پیاوە بووینە پرد لە نێوان هەڵەبجەو ئەو بەرپرسەی بەغداد.

**+ ئەو کەسە کێ بوو؟**

– وەڵلا لەوەناچێت ئەوە ئێستا پێویست بە باسکردن‌و نووسین بکات، نازانم خۆی پێی خۆشە یان نا، بەهەر حاڵ پیاوێکی چالاك بوو، سەربازیش بوو، پیاوێکی زۆر ئازاو خوێنەوار بوو، پزیشکی دەروونی سەربازی بوو.

ئەو پیاوە نەترسیش بوو، لە هیچ شتێکی بەعس نەدەترسا، چەند جار هاتە هەڵەبجە، ئیتر پەیوەندییەکە ئێمە دروستمان کردو مەحکەم دامان ڕشت، بە مەحکەمی چووینە مەیدانەکە، دوای سێ چوار دانیشتن وتمان بە مەرجێك لەگەڵ بەغداد دەیکەین ئەگەر ئەوانەی کاری سەرکردایەتیی هەموو کوردستان بەدەستیانە دەبێت ڕێکخستنی کوردستان هەمووی تەسلیمی ئێمە بکەن لە دهۆکەوە بۆ هەڵەبجە، ئێمە لە خۆمان گەورەتر پێمان دادەگرت، گەنجیش بووین، زۆر خوێنگەرم‌و تموحمان لە خۆمان گەورەتر بوو.

**+ ئەوە ساڵی چەند بوو؟**

– ساڵی (1984 – 1985).

**+ ئەو هەوڵدانە بۆ یەکگرتن لەگەڵ ئیخوانەکانی ناوەڕاستی عێراق لەسەر بنەمای هاوکاری بوو، یان تێکەڵکردنی کارەکانو یەکبوون بوو؟**

– بەشەکەی ئێمە لەسەر ئەو بناغەیە بوو، ئێمە دەمانزانی لە شوێنێکی قەتیس ماوی وەکو هەڵەبجە تاڕادەیەك دێیتە سلیمانی، هیچمان پێناکرێت، چونکە ئەوکاتە بیرێکی کوردستانیمان نەبوو، تا ئەو کاتەش، بیرەکەمان عێراقی بوو، ئینجا لە عێراقدا ئێمە چیمان پێدەکرا، کاتێك چووینە بەغداو بینیمان وڵاتێکی گەورەو گرانو زانکۆیەکی زۆرو خەڵکێکی زۆر، ئینجا ئەشمانزانی سەرکردایەتی زۆر لە سەربازیو مەدەنی هەیە، زانیمان بارەکە بە ئێمە هەڵناگیرێت، لەلایەکی تر هەستمان کرد تا رێکخستن زۆر بێت هەندێ ئەرك هەیە رووومان تێدەکات، بە تایبەتی ئەرکی ماددیو زانیاری ئەمنی، ئەرکی سەرکردایەتیکردنی ئەو خەڵکەی رووومان تێدەکات، بەدوای جێدارێکدا، بەدوای کەسانێکدا دەگەڕاین بەراستی هاوکارییمان بکات، سروشتی رێکخستنیشمان واداڕێژرابوو لەبەرئەوەی گەنجو خوێنگەرم بووین واماندەزانی کەس نابێت لەسەرمانەوە بێت، هەروا بووین، ئەو چوار پێنج کەسەو مامۆستا سدیقیش لە ئێمە تموحی زیاتر بوو، ئیتر ئەمانویست کەسێك بێت پێویستی بە ئێمە دەرکاتو ئێمەش پێویستیمان بەو دەرکەین، نەیەت بخورێ بەسەرماندا ئەمرو نەهی بکات، لە وڵاتی خۆماندابن لە بەشە کوردستانییەکە، بەڵام لە هەمان کاتدا پێویستی ئێمە لە بەغداو موسڵو لەو شوێنانەی کەوا قوتابیو رێکخستنمان زۆر بوو دابین بکات، پێویستمان بە بەشی ناوخۆیی هەبوو پارەی بۆ خەرج بکرێت، بەشی ناوخۆیی دەرەوەی ناوخۆیی حکومەتو کۆلێجەکان، پێویستمان بە هەندێ هاوکاری ماددی بوو بۆ کڕینی کتێبو پێویستییەکانی قوتابیو ژیانی ئەو قوتابییە هەژارانەی کە بە زۆر ئەمان ناردن بۆ خوێندنو پارەیان نەبوو، نەیان دەتوانی بخوێنن، دەمانویست پارەیان بۆ پەیدا بکەین بۆ ئەوەی بخوێنن، ئێمەش پلانێکی رێکخستنمان بوو، دەگەڕاین لە ناوەندییەوە زیرەکترین قوتابیمان هەڵدەبژارد بۆ ئەوەی دوایی کەم کەم گەورەی بکەین کە ئەچێتە زانکۆ لە کۆلێجی باش بخوێنێتو ئایندەیەکی باش

بەدەست بێنێت، ئێمە بە دوای ئەوەدا دەگەڕاین، بەڵام ئاگامان لەوە نییە جەماعەتی بەغدادو بەسرەو موسڵیش بەدوای ئەوەدا دەگەڕان ئێمەیان دەسکەوێت، هەم بۆشاییەکەی کوردستانی پێ پڕ بکەنەوە، هەم کارتی فشاریش بێت لەسەر ئەو میحوەری کە لە ئێمە بەتەمەنتر بوونو بە ژمارەش زۆرتر بوون، متمانە پێکراوتر بوون، ئەوان لە حەقیقەتی هاوکێشەی ئەواندا شت بوون، بەڵام لە واقیعی ڕێکخستنو بزووتنو گورجوگۆڵی ئێمە گوێمان بە هیچ شتێك نەئەدا، لەبەرئەوەی وامان ئەزانی کەس بۆی نییە لێپرسینەوەمان لەگەڵ بکات، ئەوانیش پێویستیان بە کەسێ بوو کە بجولێ، وەکو کارتی فسشاریش بەکاریان دەهێنا دژی ئەو برایانەی تر بۆ ئەوەی تەسلیم بە مەرجی ئەوان بن، ئەوانیش لە راستییدا خۆیان بە شت دەزانی، نەیاندەویست تەواو تەسلیمی بەغداد بن، گرفتی گەورەشیان ئەوەبوو وایان دەزانی ئەوان خۆیان چەندێك شتن لە هاوکێشەی ئیخوانی دنیا، بەغداش هەر ئەوەندە شتە، هەڵبەتە هەرواش بوو، نەبەغداد هیچ بوو نەئێرە هیچ بوو.

**+ بۆ ئەم یەکبوونە هیچ ڕێکەوتنێکی فەرمی هەبوو، یاخود شتێکی نافەرمی بوو؟**

– بەڵێ، دانیشتنی رەسمیمان کرد، بەرەسمی شتەکان کرا، هەموو ئاستەکانی بڕی بەڵام تەمەنی کورت بوو، لەوەدا بووین شتەکە تەواو یەکلابکەینەوەو ڕێکخستنەکە بکرێتە جدیاتو رەهەندی دەرەوەش وەربگرێت، لەم گورجوگۆڵیو سەروبەندییەدا بوو، ئێمە دانیشتبووین، من کۆلێجم تەواو کردبوو وانەیەکم مابوو ئیکمال بووم، هەموو سەری ساڵ وانەیەك یان دوانم جێدەهێشت لە ترسی بەرگری میللی، بۆ ئەوەی جلی بەرگری میللی لەبەر نەکەین، ئەوکاتە جلی بەرگری میللیو سەربازیکردن بۆ بەعسمان تەحریم کرد، دەمانوت پۆستاڵ لەگەڵ ئەو جلە سەوزە لەبەری بکەین بەرگری میللی بێت یان سەربازی جائیز نییە. ئەمە فیرعەونەو ستەم لە گەلی عێراقی بە گشتیو کورد بە تایبەتی دەکات، ئەمە بیرکردنەوەی عەفلەقو بەعسو ئەمانە جێبەجێ دەکات، ئەو ئەدەبیاتەیمان دراسە کردبوو چەندێك شتی

خراپی تیابوو، لەبەرئەوە بە هەموو ماناو هەموو شتێکمان تەحریم کردبوو، جا هەموو ساڵێك لەسەری ساڵدا وانەیەك یان دوانم جێدەهێشت، لە پۆلی چواریش وانەیەکم جێهێشت، بەو وانەیە لە بەرگری میللی رزگارم دەبوو، چونکە کە قوتابیەکە پۆلی چواری تەواو دەکرد دەیانگرتو نەیاندەهێشت دەرچێت ئەیانبرد بۆ تەدریب، دوای گەڕانەوەی پۆلی چوار ئا لەو ماوەدا بە ئیکمالیو بە ترسیشەوە هەموو جارێ ئەچووینەوە بۆ ئیکمالی، وامان دەزانی ئەمانگرنو ئیعدامان دەکەن، چونکە هەموو جارێ ئیمزایان دەکرد بە قوتابی ئەگەر ئیلتیزامم نەکرد بە تەدریب دوای دەوام یاسای سەربازیم لەسەر ئیجرا بکە. ئیمزامان دەکردو پشتگوێمان دەخست، بەڵام کە ئەچووینەوە چاودێری وەزعەکەمان دەکرد بزانین چیمان لێدەکەن، بەهەرحاڵ دەرفەتێکی تریشمان نەبوو هەر ئەچووینەوە بەردەستیان، پێش ئەوەی رێکخستنی گشتی عێراق کەشف بێت بە دوو مانگ، ئێمە هەرسێکمان منو مەلا ئەحمەدو کاك مەولود دانیشتین یەك نەخشەی رێکخستنمان دانا، ناوچەکانمان دابەشکرد بە رێکخستن لە نێوان خۆماندا، دەستمان کرد بە داڕشتنەوەی پرۆگرامو کارێکی جددی بکەین ئەو سێ مانگەی هاوینە دەست پێبکەین، ئیتر دوایی درێژەی نەخایاند ئەو گرتنە هات بەسەرداو رێکخستن کەشف بوو، هەر لە هەڵەبجە بە بەرچاومانەوە مامۆستا حەسەنیان گرتو بە کۆپتەر بردیان، چوونە سەر ماڵی مامۆستا سدیق شەوو رۆژێك تەوقیان کرد، بەڵام ئەو دەرچوو بوو، بە دوای ئێمەشدا دەگەڕان، لە هاتوچۆیەکی نێوان دوو ماڵو مامۆستا سدیقدا منیش کەمێکی مابوو بگیرێم، چونکە ئۆتۆمبیلی هەواڵگری هاتوچۆی دەکرد، خۆمو کوڕێکی پورزام بووین رامان کرد.

**+ رێکخستنەکان چۆن ئاشکرا بوو؟**

– وەڵڵا وادەزانم بەعس کەوتبووە گومان، گومانی پەیدا کردبوو لە هەموو شتێك، قەدەرەن رۆژێك سەربازێك لە بەغداد دەگرن، سەربازەکە کاغەزی لە باخەڵدا بوو، کاغەزەکە هەندێ زانیاری تیایە، ئەویش ئاگای لە هیچ نییەو ناشزانێت رێکخستن چییە، بەڵام رێکخستنی ئەو کاتە وابوو، نەفەر دەهێنرا رێکخستن بوو

دوای دوو ساڵ دەیزانی لە رێکخستنندایە، کاری پێدەکرا، وانەی پێدەخوێنرا، مەفاهیمی پێدەوترا، دوایی ئەیزانی وەزعەکە چییە، دوای ئەوە ئیتر کارەکە کەمتر سیاسیی بوو، زیاتر پرۆژەیەکی پەرەوەردەییو رێکخراوەیی بوو، ئەنجام کە ئەو ئاشکرا بوو ئازاری زۆریاندا، پرسیاری ناوی بەرپرسەکەیان لێکردبوو، ئەویش وتبووی بەرپرسم هەر نییە من تێناگەم، ناوی ئەو کەسەی پێوتن کە وانەی لا دەخوێند، ئەویان گرتبوو، ئەو لە رێکخستندا بوو، ئەویش داوی ئەشکەنجەیەکی زۆر ناوی کەسێکی تری وتبوو، وردە وردە بەو ئەشکەنجەی بەعس دەیکرد بەرپرسی یەکەمی ئەو دەڤەرە کە مامۆستای زانکۆ بوو گیرا، ئەویش ئەشکەنجەو ئازاری زۆر درا هەتا چوو بوونە ئاستی مەترسیداری مەسەلەی ئەوەی کە تەعەدای دایكو خوشكو کچو شتی وای بکەن، لە رووی دەروونییەوە تەحەمولی نەکردبوو، هەندێك ئیعترافاتی کردبوو، ئەو شتانەی لێکەوتەوە کە بوو بە ئیعترافات.

**+ لە کوردستاندا کێ لەو هەڵمەتەی بەعس دەستگیر کرا؟**

– ئێستا بە تەواوی لە یادم نییە، بەڵام ئەوەندەی بزانم مامۆستا حەسەن پێنجوێنی گیرا، مامۆستا حەسەن شەمێرانی گیرا، دکتۆر فاتیح برای مامۆستا حسێن دەڵەمەڕی گیرا، لەو هەڵمەتی یەکەمەدا ئەوانە بەرکەوتن، پەلاماری کۆمەڵێکی تریشیاندا دەرچوونو بەرنەکەوتن، چوون بۆ مامۆستا سدیق بەرنەکەوت، ئێمەش بە دەوریدا بووین ئەو شەوەی مامۆستا حەسەن گیرا بۆ بەیانی ئێمە چووین بۆ ئێران، دوای ئێمە کۆمەڵێك خەڵك گیرا کە ئێستا لە یادم نییە، لەوانەیە لە بیرەوەری ئەو برایانەدا نووسرابێت، هەمووی لای مامۆستا حەسەن شەمێرانییە، ئیتر لە گەنجی سلێمانیو هەولێرو ئەوانەش کۆمەڵێك دەستگیر کرابوون.

**+ پێشتر ئاماژەت بەوەدا کە پرۆژەیەکی سیاسیتان نەبوو، بەڵام ئایا ئێوە هیچ بەیاننامەیەکی سیاسیتان نەبوو یان چالاکیتان نەبوو، یان بەشداریتان لە بواری سیاسیدا نەکرد تا ئەو کاتەی لەگەڵ ناوەڕاست یەکتان گرتەوە؟**

– ئێمە زۆر نەماندەزانی سیاسەت بکەین، نە ئەو سیاسەتەی کە پرۆژەیەکت پێ بێت جێدار بێت بۆ بەعس وەکو حزبێکی سیاسیی، نە پرۆژەیەکی سیاسیی کوردی کوردستانیمان پێ بێ بۆ حاڵەتە کوردستانییە تایبەتەکە، لەو نێوەندەدا بووین، بەسۆزی کوردیو کوردستانیو داماوییەکانی کورد دەجولاینو هەستمان بە مەزڵوومیەت دەکرد، بیرمان لەوە دەکردەوە چۆن رزگار بین، نزیکەی بەر لە ساڵێك لەوەی کە رێکخستن کەشف بێتو ئەو شتانە بێتە پێش، لە چەند کۆبوونەوەیەکدا بە جدی باسمان لەوە کرد کە ئەگەر ئێمە بیر لەوە بکەینەوە کە شانەی چەکداری دروست بکەین، وەکو حزبە کوردستانییەکان بچنە دەرەوەو تەنسیقیشمان لەگەڵیان هەبێت عەیبی چییە؟ تەنانەت بیرمان لەوە دەکردەوە ئێستا پارتی بچووك لەم دەشتی شارەزوورو هەورامانو سورێنو قەرەداغو ئەوانەدا هەیە، با ئێمەش وەکو ئەوان لە گرووپێکی کەمەوە دەست پێ بکەین، لە ژێر باڵی ئەم بەعسە چۆن تەحەمول بکەین، بەڵام نەماندەزانی چۆنی بکەین، چونکە ئەو شتە سەرکردایەتییەکی گەورەی دەویستو ئێمەش زۆر گەنج بووین، زۆر سەرەتا بووین، مامۆستا سدیقیش کە لە هەموومان بەتەمەنتر بوو ئیدارەی کارەکەی دەکرد بڕوای بە چەکداری نەبوو.

**+ هیچ بەیاننامەیەکتان دەرنەکرد؟**

– یەك بەیاننامەمان دەرکرد بۆ ئیسپاتی وجودی خۆمانو دەسپێکردنەوەی کار، لە بەیاننامەکەدا دژایەتی بەعسو حکومەتو زوڵمی ئەو، ئینجا ئەشکەنجەو ئازارو ئەو ستەمەی بەسەر کوردا هاتووە لە کوردستاندا، ئەو موفرەدانەی تیابوو فریای ئەو بەیاننامە کەوتین.

**+ ساڵی چەند بوو؟**

– وا ئەزانم ئەوە ساڵی (1982– 1983) بوو، وا دێتە یادم.

**+ دوای دەستگیرکردنی ژمارەیەك ئەندامی رێکخستنو کۆچکردنی هەندێکی تریان بۆ کوردستانی ئێران، کاری ئیسلامیی لێرە چی بەسەرهات؟**

– کاتێك ئێمە لێرە ڕۆیشتین بارودۆخێکی نائاسایی بەسەر ئەو خەڵکەدا هات، زۆربەی زۆری سەرکردایەتی لە زینداندا بوو، لە حوکمی سێدارە تیایدا بوو تا چەندساڵێك زیندانی، بەس فریای لە سێدارەدان نەکەوت، بەڵام لە دەوروبەری تکریتو سامەڕا، مەزراو شتی وا هەیە لە ناوە هەندێ پێکهەڵپڕژان هەبوو، چەند کەسێك لەوێ شەهید بوون کە کۆگای چەکیان هەبوو، کۆمەڵێکیش حوکمی سێدارەیان بۆ دەرچوو دواتر حوکمەکەیان گۆڕا بۆ هەتاهەتاییو دواتر ئەویش بووە لێبوردنو ڕزگاریان بوو، ئەوانی تریش هەندێکیان ماوەکەیان تەواو کردو مامۆستا حەسەن شەمێرانیو چەند کەسێکی تر ئەوانیش پاش ماوەیەکی کەم بەر لێبوردن کەوتنو ڕزگاریان بوو، ئیتر کاری ئیسلامیی کەوتە ژێر چاودێرییەکی زۆر توندو بەهێزی بەعس، بەعس بە وردی چاودێری هەموو شتێکی دەکرد، هیچی قبوڵ نەدەکرد، بەڵام جوڵەیەکی لاواز لاواز لە هەندێ پەیوەندیدا مابوو، تا (1991)، هەڵبەتە لە (1987)ەوە ئیش لە ئۆردوگاکانی ئێرانەوە دەستی پێکرد.

**+ کاتێك ئاوارە بوونو زۆربەی میحوەرەکان چوونە ئێران، لەوێ هەوڵی یەکگرتنی ئەو میحوەرانە درا، کێ بیرۆکەی ئەم یەکگرتنەی داهێنا، ئەم ڕێکەوتنە لەسەر چ بنەمایەك بوو؟**

– ئێمە کە چووینە ئێران، هەڵبەتە دەتوانین بڵێین بە گشتی دوو میحورەی سەرەکی بوو، باڵو ڕێکخستنی مامۆستا سدیق، منو مامۆستا سدیقو مامۆستا ئەحمەدی شافیعیو کاك مەولود، ئەمانە بەیەکەوە رامانکرد چووینە ئێران، پێش ئەوەی هیچ بقەومێت ساڵی پێشوو چووبووین مانگی دوو سێی ساڵی (1987)، کە ڕۆشتینە ئێران ڕاپەڕینی یەکەمی هەڵەبجە نەکرابوو، سێ چوار مانگ دوای ئێمە ڕاپەڕینی یەکەمی هەڵەبجە کرا، پێش ڕاپەڕینە گشتییەکە، ئەوەبوو لەسەر ئەساسی ئەوە سەدام فەرمانی دەرکرد بە ڕووخاندنی هەر شوێنێك لە هەڵەبجە کە تەقەی تیا کراوە یان پەلاماری لێوە دراوە بتەقێنرێتەوە، دوو گەڕەکی هەڵەبجەیان تا خوارەوە تەخت کرد، بەو هۆیەوە دوای دوو سێ مانگ زۆرێك لە خەڵکی هەڵەبجە بۆ ئێران

کۆچیان کرد، بە تایبەتی ئەوەی باوەڕی بە کوردایەتی هەبوو، یان ئیسلامیی بوو باوەڕی بە نەیاری حکومەت بوو، مامۆستا عوسمانو براکانیو مامۆستایانو زانایانی تری ئەو ناوچە زۆربەی کۆچی کردو عەشایەرێکی زۆری ئەو ناوچەشیان لەگەڵ بوو، کە ئەوان دەرچوونو ئێمەش لەوێ بووین زۆرێك لە گەنجی رێکخستنەکانی سەر بە ئێمەش هاتن، ئەترافی تر زۆر کەمو بە دەگمەن هات، هەر ئەوانەی ئێمە بوون، ئیتر لە ئۆردوگاکاندا دیار بوون، ئیتر دوای ئەوە مامۆستایانی تریش ترس روویتێکردنو کەم کەم کۆچیان کردو هاتن، ئۆردوگای حەفتاو چوارەکەیان لەسەریاس بۆ زیندووکردنەوەو لەوێ دامەزراین.

پێش ئەوەی ئێمە بچین بە سێ چوار ساڵێك مامۆستا سەلاح لەگەڵ هەندێ لەو برا سەرکردایەتیانەی تر رۆیشتبوو، هەندێکیشیان چەند جارێك هاتوچۆی ئێرانیان کردبوو، مامۆستا حەسەن پێش ئەوەی بگیرێت چووبووە ئێرانو گەڕابووەوە، مامۆستا هادی چووبووە ئێرانو گەڕابوەوە، مامۆستا موحەممەد فەرەجو ئەوان دواتر لەگەڵ ئێمە هاتن، چونکە سەربازی کردبوو مامۆستاش بوو، سەرەنجام کە ئێمە چووین ئەو خاوەنی ئیش بوو، مامۆستا سەلاح خاوەنی رێکخستنو کاری خۆی بوو، هەموو شتێکی بەشەکەی خۆی تەرتیب کردبوو، کە چووینە ئێران وەزعێکی زۆر سۆزداری بوو، خەڵکەکە زۆر لە بەعس نیگەران بوو، خوا خوای ئاماژەیەکیان بوو هەموو دژی بەعس چەك هەڵگرن، بە تایبەت ئەم رێکخستنە گەنجەی ئێمە، سەرەتا جۆرێك لە مرونەتو کارلێك لە نێوان مامۆستا سدیقو مامۆستا سەلاح هەبوو. هەڵبەتە سەرکردایەتیکردنی مامۆستا سەلاح سروشتی وایە، لە بەڕێوەبردنی هەر کارێکداو بە تایبەت ئەگەر بیەوێت ئەنجام ئەو ئیشە بکەوێتە دەستی خۆیو لەخۆی بگرێت زۆر بە تاقەتو بە مرونەتو نەرمی دەیکات تا سەروبنی کارەکان دەنێت، لەو سەرەتایەوە مرونەتی زۆری نواند، من بەش بە حاڵی خۆم واتێگەیشتم کە بە لێ مرونەتێك هەیەو چوونە ناو ئەم کارانە سروشتییە، ئیتر چەند کۆبوونەوەیەکیان لە نێوان خۆیاندا لە سنەو کرماشانو پاوە کرد، من لەو

کۆبوونەوەدانە نەبووم، ماڵی من لە سنە بوو چوومە سەریاس، کاتێك چوومە سەریاس دوو سێ مانگ بوو لەوێ دامەزرابووم وتیان تۆ نوێنەری ئێمەو ئەم هەموو گەنجە بە، لە جیاتی هەمووما لای مامۆستا بەو ببە بە سکرتێری مامۆستا مەلا عوسمان، من بوومە یەکەم سکرتێرو یەکەم گەنج لەگەڵ ئەودا.

کار دەستی پێکرد، دوایی کەم کەم بزووتنەوە بەرەو چەکداری ڕۆیشت، جموجوڵو کۆچەکە بەرەو چەکداری چوو، وادیاربوو بەرەو چەکداری چوونەکە بە فیکرو بیرکردنەوەی مامۆستا سەلاحی نەدەخوارد، ئەویش هۆکاری هەبوو، پێشتر خۆی چەند ساڵێك لەوەوبەر هەوڵێکی لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی دابوو کە شتێك بکەن، ئەو شتەش هەوڵێك بوو تا بگەنە چەکیشس بەرامبەر حکومەتی بەعس، بەڵام بێ ئومێد ببوون لە هەڵوێستی ئێران، خوێندنەوەیەکیان بۆ دروست ببوو کە هەرچی لەگەڵ ئێراندا بکرێت ناگاتە ئەنجام لەو باسەدا، دەرئەنجام شتی خراپتری لێدەکەوێتەوە، بەرنامەکەی تریش تێك دەچێت، بەرنامە پەروەردەییو ڕێکخراوەییەکەش تێکدەچێت، لەبەرئەوە قەناعەتیان دامەزرابوو کە ئەوە نەکەن. بە بڕوای من مامۆستا سدیقی تا ئەم ساتەش ئیمانی بە چەك نییە، ئەو کاتەش هەر قەناعەتی وابوو، بەلام نەیدەزانی چی بکات، دەست لە مامۆستاو برا گەورەکانی هەڵگرێت گەنجو ڕێکخستنەکە ناکرێ، لەگەڵ ئەملا ئەڕوا ناکرێت، لەگەڵ ئەو ئەچێت ناکرێ، لەم بەینەدا گیری کردبوو، لەبەرئەوە تووشی حاڵەتێکی دڵەراوکێی زۆر ناڕەحەت بوو، ئیتر لەو کاتەدا لە کۆبونەوەیەکی شورای خۆمان کە هەندێ لەو گەنجانەش هاتبوون، لە ماڵی ئێمە بوو یاخود لە ماڵی مامۆستا عەلی حاجی عەبدوڵڵا حەسەنی هەڵەبجەیی، لە یەکێك لەم ماڵانە کۆبوونەوەیەکمان کرد، وتیان کاکە تۆ لە جێی هەمووما لەم قۆناغە لەگەڵ مامۆستا بڕۆ بزانین چی روو ئەدات، منیش وتم باشە. ئیتر ڕۆیشتین کەم کەم ئەم پەیوەندییە لە نێوان مامۆستا سدیقو مامۆستا عوسمانو گەنجەکان لە لایەکو مامۆستا سەلاحو ئەوانەی لەگەڵی بوون لە لایەکی ترەوە ساردبوویەوە، واتە لە نێوان تازە ڕۆیشتووەکانو کۆنەکانی ناو ئێران، ئیتر

ئەو جیاوازییە وردە وردە گەورە بوو تا گەیشتە ئەوەی ئێمە هەموومان لە بزووتنەوەی ئیسلامیی کشاینەوە.

ئەوەبوو بزووتنەوە بوو بە چەکدار، خەڵکێکی زۆری تێهات ئێمە پێشینەمان دەناسین، هەبوو ئەسڵەن ئیلتیزامی ئیسلامیشی نەبوو، هەبوو لێرە چەکداری حکومەت بوو چوو لەوێ بوو بە موجاهید، هەر بە پەلە لە ماوەیەکی کەمدا، ئینجا لە لایەکی تر سەرکردایەتی ئەوکاتە دەرکی سیاسیی باشمان بۆ دروست ببوو، دەمانزانی بێ پرۆگرامەو بێ سەروربنەو رێکخستنی نییە، بێ رێکخستن هاتووەو ئەم کارە لە ئێراندا لە دایك دەبێت، بزووتنەوەیەکی چەکداری ئاوا بەرفراوان بەرەو کوێ دەڕوات، ئەو سێ مانگەش دراسەیەکی باشی ئێرانو نەهزەی رۆحانیو بزووتنەوەکەی مامۆستا شێخ موحەممەد بەرزنجیمان کردبوو، دەمانزانی سەروبنی چۆنەو سەری لەچییەوە دەرچووەو وەزعەکە چییە، ئەوانەمان هەمووی ئەزانی، لەبەرئەوە کاتێك ئەم خەڵکە لەو سۆزدارییەوە هات بۆ ئەو دیوو ئێمە لە سەر حاڵ بووین، بە عەقڵ ئەچووینە ناو مەسەلەکانەوە، ئەمانزانی چی دەکەین، سۆز کاری لە ئێمە نەکرد، ئیتر سەرئەنجام کە بزووتنەوە تەواو بە دیوی خۆیدا کەوتو رۆیشت، نە بە عەقڵی مامۆستا سدیقو نە بە هی مامۆستا سەلاح دەیخوارد، ئەوکاتە ئیتر وردە وردە بیر لەوە کرایەوە کە ئەم دوو رێکخستنە یەکبخرێت، دیارە چیتر لەگەڵ بزووتنەوە بەیەك ناخوات.

**+ واتە لە هەردوولاوە ویست هەبوو بۆ ئەو یەکگرتنە؟**

– بەڵێ ئیرادەی قەزیەکە هەبوو، کاریگەری دەرەوەشی لەسەر بوو، یانی کاری بانگەوازی عێراقی، سەرکردایەتی عێراقی کە لە دەرەوە ئەژیان بە وردی چاودێری وەزعەکەیان دەکرد، فشاریان خستە سەر هەردوولامان بە تایبەت ئێمەو مامۆستا سدیق کە دەبێت ئەم مەسەلەیە چارەسەر بکەن، بەبێ چارسەر نابێت، هەر ئەو پیاوەی کە لە بەغداد دەماننناسیو پێکەوە بووین هاتە پاکستانو لەوێ هاتە ناو ئێران، هەفتەیەك لەوێ بوو ئیشەکەی چارە کردو، هەڵبەتە چارەسەرەکەش زیاتر

مرونەتی مامۆستا سدیقی تێدابوو، کە سەیری کرد منو کاك مەولودو مامۆستا ئەحمەد، بە تایبەتی منو کاك مەولود، چونکە ئەو کاتەدا مامۆستا ئەحمەد لە گوندی شویێ بوو، زانی مرونەتمان زۆرترەو هەر ئێمەشی لەبەردەستدا بوو ناچار تەسلیمی واقیعەکە بوو، لە تاران نیمچە سوڵحێکمان کرد، دوایی هاتینە کرماشان تەواومان کردو رێکخستنمان تێکەڵ کرد، کە رێکخستن تێکەڵ بوو بۆ ماوەی سێ تا شەش مانگ من کرامە نێوەند لە نێوان هەردوو لادا، بڕیاردرا هەر ئیشکالێك لە هەر ئۆردووگایەك لای هەر برایەکی رێکخستن هەبوو، یاخود ئەگەر برایەکی تەرەفی ئێمە گلەیی هەیە، ئیشکالی هەیەو ئیجحاف بە حەقی دەکرێت مەوزوعەکەی بێنێت بۆ لای من، منیش لەگەڵ مامۆستا سەلاحو مامۆستا سدیق چارەسەری دەکەم، لەلایەکی تر مامۆستا سدیق هەر بۆچوونو پێشنیارو قسەیەکی هەیە بە من بڵێ دەچمە کرماشان، یاخود مامۆستا سەلاح هەیەتی بیهێنمەوە بۆ ئێرە، ئەو سێ مانگە من هاتوچۆی نێوان کامێرانو کرماشانو سنەم دەکرد.

+ دەکرێت بڵێین بنەماکانی ئەم رێکەوتنە چیبوو کە هەردوو باڵەکە لەسەری پێکهاتن؟

– وەڵڵا تەواو بیرم نییە ئەسڵەکەی چییە، بەس تێکەڵکردنی کار بوو هەموی بکرێتە یەك سەرکردە، یەك ئیش بێت، دواییش هەڵبژاردنێکی بۆ بکرێت، ئینجا ئەم رێکەوتنە لەوێ کرا لە عێراقیش بکرێت، ئیشەکان لە عێراقیش وردە وردە تێکەڵ بکرێت، ئیتر ئەو جیاوازییو ناکۆییە نەمێنێ، یەك فیکرو یەك ستراتیژیەت بێت، بە نووسراویش وابزانم هەیە، بەڵام من ئەو نووسراوەم لا نییە، نازانم ئێستا لە کوێیە.

**+ جەنابت وەکو نوێنەری ئەو رێکخستانەی مامۆستا سدیق سەرپەرشتی دەکرد ئیمزای لەسەر کرد، ئەی لایەنەکەی تر کێ ئیمزای لەسەر کرد؟**

– من ئیمزامم نەکرد، ئەوەی بێتەوە بیرم مامۆستا سدیقو مامۆستا سەلاح یان مامۆستا عومەر رێشاوی بوو ئیمزای کرد تەواو بیرم نییە.

**+ لەگەڵ دروستبوونی ڕێکخراوە خێرخوازییەکان، چەندێك توانیتان لە ئۆردوگاکاندا خزمەت بە ئاوارەی کورد بکەن؟**

– لەگەڵ دروستبوونی یەکگرتوو ئیتر خزمەتگوزاری دەستی پێکرد، ئەو کاتە زیاتر خزمەتگوزاریو فریاگوزاری بوو، ساڵی (1988) یەکگرتووی ئیسلامیی کورد لە تورکیا دروستکرا، خزمەتگوزاری یەکگرتوو کەم هاتە ناو ئۆردوگاکان، ئیتر ئێمە لە ئۆردوگاکاندا چەند چالاکییەکی تایبەتمان هەبوو.

**+ لە ئۆردوگادا چالاکی جەماوەریتان هەبوو؟**

– یەکێکیان ئەو خزمەتگوزارییە بوو کەم کەم هات، یەکێکیان قوتابخانەیەکی زانستی شەرعی دامەزرێنرا کە لە شورای مەرکەزی خۆمان لە کرماشان بڕیارماندا. ئەو کاتە منو کاك مەولودو کاك ئیکرام ناومان دەرچوو بوو، من بۆ خوێندنی باڵا لە پاکستان، کاك مەولودو کاك ئیکرام بۆ تەواوکردنی خوێندن، ئەو ساڵە لە ڕێی مامۆستایەکەوە ناومان دەرچوو بوو، بەڵام لە کۆبوونەوەیەکی شوورا مامۆستا سەلاح وتی: نەچن باشەو لێرە کاری گەورەترمان هەیە، ئەبێت قوتابخانەی زانستی شەرعی دابنێین بۆ پڕکردنەوەی ئەو میحرابە بەتاڵانەی داهاتووی کوردستان، بەس دەبێت لە تۆوە دەست پێبکات. منیش کۆلێجی شەریعەم تەواوکردبوو، بە ڕاستی حەزم لە مەلایەتیش نەبوو، هەر لە منالْیەوە زەوقم پێی نەدەخوارد، لەبەرئەوەی بوو بە بڕیاری شوراو شتەکەیان بەست بە منەوە، ئەوانەش کە بڕیاربوو بخوێنن زۆربەی هاوڕێم بوون، وتم باشە ئیتر ناوەکانم نووسی دە دوانزەیەك بوون، سێ جار خوێندنی مەلایەتی نەك کۆلێجی مەلایەتی باشمان خوێند، نزیکەی سیانزە مەلا دەرچوون کە ئێستا زۆربەی بە مەلا ماوەو هەندێکیشی وەکو من کە هاتینەوە سەرمان روت بوو ئیتر لە مەلایەتی کەوتینو دەستمان کرد بە کاری سیاسی، ئەو کاتە ئەوە یەکێك بوو لە چالاکییەکان، ئیتر لە پاڵ ئەمەدا قوتابخانەیەکی زۆرمان دانابوو، هەم بۆ فێربوونی منالْ کە فێری خوێند ببێ، هەم بۆ پەروەردەو پێگەیاندن، لەلایەکی تر یەکەم ڕێکخستنو ڕەوت بووین کە حزبیش نەبوین ئەوکاتە هەموو ساڵێك

یادی هەڵەبجەمان دەکردەوە، ئێستاش رەسمەکانم ماوە یادی کیمیایمان دەکردو باس دەکرا، ئێمە ئەو کاتە هەموو ساڵێك یادی کیمیابارانی هەڵەبجەمان دەکرد هیچ حزبێك لە ئۆردوگاکاندا چالاکی نەبوو، ئەو وێنانەش تا ئێستا ماون، وێنەی گەورەی بۆمبە کیمیاییەکانمان دروست دەکرد، ئیتر سۆزی ئەو خەڵکەمان گەرم دەکرد بۆ ئەوەی کیمیایی هەڵەبجەی بیر نەچێت، جا پێشانگامان دەکردەوە، یەکەم پیشانگا دەربارەی کیمیابارنی هەڵەبجە کرایەوە ئێمە کردمانەوە لە ئۆردوگای کامیاران.

**+ ئەوانە هەمووی چالاکی رۆشنبیریو جەماوەریو رێکخراوەیی بوو، دەکرێت بزانین رێکەوتنەکە ساڵی چەند بوو؟ ئەم رێکەوتنە چ ئاکامێکی لێکەوتەوە؟ ئایا توانی هەموو رێکخستنەکان بکاتەوە یەك؟**

– بەڵێ، هەموو رێکخستنەکانی کردەوە بە یەكو رێکەوتنو ئیتفاقمان کرد.

**+ ساڵی چەند بوو؟**

– لە کۆتایی ساڵی (1988) دەست پێکردو لە ساڵی (1989) کۆتایی هاتو تەواو بوو، ساڵی (1989 – 1990) پڕکار بووین، ئەو دوو ساڵە بە تەواوری تا راپەڕین کاری باشمان کرد.

**+ کاردانەوەی باشی هەبوو؟**

– ئەی دیارە، ئەتوانی بڵێی لەوێ کە رێکخستنەکان بوونەوە بە یەك زۆرێك لە کەوادرو رێکخستن گرتینی تێکەوت، هەر ئەو شورایەی لەگەڵ مامۆستا سدیق بوو ئێمە سێ کەس بووین، هەر سێکمانماینەوە لە کارەکەو مامۆستا سدیق جیابوەوە، هەڵبەتە تا کۆتایی تەحەمولی نەکرد، باوەڕی وابوو کە بێتەوە کوردستان، هەر ئەوەندە موکەللەفەو هەر ئەوەندەش ئیلتیزام دەکات.

گرفتی بزووتنەوەو ئایندەی کوردستانو هەندێکیش خوێندنەوەی تایبەتی هەبوو بۆ عێراقو کوردستانی ئایندە، خوێندنەوە سیاسییەکانمان لەیەك نەدەچوو، بیرکردنەوەشمان لەیەك نەدەچوو، لەبەرئەوە ئەو وەکو ئێمەی نەکرد جیابوەوە، هەوڵی زۆری لەگەڵ منو کاك مەولودو کاك ئەحمەد دا، بەڵام ئێمە هەرسێکمان

ڕێکەوتبووین یەك بڕیار بدەین، یەك بڕیار لەگەڵ بین یان لەگەڵ نەبین، بڕۆین یان نەڕۆین، ئەو کادرانەش کە هاتبوون لەگەڵ ڕێکخستنو ئەوانەی کە زۆر ئێمەیان ناسیو متمانەیان بوو چاوەڕێی ئێمەیان کرد بە چ دیوێکدا بکەوین ئەوانیش بکەون.

**+ مامۆستا ئەو ماوەی کاری ڕێکخستن کە دەکەوێتە بەر ڕێکەوتنەکە چ ناوێکی بەسەردا بڕین؟ ناوی بنێین ڕێکخستنەکانی مامۆستا سدیقو ڕێکخستنەکانی مامۆستا سەلاح، یان ناوی بنێین هێڵی یەكو دوو؟**

– وڵڵا خەت دەبێت خەڵك دیاری کات، ئەم خەتو شتە کرێکار دایهێنا، نازانم بڵێم خوا جەزای بداتەوە، ئەم ناوی خەتو مەتو شتە نەبوو، هەر میحوەر میحوەر بوو، میحوەری مامۆستا سدیقو ئەوی تر هەبوو.

**+ ئەو میحوەرەی مامۆستا سەلاح سەرپەرشتی دەکرد لە هەشتاکاندا ڕێکخراوێکیان دامەزراند بە ناوی ئەنسار چەند ئاگاداری ئەوەی؟**

– وڵڵا وردەکاری ئەوە نازانم، ئەو بیرۆکەی ئەنسارەش لە ئۆردوگاکاندا پەیدا بوو، لە گوندو شارۆچکەکانی کوردستان کە زیاتر سەربازە هەڵاتووەکان دەڕۆیشتنو مامۆستا هەڵاتووەکان دەچوونە ئەودیو، ئەیانویست ئەو عێراقیانەو کوردەکان بە تایبەت تیانەچنو نەفەوتێن، تەرحی زۆر زۆر هەبوو، لەشکری ئیسلامیو ڕاپەڕینی ئیسلامیو نازانم چیو چی، شتی زۆر پەیدا ببوو، خەڵکی لەخۆدەگرتو دەیبرد، ئەنجوومەنی باڵاو حزبی دەعوەو لەو کۆتاییانەشدا جیهادی ئەفغانیو کۆچ بۆ ئەورووپا، بۆ ئەوەی هەموو ئەو شتانە ئەو خەڵکە قووت نەدات، بیریان لە دروستکردنی ئەو ڕێکخراوە کردەوە، ئەوانە هەموو بهێنێتەوە بە تایبەتی ئەوانەی کە پێشتر پەیوەندی بە خۆیانەوە هەبوو لە کوردو تورکمان، ئیتر بەرنامەیەکیان داڕشتوە لەگەڵ ئێران نەگەیشتنە ئەنجام، وردەکاری ئەو شتە لای مامۆستا سەلاحو مامۆستا حەسەن شەمێرانییە.

**+ ساڵی (1987) بزووتنەوەی ئیسلامیی چۆن دروست بوو؟**

– پێش ئەوەی ئەم بزووتنەوەیە دروست بێت بزووتنەوەیەکی تر لەودیو هەبوو یەکەمجار مامۆستا شێخ موحەممەد بەرزنجی سەرکردایەتی دەکرد، دوایی مامۆستا شێخ لەتیف بەرزنجی بە رەحمەت بێت کە چوو بۆ ئێران سەرکردایەتییەکەی تەسلیمی ئەو کرد، لە حاڵەتی پێش دروستبوونی بزووتنەوەی ئیسلامیی بە سەکردایەتی مەلا عوسمان ئێمە چووین بۆ ئێران، ئێمە چەند کەسێك بووین لە دەرەنجامی پەلامارێکی بەعس بۆ رێکخستنەکانی ئێمە لە سەرتاسەری عێراقدا چەند کەسێك لیرە گیرا، لەوانە مامۆستا حەسەن شەمێرانی، مامۆستا حەسەن پێنجوێنی، دکتۆر فاتیح دەڵەمەڕیو یەك دوو برا لە هەولێر، هەوڵی گرتنی چەند کەسێکیش درا وەکو مامۆستا بورهان ئەمینیو ئەوانە، ئەوەی گیرا گیراو ئەوانەی تریشمان هەندێکی لە کوردستان خۆی شاردەوەوە هەندێکیشی رامان کرد بۆ ئێران، ئەوانەی رامان کرد مامۆستا سدیقو منو کاك مەولودو مامۆستا ئەحمەدی شافعی بووین، نزیکەی دوو سێ مانگێك لەوێ بووین ئەوسا هەر بزووتنەوەکەی مامۆستا شێخ موحەممەدو مامۆستا شێخ لەتیف هەبوو، ئەوان لەوکاتەدا لە قۆناغی پوکانەوەو هەڵوەشاندنەوەدا بوون، خوا خوایان بوو کەسێك بێت دەستباریان بێتو رزگاریان بێت، چونکە کارەکە بەرەو قورسیو ناڕەحەتی دەرۆیشتو بارەکەش بەوان هەڵنەدەگیرا، ئیتر ئێمە کە چووینە ئێران زۆر دڵخۆش بوونو وایان زانی بۆ ئەوە چووین هاوکارییان بکەین، چونکە رێکخستنیشمان هەیە بێتە قاعیدەیەك بۆ ئەوێو بەشێك لە ئیشەکان بخەنە ئەستۆی ئێمەو ئەو گرانی سەرشانەیان تۆزێك سووك بێت، بیرکردنەوەی ئێمەش لەو کاتەدا بیرکردنەوەیەکی چەکدارانە نەبوو، تازەش هەندێ سەرکردەی رێکخستنەکان لە عێراق گیرابوو، لە بەسرە تا سلێمانی، بە ناوەڕاستی عێراقیشەوە، خەڵکێکی زۆر گیرابوو، لە بیری ئەوەدا بوین جارێ دونیا چی بەسەر دێتو بەرەو کوێ دەڕوات، خەڵکمان گیراوە چارەنووسی خۆمانوماڵو منالمان دیار نەبوو، فیکرەی چەکداریشمان بۆ دروست نەبووبوو، لەبەرئەوە هەرچەند هاتن هەوڵیان لەگەڵماندا ئێمە هیچ بڕیارێکمان نەدا، دوایی لە دەرئەنجامی

پەلامارێکی رێکخراوی بێویژدانانەی بەعس بۆ گوندو شارۆچکەکانی دەوروبەری شارەزوور، ئەمە دوای چەند ساڵ بارکردن، دەیویست زیاتر تەنگ بە خەڵك هەڵچنیٚو مەسەلەی ئەگەری چەکداری لە کوردستان هەر سفر بکاتو نەیهێڵیو شۆڕش نەمێنیٚ، کەوتە وێزەی خەڵکی شارەزوورو هەڵەبجە، خەڵکەکە نارەحەت بوو، راپەڕینێکی بچووك لەناو شاری هەڵەبجە روویدا، لە دەرئەنجامی ئەو راپەڕینە بەعس تەحەمەولی نەکرد، لایەك لە هەڵەبجەو کانی عاشقانی کاول کرد، بێرەحمانە دەستی وەشاندو ساروخی دەنا بەناو ماڵەکانەوە کە پڕبوو لە خەڵك، جا خەڵکێکی زۆری گرتو زۆرێکی زیندەبەچاڵ کرد، دوایی لەسەر ئەساسی ئەوانە هەندێ گۆڕی بە کۆمەڵ دۆزرایەوە هەندێ خزمی ئێمەشی تیابوو، دەرئەنجام خەڵکەکە ترسو بیمی زۆریان لی نیشت، خەڵکیش لەسەر پل بوون بۆ ئەوەی کەوا رزگاریان بێت لەم ستەمو ستەمکارییە، ترسەکەش زۆر بوو، لەبەرئەوە مامۆستا مەلا عوسمانو براکانیو کۆمەڵێ زانای تر کە هەر لە کۆنەوە هاوکاریان بوونو هاوبیر بوون، لەگەڵ کۆمەڵی عەشایەری زۆر، بە تایبەتی ئەو ناوچانەی ئەترسان لێیان بدریٚو کاول بکرێت، لەگەڵی کۆمەڵێ لاوی خوێنگەرم هەموو ئەوانە کەوتنە رێ لە ناوچەی نەورۆڵیو مەرزی ئیمامییەوە هاتنە ئەوبەر بۆ ئێران، ئیتر دوای ماوەیەکی کەم زۆری پێنەچوو لە سنوور چەند رۆژێك مانەوە پاش ئەوە هەموویان هێنا بۆ سەریاس، شوێنە کۆنەکەی ساڵی (1974) کە خەڵکیان بۆ برد، ئیتر هەر لە سنورەوە بیری دروستکردنی بزووتنەوەیەکی چەکداری لای هەندێکیان کەم کەم دروست بوو، مامۆستا مەلا عەلیو چەند مەلا یەکی ترو هەندێ لە عەشایەرەکانو گەنجیش هەم دڵی پڕ بوو هەم ویستی تۆڵەی هەبوو لەگەڵ واقیعەکە کارلێکی کردبوو خوا خوای بوو شتێ رووبدات، خەڵکێکی زۆری ئەملاولاشی پێوە پێچرابوو، هەتا چەکدار لەم دیوو رایان کردبوو بۆ ئەودیوو ئەوانەشی تێوەپێچرابوو، بەهەرحاڵ ئەو خەڵکە کە هاتبوو هەمووشی سەد لە سەد لەگەڵ ئەوە نەبوو، چونکە هەبوو پارتی بوو، هەبوو یەکێتی بوو، بە تایبەتی لەناو عەشایەرەکەدا ئەوەی تێکەوتبوو، دانە دانە لەوانەشی

تیابوو، لەوێ مامۆستا شێخ لەتیف چۆن مامۆستا شێخ موحەممەد شتەکەی بەو سپاردو خۆی لێ رزگار کردو کارەکەی ئەنجامدا، مامۆستا شێخ لەتیف بە گەیشتنی مامۆستا مەلا عوسمان‌و ئەو مەلایانەی تر، وەکو بڵێی فرسەتی ئەویش بوو بە رەحمەت بێت هەم رزگاری بێت لە سەرکردایەتیی ئەو کارە قورسە کە نەدەچوو بەڕێوەو هەم مامۆستا عوسمانیش رەمزێکی مێژوویی وڵاتەکەو کەسێکی زانا بوو، لە ژیانیشییدا هەر نەیاری حکوماتی عێراقی بوو بە تایبەتی بەعس، مامۆستایان لە شاری سنە کۆبوونەوەو چەند کۆبوونەوەیەك کرا، دەرئەنجام بڕیاردرا بزووتنەوەی ئیسلامیی لە کوردستان دروست بکرێت، شوێنێك هەبوو لە سنە پێیان دەوت بارەگای (نهضت روحانیون کوردستان) لەو بارەگایەدا کۆبوونەوەیەك کرا، ئەو رۆژە منیش لەوێ ئامادە بووم، بڕیاردرا کە ئەو بزووتنەوەیە دروست بکرێت، ئەوە رۆژی راگەیاندنی بزووتنەوەکە بوو، بە داخەوە بەیاننامەی ئەو کاتەم لانەماوە.

**+ باس لەوە دەکرێت کە لە کاتی دروستبوونی بزووتنەوەدا ئیخوان موسلمین کاغەزێکی دکتۆر نوعمان سامەڕائییان هێنا دەربارەی شەرعیەت نەبوونی ئەو بزووتنەوە چەکدارییە، جەنابتان چەند ئاگاداری ئەوەن؟**

– ئەو نامە هیچ پەیوەندی بە شەرعیەت‌و ناشەرعیەتی ئەو بزووتنەوەیەوە نەبوو، مامۆستا مەلا عوسمان کاتێك لێرە چووە دەر، پێش ئەوەی بڕوات‌و تا ئەو کاتەی ئەو نامەشی پێگەیشتبوو وەڵامی لەگەڵ نامەکەدا سەلبی بوو، ئەندامێکی کاراو چالاکی ئیخوان بوو، لەو کاتەدا ئیلتیزامەکەشی حسابی بۆ کرابوو، لەبەرئەوە ئەوە ئیقامە حوججەیەك بوو لەسەری کە ئەوە رێبازو بیرکردنەوەو سیاسەتی ئێمە نییە، ئێمە لەگەڵ بزووتنەوەی چەکداریدا نین، لەگەڵ هێزی چەکداریدا نین، بە تایبەت باسی ئێرانی تیابوو، ئێمە لەگەڵ ئێران هەڵوێستمان ئاوایە، نەدژایەتی بکەین‌و نە پشتگیری بکەین‌و نەچەکداری لەگەڵدا بکەین، لەبەرئەوە نامەکە ئاشکرا بوو، ئینجا پێیان وتبوو پێمان باشە کارەکە بسپێری بە ئەبو موحەممەد واتە مامۆستا مەلا عەلی‌و خۆت‌و لاوەکان مەچنە ناو چەکدارییەکە، پرۆژەی تر زۆرە

دەستبەکار بن، پرۆژەی ز انستیو پەروەردەیی هەیەو خەریکی ئەو کارانەی خۆتان بن، ئەبو موحەممەدو زانایانی تر کێ پێی خۆشە بچێتە ناو ئەو کارە بیکات، بەڵام پێمان باش نییە جەنابت بیکەی، مامۆستاش نامەکەی قبوڵ نەکرد، دیاربوو فتوای خۆی دابوو بۆ ئەو بزووتنەوە چەکدارییە دژ بە بەعسو بە ستەمی بەعس، بە باشی دەزانی کە هاتۆتەدەر جوڵانەوەیەك بکات دژ بە زوڵمو ستەم، ئەوە ئەسڵی قەزیەکە بوو، ئەوان ئەوساو ئێستاش باس لەوە ناکەن فلان بزووتنەوە شەرعیەو فلان شەرعی نییە، باسی ناوەوەی خۆیانیان کردووە، مەبەستیان شەخسی مامۆستاو ئێمە بوو کە ئێمە ئەو چەکدارییە نەکەین.

**+ کەواتە ئیخوان موسلمین لەگەڵ دروستکردنی بزووتنەوەیەکی چەکدارییدا نەبوون؟**

– نەخێر، بە تایبەت باسەکە لەوەدا بوو دەیانوت ئێمە ئەزموونمان لەگەڵ ئێراندا هەیە، پێمان باش نییەو سەرکەوتوو نابێت، حەزیان نەدەکرد لە پاڵ ئێراندا بزووتنەوەیەکی چەکداری هەبێت، ئیتر ئەزمونەکە چییەو چۆنەو خوێندنەوەیان چۆن بوو؟ ئەوا وردەکارییەکانی لە نامەکەدا نەنووسرابوو.

بەس دەیانوت لە ئێران واین، نە دژایەتی دەکەینو نە دەچینە پاڵی، نە بەو جۆرەش هاوکاری دەکەین، واتە ئەگەر دیوی دووەمی قەزیەکە بخوێنیتەوە ئەوەی دەگەیاند ئەم بزووتنەوە چەکدارییە دەرئەنجامەکەی دەرژێتە حسابی ئێران، قسەکە ئەوەی دەگەیاند، ئەگەر نێوانی دێڕەکان بخوێنینەوە ئەو تەفسیرە هەڵدەگرێت، ئێمەش لەو کاتەدا خوێندنەوەی سیاسییمان بۆ ئەو شتانە جیابوو، ئێمە ستەملێکراوو بووین، نارەحەت بووین، مامۆستا سەلاحو ئەوان پێش ئێمە چووبوونە ئێران، ئەوان زووتر لە قەزییەکان حاڵی ببوون، مەسەلەی ئێرانو پەیوەندیو چەکداری لەپاڵ ئێرانداو ئەوانەیان دەزانی، زووتر هەوڵیاندابوو ئێران موافەقەتی بۆ نەکردبوون، هەوڵیاندابوو بزووتنەوەو شت دروست بکەن لەگەڵ ئێران نەگەیشتبوونە هیچ، لەبەرئەوە کە ئێمە چووین ئەوان مامەڵەیان لەگەڵ ئەنجام دەکرد، واتە

شتەکان بەلایانەوە بەدیهی بوو، بەڵام ئێمە هەر لەگەڵ پێشەکی خۆمان مامەڵەمان دەکرد بەو دڵگەرمیەی کە چووبووین، ئیتر ئەتوانم بڵێم لە دەرئەنجامی دووردا هەر ئەوەی ئەوان دروست دەرچوو. هەتا دوای ئەوە چووینە لای رەفسنجانی، بە تەواوی لە بیرم نییە، بەڵام وابزانم مانگێك دوای ئەوە بوو چووینە تاران، رەفسنجانی کە وەزیری بەرگری بوو بینیمان، هەروەها خامنەئی سەرۆك کۆمارمان بینی، جا ئێمە پرۆژەیەکی دوانزە خاڵیمان پێشکەش کردو رەفسنجانی هەندێ پرسیاری لێکردین تاڕادەیەك هەندێ خاڵی سەبارەت بە ئێمە تەعجیزی بوو، هەرچەند ئەو کاتە نەماندەزانی دەوڵەتو پێکهاتەی دەوڵەت چییە؟ ئەو شتانە بۆ ئەوان تەعجیزی نەبوو وەکو چایەك بخۆنەوە ئاوابوو، بەڵام نەیاندەویست بیکەن، داوای ئۆتۆمبیلو بارەگاو موچەی مانگانە بۆ پێشمەرگەو یارمەتی لۆجستی زۆرمان کردبوو، وامان دەزانی زۆر زۆرە، بەڵام هیچ نەبوو، ئێستا ئەزانین کە هیچ نییە، بەڵام رەفسنجانی لە ئەنجامی چەند پرسیارێك بۆی دەرکەوت ئەم بزووتنەوە سۆزێك دروستی کردووە، دوای راکردن لە هەڵەبجە دروست بووە، دوای ئەوەی بەعس ستەمێکی کردووەو ئێمەش گەیشتوەتە گیانمانو دەرچووین، ئینجا دروستمان کردووە، حاڵی بوو کە ئەم بزووتنەوە لە عێراقدا رێکخستنی نییە بە گشتی، لە کوردستانیشدا وەڵامەکانی ئێمە بوو کە هەیەتیو نیەتی، نەماندەزانی چۆن وەڵامەکانی بدەینەوە، ئەو بە وردی پرسیاری دەکرد، دەربارەی عێراق بە وردی پرسیاری دەکرد، زانیاری تەوامان پێنەبوو، رەفسنجانی تێگەیشت ئەم گەرموگوڕییە زیاتر سۆز بەسەریدا زاڵە، جەمو جۆر نییەو هێشتا حزب نییە، لەبەرئەوە وتی هاوکارم هەیە وەڵامتان نادەمەوە ئەوانیش نەبینم، بەیانی خامنەئیمان بینی، بۆ مێژوو ئەڵێم خامنەئی زۆر راستگۆیانە قسەی کردو پێش ئێمەش بڕۆین باقر ئەلحەکیم لە کۆبوونەوەکە ئامادەبوو، زۆر هەوڵیدا بۆ لای رەفسنجانی بێت، مامۆستا مەلا عوسمان رەزامەندی نەنواند بێت، وتی: ئەو بێت من ناڕۆم، بەڵام بۆ لای حامنەئی بەبێ پرس هات، چونکە برادەری بوو کە ئێمە چووین ئەو لەوێ بوو، کە چوین دانیشتین حەوت هەشت مامۆستاو

مەلا، گەنج هەر منی تێدا بوو، بە زاراوەی کوردی گەنجو سەرڕووتی تیانەبوو، خامنەئی وتی: ئەم کارە قورسەو ئەگەر ئەزانن پێتان ناکرێتو ئیشەکە ناڕوات مەیکەن. وتی: ئەوە پارتی هەیەو چەند ساڵە خەریکنو رێکخستنیان هەیەو خەڵکیان لەو دیوو هەیەو زانیارییان هەیە، ئەزموونیان کۆنەو ئەگەر ئێوە شتی واتان هەیەو ئەتوانن‌و پێتان دەکرێ بیکەن. بە کورتی گەیاندی کە ئەم کارە قورسە بە ئێمە ناکرێ. وتی: من لە خزمەتتاندام قوتابخانە دادەنێن خەڵك پێدەگەیەنن هەر شتێکی تر هەڵدەبژێرن، کە سەیری مامۆستا مەلا عوسمانی ئەکرد ئەوەی تیادەخوێندەوە ئەم پیاوە ئەهلی زانستو تەقوایە، بە قسەکانی‌و بەو پێشنیازە بەریئانە ئیسلامبی‌و پەروەردەییەکانی بەرائەتی تیا دەبینی، من ئەوەم تیادەخوێندەوە کە حەز دەکات ئەمە مومارەسە بکات، کۆمەڵێك قوتابخانەو شت لەم شارۆچکانە یان لەو شوێنانەی ئێمەی تێدا نیشتەجێ دەبین بکرێتەوە. وتی: ئەوەش بکەن هەر لە خزمەتتاندابن، ئەگەر هەر سووریشن لەسەر ئەوەی بڕیارتانداوە شتێکی چەکداری بکەن دژ بە حکومەتی بەعس ئێمە هەر یارمەتییتان دەدەین‌و رێگریمان نییە.

**+ هەڵوێستی ئیخوان موسلمین لە دەرەوە چ کاریگەرییەکی کردە سەر ئێوە؟**

– ئێمە ئەو کاتە دوو سێ جۆر بووین، جۆرێکیان کۆن لە ئێراندا بوو ئەوە مامۆستا سەلاح‌و کۆمەڵێك کە لەگەڵی بوون هەر ئیمانیان بە قەزیەکە نەبوو، لەسەرتاوە هات راوێژو چی بکرێت چۆن بکەین‌و چۆن نەکەوینە مەئزەقێك‌و ئاڵوگۆڕی ئەفکاریان لەگەڵ مامۆستا سدیق‌و مامۆستا مەلا عوسمان دەکرد، ئەوانە گەیشتنە ئەنجامێکی تەواو، سەری لەوەوە دەرچوو ئەو نامە هات، ئەوان هەر خۆیان حەزیان لە قەزیەکە نەدەکرد بێن.

**+ ئەوان نامەکەیان هێنا؟**

– نازانم کێ هێنای‌و چۆن هات، ئەگەر ئەوانیش نامەکەیان نەهێنابێت، ئەوا ئەوان کاغەزەکانیان رێکخستبوو تا بگاتە نامە، جەماعەتێکی تر هەبوون هەر لە

برایان نه به تەواوی کەوتبوون بە دیوی مامۆستا سەلاحداو نه لەگەڵ ئێمەش بوون، ئەوانیش تا ماوەیەك چاودێری وەزعەکەیان دەکردو حەیران بوون بزانن چی بکەن، کە سەیریان کرد کارەکە بەرەو ئەوە ناڕوات هەموو پێکەوە بن، هەر چاودێرییان دەکردو نزیك دەبوونەوە ئەمانەش وەکو مامۆستا هادی عەلیو مامۆستا موحەممەد فەرەجو ئەوانە، خەڵکانێك هەبوون کەمو زۆر نزیکی قەزییەکە نەکەوتنەوە، وتیان بزانین سەری لە چییەوە دەردەچێت، ئەوانەمان لەگەڵ مامۆستا سدیق بووینو رێکخستنێکی سەربەخۆمان هەبوو، پێشتر مامۆستا مەلا عوسمانمان بە رەسمی کردبوو بە بەرپرسو ئەمیری خۆمان، ئەوە هەم تاڕادەیەك ئیمانمان بە قەزیەکە هەبوو، لەلایەکی تریش واماندەزانی دەوروبەریش جۆرێك لە رەزامەندی بۆ قەزیەکە هەیە، واتە رێکخستنی کوردستانی زۆربەی لەگەڵیدا دێت، لەلایەکی تریشەوە ئێمە ئەخلاقیەن مەحکوم بووین بەوەی کە لە کوردستان مامۆستامان قبوڵ کردووە ئەمیرمان بێت، لێرەش دەبێت گوێ بگرین بزانین ئەم شتە لە چییەوە سەری دەردەچێت، ناکرێت هەر لە سەرەتاوە خواحافیزی لێبکەین، ئیتر جۆری رێکخستنەکەشمان جیابوو، چونکە ئێمە تاڕادەیەکیش دەتوانین لە رووی فیکرییەوە مامۆستا سدیق خۆی نەبێت کە لە ژیانیدا لە رووی فیکرییەوە بڕوای بە چەك نەبووەو گاڵتەی بەو مەسائیلانە هاتووە، ئەویش لە ئێران تووش ببوو، لەبەرئەوەی مامۆستا مەلا عوسمان سەرکردایەتیی کارەکەی دەکرد، نەیدەتوانی زۆر دژایەتی قەزیەکە بکاتو پێی نەدەکرا، بەڵام هەندێکمان حەزمان لێی بوو، حەزمان لە قەزیە چەکدارییەکە بوو، عەیب نییە لەو کاتەدا ئیمانیشمان پێی بووبێت، لەبەرئەوە ئەم کۆمەڵە دەورەماندا تا ماوەیەك، بە گەرمیش چووینە ناویو حساب و کتابێکیش کرابوو، ئەوەبوو ئەوکاتە من (27) ساڵ تەمەنم بوو، پێیان وتم تۆ لە جیاتی هەمووان لەگەڵ مامۆستا عوسمان بەو سکرتێری بەو ئیشو کاروبارەکانی بۆ رێکخە تا بزانین سەری لە چییەوە دەردەچێت، ئەوە چەند مانگێکی خایاند سەیر دەکەم ئەمانیش وردە وردە خۆیان دەدزنەوە، هەمویان لە مەسەلەکە دەکشێنەوە، بە

مامۆستا سدیقیشەوە، کەس نەمایەوە لەگەڵ لێبوردندا زۆربەیان گەڕانەوە بۆ عێراق، ئەوەشی لەوێ مابوەوە دەچوو بۆ ئۆردوگاکانو نزیکی ئێمە نەدەکەوتەوە، نەفەریشم لێ بانگ دەکردن نەدەهاتن، دەموت قەزیەیەك هەیە وەرن با دراسەی بکەین، بڕیارێکی لەسەر بدەین، کەس نەدەهات بەوناوە، دواجار بە تەنها من لەگەڵ مامۆستا مەلا عوسمان مامەوەو کەس نەدەهات بۆ راوێژو حسابو کتابێك.

هەڵوێستەکان سەری لەوەوە دەرچوو، هەڵبەتە مامۆستا سدیق ئیمانی بەوە بوو کە ئەم کارە کۆمەڵێ مەلای کوردەواری سەرکردایەتیی بکەن تا بگاتە ئەنجام، پێیوابوو موەفەق نابێتو سەرناگرێت، لەولاشەوە لەمە زیاتر قەناعەتی بەوە بوو لە داهاتوودا کاری عێراق هەر ئیبخوانی دەبێتو هەر ئەوان دەسەڵاتیان دەبێتو کاریان لەبەر دەڕوات، دەیویست هەموویان بکات، مامۆستا مەلا عوسمانیش رازی بکاتو بێ ئومێدو بێکەس نەبێتو هەست بەبێ کەسی نەکات، لەولاشەوە ئیخوانیش رازی بکاتو ئەوانیش قەناعەت پێ بکاتو لە کارەکەی ئەوانیشدا بمێنێت، ئیتر دوای هاتوچۆیەکی زۆر کە ماوەیەکی خایاند ئیخوان فشاریان خستەسەر کە خۆی یەکلابکاتەوە، یان بەیەکجاری لەگەڵ مامۆستا بڕاو هاوکارو دەستباری بێت، یان بە یەکجاری بێتە لای ئیخوان چونکە لە ئۆردوگاکاندا کار هەبوو رێکخستن هەبوو، خۆی یەکلاکاتەوە، ئیتر دواجار بڕیاریدا خۆی یەکلاکاتەوە،ماڵی لە سنە بوو هێنایە کامێران، لەوێش قوتابخانەیەکی شەرعیمان دانا بوو بە مامۆستا لەو قوتابخانەیە، هەندێ لیژنەو شتی وا لە کرماشان دروستکرا، بوو بە ئەندامی یەکێ لە لیژنەکان، ئیتر هەتاوەکو دواجار لە ئێران هەڵبژاردنێکمان کردو مامۆستا سدیقیش هێنرایە ناو شوراکە، ئیتر ئەو بووە ئەندامی شورای ئیخوان لە ئێران کە کۆبوونەوەکانمان لە کرماشان دەکرد. لە جەماعەتی مامۆستا سدیق تەنها منو ئەوی تیابوو کەسی تری تیانەبوو.

**+ ئێوە کە چوونە ئێرانو لێرە دابڕان، رێکخستنەکانتان هەر لە کار بەردەوام بوون؟**

– وەڵڵا دەیانووت ڕێکخستن هەیەو کاردەکات، ئیتر هەرچی هەبوو لای مامۆستا سدیق بوو، مامۆستا سدیق هیچی بە منو کاك مەولودو مامۆستا ئەحمەد نەوت، چونکە من وای لێ حاڵی بووم کە لە سەریاسو ناوەڕاستی وەزعەکەوە ئەو بڕیاری دابوو کە ئەگەر دەستی لە کار گیربێتەوە ئەو گەنجانەی لەبەر دەستی ئێمەدا پێگەیشتوون بیکاتە جێداری ئێمە، لەبەرئەوە کاغەزو کارێکی هەبوو لەگەڵ ئەو گەنجانە بوو، ئێمەش لە قەزیەکە تێگەیشتبووین، لە دوای ئەوەش حاڵی بووین چی روودەداتو فێری سیاسەت ببووین، ئەمانزانی بەرەو کوێ دەڕوات، ئێمەش قەزیەکەمان ئیهمال کردو گوێمان پێنەدا.

**+ بزووتنەوە بەرەو کوێ ڕۆیشت؟**

– ئیتر بزووتنەوەی ئیسلامیی بوو بە بزووتنەوەیەکی چەکداریو بارەگاو شتی کردەوە، بارەگای سەرەکی لەناو شاری سنە بوو، ئینجا هەر لە سەرەتاوە هەوڵیاندا ڕاگەیاندنیان دەستبەکار بێتو ڕادیۆ دانێن، بەڵام سەرکەوتوو نەبوون، کارەکانیان زۆر نەدەهات بەدەستەوە، کادیری پێشکەوتوو زۆر بە هەڵمەتیشیان نەبوو، وەکو ئێستا نەبوو دەتوانین ئیزگە دروست بکەین، ئیتر بزووتنەوە چەکداریەکە دروست بوو وردە وردە قەرەباڵغ بوو، خەڵکی لێ کۆبوەوە، لە کوردستانەوە هەندێك هاتن وەکو مامۆستا عەلی باپیرو ئەوان، کۆنەکانی سەردەمی مامۆستا شێخ موحەممەدو ئەوان هەرچی تاقەتی مابوو هاتەوە ناوی، دانە دانە خەڵك لە ئەفغانستانەوە پەیدا بوو دەهاتنەوە ناو بزووتنەوە، ئیتر هەر بزووتنەوەیەکی چەکداری بوو تا ڕێکەوتنی ئێرانو عێراق، ئەهاتنو ئەڕۆیشتنو ئەهاتنە قەرەداغو قوربانییان دەداو ناو بەناو خەڵکیان لێ شەهید کرا کە مەفرەزەکانیان تووشی شەڕ دەبوون، ئەوانەیان لێدەکراو دەگەڕانەوەو دەهاتنە سنوورەکان، بەڵام دەتوانین بڵێین هەر لە سەرەتاوە تا ڕادەیەك هەندێ شتی شەخسیو نەفسیو خێزانی تێکەوتو دەمزانی سەری لە چییەوە دەردەچێت.

دواتر بزووتنەوە بەرەو ئەوە رۆیشت راوبۆچوونی جیاو ئیختیلاف لە سەرکردایەتیی دروست بوو، لە دوو باڵی دەستی پێکرد، دوایی بوو بە سێ باڵیو چوار باڵیو چەند باڵی، وردە وردە هەر ئەوە بوو هات تا سەری لە کۆنگرەی تەوێڵەو پەرتبوونەوە دەرچوو، ئەوە بنەڕەتەکەی لەوێوە دەستی پێکرد، ئیتر ئەوە شتێکی دوور دریژە ئەگەر بتەوێ لەسەر ئەو سێ چوار ساڵەی بزووتنەوە لە ئێراندا بنووسی دەبێت مەلەفێکی سەربەخۆی بۆ بکەیتەوە.

**+ ئەگەر واز لە بزووتنەوەو ئێران بێنینو بگەڕێینەوە سەر قۆناغی پێشووتر کە کار لەو دیوو بوو، دەمەوێت باس لە کاریگەری قوتابخانەی نوور لەسەر کاری ئیخوان بکەیت؟**

– قوتابخانەی نوور، کەی؟

**+ وەکو ئەدەبیات کەی لە کوردستان سەریهەڵدا؟**

– من ئاگاداری وردم لەو قەزیە نییە، تەنها ئەوەندە لێدەزانم چەند مامۆستایەك خەڵکی کەرکووك بوون، گرنگی دانەکە لەوانەوە دەستی پێکرد، وەکو مامۆستا ئیحسان قاسم ساڵحیو مامۆستا عابدین، بە تایبەتی مامۆستا ئیحسان، ئەوانە کاریگەر بوون بە پەیامەکانی نوور، کاریگەربوونەکەشیان دوای نەمانی ڕێکخستنو چالاکی لە عێراقدا بەدوای جێداردا دەگەڕان، سەلامەتترین جێدار پەیامەکانی نوور بوو، بانگەوازو پەروەردە بەردەوام دەکاتو تاك لەسەر ئیمانو ئیسلامی راستەقینە پێدەگەیەنێت، هەم پاشخانی رۆشنبیری نوور کە کوردە لە پاشخانی رۆشنبیری عەرەبەکان جیابوو، ئەوەش جۆرێك لە کاریگەری لە قەزیەکەدا هەبوو، ئەم خوێندنەوەیە برەویاندا بە پەیامەکان، هەڵبەتە ڕێکخستن نەبوو، تا ئێستاش هەر ڕێکخستن نین، هەر گرنگیدان بوو لە رووی فیکریو رۆشنبیرییەوە، پەیامەکانی نوور بە راستی بۆ ئەو قۆناغە گاڵتەی پێنەدەکرا، چونکە بەشێکی گەورە لە پرۆژەی نوور بریتییە لە رزگارکردنی ئیمان لە تاکدا، ئەمە دەسکەوتێك بوو لە کۆمەڵگەی خۆی بە دەستی هێنابوو لە تورکیا، بە تایبەتی دوای ئەو بارودۆخەی بەسەریدا هات،

ئەمانیش وایان دەزانی باشترین پرۆژە بۆ ئەو قۆناغە ئەوەیە هەڵیانبژارد، هەم سەلامەتەو سیاسەتی تێدا نییەو حکومەت مەترسیی لێی نییە، هەم لە رووی ئیمانیو ئەخلاقییەوە شتێکی گەرموگوڕەو مرۆڤ حەزی لێدەکاتو چێژی رۆحی لێوەردەگرێت، بڤە نەبوو لە هەموو حاڵەتێکدا، ئەوە کەم کەم یەك دوو کەس لە سلێمانیو یەك دوو کەس لە هەڵەبجە زۆر بەو خەستییەش نا، ئەوانەش کاریگەر بوون بە شەخسیاتی مامۆستا ئیحسانو مامۆستا عابدین، لەوانەوە کاریگەر بوون بە نوورسی، ئیتر لەوەوە کەم کەم پەیامەکانی نوور کەوتە سلێمانیو هەڵەبجەو هەولێر، وردە وردە بووە یەکێك لەو سەرچاوانەی دەخوێندراو دراسە دەکراو گرنگی پێدەدرا، تا سەرەتاو ناوەڕاستی نەوەدەکانیش برەوی بوو، پێموابێ ئێستا خەڵك زۆر حەوسەڵەی لەوەش نەماوە.

**+ وەکو رێکخستنی ئیخوان سودتان لە پەیامەکانی نوور وەردەگرت؟**

– نەك لەوە بەڵکو لە هەموو شت سودمەند دەبووین، لە کتێبی هەموو ئیخوانەکان، لە هی نوور، لە هی ئەبوئەعلای مەودودی، هەتا لەو بیرمەندو رۆشنبیرانەی کە ئیخوانیش نەبوونو دژایەتی هەندێ لە ئیخوانیشیان دەکرد ئێمە هەر سودمەند دەبووین، چونکە فیکرو مەعریفەو رۆشنبیری لە بنەڕەتدا شتێکی بێلایەنە، لەهەرچی دەستمان کەوتایە دەمانخوێندەوە سودمان لێوەردەگرت.

**+ ئەو فرە مەرجەعیەتەی لە ئەدەبیاتی ئیخواندا هەیە، بۆ نموونە بەرهەمەکانی سەید قوتب مەسەلەی جیهادو بەرەنگاربوونەوە زەق دەکەنەوە، بەرهەمەکانی نوور مەسەلەی ئیمان زەق دەکەنەوە، کەسێکی تر لایەنی سیاسیی زەق دەکاتەوە، ئەمە نەبۆتە هۆی ئەو لێکترازانو ئینشیقاقانەی کە بەردەوام لە ریزەکانی ئیخواندا روو دەدات؟**

– من پێموایە پێچەوانەکەی تەواوە، پێچەوانەکەی مەترسیدارە، چونکە هەر حزبێك یا هەر لایەنێك مەرجەعی فیکریو رۆشنبیریو مەعریفی خۆی ببەستێتەوە بە پیاوی کاریزمای ئەو بزووتنەوە، یان بیرمەندەکانی ئەو بزووتنەوە کە یەك رەهەند

بیر دەکەنەوەو لەیەك گۆشە نیگاوە تەماشای دونیاو پرۆژەو گۆڕانکاری ژیان بکەن، ئەوەی کە حزب دەکاتە ئایدۆلۆژیاو فکری حزبەکەش دەکاتە ئایدۆلۆژیاو پابەندی دەکاتو بە جۆرێك پیرۆز دەکرێت، وەکو دینی لێ دێت، من دەڵێم ئەسڵەن ئەگەر وانەهاتایە وابێت هەر حزبێك کە دروست دەبێت خاوەنی پرۆژەیەکی بەرفراوانی گەورە بیت بۆ گۆڕانکاری لە تاكو کۆمەڵگەدا، لە دەسەڵاتو کارگێڕیو سیاسیەتدا، پێویستی بەوە هەیە ئەوەی پێنووس دەخاتە سەر کاغەزو ئەتوانی بنووسێ تۆ سوودی لێوەرگریتو بیخوێنیتەوە.

ئەو ئینشقاقە لەوێوە دروست بوو کاتێك کە کرانەوەیەکی فیکری لە جیهاندا دروست بوو، بوژاندنەوەکە گەورە بوو، خەڵك ناچار بوو هەموو شتێك بخوێنێتەوە، چونکە حزبەکەی لە هەموو شتێکی تێر نەکردوەو سەیری کرد لە دەرەوەی ئەمەش دنیای تر هەیە، عەقڵی تر هەیە کاردەکات، قوتابخانەی تر هەیە ئەتوانن قسە بکەن، ئەتوانن گۆڕانکاری بکەن، لەوێ گرفتەکان دروست دەبێت، ئەسڵەن گرفتی حزبی رۆژهەڵاتی ئەوەیە کە ئەگەر سەرکردەی هەیەو بە زۆری لە سەرکردەیەکی کاریزماوە دەست پێدەکات، هەموو شتێك ئەبەسترێتەوە بەو کەسەوە، کاتێك خەڵکەکە زۆر دەبنو گەورەدەبن تێدەگەن کەوا دنیا هەر ئەوە نییە کە ئەوان زانیویانە، لەوێ سەرەتای ئینشیقاق دەستپێدەکات، ئەوە باڵ باڵێنە، خەڵکێك لەو سەرەتایەوە وای دەزانی دوای قورئانو سوننەت تەنها پەیامەکانی ئیمام بەننایە، ئەمە وانییە، دوای قۆناغی گرتنو کوشتن لە میسردا خەڵك قەناعەتی هاتە سەر ئەوەی میتۆدی سەید قوتب لە هەمووان باشترەو روونەو یەك رەهەندییەو رێکوپێك شتەکانت پێدەڵێو بزووتنەوەیەکی جیهادی دروست دەکات و گۆڕانی کۆمەڵگەیە، ئەو زاراوانەی لە کتێبەکانی (في ظلال و معالم)و کتێبەکانی سەید دا هەیە، ئەوەش چەند ساڵێك خەڵکی لەسەر رۆیشت، دوای بەندیخانە بوو بە قوتابخانە، دەرەوەی بەندیخانە بوو بە قوتابخانە، ئەفکاری تر بڵاوبوەوە، لە بەندیخانە هەندێ کەس تێگەیشتن ئەسڵەن گۆڕانکاری هەرئاوا لە ژیاندا ناکرێت، ئەمە هەر هەڵەیە، ئەگەر نەڵێم (80٪) ئەوە

(40٪–60٪) هەر کاردانەوەیە، ئەوە کافرەو ئەو تاغوتەو ئەوە واو ئەوە وا، هەڵبەتە حکومەتو دەسەڵاتیش کەوتە هەڵە، حکومەتی میسریو غەیری میسریش کەوتە هەڵە.

لە پۆلیسێکەوە ئەیانکردە بکوژو ببڕ تا سەرەك کۆمار بە ئارەزووی خۆی ئیمزای لەسێدارەدانی دەکرد، پیاوی گەورە گەورەی میسری لە سێدارەدا کە هەر بۆ میسر وەکو وڵاتێك وزەیەکی زانیاری زۆر زۆر گەورە بوون لەو سەردەمەدا، بۆ نموونە عەبدولقادر عۆدە قازیەك بوو پێدەچێت تا ئێستاش وێنەی نەبیت، ئەوە سەروەتێکی گەورەی زانستی بوو بۆ میسر کە نەیزانی سودی لێوەرگرێت، ئەیتوانی زۆر بە ئاسانی ئیدارەی ئەزهەر بکات، پیاوی لە سێدارەداوە وتوویەتی من ئەتوانم بەم ئاوی نیلە وزەی چەند ساڵی میسر دەستەبەر بکەم، ئەندازیاری کارەبایی بووە لە سێدارەیداوە، هەروەها جۆرەها مرۆڤی گەورە گەورە بۆ ئەوەی رزگاری بێت لە دەستیان پاکتاوی کردن، ئەو بەو دیوداو ئەمانیش بەدیوەکەی تردا، جا من وادەزانم نەخێر ئەحزاب ئا لەویا لێی دەقەومێت، حزبێکی شۆڕشگێڕ لە هەر بەشێکی ئەم وڵاتە عەرەبیو ئیسلامییانە کاتێك دەست دەکاتە شۆڕش یەك نەهجی دیاریکراو دەگرێتە بەر، جگە لەوە هیچ نابینیٚ یا پارچە پارچە دەبێت پێش ئەوەی شۆڕشەکە کۆتایی پیٚ بێت، یا کاتێك شۆڕشەکە دەبێتە دەسەڵات هەر بەو عەقڵەی ئایدۆلۆژیای شۆڕشەکە دەسەڵاتداری دەکاتو کەسیی تر نابینێت، تا لێی دەقەومیٚو کاتێك دەزانی خۆی تاكو تەنها ماوەتەوەو لەو گۆڕەپانەداو لە چەند شوێنێکەوە خەریکە شۆڕشی لێدەکرێت.

**+ ئەگەر کاری ئیخوان بە نموونە لە وڵاتێکدا وەربگری، وەکو پارتی دایك سەیری دەکرێتو بە تێپەڕبوونی کات رەوتی تر لێی جودا دەبێتەوە، پێتوانییە ئەمە لەوەوە بێت کە تێڕوانینو کاری ئیخوان لە قۆناغە جیاوازەکاندا لە وڵاتێکدا زیاتر تاکتیکە وەك لەوەی ستراتیژ بێت؟**

– نەخێر، تازە ئیخوان بۆتە قوتابخانەیەکی فیکری، لەوە دەرچووە کە بڵێی رێکخستنی نێودەوڵەتیو لەوێوە فەرمان دەردەکاو لە شوێنێکی تر خەڵك تەنفیزی

کات، سویچەکە لە قاهیرە یا لە پاکستانو تونسدا دادەگیرسێت، ئەوە نییە، ئەو سەردەمە رۆشت، ئەو زەمانە نەما، لەبەرئەوە ئیخوان قوتابخانەیەکی فیکریە لەسەر بنەمای (وسطية و اعتدال) لە مومارەسەکردنندا، پەنجا جەماعەتی لیٚ جودا بێتەوەو هەریەکەی پەنجا ساڵ عومریان بێت هەر دەچنەوە سەر ئەو نەهجە، چونکە ژیان پێویستی بەو نەهجەیە، ژیان بەو میانەڕەوییە نەبێت ناڕوات چ لە فیکرو چ لە مومارەسە، لە هەر شوێنێکدا ئیخوان زیانی کردبێت لەوێدا زیانی کردوە کە هەندیٚ لە سەرکردەی یا هەندیٚ لە لاوەکانی لەو نەهجە لایانداوە، لە فیکردا لە مومارەسەدا، ئینجا ئێستا جەماعەتی زۆر هەن کە لە ئیخوان جیابوونەتەوە، هەیە جیابوونەوەکەی بەرەو چەكو جیهادو توندڕەوی بردووە، وەکو جەماعەی ئیسلامیی لە میسر دوای سی چل ساڵ پەشیمان بووەتەوەو هەر سەرکردەکانی لە بەندیخانەدا کتێبیان نووسی رەخنە لە خۆیان دەگرنو گەڕاونەتەوە سەر مەنهەجی ئیعتیدالو وەسەتییەتەکەو ئاشکراو روون، حزبی تەحریر لە رووی سیاسییەوە ئیمانی بە ئیخوان نەبوو، بیردۆزی حزبی تەحریر ئەوەبوو ئەیانووت هەر بزووتنەوەیەك لە دنیای ئیسلامدا دروست بێت، دەبێت بە سیانزە ساڵ قۆناغی مەککە تەواو کاتو بە دە ساڵی مەدینەش دەوڵەت بە تەواوی دروست بێت، ئەمە بیردۆزی ئەوان بوو، ئەوا پەنجا شەست ساڵیان تەواو کردو حزبی تەحریر لە شوێنی خۆی راوح دەکات، ئینجا هەیە لە رووی فیکرییەوە باوەری بە ئیخوان نەماوە، راستە ئیخوان مەعسوم نییە، بەس ئیخوان بناغەیەکی فیکری گەورەی داناوە بە تایبەتی لە پەیامەکانی ئیمام بەننا زۆر روونە کە ئەم وەسەتییەتو ئیعتیدالە موافیقی رۆحی شەریعەتی ئیسلامییو جەوهەری شەریعەتەکەیە، هەر بزووتنەوەیەك لە دنیا دروست بێت دەبێت هانا بەرێتەوە بۆ ئەو بناغەیە، بەڵام بلێی لە رووی سیاسییەوە مومارەسەی هەڵەیان نەکردووە کردوویانە، ئێستاش دەیکەن، ئەوە نییە هەرچی ئیخوانی جیهانە قسە دژ بە واقیعی عێراق دەکەنو دەڵێن ئەمریکا داگیرکەرەو ئەو شتانە، ئێمەش کە مەشهورین بە ئیخوان، بەڵام خۆمان ئیقرار بەوە ناکەین بە شێوەی ئۆرگانی ئیخوان بین، بەڵام فیکریەن کاریگەرین بە قوتابخانەی ئیخوانو ئیمانمان پێیەتی، ئێمە

ڕێبازو بیرکردنەوەو سیاسەتی خۆمان یەك ملیمەتر نەك لێمان لانەداوە، بەڵكو هەر دەچینە پێشتر، لەوەش ناچێت ئەوەی لەسەر ئەم زەویە ئیخوانە موافەقەی ئێمە بکات، ئێستا لەم بیرکردنەوەماندا، بەڵام دنیا کە تەنیا لە یەك ڕەهەندەوە گۆڕانکاری بەسەردا نەهاتووە، لە سیاسەتدا، لە ڕۆشنبیرییدا، لە ئابووریو ئیدارەدا، لە ڕوانین بۆ دەسەڵات، وەکو پرۆژە بۆ هەموو بوارەکانی ژیان، ڕوانین بۆ ئایندە، هەموو ئەمانە گۆڕانکارییان بەسەردا هاتووە، ئێستا ئەو کوردایەتییو کوردستانیبوونەی لە ناخی هەر تاکێکی موسڵمانی کوردستاندا هەیە، ئیسلامیی با نەڵێم موسڵمان، چونکە زۆرینەی خەڵك هەر موسڵمانە، ئەمە کە ئێستا خزمەتی مرۆڤێکی کورد بە کردەوەی چاکی دەزانم بیستو پێنج ساڵ لەمەوبەر ئەم دیدەم بوایە ئەوکاتەش وەکو ئێستام دەکرد، ئەو کاتە کتێب دروستی دەکردم، کتێبیش مرۆڤ وەکو خۆی دروست دەکات، بەڵام ئێستا واقیع دروستم دەکات، واقیع پێمدەگەیەنێو تێمدەگەیەنێت، واقیع پێمدەڵێت کە چۆن دەبێت تۆ لەم ژیانە بجوڵێیت، ئێمە لە زۆر بیرکردنەوەی ئەو زەمانەی خۆمان دەربارەی واقیعی سیاسیی کوردستانو کوردو عێراق پەشیمانین، لە موراجەعاتی خۆماندا ئەڵێین خۆزگە بیست ساڵ لەمەوبەر ئەو بیرکردنەوەمان بوایە، بزووتنەوەش کە بوو بە بزووتنەوەیەکی مێژوویی ئیسلامیی بێت یا نائیسلامیی دایکایەتی خۆی لە دەست نادات، بەڵام ئەگەر فکری بوو دەبێتە قوتابخانەیەکی فیکری، لەوەودوا ناتوانێت ببێتە ئیمپراتۆریەتێكو دەستبگرێت بەسەر دونیا، ئەوە لە دونیادا بۆ کەس دەست نادات.

# ناوەڕۆك

پێشەكیی ........................................................ 5
دیداری یەكەم: مامۆستا سوبحی داودی ........................................ 9
دیداری دووەم: مامۆستا سدیق عەبدولعەزیز ................................ 33
دیداری سێیەم: مامۆستا بورهان موحەممەد ئەمین ........................
49
دیداری چوارەم: مامۆستا عەلی باپیر ........................................
69
دیداری پێنجەم: مامۆستا سەلاحەددین موحەممەد ..........................
93
دیداری شەشەم: مامۆستا نازم عەبدوڵڵا ........................................
105
دیداری حەوتەم: كاك مەولود باوەموراد ........................................
127
دیداری هەشتەم: مامۆستا عەلی عەبدولعەزیز .................................
161
دیداری نۆیەم: مامۆستا ئەحمەد كاكە مەحمود ...............................
177
دیداری دەیەم: مامۆستا جەعفەر مستەفا .......................................
207
دیداری یانزەیەم: مامۆستا حەسەن شەمێرانی ..................................
221
دیداری دوانزەیەم: مامۆستا هیوا میرزا سابیر ................................
255

دیداری سیانزەیەم: کاك عەبدولستار مەجید ..............................
271
دیداری چواردەیەم: مامۆستا موحەممەد رەئوف ..............................
283
ناوەڕۆك ..............................................................
325